ژیان و ڕەوشتی

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم

ن/ عەبدولعەزیز عەلائەددین کۆیی

پێداچوونەوەی زمانەوانی

د. دلاوەر عەبدولعەزیز

م. حەمە کەریم هەورامی

دووەم چاپ

2010

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: ژیان و ڕەوشتی پێغەمبەر (ﷺ)

بابەت : ئایینی

نووسینی : عەبدولعەزیز عەلائەدین کۆیی

پێداهاتنەوەی زمانەوانی: دلاوەر عەبدولعەزیز و حەمە کەریم هەورامی

کۆمپیوتەر: نوسینگەی هیوا

چاپ : چاپی یەکەم/١٩٩٩ - چاپی دووەم/ ٢٠١٠

شوێنی بڵاوکردنەوە: (کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی)

ئامادەکردنی pdf: ئوسامە زەندی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٢٤٨) ی ساڵی (٢٠١٠)ی پێدراوە.

بڵاوکراوەی کتێبخانەی
حاجی قادری کۆیی
بۆ فرۆشتن و چاپکردن و بڵاوکردنەوە
هەولێر – کوردستان – عراق
(٠٧٥٠ ٤٦٧ ١٣ ٩٤ / ☎ - ٠٦٦ ٢٢ ٣٣ ٨٦٨)

پێشکەش

پێشکەش بێت بەو موسوڵمانە باوەڕ بەتێنانەی خۆیان کردە قوربانی لەڕێی ئەو ئایینە پاکەی ئیسلام‌و بەختەوەر بوون، پلەی شەهادەتی ڕاستەقینەیان لەلای خوا وەرگرت‌و گیانی پاکیان بەبەهەشت سپارد.

سەرەتا

بەناوی خوای بەرزی بێ وێنە

بەقەڵەمی

نظام الدین عبدالحمید (مامۆستا لەزانکۆی قورئانی پیرۆز لەئوم دەرمان لەسودان ئێستاکەو مامۆستای پێشوو لەکولیەی شەریعە لەزانکۆی بەغداد).

مێژوو لەکۆنەوە تا ئێستا گەلێك کەسی داناو بلیمەتو خاوەن توانای خستووتە بەرچاو، ژیانو کۆششی هەزارەها پیاوی هونەرمەندو باڵای خستوتە سەر کاغەز، بەڵام هیچ کەسێك نەگەیشتووتە ڕێزی پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) لەلێکۆڵینەوەو باس کردنو خستنە بەرچاو. زاناو دانایانی موسوڵمان لەکاتی لەدایك بوونی ئەم زاتە موبارەکە، تا ئێستا چ کردنی هەزارەها کتێبو لێکۆڵینەوەیان لەسەر نووسیوەو هەر نووسەرێك پلەی بەرزی بەشێوەیەك خستوتە بەرچاو. هیچ کونو قوژبنێکی ژیانی (کەشەستو سێ ساڵ بەردەوام بووە) نیە نوسەران بۆ ئێمەیان ڕوون نەکردبێتەوەو نەیانخستبێتە سەر کاغەز.

ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) و باسی کۆششو هەوڵدانی، وەنەبێ هەر داناو زانایانی موسوڵمانان خستبێتیانە سەر کاغەزو ڕوونیان کردبێتەوە، بەڵکو بەشێك لەنوسەرانی دڵ پاكو داناو بێ کینەی غەیری موسوڵمان، ئەم ژیانەیان زۆر بە بەرزی خستوتە سەر لاپەڕەی مێژوو و پایەبەرزی پێغەمبەریان دەرخستووەو سەریان سوڕماوە چۆن توانیویەتی لەگەڵ ئەوەی نەخوێندەوار بووە!.

(ڕۆجی گارودی) دانایەکی بەرزی بیر تیژی فەرەنسیە، پێشەوایەکی بەهێز بوو بۆ شیوعییەت، دوای ئەوەی بۆی ڕێك کەوت شارەزایەکی قووڵ پەیدا بکات لەئاینی ئیسلامو ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) بەباشی تێگەیشتو بوو، ناوی خۆی نا (ڕەجا گارودی)و پشتی کردە شیوعییەت، بەقەڵەمە جوانەکەی هەوڵی بۆ ڕوخاندنی ئەدا و ڕووی کردە نووسین بۆ دەرخستنی گەورەیی ئاینی ئیسلام!.

(ناپلیۆن) پاشایەکی هەڵکەوتووی فەرەنسا بوو، فەڕەنسیەکان لەبەر کردەوەکانی زۆر بەچاوێکی بەرز تەماشای دەکەن. ئەدیبو دانا (جان برِوا) لەژیانی پێغەمبەر (ﷺ) کتێبێکی دانا بەفەرەنسی ناوی نا (محمد ناپلیون السماء) لەم کتێبەی زۆر بەباشی هەموو لایەکی ژیانی پێغەمبەری ڕوونـاك کردۆتەوەو زۆر بەبەرزی خستوویەتە بەرچاوی فەرەنسیەکان، مەبەستی ئەم مێژوونووسە لەعینوانی کتێبەکەی ئەوەیە بڵێت، ناپلیۆن هاوولاتیەکی فەرەنسیەو لەزەمینە، ئەگەر بەم شێوەیە بەرزە تەماشا بکرێت ئەبێ بەچ شێوەیەك تەماشای محمد بکرێت، کە پێغەمبەرەو پلەی بەرزایەتی لەئاسمانە.

هەرکەسێك بەباشی لەمێژوو و ژیانی هەڵکەوتوانو بەناوبانگان بخوێنێتەوە ئەبینێت کە کەس نیـە لەم دونیایە هەرچەندێك پێغەمبەرایەتی بۆ نـاردرا بێـت، بەقـەد پێغەمبـەری نازدمارمـان (ﷺ) را بەزۆریو بەناوی بەرزی هاتبێتە سەر زمان.

ناوی پیرۆزی لەگەڵ ناوی خوای بێ وێنە، پێنج فەرزە لەسەر زمانی هەموو بانگدەرێك لەسەربانی مزگەوتەکانو لووتکەی منارەکانو لەهەموو دێیەکو شارێك بـەرز دەبێتـەوە. هـەروەها لەهـەموو قامەتێك کە لەپێش هەموو نوێژێکا ئـەکرێت، جگـە لـەم ناوهێنانـە لـەکاتی دانیـشتنی ناوەڕاستی هەموونوێژێكو دانیشتنی دواییەکەی(التحیات)و جگە لەگێڕانی زمانی موسوڵمانان بـەم نـاوە پـیرۆزە لەهەموو کاتێکی شەووڕۆژدا بەصەلەوات لێدان، کەخوا لەقورئانی پیرۆز فەرمانی پێداوە. پیاو لەهـەر لایەکی کردەوەو ڕەوشتی پێغەمبەر سەرنج بدات ئەبینێت بەرزایەتیەکەی بەشێوەیەکە، ناگونجێت لەگەڵ گەورەییو کردەوەو ڕەوشتی کەسێکی دیکە بەراورد بکرێت هەرچەندێك باڵاو ڕەوشـت بـەرزبێت، خـوا خۆی ستایشی ڕەوشتی ئەکات لەقورئانی پیرۆز ئەفەرموێت ﴿وانك لعلى خلق عظيم﴾ واتـە تـۆ لەسـەر ڕەوشتێکی زۆر گەورەی. ئەم ڕەوشت بەرزیە خاوەنی قەصیدەی بوردە (بوصیری) خوا لێـی خـۆش بێـت دێنێتە قسەو ئەڵێ:

فإن فضل رسول الله ليس له حد — فيعرب عنه ناطق بفم

واتە ڕەوشت بەرزیو گەورەیی پێغەمبەری خوا لەرادەیەك نیە، کەیـەکێك بتوانـێ بـەدەم بیخاتـە بەرچاوو ئاشکرای بکات. هەر ئەم گەورەییەو ڕەوشت بەرزیەیە شاعیری بەناوبانگ (احمد شـوقی) خـوا لێی خۆش بێت، دێنێتە جۆش لەستایشی پێغەمبەر لەقەصیدەیەکی دوورو درێژەوە ئەڵێت:

خلقت مبرأ من كل عيب — كانك خلقت كما تشاء

واتە: تۆ بەدووری لەهەموو عەیبێك هێنراویەتە دی، ئەڵێیت بەشێوەییێکە کەخۆت ئەتەویٚ دروست کراوی. هەر کار بەدەستێكو خاوەن تواناییەك ئەگەر بەلەشکرێکەوە بەسەر دانیشتوانی ولاتێکی دیکەدا بدات‌و بەسەریان زاڵ بێت، ڕیٚ بەهەموو خراپە لەگەڵکردنیان ئەدات، بەکوشتن‌و ماڵ‌و سامان زەوت کردن‌و خانو وێران کردن‌و دەستی دامێن پیسی بۆ هەموو نافرەتێك درێژ کردن، ئەمە هەروا بووەو هەرواش ئەبێت، لەلایەن ئەو خاوەن هێزانە کەخوا ناناسن‌و یا ڕێی خوا پەرستنی ڕاستیان بزرکردووە، بزری ئەکەن.

بەڵام تەماشای کردەوەی پێغەمبەر بکەن (ﷺ) لەگەڵ دانیشتوانی مەککە، کاتی بەبیٚ شەڕ گەڕایەوە مەککە ڕووی تێکردن‌و فەرمووی ئایا ئەزانن چونتان لەگەڵ ئەجولێمەوە؟ وتیان برایەکی دڵ سۆزی‌و کوڕی برایەکی دڵ سۆزی، فەرمووی بڕۆن سەرفرازن، واتە هیچ دەستی خراپەیەکیان بۆ درێژ ناکرێت. ئەوانەش کیٚ بوون ئەو کاربەدەستە دانیشتوانە بوون کە لەکاتی خۆی هەموو خراپەیەکیان لەگەڵ خۆی‌و هاوڕێیە زەبوونەکانی کردبوو، هەموو کۆسپێکی سەختیان ئەخستە سەر ڕێگای بۆ ئەوەی نەتوانیٚ ئایینی خوا بەخەڵك بگەیەنێت‌و لەبت پەرستی بیانهێنێتە سەر ڕێی خواپەرستن. ئەوانەی بێکەس بوون کاتێك موسوڵمان ئەبوون، تووشی هەموو دەردەسەریەکیان ئەکردن لەکوشتن‌و بڕین‌و دارکاری‌و برسی کردن.

کەپێغەمبەر (ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، لەوێش وازیان لیٚ نەهێنا، هەموو کاتێك لەگەڵ جوولەکەکانی تەنیشت مەدینەو دوو ڕووەکانی ناو مەدینە خەریکی پڕوپاگەندە بوون بۆ کوژاندنەوەی ڕوناکی ئەو ئایینەی کەخوا بۆی ناردبوو و هانی ئەو هۆزە عەرەبە بت پەرستە ڕەشماڵ نشینانەشیان ئەدا کەنزیك بوون لەمەدینە بۆ ئەوەی لەهێرش بردنە سەر موسوڵمانەکان درانە کەون، جگە لەو هێرشانەی کەخۆیان پێی هەڵستان لەشەڕی بەدرو ئوحودو خەندەق.

ئینجا تەماشای ئەم خووڕەوشتە بەرزە لەبەرابەر ئەو دوژمنانەی کەنەیانهێشت لەولاتەکەی خۆی بحەوێتەوە ئایینی خۆی بڵاوبکاتەوە.

ئەم ڕەهبەرە بەرزە دوور بوو لەکینە هەڵگرتن، هیچ کاتێك ڕووی گرژو تووڕەیی بەرامبەر یەکێکی تر دەرنەخستووە، تەنیا ئەگەر داوای لیٚ کرابیٚ فەرمایشتێك لەفەرمایشتەکانی خوا بەجیٚ نەهێندریٚ.

ئەگەر درۆی لەیەکێك بیستایەوە یا نارێکیەکی لیٚ ڕوویدایە تەریقی نەئەکردەوە، بەڵام لەسەر

مینبەری مزگەوت بەشێوەیەك وا باسی ئەكرد، ئەو كەسە هەر خۆی بیزانیایە مەبەست لەو باسە ئەوە، ئەیفەرموو، هەندێك كەس راستگۆنین وا ئەڵێن‌و وا ئەڵێن، یا هەندێ كەس ئەم كارە ناڕێكە ئەكەن، پێویستە خۆیان لەم جۆرە قسەو كردەوانە بپارێزن. دوای لێ بوردنیشی لەخوا بۆ ئەكردن. هەمووكاتێك ڕووخۆش‌و ڕووگەش‌و مەشرەب خۆش‌و دەم بەپێكەنین بووە، پێكەنینی هەر زەردەخەنە بووە، دەنگی خۆی بەسەر یەكێكی كە بلند نەكردووە، زۆر پاك‌و خاوێن‌و لەش سووك بووە، دوای ئەوەی لەخواردن دەستی كێشاوەتەوە، هەمووكاتێك دەمی خۆی بەسیواك پاك كردۆتەوە، هەریەكێك لەهاوڕێكانی نەخۆشیەكی لێ ڕوبدایە گورج سەری لێ ئەداو دڵخۆشی ئەدایەوەو دوعای بۆ ئەكرد، پێی ناخۆش بوو یەكێك فوو لەخواردن‌و یا ئاوی خواردنەوە بكات، تاوەكو هەناسەی ناو دەروونی كەپاك نیە تێكەڵاوی نەبێت.

جیاوازی بەینی خزمانی‌و هاوڕێكانی لانە بووە، هەموویان بەیەك چاو تەماشا كردووە، مەگەر یەكێك لەیەكێكی كە بۆ خوا باشتر گونجابێت، ئوسامە كوڕیزەید كەباوكی كۆیلە بوو لای، دوای ئازادی كرد. لەعەلی كوڕی مامی‌و عەباسی مامی زیاتر خۆش ویستووە، هەروەكو خۆی فەرموویەتی:

لەگەڵ خێزانەكانی زۆر هێدی‌و هێمن‌و ڕووخۆش بووە، دڵی كەسیانی ئازار نەداوەو ڕوو گرژی بەرامبەر كەسیان نەنواندووەو هاوڕێكانیشی ئەوها پەروەردە كردووە فەرموویەتی ﴿خَیرکم خیرکم لاهلە وانا خیرکم لاهلی﴾ واتە، چاكترینتان ئەو كەسەیە كەچاكترین كەس بێت لەگەڵ خێزان‌و ماڵ‌و منداڵی‌و من چاكترین كەستانم لەگەڵ خێزانەكانم. پێغەمبەر (ﷺ) زۆر بەدوور بینی‌و ڕوو خۆشی فەرمانی خوای بەخەڵك ئەگەیاندو ڕێی خواناسینی نیشانی بت پەرستان ئەداو زۆر بەنەرمی لەگەڵیان ئەكەوتە گفت‌وگۆ، لەم ڕووەوە فەرمایشی خوای زۆر بەباشی ئەهێنایەدی، كە لەقورئانی پیرۆزا ئەفەرموێت ﴿ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾[1] واتە، بەدووربینی‌و بەهێمنی‌و بەپەندی دڵگیر، داوای خواناسین لەبێ بڕوایان‌و بت پەرستان بكە، بەشێوەیەكی جوان‌و ڕێك لەگەڵیان بكەوە گفت‌و گۆو ڕێ نیشاندان.

پێغەمبەر (ﷺ) هەموو كاتێك مەبەستی ئەم ئایەتەی لەبەرچاو بوو كەئەفەرموێ ﴿وَلَوْ كُنتَ

(١) النحل: ١٢٥.

﴿فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ﴾[1] واتە ئەگەر لەگفتوگۆی خۆتا توندو دڵ ڕەق بیت گوێت لێ ڕاناگیرێتو کەست بەدەوروپشتەوە نامێنێتو لێت ئەتەکێنەوە.

ئەم دووئایەتە ڕێ نیشاندانێکی زۆر گەورەیە لەلایەن خواوە بۆ ئەو کەسانەی ئەیانەوێ ئایینی خوا بەخەڵکی بگەیێننو ڕێی ڕاستی ژیانیان لەبەرچاو ڕووناك بکەن. ئەبێت قسەو پەندو ڕێ نیشاندانیان زۆر دڵگیربێت، بەقسەی نەرمو جوان خۆشەویستی خۆیان بخەنە دڵی ئەو کەسانەی پەندەکەیان ڕوویان تێ ئەکات، ئەبێت زۆر دووربن لەقسەی توندو ڕەق، چونکە لەزیان زیاتر هیچ سوودێك نابەخشێت پێغەمبەر (ﷺ) هەر فەرمانێکی یا هەر فەرمایشتێکی یا سەفەرێکی یا سەفەرێکی دەرسێکی گەورەو بەسوودە، ئەبێ موسوڵمان پەیڕەوی بکەن. پیاوی موسوڵمانی خوێندەواری دڵ ڕووناك ئەتوانێت لەسەر هەر لایەك لەم لایانە کتێبێك بنووسیت بۆ ئەوەی ڕێیو ڕەوشتی ژیانی پووچەڵو لەڕێگای خواناسین دوور نەکەونەوەو ژیانو ڕەوشتو فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بکەنە پێشڕەو لەهەموو کردەوەی ژیانیان.

بەڵان بەداخەوە زۆربەی برایانی کوردی خاوەن قەڵەم لەم ڕووەوە زۆر دواکەوتوون، بەشی زۆری نووسینیان سەر لەگەنج ئەشێوێنیو لەڕێی ڕاستی ئاینی ئیسلام لایان ئەدات ئەوەی من بزانم شتێکی وا بەزمانی کوردی لەسەر ژیانی پێغەمبەر نەنووسراوە، ئەگەر شتێك نوسرابێت بڕواناکەم زۆر بەسوودو بەنرخ بێت.

(مامۆستا عبدالعزیز علاء الدین کۆیی) مرۆڤێکی دڵ ڕوناكو خاوەن بیرو باوەڕێکی خاوێنە. ویستی شەرفداریێ بەنووسینی ژیانی پێغەمبەر بەدرێژیو بەو شێوەیەی کە لەسەری بووە، وا دەرئەکەوێ ماوەیەکی تەواو لەگەڵێەم باسە خەریك بووەو ماندوو بوونی تیا چێشتووە. داوای لێ کردم کەسەرەتایەکی بۆ بنووسمو کتێبەکەی خستە بەرچاوم، تەماشام کرد زۆر بەچاکیو جوانیو ڕێکی نووسیویەتیو هەموو قسەیەکی لەکتێبە چاكو باوەڕ پێکراوەکان وەرگرتووە، دوور لەقسەی هیچو خەرافیات کە لەمەو پێشتر لەمەولوودا ئەخوێندرایەوە، یا هەندێك نووسەرانی موسوڵمانی سافیلکە لەکتێبەکانیان نووسیویانەوە. خۆشی گەلێك قسەی جوانو ڕێکی لەناو کتێبە کەنوسیوە هەمووی

(١) ال عمران: ١٥٩.

لەهەستێکی ئایینی بەتینی هاتوتەدەر.

تکام وایە خوا یارمەتی (مامۆستا عبدالعزیز) بدات، تا بتوانێت بەزووترین کات ئەم کتێبە بەنرخ و گرنگە چاپ بکات، کتێبخانەی کوردی لەم ڕۆژەدا زۆر پێویستی بەم جۆرە کتێبە هەیە، ئاواتیشم وایە گەنجانی کورد سوودێکی زۆری لێ وەربگرن، ئومێدەوارەم خوا لەهەردوو ژیان پاداشتی نووسەر بەچاکە بداتەوە، توناداری بکات بۆ نووسینی بابەتی ئایینی بیخاتە بەرچاو، ئەپاڕێمەوە بۆ ئەوەی خوا هەردووکمان بەر شەفاعەتی پێغەمبەر (ﷺ) بخات.

لەندەن

١٥ ڕەبیعی دووەم/ ١٤١٥ك

١٩/٩/١٩٩٤ز

تەنـــیاحـــاجی

Tanya Haji | تەنیاحاجی

public channel

Description

بسم الله الرحمن الرحیم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

ئەم کتێبە لەلایەن { ئوسامە زەندی } کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7

Invite Link

بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی خوای خاوەن بەزەیی و میهرەبان

پێشەکی

سوپاسی تەواو و شایستە هەر بۆ ئەو خوایەیە خاوەنی ئەو گەردوونەیە، ئێمەو هەمووگیان لەبەرانی تری لەنەبوونەوە هێناوەتەدی‌و بیروڕاو هۆشی بەنادەمیزاد بەخشیووە، بۆ ئەوەی ڕێگای ڕاست‌و ڕوناک لەڕێگەی چەوت‌و تاریك جیابکەنەوە.

بەهۆی هەزاران پێغەمبەر فەرمان‌و یاسای بۆ ناردوون، بۆ ئەوەی میللەتانی سەر ئەو زەویە ڕێگای ڕاست بگرن‌و نەکەونە دوای هەواو هەوەس‌و ئارەزوو و گومڕابوون، تاکو بکەونە ژیانێکی خۆش‌و بەختیار لەهەردووجیهان. هەرکەسێکی ڕێگەی پێغەمبەران بگرێ بەختەوەرو ئازادەو ئەوەی لەڕێگەی ئەوان لابدات ناهومێدەو ڕەنج بەخەسارە.

ئێمەی موسوڵمانانی کوردش پێویستە لەو ئایینە بگەین‌و بەگوێرەی فەرمانی خوا بەڕێوەبچین، تێگەیشتنی ئەو ئایینەش بریتیە لەزانینی ژیانی پێغەمبەر (ﷺ). ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) تەواوی مەبەست‌و مانای قورئانمان تێدەگەینێ، چونکە زۆربەی ئایەتەکانی قورئان بەژیانی پێغەمبەردا تێپەڕیوە، بۆیە دەبێ بزانین پێغەمبەر (ﷺ) چۆن‌و بەچ هەڵوێستێك بەرەنگاری ڕووداوو گیروگرفت‌و تەنگ‌و چەڵەمەی دەوروبەری بووە بۆ ئەوەی بیکەینە ڕێبازی ژیانمان‌و پێیدا بڕۆین، هەروەکو خوا لەقورئان دەفەرموێ. ﴿**لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا**﴾[1] واتە، ئەو پێغەمبەرە لەکردەوەو دڵسۆزی‌و خۆگری‌و خەبات‌و خواپەرستی نمونەو پێشەوایە بۆ ئێوە، هەرکەسی ئومێدی ڕەزامەندی خوای هەیەو لەسزای ڕۆژی قیامەت دەترسێ با ڕێگەی ئەو پێغەمبەرە بگرێت‌و خوای لەبیر بێت. هەر لەبەر ئەوەش بوو موسوڵمانان بەدرێژایی چەرخەکان زۆر گرنگیان بەژیان‌و ڕەوشتی پێغەمبەر داوەو زۆر بەچاکی‌و بەڕێکی کردویانە بەدەرس‌و پەند بۆ خۆیان، ڕۆڵەکانیشیان فێرکردووە تاکو پەیوەندیان بەپێغەمبەروبەمێژووی زیندووی بانگەوازی

(١) الاحزاب: ٢١.

ئیسلام هەر بمێنێ، مێژوونووسانی دڵسۆز ئەوەندە بەچاکیو بەووردی چاودێری نوسینی ژیانو ڕەوشتی پێ غەمبەریان کردووەو بەدەستپاکی نووسیانەتەوە، بۆیەش مێژووی ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) ڕاسترینو تەواوترین ژیانە کەنوسراوەتەوە لەچاونوسینی ژیانی پێغەمبەرانی تر. نوسینی ڕەوشتو ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) چەرخی خولانەوەی مێژووە بەڵام زۆر جێگەی داخە تێپەڕبوونی زەمانوای لەموسوڵمانان کردوە لەژیانی ئەوپێغەمبەرە بێ خەبەر بنو بکەونە ناو قوڵایی نەزانینەوە. ئەویش بەشێکی بەهۆی کەم بوونی زانایانو کەم تەرخەمی لێزانەکان.

جگە لەمەش سەردارانو کاربەدەستانی دەوڵەتان لەوڵاتانی ئیسلام بەتایبەتی لەچەرخی دوایی فەرمانڕەوایی عوسمانیو ئەوانی دوای وانیش هاتن هاندەر نەبوون بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری ئایینی ئیسلام لەنێو ڕۆڵەکانیان.

ئیتر وای لێهات موسوڵمانان لەزانینی ئەو ئایینەو ژیانی ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) دوورکەوتنەوە بەهۆی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی چەوتو نابەجێ لەلایەن هێزە دەرەکیو ئیستعماریەکانەوە بەتایبەتی مەسیحیە ڕۆژئاواییەکانو ڕۆژهەڵاتناسەکانو جادووەکانی ناوخۆ، بەو هۆیە چینێکی زۆر لەنەتەوەی موسوڵمانان بەشێوەیەکی وا پێگەیشتن چ شتێکی ئەوتۆ لەئایینی ئیسلامو ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) فێر نەبوون، ئەوەی فێریشی بوون تێکەڵاوە لەگەڵ داستانو چیرۆکی هەڵبەستراو، قسەی واشیان بەسەرەوە ناوە دوورە لەڕاستی، بەتایبەتی ئەو جۆرە چیرۆکانەوەش پیاوی نەزانی وا هەڵی بەستووە وا تێدەگات زێدە خۆشەویستیەکەی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگەی ئەو هەڵبەستانەی پێ ئەداتو بەڵکو خێریشی دەگاتێ.

ئیتر ئەوەندەیان ستایشی بەدرۆو بێجی بۆ پێغەمبەر هەڵبەست بووە هۆی ئەوەی موسوڵمانان باوەڕیان بێهێز بێتو دوور بکەونەوە لەو ڕێبازە ڕاستەی خوا فەرمانی لەسەر داوە.

ڕۆڵەکانی کوردیش بەهەمان شێوە، زانینەکەیان لەژیانی پێغەمبەر (ﷺ) لەوە تێناپەڕێ، کورتەیەکیان لەقوتابخانەکانی سەرەتاییو ناوەندی خوێندەوە جارجاریش لەمەولود خوێندنەوەی ماڵان بەرگوێیان کەوتووە، مەولوودنامەکانیش بریتیە لەهەڵبەستی خەیاڵو دوور لەڕاستی ژیانی پێغەمبەر (ﷺ)، تەنانەت کارو توانای لەعالەم بەدەری ئەوتۆیان خستۆتە پاڵ پێغەمبەر (ﷺ) خواش بۆی نەڕەخساندوە، یا فەرمانی لەسەر نەداوە، دەمێکیزۆر بوو دەهاتە بیرم لەڕاستەقینەی ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) بکۆڵمەوەو بەزمانی کوردی بینووسم. تاکو خوا نەسیبی هێنامە لەندەن، بای ئەوەندە کاتم دەست کەوت بتوانم ئەو ئاواتەم بگەینمەجێ. ئیتر کەوتمە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی لەژیانی پێغەمبەر

دەدوێن و ئەوەی بەڕاستو تەواوم زانیو جێگای گومان نەبوونو موسلیمو بوخاریو مێـژوو نووسـەکانی باوەڕپێکراو پەسندیان کردوون، بەزوبانی کوردی نوسیمەوە تاکو بیخەمە بەرچاوی لاوەکانی کـورد بـەو نومێدە کەبەتەواویو بەڕاستی لەڕەوشتو ژیانی ئەو پێغەمبەرە مەزنە ئاگادارین.

پێغەمبەر (ﷺ) هەر مرۆڤێکی عادەتی نیە، بەڵکو مامۆستایەكو باوکێکی دڵسۆز بوو. زانینـی ژیانی پێغەمبەر قوتابخانەیەکە مرۆڤی پـێ دەبێتـە خـاوەن ڕەوشـتو ڕێبـازێکی وا لەهـەموو خراپـەو بەدڕەوشتیو بێ باوەڕی دوورە دەکەوێتەوە. پێغەمبەر ڕێ نیشاندەرەو رزگار کەرە لەنەزانین وتـاریکی بـۆ ڕێگای زانین ڕوناکی، لەنـەفامیو بـێ ئاگاییـەوە بـۆ تێگەیـشتنو ئاگـاداری، لـەبت پەرسـتیو مـرۆڤ پەرستیو کۆیلەییو دیلیو بەندایەتیەوە بۆ خواپەرستیو سـەربەخۆییو ئـازادی. ئەگـەر پێغەمبـەران نەنێردران، ئادەمیزاد پەیوەندی بەخواوە نەدەما، چونکە بەسروشت مرۆڤ ڕەوشتی وایە ڕێگا دەگـۆڕێو بەدوای ئارەزوو هەواو هەوەسی خۆی دەکەوێو ئامادەشە بەرژەوەندی کۆمەڵ داوێتـە ژێـر پێـی خـۆی، تەنیا هەر بۆ ئەوەندە بگاتە ئارەزوو و مەبەستی خۆی.

دەمەوێ زۆر سوپاسی مامۆستای بەڕێز (منصور فاضل احمد)ی ناسـراو بـە(ابـو فاضـل) بکـەم کەچرایەکی ئیسلامە لەلەندەن. یارمەتیـەکی باشـی دام چ بـەکتێبو چ بەشـیکردنەوەی مانـای وشـە قورسەکانی عەرەبیو ڕێگای دام هەر کاتێك بمویستبایە پەیوەندیم پێوە دەکرد، هەروەها زۆر سوپاسـی مامۆستا (شێخ عوبێد حاجی محەمەدەمین کۆیی) ئەکەم لەشاری مەدینە دادەنیشێ، ئەویش زانایـەکی مەزنی ئیسلامە، پشتگیرییەکی زۆری کردم تاکو توانیم ئەو کتێبە بێنمە بەرهەم. هـەروەها سوپاسـی دلاوەری کوڕمو مامۆستا حەمە کەریم هەورامی دەکەم زۆر ماندوو بـوون لەپێداچـوونەوەو چـاککردنی لایەنی زمانەوانیەکەی نووسینەکانم. هەروها قاسی کوڕمو نـەجاتو ئاسـکەی کچیـشم مانـدوو بـوون لەپێداچوونەوەو دۆزینەوەی هەڵەی نووسین. فەرهادی کوڕیـشم مـافی سوپاسـی زۆرە فێـری نووسـینی کۆمپیوتەری کردم. لەو کردەوەیەش لەهەڵەو سەهوو بێبەش نەبووم، هەروەکو هەموو کەسـێك بێبـەش نابێ، بۆیە داوای لێبوردن لەهەموو خوێنەرانی بەڕێز دەکەم.

دوا قسەشم هەر ئەوەیە دووبارەو هەموو دەم سوپاسی خوا ئەکـەم کـە بەیارمـەتی ئـەو هـەموو کردەوەی چاکە تەواو ئەبیت، هەزاران هەزار سـەڵەواتیش لـەو پێغەمبـەرە بێـت کەبەچـاکی و دەسـت پاکیو دڵسۆزی دریغی نەکردو ژیانی خۆی تەرخان کردو بەهەموو توانای هـەموو فەرمانـەکانی خـوای بەجێ گەیاند بۆ ئەوەی ئادەمیزاد لەدەریای تاریکیو نەزانین رزگار بکات.

ناردنی پێغەمبەران

هەروەکو ئاشکراو ڕوونە ئادەمیزاد ڕەوشتی وایە لەژیانی بەدوای ئارەزوو ئەکەوێ بۆ هێنانەدی مەبەستەکانی، ئەو سنوورە دەبەزێنی کەخوا بۆی داناوە، هەروەکو ئێستاکە دەبینین، گەلانی جیهانی کەوتوونەتە ناو گێژاوی ئارەزوو، هەموو دەولەتە دەسەلاتدارەکان بەسەرۆکایەتی ئەمەریکاو بەیارمەتی بت پەرستی مەسیحیەکانو جوولەکە، گشتیان پالیان داوەتە یەکتریو گەلانی جیهاندەچەوسێننەوەو خوێنیان دەمژنو دەڕێژن بۆ خاتری بەرژەوەندی خۆیان. بەهەموو تواناییان بەربەرەکانی ڕێگەی خواناسین دەکەن، بیر لەهیچ یاسایەك ناکەنەوە کەخوا بۆ پێغەمبەرانی ناردووە، غارە غاریانە لەدوای مالو سامان بەهەر جۆرێ دەستیان کەوێ. پێغەمبەری ئێمە موحەممەد (ﷺ) لەکاتێك خوا ناردی ئادەمیزادی سەر زەوی بەجارێك کەوتبوونە دەریای نەفامیو نەزانینو بت پرستیو ستەمکاریو خوێن مژینو کوشتنو برین تالان کردنو جەردەییو قۆل برین. خوا ویستی لەو حالە رزگاریان بکات. بۆیە پەیڕەوو پرۆگرامی ئیسلامی پێدا هەنارد تاکوو ئادەمیزاد لەسەری برۆن ئەوجا پێویستە ئەو پێغەمبەرە بەتەواوی بناسینو لەو ڕێگایە بگەین کەخوا بۆی داناوینو دەیەوێ لەسەر برۆین، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ بگەڕێینەوە سەر ڕەسەنی مرۆڤ کەلەیەکەم جار خوا ناردیە سەر ئەو زەویە، تاکو بزانین ئێمە لەچینو لەچی دروست کراوینو دەبێ چۆن بین.

خوا کەمرۆڤی دروست کردووە جگە لەئارەزووەکانی، چەند ئەرکێکی خستوتە سەر شانی لەهەموویان گرنگتر، ناسینو پەرستنی خوایەو هەلسو کەوتە بەگوێرەی فەرمانەکانی، چونکە ئەگەر وانەکەین دێینە ڕیزی ئاژەل کەهەر خواردنو نوستنی لەسەر دانراوە، چ ئەرکێکی تری بۆ دیار نەکراوەو هەستی پێ ناکات. خوا مرۆڤی وا دروست کردووە لەهەموو گیانلەبەرێك گەورەترو بەڕێزترە، ئەگەر ئەو سنوورەی خوا بۆی داناوە لەسەری بازنەداتو خۆی لێ هەلە نەکاتو ئاگای لەخۆی بێ لەپلەی بەرزیەتیو گەورەیی نایێتە پلەی نزم.

لێرەدا چەند پرسیارێك دێتە بەر بیری هەندێ کەس دەلێن، بۆچی ئێمە خوا بپەرستینو چ

پێویستیەکی بەپەرستنی ئێمە هەیە؟ مەبەست چیە لەو داوایە؟ لەوەڵام دا دەگوترێ پەرستنی خواو بەجێهێنانی فەرمانەکانی، چ سوودی بۆ خوا تێدا نیە، نەپەرستنیشی چ زیان بەخوا ناگەیەنێ. خوا بەهیچ جۆرێكو لەهیچ کاتێك پەکی لەسەر پەرستنو نەپەرستن نەکەوتوەو باکی پێ نیە، حەدیسی قودسیە خوا فەرموویەتی (ئەی بەندانی من، ئێوە لەیەکەم کەستان تا دوا کەستان، هەموو بەگوێرەی چاکترین پیاوی خواناس بجوولێنەوە، هیچ شتێك لەسامانی من زیاد ناکات. ئەی بەندانی من ئێوە لەیەکەم کەستانەوە تا دوا کەستان ئەگەر بەگوێرەی کردەوەی پیاوی خراپ بجولێنەوە، هیچ زیانێك بەمن ناگات ناشگەنە ئەوسنوورەی کەزیانی منی تێدایە). واتە هەر خوایە خاوەن دەسەڵاتو ئێمە دەست کورتینو پێویستمان بەخوایە. خوا هیچ فەرمانێك نادا و هیچ داوایە لەئێمە ناکات، ئەگەر بۆ چاکەو سوودی ئێمە نەبێت، هەموو داواو فەرمانەکانی بۆ ڕێکخستنی کاروبارو خۆشی ئێمەیەو بۆ ئامادەکردنی دڵی ئێمەیە بۆ ڕێگەی چاکەو بەردەوامی ژیانە، پیاوی خوا پەرست بەهیچ جۆرێك خراپەی لێ ڕوونادات، بەڵام پیاوی خوانەناسو لەخوا نەترس دەبێتە دڕندەی ناو کۆمەڵ. ئەگەر ئادەمیزاد بیر بکاتەوەو تێبگاتو بزانیو باوەڕ بکات کێ دروستی کردوەو ئەو ژیانەی کەبۆی ئامادە کردوە لەکوێ هاتووەو بۆ کوێ دەچێ، دەزانێ خوا پەرستی بۆ بەرژەوەندی ئەوە، چونکە خواپەرستی پەیوەندییەکە لەنێوان خواو ئادەمیزادو دڵو دەروونی ئەو ئادەمیزادە هێزی لێ وەردەگرێو خۆشترینو خۆشیو بەختەوەری لەو خواپەرستیە دەبینێ لەچاو ئەو خۆشیەی لەماڵو سامانو دەسەڵاتدا وەری دەگرێ.

ئەو پەیوەندیەش بەردەوامە بۆ هەموو کەسێكو هێزو یارمەتی لێ وەردەگرێو تێنووەتی دەروونی پێ دەشکێ کەهەردەم تێنووە بۆ بەختەوەریو بگاتە لووتکەی بەرزیەتی ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾.

ئەویش مانای ئەوەیە لەخوا بەولاوە سەر بۆ کەسی تر شۆڕنەکاتو داوای یارمەتیش لەکەسی تر نەکات. ئەگەر ئادەمیزاد هەموو خۆشیەكو مەبەستێكو ئارەزوویێکی هاتە دی بەڵام خواپەرستی لەگەڵ نەبوو، هەردەم هەست بەبۆشاییەك دەکات لەناو دڵیو هەست بەکەمیو دەردەداریو دڵ بریندداری دەکات، ناتوانی لەدەردەسەری ئەو دونیایە رزگاری ببێت. بەڵام ئەگەر خواپەرست بێو فەرمانەکانی خوای جێبەجێ کرد خوا بوو بەهەموو ئاواتو نیازو خۆشەویستی، کەسی لەو خۆشتر نەویست، ئەگەر خۆشیشی ویست هەر بۆخاتری خوا خۆشی بووێ لەهەموو دەردەسەریەكو خەمێك ڕزگاری دەبێت.

مرۆڤ هەتا دڵسۆز بێت لەخواپەرستی دەگاتە نهێنیەکانی ژیانو دەگاتە خۆشیەکان، دڵو دەروونی،

هیچ خۆشیەکی تری ناگاتێ. پێغەمبەران ناویان لەو خۆشیە ناو شیرینی باوەڕ (حلاوة الایمان) کەسیش ناتوانی هەست بەو شیرینیە بکات، تەنیا ئەو کەسانە نەبن کەخوا دەناسن، هەستی پێ دەکەن‌و بەچاکی‌و بەتەواوی بۆیان ڕوون دەبێتەوە، هەر خوا داهێنەرو دروستکەرو گیاندەرو ڕێکخەرو دەژیێنێ‌و دەمرێنێ‌و زیندووی دەکاتەوە.

خۆشویستنی خوا خۆشی ژیان‌و بیرو هەستەو ڕووناکی دڵ‌و دەروون‌و چاوە، خوا دەیەوێ ئادەمیزاد بەدرێژایی تەمەنی لەژیانێکی پڕ کامەرانی‌و خۆشیەکی نەپساوە بژیت، بۆیە پێغەمبەرانی بۆ ناردن‌و فەرمان‌و ڕێگەی خوا پەرستی پێدا ناردن.

﴿ ئــــادەم ﴾

خوا لەقورئانی پیرۆزدا لەسەر زمانی پێغەمبەر (ﷺ) پێی ڕاگەیاندوین یەکەم جار ئاسمانەکان‌و زەوی‌و ئەوەی لەنێوانیانە دروستی کردن. خوا دەفەرموێ ﴿خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا﴾[1] بێ ئەوەی ئێمە شتێك بزانین لەچۆنیەتی دروست کردن‌و بەڕێوەچوونی. خوا لەسنوورێکی دیاریکراو هێزی بەمرۆڤ داوە هەوڵ بداو لێ بکۆڵێتەوەو تێبگات، تاکو ئێستاش چشتێکی وای لێ تێنەگەیشتووە دوای ئەوەی فریشتەکان‌و ئەجندەکانی دروستکرد، هەر خۆشی دەزانێ بەچەند ماوەو چۆنی دروستکرد. ئەوجا خوا بەفریشتەکانی فەرموو ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً﴾[2] واتە من جێگرێك لەسەر زەوی دروست دەکەم. جگە لەوەی زەوی دەخەمە دەستی‌و توانای ئەدەمێ‌و پەیڕەوو پرۆگرامی بۆ دائەنێم، خۆی‌و نەتەوەی لەسەری بڕۆن‌و فەرمانەکانم بەجێ بێنن، لەدیتنەوەو دروست کردن‌و هەڵوەشاندن‌و پێك هێنان‌و گۆڕین‌و دۆزینەوەی هێزی ناو زەوی‌و خەزنەکان‌و کانەکان، هەمووی جلەوگیر بکەن، ئەمەش پایەیەکی زۆر گەورەیە بۆ مرۆڤو دەورێکی زۆرگرنگی پێ سپێردراوە کەجێبەجێی بکات.

ئەمە چیرۆکی مرۆڤایەتیە هەر لەدەست پێکردنی تاکو کۆتایی، لەپێگەیشتنی تا چارەنووسی.

---

(١) السجدە: ٤.

(٢) البقرە: ٣٠.

ئەمە شتێك نەبووە هەرچۆنێك بێ ڕێککەوتبێ‌و لەخۆیەوە پەیدا بووبێ، هەروەها زنجیرەیەکیش نیە لەزنجیرەکانی پێشکەوتن‌و بڵندبوون (تطور) تاکو بەهۆی زنجیرەکانی ڕابردووی بگاتە باری ئێستای. وازیشی لێ نەهێندراوە بۆ خۆی سەربەخۆ بێت، بەڵکو بەئارەزووی خوا بووە، بەمەبەست‌و یاسایەکی ڕێك‌و پێك‌و دیارکراو، تاکو ئەو مرۆڤە دەوری خۆی لەسەر زەوی ببینێ‌و ئەو کارانە بێنێتەدی. فریشتەکان لەو بڕیارو فەرمانە سەرسام بوون، هەرچەندە هەموو فەرمانێکی خوایان بەخۆشی‌و ملکەچی وەرئەگرت، بەڵام هەروەك هەست بەگەورەیی‌و ترسناکی کردەوەی ئەو مرۆڤە بکەن، وەك چەند کردەوەیەکی تریان لەپێشی‌ئەو مرۆڤە لەخراپەو خوێن ڕشتن دیبوبێ، یا پێیان گوترابێ، یا بۆیان دیارکرابێ، دڵیان بە بەر نەوەستاو خۆیان پێ‌ڕانەگیرا، پرسیاریان کرد. گوتیان ئەی خوایە یەکێکی تێدا دروست دەکەی خوێنی تێدا بڕێژی‌و خراپەی تێدا بکات؟ ئێمەش هەردەم لەستایش‌و پەرستنی تۆیین. خوا وەڵامی دانەوە فەرمووی ﴿قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لاَ تَعْلَمُونَ﴾[1] واتە ئەوەی ئێوە نایزانن من ئەیزانم. زانایی خوا بەسەرهەموو شتێك دایە، چونکە خۆی دروستکەرو دانەری مرۆڤ لەیەکەم ڕۆژی تا دوایی تەمەنی دەزانی چ دەکات.

فریشتەکان لەو پرسیارە مەبەستیان ڕەخنەگرتن نەبوو لەفەرمانی خوا، حەسوودیشیان بەئادەم نەبرد، بەڵکو مەبەستیان بوو، چونکە ئەوان بەگوێرەی سروشتە پاکەکەی خۆیان وایان مەزەندە ئەکرد هەر ستایشی خوا مەبەستە، چونکە ئیش‌وکاری ئەوان هەر ستایشی خوایە. ئەوان خەوو خواردنیان بۆ دانەندراوە، هەر فەرمانێکی خوا پێیان بدات، بێ بیرکردنەوەو لێکدانەوە بەجێی ئەهێنن، لەخوا یاخی نابن، هەروەك خوا لەقورئان دەفەرموێ ﴿ لَا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ﴾[2] واتە، لەفەرمانی خوا یاخی نابن‌و هەر فەرمانێکیان پێ بدات دەیکەن.

لەهەمان کاتیش ئارەزووی بەرزی خوایان لەبەرچاو ڕوون‌و ئاشکرانە بوو بیریشیان نەئەکردەوە کەئاوەدان کردنەوەی زەوی‌و پێگەیاندنی ژیان‌و گۆڕین لەگەڵ بەجێهێنانی فەرمانی خوا لەلایەن جێگر بێتە جێ، ئەوەی کەهەندێ جار کەمێك خراپە دەکات‌و خوێن دەڕێژی لەدوای ئەو خراپەکەمە دیارە

(١) البقرة: ٣٠.

(٢) التحريم: ٦.

سوودی لەپێشکەوتن‌و دروست کردن‌و هەڵوەشاندن‌و پەرەستاندن دێنێتە جێ، ئەوجا هەروەکو پێغەمبەر (درووی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی خوا لەڕۆژی هەینی (جمعە) ئادەمی لەقوڕ دروست کرد، هەر خۆشی ئەزانێ چۆنی دروست کردووە، هەرچەندە مرۆڤ هەوڵ‌و تەقەللایەکی زۆری داوەو ئەدات بۆ تێگەیشتن بەڵام جارێ هیچی بۆ دەرنەکەوتووە. تا ئادەمی کرد بەمرۆڤێکی خاوەن هەست‌و خوست‌و بەهۆش‌و زانا. پایەو ڕێزی لێناو جیای کردەوە لەگیانلەبەرانی تر، بەوەی فێری ناوی هەموو گیانلەبەرێك‌و بێ گیانێکی کرد، وەك لەقورئاندا دەفەرموێ ﴿وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاء كُلَّهَا﴾[1] واتە ئادەمی فێری ناوی هەموو شتێك کرد، ئەمەش هێزێکی زۆر گرنگ‌و پێویستە بۆ ژیان.

ناو چەند وشەیەکە لەسەر زمان، هەریەکە لەو ناوەی باسی ئەکەی کە لەشی ناو لێنراوت دێنێتە بەرچاو، ئەوەش سوودێکی گەورەی هەیە ئەگەر ناولێنان نەبوایە، هەر شتێکی کەمرۆڤ دەیویست باسی بکات، لەجیاتی ناوهێنانی دەبوایە ناو لێنراوی بهێنابایە بەرچاو، وەك باسی کێوێك‌و درەختێك‌و مرۆڤێك‌و ئاژەڵێك بکات، ئەمەش قەت نەدەکراو ناکرێ. ئەمە یەکەم زانست بوو کەئادەم فێری بوو، بەمەش لەگیانلەبەرانی تر جیاکرایەوەو پایەی ئەو مرۆڤەی بڵند کرد.

ئیتر هەموو فریشتەکان دانیان بەوە دانا بێ توانان لەهەر شتێکدا کەخوا فێری نەکردبن. ئەوجا خوا ڕووی کردە ئادەم‌و فەرمووی ﴿أَنبِئْهُم بِأَسْمَآئِهِمْ فَلَمَّا أَنبَأَهُمْ بِأَسْمَآئِهِمْ﴾[2] واتە خوا فەرمووی ئەی ئادەم ناوەکانیان پێ بڵێ. کە ئادەم ناوەکانی پێگوتن، خوا فەرمووی ﴿أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ﴾[3] واتە، پێم نەگوتن هەموو شتێکی دیارو نادیار لەزەوی‌و ئاسمانان‌و ئەوەی دەری دەبڕن‌وئەوەی دەیشارنەوە، من دەیزانم. پاش ئەو گفت‌وگۆ کردەوەیە دەرکەوت کەئادەم بەرزو بەتوانایە. توانایی زانین‌و پێشکەوتن‌و تێگەیشتن‌و سەربەخۆیی لەکاروبار پێدراوە، بەمە دڵنیا بوون.

لەبەر ئەوە خوا فەرمانی پێدان ڕێزی ئادەم بگرن ﴿قُلْنَا لِلْمَلاَئِكَةِ اسْجُدُواْ لآدَمَ فَسَجَدُواْ إِلاَّ إِبْلِيسَ

---

(1) البقرة:٣١.
(2) البقرة:٣٣.
(3) البقرة: ٣٣.

﴿أَبَى وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ﴾[1] واتە، فەفریشتەکانمان گوت سەجدەی ڕێزگرتن بۆ ئادەم بەرن. هەموو تێگەیشتن کەئادەم شایانی ڕێزگرتنەو فەرمانی خواش لەلایان زۆرگەورەو پیرۆزە، هەموویان سەجدەیان بۆ برد، تەنیا شەیتان نەبێ کە لەچینی مەلائیکەتانیش نەبوو لەئاگر دروست کرابوو، خۆی لەلا گەورەتر بوو سەجدەی نەبردو فەرمانی خوای شکاندو چووە ڕیزی بێباوەڕان، خوا پێی گوت ﴿قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلاَّ تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ قَالَ أَنَاْ خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُ مِن طِينٍ﴾[2] واتە، چی تۆی ڕاگرت ڕێزی ئادەمت نەگرت فەرمانت شکاند؟ گوتی من لەو گەورەترم، ئەوت لەخۆڵ درووست کردووە، من لەئاگرم، نەشی ئەزانی خۆڵ لەئاگر پیرۆزترە، چونکە خۆڵ سەرچاوەی ژیانە لەسەر زەوی، ئیتر شەیتان لەیەکەم ڕۆژەوە ملکەچی چاکەو فەرمانی خوا نەبوو، هەر لەوساوە شەڕ خراپەو لەخوا یاخی بوونو لەبیرچوونی چاکەو شانازی کردن بەخراپەو خۆهەڵکێشان بەگوناهو نەویستنی زانینی ڕاستیو خۆ بەگەورە زانین پەیدابوو، گۆڕەپانی جەنگی نەبڕاوە لەنێوان هێزی چاکەو هێزی خراپە پەیدا بوو هێزی خراپە لەشەیتان دەرکەوتو هێزی چاکەش لەفریشتەوە پیاوچاکانی کەبەگوێرەی فەرمانی خوا پەیڕەو دەکەن، هەر لەو ڕۆژەوەشەوە شەیتانت مانەوەی یەگجاری لەخوا داواکرد، تاکو بتوانێ نەتەوەی ئادەم لەخشتە ببات و لەسەر ڕێگەی ڕاست هەریان بخلیسکێنێ، وەك خوا دەفەرموێ ﴿قَالَ رَبِّ فَأَنظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ﴾[3] واتە، بمهێڵەوە تاکو ڕۆژی پیامەت، خواش ماوەی پێداو پێی گوت ﴿قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ الْمُنظَرِينَ ﴾[4] واتە، ماوەت پێدرا تاکو ڕۆژی زاندراو، کەڕۆژی پیامەتە) هەروەك خوا دەفەرموێ، شەیتان گوتی ﴿قَالَ فَبِمَا أَغْوَيْتَنِي لأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَاطَكَ الْمُسْتَقِيمَ﴾[5] واتە، هەروەك من توشی یاخی بوون بووم، دەبێ ڕێی ڕاستیان لێ بگرم، لەپێش لەدواوەو چەپو ڕاستیان بۆیان بچم لەفەرمانی تۆیان لابدەمو زۆرترینیان لێت یاخی بن، خوا فەرمووی ﴿إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ إِلاَّ مَنِ اتَّبَعَكَ

(١) البقرە : ٣٤.
(٢) الاعراف: ١٢.
(٣) الحجر: ٣٦.
(٤) الاعراف: ١٥.
(٥) الاعراف:١٦.

مِنَ الْغَاوِينَ﴾[1] واتە، هەرکەسی بەندەیی من بەچاکی بکات تۆ دەسەلآتت بەسەردا ناشکێ، تەنیا ئەوانە نەبێ کەیاخی دەبن‌و بەدوات ئەکەون. تۆش برۆ هەتا هەتایێ دووری لەڕەحمەتی من. خوا ویستی ئادەمیزاد هەردەم بەڕێك‌و پێکی‌و بەئاگا ژیان بەرێ بکەن، نەك بەبێ ترس‌و بەرڵلآیی مل لێ بنێن‌و لەهیچ نەگەرێنەوە، با بازانین چاکەو خراپە چیە ئادەم لەبەهەشت کەوتە خۆشی، مەلائیکەتان کەوتنە ریزگرتنی. پاشان خوا حەووای لەئادەم دروست کرد وەك فەرمووییەتی **﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا فَلَمَّا تَغَشَّاهَا حَمَلَتْ حَمْلاً خَفِيفًا فَمَرَّتْ بِهِ فَلَمَّا أَثْقَلَت دَّعَوَا اللَّهَ رَبَّهُمَا لَئِنْ آتَيْتَنَا صَالِحاً لَّنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ﴾**[2] واتە، خوا خوایەکی ئەوتۆیە کەئێوەی لەتاکە نەفسێك دروست کردووەو هاوسەریش هەر لەو دروست کرد بۆ ئەوەی هۆگری یەك بن‌و دلنیایی پێ پەیدا بکات‌و نەتەوەیان لێ پەیدا ببێ‌و ژیان بەردەوام بێت، خوا ئاگاداری کردن‌و ئامۆژگاری کردن، فەرمووی ئەی ئادەم ئەو شەیتانە دوژمنی خۆت‌و هاوسەرەکەتە ئاگاداربە لەو بەهەشتە دەرتان نەهێنی، تووشی ئەشکەنجەو دەردەسەری دەرەوەی بەهەشت بێن، ئێوە تاکولەبەهەشت بن، تووشی برسیەتی‌و تێنووەتی‌و ڕووتی‌و سەرماو گەرما نابن، بۆ خۆتان لەو بەهەشتە بژین، هەموو میوەجاتی بەهەشتتان بۆ تەرخان کراوە بیخۆن، تەنیا میوەی دارێك نەبێ (ناشزاندرێ چ دارێك بوو، زانینیشی مەبەست نیە) مەبەست لێرەدا میوەکە نەبوو، مەبەست ئەوەبوو کەئادەم‌و حەووا ڕابێن‌و فێربن کەهەردەم ئاگاداری فەرمان بن، بەئارەزووی خۆیان مل لەهەموو شتێك نەنێن، تا ئیرادە لەدڵ پەیدا بکەن‌و بەهێزین، هەروەها نەتەوەکەشیان هەمان ئیرادەیان هەبێ، چونکە بێ ئیرادە جیاوازیان نابێ لەگەڵ گیانلەبەرانی تروتاقیش ناکرێنەوە کەخۆگرین لەسەر قەدەغەو وەفاداری پەیمان‌و بەڵێن. ئەوەش پێوانەیەکی گەورەیە بۆ هەست‌و ئارەزووی مرۆڤ، هەتاکو مرۆڤ خۆڕاگرتربێت لەسەر ئارەزووەکانی‌و جڵەوگیریان بکات پلەی بلندترو هەورازتر دەبێ. ئەوانەی پەیوەندی بەمەرج‌و پەیمان‌و فەرمان ناکەن دێنە ڕێزی مالآت، چونکە مالآتیش هەر ئەخواو ئەنوێ.

بەلآم چاوچنۆکی‌و خۆپەرستن‌و پالی بەشەیتانەوە نا، کەنەهێلێ ئادەم‌و خێزانەکەی لەو خۆشیەو

---

(١) حجر:٤٢.

(٢) اعراف: ١٨٩.

لەئاسودەییەو بەرزیەتیە بێننەوە. بەقسە لووس و ڕێکخراوەکانی و بەسوێندە درۆیەکانی ویستی تووشی هەرزە لینیان کات هەروەك خوا لەقورئان باسی ئەکات دەفەرموێ: ﴿فَوَسْوَسَ لَهُمَا الشَّيْطَانُ لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُورِيَ عَنْهُمَا مِن سَوْءَاتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَـٰذِهِ الشَّجَرَةِ إِلاَّ أَن تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ الْخَالِدِينَ * وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ﴾[1] واتە، شەیتان بەنەرمی و لەسەرەخۆیی تیخ تیخەی دان، تاکو نهێنی ئارەزوویان دەربخات و بەلای ئەو ئارەزووەیان دا بکشێنێتەوەو لەشی داپۆشراویان دەربخات، پێی گوتن من دڵسۆزی ئێوەم ئامۆژگاریتان ئەکەم و سوێندتان بۆ ئەخۆم، خۆشی و مانەوەی ئێوەم لەبەهەشت مەبەستە، خوا بۆیە میوەی ئەو دارەی لێ قەدەغە کردوون تاکو ئێوە لەو بەهەشتە خۆشە بەیەکجاری نەمێننەوە. سوێندیشی بەخوا بۆ خواردن کەبۆ بەرژەوەندی ئەوان وا ئەڵێ، بەو سوێندە توانی هەڵیان بخەڵەتێنێ و ئادەم و حەواش وایان ئەزانی کەس بەدرۆ سوێند بەخوای پەروەردگار ناخوات، بۆیە پێیان باوەڕ کردو مەرج و پەیمانیان لەبیرکرد، خۆشی مانەوەی بەهەشت لەبیری بردنەوە، شل بوون بەرامبەر حەز ئارەزوو لەتاقی کردنەوەکە دەرنەچوون، لەمیوەی دارەکەیان خوارد.

هەرکەسێ کەهەڵدەخەڵەتێ هەر لەلایەنی خۆشی ئارەزووەکەی تەماشا ئەکات، دەنا دەبوایە بەشەیتان بڵێن ئەگەر ڕاست ئەکەی بۆچی بۆ خۆشت لەمیوەی ئەو دارە ناخۆی، تاکو خۆشت بەیەکجاری لەو بەهەشتە بمێنیتەوە!. لێرەدا دەرکەوت کەئادەمیزاد دوو لایەنە بەلای کامیاندا شکایەوە ئەو لایە زاڵ دەبێت، شەیتانیش کەهەردەم بۆ ئادەمیزاد لەسەنگەرە، لەلایەنە بێ هێزیەکەوە بۆی ئەچێ و زەفەری پێ دەبات و زەللەی پێ ئەکات.

ئەوجا تاکو لەمیوەی دارەکەیان نەخواردبوو پێویستیان بەچوونە سەرپێشاو نەبوو، چونکە خواردەمەنیەکانی تری بەهەشت بەشێوەی هەڵم لەپێست و زاری مرۆڤ ئەچێتەدەر، بەڵام خواردنی ئەو دارەی لێیان قەدەغە کرابوو بەشێوەیەکی دیا رە لەپێش و دواوە بوو، پێویستی بەهەر ماڵینی جلەکانە، بەو شێوەیە عەورەتیان بەدیارکەوت و هەستیان بەشەرمەزاری کرد، بۆیە خۆیان بەگەڵای دار داپۆشی، بەڵام تاکو لەمیوەی ئەودارەیان نەخواردبوو هەستیان بەشەرمەزاری نەئەکرد، چونکە شتێکی سروشتیە

---

(١) الاعراف:٢٠- ٢١.

خوا مرۆڤی وا دروست کردوە، عەورەتی بەدەرەوە بێت هەست بەشەرمەزاری دەکات. تەنیا مرۆڤی بێ ئابڕووۆ لەرێ دەرچوو نەبێ بەهیچ شتێکی شەرم نیە.

هەموویان لەبەهەشت دەرکرانو هاتنە سەر زەوی، لەو کاتە ئادەم بەهۆش هاتەوەو بیری کردەوە، چی کردو تووشی چ بوو، لەو خۆشیەو لەو ڕێزەدا نەما، چونکە بێ فەرمانی خوایان کرد، خواش سزای دان، لەهەمان کاتیش تێگەیشت کەڕقو تووڕەیی خوا هەر لەکاتی یاخی بوونو بەردەوام بوون دێتە سەر مرۆڤ، هەر کاتێك پەشیمان بۆوە ئەگەر داوای لێبووردن بکات، خوا بەزەیی پێدا دێتەوەو ڕووی تێدەکات لێی دەبورێ، چونکە هەر خوایە لێبوردەو بەڕەحم، هەروەك خوا لەقورئان باسی دەکات کەبانگی کردنو فەرمووی ﴿وَنَادَاهُمَا رَبُّهُمَا أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَن تِلْكُمَا الشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَا إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾[1] واتە، خوا بانگی کردن، فەرمووی من بەئێوەم نەگوت لەوداره مەخۆن، شەیتان دوژمنێکی ئاشکرایە بۆ ئێوە؟

ئادەمو هاوسەرەکەی فرمێسکی پەشێوانیان بەردایەوە، لەسەر کردەوە ناڕەوایەکەیانو ڕشت، داوای لێبووردنیان لەخوا کرد،توانیان پەشێوانی بەشێوەیەکی جوان دەربخەنو دەپاڕێنەوە، هەروەك خوای باسی ئەکات ئەفەرمووێ ﴿قَالاَ رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾[2] واتە گوتیان ئەی خوای ئێمە، ئێمە ستەممان لەخۆمان کرد، ئەگەر بەزەییت پێماندا نەیێتەوەو لێمان خۆش نەبی ڕەنجەڕۆئەبین، بەو پاڕانەوەیە دەرکەوت مەسەلەی گوناو تۆبەو پەشیمانی لەگوناە، شتێکن تەنیا پەیوەندیان بەخودی مرۆڤەوە هەیە، هیچ گوناهێك بۆ مرۆڤ دانەندراوەو خوا فەرمانی لەسەر هیچ گوناهێك نەداوە، هەروەك کەنیسەی مەسیحی ئیمڕۆ کەئەڵێن، خوا خۆی فەرمانی کوشتنی عیسایدا تاکو گوناهی خەڵکی پێ بسرێتەوە. یاخود دەڵێن عیسا بۆیە هات تاکو گوناهی ئادەم بسرێتەوە. نەخێرگوناهی ئادەم گوناهی خۆی بوو، هەموو گوناهێك کەئەوەی ئادەمیش دەیکەن هەرکەسە خۆی دەیکاو خۆی لێپرسراوە بەرامبەری. ئەگەر وا نەبێ تاوانباران هیچ سزایەکیان پێویست نیەو چی دەیکەن با بیکەن دەبێ دادگاکانیش نەمێنن.

---

(١) اعراف: ٢٢.

(٢) الاعراف: ٢٣.

هەروەها دەریش کەوت کەئادەمیزاد هەموو کات لەسەر ڕاستی ناڕواو هەموو کاتێکیش لەسەر گوناه ناڕوات گەلێ جاریش شت لەبیر دەکاتو هەڵە ئەکاتو هەردەخەڵەتێ، دوژمن دەتوانێ بەدرۆ، دەلەسە زەفەری پێ ببات. دواییش داوای یارمەتیو لێخۆش بوون دەکات، خواش لێیان خۆش بوو، هەروەك باسی ئەکاو ئەفەرموێ ﴿قُلْنَا اهْبِطُواْ مِنْهَا جَمِيعاً فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدًى فَمَن تَبِعَ هُدَايَ فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ* وَالَّذِينَ كَفَرواْ وَكَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا أُولَـئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾[1] واتە، هەمووتان لەسەر زەوی جێگیربن، ڕێگای ڕاستیتان بۆ دەنێرم هەرکەسێ ئەو ڕێگەیەی گرت ترسی ئەشکەنجەو ڕێ لێ بزربوونی نابێودەپارێزرێ، هەرکەسێکیش منی لەبیرکرد لەژیانێکی تەنگو پڕ سەر ئێشەو پڕ ترس دەژیدواییش هەتا هەتایێ دەچێتە ناو دۆزەخ. دوای ئەوە خوا فەرمووێ ﴿وَقُلْنَا اهْبِطُواْ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ﴾[2] هەروەها دەفەرموێ ﴿قَالَ فِيهَا تَحْيَوْنَ وَفِيهَا تَمُوتُونَ وَمِنْهَا تُخْرَجُونَ﴾[3] واتە، بچنە خوارەوە هەندێکتان دوژمنی هەندێکتانن، مەبەست ئەوەیە شەیتان دوژمنی ئێوەیەو ئێوەش دوژمنی شەیتانن، تا ماوەیەك لەسەر زەوی جێگیردەبن، لەوێ دەژینو دەمرنو زیندوو دەبنەوە.

ئادەم دەرسێکی باشی وەرگرتو بۆ ژیانی سەرزەوی کەڵکی لێ وەرگرت، ڕاستەقینەی شەیتانیشی بەتەوای بۆ دەرکەوت، تاکو ئاگاداربێتو خۆی بەهێز بکاتو خۆی لێ بپارێزێو بزانێ ئەو دوژمنە هەردەم لەهەڵ دەگەڕێو لەبەراوان ڕاوەستاوە دەبێ هێزێکی گیانی پەیدا بکات، نەك بێباکانە بەڕێدا بڕوات، دەنا ناتوانێ دەوری جێگری لەسەر زەوی ببینێ.

ئەوجا قۆناغی دووەم هاتەکایەوە، شەیتانیش هەر لەگەڵ ئەو مرۆڤە لەسەر ئەوزەویە کەدەسەڵاتو زانینو خۆشی پێدرا هەر تاماوەیەك دەژین دەمرنو دوایی زیندوو دەبنەوە دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا، بەگوێرەی بیروباوەڕو کردەوەکانیان ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێ.

ئەمە هەر داستانو چیرۆك نیە، ئەوانەی کردەوەکانی خوا بەگوێرەی کردەوەی مرۆڤ پێوانە دەکەن، تەماشا دەکەن مرۆڤ یەکێکە لەگیان لەبەرەکانی سەر زەوی، ئەو زەویەش دەبینن پارچەیەکی بچووکە

---

١) البقرة: ٣٨- ٣٩.

٢) البقرة: ٣٦.

(٣) الاعراف: ٢٥

لەوجیهانە گەورەیە پەسندی ناکەن کەمە بەسێك لەدروست کردنی ئەو مرۆڤە هەبێت،بەڵکودەڵێن پەیدا بوونی مرۆڤ هەر شتێکە لەخۆیەوە، ئەم جۆرە بیروباوەڕەش هۆی نەزانینە وایان لێ دەکات کەئەوها بیربکەنەوە.

ئادەم بۆیە هات و ئەو زەویەی بۆدروستکراو تاقی کرایەوەو قۆناغی ژیانی گۆڕدراو ڕێزی لێندرا، تاکو ببێتە گەورەی سەر ئەو زەویە، ببێتە جێگرو فەرمانەکانی خوا بەجێبێنی، هەر شتێکی کە لەسەر ئەو زەویەشە، هەر لەبۆ خاتری ئەو دروست کرا. کەواتە مرۆڤ لەهەموو شتێکی سەرزەوی گەورەترو بەڕێزو بەنرخترە. نابێ سەرشۆڕ بکرێت و دەست درێژی بکرێتە سەرو ببێتە بەندە بۆ یەکێکی تر، چونکە مرۆڤ هەر خۆی یەکەم کارگێڕودروستکەرو تێکدەرو دەگۆڕێ و لا دەبات دادەنێ، نەك ببێتە یەك لەهۆیەکانی بەرهەم.

داستانی قەدەغە کردنی میوەی دارەکەو تیخ تیخەو هاندانی شەیتان بۆ لەبیر کردنی مەرج و پەیمان و فەرمان و هەست نەکردن بەیاخی بوون و بەهۆش هاتنەوە پاش بێ ئاگایی و پەشێوان بوونەوەو داوای لێخۆشبوون، هەمووی تاقی کردنەوەیەکی بەردەوامە، نوێ دەبێتەوە بەدرێژایی تەمەنی مرۆڤ. ڕەحمەتی خوا وای پێویست کرد، ئەو بەندەیە لەبەهەشت بێتە خوارەوە، پاش ئەوەی زانی بەهەشت چۆنە. تا شوێنی جێگریەتی بگرێ لەسەر زەوی و پەندو ئامۆژگاری لەو تاقی کردنەوەیە وەربگرێ بۆ ژیانی داهاتووی سەرزەوی.

لێرەدا پرسیار دێتە ناو مێشکی مرۆڤ، تەڵێ کوا ئەو بەهەشتەی ئادەم و خێزانی ماوەیەك تێیدا ژیان؟ فریشتە چۆنن؟ شەیتان چۆنە؟ خوا چۆنی پێگوتن و چۆنیان وەڵام دایەوە، ئەمانەو زۆری وەك ئەو پرسیارانە لەقورئان هەیە، خوا هەر خۆی دەیزانی چۆنەو چیە ئەو هێزەی نەداوە ئێمە کەلەهەموو شتێك بگەین، وای بەباش داناوە کەئێمە لەچۆن و چۆنیەتی هەموو شتێك نەزانین، چ بەرژەوەندیەکی بۆ ئێمە تێدانیە، بۆیە توانای زانینی بەئێمە نەداوە، زانینیشیان چ لەپێویستیەکان نیە بۆ جێگرایەتی سەر زەوی. بەرامبەر ئەو هەموو نهێنیانەی کەلەژیانمان بۆی دەرخستووین و کەڵکی لێ وەردەگرین. پێویستیش ناکا مرۆڤ بیرو هۆشی خۆی ماندووبکات و خۆی بخاتە ناو ئەو شتانە. چونکە هیچ هۆیەکی نیە لەو شتانە بگات. هەر هەوڵێکیش بدات بەفیڕۆ دەڕوات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەمرۆڤ هۆی نیە لەو شتانە بگات، نابێ خۆی بێ ئاگا بکات و خۆی هەڵبکێشی و ئینکار بکات،چونکە ئینکاری هەر شتێك

دەبێ بەگوێرەی زانین بێت، نەك هەر بەگوێرەی هۆشی خۆی بڵێ وانیە، لەبەرئەوەی بۆی ڕوون نەکراوەتەوەو نایبینێ.ناشبێ هەر شتێکی نەیدیتو نەیبیستو نەیزانی باوەڕی پێ نەکات، چونکە ئەو شتەی کە لێمان بزرەو نایزانین ڕێگەشمان نیە بیزانین، با بۆخاوەنی بەجێبێڵینو باوەڕیشمان هەبێ کەهەرچی خوا بۆمان ئەگێڕێتەوەو باسی دەکات ڕاستەقینەیەو بۆ سوودی ئێمەیە، تاکو لەژیانمان پەندی لێ وەربگرین.

چۆنیەتی کردەوەکانی خوا بۆ مرۆڤروون نەکراوەتەوە، مرۆڤیش بەو بیروهۆشە تەسکەو سنووره دیارکراوەی لە چۆنیەتی کردەوەکانی خوا ناگاتو ناتوانێ کردەوە خوا هەڵسەنگێنێ، چونکە چۆنیەتی کردەوەی خوا بەچۆنیەتی کردەوەی مرۆڤ ناچێتو هیچ دروستکراوێك بەخوا ناچێت تاکو کردەوەکانیشی بەکردەوەی خوا بچێت.

هەروەها خواش بەهیچ شێوەیەك مەزندە ناکرێت، مرۆڤ بینێتە بەرچاوی خۆی، هەروەك زانایان دەڵێن (کل ماخطر ببالك فالله خلاف ذلك) واتە، هەرچی لەبابەت چۆنیەتی خوا بەسەر بیرت دادێت خوا ئەوها نیە(*).

﴿ ژیانی سەرزەوی ﴾

پاش ئەوەی ئادەم لەبەهەشت هاتە سەرزەوی، داوای لێ بووردنی کردوخوا لێیخۆش بوو، بەتەواوی گەورەیی دەسەڵاتی خوای لێ ڕوونو ئاشکرا بوو، بەچاوی خۆی ئەو بەهەشتە خۆشەو فریشتەو ئەجندەی دیت، باوەڕی پەیدا کردکەخوا خاوەنی هەموو شتێکە، لەو بەولاوە هیچ کەسێکو هیچ هێزێك نیە کار

---

*) تێبینی: کەباسی مەسیحیو مەسیحیەت کرا مەبەستمان مەسیحیەتو مەسیحیەکانی ئیمرۆکەیە کەعیسا بەکوڕی خوا ئەزانن، نەك مەسیحیو مەسیحیەتی پێش هەزاران ساڵ کەخوایان بەتاکو تەنیا ئەناسی. چونکە ئیمرۆ هیچ مەسیحیەك نیە کەخوا بەتاكو تەنیا بناسنو عیساش بەکوڕی خوا نەزانن!.

هەروەها کەناوی ڕۆژهەڵاتناسەکانیش هاتە پێشەوە، مەبەست لەو جۆرە ڕۆژهەڵاتناسانەیە کە بەبێ لایەن باسی ئیسلام، موسوڵمانیان کردوە، مەبەستی ئێمە لەو ڕۆژهەڵاتناسانەن کەداخدارو هەناو ڕەشو بەکرێگیراون، تۆی گومانو دوو بەرەکی لەنێوموسوڵمانان دەچێنن.

لەو زەمینەبکاتو بیروێنیێ، ئەو زەویەفراوانەی دیتپەندی بەهەشتی لەبیر نەکرد. فێری پـەیمانو مـەرج بوودەردی هەڵەی چێشتو دڵخۆشی لێ خۆش بوونی خوای چێـشت، ئـەوجا ئەوانـەی لـەئادەم بـەپاش ئەکەون ئەبێ ئەوانیش خوا بەسروشت بنانو بەدروسـتکەری زەمـینو پـەروەردگاری بـزانن، بـۆ ئـەوەی هەست لەفەرمانەکانی ڕاگرنو لەو ڕێگەیە لا نەدەنو لەخواش بەولاوە چیتر نەپەرستن، بۆیە پێش ئەوەی بێنە سەر زەوی خوا پەیمانی لێ وەرگرتن، بەلاّم چ پەیمانێكو چی کرد،؟ هەرچی نەتەوەی ئـادەم هەیـەو لێی بەپاش ئەکەوێ لەیەکەم ڕۆژی دێنە سەر زەوی تاکوو وێران بوونی ئەو زەویەو پشتاو پشت هەمووی هێنایە بەرەو ڕووی خۆی هەروەك خوا لەقورئان باسی ئەکاتو ئەفەرموێ: ﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِن بَنِي آدَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنفُسِهِمْ أَلَسْتَ بِرَبِّكُمْ قَالُواْ بَلَى شَهِدْنَا أَن تَقُولُواْ يَوْمَ الْقِيَامَـةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا غَافِلِينَ * أَوْ تَقُولُواْ إِنَّمَا أَشْرَكَ آبَاؤُنَا مِن قَبْلُ وَكُنَّا ذُرِّيَّةً مِّن بَعْدِهِمْ أَفَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ الْمُبْطِلُونَ﴾[1] واتە: خوا نەتەوەی ئادەمی هەموو هێنانـە بـەرەو ڕووی خـۆیو شـاهیدی پێـدانو فەرمووی من پەروەردگاری ئێوە نیمە؟ گوتیان بەڵێ تۆ پەروەردگاری ئێمەی.نەوەك ڕۆژی قیامەت بڵێن ئێمە ئاگامان لەخوایەتی تۆنەبووە، یا بڵێن باوكو باپیرمـان لـەپێش ئێمـە هاوبەشـیان بـۆ تـۆ پەیـدا کردبوو، ئێمەش نەوەی ئەوان بووین.چ دەسەلاّتمان نەبوو. ئەی خوایە ئێمە بەکردەوەی ئەوان ئەفەوتێنی؟

ئەمەش ئەگەر بەڕاستی بەگوێرەی بیروهۆشی خۆمان لێکی بدەینەوە، دیتنێکـی بـەرزو گەورەیـە، بەزومانو نوسین وێنەی دەرناکەوێو بیروهۆشی مرۆڤیش لەچۆنیەتی ئەو کردەوەیە بڕ ناکـات، هـەرخوا خۆی دەزانێ چۆنی هێنان، چونکە ئەو کارە بەگوێرەی هۆشی ئێمە کارێکی لەتوانا بەدەرە، بـەلاّم ئـەو کردەوەیە بۆ خوا وەك کردەوەکانی ترە، کەئەو هەموزەمینـەی دروسـتکردووە هـەموو جـۆرە ئـادەم یزادەی دروستکردوەوهیچی وەك یەك نیەو هەمووشـی هەریـەك کـردەوەو ڕەوشو یـەك ژیـانی هەیـە، هەمووی لەخانە (خلیە) دروستکردوە هەرخانەیەش نیشانەی تایبەت هەڵدەگرنو هەرخانەیەش ئـیرادەو خواردنو ئارەزووجووڵەی خۆی هەیە، تاکو ئێستاش ئادەمیزاد بێ دەسەلاّتە لەچۆنیەتی دروست کردنـی ئەو خانانە. نەك هەر ئەو خانانە بـەلکو ئـادەمیزاد لەهـەموو دروسـت کراوێکـی سـەر ئـەو زەمینـە سەرسامە.

---

(١) الاعراف: ١٧٢ - ١٧٣.

ئەو هێنانە بەرەو ڕووەش هەر لەتوانای خوایە بیکات. بەڵام نابێ ئێمە دوو دڵی لەو دیمەنە بکەین کەخوا هێنایەدی. چونکە ئادەمیزاد لەدایك دەبێ پاش ماوەیەك هۆشێکی پەیدا کرد هەست بەبوونی دروست کەرێك ئەکات هێنایتیە ئەو دونیایە، ئەو هەستەش لەسروشتو ڕەسەنی ئەو مرۆڤەیە، ئەگەر وا نەبێ بیری لەو خوایە نەدەکردەوە، بەلکو وەك ماڵات بەرێگای ژیاندا ئەڕۆیشت.

خوا مرۆڤی وا دروست کردووە بەسروشت، کە گەیشتە تەمەنی تەواوی وای لێهات دەستە ڕاستو دەستە چەپی خۆی ناسی (مرحلة السلطة الذاتية) خۆی بیروباوەڕ هەڵدەبژێری‌و پەسندی دەکات، ئەوجا یان بەدوای هەواو هەوەس‌و ئارەزوو ئەکەوێ‌و کاری تێدەکات‌و لەسەری دەڕوات، یاخود ڕێگەی سروشت‌و ڕەسەنی خوا دەگرێ‌و لەسەری دەڕواو هەر خۆشی بەرپرسیارە لەکردەوەکانی. لەگەڵ ئەوەش بەسروشت هەست بە پەروەردگاری خۆی ئەکات، بەدوای بەرزیەتی‌و چاکەو دادپەروەری‌و خواپەرستی دەکەوێ، با دەورو بەرو پەروەردەش کاریکەنە سەر هەندێ ڕەوشتی، بەڵام ناتوانن کار بکەنە سەر بیروباوەڕی مرۆڤ. گەلێ جار دەبینی دوو برا لەدایك‌و باوکێك‌و ماڵێك‌و شوێنێك بەخێوکراون‌و پێگەیشتوون، هەریەکەیان بیروباوەڕی لەیەکتری جیاوازیان هەڵگرتووە، دایك‌و باوکیش چ کاریان تێ نەکردوون.

مرۆڤ تەنیا ئەو بەرگ‌و پەیکەرە نیە کە لەبەرچاوە لەسەر زەوی بۆخواردن‌وخواردنەوە هەوڵ ئەدا، بەلکو ڕاستەقینەی مرۆڤ ئەو ناوەڕۆك‌و کاکڵەیە پێی بوویتە مرۆڤێکی بەرزو گەورەلەسەر هەمووگیاندارانی سەر ئەو زەویە. کاکڵەکەش گیانە (روح)، ژیان‌و پاکی ئەو گیانەش هێزو توانا لەپەرستنی خواو بەجێهێنانی فەرمانەکانی وەرئەگرێ. جا ئەگەر ئەوگیانە کەوتە بێ ئاگایی‌و لەخۆیایی بوون‌و ژەنگ‌و تۆزی‌گوناەو گومان‌و شاردنەوەی ڕاستی‌ودان پێدا نەهێنانی کەوتە سەر، هەرکاتێك ڕەشەبای کارەسات‌و ئاگری لێ قەومانی کەوتە سەر ژەنگ‌و تۆزەکەی سەرگیانی لا ئەبا، ئەو مرۆڤەبەخێرایی با ئەداتەوە لای خواو دەپاڕێتەوەو هاوارو پەنای بۆ دەبات. دڵی مرۆڤ هەردەم هەست بەوە دەکا، کە بەبێ خوا بێ تواناو هەژارە.ئەو هەستەش گەلێ ڕەسەنە، هیچ شتێك لەسەر ئەو زەمینە بۆشایی ئەو هەستە پڕ ناکاتەوە، تەنیا پەیوەندییەکی باش نەبێ بەخوا، کەبەخوا پەرستن دێتەدی، بەڵام زۆران لەنەتەوەی ئادەم لەسەر ئەو سروشتیەو لەسەر ئەوپەیمانەش هەر لایانداوەو لائەدەن، ڕێگای هەواو هەوەس‌و ئارەزوو دەگرن، دووردەکەونەوە لەخواپەرستی‌و بەرزیەتی‌و دڵنیایی‌و پاك‌و خاوێنی

ژیان.لەگەڵ ئەو کردەوانەش خوا وازی لێ نەهێناون هەر ناوە ناوە پێغەمبەرێکی بۆناردوون، تاکو پەیمانو سروشتیەتی خواپەرستیان بەبیربێننەوەو دوور بکەونەوەلەرەوشتی خراپو ستەمو زۆرداریو بێ دادیو ئاژاوەو کاول کردنو بەرباد کردن، لەدوای هەر پێغەمبەرێکیش بەماوەیەك دیسان روویان لەو بەرزیەتیە وەرگێراوەو وازیان لەرەوشتی باشو خوا پەرستی هێناوە. هەروەك خوا دەفەرموێ ﴿فَخَلَفَ مِن بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا الصَّلَاةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا﴾[1] واتە، دوای ئەوان نەوەکانیان وازیان لەخواپەرستیو نوێژ هێنا، کەوتنە دوای هەواو هەوەسو ئارەزوو، بۆیە تووشی خراپە دەبن، هەموو ملیان لەکوشتنو بڕینو دزیو جەردەیی نا، زۆرداران مەست بوون لەیەکتریان زەوت کرد. گەلانیش (هەروەك ئیمرۆکە) ترساونو سەریان بۆ دانەواندوونو بەقسەیان کردوون.

لەهەموو شتێك سەیرترو لەهەموو شتێك سووك تر بت پەرستی بوو. پەیکەرێك لەسەر وێنەی دروست کراوێکی سەر زەوی، مرۆڤ بەخۆی دروست بکاتو بکرێتە هاوبەشی خوای پەروەردگارو بیپەرستێ، یا مرۆڤێك کەخوای خۆی دروستی کردووە ئەوەندەی گەورە بکەنو بیپەرستن، یا بیکەن بەکوڕی خواو دەسەڵاتی خوای بدەنێ!!

هەرکاتێك مرۆڤ بیری لەراستی نەکردەوەو لێ نەکۆڵیەوە، کوێرانە بەرێگادا دەڕواتو ئەکەوتە دوای بیروباوەڕی سەیرو چەوتو خوارو لەسەری ئەمێنێتەوە تاکو خوا بەزەیی پێیان دادێت، پێغەمبەریانیان بۆ دەنێرێو ئاگاداریان دەکاتەوەو بەهۆشیان دێنێتەوە، بۆ ئەوەی بێنەوە سەر رێگەی راست. بەڵام ئەگەر هەر بەردەوام بوونو سووربوون لەسەر رێگەی خراپو بەقسەی پێغەمبەرانیان نەکردو خوا تووشی خراپەیان دەکاتو دەیانفەوتێنێ.

ڕۆیشتن لەسەر خراپە ئەنجامی هەر خراپەیە، خوا بەنموونە ناوی زۆر لەو گەلانەمان لەقورئان بۆ باس دەکات کە لەسەر بەدڕەوشتی مانەوە ئاسەواریان بڕاوە، وەك گەلەکەی حەزرەتی نوح بتیان دەپەرست، نوح پێغەمبەر (ﷺ) نۆ سەدو پەنجا ساڵ لەناویان مایەوە، ئامۆژگاری کردن داوای لێکردن بێنە سەر رێگای راستی، بەقسەیان نەکردوبەشێتوخەلفاویاندانەنا، بۆیە خوا هەمووی بەلافاو نقوم کردن. گەلەکەی لووت (لوط) پێغەمبەر زۆربەدڕەوشتو ستەمکاربوون، چەندی حەزرەتی (لوط)

---

(١) مريم: ٥٩.

هاواری کردنی‌و هەوڵی لەگەڵ دان بەقسەیان، کرد،تاکو خوا ژێر بەرەو ژووری کردن، هەروەها گەلی (میسر) سەریان بۆ فیرعەون شۆڕ کردبوو دەیان پەرست، چەندی حەزرەتی موسا بەڵگەو نیشانەی خوای پێشان دان بەقسەیان نەکرد، خوا لەگەڵ فیرعەون لەناو دەریا نقومی کردن. نەزانین‌و نەفام هیچ گەلێکی بەپاش نەداوەکەتووشی خراپەو دواکەوتن‌و ماڵ وێرانی نەکردبن‌و بیروباوەڕو ڕەوشت‌و ژیانی هەموو تێك نەدابن.

﴿ باوەڕو باری گەلان پێش هاتنی پێغەمبەر(ﷺ) ﴾

لەو کاتەی خوا پێغەمبەری هەنارد، چەندین ئایینی جیا جیاو بیروباوەڕی هەمەجۆر هەبوون، هەندێکی پاشماوەی ئاینەکانی ئاسمانی بوون، بەڵام هەموویان گۆڕدرابوون شێوەو مانا ڕەسەنەکەیان نەمابوو وایان لێ کردبوو گیانی راستی‌و دڵسۆزیان تێدا نەهێشتبوو. هەندێکیشیان ئەوەندە بێتام توند کرابوون وەك تۆقێك خستبوویانە مل خەڵکەوە، هەندێ ئاینیش خۆیان پەیدایان کردبوو. گەلانی جیهان وا پاشگەز ببوونەوە، داوای پێغەمبەرانیان هەموو خستبووە پشتگوێیان، چەندین خوای دروستکراویان دەپەرست. هەبوو ڕۆژی دەپەرست هەبوومانگ‌و ئەستێرەی دەپەرست، وەك گەلەکەی نەمرودو سوبیەکان.

فارسەکان‌و ئەوانەی لەژێر فەرمان‌و دەسەڵاتی ئەوان بوون، لەو کاتە ئاگریان دەپەرست‌و خانوویان بۆ دروست دەکرد، یا چاڵیان هەڵئەکەند ئاگریان تێدا دەکردەوە لەدەورەی دەسوڕان‌و لێی دەپاڕانەوەو منداڵیان بۆ دەکردنە قوربانی، پارەو ماڵیان بۆ تەرخان دەکرد، مجێوروکاربەدەستیان بۆ ڕادەگرت نەیاندەهێشت هیچ دەمێك بکوژێتەوە، بەڵام لەژیانیان هیچ پەیوەندیان بەهیچ یاسایەکەوە نەبوو بەئارەزووی خۆیان هەرچی حەزیان لێبایە دەیانکرد. نەتەوەیەکی تر هەبوو ئاویان ئەپەرست، چینێك لەوانە ئەسپیان ئەپەرست، چینێکیش گاجووت‌و مانگایان دەپەرست، تاکو ئێستاش بەشێکی زۆر لەهیندیەکان دەیپەرستن. میسریەکان گوڵکیان دەپەرست،. زۆرترین خەڵکی چین‌و هیند (براهمایان) دەپەرست. براهما کابرایەك بوو وەك ئەوان‌و ئێستاش دەیپەرستن. وا بیر ئەکەنەوە کەبراهما خوایەو هەرچی مرۆڤەیە هەمووی لە لەشی ئەو دروست بوون، ئەوجا ئەوەی لەسەری دروست بووە، برەهمیە

لەهەموان پایەبەرزترن، ئەوانەی لەئانیشکی دروست بوون سەربازەکانن، بازرگانو جوتیارەکانیش لەچۆکی دروست بوون ئەوانەی لەپێی دروست بوون خزمەتکاری براهمیەکانن، نابێ ماڵو سامانیان هەبێو نابێ بەهیچ جرێکیش لێیان هەڵبگەڕێنەوە، هەتاکوو بەقسەش نابێ قسەیان لەقسەدا بکەن پێویستە لەسەر هەڵە سزا بدرێن ئەگەر کوژراشن تۆڵەیان وەك تۆڵەی خوێنی سەگێكو یا پشیلەیەك، یا قەلە ڕەشێك وایە. دوای ئەوە ئاینی (بووزا) لەهیندو چین پەیدا بوو، بووزا کابرایەك بوو ئاینێکی دانا، باوەڕی بەخوا نەبوو کە کاروباری خەڵك هەڵدەسوڕێنێ، داوای لەخەڵك کرد کەدوورکەونەوە لەخۆشی ئەو دونیایە، هەروەها ویستی خەڵك دوور بکاتەوە لەئازاری بڕەهمیەکان[1]، دوای مردنیشی خەڵکەکە بوونە بت پەرست.

دوای ئەوە کۆنفوسیۆش[2] لەچین پەیدا بوو، ئەویش باوەڕی بەچەند خوایەك پەیدا بوو دوایی ویستی بیروباوەڕ نوێ بکاتەوە داوای لەخەڵك کرد ئاسمانو ئەستێرەو فریشتەکان بپەرستن. هەندێ نەتەوەش مرۆڤیان بەزیندوییو بەمردوویی دەپەرست[3]. هەندێکیش جنۆکەیان دەپەرست، هی تریش بتیان دەپەرست.

بت پەرستیش دەردێکی زۆر کۆن بوو لەسەردەمی نوح پێغەمبەر پەیدا بوو، بتێکی زۆریان هەبوو ناویان لێندرابوو، وەك (یەعوق)و (یەغوث)و (نەسر). وای لێهاتبوو زۆرانی تریش لەدانیشتوانی سەر ئەو زەویە شتێك سوودیان لێ وەربگرتبایە دەیانپەرست.

جوولەکەکانیش بەتەواوی بیروباوەڕی ئاینەکەیان گۆڕی بوو، تاکو ئێستاش عوزێر پێغەمبەر بەکوڕی خوا دادەنێن، بەئارەزووی خۆشیان شتی وایان لەئاینەکەیان زیاد کرد شتی واشیان بەپاڵ خوا دا، بەهیچ جۆرێك لێی ناوەشێتەوە (پەنا بەخوا) دەڵێن، خوا پەشیمان ئەبێتەوەو ئاگای لەشت نامێنێو ماندوو دەبێو زۆرەبانی دەگرێو سەردەکەوێو ژێر دەکەوێ لەگەڵ گەلێ شتی تریش، کە لەکتێبەکانی

---

١) السيرة النبوية، الشيخ ابي الحسن الندوي، لاپەڕە، ٢٦.

٢) السيرة النبوية- الشيخ ابي الحسن الندوي، لاپەڕی، ٢٦.

٣) بەڕێکەوت تووشی کابرایەکی حەبەشی بووم لێم پرسی گوتم ئێوە چ دەپەرستن؟ گوتی ئێمە هیلا سیلاسی پاشامان دەپەرست. گوتی ئێستا کەمردووە هەر دەیپەرستین!.

ئەسفاری قەدیمدا نوسراوە، زۆر ڕەوشتی تریشیان بەئارەزووی خۆیان داناوەو لەسەری دەڕۆن.

خۆشیان بەهەڵبژاردەی خوا دەزانن‌و بەهەشتیان کردۆتە تایبەت بەخۆیان، خۆیان لەهەموو گەلێك بەرزتر دەگرن، کردوویانە بەڕەوشت کە لەکاتی بێ دەسەلاتی سەر شۆڕ بکەن‌و لەکاتی دەست رۆیشتن لەستەم‌و خراپە نەگەڕێنەوە، درۆو دوو ڕوویی لەگەڵ خەڵك بکەن، شتێکی باشە لەلایان ماڵی خەڵکی بە بەلاش بخۆن، شەرمیشیان بەخۆ نیە هەر کاتێك تووشی بێ ئابڕوویی ببن.

مەسیحیەکانیش (گاورەکان) ئاینەکەیان شەپۆلی بت پەرستی کەوتە سەر، وایان دەست لەو ئایینە وەردا گیانیان تێدا نەهێشت. ئاینی مەسیحی ماوەیەکی کەم لەسەر ڕاستی مایەوە، دوایی دوو کەس توانیان بەتەواوی بیگۆڕن‌و تێکی بدەن. یەکەمیان (سانت پۆلس) بوو شتی وای بۆ زیاد کرد هێنایە ڕیزی بت پەرستی، دووەمیشیان (شاقوستەنتین) بوو، شای رومەکان، ئەو پیاوە قەشەو مەتران‌و پەتریقەکانی کۆکردەوە، داوای کرد ڕێبازی ئایینەکە بکەنە یەك، ئەوانیش گەیشتنە ئەوەی کەباوەڕیان بەخوا هەبێ‌و عیسا پێغەمبەریش بەکوڕی خوا دابنێن‌و دەسەلاتی خوایەتی پێ بدەن، واشیان دانا کەخوا ویستویەتی ئەو کوڕەی بکوژرێ‌و چوار میخەی بکێشن تاکو گوناهی خەڵك لەسەر زەوی بسترێتەوە، ئەوجا زیندوو بۆوەو چووە ئاسمان، لەهەمان کاتیش، مەتران‌و پەتریقەکان‌و کاردینالەکان‌و پاپایەکانیان کردە وەکیلی خوا، مافیان دایە خۆیان بەئارەزووی خۆیان حەڵاڵ حەرام بکەن حەرامیش حەڵاڵ بکەن. (هەروەك خوا لەقورئان باسی کردوە ئەفەرموێ ﴿اتَّخَذُواْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ ﴾[1] واتە. پاپایەکان‌و کاردینال‌و مەترانەکانیان لەجیاتی خوا کردە پێشەوا.

﴿ باری عەرەب لەنێو دوورگە، پێش هاتنی ئیسلام ﴾

عەرەبەکانیش لەنیوە دوورگەی عەرەبدا، لەگەلانی تری جیهان چاکتر نەبوون، ئەوانیش ڕوویان لەئاینی ئیراهیم پێغەمبەرو ئیسماعیل پێغەمبەر وەرگێڕابوو، کەوتبوونە بت پەرستی. هۆی ڕوو وەرگێڕانەکەش کلبرایەك بوو ناوی (عەمری کوڕی لحی بوو)، پیاوێك بوو دەوڵەمەندو بەدەسەلات،

(١) التوبة: ٣١.

هەموو دانیشتوانی مەککە سەریان بۆ شۆڕکردبوو. جارێك چوو بۆ شـام، چـاوی بەدانیـشتوان کـەوت، بتیان دەپەرست، پرسیاری لێکردن گوتی ئەوانە چین؟ گوتیان ئەوانە داوامان جێبەجێ دەکـەن و بارانمـان بۆ دەبارێنن. ئەویش بتێکی گەورەی هێنا بۆ مەککە، ناوی لێنا (هوبەل) لەکەعبەی دانـاو فەرمانیـدا هەموو کەس کڕنووشی بۆ ببات. لەو ڕۆژەوە بت پەرسـتنیان لـێ بـووە خـوو و ڕەوت، لەهـەموو نیـو دوورگە بت پەرستن پەرەی ستاند، وای لێهات هەموو ماڵێك بتێکی هـەبوو، پاراسـتن و خێـرو چـاکەی خۆیان لەو بتە داوا دەکرد، هەر کەسێك بیوستبایە بۆ هەر شوێنێك بـچێت، دەچـووە بـەردەم بتەکـەی دەستی پێدا ئەهێناو دەم و چاوو لەشی خۆی پێ ئەسڕیەوە لەگەڕانەوەشیان هەر وایان دەکرد.

لەپیاوێك ئەگێڕنەوە ناوی (ئەبو عەتارید) بووە. وتویەتی ئێمە لەپێش ئیسلام بت پەرست بـووین، هەرکاتێك بەردێکی لەبتەکەمان چاکترو جوانتر دەست بکەوتبایە ئەمانهێنایەوە ماڵەوە بتەکەمان فـڕێ ئەداو ئەومان لەجێی دادەنا! ئەگەر کەسێکیش بەردی باشی دەست نەکەوتبایە مستە خولێکی ئەهێنا مەڕێکی لەسەر دەدۆشی لەدەورەی کەعبەی دەگێڕاو دەیبردەوە ماڵەوە سەجدەی بۆ دەبرد. شتێکی زۆر سروشتیە هەر گەلێك خواپەرستی لەناو نەما، ڕەوشت و کردەوەشیان ئەبێتە بەڕەڵڵایی، ئەو عەرەبانەش ڕەوشتی وا خراپیان لەناو پەیدا بوو، یەك لەوانە جگەرگۆشەی خۆیان کچی عازەب و جوانیان دەکوشت، یا بەساوایی زیندە بەچاڵیان دەکرد، چونکە سەریان بۆ ڕەوشتی پڕوپوچی تیرەیی شۆڕ کردبوو شـەرمیان بەزاوایان بوو، پێیان شتێکی کەمی بوو، چینی هەژارەکەش لەبەر هەژاری کچەکانیان دەکوشت[1].

لایەنی ژیانی ئابووریش بەجارێك شێوا بوو، زۆربەی هەرەزۆری خەڵك کۆچـەربوون لەسـەر بـەخێو کردنی ماڵات ئەژیان، دانیشتوانی شارەکانیش بە بازرگـانی ئـەژیان، خەڵکـە هەژارەکـەش کەزۆربـەی خەڵك بوون لەژێر باری قەرزی دەوڵەمەندە کەپشتی چەما بۆوە. ریبـا خـواردن یاسـایەکی لـەباو بـوو، کاری پێ دەکرا، هەژاری بێ دەست مایەو بێ زەوی و بێ ماڵات ناچار بوون بەهەر مەرجێك بوایە پـارە لەدەوڵەمەند قەرز بکەن، دەوڵەمەندەکەش یەك بەچەندانە سوودی لێ وەرئەگرتن، کـەکاتی پارەدانـەوە دەهات هەژارەکە پێی نەئەدرایەوە، ئیتر سوودەکە زیادی دەکرد، قەرزادانەوەکەش دوا دەخرا، بەو حاڵە

---

(١) بت پەرست لەهەموو کاتێك و شوێنێك هەر بت پەرستە، لەکاتی نوسینی ئەو لاپەڕەیـە، وا ئـەبینم تەلـەفزیۆنی ئینگلیـزی نافرەتێکی هیندی پیشان ئەدات دوو کچی ساوای لەسەر حەسیر درێژ کردووەو ئەگرین، کابرای دەنگوباس خوێن ئەڵێ: دایکیان شیریان پێنادات تاکو بمرن، چونکە حەز ناکات کچی هەبێ.

ئەو پارەیە گەلێ زۆری زیاد دەکردو هەژارەکە لەژێری نەدەهاتە دەر. دەبوایە ببێتە دیلی کابرای دەوڵەمەندو دەیفرۆشت.

ژیانی کۆچەری ڕەشماڵ نشینیو هۆزایەتیش وای لەخەڵکی جەزیرە کردبوو، هەردەم لەجەنگو شەڕو شۆڕدا بوون، ئەویش لەسەر پووشو پاوانو ئاو، یا لەسەر شتی کەم گەلێ جار لەسەر سەگێك یا حوشترێك یا بزنێك یا مەڕێك بەشەڕ دەهاتن، بەچەندان کەسیان لێك ئەکوشتو چەند ساڵیشی ئەخایاند. بۆ نموونە کابرایەکی ناو (کولەیب) هەر بەهەوەس لەکاتی دۆشین، تیرێکی لەگوانی حوشترێکدا، هی ژنێك بوو ناوی (بەسوس) بوو، شیرو خوێن تێکەڵ بوو، شەڕ لەنێوان بەرەی بەکرو توغلوب هەڵگیرسا چەند ساڵی خایاندو بەسەدان ژن بێوەژن بوون، بەهەزاران منداڵ هەتیو بوون تۆڵەستاندنەوەش کارێکی گەورەی هەبوو لەسەر ژیانی خەڵك، هەر کاتێ هەلیان دەست بکەوتبایە بەسەریەکیاندا ئەدا، تۆڵەی شەڕی پێشویان دەکردەوە، گەلێك دەبوونە کوێلەو دەفرۆشان. خواردنەوەو قومارو بەدڕەوشتیش زۆر لەباوبوون، هەستیان بەخراپەی ئەو ڕەوشتانە نەدەکرد.

ئافرەت لەلایان، بەچاوێکی زۆر سووك تەماشا دەکرا، لەکەلوپەل گەلێ بێ نرختربوو، هەر پیاوە ماوەی هەبوو چەند ژنی بیویستبایە دەیهێنا، زۆر پیاوی وا هەبوو بیستو پێنج ژنی هەبوو. لەمیراتیش هیچ ژنێك بەشی نەدەدرا، ئەگەر تەلاقیش بدرابایەو یا مێردەکەی بمردبایە نەیاندەهێشت شوو بکاتەوە، هەر ژنێك مێردەکەی مردبایە، یەکێك لەمیرات گرانی مێردەکە، چ برای مێردەکەی بوایە، یا کوڕەکەی، پارچە جلکێکی دەخستە سەر سەری ژنەکە ئەو ژنە دەبووە هی ئەو کەسە، ئارەزووی بوایە مارەی دەکرد، یاخود لەماڵ دەیهێشتەوە.

ڕەگەز پەرستیو هەواو فیزو خۆ بەگەورە زانین وای لێ کردبوون، هەر هۆزەوە یا هەر تیرە خۆی لەویتر بەگەورەتر دائەناو بەچاوێکی سووك تەماشای ئەوی تری دەکرد، هەتاکوو دانیشتوانی گوندێك خۆیان لەدانیشتوانی گوندەکەی تر بەگەورەتر دادەنا.

جادووەتیو ئەستێرەگرەوە فاڵچیەتیو شیربازی لەباوبوو، بازاڕی جادوەکانو فاڵچیەکان زۆر گەرم بوو، کارێکی گەورەیان کرد بووە سەر ژیانی ئەو خەڵکە، چونکە زۆربەی هەرەزۆری میللەتەکە نەخوێندەواربوون، بەبیروباوەڕی بێ مێشکی (خرافی) زوو هەردەخەڵەتان (تاکو ئێستاش ئەو بیرو هۆشە لەلای هەندێ کەس هەر ماوە).

لەباری سیاسیشەوە زۆرترینی ناوچەکانی نیو دورگەی عەرەب، لای ڕۆژهەلاتو سەرووی ڕۆژهەلاتی لەژێر دەستی فارسو لای سەرووشی لەژێر دەستی رومو لای خوارووشی لەژێر دەستی حەبەشەبوو، تەنیا ناوەڕاستەکەی نەبێ ئەویش لەبەر وشکو بێ ئاویو دووری، دەستیان بەسەردا نەگرتبوو، ئەوانیش بەشێوەی کۆچەریو هۆزایەتی مابوونەوە. بەو شێوەیە عەرەب بەجارێك دواکەوتوو بوون، رەوشتێکی چاکیان نەبوو مەگەر کەمێك نەبێ وەك میوانداریو چاوتێریو ئازایەتیو پارێزگاری کردنی هەندێکیان لەهەژاری، بەلام لەشوێنی خۆی بەکاریان نەئەهێنا، چاوتێریەکەیان بەشێوەیەکی دەست بلاویو نەزان بەکاردەهێنا. ئازایەتیەکەشیان لەخراپەو ستەمکاری بەکاردەهێنا، میوانداریەکەشیان بۆ ناوبوو نەك بۆ خزمەتی خەلکە کەبێت.

ئا لەو کاتە خوا بەزەیی بەدانیشتوانی سەرزەوی دا هات، نوێکەرەوەی ئایینو بیروباوەڕ سەرچاوەی ژیانی بۆ ناردن تاکو لەو دەردەسەریەو ئەشکەنجەو دیلیو بەندیو سەرخۆشیە رزگاریان بکات. بۆ ناسینو زانینی ژیانی ئەو پێغەمبەرەش، دەبێ بگەرێینەوە بۆ سەرباسی ژیانی باپیرە گەورەی، کەحەزرەتی ئیبراهیم پێغەمبەرە.

﴿ ئیبراهیم پێغەمبەر (ﷺ) ﴾

ئیبراهیم پێغەمبەر (ﷺ) لەنەتەوەیەك بوو، بت پەرست بوون، مێژوونووسەکان ئەلێن لەبابل ژیاون، بەلام بەگوێرەی ئەو شوێنەوارانەی کە لەدەوروبەری شاری رانیە هەیەو ماون، ئەبێ لەناوچەی بیتوێن لەکوردستان ژیابن.

(ئازەر) مامی حەزرەتی ئبراهیم بوو، مامی بووە، بەناوی باوك ناوی هاتووە، دارتاش بوو بتی دروست دەکردو دەیفرۆشت. پاشایەکەشیان ناوی نەمرود بوو، لەسەر بت پەرستنی گەلەکەشیەوە داوای خوایەتی کرد، گەلەکەش هەروەکو هەموو کەلێکی ترسنۆك ملیان بۆ شۆر کردبوو.

ئیبراهیم پێغەمبەر (ﷺ) هەر بەلێکدانەوە، بیروباوەڕی بت پەرستی بەرەوشتێکی سووكو بێ نرخ دادەنا، دەیگوت بتێك کەئادەمیزاد بۆ خۆی لەدار دایتاشێو رێکی بخات چۆن دەبێ بیپەرستێ!.حەزرەتی ئیبراهیم (ﷺ) گەلێ جاران لەگەڵ باوكو خزمەکانی لێیان دەبووە دەمەتەقێ

دەیگوت ئەو پەیکەرانە چین ئێوە دەیان پەرستن، ئەوانیش دەیانگوت ئێمە باوك‌و باپیرانی خۆمان ئەوها دیوە بتیان پەرستووە، ئەویش پێی دەگوتن ئێوەو باووباپیرانتان لەتاریکین‌و نەزانن‌و ڕێگەتان بزرکردوە، گوتیان تۆ بەڕاستیتە یان گاڵتەمان لەگەڵ ئەکەی؟ گوتی من بەڕاستیمە، شەوانیش بەتەنیا بیری ئەکردەوەو تەماشای ئاسمانی دەکرد دڵی ڕووناك دەبوو. خوا بیروهۆشی ئەوەندە تیژو فرەوان کردبوو هەموو شتێکی شیّ دەکردەوە.

شەوێك لەگەڵ خزمەکانی دانیشتبوون ڕووی لەئاسمان کرد، گوتی ئێوە بت دەپەرستن، من وابزانم ئەو ئەستێرە ڕەوشەن‌و جوانەی وا دەدرەوشێتەوەو ئەو ئاسمانی ڕازاندەوەتەوە دەبێ ئەوە خوا بێ‌و کەلکی پەرستنی هەبێ، بەڵام کەئەستێرە ئاوابوو. گوتی شتێك ئاوابێ نابێتە خواو من شتی ئاوا بووم خۆش ناوێ. بۆ شەوی داهاتوو مانگی دیت، گوتی دەبێ ئەوە خوا بێ، کەئەویش ئاوابوو گوتی ئەگەر خوای من ڕێگەم پێشان نەدا، دەبمە یەك لەو کەسانەی ڕێیان بزرکردوە.

سەرلەبەیانی کەڕۆژهەڵات گوتی ئەخێر دەبێ ئەوە خوا بێت ئەوە لەهەموویان گەورەترە، کەئەویش ئاوابوو، گوتی نابێ خوا بزر ببێت، خوا ئەو خوایەیە کەئەو هەموو ئەستێرەو مانگ‌و ڕۆژو خەلکەی دروست کردووە، لەبەر ئەوە من بەشدار نیمە لەوەی ئێوە دەیپەرستن، هەروەك خوا لەقورئان دا باسی دەکات ئەفەرموێ، ئیبراهیم گوتی ﴿إِنِّي وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ حَنِيفًا وَمَا أَنَاْ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾[1] واتە، ڕووی خۆم کردە ئەوەی کەهەموو ئاسمانەکان‌و زەوی بەڕاستی دروست کردووە، من لەوانە نیمە کەهاوتا بۆ خوا پەیدا ئەکەن. ئیبراهیم پێغەمبەر دڵی بەڕۆشنایی خوا ڕۆناك بوو، کەوتە باوەڕێکی ڕاستەقینە بەخوا. زۆری دڵ بەباوکی دەسوتا دەیویست بیهێنێتە سەر ڕێگەی ڕاست هەروەك خوا لەقورئان باسی دەکات‌و دەفەرموێ ﴿إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ لِمَ تَعْبُدُ مَا لَا يَسْمَعُ وَلَا يُبْصِرُ وَلَا يُغْنِي عَنكَ شَيْئًا * يَا أَبَتِ إِنِّي قَدْ جَاءنِي مِنَ الْعِلْمِ مَا لَمْ يَأْتِكَ فَاتَّبِعْنِي أَهْدِكَ صِرَاطًا سَوِيًّا * يَا أَبَتِ لَا تَعْبُدِ الشَّيْطَانَ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلرَّحْمَنِ عَصِيًّا * يَا أَبَتِ إِنِّي أَخَافُ أَن يَمَسَّكَ عَذَابٌ مِّنَ الرَّحْمَن فَتَكُونَ لِلشَّيْطَانِ وَلِيًّا * قَالَ أَرَاغِبٌ أَنتَ عَنْ آلِهَتِي يَا إِبْراهِيمُ لَئِن لَّمْ تَنتَهِ لَأَرْجُمَنَّكَ وَاهْجُرْنِي مَلِيًّا * قَالَ سَلَامٌ عَلَيْكَ سَأَسْتَغْفِرُ لَكَ رَبِّي إِنَّهُ كَانَ بِي حَفِيًّا * وَأَعْتَزِلُكُمْ وَمَا

(١) الانعام: ٧٩.

تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ وَأَدْعُو رَبِّي عَسَى أَلَّا أَكُونَ بِدُعَاء رَبِّي شَقِيًّا﴾[1] واته، ئیبراهیم بەباوکی گوت ئەی باوکی، من بۆ چ شتێك دەپەرستی گوێی لەهیچ نیەو هیچ نابینیو چ بەکەلکیشت نایێ، ئەی باوکی خۆم، من زانینو ڕۆشنایی باوەڕم بۆ هاتووە تۆ لێی بێ ئاگایو بۆت نەهاتوە، وەرە بەقسەم بکە ڕێگەی ڕاستت پێشان ئەدەم، لەمە ترسی ئاگر ڕزگارت ئەبێ، ئەی باوکی خۆم من زۆر دەترسم دوای مردنت تووشی سزای خوا ببیتو ببێ بەهاوڕێی شەیتان (بەڵام لەسەر ئەو هەموو هەوڵەی کە لەگەڵ باوکیدا، بێ سوود بوو کەڵکی نەگرت). باوکی پێی گوت وا دیارە تۆ ڕقت لەخوایەکانم ئەبێتەوە، ئەگەر واز نەهێنی بەردبارانت دەکەم. ئەوجا لێم دوورکەوە لێرە مەمێنەو چیتر نەیەیتەوە بۆ لام. ئەویش زۆر بەڕێزوشەرمەوە پێت گوت، لەخۆتانو لەوەی ئیپەرستن دوورئەکەمەوە، لێشم مەترسە چ خراپەیەکم بۆ تۆ نابێو لەلای خواش بۆت ئەپاڕێمەوە. خوا لەگەڵ من زۆر بەسۆزە، ئومێدەوارم خوا تووشی خراپە نەکات).

خەڵکەکەش ئەو کاتە بتخانەیەکیان هەبوو، هەموو تەکانیان لێ کۆکردبۆوە، ڕۆژێك بەبۆنەی جەژن بۆ گێرانی ئاهەنگ چوونە دەرەوەی شار، تەنیا ئیبراهیم نەچوو، خۆی نەخۆش کرد. کە شار چۆڵ بوو، دەستی دایە بیورێكو چووە بتخانە، دیتی بتەکان هەمووی خواردنیان لەبەردەم داندراوە، پێی گوتن بۆ خواردنەکەتان ناخۆن؟ بۆ چ قسە ناکەن؟ وەڵام بدەنەوە.

ئینجا دەستی کرد بەشکاندنیان تاکوو هەمووی شەقو پەق کردن، تەنیا بتی گەورە نەبێو بیوەرەکەشی لەسەرشانی ئەو داناو بەجێی هێشتن. خەڵکەکە لەسەیرانو ئاهەنگەکە گەڕانەوە، بەڕەوشتی خۆیان چوونە بتخانە بۆ پاڕانەوە، دیتیان هەموو خوایەکانیان شەقو پەق کراون. زۆریان بیر لەو بەسەرهاتە کردەوە گەلێك تووڕەو خەفەتبار بوون، دوایی گەیشتنە ئەو باوەڕە گوتیان هەبێو نەبێ لاوێك هەیە ناوی ئیبراهیمە، گەلێ جار ناویان بەخراپە دێنی، هەر ئەو وای کردوە، گوتیان بچن بیهێنن با لەبەرچاوی خەڵك لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکەین، بەخێرایی چوون هێنایان لێیان پرسی تۆ وات لەو خوایانەمان کردوە؟ ئەویش گوتی لێیان بپرسن ئەگەر قسە ئەکەن بزانن کێ وای لێ کردوون، بەڵام وا بزانم بتە گەورەکەیان وای لێ کردوون، گوتیان ئەوە بێ گیانو جووڵەیە چۆن وا ئەکات؟ ئەویش گوتی

(١) مريم: ٤٢- ٤٨.

ئەی چۆن ئێوە شتێکی بێ گیانو بێ جوولە دەپەرستن؟ لەپێشا هەندێ ڕامانو بیریان کردەوە قسەکەیان پەسەند کرد، بەڵام دوایی هەڵگەڕانەوە. بەڵام ئەمرودی پاشان سەری بۆ حەقو ڕاستی دانەواند، وا تێدەگەیشت دەسەڵاتو پاشایەتی لەدەست ئەچێ، لەبەرئەوە لەگەڵ ئیبراهیم پێغەمبەر (ﷺ) کەوتە دەمەتەقێ، هەروەك خوا لەقورئان باسی دەکات ئەفەرموێ ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِي حَآجَّ إِبْرَاهِيمَ فِي رِبِّهِ أَنْ آتَاهُ اللّهُ الْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّيَ الَّذِي يُحْيِـي وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا أُحْيِـي وَأُمِيتُ قَالَ إِبْرَاهِيمُ فَإِنَّ اللّهَ يَأْتِي بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ الْمَغْرِبِ فَبُهِتَ الَّذِي كَفَرَ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾[1] واتە. ئایا باسی ئەمروودی بێ باوەڕت نەزانیوە کەدەمەتەقێی لەگەڵ ئیبراهیم کرد، ئەو ئەمروودەی کەخوا سامانو دەسەڵاتی پێدا، لەخۆی بایی بوو، داوای خوایەتی کرد. ئەمرود لەئیبراهیم پێغەمبەری پرسی خوای تۆ کێیە؟ ئیبراهیم (ﷺ) گوتی خوای من ئەو خوایەیە کەهەموو شتێکی دروست کردوەو دەژێنیو دەمرێنی ئەمرود گوتی منیش دەژێنمو دەمرێنم، (دوو پیاوی هێناو یەکیانی کوشتو ئەویتری بەردا، گوتی ئەوها دەژێنمو ئەوها دەمرێنم) ئیبراهیم پێغەمبەر گوتی خوای من ڕۆژ لەرۆژهەڵاتەوە دێنی بۆ ڕۆژئاوا، دەتۆ لەرۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی ببەو ڕێگەی هاتو چۆی پێ بگۆڕە. بەو قسەیە ئەمرود سەرسام بوو حەپەسا هیچ قسەی پێ نەکرا، میللەتێك ستەمکار بێ خوا ڕێگەی پیشان نادات.

بڕیاریان دا، گوتیان با پاڵپشتی خوایەکانمان بکەین، ئیبراهیم بەئاشکرا لەبەرچاوی خەڵك بسووتێنن. هەستان چاڵێکی گەورەو قووڵیان هەڵکەند، دارێکی زۆریان تێکرد، کردیانە کێشەیەکی زۆر گەورەو ئاگریان تێبەردا، کەئاگرەکە داگیرسا مەشخەڵی ئەوەندە بڵندبوو، دەنگی لرمەو گرمەو گڵپەی ماوەیەکی زۆر ئەڕۆیی کەس توانای نەبوو لێی نزیك بێتەوە، ناچار بەمەنجەنیقئیبراهیم پێغەمبەریان هاوێشتە ناوی[2]. خوا لەو کاتە فەرمانی بەئاگرەکەداو هێزی سوتاندنی پێ ڕاگرت، هەروەك لەقورئان

(١) بقرە: ٢٥٨.

(٢) ئەو شوێنەی کەئاگرەکەیان لێ کردەوە لەدۆڵێکە لەکێوی ماکۆك لەنزیك گوندی (سەروچاوە) لەقەزای ڕانیە لەکوردستان. چاڵێکی زۆر قووڵو فرەوانە پێی دەڵێن (دۆڵ ناران)، دانیشتوانی ئەو ناوچەیە دەڵێن لەباب‌و باپیرانەوە بیستوومانە کەکاتی خۆی ئاگریان لەناو ئەو چاڵە بۆ حەزرەتی ئیبراهیم کردووەتەوەو هاوێشتیانە ناوی. ئەو چاڵە تاکوو ئێستاش دەورویشتو ناوی گیاو درەختی لێ سەوز نابێ!.

ئەفەرموێ ﴿قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَامًا عَلَى إِبْرَاهِيمَ﴾[1] واتە: (وتمان ئەی ئاگر سارد بەو بێ زیان بە لەسەر ئیبراهیم). لەپاش ئەوەی ئاگرەکە داکەوت، ئیبراهیم پێغەمبەر هاتە دەرەوە، تۆزو خۆڵەمێشی لەسەر خۆی داتەکاند، ئە وخەڵکە بێ باوەڕانە سەرسام بوونو بەداماو سەرشۆڕی گەڕانەوە، ئەوجا ئیبراهیم بەخۆیو سارا خاتوونی خێزانیو (لوط)ی برازای وولاتەکەیان بەجێهێشت.

﴿ کۆچ کردنی ئیبراهیم پێغەمبەر بۆ شام ﴾

پاش ئەوەی خوا حەزرەتی ئیبراهیمی لەسووتان رزگار کرد، وڵاتەکەی بەجێهێشت، هەروەك بەسەرهاتی زۆربەی پێغەمبەران، خوا کۆچ کردنی بۆ دانابن. لەگەڵ سارا خاتوونی خێزانیو لوت (لوط)ی برازای ڕووی کردە شام، لەوێشەوە لەگەڵ سارا خاتوون چوو بۆ میسر.

پاشاکەی میسر پیاوێکی بت پەرستو بەدڕەوشت بوو، کەچوونە لای، (ئایا بردنیسان وەیا خۆیان چوونە لە لای)، کەچاوی بەسارا خاتون کەوت زۆر جوانی هاتە بەرچاو، لەحەزرەتی ئیبراهیمیی پرسی ئەوە چی تۆیە؟ ئەویش گوتی ئەوە خوشکمە. (دەڵێن بۆیە وای گوت، بەو هومێدە لێی زەوت نەکات، ئەگەر زەوتیشی بکات، ئەو جۆرە شورەییەی نەیەتە سەر کەبەهۆی زەوت کردنی ژن دێتە سەر پیاو). کەشەودا هات پاشاکە سارا خاتونی بردە لای خۆی بەڵام شپرزەییو ترسێکی زۆر بەتین پاشای داگرت نەیتوانی دەستی بۆ ببات. بەیانی بانگی حەزرەتی ئیبراهیمی کرد، زۆری پەشیمانی پیشان داو کەنیزەیەکی ڕەوشت باشو جوانیشی پێشکەش کرد، ناوی (هاجەرە) بوو حەزرەتی ئیبراهیم گەڕایەوە شامو پاش ماوەیەك کوڕێکی لەهاجەرە بوو ناوی لێنا ئیسماعیل. پاش چەند مانگێك فەرمانی خوای بۆ هات، هاجەرەو ئیسماعیلی بردە مەککە لەنێوان گردی سەفاو گردی مەڕوە لەنزیك شوێنی کەعبە کەپرۆکەیەکی بۆ کردنو هەندێ خورماو ئاوی بۆ دانانو بەجێی هێشتن. هاجەرە زۆر لەحەزرەتی ئیبراهیم پاڕایەوە بەجێیان نەهێڵێ، حەزرەتی ئیبراهیم گوتی ئەوە فەرمانی خوایە ئەبێ ئێوە لێرە بەجێ بێڵم، هاجەرەش گوتی کەواتە نافەوتێین.

---

(١) الانبیاء: ٦٩.

حەزرەتی ئیبراهیم لەبەر خوا بۆیان پاڕایەوە هەروەك خوا لەقورئان باسی کردوە دەفەرموێ، گوتی ﴿رَبَّنَا إِنِّي أَسْكَنتُ مِن ذُرِّيَّتِي بِوَادٍ غَيْرِ ذِي زَرْعٍ عِندَ بَيْتِكَ الْمُحَرَّمِ رَبَّنَا لِيُقِيمُواْ الصَّلاَةَ فَاجْعَلْ أَفْئِدَةً مِّنَ النَّاسِ تَهْوِي إِلَيْهِمْ وَارْزُقْهُم مِّنَ الثَّمَرَاتِ لَعَلَّهُمْ يَشْكُرُونَ﴾[1] واتە، ئەی خوایە من منداڵی خۆم لەدۆڵێکی بێ ئاوو بێ کردار لەلای ماڵی بەڕێزت (واتە کەعبە) جێگیر کرد، تاکو تۆ بپەرستن‌و نوێژ بکەن، خوایە تۆ وابکەی دڵی هەندێ کەسانیان بۆ نەرم بکەی یارمەتیان بدەن، خوایە میوەو خواردەمەنیان پێ بدەو بیانژێینە، ئومێد وایە سوپاسی چاکەت بکەن. ئەی خوایە تۆئاگاداری‌و ئەزانی بەوەی کەئەیشارینەوەو بەوەی دەردەبڕین، هیچ شتێك لە وزەویەو لەو ئاسمان لەخوا بزر نابێ‌و ناشاردرێتەوە.

هاجەرە بەتەنیا لەگەڵ کوڕەکەی لەو دۆڵە وشك‌و بێ ئاوو بێ داروبارو گەرمە رایبوارد، بەخورماو ئاو ژیاو شیری دایە کۆرپەکەی، دوای چەند ڕۆژان ئاوی لێ بڕاو هەراسان بوو، چارەی نەما کەوتە هەوڵ دانی، بزانی ئاو پەیدا بکات، دەنا مردنی خۆی‌و کۆرپەکەی چاوەڕوان ئەکات، چار نەما کۆرپەی بەجێهێشت‌و کەوتە گەڕان بەولاو بەولاداو بەخێرایی چووە سەر گردی (سەفا) بەچوار دەوریدا ڕوانی، بزانێ ڕێبوارێك، دارێك درەختێك تەیرێك نابینێ، هیچی نەدیت. لەتاوان بەخێرایی گەڕایەوە سەر کۆرپەکەی دیسان ڕاست بۆوە بەخێرایی ئەوجارە چووە سەرگردی (مەڕوە) لەوێش بەهەمان شێوەکەوتە ڕوانین بەولاو بەولادا، هیچی نەدیت دووبارەگەڕاوە سەر کۆرپەکەی، هەتاکوو حەوت جارەی تەواو کرد، چووە سەر ئەو گردو ئەو گرد، ئەگەڕایەوە سەر کۆرپەکەی، لەجاری حەوتەم گەڕایەوە سەر کۆرپەکەی دیتی ئاو لەژێر پاژنەی کوڕەکەی پەیدا بووە، لەخۆشیان‌و لەتاوان گوتی ئاوەکە کۆبەوە (یا ماء زمزم)، هەر بەخێرایی‌و بەگوڵمان کوندەکەی پڕ کرد، گۆمە ئاوێکیش کۆبۆوە.

پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێ ڕەحمەتی خوا لەهاجەرە بێت، ئەگەر نەیگوتبایە ئەی ئاو کۆبەوە، هەتاکو ڕۆژی قیامەت ئاوی لەبەر دەڕۆیی،[2] لەوکاتەش هەندێ تیرە لەدەوروبەری مەککە دەژیان پێیان دەگوتن (بەرەی جورهوم) هەندێك لەنزیك ئەو شوێنە بوون دیتیان باڵندە لەسەر ئەو شوێنە

---

١) ابرهيم، ٣٧.

٢) فقه السنة: ٦٣٤.

ئەسوڕێنەوە. گوتیان هەبێو نەبێ ئەو باڵندانە بۆنی ئاویان کردوە، قەتیشمان نەبیستوە ئاو لەو شوێنە هەبێو ئاوەدانیشی لێ هەبووبێ. هەڵسان یەك دوو کەسیان هەنارد، دیتیان ئافرەتێك بەکۆرپەیەکەوە لەسەر ئاوێك دانیشتوە. ماوەیان لێ خواستو هەندێ ئاویان بردەوە لای تیرەکەیان، ئەوانیش بێ راوەستان چوونە لای هاجەرەو لەگەڵی رێك کەوتن کەبچنە ئەوێو ئاویان بداتێ، بەمەرجێك ئاوەکە هەر لەژێر دەسەڵاتی خۆی بێت. هاجەرە لەو شوێنە لەگەڵی ژیا، حەزرەتی ئیبراهیمیش وازی لێ نەهێنان زوو زوو سەردانی دەکردن.

﴿ سەربڕینی ئیسماعیل "علیه السلام" ﴾

ئیسماعیل گەورە بوو، وای لێهات لەگەڵ باوکی هاتوچۆ بکاتو یارمەتی بداتو پشتی بگرێ، حەزرەتی ئیبراهیمیش (ﷺ) زۆری خۆش دەویستو زۆری دڵ پێوە بوو هەردەم لەبیرو بەرچاوی بوو، بەتایبەت کاتی خۆی لەخوا پاڕا بۆوە کوڕێکی بداتی. لەوکاتەی کەئیسماعیل لەناسکترینو جوانترین پلەی تەمەنی ئەژیا لەگەڵ باوکێکی پیرو دابڕاو لەکەسو کاری، خوا فەرمانی بەحەزرەتی ئیبراهیم دا، ئەو کوڕە نازدارەی سەر ببڕێ، هەروەکو لەقورئان باسی ئەکات ئەفەرموێ ﴿فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ السَّعْيَ قَالَ يَا بُنَيَّ إِنِّي أَرَى فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ فَانظُرْ مَاذَا تَرَى قَالَ يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ سَتَجِدُنِي إِن شَاء اللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ﴾[1] واتە، لەو کاتەو لەو هەڵوێستەی کەوای لێهات لەگەڵی بڕوات و یاریدەی بدات، لەخەودا بینی کوڕەکەی سەردەبڕێ، لەو خەونە تێگەیشت ئەوە دەست نیشانیکە

لە خوا، دەبێ کوڕەکەی بکاتە قوربانی، ئەویش لەجیاتی دەست بکات بەگریانو فرمێسك باراندن، یان بیکاتە شینو شەپۆڕو لەخۆدان، نەخێر بەلکو هیچ دڵی لەدڵ نەداو خەونەکەش فەرمانێکی ئاشکراو راستەوخۆ نەبوو، بەڵام ئەوەندە بەسە بۆ پیاوی پێگەیشتوو خواناس.

لەڕاستیشدا فەرمانەکە زۆر قورسو گران بوو، چونکە داوایەك نەبوو بۆ نموونە تاقە کوڕەکەی بنێرێتە جەنگو بەو ئومێدە بەلکە ناکوژرێو ئەگەڕێتەوە، داوایەکیش نەبوو بەکارێك هەڵبستێو

---

١) الصافات: ١٠٢.

بەتەمای مردنی نەبێ‌و پێی بمرێ، بەڵکو داوایەك بوو دەبێ خۆی پێی هەڵبستێ‌و سەری ببڕێ. ئەوجا لەسەر ئەو حاڵە زۆر بەڕەزامەندی‌و لەسەرەخۆی فەرمانەکەی وەرگرت. ئەبێ چۆنی جێبەجێ بکات؟ خۆ لەپڕ تاو ناداتە کوڕەکەی تا دەست نیشانی خوا جێبەجێ بکات‌و لەکۆڵی بکاتەوە. نەخێر زۆر بەشێنەیی بەکوڕەکەی گوت، هەروەکو کارێکی ئاسایی پێ بڵێ، بێ ئەوەی تۆبزی لێبکات، چونکە کاری زۆرداری‌و تۆبزی پاداشی نیە.

ئیسماعیلیش زۆر بەدڵنیایی‌و ملکەچی، بێ ئەوەی ئارمایی سەربڕین‌و مردن‌و بیشێوێنێ‌و بێ ئەوەی خۆشی بەهیچ بزانی، خوای کردە پشتیوان لەسەر ئەو فەرمانە. گوتی بابە گیان ئەو فەرمانەی پێت دراوە جێبەجێی بکە بەیارمەتی خوا خۆڕاگر ئەبم.

کە باوك‌و کوڕێك کەوتن. جارێکی تریش بەرزیەتی‌و گەورەیی‌و فەرمانبەری لەو هەڵوێستە دەرئەکەوێ، باوك چەقۆی دەست دایێ‌و کوڕەی لەسەردەم درێژ کرد، کوڕەش هیچ خۆی بانەداو بەدڵنیایی‌و بەبێ ترسان خۆی بەدەستەوەداو لەسەردەم درێژ بوو. هیچ لەگۆڕی نەما هەموو فەرمان جێبەجێ کران، تەنیا سەربڕین‌و خوێن ڕژان‌و گیان دەرچوون مایەوە، ئەوەش هیچ سەنگێکی نیە لەناو تەرازووی خوا، لەپاش ئەوەی هەردووکیان گیان‌و هەست‌و ئارەزوویان بەتەواوی هاوێشتە ناو ئەو تەرازووەی کەخوا ویستی. تاقی کردنەوە کەبەتەواوی جێبەجێ کرا مەبەستەکە هاتەدی، تەنیا ئازاری لەش خوێن رشتن‌و لاشەی سەربڕاو مایەوە. خواش نایەوێ بەتاقی کردنەوە ئازارو ئەشکەنجەی بەندەکانی خۆی بدات. لەش‌و خوێنی ئەوانی کار پێ نیە، ئەوان بەدڵسۆزی ئامادەبوون بۆ دەرمانی خوا، ئەمەش وا دەگەینێ تاقی کردنەوەکەیان حسەرکەوتوانە بڕی، ڕاستی‌و ڕاستگۆیی ئیبراهیم‌و ئیسماعیل لای خوا ئاشکرا بوو.

ئا لەوکاتە ئاسك‌و تەلەزگەیە، خوا بانگی کرد، هەروەك ئەفەرموێ ﴿وَنَادَيْنَاهُ أَنْ يَا إِبْرَاهِيمُ * قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ * إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ الْبَلَاءُ الْمُبِينُ وفديناه بذبح عظيم ﴾[1] واتە، ئەی ئیبراهیم خەونەکەت بەڕاستی جێبەجێ کرد، ئێمە پاداشت‌و چاکەی پیاوچاکان ئەدەینەوە بەو تاقی کردنەوانەی تووشیان دەبێ‌و خۆی بۆ ڕادەگرن‌و بەبێ سێ‌و دوو دەیکەن. خوا فەرمانی دا بەڕانێکیان

(١) الصافات:١٠٤- ١٠٧.

کردە قوربانی لەجیاتی ئیسماعیل) هەر بۆیەشە قوربانی کردنو قوربانی دان لەڕێگەی خوا هەرماوە.

ئەوجا بەهۆی بەجێهێنانی ئەو فەرمانە گرنگەو هەموو فەرمانەکانی تری خوا، ئیبراهیم بوو بەخۆشەویستی خوا، چونکە بەهیچ شتێکی ئەو دونیایە هەر نەخەڵەتاو لەخوا بێ ئاگا نەبوو، لەفەرمانەکانی درێغی نەکرد. هەروەکو خوا دەربارەی لەقورئان دەفەرموێ ﴿وَإِبْرَاهِيمَ الَّذِي وَفَّى﴾[1] واتە، ئیبراهیم هەموو فەرمانێکی بەجێ هێناو لەخوا بێ ئاگا نەبوو هەمووکاتێك خوای لەبەرچاو بوو، بۆیە خوا کردی بەخۆشەویستی خۆی.پاش ئەوتاقی کردنەوە گرانە حەزرەتی ئیبراهیم گەڕایەوە بۆ شام، بۆ بانگ کردنی خەڵك بۆ ڕێگەی ڕاستو بڵاوکردنەوەی ئاینی خوا.

ئیسماعیلیش گەورە بوو ژنی لەجورهومیەکان هێناو کەوتە هەوڵو خەباتی ژیانو نان پەیداکردن. جارێك باوکی هاتە سەردانی، بەڵام لەو کاتە ئیسماعیل لەماڵ نەبوو، ژنەکەی ئیسماعیل زۆر بەبێباکی ڕەفتاری لەگەڵ کرد، حەزرەتی ئیبراهیم لێی پرسی کوا ئیسماعیل؟ ئەویش بەڕوویێکی گرژ گوتی چووە شتێکمان بۆ پەیدا بکات بیخۆین، لێی پرسی گوزەرانتان چۆنە؟ ژنەکە گوتی گوزەرانمان زۆر خراپە، حەزرەتی ئیبراهیم پێی گوت کەئیسماعیل هاتەوە سەلامی پێ بگەینە، پێی بڵێ کۆسپەی دەرگەی حەوشەکەتان کەڵکی نیە با بیگۆڕێ. ئیسماعیل هاتەوە، ژنەکەی قسەکەی بۆ گێڕایەوە، گوتی کابرایەکی پیرهات، ئەوهاو ئەوهای گوت. ئەویش گوتی ئەوە باوکم بووە، فەرمانی داوە تۆ لەو ماڵە مەمێنەو بڕوە ماڵی باوکت. دوای ئەوە ئیسماعیل ژنێکی تری هێنا. پاش ماوەیەکی تر حەزرەتی ئیبراهیم هاتەوە سەردانیان، دیسان ئیسماعیل لەماڵ نەبوو ژنەکەی بەبێ ناسین بەڕوویێکی زۆر خۆشەوە بەپیریەوەچوو، بەخێرهاتنی کرد. حەزرەتی ئیبراهیم لێی پرسی کوا ئیسماعیل؟ ژنەکە گوتی چۆتە دەرەوە شتێکمان بۆ پەیدا بکاتو بیخۆین گوتی گوزەرانتان چۆنە؟ گوتی لەسایەی خواوە زۆرباشە، ئەویش دوعای بۆ کردن گوتی خوایە بەرەکەت بهاوێیە خواردنو گوزەرانیان، پێشی گوت ئەگەر مێردەکەت هاتەوە، سەلامی پێ بگەینەو پێی بڵێ، کۆسپەی دەرگەکەتان قایمە نەیگۆڕێ، ئەوجا گەڕایەوە بۆ شام.

کەئیسماعیل هاتەوە ماڵ بەژنەکەی گوت کەس نەهاتووە؟ ژنەکەی پێی گوت پیاوێکی پیری

---

(١) النجم: ٣٧.

بەسەنگو بەڕێزهات، سەلامی لێ دەکردی گوتی ئەگەر مێردەکەت هاتەوە پێی بلێ سەکۆی دەرگەکەتان قایمە نەیگۆڕی، ئیسماعیل گوتی ئەوە باوکم بووەو تۆی پەسند کردوە، فەرمانی داوە ئاگاداریت بکەم.

پاش چەند ماوەیەکی تر حەزرەتی ئیبراهیم هاتەوە لایان، لەوکاتە ئیسماعیل لەماڵ نەبوو لەبن دارێك لەنزیك بیری زەمزەم خەریك بوو تیری تیژ دەکرد، باوکی چووە لای، کەچاوی پێکەوت، پاش چاكو خۆشیەکی گەرم پێی گوت کوڕی خۆشەویستم خوا فەرمانی پێداوم خانوێك لەسەر ئەو بەرزاییە دروست بکەم، پەنجەی بۆ شوێنی ئێستای (کەعبە) درێژ کرد، لەوکاتی شوێنەکەی بەرزتر بوو لەچاو شوێنەکانی دەوروپشتی. فەرمووی یارمەتیم ئەدەی؟ ئیسماعیلیش گوتی بۆ هەموو یارمەتیو فەرمانێکت ئامادەم.

هەردووکیان دەستیان کرد بەدانانی بناغەکەی، ئیسماعیل بەردی دەهێناو حەزرەتی ئیبراهیمیش بناغەکەی دروست دەکرد، هەردووکیشیان دوعایان دەکرد، لەبەر خوا دەپاڕانەوە، خوا لەقورئان باسی ئەکات، دەفەرموێ ﴿وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَاهِيمُ الْقَوَاعِدَ مِنَ الْبَيْتِ وَإِسْمَاعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا إِنَّكَ أَنتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ * رَبَّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَا أُمَّةً مُّسْلِمَةً لَّكَ وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا وَتُبْ عَلَيْنَآ إِنَّكَ أَنتَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ * رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾[1] واتە، ئیبراهیمو ئیسماعیل بناغەی کەعبەیان بلند دەکرد، لەخوا دەپاڕانەوە دەیانگوت ئەی خوای ئێمە ئەو کردەوەیەمان لێ قەبوول بکەی، هەر بەخۆت ئاگادارو زانای بەهەموو شتێكو بەهەموو کردەوان، خوایە لەو کەسانەمان بژمێری کە بەگوێرەی فەرمانت پەیڕەو دەکەنو موسوڵمانن، هەروەها وا بکەی نەوەکانیشمان ئەوها بن، خوایە یاساو پەیڕەوی خۆتمان پیشان بدە، یاسای حەجمان پێشان بدە، خوایە بەزەییت پێماندا بێتەوە لەگوناهمان خۆش بیت، لێمان ببوورە، هەرتۆ خاوەن بەزەییو لێبوردەی، ئەی خوایە، پێغەمبەرێکیان بۆ بنێرە فەرمانو بەڵگەکانی تۆیان فێر بکاتو قورئانیان فێر بکات، لەکردەوەی خراپە پاکیان بکاتەوە، هەر خۆت خاوەن دەسەڵاتیو هەر خۆت لەکاران دەزانی، چی چاك نەبێتو بۆ ئادەمیزاد دەست نەدا فەرمانی لەسەر

---

(١) البقرە : ١٢٧-١٢٩.

نادەی.

خوا داواکانی حەزرەتی ئیبراهیمی قەبووڵ کرد، پاش چەندین چەرخ حەزرەتی موحەمەدی بۆ هەناردن (بۆیە هەمووجار پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو من بەدوعای ئیبراهیمی باپیرم هاتوومە) ئیتر باوك‌و کوڕ کاریان تێدا کرد، تاکوو دیوار بڵند بوو، حەزرەتی ئیبراهیم بەئیسماعیل، گوت بەردێکم بۆ بێنە لەسەری رابوەستم، تاکو دەستم بگاتە دیوارەکە، ئیسماعیلیش چەند بەردێکی بۆ هێنا کەڵکی نەبوو، تاکوو ئەو بەردە ڕەشەی ئێستاکە لەکەعبە گیراوە، دۆزیەوە بۆی هێنا، ئەوجا حەزرەتی ئیبراهیم دەچووە سەری لەدەورەی دیوارەکەی دەگێڕا تاکوو تەواوی کردو سەریان گرت.

﴿ پیرۆزی کەعبەو بەرزیەتی ئیبراهیم پێغەمبەر "علیه السلام" ﴾

حەزرەتی ئیبراهیم ئەو خانوەی بەفەرمانی خوا دروست کرد، یەکەم جاریش نەبوو ئەو خانوەلەوێ‌دروست کرابێ پێش حەزرەتی ئیبراهیمیش هەر هەبووەو دووبارە لەهەمان شوێن دروستی کردەوە، خوا ڕێزی لەکەعبە نا کە لەقورئان) دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ بَوَّأْنَا لِإِبْرَاهِيمَ مَكَانَ الْبَيْتِ أَن لَّا تُشْرِكْ بِي شَيْئًا وَطَهِّرْ بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْقَائِمِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ * وَأَذِّن فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَى كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ * لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّامٍ مَّعْلُومَاتٍ عَلَى مَا رَزَقَهُم مِّن بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْبَائِسَ الْفَقِيرَ * ثُمَّ لْيَقْضُوا تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُوا نُذُورَهُمْ وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ﴾[1] واتە، ئێمە شوێنی کەعبەمان بۆ ئیبراهیم دەست نیشان کرد، کەبەناوی ئێمە دروستی بکا بەناوی کەسی تر نەبێت. هاوتار هاویەش بۆ ئێمە پەیدا مەکە، هەروەها ئەو ماڵە بەپاکی ڕابگرە بۆ ئەوانەی نوێژی لێ دەکەن‌و حەج دەکەن‌و دەپاڕێنەوە. خوا فەرمانی بەحەزرەتی ئیبراهیم دا کەبانگی خەڵك بکات بێن حەج لەو کەعبەیە بکەن، لەدەوری بسوڕێن‌و لەخوا بپاڕێنەوە، بەگوێرەی توانایان چ بەپێیان‌و چ بەسواری ووڵاغ‌و حوشتر لەهەموو لایەکەوە ڕووی تێ دەکەن. کەعبە بووە نموونەی یەکیەتی موسوڵمانان. لەعەبدوڵڵای کوڕی عەبباس لەپێغەمبەر

(١) الحج: ٢٦-٢٩.

(ﷺ) دەگێڕنەوە کەحەزرەتی ئیبراهیم چووە سەر کێوی (ئەبو قوبەیسە)و گوتی، ئەی خوایە من چ بڵێم، خوا فەرمووی بڵێ ﴿لبیك اللهم لبیك﴾. ئەم وشەیە یەکەم جار لەزاری حەزرەتی ئیبراهیم دەرچووە. حەزرەتی ئیبراهیم بانگی کردو گوتی خەڵکینە خوا فەرمانی داوە پێم پێتان رابگەیەنم، وەرن بۆ حەج.

ئەوانەی کەبۆ حەج دەچن گەلێ سوودیان پێ دەبڕێ، لەسەرەوەی هەموو سوودێك سوودی خوا پەرستییە، کە لەگوناهان پاك دەبنەوە لەهەمان کاتیش کۆبوونەوەیەکی گشتی موسوڵمانانە، لەهەموو کەناری ئەو زەویە دێن، چاویان بەیەکتری دەکەوێو یەکتری دەناسنو پێویستی یەکتری دەزانن، هەروەها کەعبە بوو بەشوێنێکی بازرگانی زۆر گرنگ.

حەزرەتی ئیبراهیم (ﷺ) هەموو فەرمانێکی خوای بەدڵخۆشو دڵسۆزی بەجێهێنا، بۆیە بوو بەخۆشەویستی خواو بەهۆی کردەوەکانیشی شایستەی ئەوەی پەیدا کرد کەخوا دەست نیشانی بکاتو بیکاتە پێشەوای خەڵك، بۆیە خوا پێی فەرمووی ﴿إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا﴾[1] واتە: تۆ دەکەمە پێشەوای خەڵك.

حەزرەتی ئیبراهیمیش بەئارەزوە سروشتیەکەی هەروەکو هەموو ئادەمیزادێك حەز دەکات کوڕو نەوەکانی لەپاش خۆی بەخۆشی بژینو لەسەر چاکە بڕۆن، خێرا داوای کرد نەوەکانی هەر پێشەوابن، وەك خوا دەفەرموێ ﴿قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِي﴾[2] خوا وەلامی دایەوە فەرمووی ﴿قَالَ لاَ يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ﴾[3] واتە: ئەوانەی ستەمکارن بەڵێنی من نایانگرێتەوەو وەری ناگرن. ئەوانەی ستەم لەخۆیان دەکەنو ڕێگای چەوتو خوار دەگرنو ئەوانەی ستەم لەخەڵك دەکەنو ماڵیان ئەدزنو ئەخۆنو زەوت ئەکەنو دەست درێژی ئەکەنو لەسنووری خوا لائەدەن، ئەوانە نابنە پێشەواو بۆ پێشەوایەتی دەست نادەن، چونکە خزمایەتی بەخوێنو پشت نابێتە هۆی ئەوە پێشەوایەتی بۆ کەس بێنێتەوە، ڕەگەزو خوێنو گۆشت نابێتە بەڵگەو پەیوەندی بۆ پێشەوایەتیو سەرداریەتی، بەڵکو پێشڕەوی تەنیا بەبیروباوەڕو کردەوەیە، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ ﴿العلماء ورثة الانبياء﴾واتە، زانایانی

(١) البقرة: ١٢٤.
(٢) البقرة: ١٢٤.
(٣) البقرة: ١٢٤.

ئیسلام میرات گری پێغەمبەرانن. نەیفەرمووە خزمانی من میراتگری منن. ئەوەی ڕێگەی پێغەمبەران دەگری ئەو میرات گرە بۆ پێغەمبەران، نەك ئەوانەی بەخزمایەتی خوێن دەیانگەنێ. هەر کەسێکی پەیڕەوی ئەو ئاینە بکات لەهەر هۆزێکبێت‌و لەهەر شوێنێك بێت‌و لەهەر کاتێك بێت، ئەو گەلێك لەپێشترە بۆ پێغەمبەران لەوانەی بەپشت‌و ژن دەیگەنەوە، یەکێکی وەك سەلمانی فارسی پیاوێکی فارس بوو بەخزمایەتی نەدەگەیشتە پێغەمبەر، کەچی پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (سلمان منا آل البيت)[1] واتە سەلمان لەئێمەیە چونکە ئاین ئایینی خوایە، لەنێوان خواو ئادەمیزاد چ خزمایەتی‌و خوێن‌و پشت نیە. بۆیە ئەوانەی لەنەوەی حەزرەتی ئیبراهیم بوونە پێغەمبەر، هەمووی هەڵبژاردە بوون‌و لەبەر ڕەوشت باشی‌و خواناسینیان بوو، ئەوانەی لەسەر ڕێگای ڕاست‌و خواناسین نەڕۆیشتن، بەکافری مردن‌و ڕۆیشتن‌و هیچ خزمایەتیەك دادی نەدان، هەرچەندی پێغەمبەرانیش بۆیان پاڕانەوە چ کەڵکی نەبوو، یەکێکی وەك حەزرەتی‌نوح لەخوا پاڕایەوە لەکوڕەکەی خۆش بێت خوا ئاگاداری کردو پێی گوت: ﴿إِنَّهُ عَمَلٌ غَيْرُ صَالِحٍ فَلاَ تَسْأَلْنِ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنِّي أَعِظُكَ أَن تَكُونَ مِنَ الْجَاهِلِينَ﴾[2] واتە: ئەو کوڕەی تۆ لەکەسی تۆ نیە، ئاگادارت دەکەم خۆت بێنێتە ریزی نەزانان).

خوا لەسەر داوای حەزرەتی ئیبراهیم هەموو پێغەمبەرەکانی (ﷺ) لەکوڕو نەوە چاکەکانی ئەو بۆ خەڵك هەنارد، وەك ئیسماعیل‌و ئیسحاق‌و یەعقوب‌و یوسف‌و موساو عیساو موحەممەد.

حەزرەتی ئیسماعیل دوازدە کوڕی هەبوو، ئەو دوازدە کوڕەش نەوەی زۆریان لێ بەپاش کەوت، ئەوانەش هۆزو تیرەی جیاجیایان لێ پەیدا بوو سەرکردایەتی عەرەبەکانیان هەر لەدەست بوون سەرپەرشتی کەعبەو ئاوی زەمزەمیان هەر لەدەست بووە، خزمەتی حاجیەکانیان دەکرد. لەهەموو هۆزەکان بەناوبانگتر هۆزی قورەیش بوو، کاتی خۆی ئەو هۆزە پەرت‌و بڵاوبوون، تاکوو سەرۆکێکیان لێ پەیدا بوو ناوی (قوسەی کوڕی کیلاب) بوو. ئەو پیاوە بەدڵسۆزی خۆی توانی هەموویان لەمەککە کۆبکاتەوە، کەعبەشی هاوێشتە ژێر دەستی خۆی، پاش ئەوەی کەماوەی چەند سەد ساڵێك کەعبە لەدەست هۆزی خوزاعە بوو، لەدوای خۆشی کەعبە هەر لەژێر دەستی نەوەکانی مایەوە، تاکوو گەیشتە

(١) السيرة النبوية.
(٢) هود : ٤٦.

دەست عەبدولموتەلیب. ئەویش پیاوێکی زۆر ئازاو تێگەیشتو بوو، کەس نەیتوانیوە قسەی لەقسەی دا بکات‌و بەرامبەری رابوەستێ، هەموو کەس گوێی لەقسەی راگرتووە، هەموو کارێك بەبیرورای ئەو رۆیشتووە.

﴿ هەڵکەندنی بیری زەمزەم ﴾

لەمەو پێش باسمان کرد، بیری زەمزەم چۆن پەیدابوو، بەڵام جۆر هومیەکان کەدەستیان کرد بەستەمکاری لەو کەسانەی کەدەهاتنە مەککە، لەبەرئەوە بەرەی بەکر هێرشیان هێنایە سەر جورهومیەکان، پاش شەڕێکی بەتێن لەمەککە دەریان.کردن. بەڵام پێش دەرچوونیان (عەمری کوڕی موزازی جورهومی) سەرۆکی جورهومیەکان ئەو بیرەی پڕ کردەوەو شوێنەکەشی بزربوو، دوای سەدان ساڵیش عەرەبەکان بەپەرۆشەوە ئەو باسەیان دەگێڕایەوە، نەشیان دەزانی شوێنەکەی لەکوێندەربووە، تاکوو دەری بدەنەوە، عەبدولمەتولیبیش گەلێك لەوان بەپەرۆشتر بوو.

ئیمامی عەلی دەگێڕێتەوە دەڵێ عەبدولموتەلیب گوتی، رۆژێك لەکەعبە خەوتبووم، لەو خەوەدا یەکێك بانگی کردم، گوتی طیبە (لەهەموو شتی چاکتر) هەڵکەنە، لەگەڵ ئەو قسەیە رۆیشت‌و بزربوو. بۆ بەیانی لەهەمان شوێن خەوتمەوە هەر هەمان کەس هاتەوە پێی گوتم (برە) هەڵکەنە، گوتم بورە چیە؟ وەڵامی نەدایەوە دیسان رۆیشت. بۆ بەیانی ئەو خەونەم بۆ چەند پیاوان گێڕایەوە، گوتیان شوێنەکەی بۆ دیار نەکردی؟ گوتم نەخێر، گوتیان چاوەڕوان بکە ئەوجارە شوێنەکەشت پی ئەڵێ، بۆ رۆژی دوایی کە لەهەمان شوێن خەوتمەوە هاتەوە خەونم، پێی گوتم زەمزەم هەڵکەنە گوتم زەمزەم چیە؟ گوتی ئاوی نابڕێ‌و حەجاجی پی ئاو ئەدەی، شوێنەکەشی لەو جێگایەیە بەیانی قەلەرەش دەندوکی لێ ئەدات.

عەبدولموتەلیب گوتی ئەوجا تەواو باوەڕم هێنا دەستم دایە خاکەناس لەگەڵ (حاریس)ی کوڕم (ئەوکات هەر ئەو کوڕەی هەبوو) دەستمان کرد بەهەڵکەندنی شوێنەکە لەنێوان گردی سەفاو گردی مەروە، ئەو دوو گردەش هەریەکە بتێکی گەورەیان لەسەر بوو یەکیان ناوی (نایلە) بوو ئەویتری ناوی (ئەساف) بوو. قورەیشیەکان گوتیان نابێ زەوی لەنێوان ئەو دوو خوایەمان هەڵکەنی، بەڵام

عەبدولموتەلیب دەڵێ گوێم نەدانێ‌و بەحاریسی کوڕم گوت پشتم بگرە بەو خوایە واز لەو فەرمانە نـاینم تاکوو جێبەجێی نەکەم.

قورەیشیەکانیش کەزانیان ڕشتم لەسـەر ئـەو کردەوەیـە وازیـان لـێ هێنـام. کاتێـك لەهەلکەنـدن گەیشتینە تەڕایەتی هاوارم کرد (الله اکبر) قورەیشیەکان زانیـان گەیـشتمە ئـاو، لـێم ڕاسـت بوونـەوە گوتیان ئەوە بیری ئیسماعیلی باپیرە گەورەمانە، دەبێ ئێمەش لەو ئاوە لەگەڵت بەشداربین. منیش گوتم ئەمە شتێکە تایبەتە بەمن. لەخەو پێم دراوە، گوتیان کەڵك ناگرێ‌و ئێمە وازت لێ نایەنین. منیش گوتم با یەکێك دابنێن لەو کێشەیە لەنێوانمان فەرمان بدات، گوتیان با بـچینە لای زانایـەکی هـۆزی بـەرەی (سەعدی کوڕی هەزیم)، لەسنووری شام. نوێنەرانی هەموو هۆزەکان لەگـەڵم هـاتن‌و کەوتینـە ڕێگـای بیابان. کاتەکەشی زۆر گەرما بوو کاری تێکردین‌و کەوتینە پەرێشانی. بیرمان کـردەوە کەهـەر بـڕۆین لەو وڵاتە بێ ئاوە دەفەوتێنین دوایی بڕیارمان دا کەچیتر نـەڕۆین، هەریەکـە لەشـوێن خـۆی قۆرتێـك لێبدات‌و دابنیشێ چاوەنواری مردن بکەین هەر کامێکیان مـرد ئـەوانیتر بیـشارنەوە، تـاکوو یـەکێك دەمێنێتەوە لەو گۆڕە بەبێ شاردنەوە، لەجیاتی ئەوەی کەهەمووماں لەو گۆڕە بێنینەوە.

ئیتر هەریەکە قۆرتەکەمان لێداو دانیشتین. عەبدولموتەلیب گوتی بیرم کردەوە گوتم ئێمە بەدەسـتی خۆمان تووشی‌مردن کرد، ئاوەالله باشتر وایە تاکو هێزمان تێدایە با بڕۆین بەلکەدەگەینە شوێنێك ئاوی هەبێ، لەکاتی ئەو قسانە ئاو لەقۆرتەکەی من پەیدابوو، هاوارم کرد (الله اکبر) هەموو لێم کۆبوونەوەو ئاویان خواردەوەو کوندەکانیان پڕ کرد. ئەوجا هەموو لێم کۆبوونەوەگوتیان ئەوەی لەو شوێنە وشك‌و بێ ئاوە ئەو ئاوەیدا بەتۆ هەر ئەویش بیری زەمزەمی داوە بەتۆ، کێشەت لەگەڵ ناکەین، بیری زەمـزەم بـا بۆ تۆ بـێ. بـەو جـۆرە گەڕاینـەوەو بیرەکـەم بەتـەواوی هەلکەنـدو ئـاوێکی چـاکی لـێ پەیـدا بـوو. عەبدولموتەلیب حەجاجی پێ ئاو دەدا، لەدوای خۆشی ئەبو تالیب سەرپەرشتی کرد، بـەڵام لەبەردەسـت کورتی‌و زۆر خێزانی بیرەکەی دایە عەباسی برای. پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی ئاوی زەمزەم فەرموویەتی (طعام طعم وشفاء سقم)[1] واتە، ئاوی زەمزەم خواردنە بۆ برسیەتی، دەرمانە بۆ نەخۆشی.

(١) السیرة ابن کثیر ١/٨٧ لە صحیحی مسلم دەگێڕێتەوە.

﴿ سەربڕینی عەبدوڵلا ﴾

لەو ڕۆژەوە عەبدولموتەلیب لەسەر هەڵکەندنی بیری زەمـزەم لەگـەڵ قورەیـشیەکان کێـشەکەی لـێ پەیدا بوو، خۆی بەبێکەس هاتە بەرچاو چونکە هەر حاریسی هەبوو. لەبەرئەوە لەخۆی نەزر کرد، گوتی ئەگە رخوا دە کوڕم بداتێ یەکیان لەڕێی خوا سەردەبڕمو ئەیکەمە قوربانی خوا وای کرد عەبدولموتەلیب دە کوڕی بوون ئەوانەش ناویان (حارسو زوبێـرو حیجـلو زرارو موقـەویمو ئـەبو لەهـەبو عـەبباسو هەمزەو ئەبو تالیبو عەبدوڵلا) بوو.

ڕۆژێك کۆی کردنەوە، پێیگووتن، کەنەزری کردووە یەکیان سەربڕێو ئـەبێ جـێ بەجێـشی بکـا، چونکە ئەو پەیمانەی لەگەڵ خوا کردووە. کوڕەکـان مـل کـەچ بـوونو بـۆ قـسەکەی سـەریان دانەوانـد پێیانگوت چ دەڵێی تاکو وا بکەین، گوتی هەریەکە ناوی خۆی بنووسێو بیخاتە ناو پـەرداخێك. دوای ئەوە ڕۆیشتن بۆ لای بتی گەورەیان (هوبەل) ڕاوەسـتان، تیروپـشك (قرعـە) یـان لـێ هاوێـشت، نـاوی عەبدوڵلا دەرچوو بۆ سەربڕین ئەو کوڕەشی لەهەموان بچوکتر بـوو لەهەمووشیانی خۆشـتر دەویـست. بەناچاری هەر لەوێ بردی سەری ببڕێ، ئەو قورەیـشیانەی کـە لـەوێ بـوون لێـی ڕاپـەڕین. گوتیـان چ دەکەی؟ گوتی نەزرم کردووە سەری دەبڕم. گوتیان نابێ ئەوە بکـەی چـونکە دوایـی دەبێتـە ڕەوشـتو هەرکەسە دێتو کوڕێکی خۆی سەردەبڕیو ئەوکاتە ژیان تاڵ دەبێ. لەهەمان کـاتیش کوڕەکـانی تـری یەخەگیری بوون. هەتاکو دەڵێن عەبدوڵلای درێژ کرد عەباس تاوی دایێ لەژێر دەستی دەرهێنا.

عەبدولموتەلیب چارەی نەما گوتی چ بکەین ئەو نەزرەم لەسەر لابکەوێ؟ قورەیشیەکان پێیان گوت بچۆ بۆ لای (سەجاح)ی کتێب گرەوە لەخەیبەر بزانە دەڵـێ چـی بەقـسەی بکـە. هەڵـسان چـوونە لای سەجاح، ئەویش لێی پرسین گوتی تۆڵەی خوێنی کوژراوێك لای ئێوە چەندە؟ گوتیان دە حوشترە، گـوتی دە حوشتر لەگەڵ ناوی عەبدوڵلا تیرو پشك لێ باوێن، ئەگەر ناوی عەبدوڵلا دەرچوو دە حوشتری تر زیاد بکەنو تیرو پشکی لێ بهاوێن تاکوو حوشتر دەرئەچێ.

دووبارە گەڕانەوە لای (هوبەل) تیروپشکیان هاوێشت، تاکو چەند جاران هەر ناوی عەبدوڵلا دەرچوو، تاکو ژمارەی حوشتران گەیشتە سەد حوشتر، ئەوجا ناوی حوشتر دەرچوو، عەبدولموتەلیب زۆر سوپاسـی

خوای کرد، هەڵسا سەد حوشتری سەربڕی و گۆشتەکەی بەشیەوە، بەو شێوەیە عەبدوڵڵا لەسەر بڕین ڕزگاری بوو. بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (انا إبن الذبيحين)[1] واتە، من کوڕی دوو سەر بڕاوانم، یەکیان ئیسماعیلی باپیرە گەورەی، ئەوەی تریش عەبدوڵڵای باوکی.

﴿ ژن هێنانی عەبدوڵلا ﴾

هەروەك دەگێڕنەوە عەبدوڵڵا لاوێکی زۆر جوان و شۆخ و شەنگ و کەڵەگەت بووە، دەم و چاوێکی خشت و جوانی هەبووە، هەرکەسێك چاوی پێکەوتووە خۆشی ویستووە، زۆر لەئافرەتان داوایان لێ ئەکرد شووی پێ بکەن، زۆر لەپیاوانیش ویستویانە بیکەنە زاوای خۆیان، یەك لەو ئافرەتانە (ڕەقیقە)ی خوشکی وەرەقەی کوڕی نوفەل بوو. ئەو ڕۆژەی کە لەسەر بڕین ڕزگاری بوو، ئافرەتێك ناوی (فاتیمەی کچی موری خوسعەمی) بووە، کاتی خۆی ببوو بەجوولەکە خوێندەوارو زانا بوو تووشی عەبدوڵڵا بوو، داوای لێکرد گوتی ئێستا بمخوازە سەد حوشترت ئەدەمێ. عەبدوڵڵاش گوتی ئێستا لەگەڵ باوکمم ناتوانم چ بڵێم. ئەو کاتیش هەروەك ئاشکرایە باوك دەوری زۆر بوو لەسەر ژن هێنانی کوڕەکەی.

عەبدولموتەلیب هەر ئەو ڕۆژە عەبدوڵڵای لەگەڵ خۆی برد بۆ ماڵی (وەهەبی کوڕی عەبدی مەناف)ی سەرۆکی بەرەی زوهرە، ئامینەی داخوازی کردو پێی دراو مارەیان کردو گواستیەوە.

دوایی عەبدوڵڵا تووشی (فاتیمەی مووری) هاتەوەو پێی گوت، ئەگەر لەسەر قسەکەی پێشووت ماوی من ئامادەم. فاتیمە پێی گوت، ئەو جوانیەی کەدوێنێ لە ڕوخسارم دیتی ئێستاکە نایبینم، لەبەرئەوە باسی ئەو شتە مەکە.

عەبدوڵڵا ماوەی دوو مانگ لەگەڵ ئامینە مایەوە، لەو ماوەیە منداڵێکیان کەوتە ڕێگا. دوای ئەو دوو مانگە عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵای لەگەڵ کاروانێکی قورەیشیان بۆ بازرگانی ناردە شام. بەڵام لەگەڕانەوە، عەبدوڵڵا نەخۆش کەوت و ناچار بوو لای دایە ماڵی خاڵۆانەکانی لەبەرەی (نەججار) لەمەدینە. لەوێ کەوتە سەر جێگا زۆری نەبرد کۆچی دوایی کرد. کاروان گەڕایەوە مەککە عەبدوڵڵای

---

(١) تەفسیری ابن کثیر ٤/١٨.

لەگەڵ نەبوو. عەبدولموتەلیب زۆر هەراسان بوو، لەبەرئەوە حاریسی کوڕی بەدوادا هەنارد تاکوو هەواڵی راستی بۆ بهێنێتەوە، حارسیش بەتەواوی پێکـەوتو گەڕایـەوە، بەسـەرهاتو شـێوەی کۆچـی دوایـی عەبدوڵڵای بەباوکی گوت. عەبدولموتەلیبو کوڕەکانی لەناو عەبدوڵڵای نێوجـەوان زۆر پەرێـشان بـوون کەتازە ژنی هێنابوو، کۆرپەیەکیشی بەڕێگاوە بوو، هەڵبەتە لەهەمووان پەرێشان تر ئامینـەی خێزانـی بوو.

بەڵام وەك هەموو ئافرەتێك ئەگەر چاوەڕوانی منداڵێك بكات، فەرامۆشی دێتو ئومێـد بـەدوارۆژ پەیدا دەكات، هەروەها دایكو باوكی جوانە مەرگەكـەش سـێبووریەكیان دێـت. بـەڵام ئـەو كۆرپەیـە جیاوازیەكی زۆری هەبوو لەچاو كۆرپەیەكی تر، لەخواش بەولاوە كەس نەیدەزانی ئەو منداڵە كـوڕە یـا كچە یاخود چ پایەیێكی ئەبێت، ئەگەرچی زۆر بەڵگەو نیشانەش هەبوو كـە لـەو سـاڵە پێغەمبـەرێك لەدایك دەبێو دەبێتە دوا پێغەمبەری سەر ئەو زەمینە، ئـەو پێغەمبـەرەش ئـەو منداڵـە بـوو لـەناو زگیﷺ ئامینەی كچی وەهەبدا بوو.

﴿ساڵی لەدایك بوونی پێغەمبەر (ﷺ)﴾

گـەورەترین رووداو لەسـاڵی لـەدایك بـوونی پێغەمبـەر، هێرشـەكەی ئەبرەهـەی حەبەشـی بـووە كەلەیەمەنەوە بەرەو مەككە هات، بۆ ئەوەی كەعبە كاول بكات. ئەبرەهە پیاوێكی حەبەشی مەسیحی بوو لەلایەن پاشای حەبەشەوە كرابووە شای یەمەن.

ئەو كابرایە زۆر حەسوودی بەپیرۆزی كەعبـەو بازرگانیـەتی مەككـە دەبـرد، ویـستی ئـەو پایـەو بازرگانیەتیە رابكێشێ بۆ یەمەنو دەسەڵاتو گەورەیناوچەی حیجازیش بخاتە ژێر دەستی خۆی.

بۆ ئەو مەبەستەش هەڵستا كەنیسەیەكی لەشاری (سەنعا) پایتـەختی یەمـەن دروسـت كـرد. زۆر بەجوانی رازاندیەوە فەرمانیدا دەبێ هەموو دانیشتوانی دورگەی عەرەب بـچنە ئـەو كەنیـسەیە حـەج بكەن، بەڵام زانی هەتاكوو كەعبە مابێ كەس ناچێ بۆ شوێنێكی تر حەج بكات، لەبەرئەوە لەشكرێكی زۆر گەورەو بەهێزی رێك خستو بەسواری فیلو ولاغ لەیەمەنەوە بەرەو مەككـە كەوتنـە رێگـا. هـەر

هێزێك هاتە پێشیان خۆی لەبەر ڕانەگرت، تاكو گەیشتە تایف، لەوێ دانیشتوانو سەرۆكەكان بەپیریەوە چوون، پێیان گوت: تۆ ڕێگات هەڵنەكردوە كەعبە لێرە نیە، ئەوەی ئێرە بتخانەی ئێمەیە. هەڵسان پیاوێكیان لەگەڵ نارد ناوی (ئەبورە غاڵ) بوو تاكو ڕێگای پێشان بدات. ئەبورەغال لەگەڵ ئەبرەهە ڕۆیشتن تاكو گەیشتنە شوێنێك لەنێوان تایفو مەككە پێی دەڵێن (موغەممەس)، لەوێ جێگیربوون. ئەبرەهە یەكێك لەفەرماندەكانی بەلەشكرێكەوە هەنارد، ئاژەڵو ماڵاتی مەككەو دەوروبەریان هەموو كۆكردەوەو بردیان (سەد حوشتری عەبدولموتەلیبی لەگەڵ بوو). دانیشتوانی مەككە لەسەرەتادا بڕیاریان دا بچن شەڕی لەگەڵ بكەن، بەڵام كەبیریان كردەوە تێگەیشتن دەرەوەستی ئەو هەموو لەشكرە نایەن، ئیتر وازیان هێنا.

ئەبرەها پیاوێكی ناردە مەككە ڕایسپارد كەبەگەورەی مەككە بڵێ، ئێمە بۆ شەڕو خوێن ڕشتن نەهاتووین، بەڵكو بۆ كاول كردنی كەعبە هاتووین، ئەگەر ئەوانیش شەڕیان ناوێ با گەورەكەیان بێت.

عەبدولموتەلیبیش هەستا چوو بۆ لای. كەئەبرەهە چاوی پێكەوت زۆری ڕێزلێناو بەخێرهاتنی كردو پێی گوت، چ داوایەكت هەیە پێم بڵێ بۆتی جێبەجێ بكەم. ئەویش گوتی ئەو ماڵاتەی بردووتە پێمان بدەوە، ئەبرەهە زۆر سەیری بەقسەكەی هاتو پێی گوت (كەچاوم پێت كەوت زۆرم لەلا بەڕێز بووی، كەچی تۆ ئێستا داوای ماڵات دەكەیو واز لەكەعبە دێنێ، گوتی (أنا رب الابل وإن لهذا البيت رباً يحميه) واتە، من خاوەنی حوشترم، ئەو ماڵە خاوەنی خۆی هەیە دەیپارێزێ.

(ئەمەش وا دەگەیەنێ كەعەبدولموتەلیبیش باوەڕی بەتوانای تەواوی خوا هەبوو، هەڕەشەی لەئەبرەهە كردو پێی گوت تۆ هاتووی شەڕ لەگەڵ خوا بكەی.

ئەبرەهە گوتی چۆنی دەیپارێزێ؟ عەبدولموتەلیب گوتی دوایی ئەبینی. خوا ویستی تۆی باوەڕ بەهۆی عەبدولموتەلیب لەناو دڵی عەرەب بچێنێ، تاكوو بزانن هەر خوا خاوەنیانە.

عەبدولموتەلیب گەڕایەوە مەككە بەدانیشتوانی گوت لەمەككە بچنە دەرەوە بۆ ناو كێوەكان، خۆشی چوو بۆ كەعبە، ئاڵقەكەی گرتە دەستو گوتی: ئەی خوایە بەندەكانیتۆ ماڵاتەكەی خۆیان پاراست، تۆش ماڵەكەی خۆت بپارێزە، ئێمە توانای ئەو لەشكرەمان نیە، تۆ ئەوەندە بەتوانای (سەلیبیەكان) دەسەڵاتیان بەسەر تۆدا ناشكێ. ئەو ماڵە قیبلەی ئێمەیەو فەرمانیش هەر فەرمانی تۆیە.

ئەبرەهەش بەلەشکرەکەوە ڕووی کردە مەککە ویستی بۆ لای کەعبە بڕوات، بەڵام بەفەرمانی ئەو خوایە فیلەکان جەنەیان گرت و چۆکیان دادا، هەرچەندی لەگەڵیان کردن بەلێدان و نەبەخۆشی نەڕۆیشتن. ئەبرەهە چارەی نەما بەخۆ بەلەشکرەوە ماوەیەك لەدەوری مەککە مایەوە.

لەوماوەیە خوا کۆمەڵە باڵندەیەکی هەنارده سەریان، گڕی ڕەقیان لەدەمی بەردەبۆوە لەو لەشکرەوە ئەبرەهە دەکەوت و لەشیان زامدار دەبوو، تووشی نەخۆشی ئەبوون، ناشزاندرێ چ جۆرە نەخۆشیەك بوو هەرکەسە بەخەیاڵ نەخۆشیەکیان و دائەنێ.

ئەبرە هەو لەشکرەکەی نەیانتوانی خۆیان ڕابگرن بەناچاری گەڕانەوە. زۆربەی هەرەزۆریان لەڕێگا مردن، ئەوانی تریش لەگەل ئەبرەهە گەیشتنەوە (سەنعا) لەوێ ئەبرەهە بەو نەخۆشیە کەوتە سەر جێگاو مرد هەروەها خوا ویستی کە ئەو ڕووداوە ببێتە بیرەوەریەك، هەمووجار پێغەمبەر (ﷺ) بەبیر قورەیشیەکانی بێنێتەوەو بزانن تواناییان بەسەر ئەو خوایەدا نیە بۆیە سورەتی فیلی بۆ ناردن. کەئەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ * أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ * وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ * تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ * فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍ﴾[1] واتە: نەتزانیوە خوا چی بەخاوەن فیلەکان کرد، پیلانەکانی تێك داو کۆمەڵێکی باڵندە نارده سەریان کەستەکی ڕەقیان لەدەندوك بەرئەدانەوە سەر وەك کای خوراوی لێ کردن. واتە: (ماڵات کە کای خوارد کایەکە ورد ئەکات دوایی دێتەوە دەر چەند ورد ئەبێ و با دەیبا). بەو شێوەیە خوا بەپیرۆزی هاتنی ئەو منداڵە کەموحەمەد بوو کەعبەی پاراست، بەبێ ئەوەی دانیشتوانی مەککە لەسەر ئەو بت پەرستیەش هیچ زیانێکیان لێ بکەوێ، خوا نەیویست بەدەستی دوژمنایەتی بت پەرست ماڵی خۆی بپارێزێ، وای کرد کەبت پەرست لێیان ئاشکرا ببێ کەخوا پەکی لەسەر ئەوان نەکەوتووەئەگەر ئەوانیش هەڵاتن خوا ماڵەکەی خۆی لەدەست دوژمنانی تر پاراست.

بەو ڕووداوە گرنگە پایەی مەککەو کەعبە لەلای عەرەبەکان زۆر بەرز بووە، شوێنی بازرگانیشی گەلێك گرنگتربوو، شارێکی وەك مەککە لەو شوێنە بێ ئاوو بێ داروبارە لەهەموو ڕاستان خەڵك ڕووی تێ دەکرد ڕێزی قورەیشیەکانیش لەلای دانیشتوانی نیو دوورگەی عەرەب زۆر زیادی کرد، هەر لەبەر

---

(١) سورة الفيل: (١-٥).

خاتری کەعبە بوو کەسالّی بەهەزاران کەس ڕووی دەکردە مەککە بۆ بەجێهێنانی حەج و ڕێزگرتنی بتەکانیان.

قورەیشیەکان بەتایبەت بازرگانەکان بەو هۆیەوە زۆر دەوڵەمەند بوون و کەوتنە خۆشی، ملیان لەڕابواردن و خواردنەوە نا، شەوان لەدەوری کەعبە کۆدەبوونەوە، لەدەوری دەسووڕان و کڕنووشیان بۆ بتەکان دەبرد، بێ ئەوەی بیر بکەنەوە کەئەو بتانە چ جوو لەو هەستیان لێوە نەهات بەرامبەر ئەبرەهەو لەشکرەکەی!.

﴿ لەدایك بوونی پێغەمبەر (ﷺ) ﴾

هەروەکوو ئاشکرایە، بەڵگەو نیشانەیەکی زۆر هەبوو کە لەو ساڵە ڕووداوێکی گرنگ و بەناوبانگ ڕووئەدا هەتا هەتایە کاریگەر ئەبێت. ئەویش لەدایك بوونی دوا پێغەمبەر. بەڵگەو نیشانەکانیش ئەمانە بوون. لە(حەسسانی کوڕی سابیت) دەگێڕنەوە دەڵێ، من منداڵێکی حەوت ساڵان بووم لەقسە دەگەیشتم. بەیانییەك لەمەدینە جوولەکەیەك هاواری کرد، گوتی ئەی گەلی جوولەکە، ئەوانیش هاتنە لای گوتیان چ بووە؟ گوتی ئیمشەو ئەستێرەی ئەحمەد دەرچوو کەئەو شەوەیە پێی لەدایك دەبی و ئێمە دەیزانین[1].

لەعەبدولرەحمانی کوڕی سەعید دەگێڕنەوە کەئەویش لەباوکی دەگێڕێتەوە دەڵێ لەگەڵ چەند کەسانێك دانیشتبووین، (یوشەع) زانایەکی جوولەکە بوو، هاتە لامان گوتی هاتنی پێغەمبەرێك نزیك بووە، پێی دەڵێن ئەحمەد. (خەلیفەی کوڕی سەعلەب) بەگاڵتەوە پێی گوت نیشانەی چیە؟ یوشەع گوتی پیاوێك دەبێ نە کورتەو نە درێژ، بێ هەواو فیزە، بەسواری گوێ درێژ دەگەڕێ، شمشێرەکەی لەسەرشانە، خەڵکی مەککە دەری دەکەن.

عەبدولرەحمانی دەڵێ گەڕامەوە ماڵ ئەو قسەیەم گێڕایەوە، گوتیان هەر ئەو وانالێ هەموو

---

(١) ابن کثیر السیرة ١/١٠٦.

جوولەکەی مەدینە وا دەڵێن[1]. لەزەیدی کوڕی عەمری کوڕی نوفەل دەگێڕنەوە، دەڵێ (موبەزان) زانایەکی جوولەکە بوو لەشام پێی گوتم بڕۆ بگەڕێوە لەوڵاتی تۆ پێغەمبەرێك پەیدا دەبێ، ئەوکاتی هات باوەڕی پێ بێنە.

هەمووجارێش کەقورەیشیەکان ستەمیان لەجوولەکەکان دەکرد، دەیانگوت راوەستن پێغەمبەرێك لێرە پەیدا دەبێ، بەسەر هەمووتاندا زاڵ ئەبێت. لەکتێبی (هاتف الجان) لە(مەخزومی کوڕی هانی) دەگێڕنەوە، ئەویش لەباوکی دەگێڕێتەوە دەڵێ ئەو شەوەی پێغەمبەر لەدایك بوو تاقی کیسرا لەرزی‌و دوازدە سواندەی بەربۆوە، ئاگری فارس کەهەزار ساڵ بوو دەسووتا کوژایەوە، گۆمی (ساوا) کە لەئەردەن بوو وشك بوو[2]. لەهوشامی کوڕی عورو دەگێڕنەوە، کەئەویش لەباوکیەوە بۆ خاتو عائیشەی خێزانی پێغەمبەری گێڕاوەتەوە دەڵێ: جوولەکەیەك لەمەککە هەبوو بازرگانی دەکرد، ئەو شەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لەدایك بوو لەگەڵ هەندێ قورەیشیان دانیشتبووین، گوتی قورەیشیەکان کەس لەئێوە ئیمشەو منداڵیان نەبووە؟ گوتیان نازانین، گوتی دیارە ئێوە ئاگادارنین، ئیمشەو پێغەمبەری ئەو میللەتە هاتوتە دونیا لەناو شانی خاڵێك هەیە پڕ مووە وەك بژی ماین، دوو شەوان هیچ ناخوا.

دەڵێ دانیشتوانی مەککە سەرسام بوون، هەر کەسە چۆوە ماڵەوە ئەو قسەیەی بۆ ژنەکەی خۆی گێڕایەوە گوتیان بەڵێ خێزانی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولموتەلیب ئیمشەو منداڵێکی بووە، بەیانی بەجوولەکەکەیان گوتەوە، ئەویش گوتی خێراکەن بچینە لای. کەپیشانیان دا هۆشی لەخۆی نەما، لێیان پرسی بۆ وات لێهات، گوتی پێغەمبەرایەتی لەدەست ئێمە نەما هەر لەرۆژهەڵاتەوە تا رۆژئاوا ناودار ئەبێت[3].

(لەشوعەیبی کوڕی شوعەیب) دەگێڕنەوە ئەویش لەباوکی دەگێڕێتەوە دەڵێ لەسەر رێگای (زەهران)، راهیبێك هەبوو ناوی (عیصا)بوو خەڵکی شام بوو، زۆر زاناو تێگەیشتوو بوو، هەموو ساڵ دەچووە مەککە بەخەڵکەکەی دەگوت کاتی هاتووەو هێندەی نەماوە کوڕێك لەو شارە پەیدا دەبێت، دانیشتوانی مەککە سەری بۆ دادەنوێنن‌و وڵاتی فارسی دەکەوێتە دەست. هەر کەسێ پێی گەیشت با

---

(١) إبن كثير السيرة ١/١٠٧.

(٢) هـ. س.

(٣) هـ.س.

باوەڕی پێ بێنێ بەئاوات دەگا. هەرکەسێ باوەڕی پێ نەهێنێ رەنجەڕو ئەبێ[1]. لەڕاستیشدا هەموو نیشانەو وێچووەکانی پێغەمبەرایەتی‌و کاتی لەدایك بوونی‌و هاتنی لەکتێبەکانی جوولەکەکان نووسرابوو، هەندێ لەجوولەکەکان بۆ خەڵکیان دەرئەخست. بەڵام دوایی کەبووەپێغەمبەر، جوولەکەکان لەبەر حەسوودی‌و لەدەست چوونی دەسەڵات ئەو قسەیان شاردەوە.

لەئامینەی دایکی پێغەمبەر دەگێڕنەوە دەڵێ، لەو ماوەی ئەو کۆرپەمم لەزگدا بوو هەستم بەهیچ جۆرە ئازارێك نەکردووە. لەوکاتی کەبوو رۆشناییەك هاتە بەرچاوم هەموو وڵاتی ڕوناك کرد.

ئەو کۆرپەیە بەگوێرەی هەموو باوەڕپێکراوان لەڕۆژی دووشەممە لەدایك بووە، بەڵام ئەو مانگەی کەتێیدا لەدایك بووە، زانایان لەسەری رێك نەکەوتوون‌و زۆرترینیان دەڵێن لەڕۆژی دوازدەمینی مانگی (ربیع الاول) بووە. لەکاتی لەدایك بوونی پێغەمبەر (ﷺ) هەموو ژن‌و پیاوانی بەرەی عەبدولموتەلیب‌و هاشیم بەپەرۆشەوە چاوەنواڕی بوون، هەموویان ئومێدەواربوون ئامینە کوڕێکی ببێت‌و شوێنەواری عەبدوڵڵا پڕ بکاتەوە، ژنانی بەرەی عەبدولموتەلیب هەموویان لەهات‌و چۆدابوون‌و لەدەورو تەنیشتی ئامینە دانیشتبوون، هەریەکە چاوەنوار بوو ئامینە داوایەك بکات بەخێرایی هەڵبستێ‌و بیکات، هەر داوایەکی دەیکرد لەباتی ژنێك چوار ژن ڕادەپەڕین‌و لەبەر دەستی ڕادەوەستان خۆ ژنە کوێلەو کارەکەرانی بەرەی ماڵی عەبدولموتەلیب هەموویان لەئاگر گەرمتر بوون بۆ هاتنی ئەو کۆرپەیە.

عەبدولموتەلیب‌و کوڕەکانی هەمووی گوێ کورگوێ کوڕ بوون، ها ئێستا نائێستا، مزگێنیان بۆ دی، مامانەکە ناوی (شیفا) بوو، پووری پێغەمبەر بوو دایکی عەبدورەحمانی کوڕی عەوف بوو، بەئەوپەڕی دڵسۆزیەوە سەرپەرشتی ئامینەی دەکرد[2] دەڵێ کاتێك خوا ئەو کوڕەیدا دەستەکانی‌خستە سەر زەوی‌و سەری بەرز کردەوە بۆ ئاسمان، بەسونەت کراوی‌و ناوك بڕاوی بوو.

(شیفا) دەڵێ ئەوە شەوەمان ئەوەندە روونـاك بوو، دەتگوت ئەستێرەو مانگ هاتنە ژوورە کەرۆناکیان کرد. لەناو ژنان بوو بەخۆشی هەراو هەڵڵا، کارەکەرەکەی ئەبولەهەب ناوی سووەیبە (ثویبة) بوو، بەغاردان چوو مزگێنێ دایە ئەبولەهەب، ئەویش لەخۆشیان ئازادی کرد ·ئەوەش مانای

---

(١) هـ .س. پ.

(٢) ج پێویستی بەشەق بوونی دیوار نەبوو، ژنی باڵابەرزی لێ بێتە دەرو مامانی بۆ بکەن!!

ئەوەی‌گەیاند، کەئەو کوڕە ئازادکەری‌کوێلەو دیلە) عەبدولموتەلیبی باپیریشی لەخۆشیان گەلێك سوپاسی خوای کرد، بنەماڵەکەیان هەموو گەشانەوەو کۆچی عەبدوڵلا لەسەر یان سووك بوو. ئەو منداڵە لەکاتی بوونی سێ ڕۆژان نەساغ بوو هیچی نەخوارد، دوایی یەکەم دڵۆپە شیری چووە ناو هەناوی، شیری ئافرەتێکی کۆیلە بوو ناوی (بەڕەکە) بوو. ئەمەش وای گەیاند کە کەس لەهیچ کەس گەورەتر نیە چ کۆیلە بێ‌و چ ئازاد بێت چ سەردار بێ‌و چ بەندبێ.

ئەوجا عەبدولموتەلیب زۆر بەخۆشیەوە مەلۆتکەی لەباوەش کردو بردیەکەعبە، ناوی لێنا موحەممەد (محمد) کەسیش ئەو ناوەی لێ نەندرابوو. خەڵکەکە پرسیان بۆچی ئەو ناوەت لێنا؟ گوتی ئومێدەوارم ئەو کوڕەی من پایەکی گەورەی ببێت‌و لەزەوی‌و ئاسمان سوپاس بکرێت، ئەوجا هێنایەوە ماڵ سوورەیبە شیری دایێ تاکوو بەدایەنیان دا.

دایەنی پێغەمبەر (ﷺ)

لەوکاتی پێغەمبەر لەدایك بوو، ڕەوشتی قورەیشیان وابوو، کەمنداڵیان بەدایەن ئەدا هۆزەکانی دەوروبەری مەککە، بەتایبەتی ئەو هۆزانەی کەناویان لەبەخێو کردنی منداڵ بەچاکی دەرکردبوو، وەك بەرەی سەعدی. مەبەستیش ئەوەبوو منداڵ دوورکەوێتەوە لەنەخۆشی‌و هەوای پیسی ناو شارو هەوای پاکی بیابان وەربگری‌و لەشی بەتێن بێ‌و بەرگەی نەخۆشی بگرێت‌و فێری زوبانی عەرەبی ڕەسەن بێت.

لە(عەبدوڵلای کوڕی جەعفەری کوڕی ئەبو تالیب) دەگێڕدرێتەوە[1] دەڵێ (حليمة السعدية) گوتی ئەو ساڵەی کەپێغەمبەر لەدایك بوو، ساڵێکی زۆر نەهات‌و قڕی بوو، زۆر هەژارو دەست کورت بووین، هەر بەئاوات بووین باران بباری لەبرسیەتی دەربازبین. منو (حاریسی کوڕی عەبدولعوزا)ی مێردم بەسواری کەرێکی شینو حوشترێك، دڵۆپێك شیری لەگوان نەبوو، لەگەڵ کوڕە ساوایەکەم لەگەڵ ژنانی بەرەی سەعدی بەرەو مەککە کەوتینە ڕێگا. گەلێ جاران لەبەر تەمبەڵی کەرەکەم دوا دەکەوتین. بەهەر حاڵ گەیشتینە مەککە، لەماڵان کەوتینە گەڕان، هەرکەسە ئەیەویست منداڵێك پەیدا بکات، کەماڵی

(١) ابن كثير السيرة ١٢/١ ئەویش لەابن اسحاقی دەگێڕێتەوە.

ئامینەیان پیشان ئەداین هەموویان دەڕۆیشتین، چونکە کوڕەکە بێ باوك بوو وازمان لێ دەهێنا، دەمانگوت خێرو چاکە لەباوکی منداڵە، دایکی منداڵ چی لەدەست دێت.

حەلیمە دەڵێ هەموو ژنەکان هەریەکە منداڵێکیان پەیدا کرد، هەر من نەبێ منیش تەمام وابوو بگەڕێمەوە، دوایی بەمێردەکەم گوت زۆرم پێناخۆشە لەناو ژنان خۆم بەکەم دێتە بەرچاو من بەبێ منداڵ بگەڕێمەوە، جا بۆیە دەچم ئەو منداڵە بێ باوکە دێنم ئەویش گوتی دەبچۆ بیهێنە، بەڵکە خوا دەکا خێرێکمان پێ دەگات. ئینجا چووم هێنام، بەڵام سوێند بەو خوایە ئەگەر منداڵی ترم دەست بکەوتبایە، ئەو منداڵەم نەدەهێنا، حەلیمە دەڵێ کە وەرم گرت و خستمە بەردەمم و کەوتمە دوای کاروان و گەیشتمەوە ژنەکان و لەبەر مەمکم درێژ کرد هەر دوو مەمکم پڕ بوو لەشیر، دەستی کرد بەشیر خواردن لەگەڵ کوڕەکەم هەریەکە لا مەمکێکیان گرتبوو هەردووك تێریان خوارد، مێردەکەشم چوو حوشترەکەی دۆشی ئەوەندەی شیر تێدابوو هەردووکمان تێرمان خوارد ئەو شەوە هەموومان بەتێری خەوتین!.

بۆ بەیانی مێردەکەم گوتی حەلیمە خۆ دیتت، هەموومان تێرمان خوارد، سوێند بەو خوایە منداڵێکی زۆر پیرۆزو سەر بەرسقت هێناوە. ئیتر لەگەڵ کاروان کەوتینەوە ڕێگا، کەرەکەم ئەوەندە خێرا ئەڕۆیی هیچ! ولاغێکی تری نەئەگەیشتێ، ژنەکان پێیان دەگوتم کچی باوکی زوئەیب ئەوە هەر کەرەکەی خۆت نیە کەهێنابووت؟! منیش دەمگوت ئەرێ وەڵلا هەر هەوە. ئەیانگوت بەو خوایە ئەوە شتێك هەیە وا خێرا ئەڕوا. حەلیمە دەڵێ: دەتوانم بلێم هیچ ولاتێك لەو ساڵە لەولاتی ئێمە وشکترو بێ لەوەڕتر نەبوو، بەڵام مەڕەکانمان کەئەچوونە لەوەڕو دەهاتنەوە، شیریان زۆر بوو بەشی هاوسێکانیشمان لێ ئەدا. مەڕی خەڵکەکەش دەچووە لەوەڕو دەهاتەوە تێریان نەدەخواردو چ شیریان لەگوان نەبوو، بەشوانەکانیان دەگوت بزانن مەڕی ماڵی حەلیمە لەکوێ دەلەوەڕێ، ئێوەش لەوێ بلەوەڕێنن. خوارسقێکی وای بەسەردا باراندین خۆشمان نەماندەزانی چیە. دوو ساڵی پێچوو ئەو کۆرپەیە هێزی پەیدا کردو زۆر بەچاکی کەوتە سەرخواردن. حەلیمە دەڵێ ئەوجا بردمانەوە لای دایکی و کەچاوی پێکەوت زۆر گوشاد بوو، ئێمەش لەبەر ئەو خێرو خۆشیەی کەدیبوومان زۆرمان چاو لێبوو، داوامان لەدایکی کرد، کوڕەکەمان چەند ساڵێکی تر لەلا بهێڵێتەوە، زۆری لێ دەترسێین تووشی دەردو بەڵای مەککە ببێت. زۆر لەسەر ئەو داوایە ڕۆیشتین تاکوو ئامینە دڵێ نەرم بوو ڕازی بوو. ئینجا بەخۆشیەوە

هێنامانەوە، ماوەی سێ ساڵی تر لەلای ئێمە ڕایبوارد، زۆر بەخۆشی ژیا. فێرە ژیانی ئاسوودەیی بیابان بوو. فێری عەرەبیەکی زۆرباش و ڕێك بوون بەتایبەت چونکە ئەو هۆزە لەهەموو دانیشتوانی بیابان زمانی عەرەبیان ڕێکترو تەواوتربوو.

لەو سێ ساڵەش چەند جاری تر سەردانی دایکیمان پێ کردەوە. حەلیمە دەڵێ ماوەی پێنج ساڵمان لامایەوە ئەو ماوەیەمان بەهۆی ئەو منداڵە پیرۆزە زۆرو بەخێرو خۆشی ڕابوارد. حەلیمە دەڵێ، ڕۆژێك هەروەکوو ڕۆژان موحەمەد لەگەڵ برا شیریەکەی لەدووری ماڵ یاریان دەکرد، هەر ئەوەندەمان زانی براکەی بە ڕاکردن و بەپەلە هاتەوە گوتی، براکەم بزربووە. ئێمەش لەگەڵ باوکی بەڕاکردن بەشوێنیدا چووین، دیتمان وا ڕاوەستاوەو ڕەنگی تێکچووە، لێمان پرسی بۆچی وات بەسەرهاتووە؟ گوتی دوو پیاوی بەرگ سپی هاتن منیان بردو سینگیان شەق کردم و دواییش دروویانەوە[1]. ئێمەش زۆر ترساین شتێکی بەسەربێت و بڕیارمان دا کەبیبەینەوە بۆ لای دایکی.

دایکی کەچاوی پێکەوتین گوتی چۆنە واهێناوتانەوە؟ ئێوە زۆر بەپەرۆش بوون تاکو بردتانەوە، گوتمان ئەوەی پێویست بوو لەسەرمان وا کردمان، ترساین شتێکی بەسەر بێت گوتمان با بیبەینەوە ئەویش گوتی ئێوە لەشەیتان لێی دەترسن؟ نەخێر شەیتان دەسەڵاتی بەسەردا نیە، کوڕی من پایەکی بەرزی هەیە، باستان بۆ بکەم؟ گوتمان بەڵێ، گوتی لەو کاتەی ئەو منداڵەم بەزگ کەوت، هەستم بەقورسایی نەکردوە دوایی خەونێکم دیت ڕۆشنایەکم لێ جیابۆوە هەموو وڵاتی ڕوناك کرد. لەوکاتی کەبوو هیچ منداڵێك وانە بوو، لەپەڕوو هاتە سەر زەوی و سەری بەرز کردەوە ڕووی لەئاسمان کرد.

حەلیمە دەڵێ زۆر بەداخ و پەرۆشەوە بەجێمان هێشت.

---

(١) زاناکانی ئیسلام لەو باوەڕدانە کەمەلائیکەتان سینگیان شەق کردو دڵیان شوشتەوەو لەشوێن خۆیان دانایەوە، هەروەها لەکاتی بڵندبوونی بۆ ئاسمانیش دووبارە شوشتیانەوە، هەروەك لە(صحيح مسلم): ١٠١/١ و ١٠٢ وترمذي لەکتێبی (المناقب: ٢٣٦/٩ نوسراوە. ئەمەش بۆ ئەوەبوو کەلەمنداڵیەوە ئامادە بکرێت، دڵی لەکینەو غەرەزو ئارەزووی ناپاك خاوێن ببێتەوەو هێزێکی گیانی پەیدا بکات، بەرامبەر هەموو هەڵوێستێك مرۆڤی ئاسایی خۆی لەبەر ناگرێ.

﴿ لەلای دایکی ﴾

پاش پێنج ساڵ لەبیابان حەلیمە موحەممەدی بردەوە لای دایکی. لەوماوەیەدا موحەممەد ببوە منداڵێکی چوستو چالاكو چاوكراوەو تێگەیشتوو زیرەك. عەرەبیەکی باشی ئەزانی، گەلێ جار بەعەرەبەکانی دەگوت (من لەهەمووتان ڕەسەنترم، چونکە من قورەیشیم، لەبیابان لەلای بەرەی بەکر بەخێو کراوم). شایانی باسە ژیانی ئەو پێنج ساڵەی بیابان شوێنێکی تایبەتیو تەواوی لەدڵی پێغەمبەر پەیدا کرد.

حەلیمەو ماڵەکەو منداڵەکانی حەلیمەی بەدرێژایی تەمەنی لەبیر نەکردو پەیوەندی لەگەڵیان نەپچڕاند، تەنانەت لەو کاتی کەژنی هێنا، حەلیمە سەردانی کردو پێغەمبەر (ﷺ) زۆری ڕێز گرت، چل سەرمەری دایێ.

لەشەڕی بەرەی موستەلیقیش کەبەرەی سەعدیش بەشداربوون، (شەیمای) خوشکی شیری بەدیل گیراو هێنایە لای پێغەمبەر. ئەویش ناسیەوەو ئازادی کردو لەسەر ئارەزووی شەیما ناردیەوە لای هۆزەکەی.

پێغەمبەر (ﷺ) ماوەی دوو ساڵانیش لەمەککە لای دایکی مایەوە، دوایی دایکی لەگەڵ (بەرەکەی) بەخێوکەری بردی بۆ مەدینە، بۆ لای خاڵەکانی لەبەرەی (نەجار) بۆ ئەوەی بیان ناسی بەرەکە (برکە) دەڵێ لەمەدینە کەجوولەکەکان چاویان پێ دەکەوت، دەیانگوت ئەو کوڕە پایەکی گەورەی دەبێتو دەبێتە پێغەمبەری ئەو میللەتە. لەبەر ئەوە دایکی زۆری لێ ترسانەوەکە خراپەیەکی بەسەر بێنن، بۆیە زوو گەڕایەوە بۆ مەککە. بەڵام لەڕێگا ئامینەی دایکی نەخۆش کەوت، گەیشتنە شوێنێك پێی دەڵێن (أبواء) لەنێوان مەدینەو مەککە، کۆچی دوایی کرد، لەوێ ناشتیان، ئەوجا لەگەڵ بەرەکە دوو بەدوو گەڕانەوە مەککە. لەڕێگا زۆری هەست بەبێکەسیو هەتیوی کرد، پاش ئەوەی کەهۆگری دایکی ببوو، ڕەنگە گەلێ جاریش لەماوەی ئەو دوو ساڵەو لەڕێگا باسی باوکی بۆ کردبێ. ئیتر دەردی کۆچی دایکی لەسەری گەلێ گران بوون لەودەمەوە تاکو بوو بەپێغەمبەر شوێنی گۆڕەکەی لەبیر نەکردبوو.

﴿ لەلای باپیری ﴾

لەپاش ئامینە، عەبدولموتەلیبی باپیری بردیە لای خۆی، ئەویش زۆری خۆش دەویست، خوا وای کردوە باپیر ئەوەیان زۆر خۆش ئەوێ، بەتایبەت پێغەمبەر کەکوڕی لاوێکی خۆشەویست بوو، باوکی جەرگی پێی سووتا بوو. پێغەمبەر (ﷺ) خۆشی کوڕێکی زۆر بەتواناو وێچوو بوو. لەبەرئەوە عەبدولموتەلیب هیچ کاتێك لێی بێ ئاگا نەدەبوو، نەیئەهێشت لێی دوور بکەوێتەوە، شوێنێکی تایبەتی هەبوو لەلای، هیچ جەمەنانێکی بێی ئەو نەئەخوارد، دەبوایە لەگەڵ خۆی دایبنێ، زۆریشی ڕوو پێ ئەدا قەت ئەوەندەی ڕوونەداوەتە کوڕەکانی.

هەر کاتێك موحەممەد (ﷺ) بیویستبایە ئەچوە لای باپیری، با کاتی خەوتنیش بوایە، هەموو جار کەجێگایان بۆ عەبدولموتەلیب لەبن دیواری کەعبە ڕائەخست ئەچوو لەتەنیشت باپیری دائەنیشت، مامەکانی تێیان ئەخوڕیەوە بۆ ئەوەی دوورکەوێتەوە، بەڵام عەبدولموتەلیب دەستی بەپشتی دائەهێناو ئەیگوت لێی گەڕێن، بەو خوایەو ئەو کوڕەی من پایەکی زۆر بەرزی ئەبێت، گەلێ جاران بەئەبو تالیبو بەرەکەی دەگوت، زۆرتان ئاگا لێی بێت هەموو جوولەکەکان ئەڵێن ئەو کوڕەی من دەبێتە پێغەمبەر.

لەپاش دوو ساڵان عەبدولموتەلیبیش نەخۆش کەوت، ڕایسپارد لەدوای خۆی ئەبو تالیب (لەگەڵ عەبدوڵلا دایکیان یەك بوو) بیباتە لای خۆیو ئاگاداری بکات. عەبدولموتەلیب کۆچی دوایی کرد، ئەوجا ئەبو تالیب بردیە لای خۆی، ئەویش وەك باوکی زۆری خۆش ئەویست.

پێغەمبەریش (ﷺ) لەو تەمەنە، منداڵێکی زۆر ڕێكو پێكو پاكو خاوێنو جوان بوو، تەندروستیەکی زۆرباشی هەبوو، بەیانیان کە لەخەو هەڵدەستا دەمو چاوی گەشو جوان بوو، پرچی بەلوولو ڕێك بوو، دەتگوت شانەکراوەو ڕۆنی لێدراوە. ئەبو تالیب هۆگری ببوو، لەگەڵ خۆی دەینواندو پێکەوە خواردنیان ئەخوارد.

پێش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بچێتە لایان، لەبەردەست کورتی گەلێ جەمان تێریان نەدەخوارد، بەڵام کەپێغەمبەر چووە لایان، خواردنیان لەبەردەمایەوە، هەموو جار ئەبو تالیب پێی دەگوت تۆ لەو ماڵە پیرۆزی، کەنانیشیان ئامادە ئەکرد کەس نەیئەخوارد، تاکو ئەو نەچووبایە سەریان خواردن.

پێغەمبەر (ﷺ) تەمەنی بوو بەدوازە ساڵ رۆژێك ئەبو تالیبی مامی خۆی ئامادە کرد بچێتە شام لەکاتی رۆیشتن پێغەمبەر (ﷺ) خۆی پی هەڵواسی، داوای لێ کرد لەگەڵ خۆی بیبا، ئەویش دڵی نەرم بوو گوتی وەڵڵاهی لەگەڵ خۆم دەتبەم، قەت نایەڵم لێك جیاببینەوە. کاروان کەوتە رێیشتن، تاکو گەیشتە شوێنێك لەخوارووی شاری (شام) پێی دەڵێن (بوسرا).

پیاوێکی رەبەن (راهب) کەناوی (بەحیرا) بوو زانایەکی مەسیحی بوو لەسەر بەرزاییەك دەژیا، خۆی لەکەس نەدەگەیاند، لەخانوەکەی نەدەهاتە دەرەوە. کەکاروانەکەی ئەبو تالیب گەیشتە نزیکی بەرزاییەکە لەبن دارێك خستیان. بەحیرا لەدوورەوە پێش ئەوە کاروانەکەی بەدی کردبوو سەرنجی دابوونی. بەحیرا فەرمانیدا کەخواردنیان بۆ دروست بکەن ئەوجا ناردی بەدوایان. پێیان گوتن، پیاوانی قورەیش بەحیرا خواردنی بۆتان دروست کردوە، هەمووتان وەرن بۆ نان خواردن، کەسیشتان دوامەکەون. ئەبو تالیبو پیاوانی تر چوون پێغەمبەریان لەلای کەلوپەلەکان بەجێهێشت. کەچوون یەك لەپیاوەکانی قورەیشی پێی گوت، ئەی بەحیرا ئێمە هەرچەند جاری بێرەدا هاتبین تۆ هیچ جارێك خواردنت بۆ ئێمە دروست نەکردوە دیارە ئیمرۆ مەبەستێکت هەیە. ئەویش گوتی راستە، بەڵام ئێوە میوانن حەزم کرد رێزتان بگرم. هەموو لەسەر خواردنەکە کۆبوونەوە، بەحیرا پرسی ئایا کەستان دوانەکەوتوە؟ گوتیان هەموومان هاتووین تەنیا منداڵێك نەبێ. بەحیرا گوتی خێراکەن بچن بیهێنن، ئەوە شتێکی نارێکە ئەو منداڵە لەخواردن دوا بکەوێ.

لەوکاتەی پێغەمبەر (ﷺ) هات تاکو کاتی رۆیشتن، بەحیرا هەر سەرنجی ئەدایێ. نانەکە خوراو خەڵکەکە بڵاوەیان کرد. ئەبو تالیبو پێغەمبەرمانەوە، بەحیرا هەلی دەست کەوت چووە لایان، رووی لەپێغەمبەر کردو پێی گوت بە(لاتو عوززا) سوێندت ئەدەم، هەر پرسیارێکت لێ ئەکەم بەراستی وەڵامم بدەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) گوتی من رقم لەوانەیە بەوانەم سوێندمەدە، بەحیراش گوتی بۆیە بەوانەم سوێند دای چونکە خێڵەکەت بەوانە سوێند ئەخۆن ئەوجارە بەخوا سوێندت ئەدەم، گوتی فەرموو چیت دەوێ بڵێ. بەحیرا گەلێ پرسیاری لەبابەت ژیانیو قسەو هەڵسانو دانیشتنی لێکرد.

کە هەمووی وەڵام دایەوە، بەحیرا رووی لەئەبوو تالیب کرد، گوتی ئەو منداڵە چی تۆیە؟ ئەبو تالیب گوتی ئەوە کوری منە، بەحیرا گوتی نابێ باوکی ئەو منداڵە مابێ. ئەوجا ئەبو تالیب گوتی ئەوە کوری برامەو ئەو کورە لەزگی دایکی بوو باوکی مردوە. بەحیرا گوتی حەز ئەکەم بەخێرایی

بیبەیتەوە ولاتی خۆتانو ئاگاداریەکی باشی بکەی لەجوولەکەکان، چونکە ئەوەی من لەو کوڕەم دیت ئەوان ئیی ببینن تووشی خراپەی دەکەن. ئەبو تالیبیش بەو قسەیە باوەڕی کرد، هەر بەخێرایی بازرگانیەکەی جێبەجێ کردو گەڕایەوە مەککە.

ئەو چیرۆکەی بەحیرای راهیب گەلێ لەزاناکانی ئیسلام باوەڕیشیان پێی نیە، بەلام سەیر لەوەدایە، ئەو ماوە کورتەی کەپێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ بەحیرا بوو رۆژهەلات ناسە مەسیحیەکان (مستشرقین) کردوویانەتە بەندو بالۆرەیەکی زۆر گەورە، چەند کتێبیان لەسەر نووسیوەو دەڵێن بەحیرا هەموو فەرمانێکی پێغەمبەرایەتی فێری موحەممەد کرد.

ئەو هەموو زانستو زانیاریانەی لەیاساو رەوشتی ئیسلام بەو ماوە کورتەی کەبای جەمە نانێکە تەمەنی دوازدە سالی لەبەحیرای وەرگرت، جگە لەوەش زۆرترین رووداوەکانو یاسایەکانو فەرمانەکانی ئیسلام کەخواو پێغەمبەر فەرمانیان لەسەر داوە هەمووی پاش ئەو میوانداریە بووەو رووی داوە هیچ فەرمانێکیشی بەبێ روداوو پرسیار بۆی نەهاتووە، ئایا ئەو بەحیرایە چۆن ئەو هەموو رووداوو کردەوەو چۆن ئەو زانینو زانستەی فێری کابرایەکی عەرەب کرد! دوور بوو لەمەسیحیەت، بۆچی فێری کابرایەکی مەسیحی نەکرد تاکوو ئێستاش مەسیحیەکان دان بەپێغەمبەرایەتی موحەممەد دانانێنو دوژمنایەتی ئەکەن.

پێغەمبەر (ﷺ) لەپاش ئەوەی گەیشتە تەمەنی پازدەو شازدە سالی واتە تەمەنی لاوێتی خوا لەهەموو کردەوەیەکی خراپ پاراستی، بەتایبەتی لەبەدڕەوشتی قورەیشیەکان. خوا وای کرد پێغەمبەر (ﷺ) پلەی رێزو خۆشەویستی لەناو خەلك هەر بەرزبێتەوە.

﴿ شوانەتی ﴾

ئەبو تالیب لەسەر هەژاری خۆشیەوە لەبەر پێغەمبەر چیتر لەمەککە دەرنەچوو، بەکوڵجی قەناعەت رایبوارد، پێغەمبەریش (ﷺ) لەگەڵ مامی رای دەبواردو یارمەتی ئەدا، کاتێك کەتواناو هێزی پەیدا کرد، لەخۆی رادیت توانای کاسبی هەبێ.

ئیتر کەوتە خۆی بۆ ئەوەی یارمەتی مامی بداتو بارگرانی دەست کورتی لەسەر کەم بکاتەوە.

لەوکاتیش لەمەککە هەر شوانەتی هەبوو بۆ لاوی بێ دەستمایە هەرچەندە دەستکەوتیشیان شتێکی وانەبوو. بەڵام ڕەوشتێکی‌بەرزە بۆ لاوێك چاوی لەبەرزیەتی‌و نانی بێمنەت بێ، چاوی لەوەبێ بەشداری بکات لەبەخێوکردنی خێزان، خۆ ئەگەر چاوی لەنانی خوروساو تەمبەڵی بوایە بەئاسانی پەیدای ئەکرد، بەڵام خوا هەردەم وای کردوە پێغەمبەران نەفس بەرزبن‌و چاوشۆڕی کەس نەبن، باشترین ماڵیش ئەو ماڵەیە کەبەئەرك‌و ڕەنجی شانی خۆت پەیدای ئەکەی. پیاوانی خاوەن بیرو باوەڕو خاون پەیام چ سەنگێکیان دەبێ ئەگەر لەسەر شان‌و نانی خەڵك ژیان!، هەروەها داوایەکەشیان چ ڕەواجێکی نابێ.

موحەممەد (ﷺ) بوو بەشوان‌و بەکرێ مەڕی خەڵکی دەڵەوەڕاند (ئەوکاتی کەبوو بەپێغەمبەر زۆر بەدڵخۆشییەوە باسی شوانیەتی خۆی ئەگێڕایەوەو ئەیفەرموو، (خوا هیچ پێغەمبەرێکی نەناردوە، شوانەتی نەکردبێ).

شوانی خاوەن بیروهۆش بەرۆژ لەچۆڵی دەشت‌و بیابان‌و دۆڵ‌و کێو، ماوەی زۆرە بۆ بیرکردنەوە، چونکە بەتەنیا بەشادمانی لەگەڵ مەڕەکانی کات بەڕێ دەکاتن شەوانیش ڕوو لەو ئاسمانە درێژ ئەبێت‌و بیر لەرۆشنایی‌و بریسکەی خۆ لێ بیابان ئەکاتەوەن تاریکە شەوانیش سەرنج ئەداتە ئەو ئاسمانە پڕ ئەستێرانە کەدەدرەوشێنەوە زەویشیان لەگەڵ ڕووناك ئەبێتەوە، کەئەبینی هەمووی لەو بۆشاییە بەگوێرەی یاسایەکی ڕێك‌و پێك بەڕێوەدەچن، هیچیان بەرەنگاری یەك نابن‌و ڕێگای خۆیان ناگۆڕن هیچیشیان پێش هیچیان ناکەون. بەڕێوەچوونی ئەو ئاسمانەو تەواوی گەردون هەروەك بەڕێوەبردن‌و سەرپەرشتی کردنی مێگەلە.

ئەگەر سەرنج بدەیتە یاسای شوانەتی، پێویستە شوان هەردەم بەهەست‌و ئاگا بێ، نەوەك گورگ بەناو مەڕەکانی بکەوێت‌و مەڕێك دابڕێ، یان مەڕێك دوا بکەوێت‌و لێی بزرببێت. جادەبێ چ هێزێك‌و چ یاسایەك‌و چ شوانێك ئەم زەمینە بپارێزێ؟

بیرکردنەوە لەو کارە سەرسورهێنەرەو ئەو تێوەڕامانە ئادەمیزاد وا لێ ئەکات، هەموو هەست‌و ئارەزووەکانی لەبیربچێتەوەو بیباتە پایەی هەرە بەرزی مرۆڤایەتی.

پێغەمبەر (ﷺ) لەگەل ئەوەی خاوەنی هەست‌و ڕەوشتێکی باش بوو، لەهەمان کاتیش بێگومان وەکو هەموو لاوێك هەست‌و توانای گەنجایەتیشی تێدا هەبوو، بیری ئەکردەوە لەراوابردنی ئەو لاوانەی کەشەویان لەبەزم‌و ئاهەنگدا بەڕێ ئەکرد. هەتاکو جارێك خۆی ئەگێڕێتەوە، لەگەل شوانێکی هاورێی

لەدەرەوەی مەککە لەبەر مەڕیوون. دەڵێ بیرم کردەوە لەدڵی خۆمدا گوتم باجارێک بچم سەیری ئەو بەزم‌و ئاهەنگانەی ناو مەککە بکەم، بزانم چۆنەو چی ئەکەن، بەهاوڕێکەم گوت ئاگاداری مەڕەکانم بکە دەچمە مەککە، ئەویش گوتی باشە. ڕۆیشتم کەگەیشتمە سەرووی شار گوێم لەدەنگی ئاهەنگێك بوو ژنیان ئەگواستەوە، منیش لەسەر بەردێك دانیشتم گوێم گرت، خەوم لێ کەوت تاکوو کاتێك لەگەرمایی خۆرەتاو هەڵستام، ڕێ‌و ڕێ گەڕامەوە لای شوانەکەی هاوڕێم گوتی ها چیت کرد؟ منیش بۆم گێڕایەوە، گوتی قەیدی ناکات ئیمشەو بچۆوە.

دووبارە شەو چوومەوە دیسان گوێم لەهەندێ ئاوازی خۆش بوو هەر بەهەمان ڕەوشت لەسەر بەردێك دانیشتم، دیسان خەوم لێ کەوتەوە، تاکوو ڕۆژ هەڵیستاندمەوە، دووبارە ڕێ‌و ڕێ گەڕامەوە بێ ئەوەی بتوانم بچمە ناو هیچ ئاهەنگێك.

لێرەدا دەردەکەوێ کەچۆن خوا ئاگاداری کردووە لەهەموو خراپەکاری‌و ئارەزووەکانی لەش‌و نەفس پاراستوویەتی. ڕابواردن‌و ئاهەنگەکانی دانیشتوانی مەککە کاری نەکردبووە سەر پێغەمبەر، کات بەسەر بردن لای پێغەمبەر (ﷺ) هەموو بیرکردنەوەو تێوەڕامان‌و هەست ڕاگرتن بوو ئەو نەفسەش بەکارێکی ئاسان‌و ئاسودەی وەك شوانەتی بەر مەڕ دڵنیا ئەبێت، چونکە شوانەتی ژیانێك نیە خەڵکی پێ دەوڵەمەند بێت‌و دەرگەی خۆشی‌و چرێسی لێ بکاتەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) لەنێوان تەمەنی هەژدەونۆزدە ساڵیدا جگە لەشوانەتی، کاتێکی زۆری لەگەڵ ئەبو تالیبی مامی دەبردە سەر، لەگەڵی دەچووە ناو خەڵك‌و کۆبوونەوەیان لەدیوەخانان‌و لەدەووری کەعبە، عەرەبەکان هەموو ساڵ لەو مانگانەی کەپێیان دەڵێن (اشهر الحرم) ئەوانیش مانگی (ذو القعدة ذو الحجة ومحرم ورجب). شەڕیان ڕادەگرت، کەس دەست درێژی نەدەکرد، سەر ئەوی تر، با دوژمنی خوێنیش بوایە.

پێغەمبەر (ﷺ) ئەچووە بازاڕەکانی (عەکاز)و (مەجەننە)و (ذی مەجاز) لەو کاتەشدا شەڕێك روویدا لەنێوان قورەیش‌و هەوازن ناویان لێنا شەڕی گوناهکاران (حرب الفجار) چونکە لەمانگێك روویدا شەڕی تێداقەدەغە بوو، لەو شەڕەدا هەوازنەکان دەست درێژکەربوون، پێغەمبەر (ﷺ) یارمەتی قورەیشی داو تیری بۆ خڕئەکردنەوە، جارجارەش دەکەوتە شەڕ، ئەو شەڕە چوار ساڵی خایاند، دوایش مەسلەحتیان کرد.

بازاڕەکانیش شوێنی کۆبوونەوەی هەموو تیرەو هۆزەکانی نیو دوورگەی عەرەب بوون. کەلوپەلیان لیّ دەفرۆشتو باسی باوپایرانیان دەکردو بەوتار هۆنراوە خۆیـان هەڵنەکێشاو هەریەکـە خـۆی بـەدیار نەخستو شانازی بەخۆیەوە نەکرد.

پێغەمبەر (ﷺ) زۆری سەرنج دایە ئەو دەوروبەرەو ئەو ڕەوشتە تیرەییە هـەروەها سـەرنجی ئەدایـە دەمەتەقێو هێرشەکانی جوولەکەو گاورەکان کەدەیانبردە سەر بتپەرسـتی، ئـەوجا بـەهۆی ئـەو ڕووداو ئەزموونانە، پێغەمبەر (ﷺ) تەواو لەباری ژیانی ئەو کاتە گەیـشت. لـەو سـەردەمەدا قورەیـشیەکان هەستیان بەوە کرد کەپەرتو بڵاونو کەس ئاگـاداری لەکـەس نـەماوەو سـتەمکاریو دەسـت درێـژی سەرهەژاران لەناویان زۆر بووە. لەبەرئەوە سەرۆکەکان لەماڵی عەبدوڵلای کـوڕی جـەدعان کۆبوونـەوەو سوێندیان خوارد کەهەموویان لایەنگیری ستەم لێکراوان بکەنو یارمەتیان بدەن مافیان وەربگرنەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ (زوبەیر)ی مامی لەو کۆبوونەوەیە بەشداری کرد، بەو هەنگاوەی قورەیش زۆر دڵخۆش بوو. هەمووجار کەئەیگێڕایەوە ئەیفەرموو (لەگەڵ مامـەکانم لـەماڵی عەبـدوڵلای کـوڕی جەدعان بەشداری ئەو سوێند خواردنەم کرد، ئەوەندەم پێخۆش بوو ئەگەر چەندین حوشـتری سوورم هەبوایە ئەوەندەی ئەو کۆبوونەوەم پێخۆش نەئەبوو. ئێستاش ئەگەر بۆ شوێنێکی ئەوها داوام لیّ بکەن دەچم)[1].

بەو سوێند خواردنەیان گوت سوێندی (فضول). بۆیەش ئەو ناوەیان لێنا چـونکە سـێ پیـاو بوونـە هۆی ئەو سوێندە هەرسێك ناویان فضل بوو.

﴿ بازرگانیەتی بەماڵی خەدیجە ﴾

هەروەکو گوتمان ئەبو تالیب پیاوێکی دەست کورت بوو، خێزانێکی زۆریشی بەملـەوە بـوو، لەبـەر ئەوە بیری کردەوە کەکارێکی باشتر لەشوانەتی بۆ برازاکەی بدۆزێتەوە، خێری پتر بێت لەشوانەتی.

ژنێك هەبوو ناوی (خەدیجە)ی کچی (خووەیلد) بوو، زۆر بـەڕێزو بـەناوبانگ بـوو، بەپاکی نـاوی

١) ابن كثير، السيرة، ١/١٢٨-١٢٩ لە بەیهەقی دەگێڕێتەوە

دەرکردبوو و خاوەن شەرم، لەهەمان کاتیشدا دەوڵەمەند بوو، بازرگانی ئەکرد، پیاوانی بەکرێ ئەگرتن، ماڵی بازرگانیەتی پێدا ئەناردن بۆ شامو قازانجێکی زۆری چەند ئەکەوت.

ڕۆژێك ئەبو تاڵیب بیستی کەئەو ژنە کاروانێکی گەورەی بازرگانی ئامادە ئەکات بۆ شام بڕوات بەپێغەمبەری گوت، ئەی برازای خۆم من پیاوێکی زۆر خێزانو دەست کورتم، بیستوومە خەدیجە خەڵك بەکرێ ئەگرێ بەدوو حوشتر، ئایا دەتەوێ قسەی لەگەڵ بکەم تۆش بچێت؟ بەڵام لێ ناگەڕێم کرێیەکەی تۆ ئەوەندە بێت، ئەویش فەرمووی چۆنی تۆ ئەتەوێ با وابێ (واتە ئەچم).

ئەبو تاڵیب چووە لای خەدیجە، پێی گوت بیستوومە کاروانت ئامادەکردووە بۆ شام، حەز ئەکەم موحەمەدیش بنێری بەڵام کرێی ئەو نابێ دوو حوشتر بێت، ئەبێ هی ئەو چوار بێت، خەدیجەش لەبەر خاتری ئەبو تاڵیب گوتی ئەگەر زیاتریش بڵێی قەیدی ناکات. ئەبو تاڵیب گەڕایەوە لای برازای، گوتی ئەوە نانێکەو خوا داویەتی دڵ لەدڵ مەدە.

پێغەمبەریش بەخۆشیەوە قسەکەی وەرگرت، لەگەڵ (مەیسەرە)ی نۆکەری خەدیجە کاروانیان ڕێك خست، بەبیاباندا بەرەو شام کەوتنە ڕێگا، بەدۆڵی قیراو وڵاتی سەموودو هەمان ئەو شوێنانەی کە لەگەڵ مامی لەیەکەم گەشتا لەتەمەنی دوازدە ساڵی پێیدا ڕۆیشتبوون. یادی ئەو گەشتەی زیندوو کردەوە، کەوتە بیرکردنەوەیەکی زیاترو تێوەڕامانو هەست ڕاگرتن لەو شتانەی کەدیبووی و گوێی لێ ببوو.

کە گەیشتنە شام، کەلوپەلەکانی زۆر بەچاکیو دەست پاکی ساغ کردەوە قازانجێکی باشی کرد، کە گەڕایەوە دایەوە خەدیجە، لەو ماوەیەش لەگەڵ مەیسەرە دۆستایەتیەکی باشیان پەیدا کرد، مەیسەرە کەڕەوشتو کردەوەکانی پێغەمبەری دیت زۆری خۆش ویست.

﴿ ژن هێنانی پێغەمبەر (ﷺ) ﴾

پێغەمبەر (ﷺ) تەمەنی گەیشتە بیستو پێنج ساڵ، لاوێکی شۆخو شەنگو ڕەوشت بەرزبوو، دەمو چاوێکی زۆر جوانی هەبوو، بەژنی ناوەنجی و پرچی ڕەشو درێژ بوو، ناوچەوانی فرەوان و ئەبرۆی کەوانی یەك پارچە بوو، چاوی گەشو گەورە بوو، تۆزی سوورایی لەدەوری سپێنەی هەبوو، برژانگەکانی

درێژبوون، لووتی ڕێكو بچووك و ڕیشی پڕبوو، ملی درێژو سینەی فرەوان بوو، دەستو پێی بەهێز بوو، دەرۆیشت بەژنی بەرەو پێش بوو، شەقاوی خێرا بوو، بیرکردنەوە لەدەمو چاوی دیاربوو، تەماشا کردنی زۆر بەسام بوو لەتەوپەڕی ڕەوشت باشی ئەژیاو لەوانە نەبوو قەت سەرخۆشی گەنجایەتی کاری تێ بکاتو لەخۆی بایی ببێ.

لەماوەی گەنجیەتی کەس نەیتوانیوە نارێکیەكو ناشیرینەکی لێ بەدی بکات. ئەمەش پایەکی زۆر بەرز بوو کەخوا پێی بەخشی بوو، چونکە ئەو جۆرە پیاوانە دەبێ هەڵبژاردە بن، تاکو ببنە خاوەن پەیامو پێشەواو ڕێ نیشانەدەری خەڵك.

پێغەمبەر (ﷺ) لەو تەمەنەشدا وەك فەرماندەیەك بوو، گوێ لەهەموو قسەکانی ڕائەگیراو بەقسەیان ئەکرد. دانیشتوانی مەککە بەچاوێکی زۆ بەرێز سەیریان ئەکردو خۆشیان ئەویست. بێ هەواو فیزبوو، خۆی لەکەس بەگەورەتر نەئەزانی. کەقسەیان لەگەڵ ئەکرد بەچاکی گوێی ڕائەگرت، نەك هەر تەماشای قسەکەر بکات، بەڵکو بەهەموو لەشیەوە خۆی بۆ خوار ئەکردەوە، زۆر گوێگرو کەم قسە بوو. حەزی لەچوستو چالاکی‌ئەکرد، جارجارەش گاڵتەی ئەکرد، بەڵام هەرچی ڕاستی نەبوایە نەیئەگوت. کەم پێ ئەکەنی زەردەخەنەی ئەهاتیو ددانەکانی تەنیشتی دەرئەکەوت، قەت بەقاقاوە پێ نەئەکەنی. تووڕەیی پێوە دیار نەبوو، خۆی هەراسان بکاتو دەنگ هەڵبڕێ، کەتووڕە ئەبوو هەر بەوەندە هەستی پێ ئەکرا، قۆرتاییەکی لەنێوان هەردوو ئەبرۆی پەیدا ئەبوو، چونکە ئەیتوانی تووڕەیی خۆی ڕابگرێو زاڵ بێ بەسەری. خوو ڕەوشتی بەهێمنایی‌و چاکەو ڕووخۆشیەوە گرتبوو. زۆری ڕوو ئەدایە منداڵانو دەیدواندنو بەدەنگیانەوە دەچوو. لەگەڵ نۆکەری نانی دەخوارد. دەچووە سەردانی نەخۆشان ئەگەر ماڵیشیان دوور بوایە. زۆر لێبوردە بوو هەرکەسێ داوای لێبوردنی بکردبایە لێی خۆش ئەبوو، بەهەر کەسێك بگەیشتبایە لەپێشا ئەو سەلامی ئەکردو دەستی بۆ درێژ ئەکردو چاكو خۆشی لەگەڵ ئەکرد. بەرچاوی زۆر فرەوانو زۆر سەخی‌و گەلێ بەخشندەو، هەتاکو پێیان ئەگوت وا ئەبەخشێ لەهەژاری ناترسی، قەت نەیئەویست منەتی کەسی لەسەر بێت، چاکەشی قەت لەبیر نەدەکرد، بۆی هەڵکەوتبایە دوو چەندانە پاداشی ئەدایەوە. لەگەڵ گیاندارو ماڵاتیش گەلێ دڵ نەرمو بەرەحم بوو، بەخۆی دەرگەی لەپشیلەی ماڵ ئەکردەوەو وڵاغەکەی دەستڕیەوە، قاچی شکاوی کەڵەشێرەکەی هەڵبەستەوە، بۆ خۆی کراسی خۆی ئەشوشت، پێڵاوی پینەئەکردو حوشترەکەی ئەبەستەوە، لەتەنگانەدا

زۆر بەتواناو خۆگرو بەتێن بوو، دڵ لەدڵدانی نەبوو، ئەو ڕەوشتانە زۆر کاریگەر بوون لەسەر ئەو کەسانەی کەدەیانناسیو دەیاندیتو ئەچوونە لای، هەرکەسی بیدبایە خۆشی دەویست.

خەدیجەش ژنێکی ناودارو خاوەن پایەبوو، لەناو قورەیش دیاربوو، زۆر لەسەردارانی قورەیش داوایان ئەکرد، بەڵام رازی نەئەبوو، ئەیگوت خێرو خۆشی لەگەڵ ئەو پیاوانە نادیترێ، ئەوانە لەبەر خاتریماڵەکەم داوای مـن ئەکەنو زۆربەیان خاوەنی ڕەوشتی خراپن، بەڵام کەپێغەمبەری بەو ڕەوشتانەوە ناسی، لەسەر ئەو کردەوە پاکەشی کەمەیسەرە بۆی باس کردبوو خۆشەویستی پێغەمبەری کەوتە ناو دڵ، توانی بەهۆی دەستە خوشکێکی ناوی (نەفیسە) بوو، خەدیجە رایسپاردە لای پێغەمبەر کەبیخوازێ، کەنەفیسە راسپاردەکەی بەپێغەمبەر گوت ئەویش قەبووڵی کرد.

پێغەمبەر (ﷺ) چووە لای مامەکانیو پێی گوتن، ئەبو تاڵیبو هەمزەو ئەوانی تر چوونە لای (عومەری کوڕی ئەسەد) مامی خەدیجە بوو داخوازیان لێ کرد. ئەبو تاڵیب گوتی هیچ گەنجێك نایەتە کێشو تەرازووی موحەممەد.

ئەگەر سامان گرانایەکەشی هەبێت، وەك سێبەر وایەو ڕووی لەنەمانە، موحەممەد ئارەزووی خەدیجەی هەیە، ئەویش ئارەزووی موحەممەدی هەیە.

مامی خەدیجە زۆر بەشانازییەوە قسەکانی ئەبوتاڵیبی قەبووڵ کرد، خەدیجەیان مارە کردو چل حوشتریان کردە مارەیی، پاش گواستنەوەی خەدیجە لاپەڕەیەکی نوێ لەژیانی پێغەمبەر (ﷺ) دەستی پێکرد، لاپەڕەی پیاوەتیو باوکایەتی دەستی پێکرد، بەڵام ئەو جیاوازییەکی زۆری هەبوو لەچاو پیاوانی تر، پیاوەتیو باوکایەتی ئەو قوتابخانەیەك بوو هەموو کەسێکی لێ فێرە کردەوەو ڕەفتار ئەبێت.

پێغەمبەر (ﷺ) پایەی ژنی لەلا زۆر بەرز بوو، لەوکاتەی کەقوڕەیشیەکان ژنیان زۆر لەلا بێ سەنگ بوو، پێغەمبەر بەچاوێکی زۆ بەڕێز تەماشای ژنەکەی ئەکرد، ئەو ژنەی پێغەمبەر هەستی ئەکرد کەیەکێکە پایەیەکی لەو ژیانە هەیە، لەهەموو کارو کردەوە پرسی پێ ئەکرد، لەهەموو تەنگاودو ناخۆشیان دڵی خۆی بۆ ئەو ژنە ئەکردەوە، سکاڵای خۆی بۆ ئەکرد، لەماڵەوەش یارمەتی ئەدا. خەدیجە ئەوەندە بەڕێز بوو لەلای پێغەمبەر، هیچ ژنێك نەگەیشتە ئەو پایەو ڕێزو خۆشەویستەی کەخەدیجە پێی گەیشت، پێغەمبەر (ﷺ) ماوەی گەنجیەتی لەگەڵ بەڕێ کرد، هیچ ژنی تری بەسەر نەهێنا، (وا دیارە کەهەر کەسی بەختەوەر بوو لەگەڵ ژنەکەی، پێی ناوێ بۆ هەوەسو ئارەزووی نەفس

ژنێکی تر بێنی، چونکە بەختیاری خێزان هەر لەیەك ژنە دێتەدی). خاتو عائیشە ئەگێڕێتەوە دەڵێ: حەسوودیم بەهیچ ژنێك بردوە ئەوەندەی بەخەدیجەم هەڵبردووە، خێرێکمان بکردبایە ئەیگوت بۆ ئاشناو دەستە خوشکەکانی خەدیجەش بنێرن، هەتاکوو جارێك ناوی خەدیجەی هێنا منیش تووڕە بووم، گوتم خەدیجە چ بوو، تۆ هێندەی ستایش نەکەی هەر پیرێژنێك نەبوو، خوا لەوی گەلێ چاتری پێدایەوە، ئەویش فەرمووی ناوەاللەخوا لەوی چاکتری نەدامەوە[1].

پێغەمبەر (ﷺ) باوکێك بوو نموونەی هەموو باوکان، منداڵەکانی زۆر خۆش ئەویست، بەتایبەت کچەکانی (زەینەب)و (روقیە)و (ئومو کەلسوم)و (فاتیمە)، جیاوازی نەکردوە لەنێوان کوڕو کچەکانی هەمووی وەك یەك بەباشی بەخێوکردن، هەموو کچەکانی دا پیاوی زۆرباش‌و بەڕێز، لەو کاتی قوڕەیشیەکان کچیان زیندەبەچاڵ دەکرد.

پێغەمبەر (ﷺ) دوو کوڕی لەخەدیجەبوو (قاسم‌و عەبدوڵلا) کەنازناویان (طاهرو طیب) بوو، بەلام هەر بەمنداڵی مردن، پێغەمبەر (ﷺ) زۆر پەرۆشی ئەو منداڵانەی بوو، مردنەکەیان لەدڵی زۆر کاریگەر بوو، لەتاوان زەیدی کوڕی حاریسەی ئازاد کردو بەخۆی گرت‌و کردیە کوڕی خۆی، زۆری فەرامۆشی پێ ئەهات.

زەید لەناو خەڵك ناویانگی بەزەیدی کوڕی موحەممەد دەرکرد. لەسەر ئەو حاڵەش پێغەمبەر (ﷺ) وای لێ نەهات کە لەخەڵکی دوور بکەویتەوە، خۆی لەماڵ خەریك بکات‌و واز لەبیر کردنەوە بێنی، بەڵکو تێکەڵاوی زیاتر بوو لەگەڵ خەڵك، زیاتر لەخەڵکی نزیك ئەکەوتەوەو لەتەنگ‌و چەڵەمەیان ئاگادار ئەبوو.

﴿ پێغەمبەرو چاکردنەوەی کەعبە! ﴾

کەعبە یەکەم ماڵ بوو کەحەزرەتی ئیبراهیم بەفەرمانی خوا دروستی کرد، بۆ ئەوەی ببێتە نموونەی یەکگرتن دژی بت پەرستی‌و ببێتە دروشمی خواپەرستی لەسەر ئەو زەویەو خەڵك هەمووی بێنە سەریەك

(١) ابن کثیر ٣١٣/١ ئەویش لەبوخاری و موسلیم دەگێڕیتەوە

بیروبڕوا، ببێتە هۆی پەیوەندی لەنێوان موسوڵمانانی جیهان. تاکو لەو شوێنە کۆببنەوە، یەکتر بناسن‌و لەحاڵی یەکتر ئاگاداربن‌و لەیەکتری فێری زانیاری بن، چی باشە لەیەکتری وەربگرن‌و چی پێویستەو خوا فەرمانی لەسەر داوە فێری بن.

بەڵام بەتێپەڕبوونی ساڵان کەعبە بێهێز بوو، دیوارەکانی درزی دابوو، بەرلەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بەماوەیەك ببێتە پێغەمبەر، لافاوێك هات دیوارەکانی هەموو شەق‌و پەق کردو هەندێکی رووخا.

قورەیشیەکانیش کەعبەیان زۆر لەلا پیرۆز بوو. کەویستیان چاکی بکەنەوە، هەر تیرەو هەر هۆزێك ئەیویست لەچاکردنەوەی پتر بەشداری بکات، بەڵام چونکە یەکەم جار بوو نەیانوێرا خۆیانی لێ بدەن، نەوەك شتێکیان بەسەر بێت.

بێگومان کەعبە پێك هاتووە لەبەردو قوڕ، نەزیان بەخشەو نەچاکە، هەرچی ببێ هەمووی لەلایەن خواوە دێت، تەنیا هەر ئەوەندەیە خوا ڕێزی لێناوە بۆ ئەوەی ببێتە دروشمێك بۆ خواپەرستی. تێکدان‌و رووخاندنی کەعبەکە بۆ چاکردنەوە بێت‌و چاکە بێت چاوەڕوانی خراپەی لێناکرێ بەڵام چونکە میللەتەکە بتپەرست بوون ئەوەیان نەئەزانی‌و بڕوایان بەو جۆرە ترسانە هەبوو. لەناو هەموان (وەلیدی کوڕی موغیرە) تانەتی لەخۆی داو چووە لای بتەکان‌و ماوەی لێ خواستن‌و ئەوجا بەترسەوە لایەکی کەعبەی روخاند ئەوەی تری بۆ بەیانی دواخست.

دانیشتوانی مەککەش ئەو شەوە چاوەڕێیان کرد بزانن وەلید چی بەسەر دێت، بەیانی کەهەڵستان چی بەسەر نەهاتبوو، ئەوجا هەموو لەتێکدنی بەشداریان کرد. کردیانە چوار بەش هەر هۆزەی لایەکی تێکدا.

لەو دەمەشەدا کابرایەکی (رۆم) کەشتیەکی دار هێنابوو، لە(جیددە) گیرببوو، قورەیشیەکان چوون دارەکەیان لێ کڕی‌و هێنایان، گەورە پیاوانی قورەیش هەموو بەشداریان کرد لەدروست کردنەوەی کەعبە، پێغەمبەریش (ﷺ) لەگەڵ عەبباسی مامی بەردی ئەگواستەوە.

دیوار بڵند کرا تاکوو گەیشتە شوێنی دانانەوەی بەردی رەش (الحجر الاسود). سەرۆکەکانی قورەیش لێیان بووە مشتومڕ، هەر سەرەك هۆزە خۆی لەپێشتر ئەگرت‌و ئەیگوت من مافی دانانەوەی بەردی ڕەشم هەیە، هەریەکەیان ئەیویست ئەو گەورەییە بۆ ئەو بێت. زۆری نەمابوو لەنێوانیان ببێتە شەڕو کوشتار، هەروەکو پیشەیان بوو، هەموو جار بەشەڕ ئەهاتن، چەندین کەسیان لێك ئەکوشت.

قورەیش ماوەی چوار پێنج ڕۆژ لەسەر ئەو ناڕێکیە مانەوە، بێ ئەوەی بتوانن چ بڕیارێك بدەن، دوایی (ئەبو ئومەییەی کوڕی موغیرەی مەخزومی) کە لەهەموان بەتەمەنتر بوو، گوێیان لەقسەی ڕاگرت، گوتی مەیکەنە هەرا، با یەکێك بکەینە ناوبژیکەر (حکم) ئەویش با ئەو کەسە بێت کەبەیانی پێش هەموو کەس ئەگاتە کەعبە.

بەیانی چاوەنوارییان کرد خوا وای کرد یەکەم کەسی لەدەرگەی سەفا بەدەرکەوت پێغەمبەر بوو (ﷺ)، هەموو دڵخۆش بوونو گوتیان چاکترینی کەس هات، بەقسەی ئەو رازی ئەبین. کەباسەکەیان بۆ گێڕایەوە، فەرمووی کراسێکم بۆ بێنن، کەبۆیان هێنا ڕایخستو بەردی ڕەشی بەدەستی خۆی خستە سەری، گوتی هەر سەرۆك هۆزێك لچکێکی بگری و بیهێنن بۆ ڕۆخ شوێنەکەی. بۆ خۆشی چووە سەر دیوارەکە بەدەستی پیرۆزی بەردەکەی خستنە جێگای خۆی. بەو هۆشمەندیەو زانایيە توانی ئاگری ئەو شەڕە بکوژێنێتەوە، بێ ئەوەی کەسیشیان لەپیرۆزیدا نانەوەی بەردەکە بێ بەش بن، گەورەیی دانانەوەش هەر بۆ خۆی مایەوە.

(ئەوە ڕادەیگەینێ کەپێغەمبەر (ﷺ) گەلێك بەرزترو دوور بین ترو زاناتر بوو لەوەی ئەو خەلکە ئەیدیت. دەرکەوت کەیەکێکە ئامادەکراوە بۆ کارێکی زۆر گەورە، کەئەو گەلە دواکەوتوو بێ سەرداروو نەزانە، لەژێر سێبەری یاسایەکی گەورەکۆنەکاتەوە. بەو کردەوەیەشو لەناو دانیشتوانی مەککە پایەی زۆر بلند بوو لەسەرانسەری دوورگەی عەرەب ناوبانگی دەرکرد.

﴿ ژیانی تەنیایی ﴾

پێغەمبەر (ﷺ) لەتەمەنی (٣٠) ساڵی تاکوو تەمەنی نزیك چل ساڵی، ژیانێکی ئاسایی و هێمنی ئەژیا، بەڵام بێ ئاگا نەبوو لەو گەلە دواکەوتوەی کەهەتاکوو بن پیلان لەناو تاریکایی و زەلکاوی خراپەو گێژاوی نەزانین مەلەیان ئەکرد، هەردەم لەڕابواردنو شەڕو شۆڕ بتپەرستی و قومارو ریباو چەوسانەوەی یەکتری بوون، بەزۆری کاتی بێ کاریان بەدەمەتەقێ لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ گاورو جوولەکان ڕائەبوارد.

پێغەمبەر (ﷺ) هەردەم هەستی لێ ڕائەگرتن، حەزی ئەکرد ئەو میللەتە لەو بێ ئاگاییەو

نەزانینە رزگار بکات، زۆری خەفەت لێ ئەخواردن. کەتەمەنی نزیك بوو لەچل ساڵ، وای لێهات کات بەڕێ کردنی تەنیایی لاخۆشتر هات لەچاو رابواردنی ناو خەڵك. هەر ئەویش وا نەبوو، بەڵکو زۆران رەوشتیان وابوو، ساڵی ماوەیەك لەخەڵکی دوور دەکەوتنەوەو بەتەنیا ژیان، بەبیرکردنەوەو لەخوا پاڕانەوە رایان ئەبوارد. بەو جۆرە رابواردنەیان دەگوت وازهێنان (تحنث) یاخود پێیان ئەگوت (تحنف) واتە، ڕوو لەچاکە.

مرۆڤ بەتەنیا بەئاسوودەیی‌و بەمێشکێکی پاك‌و بێگەرد بیر ئەکاتەوە، لەتەنیاییشدا زیاتر بیر لەدەوروبەر ئەکاتەوە، بەڵام لەنێو کۆمەڵدا مرۆڤ هەردەم بیر لەپێشبڕکێ‌و پێویستیەکانی ژیان‌و بەرهەمی ژیان ئەکاتەوەو پێوە خەریك ئەبێ‌و لەئارەزووەکانی خۆی زیاتر چیتری لەبیر نابێ‌و ئەکەوێتە پەرستنی هەواو ئارەزووەکانی‌و دڵی پڕ دەبێ لەخۆپەرستی‌و چاوچنۆکی، بەڵام ئەگەر ماوەیەك لەناو کۆمەڵ جیابۆوە، لەراستیەکانی ئەو ژیانەو داهێنەری ئەو ژیانە بیری کردەوە ئەوەندە بیر لەخۆی ناکاتەوە. دێتە بەرچاوی کەئادەمیزاد دروست کراوێکی بێهێزە بەرامبەر بەو داهێنەرە گەورەیە، خۆشەویستی‌و پەیوەندیەك لەنێوان داهێنەرو خۆی پەیدا ئەبێ، لەو بەولاوە هەموو شتێکی تری لەلای بێ نرخ ئەبێ‌و ئارەزووەکانی تێنیان نامێنێ سەری بکەنە سەر، بەرەو خراپەی ببەن.

جا لەبەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) بیری کردەوە شوێنێك هەڵبژێری ماوەیەك لێی رابوێری‌و دوورکەوێتەوە لەو شوێنە پیسەی کەپڕە لەبتپەرستی‌و مەستی‌و قومارو رابواردن‌و تاڵان کردن‌و ستەم. ویستی بچێتە شوێنێکی پاك کەهیچی لێ ڕوونەداوە، لەوێ بەدڵنیایی بیر لەگەورەیی ئەو خوایە بکاتەوە، چۆن دەبێ لەو بەولاوە بێ گیانێك‌و بێ دەسەڵاتێك بپەرسترێ، چۆن دەبێ مرۆڤێك کەخوا دروستی کردوە بیکەن بەکوڕی ئەو، دەسەڵاتی ئەوی بدەنێ‌و بیپەرستن!.

بیر لەو خەڵکەو لەو زەمینە بکاتەوە تاکو هەموو شتێکی بۆ ڕوون ئەبێتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش ئەشکەوتی (حیرا) لەکێوی حیراکەپێنج کیلۆمەتر لەسەرەوەی مەککەیە باشترین شوێن بوو، هات‌و چۆی کەسی بەسەردا نەبوو.

لەمانگی ڕەمەزانان، هەموو جار ئازووقەی ماوەیەکی ئەبرد لێی دائەنیشت، هەندێ جار دە ڕۆژ یا زیاتر ئەمایەوە. کەئازوقەی دەبڕا ئەگەڕایەوە ماڵەوەو هەندێك ئەمایەوە ئەوجا دووبارە ئەچۆوە. لەوکاتەی تەنیایی ئەوەندە قووڵ بیری دەکردەوە گەلێ جاران خۆی لەبیر دەکرد، نان‌و ناویشی لەبیر

دەکرد، بیری لەو زەوی‌و ئاسمان‌و ئەستێرەو مانگ‌و ڕۆژە دەکردەوە، ئەو ڕۆژەی کەهەڵدێت هەموو زەمین ڕووناك‌و گەرم دەکاتەوە، گەرماییەکەی خۆڵ‌و لیمی بیابان سوور دەکاتەوە ڕووناکیەکەی لەسەر دەبریسکێتەوە.

شەوانی مانگە شەوانیش دەیدیت، ئەو زەویە بەڕەنگێکی زیوین ڕەنگ دەکرێ، خۆڵ‌و بەردو شاخەکان دەبریسکێنەوە، بایە فێنکەکەی ئەو شەوانە کەهەڵی دەکرد ئەو گەرماییەی ڕۆژی لا دەبردو ساردی دەکردەوە. ئەو ئاسمانە فرەوانەی کەهیچ سنوورێکی بۆنیە دەبێ تاکو کوێ بڕوات، کۆتاییەکەی لەکوێ بێت؟ ئەو ئەستێرانەی کەهەموو ئاسمانیان داپۆشیوە، ئەو بارانە لەو ئاسمانەدێتە خوارەوە. خۆ دەریایەکان‌و شەپۆلەکانی سەرنجیان بەتەواوی ڕائەکێشا، ئەو دەریایانەی هەزاران جۆرە گیانلەبەری تێدایە، هەموو شی زیندووەو هەوڵی خواردن ئەداو خاوەن هەست‌و بیرە بەگوێرەی توانا خۆی لەمەترسی دەپارێزێ. بیری لەو مرۆڤانە ئەکردەوە کەچۆن کۆڵکە دارێك خۆیان دایئەتاشن، بەخاوەن دەسەلاتی ئەزانن، لەگەڵ ئەوەی کەنەسودوو نەزیان بەخشن، چ چاکەو خراپەیەکیان لەدەست نیە! ئەو بتە گەورانەی وەك لات‌و عوزاو هوبەل لەناو کەعبە داندراون ئەوانی تریشیان لەدەورەدانـدرا بوون، هیچ خێرو بێریان بەمەککە نەدەگەیاند.

بیری لەو ستەمکاریەی ئەو خەڵکە ئەکردەوە خاوەن هێز بەچ مافێك ئەوانی تر جلەوگیر ئەکات‌و بۆ ماف‌و دەسەلاتی خۆی، چ دەردەسەیەکیان ئەداتێ‌و دەیانکوژی‌و دەیانفرۆشی، بۆچی وا ئەکەن، ئایا مرۆڤایەتی‌و حەق‌و ڕاستی ئەوهایە، ئەی ئەگەر وانیە کوا حەق‌و ڕاستی لەکوێیە؟ چارەسەری ئەو مەسەلانە بەچ یاساو دەستوورێکە؟، بیری لەو ژیانە ئەکردەوە کەئیمڕۆ دەژین‌و سبەی تەواو ئەبێ، بناغەو سەرچاوەکەی چیە؟ ئایا بەڕێکەوت (صدفە)یە ئەدی ئەو زەویەی لەسەر ئەژین ئایا ئەویش بەڕێکەوتە؟ ئەدی ئەو خێرو چاکەو زیانەی بەخەڵکی ئەگات هەر لەخۆیەوە پێیان ئەگات، کەس توانای بەسەردا نیە؟ یاخود دەسەلاتێکی نەدیو هەیە ئەیکات. بەو شێوە پێغەمبەر (ﷺ) لەئەشکەوتی حیرا بیری لەو کارو بارە گیانی‌و دەروویانە ئەکردەوە بۆ ئەوەی بگاتە ڕاستی.

پاش چەند ساڵێك کە لەسەر ئەو ڕەوشتە ڕۆیشت، دڵ‌و دەروونی ڕووناك بوو باوەڕی هێنا کەخوای تاکەو تەنیاو بێ هاوتا خاوەنی ئەو زەمینەیەو ئەیسوڕێنی‌و ڕێگەی ڕاست‌و پاکی بۆ ئەو ئادەمیزادە هەناردووە، بەڵام ئادەمیزاد لەسەری لاچووین‌و پێویستە بگەڕێنەوە سەر ڕێگەی ڕاستی.

﴿ هاتنی وەحی (نیگا) ﴾

پێغەمبەر (ﷺ) تەمەنی چل ساڵەی تەواو کردو پێی لەتەمەنی چل‌و یەك ساڵە نا، بەردەوام دەچووە ئەشکەوتەکەی حیرا. بەبیرکردنەوەو تێوەڕامان گەیشتە پایەیەك کەبتوانی فەرمانی پەروەردگاری گەردوون وەربگرێ، کەئەوەش زۆر گرنگەو هەموو کەس توانای وەرگرتنی فەرمانی نیەو پێی جێبەجێ ناکرێ.

لەسەرەتا خەونی ئەدیت، خەونەکانی وەك شەبەقی بەیان ڕوون‌و ئاشکرا بوون. دەقاو دەق ئەهاتنە جێ. بەو بیروباوەڕە ئامادەیەو بەو دڵە ڕوناکەو بەو چاوە پڕ هێزەی کەتوانای پەیدا کرد شتی وا ببینێ کەهەموو چاوێك نایبینێ، ڕۆژی حەفدەی ڕەمەزان بەرامبەری ڕۆژی ٦/٨/٦١٠ی زاینی[1] هەروەك جاران لەئەشکەوتی حیرا بوو، کاتێك دیتی یەکێك هات، پێغەمبەر (ﷺ) دەگێڕێتەوە، پێی گوتم، (بخوێنەوە)، گوتم من خوێندەوار نیم، لەباوەشی گرتم‌و رایگوشیم، زۆر نەمابوو بخنکێم، ئەوجا بەریدام دووبارە گوتی بخوێنەوە، گوتم خوێندەوارنیم، دووبارە لەباوەشی گرتمەوەو رایگوشیمەوە، دووبارە تەنگاو بووم‌و بەریدام، ئەوجارەش گوتی بخوێنەوە، گوتم چ بخوێنمەوە؟ گوتی ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ *خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ *اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ *الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ * عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ﴾[2] واتە: بخوێنەوە بەناوی پەروەردگارت، کەهەموو گیانلەبەرێکی دروست کردوە، هەموو زەمینی هێناوتە کایەوە، ئادەمیزادی لەپارچە خوێنێك دروست کردوە، کەخۆی هەڵدەواسێ لەو شوێنەی تێیدا پەروەردە ئەبێت، بخوێنەوە خوای تۆ هاوتای نیە، خاوەن چاکەو گەورەییە، ئادەمیزادی بەهۆی پێنووس فێرکردووە، فێری ئەو زانیاریانەی کردووە کەنایزانی، لەتاریکایی نەزانین‌و نەخوێندەواری فێری خوێندەواری کردووە.

کاتێك کابرای لێ بزربوو، پێغەمبەر (ﷺ) زۆر پەشۆکا، لەخۆی پرسی ئایا تووشی چ بووە؟ ئایا دەبێ ئەوە چی بێت؟ تەماشای دەستە ڕاست‌و چەپی کرد هیچی نەدیت، هەندێك مایەوە تووشی

١) السيرة النبوية لابن هشام ١٩٤/١ والسيرة النبوية ابي الحسن الندوي ١٣١.
٢) العلق ١-٥.

لەرزهاتو ترسا لەوەی لەناو ئەشکەوتە کەشتێك هەبێت، کەهیچی نەدیت هەڵستا ڕۆیشت، زۆری بیر کردەوە، نەینەزانی چۆنی لێك بداتەوە، چونکە ڕووداوەکە کۆتو پڕ بوو، بەبێ پێشەکی یەکێکی وای لێ پەیدا بوو هاتەلای.

ئەو چ بەتەماو چاوەنوار نەبوو نەشی نەشینەزانی ئەو پەیامە ئەبێت.

مرۆڤ ئەگەر بەتەمای ڕووداوێك بێت، کەروویدا لەلای ئاسایی ئەبێت، هەروەها ئەگەر بیرکردنەوەیەکیشی بێتە ناو مێشکی، لەخۆیەوە شێوەیەکی وا ببێتە بەرچاویخۆی، دیسان وا ناشیۆیّ لەماوەی ژیانی پێشیشی قەت لەهیچ کردەوەو بەسەرهاتاندا سەری لێ نەشێوایە، تاکو هۆشی لەخۆی نەمینێ بڵێ ئەوە کارێکی بێهۆشیە. لەهەمووشی سەسوڕمێنتر ئەوەبوو کەپێی گوت بخوێنەوەو پێغەمبەر (ﷺ) خوێندەواریش نەبوو.

ئیتر سەری خۆی هەڵگرت لەکێو هاتەخوار، لەڕێگا هەر لەو بیرکردنەوەو سەرسامیە بوو، کەگەیشتەوە ماڵەوە ئەلەرزی. چووە سەر جێگا گوتی (زملونی زملونی) واتە، دام پۆشن دام پۆشن. دایان پۆشیو تاوێك حەسایەوەو هاتەوە سەرەخۆ، بەسەرهاتەکەی بۆ خەدیجەگێڕایەوە گوتی لەخۆم ئەترسم شتێکم بەسەر هاتبێ. خەدیجەش زۆر دانابوو، زۆری لەبابەت پێغەمبەرانو پێغەمبەرایەتی گوێ لێ ببوو. زۆر جاران ئەچووە لای (وەرەقەی کوڕی نوفەل)ی ئامۆزای کەپیاوێکی بەساڵدا چوو بوو، چاوی نەمابوو زۆریش زانابوون ببوو بەمەسیحی لەئینجیلو تەورات شارەزابوو، زۆری ڕق لەکردەوەی دانیشتوانی مەککە ئەبۆوە. زۆریش شارەزای ڕەوشتی پێغەمبەر بوو. خەدیجە بەدڵێکی پڕ سۆزو چاوێکی پڕ ریزەوە بەپێغەمبەری گوت، ناوەڵڵا قەت خوا شەرمەزاری ناکات، چونکە تۆ پیاوێکی خزمایەتی بەجێ دێنیو میوانداری ئەکەیتو یارمەتی لێ قەوماوان ئەدەیت، ئەرکی سەرشانی خەڵك سووك ئەکەی، لەسەرچاکە ئەڕۆیت، لەقسەو کردەوەت ڕاستگۆیت.

خەدیجە ئەو قسانەی پێگوت، بەڵام کارەکە لەوە گەلێ گەورەترو قورستربوو پێویستی بەیەکێك بوو کەشارەزای ئاینەکانو مێژووی ئاینەکانو ڕەوشتی پێغەمبەران بێ.

خەدیجە وای بەباش زانی کەبچنە لای وەرەقەی ئامۆزای، لەوێ پێغەمبەر (ﷺ) بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە. وەرەقەش گوتی سوێندم بەوکەسەی منی بەدەستە، تۆ بوویتە پێغەمبەری ئەو گەلە، ئەوەی هاتووە لای تۆ (جوبرەئیلە)، هەمان ئەو کەسەی کەهاتە لای موسا. هۆزەکەشت پێت باوەڕ

ناکەنو ئازارت ئەدەنو دەرت ئەکەنو شەڕت لەگەڵ دەکەن.

پێغەمبەر (ﷺ) لەوە سەرسام بوو کەوەرەقە گوتی دەرت ئەکەن، چونکە قورەیشیەکان زۆریان خۆش ئەویست، کەناویان ئەهێنا بەناوی ڕاستگۆو دەست پاك (الامین) بانگیان ئەکرد، لەبەر ئەوە پێی گوت چۆن دەریشم ئەکەن!؟ وەرەقە گوتی بەڵێ ئەوەی تۆ هێناوتە هەر پیاوێك پێشی تۆ هێنا بێتی دوژمنایەتیان کردووەو شەڕیان لەگەڵ کردووە، خۆزیا دەژیام تاکو بەچاکی یارمەتیم بدا بای.

ماوەیەکی پێچوو وەرەقە مرد. جوبرەئیل هەتا شەش مانگ نەهاتەوە لای پێغەمبەر، بۆ ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بەتەواوی بێتەوە سەرەخۆ. چونکە کارەکە زۆر قورس بوو، فەرمان وەرگرتنەکەش لەفریشتەوە بوو. فریشتەو مرۆڤ لەیەك ڕەسەن نین. لەبەرئەوە زۆر سامناكو سەرسوڕمێنەر بوو. لەو ماوەیە پێغەمبەر (ﷺ) زۆر دڵ تەنگ بوو. بەلام دوای ئەو شەش مانگە ڕووداوێکی گرنگتر قەوما، پێغەمبەر ئەگێڕێتەوە دەفەرموێ جارێك ئەڕۆیشتم شێوەی هەمان ئەو فریشتەیەی کە لەئەشکەوت هاتە لام پێی گوتم بخوێنەوە، هاتەوە بەرچاوم لەسەر کورسییێك لەنێوان زەوی‌و ئاسمان دانیشتبوو، ئەو ماوەیەی پڕ کردبوو. پێی گوتم ئەی موحەممەد تۆ پێغەمبەری خوای، منیش زۆری لێ ترسام چوومەوە ماڵەوە گوتم (دثروني دثروني) واتە: دام پۆشن دام پۆشن.

کاتێك جوبرەئیل لەسەر شێوەی ئادەمیزاد هاتو فەرمانی خوای پێدام فەرمووی: ﴿يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ * قُمْ فَأَنذِرْ * وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ * وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ * وَالرُّجْزَ فَاهْجُرْ﴾[1] واتە، ئەی ئەو کەسەی خۆت داپۆشیوە هەستە خەڵکی ئاگادار بکەو ڕێزی خوا ڕابگرە، جلەکانت پاك ڕابگرە، لەکردەوەی خراپو پیس دوورکەوە، نزیك بتپەرستی مەبەو لێی دوورکەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر جێگاکەی ڕاست بۆوە، خەدیجە دڵی بۆی هاتە هەژان پێی گوت درێژ بەوە تاکو تاوێك بحەسێیتەوە، فەرمووی: خەدیجە کاتی حەسانەوە نەما، ئەوە جوبرەئیل بوو فەرمانی بۆ هێنام خەڵك ئاگادار بکەمو بانگیان بکەم بۆ سەر ڕێگای چاکە.

ئیتر بەهاتنی وەحی ڕێگای مێژوو گۆڕا بناغەی یاساو پرۆگرامی خوا لەسەر زەوی جێگیربوو، کاتێکی نوێ دەستی پێکرد، کاتی کۆنو بێ کەڵك بەسەرچوو لەمەودوا فەرمان لەئاسمانەوە وەرئەگرێ

(١) المدثر: ١-٥.

نەك لەزەوی، لەپەروەردگاری ئادەمیزاد وەردەگرێ نەك لەمرۆڤ، یاسا لەخوا وەرئەگرێ نەك لەهەوەس و ئارەزووی مرۆڤ.

بەدابەزینی وەحی پەیوەندی راستەوخۆو گفتوگۆی ئاشکرا لەنێوان پەروەردگارو ئادەمیزاد دروست بوو. وەحی بریتی بوو لەدەقی فەرمودەکانی خوا کەبەهۆی جوبرائیل بەبێ زیادو کەم ئەنێدرایە لای پێغەمبەر (ﷺ)ن ئەویش بەبێ گۆڕین و بێ دەسکاری بەمیللەتی ڕائەگەیاند. بۆیە قورئان نەدەستکردی پێغەمبەرەو نەبەرهەمی خەون و خەیاڵی پێغەمبەرەو نەئامۆژگاری و گوتەی خەڵکی وەك بەحیراو وەرەقەی کوڕی نۆفەلە.

باوەڕهێنان بە پێغەمبەر (ﷺ)

پاش دیدەنی جوبرائیل، پێغەمبەر (ﷺ) راست بۆوە، خەدیجە باوەڕی پێ هێناو موسوڵمان بوو. دوای خەدیجە عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب کەتەمەنی دە ساڵان بوو هەر لەلای پێغەمبەر بوو، تەماشای کردن نوێژ ئەکەن، گوتی ئەوە سەجدە بۆ کێ ئەبەن؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی سەجدە بۆ خوا ئەبەین، کراون بەپێغەمبەری ئەو گەلەو فەرمانم پێدراوە بانگی خەڵك بکەم بێنە سەر ئاینی ئیسلام. ئەوجا داوای لەعەلی کرد باوەڕ بێنێ، ئەویش گوتی باپرس بەباوکم بکەم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی پرس بەکەس مەکە. بۆ شەو عەلی بیری کردەوە گوتی خوا کەمنی دروست کردوە پرسی بەئەبو تاڵیب نەکردوە، منیش باوەڕ دێنم و پرس بەئەبو تاڵیب ناکەم. بۆ بەیانی موسوڵمان بوو، لەدوای ئەو زەیدی کوڕی حاریسەش کەببووە کوڕی پێغەمبەر موسوڵمان بوو، ئەوانەش نزیکترین کەس پێغەمبەر بوون، هەر لەماڵی خۆی بوون.

دوای ئەوان (ئەبوبەکری کوڕی ئەبی قوحافە) زۆر دۆستی پێغەمبەر بوو، گەلێ جار لەگەڵ پێغەمبەر پێکەوە دائەنیشتن، لەبەر دانایی و پیاوەتی و راستگۆیی، لەناو قوڕەیش زۆر ناسراوو خاوەن شوێن بوو، پیاوان زۆر ئەهاتنە لای کاروباری بازرگانی بۆ ڕێك ئەخستن شارەزای دانیشتوانی مەککە بوو.

پێغەمبەر (ﷺ) داوای لێکرد موسوڵمان ببێت‌و واز لەبتپەرستی بێنێ، ئەویش هەروەك پێغەمبەر ئەفەرموێ زۆر بەئاسانی موسوڵمان بوو، ئەبوبەکر یەکەم پیاو بوو لەناو دانیشتوانی مەککە کەئیسلام بوو. ئەبوبەکر بوو بەپاڵ پشتێکی باش بۆ ئیسلام، داوای لەناسیاو خانەدانانی قورەیش کرد بۆ ئەوەی موسوڵمان بن.

بۆ نمونە خەڵکی وەك (عوسمانی کوڕی عەفان)و (عەبدولرەحمانی کوڕی عەوف)و (تەڵحەی کوڕی عوبەیدیللا)و (سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس)و (زوبەیری کوڕی عەوام). ئەوانە هەر پێنجیان موسوڵمان بوون. دوای ئەوان گەلێ پیاوی ناوداری وەك (ئەبا عوبەیدەی جەراح)و (ئەرقەمی کوڕی ئەرقەم)و (عوسمانی کوڕی مەزعون)و (عوبەیدەی کوڕی حاریسی کوڕی عەبدولموتەلیب)و (سەعیدی کوڕی زەید)و (خەبابی کوڕی ئەرەت)و (عەبدوڵلای کوڕی مەسعود)و (عەماری کوڕی یاسر)و (سوعەیبی رۆمی) موسوڵمان بوون، ئەوانەی کەموسوڵمان ئەبوون هەموویان زۆربەی رۆژان لەگەڵ پێغەمبەر کۆئەبوونەوە،ڕێگەی ئیسلامەتی پێشان ئەدان‌و فێری رەوشتی خواپەرستی ئەکردن.

وای لێهات خەڵك روویان لەئاینی نوێ کرد، ژن‌وپیاو موسوڵمان ئەبوون، بەلام بەشێوەیەکی نهێنی بوو، چونکە دەیانزانی بتپەرستەکانی قورەیش بەربەرەکانیان ئەکەن.

دەنگ‌و باسی ئیسلام‌و ناوبانگی پێغەمبەر (ﷺ) کەوتە سەر هەموو زاران، موسوڵمانان بەزۆری ئەچوونە ناودۆڵ‌و کێوەکانی دەوری مەککە، بەتایبەت ئەو دۆلەی کەپێی ئەڵێن دۆلی ئەبی تالیب، لەوێ کۆبوونەوەو لێدوانیان لەبابەت ئاینی ئیسلامەوە ئەکرد.

پێغەمبەر (ﷺ) کەوتە کۆبوونەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی ئەیزانی بەقسەی دڵنیا دەبن، بەشێوەیەکی نهێنی داوای لێ ئەکردن موسوڵمان بن.

ئەوجا ژمارەی موسوڵمانان زیادی کردو بوونە(٣٠) سی کەسێك لەژن‌و پیاو، پێغەمبەر (ﷺ) خانووی (ئەرقەمی کوڕی ئەرقەم)ی بۆ ئەرخان کردن بەنهێنی لێی کۆبنەوەو لەوێ فێری یاسای ئاینی ئیسلامی ئەکردن، ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی موسوڵمانان هەر لەزیادە بوو، ئەوانەی موسوڵمانیش ئەبوون بەزۆری بێ دەسەلات‌و هەژارو کۆیلەکان بوون، ئەوانەی چ پایەکیان لەناو قورەیش نەبوو.

ئەوانەش چینێکی ستەم لێکراو، چەوساوە بوون، داوای پێغەمبەرانیش بەفەرمانی خوا لەگەڵ ئارەزوو و ئاواتی ستەم لێکراوان ئەگونجێ، بۆیە بەدڵ‌و گیان وەری ئەگرن.

ڕەوشتو کردەوەی پێغەمبەریش (ﷺ)، هاندەرێکی باش بوو بۆ وەرگرتنی داوای نوێ. ئەو پێغەمبەرە بەچاوێکی پڕ سۆزو باوکانە تەماشای بێکەسو هەتیوو هەژارانی ئەکردن هەردەم خەریکی خواپەرستی بوو، بەشەو نوێژو ڕۆژو گرتنو قورئان خوێندنو پاڕانەوە بوو لەبەرخوا، زۆر دڵسۆزو ڕشت بوو بۆ ئەو ئاینە، پێغەمبەر (ﷺ) نموونەیەکی بێ هاوتا بوو لەپێشەوایەتیبۆ ئەو کەسانەی باوەڕیان پێ ئەهێنا. زۆری پێ نەچوو وای لێهات خەلکی لەهەموو چینێك چ بازرگانو چ هەژارو چ سەردار باوەڕیان ئەهێناو ئەهاتنە سەر ئاینی ئیسلام، وای لێهات لەهەموو شوێنان ناوی موحەممەدو موسوڵمانان باس ئەکرا. بەلام قوڕەیشیە دڵ ڕەقەکانی خاوەن دەسەلاتو دەوڵەمەند، زۆریان گوێ بەداوایەکەی پێغەمبەر نەئەدا، وا تێئەگەیشتن ئەو داوایەش لەداوای قەشەکانو زاناکانی تر تێناپەڕێ. ئەیانگوت بتانی (هوبەلو لاتو عوززاو ئیسافو نایلە) (ناوی بتەگەورەکانیان بوو) بەسەریدا زاڵ ئەبن.

﴿ بانگ کردنی بەئاشکرا ﴾

ماوەی سێ (٣) ساڵ پێغەمبەرایەتی، بانگ کردن هەر بەنهێنی بوو، بەلام پاش ئەوەی ژمارەی موسوڵمانان زیادیکردو ناوبانگیان دەنگی دابۆوە، خوا فەرمانی بەپێغەمبەردا کەبەئاشکرا ئاین بلاوبکاتەوە. فەرموی ﴿فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ﴾[1] واتە بەئاشکرا بانگی خەلك بکە بۆ ئاینی ئیسلام، گوێ مەدە گۆتەی بتپەرستان. ئەمەش وا ئەگەینێ کاتی نهێنی بەسەرچوو.

پێغەمبەریش (ﷺ) چووە سەر گردی سەفا هاواری کردو گوتی، ئەی بەرەی فەهر، ئەی بەرەی عەدی. ئیتر هەموو تیرەکانی قوڕەیشی بانگ کرد، ئەوانیش کەگوێیان لێبوو هەموو ڕایان کردو بەرەو دەنگیەوە چوون (ئەمەش ڕەوشت بۆ کەسێك بانگی بکردبایە بەرەو دەنگیەوە ئەچوون)، ئەوەی بەخۆی نەیتوانی بچێتو پیرانەگەیی یەکێکی لەجیاتی خۆی نارد تاکو بزانێ چ دەڵێ.

هەموو کۆبوونەوە پێغەمبەر (ﷺ) ڕووی تێکردنو فەرمووی من ئەگەر پێتان بڵێم واکۆمەڵە

---

(١) الحجر/٩٤.

سوارێك لەدیوی ئەو كێوە، هێرشتان بۆ دێنێ پێم باوەڕ ئەكەن؟

گوتیان بەڵێ، چونكە لەڕاستی بەولاوە هیچی ترمان لەتۆ نەدیوە، گوتی ئاگاداربن پێتان ئەڵێم سوێند بەو خوایەی تاك و تەنیایە، ئەگەر باوەڕم پێ نەهێنن هەمووتان تووشی ئازارو ئەشكەنجەیەكی زۆر ئەبن لەچاكەو خراپە هیچم لەدەست نایەت بۆتانی بكەم، تەنیا ڕێگەتان ئەوەیە ئەبێ باوەڕبێنن ئەوجا دەرباز ئەبن.

لەناو هەموویان (ئەبو لەهەب)ی مامی، پیاوێكی قەڵەوو تووڕە بوو گوتی: (دەك ڕەنجەڕۆ بیت هەر بۆ ئەوەش بانگت كردین) بەو قسەیە هەموویان بڵاوەیان لێكردو باوەڕیان نەهێنا، خواش سەبارەت بە ئەبو لەهەب و ژنەكەی دەفەرموێ: ﴿تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ * مَا أَغْنَى عَنْهُ مَالُهُ وَمَا كَسَبَ * سَيَصْلَى نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ * وَامْرَأَتُهُ حَمَّالَةَ الْحَطَبِ * فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَدٍ﴾[1] واتە، هەردوو دەستەكانی ئەبولەهەب ڕەنجەڕۆو زیاندارن (مەبەست لێرە خۆی ڕەنجەڕۆو ماڵ وێرانە) ماڵ و سامان و منداڵەكانی لەلای خوا بەكەڵكی نایێن (ئەبو لەهەب ئەیگوت، ئەوەی موحەممەد ئەیلێ، ئەگەر ڕاست بێ ماڵ و منداڵەكانم بەخت ئەكەم بۆ دەربازبونم لەسزای خوا) بەڵام چ كەڵكی ناگرێ، جێگای خۆی و ژنە دار بەكوڵەكەی ناو مەشخەڵی ئاگرە، ژنەكەی پەتێكی ئاگری لەملە)، ئەو ژنەی ناوی دایكی جەمیل بوو، ئەچوو دڕك و داری بەكۆڵ ئەهێنا، شەو لەسەر ڕێگای پێغەمبەری بڵاوئەكردەوە تاكو ئازاریبدات ملوانكەیەكی بەنرخیشی لەمل بوو ئەیگوت، سوێندم بەلات و عوززا ئەو ملوانكەیە لەدوژمنایەتی موحەممەد خەرج ئەكەم).

دوای ئەوە خوا فەرمانی بەپێغەمبەردا كەخزمە نزیكەكانیشی لەسزای ڕۆژی قیامەت ئاگادار بكات و بیان ترسێنێ، دەفەرموێ: ﴿وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ﴾[2] واتە خزمە نزیكەكانت بترسێنەو ئاگاداریان بكە لەسزای خوا لەڕۆژی قیامەت.

پێغەمبەریش (ﷺ) هەموو خزمەكانی بۆ نان خواردن بانگ كرد، دوای ئەوەی كۆبوونەوە، ئەبولەهەبی مامی پێغەمبەر نەیهێشت قسەیان لەگەڵ بكات و بڵاوەی پێكردن، ناچار جارێكی تریش

(١) اللهب: ١-٥.
(٢) الشعراء ٢١٤.

بانگی کردنەوەو نانی بۆ دروست کردن ئەوجارە پێی گوتن (باوەڕ ناکەم کەس شتێکی لەمن باشتری بۆ گەلەکەی هێنابێ، من خێرو چاکەی دونیاو قیامەتم بۆ هێناون، خوا فەرمانی پێداوم کەبۆخوا بانگتان بکەم، بێنە سەر ڕێگای ئیسلام بەکردەوەیباش لەئاگری دۆزەخ رزگارتان ئەبێ. هەرچی دەتانەوێ لەماڵی خۆم پێتان ئەدەم، بەڵام من هیچم لەدەست نیە لەئاگری دۆزەخ رزگارتان بکەم. ئەی فاتیمە کچی موحەممەد، ئەی سەفیەی کچی عەبدولموتەلیب، ئەی بەرەی هاشیمو بەرەی عەبدولموتەلیب لەخوا بەولاوە کەستان بەهانا نایێ).

ئەمەش فەرمانێکی زۆر گرنگە لەئاینی ئیسلام، کەهیچ جیاوازییەك نیە لەنێوان خزمانی پێغەمبەرو خەڵکی تر، هەرچی باوەڕ نەهێنی سزای خۆی وەردەگریو کەسیش بەتەمای پێغەمبەر لەخۆی نەگەڕێ تەنیا کردەوەی خۆی بەکەڵکی دێت، کەسیش بەتەمای پاڕانەوەی کەس لەخۆی نەگەڕێ، پێغەمبەر بەزوبانی خۆی بەجگەر گۆشەی خۆی بڵێ هیچم لەدەست نایەت، ئەدی یەکێکی کە بەسەدان پلە لەخوار پێغەمبەرە چی لەدەست دێت؟

بەربەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ)

پاش ئەوەی پێغەمبەر بەئاشکرا کەوتە بانگ کردنی خەڵك، دانیشتوانی مەککە بەزۆری گوێیان لەداوایەکەی ئەگرتو زۆران موسوڵمان ئەبوون، بەتایبەتی بێ دەسەڵاتان ئەیانویست لەژێر کۆتو زنجیری سەردارانی قورەیش لەبیروباوەڕی پڕوپوچی بتپەرستی‌ڕزگاریان ببیو بکەونە ژیانێکی بەختەوەریو سەربەخۆیی. نەهوبەلو نەلاتو عوززاو نەئاگری ئاگرپەرستانو نە ئەستێرەی ئەستێرە پەرستانو نە مرۆڤو نەفریشتە ئەوانە هیچیان ناکەونە نێوان خواو مرۆڤو ناتوانن خوا لەمرۆڤ بشارنەوە، ئەوەی بەکەڵك مرۆڤ دێتو دەربازی ئەکات لەخراپەی ئەو ژیانەو ڕۆژی قیامەت هەر بیروباوەڕو کردەوەی خۆیەتی.

ئازادی گەوهەرێکە لەو ژیانە قەت لەوە خۆشتر نیە، کارت بەکەسێکی خاوەن دەسەلات بکەویو بتوانی ڕاستەوخۆ بەگوێرەی دڵی خۆتو بەسەربەخۆیی قسەی لەگەڵ بکەی، بەبێ پاسەوانو بێ دەرگەوانو بێ دەللال. لەوەش خۆشتر نیە داوا لەیەکێك بکەی کە لەخۆشەویستی بەولاوە شتێکی تر

لەنێوان نیە، هیچ منەتت لەسەر ناکات، بەڵکو فەرمانی لەسەر ئەوەیەو چاوەنوارە کەمرۆڤ داواکار بێت بۆ هەر پێویستیەکی کەرەوایە بۆی بکات.

بەڵام سەردارانی قورەیش بەو دەوڵەمەندیو دەسەڵاتداریەوە سەرخۆش ببوونو لەخۆیان بایی ببوون، وایان ئەزانی ئەو حاڵە هەر بەردەوام ئەبێت. جگە لەوەش کردەوەی باووباپیرانیشیان لەلا زۆر پیرۆز بوو، بۆیە کەپێغەمبەر (ﷺ) داوای لێ دەکردن واز لەبتپەرستی بێنن، دەیانگوت ئێمە باووباپیرانی خۆمان ئەوها دیوە، هەروەك خوا ئەفەرموێ: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْاْ إِلَى مَا أَنزَلَ اللّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ قَالُواْ حَسْبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءنَا أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ شَيْئًا وَلاَ يَهْتَدُونَ﴾[1] واتە ئەگەر پێیان بگوترابایە وەرن بەگوێرەی ئەو فەرمانەی خوا بۆ پێغەمبەری هەناردوە فەرمانبەری بکەن، خوای تاكو تەنیا بپەرستن، ئەیانگوت ئەوەمان بەسە بابو باپیرمان لەسەری ئەڕۆیشتن. سەیرەکە ئەوەیە بەدوای باووباپیرانیان ئەکەون، ئەو باوو باپیرانەی کەهیچیان نەئەزانیو ڕێگاشیان بزر کردبوو پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی باو باپیرانتان نەزانن بوونو ئەوانەی ئەیپەرستن هیچ سەنگێکیان نیەو هەر پەیکەرنو دروست کراون، دەسەڵاتیان لەدەست نیە، چاکەو خراپەیان لەدەست نایەت. زۆر تووڕە بوون. ئیتر سەردارانی قورەیش بڕیاریان دا کەبەربەرەکانی پێغەمبەری بەتوندی بکەن بەتایبەتی دوای ئەوەی کەدەیاندیت خەڵکەکە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر بەدوای دەکەون.

بەربەرەکانیەکەشیان زۆر بەوردیو ژیرانە دەست پێکرد، یەکەم جار ویستیان نرخو سەنگی پێغەمبەر لەلای خەڵکی کەم بکەنەوە. شاعیرەکانیان بەپارە هەر خەڵەتاند تاوەکو قسەی پێ هەڵ ببەستن. داواشیان لەپێغەمبەر دەکرد کەکردەوەی وا بکات لەدەسەڵاتی ئادەمیزاد نیە، واتە (موعجیزە)یان بۆ بێنێ. داوایان لێ دەکرد کەئەو شتانەی کەحەزرەتی عیساو موساو پێغەمبەرانی تر بۆیان ئەهات بۆ ئەویش بێت، یاخود دەیانگوت بۆچی گردی سەفا هەمووی بۆمان ناکاتە زێڕ، بۆچی ئەو قورئانە هەمووی بەیەك جاری بەنوسراوی بۆی نایەت؟ بۆچی کێوەکانی دەوری مەککە لانا بات.؟ بۆچی لەو بێ ئاویە ڕزگارمان ناکاتو کانیاوێکی وەك زەمزەمو لەویش شیرینتر پەیدا ناکات.

هەر بەوانەش لێ نەدەگەڕان، ئەیانگوت بۆچی نرخی کەڵوپەلمان پێ ناڵێت تاکو لەبازرگانیەکەمان

---

(١) المائدة: ١٠٤.

سوودمان پێ ببڕێ.

ئیتر زمانیان گەلێ درێژ نەکرد تاکو خوا فەرموی: ﴿قُل لاَّ أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلاَ ضَرًّا إِلاَّ مَا شَاء اللّهُ وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لاَسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ إِنْ أَنَاْ إِلاَّ نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾[1].

واتە: ئەی پێغەمبەر بەو بێ باوەڕانە بڵێ من نەچاکەو خراپەم لەدەست نیە بۆ خۆم، تەنیا ئەوە نەبێ کەخوا ئارەزووی لەسەرە، ئەگەر ئەوەیلە من بزرەو مـن بمزانیبایە، چاکەو سوودێکی زۆرم پێ ئەبڕاو درێغیشم نەئەکردو هیچ خراپەیەکیشم تووش نەدەهات. مـن تـەنیا یـەکێکم مـوژدەی خۆشـیو ئاگاداری ئەگەیەنم بەو کەسانەی باوەڕ بەخوا دێنن، سەیر ئەوەیە سەردارانی قـوڕەیش ئەوەنـدە بـەلای نەزانینو نەفامیدا چوبوون، خۆیان هەستیان بەخۆیان نەدەکرد، کەچەند نەزانن.

پەیکەری داتشراویان هەڵپەساردبوو بەخوایان ئەزانی، یا بەرەهبەریان ئەزانی کە لەلای خوا بۆیـان بپارێتەوە، داوایان لەو پەیکەرانە نەئەکرد کەئەوانیش توانای خۆیان دەربخـەن، یـا بـیر بکەنـەوە بلـێن ئەوانە خۆ هیچ توانایەکیان نیە.

﴿ چەکی پڕوپاگەندە ﴾

قورەیشیەکان بڕیاریان دا کەپڕوپاگەندە لەدژی پێغەمبەر (ﷺ) بکەن، شاعیرانو خەڵکیان هانـدا کەقسەی ناڕێكو بوختان بۆ پێغەمبەر هەڵبەستن بەتایبەتی لەوکاتی کەفەرمانی بۆ هات داوا لەهەموو بکات بێنە سەر ئاینی ئیسلام. ئیتر پێغەمبەر (ﷺ) کەوتە کۆبوونەوە لەگەڵ ئـەو هۆزانـەی دەهاتنـە مەککە دەچووە لایان داوای لێ دەکردن، بێنە سەر ئاینی ئیسلام. لەبەرئەوە قورەیشیەکان لەناوەخۆیان کۆبوونەوەیەکیان کرد، گوتیان باشترین شت ئەوەیە بلـێین موحەممـەد فاڵـچیە، بـەڵام (وەلیـدی کـوڕی موغیرە) پیاوێکی تێگەیشتوو بوو، زۆریش بێ باوەڕو لەخۆبایی بوو، گوتی ئـەوەی موحەممـەد دەیلـێ قسەی فاڵچیو کتێب گرەوە نیە. هەندێکی تر گوتیان با بلـێین موحەممـەد شـێتە، وەلیـد گـوتی هـیچ بەڵگەیەکی شێتایەتی لەسەر نیە، دوایی گوتیان بابلێین جادووگەرە. وەلید گوتی موحەممەد فوو لـەداوو

(١) الاعراف: ١٨٨.

گرێی داو ناکا هیچ کردەوەیەکی جادوگەرانیش ناکات، بەڵام باشترین شت ئەوەیە بڵێین جادوگەرێکی وایە کەباوكو کوڕو براو ژنو مێردو هێزو تیرە لێك دەکات.

ساڵ وەرسوڕایەوە کاتی حەج داهات، قوڕەیشیەکان کەوتنە ناو ئەو هۆزانەی ئەهاتنە مەککە بۆ حەج کردنو بازاڕەکان، قوڕەیشیەکان پێیان ئەگوتن گوێلەقسەی موحەممەد ڕامەگرن، دەنا وەك ئێمەتان بەسەر دێتو هەمووتان پارچە پارچە ئەبن. بەڵام پڕوپاگەندە هیچ کاتێك بەرامبەر هەستی گیانی ڕاناوەستێو کاری تێ ناکات. بە تایبەت کەڕاستی لەناو خەڵك ئاشکرابوو هیچ شتێك بەربەستی ناکات. خوا لەقورئان باسی وەلید دەکات، ئەفەرموێ: ﴿ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا *وَجَعَلْتُ لَهُ مَالًا مَّمْدُودًا *وَبَنِينَ شُهُودًا *وَمَهَّدتُّ لَهُ تَمْهِيدًا * ثُمَّ يَطْمَعُ أَنْ أَزِيدَ *كَلَّا إِنَّهُ كَانَ لِآيَاتِنَا عَنِيدًا *سَأُرْهِقُهُ صَعُودًا * إِنَّهُ فَكَّرَ وَقَدَّرَ * فَقُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ * ثُمَّ قُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ * ثُمَّ نَظَرَ *ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ * ثُمَّ أَدْبَرَ وَاسْتَكْبَرَ * فَقَالَ إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ يُؤْثَرُ * إِنْ هَذَا إِلَّا قَوْلُ الْبَشَرِ *سَأُصْلِيهِ سَقَرَ﴾[1] واتە: لێم گەڕێ ئەی پێغەمبەر، لەگەڵ ئەو بەدبەختەی کەبەتەنیا لەدایکیم هێناوەتە دونیاو سامانێکی زۆریشم لەماڵاتو باغو زەویو زارو کوڕو منداڵ پێداوە لەگەڵ کوڕەکانی پێکەوە ئەژینو بەخۆشی ڕادەبوێری، هەموو کارێکم بۆ ڕێك خستووە لەسەر هیچ یەکی ناکەوێ، زۆریش بەڕێزو دەسەلاتە لەناو قوڕەیشیەکان، هێشتاش چاوی لەزیاترە دەبێ تووشی ئازارو ئەشکەنجەی بکەم. ئەوە بەتەواوی بیری کردەوە لەپێغەمبەرو ئەو قورئانەو بڕیاریدا بوختان بۆ پێغەمبەرو بۆ قورئان هەڵببەستێ (دەیگوت قورئان جادوەو موحەممەدیش جادووگەرێکی وایە باوكو کوڕو براو ژنو مێرد لێك ئەکات) دەك ماڵی کاول بێ چۆن ئەو بوختانەی هەڵبەست وابڵێ، یەك لەو بێ باوەڕە لەو بەدبەختە، دووبارە بیری لەو قورئانە کردەوە ئەوجا ڕووی خۆی گرژکردو دەمو چاوێکی تووڕەی دەرخست بەجارێك بێ باوەڕ بوو، پێی کەمی بوو باوەڕ بەموحەممەد بێنێ، گوتی ئەو قورئانە قسەی جادوانە، ئەوە قسەی خوا نیە، قسەی مرۆڤە، بۆیە دەبێ بیهاوێمە ناو دۆزەخ کەهیچ شتێك خۆی تێدا ناگرێو دەیفەوتێنێ).

* * *

---

(١) المدثر/ ١١-٢٦..

قورەیشیەکان چیان پێ نەما!، پێغەمبەر قسەی لەگەڵ خەڵکی دەکرد دەیانگوت ئەو قسانەی موحەممەد ئەیکات، یەکێکی تر فێری ئەکات (ئەوەی کەدەیانگوت فێری ئەکات، پیاوێکی ڕۆم بەناوی (جەبری ڕۆمی) بوو، ئەویش عەرەبی نەدەزانی) هەروەك خوا لەقورئان باسی ئەکات ئەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ لِّسَانُ الَّذِي يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِيٌّ وَهَـٰذَا لِسَانٌ عَرَبِيٌّ مُّبِينٌ﴾[1] واتە: (خوا ئەفەرموێ ئێمە باش ئەزانین، ئەو بێ باوەڕانە دەڵێن ئەو قورئانە یەکێکی تر فێری ئەکات عەرەب نیە. ئەو قورئانەش بەزوبانی عەرەبیەکی ڕێكو پێكو ئاشکرایە، چۆن پیاوێکی عەرەبی نەزانی ئەتوانێ ئەو قورئانە فێری موحەممەد بکات).

لەلایەکی ترەوەن پیاوێك هەبوو ناوی (توفەیلی کوڕی عەمری دوسی) بوو، زۆر زاناو تێگەیشتوو بوو، کەهاتە مەککە قورەیشیەکان پێیان گوت ئاگاداربە. قسە لەگەڵ موحەممەد، کە، قسەکانی وەك جادوو وایە با هەڵت نەخەڵەتێنێ، دوو بەرەکی ئەکەوێتە ناو هۆزەکەت ڕۆژێك توفەیل چووە کەعبە دیتی پێغەمبەر (ﷺ) لەوێیە، چوو گوێی لەقسەکانی گرت لەدڵی خۆیدا بەخۆیگوت دەك عەمرت نەمێنێ، ئەگەر باش بوو ئەوا وەری بگرەو ئەگەر خراپیش بوو وازی لێ بێنە. کەپێغەمبەریش (ﷺ) هەندێك قورئانی بۆ خوێندو داوای لێکرد موسوڵمان ببێت، ئەویش باوەڕی هێنا. گەڕایەوە ناو هۆزەکەی ئیسلامەتی پێگوتن، گەلێکیان موسوڵمان بوون، بەڵام خۆیان ئاشکرا نەکرد تاکو شاری مەککە گیرا، زۆرانی وەك توفەیل موسوڵمان بوون. چونکە گەلێکیان شەوان لەدانیشتنەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بەشداریان ئەکرد گوێیان لەقسەکانی ئەگرت، دڵیان نەرم ئەبوو، بەڵام لەبەر خۆشەویستی دەسەڵاتو سامانەکەیان وایان ئەزانی ئەگەر موسوڵمان بن ئەو دەسەڵاتو سامانەیان لەکیس ئەچێ، بۆیە پەشیمان ئەبوونەوە.

﴿ ئازاردانی موسوڵمانان ﴾

قورەیشیەکان لەسەر ئەو کەللە ڕەقیە ڕۆیشتن، بەردەوام گاڵتەیان بەقسەکانی پێغەمبەر ئەکرد، لەکۆبوونەوەکانی دەوری کەعبە، ناوی پێغەمبەریان بەزەردەخەنەیەکی گاڵتەوە ئەهێنا، بەڵام کەدیتیان

(١) النحل/ ١٠٣.

ڕۆژ بەڕۆژ موسوڵمانان ڕوویان لەزۆر بوونەو هەموو ڕەخنە لەخواکانیان ئەگرنو بەچاوێکی سووك تەماشایان ئەکەن، بەتایبەت کەپێغەمبەر پێی گوتن باوباپیرانیشتان نەزانو نەفام بوون کەئەو بتانەیان پەرستووە.

قورەیشیەکان ئەو قسەیان بەکفرێکی زۆر گەورە دانا، بەوە کەوتنە توندوتیژی لەگەڵ پێغەمبەرو موسوڵمانان. هەرچەندە ئەبو تالیبی مامی پێغەمبەر پشتیوانی لێ ئەکرد، بەڵام زۆرجارانیش لەکاتی نوێژ کردنو لەکەعبە ئازاریان ئەدا. یەکێکی وەك (عوقبەی کوڕی باوکی موعەیت) ورگو ڕیخۆڵەی مەڕو بزنی سەربڕاوی لەکاتی نوێژ هاوێشتە سەر پشتی پێغەمبەر، پێغەمبەریش (ﷺ) سەری لەسەجدە ڕاست نەکردەوە تاکو فاتیمەی‌کچی هات لەسەری لابرد.

هەروەها ڕۆژێکی تر دیسان عوقبە پێغەمبەری لەکەعبە دیت، لەو کاتی نوێژی ئەکرد، کراسەکەی لەملی پێغەمبەر شەتەکدا، زۆر نەمابوو بخنکێنێ، تاکو ئەبو بەکر پێی ڕاگەیی‌و لەبەردەستی ڕزگار کردو گوتی پیاوێك ئەکوژن، چونکە دەڵێ خوا پەروەردگارمە.

موسوڵمانەکانیش بێبەش نەبوون لەئازاری قورەیشیان، هەریەکە بەگوێرەی خۆی ئازاری چێشت. لەوکاتەی کەبەنهێنی موسوڵمان ئەبوون، ئەگەر خزمە بت پەرستەکانیان هەستیان پێ بکردبان ئەوا تۆزیان لێ ئەکردن بگەڕێنەوە سەر ئاینی خۆیان، دەنا ئازاریان دەدان. یەکێکی وەك (عوسمانی کوڕی عەففان) موسوڵمان بوو، حەکەمی کوڕی عاسی کوڕی عومەییەی مامی، هێنای بەستیەوە گوتی واز لەئاینی باوباپیران دێنی بۆ ئاینێکی دروستکراو، وەڵڵاهی ناتکەمەوە تاکو واز نەینی، عوسمان گوتی وەڵاهی قەت واز ناهێنم، مامەکەی کەدیتی باوەڕی هەندە بەتینە وازی لێ هێنا.

ڕۆژێك ئەبو بەکر چووە کەعبە بانگی خەڵکی کرد بۆ ئاینی ئیسلام، قورەیشیەکان هەر لەوێ لێی ڕاست بوونەوە، وایان کرد، دەمو چاوی لەبەر خوێن دیار نەبوو، بردیانەوە بۆ ماڵ هێشتا لەسەر ئەو حاڵە، دایکی هاتە لای، هەواڵی پێغەمبەری لێ پرسی، گوتی چی بەسەر هات؟ ئەگەرچی دڵنیایان کرد کەوا پێغەمبەر (ﷺ) باشەو بێ ئازارە، بەڵام ئەبوبەکر سوور بوو گوتی نانو ئاوم لێ حەرام بێ تاکوو نەیبینم، بەدوو کەس چوونە ژێر باڵی تاکوو بردیانە لای پێغەمبەر.

ئەو موسوڵمانانەی هۆزەکەی یا خزمەکانی پشتیوانیان کردبان تووشی ئازاری زۆر کوشندەو بەتین نەدەبوون، بەڵام ئەوانەی بێکەس‌و بێ هۆزبوون کەوتنە بەر ئازارێکی گەلێ بەتین، بەتایبەتی

کۆیلەکانی ژێر دەستی سەردارانی قورەیش. یەکێکی وەك (بیلالی کوڕی ڕەباحی حەبەشـی) کەکۆیلـەی ئومەییەی کوڕی خەلەف بوو، گەلێ جار لەقرچەی‌گەرمای هاوین لەسەر لیمی گـەرم درێـژیان ئـەکردو بەردی زلیان لەسەر سینگی دادەناو تۆبزیان لێ دەکرد واز لەخوای تاك‌و تەنیا بێنێ‌و بگەڕێتـەوە سـەر بت پەرستی. ئەویش خاوەن باوەڕێکی ئەوەندە بەتێن بوو نەمردن دەیترساندو نەگەرمای بیابـان‌و لێـدان کاری تێ ئەکرد، لەژێر ئازارەشەوە هەر ئەیگوت (أحد أحد) واتە، خوا تاکو تەنیایەو هاوبەشی نیە.

تاکو جارێکیان لەو حاڵەدا بوو، ئەبوبەکری سدیق هات کەچاوی پێکەوت، بیلالی لەئومەییە کڕی‌و ئازادی کرد. ئەبوبەکر چەندین موسوڵمانی تری کڕی‌و لەئازار رزگاری کردن، (بۆ نموونە (عامیری کوڕی فەهیرە)و (دایکی عەبیس)و (زیننیرە)و (نەهدیـەو کـچەکەی) لەگـەڵ کارەکـەرێکی (عومـەری کـوڕی خەتاب)، هێشتا عومەر موسوڵمان نەببوو ئازاری ئەو کارەکەرەی ئـەدا، جارێکیـان بـاوکی ئەبوبـەکر بەئەبوبەکری گوت، ڕۆڵە تۆ ئەگەر هەر ئازاد ئەکەی کۆمەڵێکی بەهێزو توانا ئازاد بکە، لـەو هـەژارو بێ دەسەڵاتانە چاکترە، ئەویش گوتی من هەر خۆم دەزانم چی ئەکەم.

هەندێکیان لەوانەی ئازار ئەدران لەبەر ئێش‌و ئازار ناچار ئەبوون ئەیانگوت، وازمـان لەموحەممەد هێناو لات‌و هوززاو هوبەل خوای ئێمەیە. ڕۆژێك (عەماو یاسیری باوکی)و (سومەییەی دایکیان) درێـژ کردبوون‌و ئازاریان ئەدان ئەبو جەهل بەوێدا تێپەڕی، نیزەیەکی لەسومەیەدا کوشتی.

پێغەمبەر (ﷺ) لەوکاتی بەوێدا هات چی پێنە کـرا فـەرمووی (صبراً یـا آل یاسـر فـإن جزائکم الجنـة)[1] واتە، ئەی بەرەی یاسر ئارامتان هەبێت، بەهەشت پاداشتانە). ئەو ئافرەتـە یەکـەم شـەهیدی ئیسلام بوو، جگە لەوانە گەلێکی تریش لەئافرەت‌و پیاوان ئازار ئەدران‌و هێندێکیان لەژێر ئـازار کـوێر ئەبوون یا دەمردن.

(خەبابی کوڕی ئەڕەت) ئەگێڕێتەوە دەڵێ ڕۆژێك گرتیان خستمیانە ناو ئاگر، پیاوێك پێی لەسـەر سینگم دانا تاکو پشتم بەزەویەکەوە نووسا، بەوە پـشتم هـەمووی سـووتا، کاتێـك کەپـشتی هـەلکرد دیتیان هەموو پشتی بەڵەك ببوو.

بـەڵام ئـازارو ئەشـکەنجە ناتوانـێ کـار لـەخاوەن بیروبـاوەڕانی ڕاسـتەقینە بکـات، بـەلکو ئـەو

---

(١) زاد المعاد٣/٢٢.

موسوڵمانانە باوەڕیان ئەوەندە بەخوا بەتین بوو ئەو ئازارو ئەشکەنجەیان بەقوتابخانە دائەنا. قوتابخانەیەك کەخوا بۆی داناون تاکوو بزانن بیروباوەڕی ڕاستەقینە بەبێ ئازارو خۆبەخت کردن سەرناکەوێ.

خوانەیویستوە بەدانیشتن‌و پاڕانەوە پێغەمبەران‌و موسوڵمانان ئەو ئایینە بچەسپێنن‌و واز لەخەبات بێنن، دەبێ هەمووی تاقی بکرێنەوەو دەربکەوێ تا چ ڕادەیەك باوەڕیان بەخوا بەتینەو ڕشتن لەسەر داوا پیرۆزەکەیان. پایەو سامان پاڵی بەموسوڵمانانەوە نەدەنا، وەك بێ باوەڕان خەباتی بۆ بکەن، ئەوانە مردنیان لەو ڕێگەیە گەلێ لەلا پیرۆزتر بوو لەژیانی چاوشۆڕی‌و سەرنویەتی‌و گوناهکاری. ئیمامی بوخاری ئەگێڕێتەوە کەخەبابی کوڕی ئەرەت دەڵێ جارێك چوومە لای پێغەمبەر، لەبن دیواری کەعبە جوببەکەی هاویشتبووە ژێر سەری، پێم گوت ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە زۆر ئازار لەدەست قورەیشیان ئەچێژین، بۆچی لەخوا ناپاڕێیەوە بۆمان لەو ئازارو ناخۆشیە ڕزگارمان ببێ. دەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) ڕاست بۆوە دەم‌و چاوی سوور هەڵگەڕاو فەرمووی (لەپێش ئێوە خاوەن باوەڕان بەمشار گۆشتیان لە لەشی ئەکردنەوە/ وازیان لەئایینیان نەئەهێنا ئێوە پەلە ئەکەن، ڕۆژێك دێ خوا ئەو ئایینە سەر ئەخات، هەتاکو وای لێ دێت سوار لەسنعاوە ئەچێ بۆ حەزرەموت، لەخوا بەلاوە لەکەس ناترسێ)[1].

بۆیەش پێغەمبەر (ﷺ) ناوی ئەو دوو شوێنەی هێنا چونکە عەرەبەکان نەیاندەوێرا لەنێوان ئەو دوو شارە بەتەنیا بڕۆن.

پێغەمبەر (ﷺ) باوەڕی ئەوەندە بەبانگەوازو داوایەکەی بەتین بوو، هەر بۆیە مزگێنەی دایە یاران کەوڵاتی فارس‌و ڕۆمیشیان ئەکەوێتە ژێر دەست، ئەو وڵاتانە لەدوای خۆی کەوتنە ژێر دەستی موسوڵمانان، بەڵام قسەکانی وەك ئومێدو ئاواتی سەردارانی وڵاتان نەبوو کەخەون بەدەوڵەتێکی گەورەو فرەوان ببینێ، بەڵکو هەرچی ئەیگوت هەمووی لەخواوە بوو، بەگوێرەی‌بەهەواو هەوەس قسەی نەئەکرد، بێ باوەڕان (بەتایبەت دوژمنانی ئیسلام) وا بیر ئەکەنەوە، دەڵێن پێغەمبەر (ﷺ) هەر لەیەکەم ڕۆژەوە هەوڵیدا بۆ دەوڵەتێکی گەورە، عەرەب دەسەڵاتیان لەسەر وڵاتان هەبێت.

شتێکی سروشتیە خوا وای کردووە، تاکوموسوڵمانان خۆگر بن لەسەر ئیسلام خوا ڕەنجیان بەفیڕۆ نادات، پێغەمبەرێك کە لەگەورەترین چینی ئەو عەرەبانە بوو، چاوی لەدەسەڵات‌و سامان نەبوو، ئەگەر

---

(١) إبن كثير السيرة ١/٢٤٤ لەبوخاری ئەگێڕێتەوە.

بانگەوازەکەی لەمەڕ خوا نەبوایە، لەسەر ئەو ناخۆشیانەی موسـولْمانان دەیانچێـشت، ئـەوها خـۆڕاگر نەدەبوو، بەلاّم چونکە داوایەکەی بۆ دەرباز بوونی ئادەمیزاد بوو، بۆیە هەولّی قورەیشیەکان ڕێیان پـێ بەربەست نەکرا، بەلّکو موسولْمانان ڕوویان هەر لەزیادەبوو.

﴿ ئیسلام بوونی هەمزە ﴾

هەمزەی کوڕی عـەبدولموتەلیب مـامی پێغەمبەر برای شیریشی بوو، پیاوێکی ئـازاو نـەترس بـوو، خەلّك پێوانەی بۆ ئەکرد نەیاندەوێرا خۆی لێ ڕاست بێنن، زۆری حەز لەڕاوئەکرد، هەموو جـاریش کـە لەڕاو دەگەڕایەوە، ئەچووە کەعبەو تەوافی ئەکرد ئەوجا ئەچۆوە مالّ.

ڕۆژێك پێغـەمبەر (ﷺ) لەڕێگا ئەڕۆیشت تووشی ئەبو جەهل (عەمری کوڕی هوشـام) بـوو ئـەبو جەهل زۆری جنێو بەپێغەمبـەردا، بـەلاّم پێغەمبـەر (ﷺ) خـۆی تێنەگەیانـد ئـەوەیان بـۆ هـەمزە گێڕایەوە، ئەویش لەوکاتە لەڕاو ئەگەڕایەوە. یەکسەر بەرەو کەعبە ڕۆیشتو خـۆی لەکـەس نەگەیانـد، لەوێ چاوی بەئەبو جەهل کەوت لەگەلّ کۆمەلّێك دانیـشتبوو، لـەبۆی چـوو گەیـشتە سـەری کـەوانی تیرەکەی بلّند کردو بەتوندی لەدەمو چاوی ئەبو جەهلیدا، دەمو چاوی داڕوشاندو پێی گوت جارێکی تـر بەگۆ موحەممەدا نەچی. ئەبو جەهل نەیوێرا هیچ دەنگ بکات، هەر لەوێندەر هەمزە لەبەرچاوی خـەلّك شادەی هێناو ئیسلام بوو.

ئیسلام بوونی هەمزە لەهەموو مەککـە دەنگـی دایـەو، کـارێکی گـەورە بـوو لـەلای قـورەیش. گەورەکان کەئەو باسەیان بیست دلّیان داخورپاو کەوتنـە مەترسـی، چـونکە پـشتیوانێکی بـەهێز بـۆ موسولْمانانو پێغەمبەر پەیدابوو. لەبەرئەوە قورەیـشیەکان کۆبوونەوەیـەکیان کـردو تێیـدا بڕیاریانـدا کەشتێکی وا بکەن پێغەمبەر دلّنیا بکەن کەچیتر لەسەر ئەو داواکاریە نەڕواتو واز بێنێ.

(عوتبە کوڕی ڕەبیعە)، تێگەیشتوو و لێزان بوو و گوێ لەقسەی ڕادەگیرا، بەقورەیشیەکانی گـوت من وا بەباش ئەزانم بچمە لای موحەممەد، قسەی لەگەلّ بکەم زۆر شتی پێشان بـدەم، هەرچـی ویـستی بیدەینێ بەلّکو هەندێکی وەرئـەگرێ. قورەیـشیەکان ڕازی بـوون، بـەو خەیالّـە پێغەمبـەر (ﷺ) بـۆ دەسەلاّتو مالّو سامانو پایە ئەو بانگە دەکات. ئینجا عوتبە چووە لای پێغەمبـەرو دانیـشت، پێـی

گوت ئەی برازای خۆم، خۆت ئەزانی تۆ لەناو ئێمە خانەدانو خاوەن ڕەوشتی، بەڵام تۆ لەناو هۆزەکەت بەکارێکی زۆر گەورە هەڵساوی، هەمووت لێک کردوونەو بیروباوەڕیان بەسووکی تەماشا ئەکەی، لەبەرئەوە من هاتوومەتە لای تۆ، گوێم لێ رابگرە چەند قسەیەکت لەگەڵ ئەکەم، تۆ بەو کردەوەیەت ئەگەر مەبەست ماڵو سامانە، ئەوەندەت پارە ئەدەینێ تاکو لەهەموومان دەوڵەمەندتر ئەبیت، ئەگەر دەسەڵاتو گەورەییشت ئەوێ ئەتکەینە گەورەی خۆمان، هیچ کارێك بێ فەرمانی تۆ ناکەین، ئەگە رخانوو زەویشت ئەوێ ئەتدەینێ، ئەگەر نەخۆشیشی ناتوانیخۆت ڕابگری دەتبەینە لای پزیشك، هەمووماڵی خۆمانت بۆ تەرخان ئەکەین تاکو چاك ئەبیەوە.

کەعوتبە لەقسەکانی بۆوە، پێغەمبەر (ﷺ) لێی پرسی تەواو بووی؟ عوتبە گوتی بەڵێ. ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) دەستی کرد بەخوێندنی سورەتی (فصلت) لەقورئانی پیرۆز تاکو گەیشتە دوا ئایەتی کەدەفەرموێ ﴿فَإِنْ أَعْرَضُوا فَقُلْ أَنذَرْتُكُمْ صَاعِقَةً مِّثْلَ صَاعِقَةِ عَادٍ وَثَمُودَ﴾[1] واتە: ئەگەر بەقسان نەکردی پێیان بڵێ وا ئاگادارتان ئەکەم کەبروسکەیەکتان دێتە سەر هەروەکو ئەو بروسکەی هاتەسەر گەلی عادو سەمود). عوتبە کەگوێی لەو هەموو ئایەتانەبوو کەهەڕەشەیان تێدایە، ئەوجارە بەناوی خزمایەتی تکای لێکرد کەچیتر نەخوێنی، نەوەك ئەو جۆرە بروسکەیە تووشی ئەوانیش ببێ.

کەعوتبە گەڕایەوە، قورەیشیەکان لێیان پرسی چیت کرد، گوتی ئەوی لەو پیاوەم گوێ لێ بووە قەت لەهیچ کەسێکم گوێ لێ نەبووە. گوتەکانی نە هەڵبەستەو نە قسەی جادوانەو نەقسەی فاڵچیانە، ئەگەر بەقسەم ئەکەن واز لەو پیاوە بێنن، بەو خوایە ئەو قسانەیلەوم گوێ لێ بووە ناوبانگێکی گەورەی ئەبێت. لێی گەڕێن با لەگەڵ عەرەبەکانی بیابان بەرەنگاری یەك بن، ئەگەر بەسەری دا زاڵ بوون ئەوە لەکۆڵتان ئەبێتەوە، ئەگەر ئەویش بەسەریاندا زاڵ بوو ئەوا خۆشی موحەممەد خۆشی ئێوەیە، وڵاتیش هەر وڵاتی ئێوەیە.

قورەیشیەکان پێیان گوت دیارە ئەو پیاوە بەقسەکانی جادووی لێ کردووی. عوتبەش گوتی ئەوە بیروڕاو قسەی منە ئێوەش چی ئەتانەوێ بیکەن. دووبارە هەندێکی تر لەقورەیشیەکانی وەك (وەلیدی موغیرە)و (عاسی کوڕی وائیل) چوونەوە لای پێغەمبەرو پێیان گوت چەندی پارەو پولی ئەتەوێ پێت

---

(١) فصلت: ١٣.

نەدەین، کام کچی جوانیشە لێت مارە ئەکەین و تۆش چیتر ناوی خوایەکانمان بەخراپە مەهێنەو ڕەخنەیان لێ مەگرە.

کەپێغەمبەر (ﷺ) داوایەکەی وەرنەگرتن، ئەوجارە گوتیان باشە تۆ وەرە ڕۆژێك خوایەکانی ئێمە بپەرستەو ئێمەش ڕۆژێك خوای تۆ ئەپەرستین، ئەو قسەشی وەرنەگرت هەر لەبەر ئەو داوایە بوو خوا سوورەتی (الكافرون)ی بەدوادا هەنارد ئەفەرموێ ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ * لَا أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ * وَلَا أَنتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ * وَلَا أَنَا عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ * وَلَا أَنتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ *لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ﴾[1] واتە: ئەی ئەو کەسانەی کەڕاستی ئەشارنەوە، من ئەو بتانە ناپەرستم کەئێوە ئێستا ئەیپەرستن و بەخوایان نازانم ئێوەش ئەو خوایە تاك و تەنیایەی کەدروستکەری هەموو گیانلەبەرەو من ئەیپەرستم ئێوە نایپەرستن، ئەوەی ئێوە دەتانپەرست قەت من نایپەرستم،، ئێوەش ئەو خوایەی کەپەروەردگاری هەموو زەمینەو من ئەیپەرستم ئێوە قەت نایپەرستن، ئێوە ئاینێکی خۆتان هەیە کەبتپەرستیە لەسەری ئەڕۆن، ئایینی خۆتان بۆ خۆتان منیش ئایینێکی خۆم هەیە لەسەری ئەڕۆم ئایینی خۆم بۆ خۆم).

پێغەمبەر (ﷺ) کەئەو سورەتەی بۆ هات چووە کەعبە، بەبێ ترس ڕاوەستاو خوێندیەوە، بەتەواوی ئاشکرای کرد کەئایینی بتپەرستی نابێ بپەرسترێ. پەیوەندی نێوان باوەڕی ڕاست وباوڕی چەوت و خراپ بچڕا.

قوڕەیشیەکان دووبارە چوونەوە لای پێغەمبەر هەمان قسەیان پێ گوتەوە، کەعوتبەو موغیرە پێیان گوتبوو، پارەو مال و سامان و دەسەلاتیان پیشان دابوو، گوتیان ئەوەی تۆ بەسەرت هاتووە لەمەڕ جنۆکەیە با پزیشکت بۆ بێنین. پێغەمبەریش (ﷺ) پێی گوتن ئەو قسانەی بەمن دەڵێن من هیچ نەخۆشیەکم نیەو داوایەکەشم بۆ ئەوە نیە داوای مال و دەسەلات و گەورەیی و پاشایەتیتان لەسەر بکەم، خوا منی کردوە بەپێغەمبەرو قورئانی بۆ ناردوومەو فەرمانی پێداوم ئاگادارتان بکەم لەسزای ڕۆژی قیامەت و موژدەشتان بدەمێ بەخۆشی دنیاو بەهەشت، ئەگەر خوا بپەرستن و واز لەبت پەرستی بێنن. ئەوا پێم ڕاگەیاندن، ئەگەر بەقسەم بکەن ئێوە لەدونیاو ڕۆژی دوایی بەختەوەر ئەبن. ئەگەر گوێشم لێ

---

(١) الكافرون: ١-٦.

ناگرن، ئەوا ئارام ئەگرم تاکو خوا فەرمانی خۆی دیار ئەخات لەنێوان منو ئێوە. ئەوجا پێیان گوت ئەگەر ئەو شتانەشمان لێ وەرناگری، تۆ بۆ خۆت ئەزانی وڵات لەوڵاتی ئێمە هەژارترو بێ ئاوتر نیە داوا لەخوای خۆت بکە ئەو کێوانەمان لەدەوره لاببات‌و چەند زێیەکی وەك زێیەکانی عێراق‌و شامان بۆ پەیدا بکات، باووپاپیرانی مردوومان بۆ زیندو بکاتەوە، با قوسەی کیلابیشیان لەگەڵ بێت، چونکە ئەو پیاوێکی ڕاستگۆ بوو، ئەوەی تۆ دەیڵێی لەقوسەی ئەپرسین بزانین ڕاستە یان ڕاست نیە.

پێغەمبەر (ﷺ) پێی گوتن من هەموو داوایەك بەگوێرەی فەرمانی خوا ئەکەم، من لەوانە نیمە ئەو جۆرە داوایە لەخوا بکەم‌و ناشی کەم.

﴿ نوێنەرانی قوڕەیش‌و ئەبو تالیب ﴾

ئەبوتالیب هەرچەندە لەسەر بتپەرستی مابۆوە، پیاوێکی زۆر سەنگ‌و بەڕێز بوو، گوێ لەقسەی ڕادەگیراو هیچ کارێکی بێ فەرمانی ئەو نەدەکرا. ئەبو تالیب پێغەمبەری زۆر خۆش ئەویست سەرەڕای ئەوەی کەئەشیزانی بانگەوازەکەی سەر دەکێشێتە سەر دەردەسەریەکی زۆر، بەڵام سەربەخۆییەکی تەواوی دابوێ کەبەئارەزووی خۆی بانگەوازی خۆی بکات، بەپێچەوانەی ئەبو لەهەبی برای، کەبەهەموو توانای بەربەرەکانی پێغەمبەری ئەکرد. هەتاکو دوو کچەکەی پێغەمبەری (ڕوقیەو ئوم کەلسوم) کەخێزانی هەردوو کوڕەکەی ئەبولەهەب بوون (عوتبەو عوتەیبە)، تۆبزی لێ کردن هەردووکی پێ تەڵاقدان‌و بەسەر پێغەمبەری دادانەوە. بەڵام ئەبو تالیب بەڕاستی پشتیوانی لەپێغەمبەر ئەکرد. لەبەرئەوە قوڕەیشیەکان نەیاندەتوانی هیچ دەست بزاوتنێك لەپێغەمبەر بکەن. بۆیەش هەندێ لەپیاوانی دەسەڵاتداری قوڕەیش، لەپێش هەموویانەوە (ئەبوسوفیان) چوونە لای ئەبو تالیب پێیان گوت، وا بکە برازاکەت یان وازمان لێ بێنێ‌و یان تۆ لێمان بگەڕێ هەرچی لێمان کرد، ئەبو تالیبیش بەشێوەیەکی جوان‌و ڕێك بەڕێی کردن. پێغەمبەریش (ﷺ) بەردەوام بوو لەسەر بانگەوازەکەی خۆی، موسوڵمانانیش بەردەوام ڕوویان لەزیادە بوو، لەبەر ئەوە قوڕەیشیەکان دووبارە چوونەوە لای ئەبو تالیب، (عومارەی کوڕی وەلید)یشیان لەگەڵ خۆیان برد. عومارە جوانترین کوڕە گەنجی قوڕەیش بوو، بەئەبو تالیبیان گوت موحەممەد هەر واز لەئێمە نایێنێ، لەبەرئەوە عومارەمان هێناوە لەباتی موحەممەد بیکە کوڕی خۆت،

موحەممەدیش بدە دەست ئێمە چی لێمان کرد. بەڵام ئەبو تالێب بەو قسەیە رازی نەبوو، ئەو جارەش بەڕێی کردن. پێغەمبەریش (ﷺ) هەر بەردەوام بوو لەسەر ڕێگەی خۆی.

قوڕەیشیەکانیش بەردەوام پیلانیان دادەنا، بۆ جاری سێیەم چوونەوە لای ئەبو تالێب، گوتیان تۆ پیاوێکی بەتەمەنی‌و خاوەن پایەو ڕێزی لەلای ئێمە، داوام لێ کردی کەبەموحەممەد بڵێی وازبێنێ یان لەکۆڵ ئێمەی بکەیەوە، بەڵام تۆ هیچ وەڵامێکت نەدایەوە لەبەرئەوە ئێمە چیتر خۆمان بۆ ناگیرێ. ئەگەر وانەکەی واز بێنێ خۆت ئامادە بکە بۆ شەڕێك لەنێوان ئێمەو ئێوە، یان ئێمەو لەناو ئەچین یان ئێوە. ئەبو تالێبیش زۆری پێناخۆش بوو لەگەڵ خزم‌و کەس‌و هۆزەکەی لێیان ببێتە دوژمنایەتی‌و لێك جیا ببنەوە، هەروەها پێشی خۆش نەبوو برازایەکەی بەردەوام بێت لەسەر بانگەوازەکەی، نەشیدەویست وازی لێ بێنێ‌و بەبێ کەسی بیهێڵێتەوە.

لەبەرئەوە چارەی نەما، بانگی کردو باسەکەی قوڕیشیانی بۆ گێڕایەوەو پێی گوت، لەتوانای خۆم زیاترم داوام لێ مەکە، کەنەتوانم پێی هەڵستم پێغەمبەریش (ﷺ) سەری هەڵبڕی‌و گوتی ئەی مامی خۆم، سوێند بەو خوایە ئەگەر ئەوانە ڕۆژ بێننە دەستە ڕاستم‌و مانگ بێننە دەستە چەپم، دەست لەو فەرمانە هەڵناگرم هەتاکو خوا ئەو ئایینە سەر ئەخات، یان تێدا ئەچم. ئەوجا بەگریانەوە هەڵستاو ڕۆیشت، ئەبو تالێب کەگوێی لەو قسە دەروونیە بوو، هەموو هەناوی هاتە هەژان، بەخۆی نەوەستا بانگی کردەوە پێی گوت ئەی برازای خۆم، بڕۆ هەرچی ئەتەوێ بیڵێ‌و بیکە، بەو خوایە پشتیوانیت هەر لێ ئەکەم‌و ناتدەمە دەست ناحەزان.

دوایی ئەبوتالێب ئەو باس‌و ئەو بڕیارەی خۆی بۆ هەموو بەرەی هاشم گێڕایەوەو داوای لێ کردن، هەموو پشتیوانی بکەن، بەرەی هاشمیش هەمووبەیەك دەنگ بڕیاریان دا پشتیوانی لێ بکەن تەنیا (ئەبولەهەب) نەبێت ئەو هەر لەسەر دوژمنایەی بەردەوام بوو.

پشتیوانیەتی بەرەی هاشیم بۆ پێغەمبەر کارێکی گرنگ بوو، لەبەرئەوەی خزمایەتی‌و هۆزایەتی پاڵی پێوەنان کەشەرمیان بەخۆ بێ واز لەپێغەمبەر بێنن. ئومێدیشیان هەبوو ئەگەر سەر بکەوێ ئەوانیش لەو خۆشیەو گەورەییە بەشداری ئەکەن، ئەگەر سەریش نەکەوت خەڵکی وازی لێ دێنن‌و ج زیانێکیان لێ ناکەوێ.

﴿ کۆچ کردنی موسوڵمانان بۆ حەبەشە ﴾

موسوڵمانان لەدەست قورەیشیەکان لەژێر ئازارو ناخۆشیەکی زۆربون، بەر بەرەکانیەکەیان لەکێشا نەبوو کەموسوڵمانان بتوانن خۆی لەبەر ڕابگرن. شتێکی ئاشکرایە دوژمن کەپەیوەندی بەیاساو ڕەوشت نەکرد، هەموو جۆرە ڕێگەیەك بەکاردێنێ بۆ لەناوبردنی هەموو بیروباوەڕێك کەدژ بەدەسەڵاتو بەرژەوەندیان رادەوەستێ. هەروەك ئێستاکە دەبینین ئیستعماریەکانو نۆکەرانیان چۆن بەرامبەر موسوڵمانان ڕادەوەستن، بەدزیو بەئاشکرا بەچەكو پروپاگەندەو هەموو جۆرە ڕێگەیەك موسوڵمانان لەو جیهانە لەناو دەبەن، چونکە موسوڵمانانی خاوەن ڕەوشت دژی بەرژەوەندیو دەسەڵاتیان ڕادەوەستن. ئەو بەرژەوەندییەی کەبەخوێن مژین وەدەستی دێنن، بۆیە هەوڵ ئەدەن کۆمەڵێکی وا دێننە سەر فەرمان کەهەر کورسیو دەسەڵاتیان مەبەست بێو پەیوەندی تەواویان لەگەل یاسای ئیسلام نەبێت.

پێغەمبەریش (ﷺ) لەسەر ئەو ئازارەی کەخۆی لەدەست قورەیشیانی دەدیت، بەئازاردانی موسوڵمانان پەرێشان تر دەبوو، بیری کردەوە لەمەککە دەربازیان بکات. فەرمووی بڵاوە بکەن لەسەر ئەو زەویە، بچنە حەبەشە پاشایەکی دادپەروەری لێیەو دەتانپارێزێ.

هەرچەندە حەبەشیەکان مەسیحی بوونو دەستیان لەئاینەکە وەردابوون عیسایان بەکوڕی خوا دائەنا، بەڵام پاشاکەی هەر لەسەر بیری تەواوی پەرستنی یەك خوا دەڕۆیشت.

پێغەمبەر (ﷺ) دڵنیا بوو کەئەو پاشایە دەیانپارێزیو دەتوانن لەوی خوا پەرستی خۆیان بکەن، بی ئەوەی کەس ڕێگەیان لێ بگرێ[1].

ئەوجا موسوڵمانان تاك تاكو جووت جووت لەپەنای تاریکە شەودا، لەمەککە دەرچوونو ژمارەیان شازدە کەسێك دەبوون لەوانە (عوسمانی کوڕی عەففان)و (رقیەی) خێزانی (کچی پێغەمبەر)و (ئەبو حوزەیفە)و ژنەکەیو (زوبەیری کوڕی عەوام)و (مەسعەبی کوڕی عومەیر)و (عەبدولرەحمانی کوڕی عەوف)و چەند کەسێکی تر. کەگەیشتنە ڕۆخ دەریا دوو کەشتی لەوێ پەیدا بوو، دەچوونە حەبەشە،

---

١) وەك موسوڵمانانی ئێستا، زۆریان بەناچاری روویان کردۆتە ئەوروپا، هەرچەندە دەوڵەتەکانیان دەوڵەتێکی ئیستعماریەو عیساش بەکوڕی خوا دەزانن و رقیان زۆر لەموسوڵمانان دەبێتەوە، بەڵام لێ دەگەڕێن موسوڵمانان خواپەرستی خۆیان بکەن!.

ئەوانیش لەگەڵیان ڕۆیشتن.

قورەیشیەکان پێیان زانی بەدوایان کەوتن، بەڵام کەشتیەکان تێپەڕیبون، دوای ماوەیەکی کەم موسوڵمانەکان لەحەبەشە بیستیان کەقورەیش لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) مەسلەتیان کردووە، ئەوانیش زۆریان لاگران بوو لەوڵاتی غەریبیو دوور لەخزمو کەس بژین دەردی دووری زۆر گرانە، بەتایبەتی لەوڵاتێکی بێگانەی وا کەلەڕەوشتو ئاینو کردەوە جیاواز بوون، ئیتر هەموویان گەڕانەوە کەهاتنەوە دیتیان قورەیشیەکان بەرامبەر موسوڵمانان لەجاران توندترو دڕتر بووین. ناچار هەندێکیان پەنایان بردە بەر ئەو قورەیشیانەی کەدەیانناسین، هەندێکیشیان خۆیان شاردەوە بەڵام ئازاری قورەیشیەکان لەتوانا نەمابوو کەخۆیان لەبەر بگرن، لەبەرئەوە پێغەمبەر (ﷺ) ئەوجارەش فەرمانی پێدانەوە کۆچ بکەنەوە بۆ حەبەشە، بەڵام کۆچی ئەو جارە ئاسانتر نەبوو، چونکە قورەیشیەکان هەستیان پێکرد، هەوڵیان دا ڕێگەیان لێ بگرن، چونکە دەترسان لەوێ هێز پەیدا بکەنو بەو هێزەوە بگەڕێنەوە سەریان لەناویان ببەن، بەڵام موسوڵمانان توانیان خۆیان دەرباز بکەن. ئەوجارە ژمارەین هەشتاو دوو پیاوو نۆزدە ژن بوو، خوا بەئاسانی گەیاندنیە حەبەشە، لەوێ لەژێر سیبەری نەجاشی زۆر بەڕێزەوە وەرگیرانو دایان مەزراندن.

بەڵام دوژمن قەت ئاسەکنێو نایەڵێ موسوڵمانان بەخۆشی لەهیچ شوێنێك بەئاسوودەیی بژین. قورەیشیەکان هەڵسان (عەمری کوڕی عاس)و (عەبدوڵلای کوڕی ئەبو ڕەبیعە)یان بەدیاریەکی زۆرەوە بۆ لای نەجاشی نارد. ئەو نوێنەرانە کە گەیشتنە حەبەشە، لەپێشا دیاریەکانیان بەمەتڕانەکان گەیاندن داواشیان لێ کردن یارمەتیان بدەن لەلای نەجاشی، بۆ ڕۆژی دیارکراو چوونە لای نەجاشی پێیان گوت (ئەی پاشای خاوەن پایەو گەورەیی، ئێمە بۆیە هاتووین، هەندێ کوڕە گەنجی نەزانو نەفاممان لەئایینەکەمان دەرچوونو لێمان یاخی بوون، هاتوونەتە لای ئێوە، نەشهاتونە سەر ئایینەکەی ئێوە بەڵکو ئایینێکی تریان گرتووە کە نەئێمە دەیزانینو نە ئێوە. باوكو مامەکانیان گەورەی هۆزی ئێمەن، ئێمەیان ناردووتە لای ئێوە، کەبیاندەنەوە دەستمان.

نەجاشیش گوتی، تاکو گوێم لەقسەیان نەبێ نایانبێ بیاندەمەوە دەستتان. نەجاشی لەدوای ناردن، کەهاتنە لای، بەڕەوشتی ئیسلام سەرمیان کرد بێ ئەوەی کڕنوش ببەن نەجاشی پێی گوتن پێم بڵێن ئەو ئایینە چیە ئێوە چوونیە سەریو وازتان لەئایینی خۆتان هێناوە، نەشهاتوونە سەر ئایینی ئێمە؟

(جەعفەری کوڕی ئەبو تالیب) وەڵامی دایەوە گوتی ئەی پاشا، ئێمە لەهۆزێك بووین نەزان و نەفام، بتمان دەپەرست و گۆشتی مردارمان دەخواردو کاری نابەجێ و خراپمان دەکرد، خزمایەتیمان پچڕاندبوو، لەگەڵ هاوسێ بەد بووین، خاوەن هێز بێهێزی دەخوارد، بەو شێوە ماینەوە تاکو خوا پێغەمبەرێکی بۆ ناردین خانەدان و ڕاستگۆو دەست پاك، داوای لێکردن کەخوای تاك و تەنیاو پەروەردگاری هەموو گیانلەبەرو بێ گیان بپەرستین و واز بێنین لەپەرستنی ئەو بتانەی پەیکەرێکن لەداروبەرد خۆمان دروستمان کردوە.

ئەو پێغەمبەرە فەرمانی پێداین کەدەست پاك بین و خزمایەتی نەپسێنین و واز بێنین لەحەرام و خوێن ڕشتن و داوێن پیسی و درۆو بوختان،ماڵی هەتیو نەخۆین، بوختان بەژنان نەکەین و هاوبەش بۆ خوا پەیدا نەکەین. فەرمانی پێداوین نوێژ بکەین و ڕۆژ، بگرین و زەکات بدەین هەموو پێویستیەکانی ئیسلامی بۆ دیار خستین ئێمەش باوەڕمان پێی هێناو بەدوای کەوتین، بەگوێرەی ئەو فەرمانانەی کەلەخواوە بۆی هاتووە، خوای بێ هاوتا دەپەرستین، ئەوەی لێی قەدەغە کردووین نزیکی نابین، ئەوەی بۆشی داناین دەیکەین. لەبەر ئەوە هۆزەکەمان هێرشیان بۆ هێناین، کەوتنە ئازاردانمان ژیانیان پێ تەنگ کردین، نەیاندەهێشت لەسەر ئەو ئایینە بڕۆین، دەیانەویست بمانگێڕنەوە سەر بتپەستی و کردەوەی خراپ، هەروەك لەپێش ئیسلام بووغان دەمانکرد. ئێمەش ڕوومان کردە لای ئێوە، بەو ئومێدە لەلای ئێوە بحەوێنەوەو ستەممان لێ نەکەن.

نەجاشی گوتی ئایا هیچت لایە لەوەی کە لەخواوە بۆ پێغەمبەری ئێوە هاتووە؟ جەعفەر گوتی بەڵێ: ئینجا سورەتی (مەریەمی) بۆ خوێند تا دەگاتە کۆتایی ئەو ئایەتەی کەدەفەرموێ ﴿فَأَشَارَتْ إِلَيْهِ قَالُوا كَيْفَ نُكَلِّمُ مَن كَانَ فِي الْمَهْدِ صَبِيًّا * قَالَ إِنِّي عَبْدُ اللَّهِ آتَانِيَ الْكِتَابَ وَجَعَلَنِي نَبِيًّا * وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ وَأَوْصَانِي بِالصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ مَا دُمْتُ حَيًّا * وَبَرًّا بِوَالِدَتِي وَلَمْ يَجْعَلْنِي جَبَّارًا شَقِيًّا * وَالسَّلَامُ عَلَيَّ يَوْمَ وُلِدتُّ وَيَوْمَ أَمُوتُ وَيَوْمَ أُبْعَثُ حَيًّا ﴾[1].

---

(١) مريم: ٢٩-٣٣.

واتە: (کەخزمەکانی مەریەمە، گوتیان ئەی مەریەم شتێکی نابەجێت کردووە، ئەویش قسەی لەگەڵ نەکردن، دەستی بۆ عیسای کوڕی درێژ کرد کەلەباوەشی بوو، گوتیان چۆن قسە لەگەڵ منداڵێکی ساوای ناو بێشکە بکەین. عیسا بەو ساواییە فەرمانی خوا کەوتە گفتوگۆ لەگەڵیان گوتی، من بەندەی خوام خوا کتێبی پێداوەو منی کردوە بەپێغەمبەر، لەهەر شوێنێك بم سوود بەخشم بۆ خەڵك، ڕایسپاردووم تاکو زیندومە نوێژ بکەمو زەکات بدەم، منی گێراوە بەکوڕێکی باش لەگەڵ دایکم، منی نەگێڕاوە بەیەکێکی خراپو شەڕانی دڕو زیانبەخشو لەخۆبایی، ئاشتیو خۆشیم لەگەڵە، لەو ڕۆژەیبوویمو لەو ڕۆژەی دەمرمو لەو ڕۆژەی زیندوو دەبمەوە).

پتریقەکانو مەترانەکان گوێیان لێبوو دیتیان ئەو قسانە بەگوێرەی ئینجیل هەمووی ڕاستە، گوتیان ئەوە لەهەمان سەرچاوە هاتووە بۆ عیسا دەهات. نەجاشیش گوتی ئەوەو ئەوەی موسا هێناویەتی لەیەك کوان (ئاگردان) دەردەچن. بە(عەمر)و (عەبدوڵلا)شی گوت بڕۆ من ئەوانەتان نادەمەوە دەست.

بۆ بەیانی عەمری کوڕی عاس چووە لای نەجاشی، پێی گوت ئەوانە قسەیەکی زۆر گەورە بەعیسا دەڵێن، لەدوایان بنێرە بزانە دەڵێن چی. نەجاشیش لەدوای ناردنو هاتنەوە لای، کەلێی پرسین، دووبارە جەعفەری کوڕی ئەبو تالیب قسەی کردو گوتی: ئێمە هەر ئەوەی پێ دەڵێین کەپێغەمبەری ئێمە بۆی هێناویەتی کەدەڵێ عیسا پێغەمبەرەو بەندەی خوایە، بەفەرمانی خوا لەمەریەمی بێ گوناهو پاك بووە، ئەوجارە نەجاشی دارێکی هێنا لەسەر زەوی هێڵێکی پێ ڕاکێشاو بەدڵخۆشییەوە گوتی، جیاوازی لەنێوان ئایینی ئێمەو ئایینی ئێوە لەو هێڵە زیاتر نیە، (بڕۆن بۆ خۆتان بەئازادی بژین. نامەوێ بەهۆی ئازاردانی خەڵك ببمە خاوەن پارەو سامان. هەموو پارەکانی دایەوە عەمرو عەبدوڵلا، گوتیشی (خوا بەرتیلی لەمن وەرنەگرتوە تاکوو من بەرتیل لەئێوە وەربگرم). ئەوجا موسوڵمانەکان لەحەبەشە لەژێر فەرمانڕەوایی نەجاشی کەوتنە ژیانێکی هێمنایی.

نەجاشی هیچ جیاوازیەکی نەکرد لەنێوان موسوڵمانو مەسیحی، بەتەواوی دانی بەموحەممەد هێنا پێغەمبەرە. ئەگەر مەسیحیەکانیش هەموو وەك نەجاشی لەسەر ڕاستی ئایینیمەسیحی بمابانەوە، ئەو ناخۆشیەو بەربەرەکانیەی ئیمڕۆکە نەدەبوو، هەمووی وەك برا دەژیان، بەڵام چونکە ئاڵوگۆڕیان لەئایینی مەسیحی کردو بەئارەزووی خۆیان ڕێگەیان بۆ خەڵك داناو دانیش بەپێغەمبەر دانانێن،

هەموو ئاواتیان پەیدا کردنی سامانە، بۆیە دەبینین خوێنی موسوڵمانان چۆن دەڕێژن چ ڕاستەوخۆ، چ بەهۆی پیلانگێڕان بەهۆی نۆکەرەکانیان لەهەموو جیهان. کەچی ڕەخنەش لەموسوڵمانان دەگرن دەڵێن موسوڵمان یەکتری دەکوژن!.

﴿ ئیسلام بوونی عومەری کوڕی خەتاب ﴾

ئازاردانی پێغەمبەرو هەژارانی موسوڵمانان لەلایەن قورەیشیەکان کاری نەکردە سەر خەڵك بۆ ئەوەی نەیێنە سەر ئاینی ئیسلام، بەڵکو ڕۆژ بەڕۆژ موسوڵمانان ژمارەیان هەر ڕوو لەزیادی بوو. دوو پیاوی خاوەن دەسەڵات لەناو قورەیشیان هەبوون هەردووکیان ناویان عومەر بوو.

یەکیان (عەمری کوڕی هوشام) بوو کە لەبەر دڵ ڕەقیو کەللە ڕەقی پێیان دەگوت (أبـو جهـل) گەلێ گەرم بوو لەسەر بتپەرستی، پێغەمبەرو موسوڵمانانی زۆر ئازار دەدا. ئەویتریان (عومەری کوڕی خەتاب) بوو، لەو کاتەدا لەتافی لاوێتی دا بوو، لەتەمەنی (٣٣-٣٥) ساڵان دەبوو، پیاوێکی کەڵەگەتو چوارشانەبوو، دەستو پەل بەهێزو چاو نەترسو بیر تیژو داناو تێگەیشتوبوو، گەلێ توندڕەو بوو، زوو تووڕە دەبوو، ئەویش ئازاری موسوڵمانانی دەدا، بەڵام لەسەر ئەو حاڵەش، بۆ خزمەکانی دڵسۆزو دڵنەرم بوو، تووڕەییەکەشی وەك پەردەیەکی تەنك بوو زوو هێور دەبۆوە، کەدیتی موسوڵمانان لەناچاری بۆ حەبەشە کۆچیان کرد، بۆیان زۆر دڵ تەنگ بوو.

خێزانەکەی (ڕەبیعە) دەگێڕێتەوەو دەڵێ: لەوکاتی کەکەوتینە ڕێگا، عومەر بەلامانەوە هات لەلای من ڕاوەستا، زۆری لێ دەترساین، چونکە ئازارمان لێ دیبوو گوتی دایکی عەبدوڵڵا ئێوە دەڕۆن؟ گوتم ئەرێ وەڵڵا لەو خاکەی خوا دەردەکرێین، ئێوە زۆر، ئازاردراینو بەهیلاکتان داین بەڵکو خوا دەرگەیەکمان لێ دەکاتەوە. تەماشام کرد دڵی پێمان سووتا گوتی بڕۆن خواتان لەگەڵ.

ڕەبیعە دەڵێ بەعامیرم گوت ئومێدم هەیە عومەر موسوڵمان ببێت، چونکە بەزەییو دڵ نەرمی لێ دەبینم. عامریش چونکە ئەوەندەی توندیو خراپە بەرامبەر موسوڵمانان لێ دیبوو، گوتی کەری خەتاب موسوڵمان ببێت عومەر موسوڵمان نابێ. پێغەمبەر دوعای کرد، خودایە بەکێك لەم دوو عومەرە ئیسلام بەهێز بکەی. (ئەگەر لەو داوایەی پێغەمبەر وردبینەوە، دڵسۆزیو دڵپاکی

پێغەمبەرمان دێتە بەرچاو، ئەوانە لەسەر ئەو خراپیەو خراپەکاریەیان بەرامبەر پێغەمبەرو موسوڵمانان هێشتاش ئومێدی چاکەی پێیان هەبوو کەموسوڵمان بن، خراپەکەیان وای لەپێغەمبەر نەکرد وازیان لێ بێنێ.

ڕۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) لەماڵی (ئەرقەمی کوڕی ئەرقەم) لەگەڵ یاران کۆببۆوە ئەبوبەکریان لەگەڵ بوو، عومەری کوڕی خەتاب بڕیاریدا بچێ پێغەمبەر بکوژێ، بەو ئومێدەی کەئەو ناخۆشی نێوان قورەیش دەبڕێتەوە، بەڵام لەڕێگا تووشی (نوعەیمی کوڕی عەبدوڵلا) بوو، نوعەیم زانی عومەر بۆ کوێ دەچێ پێی گوت عومەر خۆت نەفام کردووە ئایا ئەگەر موحەممەد بکوژێ بەرەی عەبدی مەناف لێت دەگەڕێن لەسەر ئەو زەویە بڕۆی؟ بۆچی ناچی یەخەی ماڵی خۆتان بگری‌و ڕاستیان بکەیتەوە، مەبەستی نوعەیم لەگەڵ فاتیمەی خوشکی‌و سەعیدی کوڕی زەید بوو، کەهەردووکیان موسوڵمان ببوون‌و عومەر نەیزانی بوو. لەگەڵ ئەو قسەیە عومەر گەڕایەوە چووە ماڵی خوشکەکەی، لەوکاتەش (خەبابی کوڕی ئەرەت) لەلایان بوو قورئانیان دەخوێند. کەهەستی عومەریان کرد خەبباب خۆی شاردەوە، ئەو پەڕەی قورئانیشی لێ نووسرابوو شاردیانەوە، عومەر لێی پرسین ئەو دەنگە چیبوو؟ ئەوانیش لەترسان گوتیان هیچ نەبوو. عومەر هاواری لەسەر کردن‌و گوتی زانیومە کەئێوە بەدوای موحەممەد کەوتوون. دەستی کرد بەلێدانی سەعید. فاتیمەی خوشکیشی هەوڵیدا بکەوێتە نێوانیان، نەهێڵێ لەسەعید بدا، کەچی عومەر لەویشی داو دەم‌و چاوی بەخوێن داهێنا

ئینجا سەعیدو فاتیمە هەردووکیان گەرم داهاتن بەهاوارەوە بەرەنگاری عومەر بوونەوە گوتیان ئێمە موسوڵمان بووین، هەرچی دەیکەی بیکە تۆ ناتوانی بەربەستی ئارەزووی ئێمە بکەی، هاواری هەردووکیان‌و خوێنی روخساری فاتیمە، عومەری شڵەژاندو هەستی دەروونی جوولا، سۆزی بۆیان هەڵستاو دڵی پێیان سووتاو تووڕەیەکەی داکەوت‌و پەشێوانی پیشان داو داوای لەفاتیمە کرد ئەو پارچەیەی کەقورئانی لێ نووسراوە پێی بدا. فاتیمەش گوتی نابێ دەستی بدەیتێ چونکە پێویستە خۆت خاوێن بکەیتەوە ئەوجا دەستی بدەیتێ. عومەریش خۆی شوشت‌و قورئانەکەی وەرگرت، کەخوێندیەوە ڕەنگی گۆڕا. گوتی ئەو قسانە چەند ڕێك‌و جوانن، ئیتر بەوە دڵی بۆ ڕاستی نەرم بوو. لەو کاتە خەباب هاتەدەر، ڕووی لەعومەر کرد، گوتی هومێدم وایە خوا بەبەر دوعای پێغەمبەرت بخات.

کەدوێنێ فەرمووی خوایە بەعەمری کوڕی هوشام یان بەعومەری کوڕی خەتاب ئیسلام

بەهێزبکەی[1].

عومەر گوتی خەبباب پێم بڵێ پێغەمبەر لەکوێیە؟ ئەویش گوتی وا لەگەڵ چەند یاران لەلای گردی سەفا لەماڵێکە. عومەر شمشێرەکەی لەشان کردو بۆ لای پێغەمبەر کەوتەڕێ، نەك بەتەمای کوشتنی بەڵکو ئەو جارە بەتەمای ئیسلام بوون. عومەر کە گەیشتە خانوەکە، لەدەرگای داو یەك لەموسوڵمانان لەدرزی دەرگە تەماشای کرد ئەوە عومەرە، پەشۆکاو گەڕاوە لای پێغەمبەر پێی گوت ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە عومەرە هاتووە شمشێرەکەشی لەشانە. حەمزە گوتی ماوەی بدە بابێت ئەگەر بۆ چاکە هاتووە وا پێی دەگەینین، ئەگەر بۆ خراپەش هاتبێ ئەوا بەشمشێرەکەی خۆی دەیکوژین.

بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەگەر عومەر ئیسلام نەبووبی نایێت بۆ ئێرە، ماوەی بدەن با بێتە ژوورەوە، لەگەڵ ئەو قسەیە پێغەمبەر (ﷺ) ڕاست بۆوە لەبۆی چوو، یەخەی گرتو رایتەکانداو فەرمووی‌کوڕی‌خەتاب چ تۆی هێناوەتە ئێرە. ئەگەر واز نەینی خوا دەردێکت بەسەر دێنێ. عومەریش گوتی ئەی پێغەمبەری خوا بۆ لات هاتوو و تاکو باوەڕ بەخواو پێغەمبەری خوا بێنم پێغەمبەر (ﷺ) بەدەنگێکی بەرز فەرمووی (الله اکبر)، بەوە موسوڵمانان تێگەیشتن کەعومەر موسوڵمان بوو، هەموویان زۆر دڵخۆش بوونو گەشانەوە.

عومەر نەیویست ئیسلام بوونەکەی هەر بەنهێنی بێت، بەڵکو بۆ هەموو قوڕەیشیانی ئاشکرا کرد کەموسوڵمان بووە، چونکە ترس لەدڵی ئەو پیاوە نەبوو، بەوەش ڕازی نەبوو کەموسوڵمانان بچنە ناو کێوەکانی مەکە بەنهێنی نوێژ بکەن، گوتی ئەی پێغەمبەری خوا ئەو ئایینەی ئێمە ڕاستەو حەقە، نابێ بەنهێنی بێت، داوای لەپێغەمبەر کرد کە لەگەڵ موسوڵمانان بچنە کەعبە لەوێ نوێژ بکەن.

موسوڵمانەکان چوونو بەئاشکرا نوێژیان لەکەعبە کرد قوڕەیشیەکان چاویان پێیان کەوت کەعومەریشیان لەگەڵە، ئەوجا بۆیان دەرکەوت کەهیچ هەوڵێکیان لەگەڵ موسوڵمانان کەڵك ناگرێو ڕێیان پێناگۆڕن، لەبەرئەوە بۆ هەنگاوی داهاتوویان دەبێ قوولتر بیربکەنەوە.

(١) إبن كثير السيرة ١/٢٦٥ ئەویش ابن اسحاق دەگێڕێتەوە.

﴿ ئەبوبەکر بڕیاری دا کۆچ بۆ حەبەشە بکات ﴾

بوخاری لەخاتوو عائیشەی خێزانیی پێغەمبەر دەگێڕێتەوە دەڵێ، وای لێهات بێباوەڕان مەککەیان بەموسوڵمانان تەنگ کرد، لەهیچ شوێنێك لێیان نەدەگەڕان بەهێمنی بژینو هەردەم ئازاری پێغەمبەرو موسوڵمانیان دەدا. ئەبوبەکریش ماوەی لەپێغەمبەر خواست کەکۆچ بکات. پێغەمبەریش (ﷺ) ڕێگای دا. ئەبوبەکر لەمەککە دەرچوو، پاش ڕۆیشتنی ماوەی دوو ڕۆژان، لەڕێگا تووشی (حاریسی کوڕی یەزید) بوو، بەکوڕی (دەغەنە) بەناوبانگ بوو، سەرۆکی ئەحابیشەکان بوو. لەئەبوبەکری پرسی بۆ کوێ دەچی؟ ئەویش گوتی هۆزەکەم ئازاریان دامو دونیایان لێ تەنگ کردمو دەریان کردم. کوڕی دەغەنەش گوتی لەبەرچی؟ خۆ تۆ بەو خوایە ڕەونەقی هۆزەکەتیو کوڕی تەنگاوانیو یارمەتی هەژاران ئەدەیو نان بەمیوان ئەدەیو خزمایەتی بەجێ دەینی. پیاوی وەك تۆ نابێ دەرچێو نابێ دەربکرێ، وەرە لەگەڵ من بگەڕێوە، لەپەنای خۆمت دەگرم، ئەبوبەکر لەگەڵی گەڕایەوە.

کەگەیشتنەوە مەککە کوڕی دەغەنە بەقورەیشیەکانی گوت ئەبوبەکری کوڕی ئەبو قوحافە لەپەنای منە، بەچاکە نەبێ کەس خۆی تێنەگەیێ. ئەوجا وازیان لێهێناو چۆوە ماڵی خۆیو کەوتەوە خواپەرستی خۆی. مزگەوتێکی لەدەرگەی ماڵی خۆی دروست کرد بوو نوێژیتێدا دەکردو قورئانی لێ دەخوێند. بەڵام لەبەرئەوەی پیاوێکی دڵ نەرم بوو و باوەڕی ئەوەندە بەتێن بوو، کەقورئانی دەخوێند گریانی دەهاتو خۆی پێنەدەگیرا فرمێسکی دەهاتنە خوارەوە. منداڵو ژنو کۆیلەکانی لێ کۆدەبونەوەو زۆری پێ سەرسام دەبوونو لەلای ڕادەوەستان.

قورەیشیەکان مەترسیان لێ پەیدا بوو لەوەی ژنو منداڵو کۆیلەیان موسوڵمان بن. یەکێکیان نارده لای کوڕی دەغەنە پێی گوت، تۆ ئەو پیاوەت پەنا داوە تاکو ئازارمان بدات. ئەو پیاوە کەنوێژ دەکا ئەوەی موحەممەد هێناویەتی دەیخوێنێو دڵی نەرم دەبێت وای بەسەردێت کاردەکاتە سەر گەنجو لاوەکانمانو پێی هەردەخەڵەتێن، هەڵسە برۆ پێی بڵێ بابچێتە ماڵەکەی خۆی، هەرچی دەیکا با لەوێ بیکا. کوڕی دەغەنەش چووە لای ئەبوبەکر پێی گوت، من بۆیە پەنام داوی تاکو ئازاری هۆزەکەت بدەی.

ئەوان پێیان ناخۆشە تۆ وادەکەی، لەبەرئەوەی دەیکەی لەماڵی خۆت بیکە. ئەبوبەکریش پێی گوت

ئایا دەتەوێ پەنابەریەکەت بدەمەوەو خۆم دەهاومە پەنای خوا. کوڕی دەغەنەش گوتی پەنا بەریەکەم بدەوە. ئەبوبەکریش گوتی ئەوا پەنابەریەکەم دایەوە. کوڕی دەغەنەش لەگەڵ ئەبوبەکر چوونە لای قورەیشیەکان پێی گوتن، ئەبوبەکر پەنابەریەکەی دامەوە. ئەوا خۆتانو ئەبوبەکر. کەئەبوبەکر هەڵساو بڕواتەوە ماڵەوە، یەك لەخوێریەکان چەنگە خۆڵێکی بەسەری ئەبوبەکر داکرد، ئەویش بەوەلیدی کوڕی موغیرەی گوت نابینی ئەو خوێریە چ دەکات. وەلیدیش گوتی خۆت وات لەخۆت کرد. ئەبوبەکر ڕووی لەئاسمان کردو گوتی (ئەی خوایە چەند بەسەبری) سێ جاری دووبارە کردەوە.

﴿ باسی کابرای ئێراشی ﴾

پیاوێکی ئێراشی هەندێ حوشتری بۆ فرۆشتن هێنایە مەککە. (ئەبوجەهل) لێی کڕی بەڵام پارەکەی لێ کردە هەوەنتەو نەیدایێ، کابراش چووەکەعبە دیتی قورەیشیەکان هەر کۆمەڵەو دانیشتوە. پێغەمبەریش (ﷺ) لەکەنارێکی کەعبە دانیشتبوو. کابرای ئەڕاشی لەبەرامبەریان ڕاوەستاو بانگی کرد گوتی. ئەی کۆمەڵی قورەیشیان من پیاوێکی غەریبو رێبوارم کێ لەئێوە پشتیوانیم لێ دەکات لەو ستەمەی (باوکی حەکەم) لێی کردوومە. هەندێ لەدانیشتوانی کۆمەڵێك لەو کۆمەڵانە پێیان گوت ئەو پیاوە دەبینی، (دەستیان بۆ پێغەمبەر درێژکرد) مەبەستیان گاڵتەبوو، چونکە دەیانزانی دوژمنایەتی هەیە لەنێوان پێغەمبەرو ئەبو جەهل ویستیان لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) تووشی یەکیان بکەونو ڕەنگە پێغەمبەریش (ﷺ) نەیەوێ یاخود نەوێرێ خۆی لەئەبوجەهل ڕاست بینی. قورەیشیەکان گوتیان بڕۆ بۆ لای یارمەتیت دەدات. کابرای ئەڕاشی چووە لای پێغەمبەرو پێی گوت. پێغەمبەر (ﷺ) هەڵستاو لەگەڵی چوو. قورەیشیەکانیش بەیەکێکیان گوت لە دوایان بڕۆ بزانە چ دەبێ.

بۆ ماڵی ئەبوجەهل چوون. پێغەمبەر (ﷺ) لەدەرگای دا. ئەبو جەهل هاتە پشت دەرگا گوتی، کێیە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی موحەممەدم بۆم وەرە دەرەوە. ئەبو جەهل هاتە دەرەوە، ڕەنگی هەڵبزڕکابوو، وەك دەڵێ ڕۆحی تێدا نەمابوو. پێغەمبەر (ﷺ) پێی گوت پارەی ئەو پیاوە بدە. گوتی

بەڵێ ڕاوەستە تاکو دەیدەمێ. ئـەبو جـەهل چـوو پارەکـەی هێنـاو دایـە کـابرای ئیراشـی[1] و لەگـەڵ پێغەمبەر گەڕانەوە کەعبە. کابرا چۆوە لای ئەو کۆمەڵەی پێیان گوتبوو بڕۆ لای ئەو پیاوە، پێی گـوتن خوا پاداشی ئەو پیاوە بداتەوە حەقەکەی بۆ وەرگرتم.

قوڕەیشیەکان بانگی ئەو کەسەیان کرد کەبەدوایاندا ناردبوو. پێیان گوت وەرە بزانین چیت دیـت؟ ئەویش گوتی سەرم سوڕما لەو کارە سەیرە کەدیتم. بەو خوایە کە لەدەرگـەی ئـەبو جـەهلی داو هاتـە دەرەوە، ئەبو جەهل هیچ ڕۆحی تێدا نەمابوو، پێی گوت پارەی ئەو پیاوە بدە گوتی بەڵێ، مەڕۆ تـاکو بۆی دێنم. چوو پارەکەی بۆ هێناو دایەدەستی. زۆری نەبرد ئەبو جەهل خۆی هاتە کەعبە. پێیان گـوت ماڵ کاول بۆ وات بەسەرهاتووە؟ گـوتی کـە لـەدەرگای دامو گـوێم لـەدەنگی بـوو زراو ڕژای بـوومو کەدەرگەشم کردەوە چاوم پێی کەوت ڕۆحم تێدا نەما، وام زانی دواییمە[2].

﴿ یەکەم نوێنەر بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) ﴾

لەوکاتی کەپێغەمبەرو یاران لەوپەڕی ناخۆشیو چێشتنی ئـازاری قوڕەیـشیان بـوون، کۆمـەڵێك لەنوێنەرانی مەسیحیەکانی حەبەشـە هاتنـە لای پێغەمبـەر، ژمارەیـان لـە(٣٠) کـەس زیـاتر بـوو. جەعفەری کوڕی ئەبی تالیبان لەگەڵ خۆیان هێنابوو.

پێغەمبـەر (ﷺ) زۆری بـەخێرهێنانو ڕێـزی گـرتنو هـەر بـەخۆی خزمـەتی دەکـردن، هـەتاکو موسوڵمانان پێیان گوت ئەی پێغەمبەری خوا با ئێمە ئەو کارە بکـەین لـەجیاتی تـۆ. فـەرمووی مـن دەمەوێ بەخۆم چاکەی ئەوانە بدەمەوە، ئەوان چۆنیان ڕێزی یاران گرت، منیش تۆڵەیان بۆ دەکەمـەوە. مەسیحیەکانیش کەچاویان بەپێغەمبەر کەوت زۆر پێی سەرسـام بـوون، پێغەمبـەر (ﷺ) زۆری قـسە لەگەڵ کردنو قورئانی بۆ خوێندن. حەبەشیەکان هەموویان باوەڕیان بەپێغەمبـەر هێنـا، بـەڵام بـاوەڕی ئەوان وەك باوەڕی بت پەرستان نەبوو، ئەوان پێش ئـەوەی پێغەمبـەر بێـت، بـەهاتنی ئاگـادار بـوون، چونکە خوا لەئینجیل باسی پێغەمبەری کردبوو کەپەیدا دەبێ، فەرمانیـشی پێـدابوون کـەباوەڕی پـێ

(١) ئیراش شوێنێکە لەدەرەوەی مەککە.

(٢) السیرة النبویة لابن کثیر/١/٢٣ وسبل الهدى والرشاد ٢/٤١٩.

بهێنن. جا بۆیە باوەڕ هێنانی ئەوان ئەوە نەبوو کەئایینێك بەجێ بێڵن‌و بچنە سەر ئایینێکی تر، بەڵکو ئاینی ئیسلام هەر درێژە پێدانی ئاینەکانی پێشوە.

هەموو جار پێغەمبەر بۆ باوەڕهێنان داوای لەو مەسیحی‌و جوولەکانە دەکرد، دەیفەرموو ئێوە لەسەر هیچ باوەڕێك نین تاکو بەگوێرەی فەرمانی ئینجیل‌و تەورات بەڕێوە نەچن، هەروەك خوا پێی فەرموو بۆ پێیان بڵێ ﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَسْتُمْ عَلَى شَيْءٍ حَتَّىَ تُقِيمُواْ التَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلَ﴾[1] واتە: (ئەی خاوەن کتێبان (مەبەست مەسیحی‌و جولەکە) ئێوە لەسەر هیچ ئایینێك نینە هەتاکو بەفەرمانی ئینجیل‌و تەورات هەڵنەستن) چونکە ئایینی خوا هەمووی هەریەك ئایینە، هەر پێغەمبەرێك هاتبێ ئایینەکەی تەواوکەری ئەوی پێشووە.بۆیە پێویستە لەسەر هەموو خاوەن باوەڕانی ئاینەکانی تر باوەڕ بەپێغەمبەر بێنن دەنا ئایین‌و باوەڕیان تەواو نیە. قورەیشیەکان زانیان ئەو نوێنەرانە هاتوون، لەکاتی هەڵستانیان لەلای پێغەمبەر، ئەبو جەهل لەڕێگا پێیان گەیشت پێی گوتن، هیچ کاروانێکمان لەئێوە نەزانترو گێلتر نەدیوە، هۆزەکەتان ئێوەی نارد تاکو باسی ئەو پیاوەیان بۆ ببەنەوە، خۆ ئێوە تەواو دانەنیشتن باوەڕتان پێ هێناو ئاینی خۆتان بەجێهێشت، ئەوانیش لەوەڵاما گوتیان خوا ئێوە بێ بەلا بکات، ئێمە نامانەوێ وەك بەنەفامی وەڵامتان بدەینەوە، ئێمە لەسەر ڕێگەی خۆمان ئێوەش لەسەر ڕێگەی خۆتان. بۆیە خوا دەربارەی ئەوانە دەفەرمووێ: ﴿الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ مِن قَبْلِهِ هُم بِهِ يُؤْمِنُونَ * وَإِذَا يُتْلَى عَلَيْهِمْ قَالُوا آمَنَّا بِهِ إِنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّنَا إِنَّا كُنَّا مِن قَبْلِهِ مُسْلِمِينَ * أُوْلَئِكَ يُؤْتَوْنَ أَجْرَهُم مَّرَّتَيْنِ بِمَا صَبَرُوا وَيَدْرَؤُونَ بِالْحَسَنَةِ السَّيِّئَةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ * وَإِذَا سَمِعُوا اللَّغْوَ أَعْرَضُوا عَنْهُ وَقَالُوا لَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ سَلَامٌ عَلَيْكُمْ لَا نَبْتَغِي الْجَاهِلِينَ﴾[2] واتە: ئەو کەسانەی کەتەورات‌و ئینجیلمان پێش قورئان بۆ ناردبوون باوەڕ بەقورئان دێنن‌و کە بۆشیان بخوێندرێ دەڵێن باوەڕمان پێی هەیە ئەوە ڕاستەقینەیە لەلای خواوە هاتووە پێشا باوەڕمان پێ هێنابوو، دەمانزانی کەموحەممەد دەبێتە پێغەمبەر. ئەوانە دووجار پاداش وەردەگرن، جارێکیان کەباوەڕیان بەکتێبی خۆیان هێنا، جاری دووەم کەباوەڕ بەقورئان دێنن، بەو خۆگریەی کەهەیانە

---

١) المائدة : ٦٨

٢) القصص، ٥٢-٥٥.

بەرامبەر ئازارو قسەی ناشیرین، هەردەم ئەو قسە ناشیرنانە بەقسەی ڕێكو بەڕێز وەڵام ئەدەنەوە، خراپەش بەچاكە لەسەر خۆیان لادەبەن. ئەوەی خوا بەوانیشی داوە لەخواردنو ئازووقە، لەڕێگای چاكە دەیدەن بەخەڵك، ئەگەر تووشی قڕەو قسەی خراپی وەك جنێو ڕەخنەی ناشیرین بوون ڕوویان وەردەگێڕنو دەڵێن هەركەسە كردەوەی خۆی بۆ خۆی، ئێمە كردەوەی خۆمان بۆ خۆمان، ئێوەش كردەوەی خۆتان بۆ خۆتان.

﴿ پشت تێكردن لەموسوڵمانان ﴾

قوڕەیشیەكان لەهەموو هەوڵێكیان بۆ لەناو بردنی پێغەمبەرو داوایەكەی سەرنەكەوتن سەرلەنوێ كۆبوونەوەو بڕیاریاندا كەپەیمانێك بنووسنو هەموویان مۆری بكەن، بەیەكجاری پشت لەموسوڵمانانو بەرەی هاشیمو عەبدولموتەلیب بكەنو هیچیان پێ نەفرۆشنو هیچیان لێ نەكردن. بەهیچ جۆرێك دەستەوایان نەكەونو نەژنیان لێ بێننو نەژنیان بدەنێ، پەیمانەكەشیان لەكەعبە هەڵواسی. بەو ئومێدەی موسوڵمانان لەدەور پێغەمبەر نەهێڵنو تەنیا بێنێتەوە. لەهەمان كاتیش بەردەوام ئازاری موسوڵمانە هەژارەكانیان هەر ئەدا.

لەڕاستیشدا ئەو كردەوەیە زۆر كاریگەر بوو لەسەر موسوڵمانانو بەرەی هاشیمو بەرەی عەبدولموتەلیب، بەڵام بیروباوەڕە بەتێنەكەی موسوڵمانان لێكردن كەبتوانن خۆیان ڕابگرنو گوێ نەدەنە هیچ ئەشكەنجەیەكو فەرمانی خوایان لەهەموو شتێك لەلا گەورەتر بوو.

بەرەی هاشیمو عەبدولموتەلیب هەرچەندە موسوڵمان نەببوون، بەڵام بەگوێرەی غیرەتو ڕەوشتی هۆزایەتیو خۆشەویستی خزمایەتی نەیانهێشت پێغەمبەر دەستی بێگانەی بۆ درێژ بكرێ.

ئەو پشت تێكردنەی قوڕەیش سێ (٣) ساڵی خایاند، لەو ماوەیەدا موسوڵمانانو بەرەی هاشیمو بەرەی عەبدولموتەلیب زۆریان ئازارو برسیەتی دیت، نەیاندەتوانی لەناو خەڵك دابنیشن، كەس قسەی لەگەڵ نەدەكردن. بەزۆری دەچوونە ناو دۆڵێك لەكێوەكانی دەوری مەككە، لەو مانگانە شەڕ قەدەغە كرا.

پێغەمبەر (ﷺ) ئەو مانگانەی بەهەل دەزانی شوێنێك هەبوو پێیان دەگوت (دۆڵی ئەبو تالیب) لەوێ ڕایان دەبوارد، تەنیا لەمانگە پیرۆزەكان دەهاتنە مەككە بۆ حەجكردن، ئەویش دەچووە لایان

داوای لێ دەکردن بێنە سەر ڕێگەی ئیسلام و موژدەی بەهەشتی ئەدانێ و ئاگاداریشی دەکردن بەسزای ڕۆژی دوایی.

موسوڵمانان لەبەر پێویستی زۆرجاران ناچار دەبوون بێنە بازاڕ شتێك بکڕن، بەڵام ئەبو لەهەبی دوژمن وای دەکرد کەبەگرانیان پێبفرۆشن. یاخود نرخ زۆر لەسەر زێدە دەکردن، موسوڵمانەکان چیان پێ نەدەکراو بەدەستی بەتاڵ دەگەڕانەوە ناو ماڵ و منداڵیان.

زۆریان لەناو کێوەکان وایان لێهاتبوو هیچیان نەبوو بیخۆن، ناچار گیاو پەلکەداریان دەخوارد. درێژەکێشانی پشت تێکردن و خۆراگرتنی موسوڵمانان و لایەنگیرەکانیان وای کرد گەلێ کەس هەست و سۆزی بۆیان ببزوێ و هەست بەتاوانباری بکەن، بەتایبەتی چونکە زۆربەی قورەیشیەکان خزمی یەکتر بوون. بیروباوەڕی بێهێز زۆرجاران بەرامبەر هەستی خزمایەتی شل دەبێت، بۆیە زۆری وا هەبوو خواردنی بەنهێنی بۆ دەبردنە کێوەکان. لەهەموویان باشتر (هوشامی کوڕی عومەر) بوو، گەلێ جار لەنیوەشەوان حوشترێکی بار دەکرد لەخواردەمەنی و دەیبردە کێوەکان و لەزار گەلیەکە جلەوی بەرەڵڵا دەکردو حوشترەکە دەچووە ناو موسوڵمانەکان و ئەوانیش بارەکەیان لێ دەکردەوە.

موسوڵمانان گەیشتنە ئەوپەڕی ناخۆشی و برسیەتی و نزیکی فەوتان. ماوەی (سێ) ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا ڕۆیشت، وشەکانی پەیمانەکەش هەموو مۆرانە خواردی، تەنیا ئەو وشانە نەبێ کەناوی خوا بوون مابوونەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) ئەو هەواڵەی بەئەبو تاڵیبی مامی گوت، ئەویش گوتی ئایا پەروەردگارت پێی گوتی؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بەڵێ، ئەبوتاڵیبیش لەگەڵ کۆمەڵێك لەخزمانی چووە لای قورەیشیەکان و پێی گوتن بچن نوسراوی پەیمانەکە بێنن. ئەوانیش وایان زانی بڕیاری لەسەر مەرجەکانیان داوە بۆیە هاتووە.

کەچوون پەیمانەکەیان هێناو ئەبو تاڵیب گوتی برازای من پێی گوتومە کەقەتیش درۆم لێ نەدیوە، دەڵێ ئەوەی کەبڕیاری ئابلۆقە کردن و پچڕاندنی خزمایەتیە، مۆرانە هەمووی خواردووە. ئەگەر قسەکەی ڕاست بێ دەبێ ئێوەش هۆشێکتان بێتەوە بەرو لەو بیرو هۆشە ستەمکاریە بگەڕێنەوە. وەڵڵاهی ناتان دەمە دەست ئەگەر دواکەسمان بفەوتێ، ئەگەر موحەممەدیش درۆی کردبێ ئەوا دەتاندەمە دەست و چی لێ دەکەن بیکەن. قورەیشیەکان گوتیان بەو قسەیە ڕازین. ناردیان پەیمانەکەیان هێناو

تەماشایان کرد هەروەکو پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی وابوو، بەڵام قورەیشیەکان پەشێوان بوونەوە، گوتیان ئەوەش جادووی برازاکەت وای کردوە. هەندەی تر توندو تیژیان دەست پێکرد.

موسوڵمانان زۆر پەرێشان ببوون. لەبەرئەوە (هوشامی کوڕی عومەر) چووە لای (زوهەیری کوڕی ئەبی ئومەییە) (کەپورزای پێغەمبەر)، پێی گوت، چون خواردنت بەدڵ دەکەوێو دڵت باوەڕ دەدا جلی باش لەبەر بکەیو بەدڵنیاییو زگی تێر لەماڵەوە دابنیشیو خالەکانیشت لەو حاڵە ناخۆشە بژین، کەس شتیان پێ نادا و شتیان لێ ناکڕێ. بەقسەی ئەبو جەهل وا لەخاڵەکانی خۆت دەکەی، ئەگە رتۆ داوا لەو بکەی وا لەگەڵ خاڵەکانی خۆی بکات بەقسەت دەکات؟ زوهەیر بەو قسەیە لەگەڵ هوشام ڕێك کەوت کەهەندێکی تریش پشتگیریکەر پەیدا بکەنو پەیمانەکە هەڵوەشێنێتەوە. دوایی (موتعیمی کوڕی عەدی)و (ئەبو بوختری)و (زەمعەی کوڕی ئەسوەد) لەگەڵیان ڕێك کەوتنو بوونە پێنج کەس.

بۆ بەیانی زوهەیری کوڕی ئومەییە چوو لەدەوری کەعبە سووڕاو دوایی بانگی کردو گوتی ئەی دانیشتوانی مەککە، ئێوە چۆن رازی دەبن ئێمە خواردن بخۆینو جل لەبەر بکەینو بەرەی هاشمیش کەس هیچیان پێ نەداو هیچیان لێ وەرنەگرێ. وەڵڵاهی دانانیشم تاکو ئەو پەیمانە ستەمکاریە نەدڕێنم. کەئەبو جەهل گوێی لێ بوو هاواری کرد گوتی درۆت کرد نایدڕێنی. ئەوجا زەمعەو ئەبولبوختریو هوشام تێکرا هاواریان کرد، گوتیان تۆ درۆت کرد.

ئەبو جەهل تێگەیشت کەئەو کارە بەشەو ڕێکخراوە، زانی ئەگەر بەگژیان دا بچێ خراپەی لێ پەیدا دەبێ، بۆیە لەشوێنی خۆی کشایەوە، موتعیم هەڵستا پەیمانەکەی هێنا بیدڕێنی کەتەماشای کرد هەمووی مۆرانە خواردویەتی تەنیا پێشەکیەکەی نەبێ کەنوسراوە (بەناوت خوایە).

بەو شێوەیە موسوڵمانو پێغەمبەرو بەرەی هاشیمو عەبدولموتەلیب ڕزگاریان بوو لەو ناخۆشیە توندو بەتێنەی کەزۆری نەمابوو، هەموویان پێی لەناو بچن. ئەوجا دەرگەیان لێ بۆوەو هەموویان لەناو کێوەکان هاتنە خوارەوە.

﴿ ساڵی ماتەمی (مردنی خەدیجەو ئەبو تاڵیب) ﴾

چەند مانگێك بەسەر تەواو بوونی پشت تێکردنەکە تێپەڕی. پێغەمبەر (ﷺ) ژیانی تایبەتیو گشتی لێ بەتاڵ بوو. خەدیجەی خێزانیو ئەبو تاڵیبی مامی یەك لەدوای یەك کۆچی دواییان کرد، تەنیا

مانگێكو پێنج ڕۆژیان كەوتە نێوان.

خەدیجە یارمەتیدەرێكی گەورە بوو بۆ پێغەمبەر. خۆشەویستو پشتیوانی پێغەمبەر بوو، ژنێكی دڵپاكی خەدیجە لێ دەدایەوەو دەیهێنایەوە بارێكی دڵفرەوانیو دڵخۆشیو پڕ ئومێد بەدوارۆژ. خەدیجە فریشتەی خۆشیو دڵسۆزی بوو لە بۆ پێغەمبەر.

ئەبو تاڵیبیش پشتیوانو سەنگەرێكی قایم بوو بۆ پێغەمبەر. كەگەیشتە تەمەنی هەشتا ساڵی نەخۆش كەوت، سەردارانی قورەیش زانیان دوادوابیەتی، هەندێكیان چوونە لایو پێیان گوت بۆ خۆت دەزانی ئەوا ڕۆژی ترسناك هاتو حەز دەكەین شتێكی وا بكەی لەگەڵ موحەممەد واز لێك بێنین. پێی بڵێ با لێمان گەڕێ خۆمانو ئایینەكەمانو ئەویش خۆیو ئایینەكەی. لەوكاتە پێغەمبەر (ﷺ) هاتە لای مامیو دیتی ئەوانە لای دانیشتوون پێیان گوت چیت دەوێ، تاكەی واز ناهێنی؟

ئەویش زۆر بەدڵنیاییو پڕ باوەڕو ڕووی تێكردنو گوتی بەڵی داوای من یەك وشەیە بیڵێین دەبنە خاوەنی هەموو عەرەب ڕۆمو عەجەمیش سەرتان بۆ دادەنوێنێ. ئەبو جەهل بەخێرا گوتی، بەڵێ سەرچاو نەك یەك ووشە بەڵكە دە ووشە، پێمان بڵێ تاكوو بیڵێین. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی هەمووتان بڵێن (لا إلا إلا الله) وازیش بێنن لەو بتانەی دەیپەرستن. هەندێك گوتیان تۆ دەتەوێ ئەو هەمور خوایانە بكەین بەیەك خوا. ئەوانی تر گوتیان موحەممەد لەسەر ئەو داوایەی ئێمە لەگەڵمان ڕێك ناكەوێ. لەپاش ئەو گفتو گۆیە پێغەمبەر (ﷺ) زۆری حەز دەكرد (ئەبو تاڵیب) باوەڕبێنێو موسوڵمان بێت. بۆیەش پێی گوت مامە شادە بێنەو باوەڕ بەخوای تاكو تەنیا بێنە، تاوەكو ڕۆژی دوایی بتوانم لەلای خوا تكات بۆ بكەم، ئومێدەوارم خوا تكام قەبووڵ بكات. ئەبوتاڵیبیش گوتی ئەگەر لەترسی زمانی قورەیش نەبێ بڵێن لەترسی مردن موسوڵمان بوو دڵت خۆش دەكەم. پێغەمبەر (ﷺ) زۆری هەوڵ لەگەڵدا بەڵام موسوڵمان نەبوو[1]. قورەیشیەكانیش زۆریان هاندا كەواز لە ئایینی باووباپیران نەهێنێ. پێیان گوت واز لەئایینی عەبدولموتەلیب دێنێ. دواییەكەی ئەبو تاڵیب گوتی لەسەر ئایینی عەبدولموتەلیب. ئەوجا قورەیشیەكان بڵاوەیان لێ كرد. مردنی ئەبو تاڵیب خەدیجە كەلێنێكی گەورەی لەژیانی پێغەمبەر پەیدا كرد، زۆریشی كاركردە سەر بارو هەڵوێستی موسوڵمانان.

---

١) صحیح البخاری كتاب الجنائز ژمارە ١٣٦ لاپەڕە ٢٦٧.

قوڕەیشیەکان زیاتر دەستیان کرد بەئازاردانی پێغەمبەرو موسوڵمانان، لەهەموو ڕاستان بەرەنگاری پێغەمبەر دەبوون. هەتاکو جارێکیان خوێریەك لەڕێگا تووشی پێغەمبەر بوو، مستەخۆڵێکی بەسەریدا کرد، گەڕایەوە ماڵەوە فاتیمەی کچی بەگریانەوە سەری پاك کردەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) کەچاوی بەفرمێسکەکانی فاتیمە کەوت تازەش خەدیجەی دایکی مردبوو زۆری دڵ پێ سووتاو فەرمووی (ڕۆڵە مەگری خوا باوکت دەپارێزێ) [1].

قوڕەیشیەکان درێغیان نەدەکرد لەئازاردانی پێغەمبەر، هەموو دەرگەیەکیان لێ داخستو هەموو ڕێگەیەکیان لێگرت. کەم کەس گوێی لێ ڕا دەگرت، هەرچی هەبوو گاڵتەی پێ دەکرد. هەموو ڕۆژ بەدڵێکی زۆر غەمناکەوە دەگەڕایەوە ماڵەوە. بۆیە ناوی لەو ساڵەنا ساڵی غەمناکی. گەلێ جاران دەیگوت سوێند بەو خوایە تاوەکوو ئەبو تاڵیب مابوو، نەیانتوانی هیچم لەگەڵ بکەن.

بەڵام داخ و پەرۆشی پێغەمبەر (ﷺ) بەزۆری لەبەر ئەوە بوو نەیدەتوانی پەیوەندی بەهیچ لایەکەوە بکاتو بانگی خەڵك بکات بۆ ئاینی ئیسلام. قوڕەیشیەکان وایان دەزانی نەمانی ئەبو تاڵیب دەبێتە هۆی لەناوچوونی موسوڵمانان. بەڵام خوا پەکی بەکەس ناکەوێو کاری موسوڵمانەتی لەسەر یەکێکی وەك ئەبو تاڵیبو هەزارانی وەك ئەبو تاڵیب ڕاناگرێ. خوا ڕێگەی ڕاستی هەر سەردەخاو پشتیوانی ڕاستی هەرخۆیەتی.

﴿ ڕۆیشتنی پێغەمبەر بۆ تایف ﴾

پێغەمبەر ئومێد بڕای بوو لەقوڕەیشیان، ئەو هەموو ئازارەشی چێشت، بیری کردەوە شوێنێکی تر بدۆزێتەوەو بانگیان بکات بۆ سەر ڕێگەی ئیسلامو پشتیوانیشی لێ بکەن.

(تایف)یش شارێك بوو لەگرنگی لەدوای مەککە دەهات. دانیشتوانەکەشی زۆر تێرو تەسەل بوونو خۆیان لەدانیشتوانی مەککە کەمتر دانەدەنا. هەتاکو یەکێکی وەك (عومەیری سەقەفی) دەیگوت چۆن دەبێ وەحی بۆ موحەممەد بێتو لەبیر بکرێم. هەروەك خوا لەقورئان باسی دەکات دەفەرموێ ﴿وَقَالُوا

1) السيرة النبوية

﴿لَوْلَا نُزِّلَ هَذَا الْقُرْآنُ عَلَى رَجُلٍ مِّنَ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ﴾[1] واتـە، نەدەبوایـە ئـەو قورئانـە بـۆ پیـاوێکی گەورەی ئەو دوو شارە بێت. (مەبەست مەککەو تایفە). لەهەمان کاتیش تایف شوێنی بتێکی گـەورە بوو، پێیان دەگوت (لات) هەموو ساڵ لەدەوروبەری تـایف بـۆی دەهـاتن‌و حـەجیان لـەدەورە دەکـرد. هەروەها تایف هاوینەهەوارێکی زۆر خۆش‌و پڕ لەڕەزوباغ بوو، هەر بەو هۆیـەوە خەڵکەکـەی خـاوەنی سامانێکی زۆر بوون. ڕۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ (زەیدی کوڕی حاریـسە)، بـەنهێنی لەمەککـەوە چوونە تایف‌و چوونە لای چەند کەسانێك لەسەردارانی هـۆزی سـەقیف. کـەلایان دانیـشتن. پێغەمبـەر (ﷺ) داوای لێکردن موسوڵمان ببن‌و واز لەبت پەرستی بێنن‌و یارمەتی بدەن‌و لەقوڕەیش بیپارێزن.

بەڵام ئەوان زۆر بەبێ ڕێزی‌و ناشیرینی وەڵامیان دایەوە، لەڕەوشتی هیچ هۆزێك نەبوو، ئـەو جـۆرە قسانە بەمیوان بڵێن. پێغەمبەر (ﷺ) چاوەڕوانی لێ نەدەکردن قسەی وا ڕەقی پـێ بڵـێن. لەبەرئـەوە لەلایان هەڵستاو تکاشی لێکردن کەئاشکرای نەکەن لەلای قوڕەیش، چونکە ڕەوشت وابوو یەکێك لەناو هۆزێك ڕۆیشت‌و چووە ناو هۆزێکی تر داوای یارمەتی لێکردن نەدەبوایە بگەڕێتەوە ناو هۆزەکەی خۆی. بەڵام سەقیفەکان لەباتی ئەوەی بەپێی یاسای هۆزایەتی بجوڵێنەوە بەهەراو بەرد باران سەریان لەدوونان، زەید خۆی دەدایە بەر بەردەکان تاکو بەپێغەمبەر نەکەوێ، زەید لەچەند جێگـە سـەری برینـداری بـوو پێغەمبەریش (ﷺ) قاچەکانی بەخوێن داهات. تاکو گەیشتنە ناو باغێکی (عوتبەی کـوڕی ڕەبیعـە) لەوێ لەکۆڵیان بوونەوە. پێغەمبەر (ﷺ) چووە بن دارێك بەو ماندووەتیەو بەو حاڵـە ناخۆشـەوەو بـەو پێی خوێناوی دانیشت. کوڕانی ڕەبیعەش (عـوتبەو شەیبە) تەماشایان دەکرد پێغەمبـەر (ﷺ) سـەری هەڵبڕی بۆ ئاسمان‌و فەرمووی ﴿ **اللهم اليك اشكو ضعف قوتي وقلة حيلتي وهواني على الناس، يا ارحم الراحمين انت رب المستضعفين، وانت ربي الى من تكلني؟ الى بعيـد يـتجهمني، ام الى عـدو ملكته أمري؟ إن لم يكن بك علي غضب فلا أبالي، ولكن عافيتك اوسع لي، اعوذ بنور و جهـك الذي اشرقت له الظلمات وصلح عليه امر الدنيا والاخرة،من أن تنزل بـي غـضبك او يحـل علـي سخطك، لك العتبـى حتى ترضى،ولاحول ولاقوة الابك**﴾ واتە، ئەی خوایە هانـای بهێزێـزی‌و کـەم چارەی خۆم هێنایە بەر تۆ، تـۆ لەهـەمـوو کـەس زۆرتـر خـاوەن بـەزەیی، تـۆ پـەروەردگاری بێـچارەو

(١) الزخرف: ٣١.

بێهێزانیو پەروەردگاری منی. تووشی کێم دەکەی؟ یەکێکی دوور هێرشم بۆ دێنی، یان دوژمنێك دەسەڵاتی بەسەرم دادەشکێنی. لەسەر ئەو حاڵەش ئەگەر تووڕەیی تۆم لەسەر نەبێ باکم نیە بەوانەی تووشم هاتووە. لەهەمووی خۆشتر لەلای من ڕەزامەندیو لێبووردنی تۆیە. خۆم بەڕووناکی ڕووت دەپارێزم، هەموو تاریکایەکی ڕوناك کردووەو هەموو کاری زەمینو دوای زەمینی پێ ڕێك کەوتووە لەوەی، تووڕەیی تۆم بەسەردا بێو ڕکی تۆم بێتە سەر. هەر تۆ مافی گلەییت هەیە بیکەی، تاکو لێم ڕازی دەبی، هیچ هێزو توانایەکیش نیە، تەنیا بەهۆی تۆیە[1].

لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو بەسەرهاتەی پێغەمبەر (ﷺ) وا بیر دەکەینەوە، کەپێغەمبەر بەو کردەوەی لەگەڵیان کرد دڵ تەنگ بوو بێتو ڕەنگە ئەو بەسەرهاتەی لەلا گەورە بوو بێ بۆیە لەبەر خواپاڕایەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە زۆر بەدڵنیاییو بەهێمنی ئەو بەسەرهاتەی وەرگرتو بۆیە بەو جۆرە پاڕایەوە. ئەگەر وانەبوایە تەنیا داوای لەخوا بکردبایە خاکی ئەو کافرانەی ژێر بەرەو ژوور دەکرد، هەروەکو ئیمامی بوخاری لەسەر زمانی خاتوو عائیشە دەگێڕێتەوە دەڵێ، بەپێغەمبەرم گوت هیچ ڕۆژێکت لەڕۆژی ئوحود ناخۆشتر تووش بووە، ئەویش فەرمووی ئەوەی لەهۆزەکەی تۆم دیت لەڕۆژی (عەقەبە) گەلێ توندتربوو. کەچوومە لای (عبدویالیل کوڕی کەلال) داوای خۆم پێگوت، بەڵام ئەوەی من ویستم نەیکرد، منیش بەدڵی پڕ خەفتەوە سەری خۆم هەڵگرت، کاتێك لەو شوێنە بەئاگا هاتمەوە کەپێی دەڵێن (قرن الثعالب) لەوێ سەرم بڵند کرد، پەرە هەورێکم لەسەر بوو جوبرەئیلی تێدابوو، پێی گوتم ئەی موحەممەد خوا ئاگاداری قسەی هۆزەکەت بوو، ئەوا فریشتەی کێوانی بۆ ناردوی، چیت دەوێ فەرمانی پێ بدە بۆت بکات. فریشتەی کێوان بانگی کردمو گوتی خوای تۆ منی ناردووەو فەرمانم پێ بدەی چیت دەوێ تاکو بیکەم. ئەگەر دەتەوێ تاکو هەردوو کێوی ئەخشەبانی مەککەیان بەسەردا بخەم. پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ پێم گوت ئەوەندەم لەخوا داوایە خواپەرستیان لێ بەپاش بکەوێ[2].

ئەمەش وا دەگەیەنێ پێغەمبەر لەتەنگاوەو ئازارو ناخۆشی گەلێ خۆ گرو بەئارام بووە.

پاڕانەوەش لەخوا هەر خواپەرستیەو پێویستە مرۆڤ لەکاتی تەنگاوی هاوار بکاتە خوا، نەك لەبەر

---

(١) فقة السيرة ١٣٥ ئەویش لە ابن اسحاق دەگێڕێتەوە.

(٢) بوخاری ٤/٢٣٧ سبل الهدی والرشاد ٢/٤٤٠.

تووڕەیی خوا لەبیر بکات. ئیتر بەو پاڕانەوەیە یەکسەر خوا داوایەکەی قەبووڵ کردو دڵی دایەوە. پێش هەموو شتێك (عوتبەو شەیبە)ی کوڕانی ڕەبیعە کەخاوەن دەسەلاتو سامانو هۆز بوون لەتایف، لەهەموو کەسیان زیاتر ڕق لەپێغەمبەر دەبۆوە دڵیان نەرم بوو، فەرمانیان دایە (عەدداس)ی نۆکەریان هێشوە ترێیەك بۆ پێغەمبەر لێ بکاتەوەو بیداتێ. لەهەمان کاتیش خوا هەر لەوێ بۆی دەرخستن پێغەمبەرە، بەوەی کەعەدداس هێشوە ترێیەکەی دایە دەست پێغەمبەر. پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی بەناوی خوا، ئەوجا دەستی کرد بەخواردنی.

عەدداس گەلێ سەرسام بوو، بەپێغەمبەری گوت خەڵکی ئەو ولاتە ئەمە نالێن. پێغەمبەر ر لێی پرسی تۆ چیتو خەڵکی کوێندەری؟ عەدداس گوتی من مەسیحیمو خەڵکی نەینەوام، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خەڵکی شاری خواناس (یونسی کوڕی مەتتای)؟ عەداس گوتی چۆن دەزانی یونس کوڕی کێیە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەو برای منە، ئەو پێغەمبەرەو منیش پێغەمبەرم.

عەدداس کەوتە دەستو پێ ماچ کردنی پێغەمبەرو موسوڵمان بوو، کوڕانی رەبیعە گوتیان عەدداس هەڵخەڵتاو پەکی کەوت. گوتیان عەدداس بۆ وات کرد؟ ئەویش گوتی بەو خوایە لەو پیاوە باشتر لەسەر زەوی نیەو نابێ. گوتیان ئاینی خۆت چاکترە.

دوای پێغەمبەر (ﷺ) بەناچاری بەرەو مەککە گەڕایەوە. زەید پێی گوت چۆن دەچیەوە مەککە، خۆ ئایەڵن بگەڕێیتەوە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خوا یاریکارمانەو دەرگەمان لێ دەکاتەوەو ئەو ئاینە سەر دەخاتو پێغەمبەری خۆی دیاردەخا کەگەیشتنە (نەخلە) لەنێوان مەککەو تایف، ماوەیەك مانەوە لەوێ نوێژیان کرد. لەو کاتەدا کۆمەڵێك ئەجندە هاتنە لای پێغەمبەر. پێغەمبەریش (ﷺ) قورئانی بۆ خوێندنو باوەڕیان هێنا. هەروەکو خوا لەقورئان لەسورەتی (الجن) باسی دەکات.

پێغەمبەر (ﷺ) بەو باوەڕهێنانەی ئەو ئەجندانە دڵی زۆر فرەوان بوو. ئەمە وای گەیاند کەهەر پێغەمبەری ئادەمیزاد نیە، بەڵکو پێغەمبەری ئەجندەشە. دوای ئەوە پێغەمبەرو زەید بەرەو مەککە کەوتنە ڕێگا بەلام پێش ئەوەی بگەنە ناو شار، پێغەمبەر (ﷺ) لەدوای (موتعیمی کوڕی عەدی) نارد، داوای لێکرد پەنابەریان لێ بکات، چونکە قورەیشیەکان بەبێ پەنابەری نەیاندەهێشت بچێتەوە مەککە. موتعیمیش پەنای داو فەرمانی دایە خزمەکانیو هەموویان کۆبوونەوە شمشێریان هەلگرتو لەگەڵ پێغەمبەر چوونە کەعبە. موتعیم چووە سەر حوشترەکەی ڕاوەستاو بانگی کردو گوتی، ئەی

دانیشتوانی مەککە موحەممەد لەپەنای منەو کەس قسەی پێ نەڵێ و دڵی نەشکێنێ، ئەبو جەهل لەموتعیمی پرسی ئایا پەنا دەری یان سلمان بووی؟ موتعیم گوتی پەنادەرم. (ئەگەر بیگوتبایە موسوڵمان بویم پەنا دەریەکەیان لێ قەبوول نەدەکردو شەڕیان لەگەڵ دەکرد، ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) دوو ڕکات نوێژی کردو چۆوە ماڵەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) ئەو چاکەی موتعیمی هەر لەبیر مابوو (پاش چەند ساڵ کەشەڕی بەدر کۆتایی هات، فەرمووی ئەگەر موتعیم بمابایە ئەو دیلانەم هەموو بەو دەبەخشی)[1]. پێغەمبەر (ﷺ) هەروەك جاران دەستی کردەوە بەبانگ کردنی خەڵك. ئەو هەموو دەردەسەریەو ئازارانە سستی نەکردەوە لەبەجێهێنانی فەرمانی خوا.

هەموو جار لەگەڵ ئەبوبەکر دەچووە لای حەجاجەکانو داوای لێ دەکردن بێنە سەر ڕێگای ئیسلامەتیو واز لەبت پەرستی بێنن. ئەبولەهەبی مامیشی هەروەك جاران دەکەوتەوە شوێنیو لێی جیانەدەبۆوە. پێغەمبەر لەگەڵ هەرکەسێك یا کۆمەڵێك کۆبووبایەوەو داوای ئیسلام بوونی لێکردبان، ئەبولەهەب نەیدەهێشت موسوڵمان بن. بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) بێزار نەدەبوو، ئەگەر موسوڵمانیش نەبوویان هەر بەردەوام دەبوو لەسەر ڕاگەیاندنی ئەو ئایینە، گەلێ جاران دەچووە ناو دێهاتو ماڵەکانیان لەگەڵیان دادەنیشتو قسەی لەگەڵ دەکردن، زۆرجاران ئەو خەڵکە بەڕەقیو وەڵامیان دەدایەوە.

ئاشکرایە پێغەمبەر (ﷺ) ورەی گەلێ بەرز بوو، هیچ تەنگو چەڵەمەیەكو تەنگاویەكو کەمو کووریەكو گەردەلولی دوژمنایەتی بت پەرستان کاری تێنە دەکرد. بەهەمان شێوەش موسوڵمانانیش تا دەهات ورەیان بەتێنتر دەبوو، گوێیان لەئازارو ئەشکەنجەی قورەیشیان نەبوو. هەرچەندە تا دەهات توندوتیژی قورەیشیان لەسەر موسوڵمانان بەهێزتر دەبوو[2].

پێغەمبەر (ﷺ) بیری دەکردەوە کەڕێگایەك بدۆزێتەوە تاکو خۆیو موسوڵمانان لەو تەنگاویە

---

(١) زاد المعاد ٣/١١٠ ئەویش لەبوخاری ١٧٣/٦و ٢٤٩/٧ وەری گرتووە.

(٢) ئەو ئازارو ئەشکەنجەی موسوڵمانانو پێغەمبەر دیتیان ڕێگەیە کە هەتا هەتایێ موسوڵمانان دەبێ پێیدا بڕۆن. ئەو ڕێگەیە بەردەوامە لەژیانی موسوڵمانانو نوێ دەبێتەوە. خەباتی ئیمڕۆ چی وای کەمتر نیە لەو ئازارو ئەشکەنجەی پێغەمبەرو یاران ، ئیمڕۆ دەبینین ئیستیعماریەکانو مەسیحیو جولەکەو نۆکەرەکانیان چ لەگەڵ موسوڵمانانی بۆسنەو جەزائیرو میسرو مەراکیشو سەیلانو کشمیر دەکەنو چ جۆرە قەساخانەیەکیان بۆ داناون!.

ڕزگار بکات، باوەڕیشی وابوو کەخوا دەرگەیەك کەهەردەکاتەوە. دەیزانی توندیو تیژیو ئازاردانی خەڵك هەر ماوەیەکەو نامێنێ، چونکە ستەمکاری ماوەی کورتە، هەر کاتێك ستەمکاری لەناو میللەتێك زۆر بوو ئەوە نیشانەی فەوتانیانە.

﴿ شەوڕۆیی و بڵند بوون (الإسراء والمعراج) ﴾

مەبەست لەشەوڕۆیی ئەو گەشتەیە لەکەعبەوە بۆ قودس خوا بەپێغەمبەری کرد. مەبەست لەبڵندبوونیش بەرز بوونەوەی پێغەمبەرە لەقودسەوە بۆ ئاسمانی سەروو. ئەو ئاسمانەی کەزانیاری ئادەمیزاد نەگەیشتوەتێ. شەوڕۆیی و بڵند بوونی پێغەمبەر (ﷺ) کەوتە شەوێکی دووشەممە، بەڵام بیروڕای جیاواز هەیە سەبارەت بەو مانگەی میعراجی تێدا ڕوداوە، چونکە بەتەواوی ڕوون نەبوەتەوە کەچ مانگێک بووە. هەندێك دەڵێن لەمانگی ڕەجەب بووەو هەندێکیش دەڵێن لەمانگی (ربیع الاول) بووەو هەندێکیش دەڵێن لەمانگی (ذو القعدة)یە. لەساڵی دەیەمی پێغەمبەرایەتی بەرامبەر ساڵی ٦٢١ی زایینی، هەژدە مانگ پێش کۆچ کردنی پێغەمبەر بۆ مەدینە میعراج ڕوویدا. لە(ئوم هانی کچی ئەبو تالیب) دەگێڕنەوە دەڵێ، ئەو شەوە پێغەمبەر لەماڵی ئێمە خەوتبوو، بەیانی کەهەڵستا پێی گوتم ئیمشەو لەگەڵ جوبرەئیل چووم بۆ قودس، لەوێ لەگەڵ پێغەمبەران یەکترمان دیتو نوێژمان کردو لەوێشەوە بڵند بوومەوە بۆ ئاسمان هەتا ئاسمانی حەوتەمین. خوا گەلێ فەرمانی پێدام لەگەڵ فەرمانی نوێژەکان کەپێنج جارە. لەو گەشتەدا وێنەی بەهەشتو دۆزەخم بۆ کراو ئەوانەی شایستەی بەهەشت بوون لەبەهەشت دیتمو ئەوانەی شایستەی دۆزەخ بوون لەناو دۆزەخ دیتم، دوایی بەهەمان ڕێگەش گەڕامەوە.

ئوم هانی دەڵێ پێم گوت ئەو قسەیە ئاشکرا مەکە دەنا خەڵك پێت باوەڕ ناکەن. ئەویش فەرمووی سوێند بەو خوایە پێیان دەڵێم، من فەرمانی خوا ناشارمەوە. چووە کەعبەو ئەو باسەی بۆ خەڵکەکە باس کرد. زۆران پێیان باوەڕ نەکردو هەندێك سەیریان بەقسەکەی هات. ئەبو جەهلیش خەڵکێکی زۆری لێ کۆکردەوەو بەپێغەمبەری گوت ئەوجا پێیان بڵێ.

پێغەمبەریش پێی گوتن گەلێکیان گاڵتەیان پێکرد. ئەو باسە کەوتە ناو دانیشتوانی مەککەو بەئەبوبەکریان گوت پێغەمبەر شتێکی وا دەڵێ. ئەبوبەکریش گوتی ئایا پێی باوەڕ ناکەن؟ ئەگەر

پێغەمبەر بەخۆی وا بڵێ ڕاستە، ئەی بۆچی پێی باوەڕ دەکەن کەفەرمانی لەماوەیەکی کەم لەئاسمانەوە بۆ دێ!. ئەوجا ئەبو بەکر بەخێرایی چووە لای پێغەمبەر. پێغەمبەر باسەکەی بۆ گێڕایەوە بەپێغەمبەری گوت ڕاست دەکەی. لەو ڕۆژەوە پێغەمبەر (ﷺ) ناوی لەئەبوبەکر نا (صدیق) واتە باوەڕ بەڕاستی دێنی.

قوڕیشیە بێ باوەڕەکانیش کەلەلای پێغەمبەر دانیشتبوون داوایان لەپێغەمبەر کرد کەباسی قودسیان بۆ بکات، چونکە هەندێکیان قودسیان دیبوو شارەزابوون‌و پێغەمبەریش (ﷺ) پێشتر قودسی نەدیبوو. کەبۆی باسکردن‌و قسەکانیشی بەو گوێرەی کەشارەزایەکان دەیانزانی هەمووی ڕاست بوو. ئیتر گوتیان ڕاست دەکەی. دوایی پێغەمبەر باسی کاروانێکی بۆ کردن کە لەڕێگا دیتبوونی بەرەو مەککە دەهاتن، گوتی کەچووم ئەو کاروانە حوشترێکیان لێ بزرببوو، من پیشانم دانەوە، لەگەڕانەوەشمدا بەلایاندا تێپەڕیم هەموویان نووستبوون ئاوم خواردەوە.

بەڵگەشم ئەوەیە کەئەو کاروانە ئێستا لەپێچەکانی (تەنعیمی سپی) دەڕوات‌و حوشتێکی بۆڕیان لەپێش دەڕوات، بارەکەی دوو تایە، تایەکیان بەلەکەو ئەوی تریان ڕەشە. کۆمەڵێك لەقوڕەیشیان بەخێرایی چوون تەماشایان کرد کاروانەکە گەییوەتە ئەو شوێنەو هەمان حوشتریش لەپێشەوە دەڕوات. پرسیاریان لەکاروانچیەکان کرد ئایا حوشتریان لێ بزرببوو یەکێك پیشانی دابنەوەو کاتی خەوتنیشیان ئاویشیان خورابێتەوە، گوتیان ڕاستە ئەمە باسی شەوڕۆیی‌و بڵندبوونی پێغەمبەر بوو بەکورتی، کەخوا لەقورئان باسی‌دەکات‌و دەفەرموێ ﴿سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِّنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ البَصِيرُ﴾[1] واتە، (هەر خوا شایستەیە کەهیچ ناڕێکیەکی لێ ڕوونادات‌و پاکی‌و تەواوی هەر شایستە بەخۆی کەبەندەی خۆی لەشەوێکدا لەکەعبەوە بۆ مزگەوتی قودس برد، ئەو مزگەوتەی کەهەموو دەورو کەناری پیرۆزەو شوێنی پەیدابوونی زۆرترین پێغەمبەرانەو پڕ خێرو بێرو میوەجاتە، تاکو بەڵگەو نیشانەی گەورەو ئاشکرای پیشان بدەین، خوا قسەکانی پێغەمبەر دەبیسی‌و کردەوەکانیش دەبینێ).

خوا بەو گەشتە پێغەمبەری دڵنیا کرد کەپلەی گەلێ بەرز دەکات، تاکو ورەی زیاتریش بەرز بێتەوەو دڵنیا بێت کەخوا وازی لێ نایێنێ لەگەڵ ئەوەی کەپێغەمبەریشە، دەبێ ئاگادار بکرێ

(١) الاسراء: ١.

بەهەموو دیمەنو کاروباری ئاسمانیش. ئەوەش کارێك بوو هەروەك کارەکانی تر کە لەتوانا بەدەر (معجزة) بوو. ئەوەش تاقی کردنەوەیەك بوو بۆ ئەوەی بزانرێ کێ باوەڕ بەپێغەمبەر دێنێو کێ لەپێغەمبەر دەکشێتەوە.

کاری لەتوانا بەدەر پێشتریش بۆ پێغەمبەران زۆر هاتوە، تاکو زیاتر باوەڕ بەڕێگەی خوا بێنن. هەروەك دارەکەی حەزرەتی موساو تۆفانەکەی حەزرەتی نوحو دەست پیرۆزی عیسا، کە کوێرو بەڵەكو گەڕی چاك دەکردەوە.

مەبەستی خودا لەداستانی میعراجو هەموو داستانەکانی تریش ئەوەیە، بزانین خوا خاوەن دەسەڵاتەو کاری وا دەکات کە لەتواناو سنوورە تەسکەکەی بیروهۆشی ئادەمیزاد نیە، هێزو توانای خوا لەوە گەلێ زیاترە کەئێمە بیری لێ دەکەینەوە. شتێکی ئاشکراو روونیشە کە هەتاکو هێز زیاتر بێت، کاتو ماوە کەم دەبێتەوە. پێویستە بزانین کەمرۆڤ توانای کاری لەتوانا بەدەری‌نیە تەنیا هەمووی هەر بەفەرمانی خوایە، مەبادا مرۆڤ بیربکاتەوەو کەسێك ببەنە ئەو پایە دەسەڵاتی خوای بدەنێو خەڵکی پێ لەخشتە ببەنو ماڵو پارەیان لێ دەربێنن.

ئەو گەشتەی پێغەمبەریش بۆ قودس گەشتێکی هەڵبژاردە بوو لەلایەن خواوە. گەشتێکە کورتەی دوورترین ڕێگایە، ئەوجا چ لەکاتو چ لەشوێنو چ لەسنوور. ئەوە مانایەکی گەلێ قووڵتری هەیە لەوەی کەدێتە بەرچاو. بیروهۆشە تەسکەکەو سنوورە دیارکراوەکەی ئێمە لەدەریای ئەو باسە بڕناکاتو دەخنکێ. بەڵام لەژیانی ئێستاماندا خوا کاری وای دەرخستووە ئەگەر ئەو کات بەهەرکەسێکیان بگوتبایە وەك داستانەکەی میعراج باوەڕیان نەدەکرد. بۆ نموونە لەهەموو کەنارێکی ئەو زەویە دەتوانین بەهۆی رادیۆ گوێ لەدەنگی کابرای قسەکەری ئێستگەیەك ڕابگرین، هەتاکو گوێمان لەهەستی هەناسەی دەبێت، یاخود دەتوانین بەهۆی تەلەفۆنێکی بێ تەل قسە لەگەڵ یەکێکی تری ئەوپەڕی کەناری سەر ئەو زەویە بکەین، یان تۆ لەهەر کوێ بی بەهۆی ئامێری فاکس دەتوانی نامە بەدەقی خۆی بنێری.

ئەوجا هەر گیانێك وەك گیانی موحەممەد بگاتە ئەوپەڕی پایەبەرزی، بەمەرجێك هەموو دەم دڵی لەخوا بێ ئاگا نەبێ، چۆن بەو پایە ناگا کەبڵند بێتو هەموو کەنارو چوارچێوەی ئەو ئاسمانەو بەڵگەو نیشانەی وا نابینی کەخوا ویستویەتی پیشانی بدات، بەڵام عارەبی مەککەو کەسانێکی کەلەو بەرزاییە نینەو ناتوانن لەو ڕاستەقینە بگەن، بۆیە کەپێغەمبەر (ﷺ) پێی گوتن بۆ معیراج چووم، دژی

وەستان. ئێمڕۆکەش دەیان مانگی دەستکرد (القمر الصناعی) نێردراون‌و دەنێرن بۆ ئاسمانی دەوری زەوی کەبەهۆی تەلەفزیۆن دەبینین هەڵی ئەدەن. بەڵام ئێستاش زۆر لەو مەلایانەی کەبەبیری تەسك بیر دەکەنەوەو بەبێ ئاگایانە دەدوێن. باوەڕیان نەکردوە کەئەو مانگە دەستکردانە دەنێرن بۆ ئاسمانی نزیك زەوی‌و بۆ ئەستێرە نزیکەکانی دەوری زەوی، هەمووومان شەوان بەتایبەت لەتاریکە شەوان بەچاکی دەیانبینین.

مامۆستا (شێخ عوبیدی کوڕی حاجی موحەممەدەمین کۆیی) لەسعودیە نیشتەجێیە، گێڕایەوە گوتی هەتاکو ئەو دواییەش موفتی سعودیە کەناوی (عەبدولعەزیز کوڕی بازە) پیاوێکی نابینایە، خوێندن هەر بەگوێ لێ بوون فێربووە، فەتوای دابوو کەهەر کەسی باوەڕ بکات کەئادەمیزاد بەساروخ بۆ ئەستێرە نزیکەکان‌و بۆ ئاسمانی دەورەی زەوی هەڵئەدەن کافر دەبێت. تاوەکو یەك لەکوڕە میرەکانی سعودیان بەساروخی (عەرەب سات) بۆ ئاسمانی دەورەی زەوی هەڵدا، ئەوجا موفتی بێ دەنگ بوو. لەکوردستانیش چەندین مەلا هەبوو بڕوایان بەهەڵدانی مانگی دەستکرد نەبوو.!

جا لەزەمانی پێغەمبەریش بیر تەسکەکان گاڵتەیان بەقسەی پێغەمبەر دەهات. چونکە ئەوان بەبیری تەسکی بیابان‌و شارستانیەتی ئەودەمای مەککە بیریان دەکردەوە. خۆ بەهەمان شێوە ئەگەر پێش پەنجا ساڵێك باسی مانگی دەستکردت بۆ خەڵکی ئاسایی بکردبایە، ئەوانیش گاڵتەیان پێ دەکردی. جا چ جای ئەوە کە پێت گوتبان بەهۆی ئەو مانگە دەسەکردانە زانایان‌و کاربەدەستان چاودێری جوتیارەکان دەکەن تا بزانن چ دەچێنن. یا نبڵێی وێنەو قسەی پیاوێك لەوڵاتێکی تر لەکاتی قسەکردن بۆ بینەرانی وڵاتێکی تر دەگوازیتەوە بۆ ئێستگەی تەلەفزیۆن، یاخود یاری تۆپانی لەهەر شوێنێك بکرێت بەهۆی ئەو مانگە دەست کردانە لەهەمان کاتدا هەمووکەس لەماڵی خۆی لەتەلەفزیۆن دەتوانێ بیبینێ، یا بتگوتبایە نوێژەکانی جومعەو تەراویحی ڕەمەزانان لەمەککە لەو کاتی کەئەیکەن پێشانت ئەدات؛ ئەوکات چیان پێ‌دەگوتی؟ بێ باوەڕانیش هەر ئەوها بوون لەگەڵ پێغەمبەر.

داستانی میعراج گەلێ سورسوڕمێنەرە بۆ مرۆڤ، ئەو مرۆڤەی کەرەوشتی وایە دەیەوێ لەچۆنیەتی کارو کردەوان بگات. ئەگەر تەماشا بکەین خوا گەلێ شتی زانیاری بۆ مرۆڤ دەرخستووە لەچۆنیەتی کارەکەش نەگەیشتووە. بەڵام چۆنیەتی گەشتەکەی میعراج بەهیچ شێوەیەك بۆ کەس ئاشکرا نیە، جگە لەو نهێنیانە نەبێت پێغەمبەر (ﷺ) خۆی باسی کردوە چۆن وێنەی بەهەشت‌و دۆزەخ‌و گوناهکارانی

پیشاندراوەو چۆن کۆبونەوەی لەگەڵ پێغەمبەران کردوەو پێش نوێژی بۆ کردوون.

گەشتەکەی میعراج دیاری خست کەموحەممەد پێغەمبەرەو پەیوەندی بەئاسمانەوە هەیەو فەرمانیش لەخوا وەردەگرێ، بۆیەش خوا دەرگەی ئاسمانیشی بۆ کردەوە. ئەوەش بەهێزترین بەڵگەیە کەخوا موحەممەدی هەڵبژاردوەو کردویەتی بەپێغەمبەری هەموو مرۆڤی سەر ئەو زەویە.

مرۆڤ دەبێ بەگوێرەی سەرنجو تێگەیشتنی خۆی باوەڕ بەو بەڵگانە بێنێ. بەڵام ڕۆژهەڵات ناسە (مستشرقە)کان بەبیروباوەڕی تەسکی خۆیانو بەو درۆو دەلەسانەی کەبڵاویان کردەوە، دەیانەوێ نیشانەو بەڵگەی پێغەمبەرایەتی لەپێغەمبەر دابڕنو تەنانەت ئەوانە کاریان کردۆتە سەر بەشێکی زۆری موسوڵمانانیشو دەیانەوێ کردەوەکانی پێغەمبەر دوور بخەنەوە لەکردەوەی لەتوانا بەدەر (معجزە)و دەیانەوێ بەهۆی زانیاری (علمی) شێی بکەنەوە، ئەو زانیاریەی کەخوا لەسنوورێکی دیارکراو بەئادەمیزادی داوەو تەنیا توانای ئەوەی داوەتی کەبەهۆی بیرو هۆشەکەی خۆی تێی بگات. بەڵام مەحاڵە کەمرۆڤ بتوانێ لەتواناو کردەوەی خوا بگاتو بەگوێرەی ئاستی زانینی خۆی فەرمانەکانی خوا شێ بکاتەوە کە لەوەزیاتر بڕ ناکات. دەبێ بزانی هەرچی دەیزانی خوارێگەی پیشان داوە کەزۆرجاران بێ هەوڵدان تووشی دەبێت. ئەمەش بۆ ئەوەیە مرۆڤیش چوستیو چالاکی هەبێت، نەک وەکو ئاژەڵ هەموو شتێکی بۆ ئامادە بکرێو بێ بیرکردنەوە بەڕێوەبڕوا.

نابێ زانست هیچ کاتێك بەرامبەر یاساو فەرمانی خوا بەراورد بکەین، چونکە ڕێگەی زانیاری هیچ کاتێك لەسەر یەك یاسا خۆی ناگرێ، دەبینی گەلێ لەزاناکان دەگەنە بڕیاری وا کە کەڵکی ئادەمیزادی هەیە، کەچی زۆر نابا لێی پەشێوان دەبنەوە. چونکە دەبینن زیانی پترە لەسوودی. یاخود شتێك دەدۆزنەوە کەلکێکی باشی هەیە، بەڵام مرۆڤی چاوچنۆكو خۆپەرست بۆ لایەنی خراپەی بەکاردێنن ئەوجا خۆزگە دەخوازن هەر نەیانزانیبایە.

زۆرانیش لەوانەی خۆیان بەزانا دەزانن، ئەگەر شتێکیشیان دۆزیەوەو وابیر دەکەنەوە لەدەسەڵاتی خوا کەم دەبێتەوە. بەڵام فەرمانی خوا هیچ کاتێك گۆڕانی لەبۆ نیە، کەڵکی هەموو کاتێكو هەموو جێگایەکی هەیە، خو ڕەوشتی چاکی بەهۆی پێغەمبەران بۆ مرۆڤ هەناردوەو فەرمانی داوە پەیڕەوی پێ بکەین تاکو دڵو دەروونیان پاك ببێتەوە لەچاوچنۆکیو خۆپەرستیو ستەمکاریو نەفسیان بەرزبێت بەخۆشی بژین، نەك بکەونە دوای هەواو هەوەسو یاسایەکی ستەمکارانە بەڕێوەیان ببات.

﴿ هەژارو سەردار لەلای خوا ﴾

پێغەمبەر (ﷺ) زۆر دڵسۆزو دڵنەرمو بێ هیواو فیز بوو، هەردەم بەتەنگ ئەوەوە بوو قورەیشیەکان بێنە سەر ڕێگای ڕاستیو خواناسینو دەیەویست فەرمانی خوا بەخەڵکی ڕابگەیەنێ، بۆیە لەسەر ئەو هەموو دەردەسیەریەی دەیدیت گوێی نەدەدایێو هەتا ئازاری دەدیت ڕشتتر دەبوو لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو ئایینە. هەر سەرۆکێکی بێباوەڕی قورەیشیانی لەڕێگا بدیبایە لەگەڵی ڕادەوەستاو قسەی لەگەڵ دەکردو ئیسلامەتی پێ دەگوت.

جارێکیان لەڕێگا تووشی هەندی لەسەرۆکەکان بوو، (وەلیدی کوڕی موغیرەشیان) لەگەڵ بوو، کەیەکێك بوو لەدەوڵەمەندو سەردارانی قورەیش. پێغەمبەر (ﷺ) کەوتە قسە کردن لەگەڵیان، دەیەویست باوەڕ بێنن. لەوکاتەدا (عەبدوڵڵای کوڕی دایکی مەکتووم) کەهەردوو چاوی کوێربوو زۆریش هەژار بوو، گەیشتە لایانو ڕانەوەستا تاکوو پێغەمبەر (ﷺ) لەقسەکانی دەبێتەوە، چووە ناو گفتوگۆیانو قسەی پێغەمبەری بڕیو داوای لەپێغەمبەر کرد کەهەندێ قورئانی پێ بڵێ. پێغەمبەریش (ﷺ) گوێی نەدایە عەبدوڵڵا، لەقسەکانی خۆی بەردەوام بوو. چونکە لەعەبدوڵڵا دڵنیا بوو کەموسوڵمانێکی تەواوە خاوەن باوەڕە. ویستیشی دەریببڕێ کەپێویستە خەڵك بزانن هاتنە ناو قسە شتێکی ڕێك نیە، تاکو ببێتە ڕەوشت بۆ هەموو موسوڵمانان، ویستیشی ئەو هەڵەش لەدەست خۆی نەدات بەڵکە، دەتوانی ئەو بێ باوەڕانە بێنێتە سەر ڕێگەی ئیسلام.

لەسەر ئەوە خودا گلەیی لەپێغەمبەر کرد (بەڕەوشتیش هەر خۆشەویست گلەیی لەخۆشەویست دەکات، فەرمووی ﴿عَبَسَ وَتَوَلَّى * أَن جَاءَهُ الْأَعْمَى * وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُ يَزَّكَّى * أَوْ يَذَّكَّرُ فَتَنفَعَهُ الذِّكْرَى * أَمَّا مَنِ اسْتَغْنَى * فَأَنتَ لَهُ تَصَدَّى *وَمَا عَلَيْكَ أَلَّا يَزَّكَّى * وَأَمَّا مَن جَاءَكَ يَسْعَى * وَهُوَ يَخْشَى *فَأَنتَ عَنْهُ تَلَهَّى * كَلَّا إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ﴾[1] واتە، کەپێغەمبەر بێ چاوەکەی هاتە لای ڕووی خۆی لێ گرژ کردو خۆی تێنەگەیاند، ئەی موحەمەد ئایا دەزانی ئەو بێ چاوە کەهاتووتە لات دەیەوی خۆی لەگوناهان خاوێن بکاتەوە، یاخود دەیەوێ ئامۆژگاریت لێ وەربگریو سوودی لێ ببینێ،

(١) عبس: ١-١١.

بەڵام ئەوەی بەهۆی سامانەکەی لەخواو لەئایینی خوا خۆی بێباك کردوە، کەتووشی دەبێ قسەی لەگەڵ دەکەی‌و گوێ لەقسەی ڕادەگرێ‌و گرنگی پێ ئەدەی تاکو بێتە سەر ڕێگەی ئیسلام. تۆ بەرپرسیار نیت تۆ تەنیا پێگوتنت لەسەرە. بەڵام ئەوەی خێرا دێتە لات دەیەوێ فێری زانیاری ببێ لەڕێی خواو بۆ خوا، تۆ خۆت بەیەکێك خەریك دەکەی کەسەرۆکی بێ باوەڕانە لەمەو دوا وامەکە، ئەمەش بەئاگا هێنانەوەیە کەبۆ خەڵك‌و پێویستە هەموو خاوەن بیروهۆشێك دەرس لەقورئان وەربگرێ بزانن پێغەمبەر هۆی پەیوەندیە لەنێوان خواو ئادەمیزاد.

ئەو ئامۆژگاری‌و گلەییش لەپێغەمبەر (ﷺ) شاهیدێکە لەسەر ئەوەی کەئەو قورئانە فەرمانی خوایە. پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی قەت لەبیر نەچوو، هەمووجار کەعەبدوڵڵا دەهاتە لای عەباکەی بۆ رادەخست‌و دەیفەرموو بەخێربێت ئەو کەسەی خوا لەسەر ئەو گلەیی لێ کردم.

لێرەدا دەردەکەوێ کەموسڵمان لەهەموو کەس پایەبەرزترە، باهەژارو بێ دەسەڵاتیش بێت پیاوانی نەفس بەرزو دڵ پاك هەردەم باڵی چاکە بۆراستی شۆڕ دەکەن‌و هاواری خوا دەکەن، ئەوانە لەهەموو کاتێك‌و لەناو هەموو گەلێك دەستەی هەڵبژاردەن.

پیاوی دەوڵەمەندو خاوەن دەسەڵات‌و لەخۆیایی هیچ نرخێکی نیە لەلای خوا. ئەوانە بەهۆی دەسەڵات‌و دەوڵەمەندی مەست‌و دڵ ڕەقن‌و هیچ ئامۆژگارییەك کاریان تێناکات‌و لەگۆڕانکاری دەترسن. نەك دەسەڵات‌وماڵەکەیان لەدەست بچێ. لەبەرئەوە بەهەموو هێزو توانایان بەربەرەکانی یاسای ڕاستەقینە دەکەن‌و دەیانەوێ لەناوی ببەن. هەر یاسایەکیش ماڵ‌و دەسەڵاتیان بۆ زیاد بکات‌و ئارەزووەکانیان بهێنێتەدی ئەوا بەچاکی دەزانن‌و ملی بۆ کەچ دەکەن با سوودی گشتیشی نەبێ. سەرداره بێ باوەڕەکانی قوڕەیش لەسەر بت پەرستی ئەوەندە ڕشت بوون، نەك لەبەرئەوە ڕەوشتی باوباپیرانیان لەلا گەورەیەو بەنرخ بوو، یا باوەڕیان بەبت پەرستی هەبوو، بەڵکو لەسایەی ئەو بیرە پووچە ئەو سامان‌و دەسەڵاتەیان پەیدا کردبوو.

کەئیسلام هات سەربەخۆیی‌و ئازادیەکی وای دایە ئادەمیزاد، جیاوازی نەهێشت لەنێوان کۆیلەو سەربەست‌و هەژارو دەوڵەمەند. بەچاوێکی یەکسانی تەماشای هەموو کەسێکی کرد.

مرۆڤیش ئەگەر مافی خۆی لەیاسایەك بەدی کرد ئەوا هەوڵی بۆ دەدات، هیچ هێزێکیش ناتوانێ بەربەستی بکات. خوا جیاوازی لەنێوان هیچ کەسێك ناکات تەنیا بەکردەوەی چاك نەبێت. بۆیەش

دەفەرمووێ ﴿ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ﴾[1] واتە، بەڕێزترنتان لای خوا ئەو کەسەیە لەترسی خوا لەهەموو کەس زیاتر ئاگاداری ڕەوشتی خۆیەتی.

لەلایەکی تریش ڕکابەریو ململانێو حەسوودی ڕێگەی لەسەردارانی قوڕەیش گرتبوو کەموسوڵمان بن یەکێکی وەك (ئومەییەی کوڕی سەڵت) پێش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) پەیدا ببێ هەمووجار باسی دەکردو دەیگوت، پێغەمبەرێك لەقوڕەیش پەیدا دەبێ، هومێدیشی وابوو کەخۆی ئەو پێغەمبەرە بێت. کەپێغەمبەر هات ئومەییە پێی شەرم بوو باوەڕی پێ بێنێ. ئومەییە شاعیریش بوو، شیعرەکانی زۆر ڕێكو پڕ مانابوون، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو شیعرەکانی ئومەییە باوەڕیان هەبوو، بەڵام دڵی ئومەییە باوەڕی نەبوو.

سەردارانی قوڕەیش وایان دەزانی پێغەمبەرایەتی هەر شایستەیە بەخۆیان. خوا لەدەمیان ئەداتەوە دەفەرموێ: ﴿أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَةَ رَبِّكَ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾[2] واتە، ئەوانە پێغەمبەرایەتی دەبەخشن! ئێمە ژیانی ئەوانمان لەو زەمینە دابەش کردوە.

جارێك (ئەخنەس) لەئەبو جەهلی پرسی، ئایا چ دەڵێیی لەوەی کە لەموحەممەدمان گوێ لێ دەبێ؟ ئەبو جەهل گوتی بەرەبابی ئێمەو بەرەبابی (عەبدی مەناف) بەرەبەرەکانیمانە لەسەر گەورەیی. ئەوان نانیان بەخەڵکی دەدا، ئێمەش نانمان بەخەڵك دەدا، هێرشیان برد هێرشمان برد، ئەوان بەخشیان ئێمە بەخشیمان هەروەك جووتە سوار لەگۆڕەپان ڕاوەستاین. ئێستا ئەوان دەڵێن پێغەمبەر لەئێمە پەیدا بووەو لەئاسمان فەرمانی بۆ دێت، ئەو قسەیە چۆن دەبێ، ئێمە باوەڕیان پێ ناکەین.

ئەوجا ئەگەر مرۆڤ چاوچنۆك بوو دڵی خۆی تەواو مشتو مار نەکرد، دڵو مێشکی لەسەر هەواو ئارەزوو لانەبرد بەسەر ئەو ڕەوشتە ناپانەدا زاڵ نابێتو نایێتە پلەی بەرزیەتیو ڕاستیش تێناگات. ئەو پایەیەش پایەکی زۆر گەورەیە کەمرۆڤ دەیگاتێ. کارەساتی گەورەش بۆ مرۆڤ ئەوەیە کەهەر بەو کاتە هەڵبخەڵتێ کەتێیدا دەژی، زۆریشی لەلا خۆش بێو واش بزانێ خۆشی هەر ئەوەندەیە کەڕۆیشت نایبینێتەوە، بۆیە ئەو جۆرە کەسانە چەنگو کەڵبەیان لەهەموو شتێك گیر دەکەن، تاکو ئەو خۆشیەیان

(١) الحجرات: ١٣.
(٢) الزخرف: ٣٢.

لەدەست نەڕواتو چاکترین یاسا دەخەنە ژێر پێی خۆیان.

قوڕەیشیەکانیش دەیاندیت ڕۆژ بەڕۆژ موسوڵمانان لەزیادەن، بۆیە دەترسان ئەو ئایینە سەربکەویو لەهەموو نیودورگە پەرەبستێنیو ئەو دەسەڵاتو سامانەیان لەدەست بچێتو باوەڕیشیان بەڕۆژی قیامەت نەبوو، کەزیندوو دەبنەوەو بەگوێرەی کردەوەیخۆیان سزا دەدرێن، بەڵام هەستێکی ڕۆژانی داهاتوویان دەکردو دەیانزانی کەدەستێکی نەدیو هەیەو کاروباری ئەو زەمینە دەڕوێنیو دەسەڵاتیان بەسەر چارەنووسدا ناشکێن بۆیەش بیریان دەکردەوە کەخراپە لەسەر خۆیان لابەرن. ئەوجا فاڵیان دەگرتەوە یان باڵندەیان هەڵدەفڕاند. ئەگەر بەلای ڕاستیاندا هەڵفڕیبا بەچاکیان دەزانی، ئەگەر بەلای چەپیاندا هەڵفڕیبایە خراپیان دەزانیو هەر لەبەر هەمان هۆ بوو قوربانیان بۆ بتەکانیان دەکرد، تاکو لەخراپەی ڕۆژانی داهاتوویان دوور بکاتەوە.

بەڵام زیندوبوونەوەی دوای مردنو راوەستان لەگۆڕەپانی مەحشەر بۆ لێپرسینەوەو سزادان. بەهەشت بۆ پیاوچاکانو دۆزەخ بۆ ستەمکاران هیچیان بەبیردا نەدەهات ئەگەر جارجاریش لەجولەکەو مەسیحیان گوێ لێ بوویا زۆریان گوی پێ نەدەداو باسەکەش بەو شێوەیە نەبوو کەخوا لەقورئان باسی کردوەو پێغەمبەر (ﷺ) پێی ڕادەگەیاندن.

﴿ پێغەمبەرو هۆزەکانی عەرەب ﴾

پێغەمبەر (ﷺ) ڕەوشتی وابوو، هەموو ساڵ لەمانگە پیرۆزەکان دەچووە لای سەرۆکو پیاوە ناسراوەکانی هۆزەکانی عەرەب کەلەدەرەوەی مەککە دەژیانو لەکاتی کردنەوەی بازاڕەکانی وەك (عەکازو مەجنەو مەککەو ذی مەجاز) هەموو ساڵان کۆدەبوونەوە پێغەمبەر (ﷺ) دەچووە ناو ماڵەکانیان خۆی پێ دەناساندنو قورئانی بۆ دەخوێندنو داوای لێدەکردن بێنە سەر ئایینی ئیسلامو پشتگیری بکەنو دەیفەرموو من پێغەمبەرم لەلای خواوە هەناردراوم خوا فەرمانتان پێ ئەدا کەخوای تاكو تەنیا بپەرستنو هاوبەشی بۆ پەیدا نەکەنو واز لەبت پەرستی بێنن.

موسوڵمان بوونیش لەوکاتی زۆر پڕ مەترسی بوو، هەموو کەسێك نەیدەوێرا موسوڵمان ببێ، مەگەر ئەوانەی لەخۆبووردەبان. یەکێکی وەك (ئەبازەڕی غەفاری) کەموسوڵمان بوو، ئەو دەردەی

لەدەست قورەیشیانی چێشت، نموونەیەك بوو لەو کارەساتەی موسوڵمانان دەیانچێشت. عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەگێڕێتەوە دەڵێ: کە(ئەبازەر) زانی پێغەمبەر پەیدابووە، بەبراکەی گوت بچۆ مەککە باسی ئەو پیاوەم بۆ بێنە کەدەڵێ من پێغەمبەرم‌و فەرمانم لەئاسمانەوە بۆ دێ. کەبراکەی گەڕایەوە، پێی گوت ئەو پیاوە فەرمان بەچاکە دەدات‌و قسەی وا دەکات هۆنراوە نیە. ئەبازەڕ پێی گوت دڵم بەو قسانەت داپین نەبوو.

بەخۆی هەڵسا هەندێ خواردەمەنی‌و دێمکە ئاوێکی هەڵگرت‌و چووە مەککە پرسیاری لەکەس نەکردو یەکسەر چووە کەعبە، تاکو ئێوارە دانیشت. کەشەو داهات، (عەلی کوڕی ئەبی تالیب) چاوی پێکەوت‌و زانی غەریبە، لەگەڵ خۆی بردیەوە ماڵەوە، بەیانی ئەبازەڕ گەڕایەوە کەعبە نەیوێرا پرسیار لەکەس بکات تاکو ئێوارە شەوی بەسەردا هاتەوەو عەلی پێی گوت کاتی ئەوە نەهاتووە ماڵ پێ بزانیەوە؟

دووبارە لەگەڵ خۆی بردیەوە کەسێ ڕۆژە تەواو بوو عەلی لێی پرسی گوتی پێم نالێی چی تۆی هێناوەتە ئێرە؟ ئەویش گوتی ئەگەر پەیمانم پێ بدەی کەڕێگام پیشان بدەی پێت دەڵێم. کەعەلی پێیگوت، ئەوجا هەردووکیان چوونە لای پێغەمبەر. ئەبازەر کەگوێی لەقسەکانی پێغەمبەر بوو موسوڵمان بوو.

پێغەمبەر (ﷺ) پێی گوت، هەڵسە بگەڕێوە لای هۆزەکەت وەڵامیان بدەرێ‌و چاوەڕێ بکە تاکو فەرمانی منت بۆ دێ. ئەبازەڕ گوتی سوێندم بەوەی کەگیانی منی بەدەستە دەبێ بچم لەناو قورەیشیان هاوار بکەم. کە لەلای پێغەمبەر هەڵستا چووە کەعبەو بەهەموو دەنگیەوە هاواری کردو گوتی (أشهد أن لا إله الله، وأشهد أن محمد رسول الله) تەواوی کردو بی باوەڕان لێی ڕاست بوونەوەو کەوتنە لێدانی تاکو خستیانە زەوی. لەو کاتە (عەبباس)ی مامی پێغەمبەر هات خۆی بەسەر داداو گوتی: ماڵوێرانینە، ئێوە نازانن ئەوە لەغەفارەو ڕێگای بازرکانیتان بەوێدایە، بەو قسەیە وازیان لێهێنا. بۆ بەیانی ئەبو زەڕ دووبارەی کردەوە، دیسان قورەیشیەکان لێیان داو عەبباس خۆی بەسەر داداوەو ڕزگاری کردەوە[1].

(١) السيرة النبوية لابن كثير ١/٢٢٠ لەبوخاری دەگێڕێتەوە.

زۆرانیش لەو سەرەك هۆزانە باوەڕیان بەپێغەمبەر دەهێنا، بەڵام داواشیان لێ دەکرد کە لەدوای پێغەمبەر ئەوان خۆیان جێگری پێغەمبەر بن و سەرداریەتیان بکەوێتە دەست. پێغەمبەریش (ﷺ) پێی دەگوتن دەسەڵات سەرداریەتی لەدەست خوایە دەیدا بەهەرکەس لەدەست من نیە. بۆیە زۆریان پەشیوان دەبوونەوەو دەیانگوت ئێستا ئێمە خۆمان بەکوشت بدەین و دوای تۆش یەکێکی تر پێی خەنی ببێ.

﴿ مزگێنی سەرکەوتنی یەگجاری ﴾

ئەو دەردەسەریەی موسوڵمانان کەلەدەست قورەیشیانیان دەچێشت چەند ساڵێکی خایاند تاکو خوا مزگێنی سەرکەوتنی لەئاسۆ دەرخست، خوا ویستی بەختەوەری بۆ دانیشتوانی مەدینە بێت.

دانیشتوانی مەدینە لەدوو تیرەی بەهێز پێك هاتبوون، یەکیان ناوی (خەزرەج) بوو ئەوی تری ناوی (ئەوس) بوو، هەردوولاشیان بت پەرست بوون و خەریکی کشت و کاڵ بوون. بەپیاوی زۆرباش و دڵ و نەرم و بێ هەواو فیزو بەدادپەروەر ناسرابوون.

ئەوانە لەبنەڕەتەوە خەڵکی یەمەن بوون، لەوێوە کۆچیان کردبوو هاتبوونە مەدینە، دانیشتوانی یەمەنیش لەبنەچەکەیان پیاوی باش و دڵپاکبوون. نوێنەرانی یەمەنی لەمەدینە هاتنە لای، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خەڵکی یەمەن هاتنە لاتان، لەهەموو کەس ڕوو تەنکترو دڵ نەرمترن.

دانیشتوانی مەدینەش تا ئیمڕۆ لەدڵ نەرمی و مێوانداری و پیاوەتی جیاوازیان هەیە، لەگەڵ خەڵکی شوێنانی تری نێو دوورگەی عەرەب. لەوکاتیش ئەوس و خەزرەج دوژمنایەتیەکی زۆر بەتێنیان لەنێوان هەبوو، هەتاکو دەڵێن ماوەی سەدو بیست ساڵ بوو شەڕ لەنێوانیان هەبوو. یەکێك لەو شەڕانە شەڕە بەناوبانگەکەی (بوعاث) بوو کەلەو شەڕە زۆر نەمابوو یەکتری ببڕیننەوە تەنانەت زۆربەی سەردارەکانیان تێدا کوژران.

جوولەکەیەکی زۆریش لەتەنیشت و ڕۆخی مەدینە دەژیا. کاتی فەرمانڕەوایی (ڕۆمانەکان) دەربەدەر بوون هاتبوونە مەدینە. جوولەکەکانیش سێ (٣) بەرەباب بوون، بەرەبابی (قورەیزە)و (نەزیر)و (قەینوقاع). هەرسێ بەرەبابیش خەریکی بازرگانی بوون و هەندێکیشیان خەریکی کشت و کاڵ بوون. ئەو جوولەکانە دەستێکی باڵایان هەبوو لەو دوژمنایەتیەی نێوان ئەوس و خەزرەج، چونکە

جوولەکەکان تیخ تیخەی هەردوولایان ئەداو بەگژەیەکیان دا دەکردن. خەزرەجیەکان ببوونە هاوپەیمانی بەرەی نەزیر (نضیر)و بەرەی قەینوقاع. ئەو سیەکانیش ببوونە هاوپەیمانی بەرەی قورەیزە (قریضە). ئەگەر جارجاریش لەگەڵ بەرەی ئەوس یا خەزرەج لێیانبوویایە ناخۆشیو شەڕ، هەڕەشەیان لەعەرەبەکان دەکردو دەیانگوت ڕاوەستن هێندەی نەماوە پێغەمبەرێك پەیدا دەبێو ئێمە باوەڕی پێدەینێنو هەمووتان دەکوژین.

ئەوسو خەزرەج لەو دوژمنایەتیە بێزار ببوون، بەئاوات بوون کەیەکێك پەیدا ببی ڕێکیان بخاتەوە. بەهۆی تێکەڵاویشیان لەگەڵ جولەکان گوێیان لێ دەبوو کەجوولەکەکان باسی پێغەمبەرانو تەوراتو ئینجیلیان دەکرد. بەو هۆیەوە شارەزاییەکیان لەئایینە ئاسمانیەکان پەیدا کردبوو، وەك دانیشتوانی مەککە نەبوون کەماوەیەك بوو لەپێغەمبەران دوورکەوتبوونەوە دڵیان ڕەق ببوو، هاتو چۆشیان لەگەڵ دەرەوە کەم بوو، تاکو گوێیان لەباسی پێغەمبەرانو کتێبیان بێت. هەروەکو خوا دەفەرموێ ﴿لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّا أُنذِرَ آبَاؤُهُمْ فَهُمْ غَافِلُونَ﴾[1] واتە: (هۆزێك بترسێنە بەسزاو ئازاری خوا لەڕۆژی دوایی، باوكو باپیرانیان ئاگادار نەکراون، هەموویان بێ ئاگان لەئایینو فەرمانی خوا).

ئیتر دانیشتوانی مەککە بەئاسانی نەدەهاتنە ژێر فەرمانی خوا. تەنانەت ئێستاش دانیشتوانی مەککە جیاوازیان هەیە لەتوندیو توڕەیی. دەستی یارمەتی کەمتر درێژ دەکەن بۆ حەجاجەکان لەچاو دانیشتوانی مەدینە.

لەساڵی یازدەمی پێغەمبەرایەتی، هەروەکو هەموو ساڵان پێغەمبەر (ﷺ) لەکاتی کەژی حەجدا لەناو هۆزەکانی عەرەب دەگەڕا. کاتێك لەشوێنێك بوو لەنێوان (مونا)و مەککە (ئێستا شەیتانی لێ بەردباران دەکەن) تووشی چەند کەسێك بوو لەهۆزی خەزرەج بوون، ژمارەیان شەش کەس بوو. ئەوانیش ئەوانە بوون (ئەسعەدی کوڕی زرارە)و (عەوفی کوڕی حاریس)و (ڕافیعی کوڕی مالیك)و (قوتبەی کوڕی عامیر)و (عوقبەی کوڕی عامیر) لەگەڵ (جابیری کوڕی عەبد).

پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لێ کردن ئێوە کێن؟ گوتیان ئێمە چەند کەسێکین لەهۆزی خەزرەج. فەرمووی ئێوە لەهاوپەیمانانی جوولەکانن؟ گوتیان بەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی دانانیشن قسەتان

(١) یس: ٦.

لەگەڵ بکەم؟ گوتیان بەڵێ! کەدانیشتن. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی من پێغەمبەرم‌و خوا فەرمانی پێداوم داوا لەخەڵك بکەم، خوا بەتەنیا بناسن بیپەرستن‌و واز لەبت پەرستی بێنن. لەکۆتایی قسەکانی داوای لەوانیش کرد ببنە ئیسلام. کەگوێیان لەقسەکانی پێغەمبەر بوو سەرسام بوون، یەك تەماشای ئەوی تری کردو بەیەکتریان گوت هەبی‌و نەبێ ئەوە ئەو پێغەمبەرەیە کەجوولەکەکان پێیان دەگوتین پەیدا دەبێ، جا با ئێمە دەستی خۆمان پێش بخەین‌و باوەڕی پێ بێنین.

ئەو شەشە کەسە موسوڵمان بوون‌و بەپێغەمبەریان گوت ئێمە دوو تیرەین لەمەدینە، دوژمنایەتیەکی زۆر بەتێنمان لەناوە، هیچ هۆزێك ئەو جۆرە دوژمنایەتیەی لەگەڵ یەکتری نیە. ئومێدەوارین خوا بەهۆی تۆوە کۆمان بکاتەوەو کەسیش لەتۆ باشتر نیە بۆ ئەو مەبەستە. دوو کەسیش لەوانە لەبەرەی نەججار بوون، واتە خاڵوانی پێغەمبەر بوون. گوتیان ئەو فەرمانەی تۆ بەهۆزەکانمان دەگەیەنین. ئەوجا پێغەمبەریان بەجێهێشت‌و گەڕانەوە مەدینەو ئەو باسەیان بۆ دانیشتوان گێڕایەوەو خەڵکەکەش هەموو بەدڵخۆشیەوە قسەکانیان وەرگرت‌و گەلێ کەسیش بەهۆی ئەوانەوە موسوڵمان بوو. ئەو هەواڵەش لەناو دانیشتوانی مەدینە دەنگی دایەوە.

﴿ پەیمانی عەقەبەی یەکەم ﴾

پاش ئەوەی ناوبانگی ئیسلام بەتەواوی لەمەدینە دەنگی دایەوە. کەساڵ سوڕایەوەو کەژی حەج هات. دوازدە پیاو لەمەدینەوە بۆ حەج هاتنە مەککە. لەوانە (ئەسعدی کوڕی زوارە)و (رافیع کوڕی مالك)و)عوبادەی کوڕی صامیت)و (ئەبو هەیسەمی کوڕی تیهان) یان لەگەڵ بوو. بەنهێنی لە(عەقەبە) لەگەڵ پێغەمبەر کۆبوونەوەو پەیمانێکیان بەست. هەروەکو عوبادەی کوڕی سامیت دەگێڕێتەوەو دەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی پەیمانم لەگەڵ بکەن کەهاوبەش بۆ خوا پەیدا نەکەن‌و دزی‌و داوێن پیسی نەکەن‌و منداڵەکانتان نەکوژن‌و بوختان بەیەکتری نەکەن، لەچاکە یاخی نەبن، هەر کەسێ ئەوانە بکات پاداشتی دەکەوێتە سەر خوا، ئەگەر هەر کەسێکیش تووشی یەك لەو گوناهانە بوو، یان خوا لێی خۆش دەبێ یان سزای دەداو بۆی دەبێتە پاکی لەگوناهەکە. ئەگەر خواش بۆی داپۆشی لەماوەی ژیانی سزای نەدا، ئەوە دەکەوێتە سەر ئارەزووی خوان ئارەزوو بکات سزای دەداتن

ئارەزووش بکات لێی خۆش دەبێ[1]. ئەوەش هەر بەقسە نەبوو بەڵکو ئەو دوازدە کەسە بەهەموو باوەڕیانەوە پەیمانیان دا کەورەشتیان بخەنە سەر ڕەوشتێکی ئیسلامی. بەو پەیمانەیان گوت (پەیمانی عەقەبەی یەکەم). کەئەو دوازدە کەسە بەرەو مەدینە گەڕانەوە پێغەمبەر (ﷺ) (مەسعەبی کوڕی عەمیرا)ی لەگەڵ ناردن تاکو فێری قورئانو ڕەوشتو یاسای ئیسلامیان بکات. ئەو مەسعەبە پێش ئەوەی ئیسلام ببێت لەخۆشترین ژیان دەژیا. کەموسوڵمان بوو کەوتە خەباتو هەوڵدان بۆ ئیسلام لەباتی جلکی ئاوریشمی جارانی، لەبەر نەبوونی کەورە مەڕی لەبەر دەکرد. پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژێك ڕووی‌لەیاران کرد فەرمووی تەماشای ئەو برایەتان بکەن چۆن ئیسلام کاری کردۆتە سەر دڵنیا بووە.

مەسعەب مێوانی ئەسعەدی کوڕی زرارە بوو، لەو ماوەی لەوێ بوو دانیشتوانی مەدینە بەکۆمەڵ دەهاتن موسوڵمان دەبوون. بەڵام سەرسوڕمێنەر ئەوەبوو هەندێکیان کەدەهاتنە لای مەسعەب شمشێرەکەیان لەسەر شان بوو، دەیان ویست مەسعەب بکوژن، هەر ئەوەندە چاویان بەمەسعەب دەکەوتو هەندێ قورئانی بۆ دەخوێندنو باسی ڕەوشتی ئیسلامی بۆ دەکردن، خۆیان ڕانەدەگرت شمشێرەکەیان فڕێ ئەداو موسوڵمان دەبوون. هەتاکو جارێك مەسعەب لەگەڵ ئەسعەدی کوڕی زرارە لەناو باغێك لەگەڵ چەند کەسێك دانیشتبوون، مەسعەب قورئانی بۆ دەخوێندن (سەعدی کوڕی مەعازیش) کەسەرۆکی ئەوس بوو لەگەڵ)(ئوسەیدی کوڕی حوزەیر)، لەشوێنێك پێکەوە دانیشتبوون، بیستیان کەمەسعەب لەگەڵ ئەو کەسانە کۆبوویتەوەو قورئانیان فێر دەکات.

سەعد بەئوسەیدی گوت بڕۆ لای ئەو دوو پیاوە (واتە مەسعەبو ئەسعەد) کە لەمەککەوە هاتوونەتە ئێرەو سەریان لێ شێواندووینو منداڵو جاحێڵەکانیان لێ هەڵخەڵەتاندوین، من نامەوێ بچمە لایان چونکە ئەسعەد کوڕی پوورمە قسەی لەگەڵ ناکەم، تۆ بڕۆ بەڵکە تەمبێیان دەکەی.

کەئوسەید چووە لای مەسعەبو قسەی لەگەڵ کرد، مەسعەب پێی گوت لەسەرخۆبەو دانیشە با هەندێ قسەت لەگەڵ بکەم ئەگەر قسەکانمت بەدڵ بوو وەری بگرەو ئەگەر بەدڵیشت نەبوو بەئارەزووی خۆت بکە.

کەئوسەید گوێی لەقسەکانی مەسعەب ڕاگرت، هەموو قسەکانی بەدڵ بوو یەکسەر هەر لەوێ

---

(١) ابن كثير السيرة ١/٣٣٥ ئەویش لەئەبو اسحاقی دەگێڕێتەوە.

موسوڵمان بوو و گەڕایەوە لای سەعدی کوڕی مەعاز کەسەعد تەماشای دەمو چاوی ئوسەیدی کرد ئەو گرژیەو تووڕەییەی تێدا نەمابوو، سەعد زۆری لێ تووڕە بوو. ئەوجا بەڕقەوە هەڵسا چووە لای مەسعەب هەروەك ئوسەید گوێی لەقسەکانی مەسعەب ڕاگرت، ئەویش موسوڵمان بوو.

ئوسەید هەر بەوەندەش وازی نەهێنا، بەڵکە هەموو هۆزەکەشی کۆکردەوەو پێی گوتن ئەی نەوەی (عەبدولئەشهەل) چۆنم تێدەگەن؟ هەموو گوتیان تۆ گەورەی ئێمەی لەهەمووومان باشترو زاناتری ئەویش گوتی لەئێستا بەدواوە من قسە لەگەڵ ژنو پیاوتان ناکەم تاکوو باوەڕ بەخواو پێغەمبەر نەهێنن ئەوانیش هەموویان بەژنو پیاوەوە موسوڵمان بوونو خۆشیو شادی کەوتە ناویان.

﴿ پەیمانی عەقەبەی دووەم ﴾

ساڵ وەرسوڕایەوە، واتە لەساڵی ٦٢٢ی زایینی کەکاتی حەج هاتو مەسعەب گەڕایەوە مەککە موسوڵمانانی مەدینەش بۆ حەج هاتن. بەڵام ئەوان خۆیان دایە پاڵ بت پەرستەکانی مەدینە تاکو خۆیان لەقورەیشیان بشارنەوە. مەسعەب چووە لای پێغەمبەرو باسی دانیشتوانی مەدینەی بۆ کردو پێغەمبەریش (ﷺ) زۆر دڵخۆش بوو.

موسوڵمانانی مەدینە حەجیان تەواو کرد، بەڵێنیان بەپێغەمبەر دا لەیەك لەشەوەکانی جەژنی قوربان لەگەڵی کۆببنەوە. (کەعبی کوڕی مالیك) دەگێڕێتەوەو دەڵێ (لەوشەوەدا نووستین سێیەکی شەوەکە تێپەڕی، هەموومان بەبێ هەستی لەناو جێگاکانمان هاتینەدەرو لەسەرەخۆ ڕۆیشتین وەك باڵندەی قەتێ کەهەستی پێی نایێ، تاکو بت پەرستەکانی لەگەڵمان هەست نەکەن. کەگەیشتینە دۆڵاییەك لەعەقەبە، ئێمە حەفتاو سێ پیاو بووینو دوو ئافرەتیشمان لەگەڵ بوو، ئەوانیش (نەسیبەی کچی کەعب)و (ئەسمای کچی عەمری کوڕی عەدی) بوون. دانیشتینو چاوەنواڕی پێغەمبەرمان کرد، تاکو لەگەڵ عەبباسی مامی پەیدا بوو. هەموومان زۆر دڵ خۆش بووین. عەبباس دەستی کرد بەقسەو گوتی، ئەی بەرەی خەزرەج، ئێوە دەزانن موحەممەد لەناو ئێمە چۆنە، هەرچەندە ئێمە باوەڕمان پێی نەهێناوە. بەڵام بەهەموو جۆر پاراستوومانە. ئێستاش زۆر بەدەسەڵاتو بەڕێزە، دەیەوێ بێتە لای ئێوە، ئەگەر دەزانن ئێوە دەیپارێزن ئەوا زۆر باشەو دەنا لێی گەڕێن با هەر لای خۆمان بمێنێتەوە.

(بەرائی کوڕی مەعرور) گوتی سوێند بەو خوایە ئێمە قسەی ناو دڵمان لەسەر زوبانمانە، گیانی خۆمان لەڕێگای پێغەمبەر بەخت ئەکەین.

مەدینیەکان بەپێغەمبەریان گوت چی خۆتو خوای خۆت دەیەوێ لێمان وەربگرە.

لەدوای ئەو قسەیە پێغەمبەر (ﷺ) هەندی قورئانی بۆ خوێندنو لەخوا پاڕایەوەو ستایشی ئیسلامی کردو فەرمووی (پەیمانتان لەگەڵ دەکەم بێمە لاتان، چۆن ژنو منداڵتان دەپارێزن منیش ئەوها بپارێزن). بەرائی کوڕی مەعرور دەستی پێغەمبەری گرتو گوتی: (بەڵێ سوێندم بەوەی تۆی بەڕاستی هەناردوەو تۆی کردوتە پێغەمبەر، دەتپارێزین هەروەکومنداڵی خۆمان دەپارێزن، پەیمانمان لەگەڵ بکە، بەو خوایە ئێمە جەنگاوەرو پیاوی چەکین، لەبابو باپیرانمان بۆمان ماوەتەوە، حەزیش دەکەین بزانین پاداشی ئێمە چیە؟

پێغەمبەر (ﷺ) زۆر بەدڵنیاییەوە وەڵامی دایەوەو فەرمووی پاداشی ئێوە بەهەشتە. لەوکاتە (ئەبو هەیسەمی کوڕی تیهان) هەڵی دایێو قسەی بەرائی بڕیو گوتی ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ هەندێ پیاوان هەیە، (مەبەستی جولەکە بوو) ئێمەو ئەو پەیوەندیە دەبڕین، ئەگەر خوا تۆی سەرخست ناگەڕێیتەوەو ناو هۆزەکەتو ئێمە بەجێ نایەڵێ؟ پێغەمبەر (ﷺ) زەردەخەنەیەکی هاتێو فەرمووی(خوێن هەریەك خوێنە، فەوتانیش هەریەك فەوتانە، من لەئێوەمو ئێوەش لەمنن‌و شەڕ لەگەڵ ئەوە دەکەم کەشەڕی لەگەڵ دەکەن، دۆستایەتی ئەوە ئەکەم کەئێوە دۆستایەتی ئەکەن).

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی دوازدە کەسم لەخۆتان بۆ هەڵبژێرن تاکو ببنە لێپرسراوو سەرپەرشتیکەر (نقیب)ی هۆزەکەتان ئەوانیش نۆکەسیان لەخەزرەجیان هەڵبژاردو سێ کەسیشیان لەئەوسیان هەڵبژارد.

پێغەمبەر پێی گوتن ئێوە لێپرسراوی هۆزەکەتانن، منیش لێپرسراوی هۆزی خۆمم. یەکەم کەسی کەدەستی درێژکردو دەستی لەناو دەستی پێغەمبەر نا (بەرائی کوڕی مەعرور) بوو، دوای ئەویش ئەوانی تر دەستیان لەناو دەستی ناو پەیمانەکەیان بەست. هەموو گوتیان پەیمانمان بەست بەسەر سەرو بەسەرچاو، لەخۆشیو لەناخۆشیو لەشێنەییو تەنگاوە، هەردەم پێ لەڕاستی دەنێین‌و لەخوا ئەترسین لەلۆمەی لۆمەکاران ناترسین. لەناو هەموان (عەبباسی کوڕی عوبادەی کوڕی نەفلە) گوتی بەو خوایەی تۆی بەڕاستی هەناردووە ئەگەر رێگەمان پێبدەی بەیانی بەشمشێرەوە هێرش دەبەینە سەر دانیشتوانی

مینا. پێغەمبەر فەرمووی فەرمانی ئەوەمان پێ نەدراوە، هەڵسن بچنەوە بۆ لای کاروانەکەتان. بەو پەیمانەیان گوت پەیمانی (عەقەبەی دووەم). کەعبی کوڕی مالیك دەڵێ: گەڕاینەوە لای کاروانەکەمانو دووبارە خەوتینەوە.

بەیانی کەهەڵستاین دیتمان قوڕەیشیەکان هاتن. گوتیان ئەی گەلی خەزرەجیان بیستومانە ئێوە هاتوونە لای موحەممەدو دەتانەوێ لەناو ئێمەی دەربێننو بیبەنە لای خۆتانو لەدژی ئێمە پەیمانی شەڕی لەگەڵ ببەستن. لەو کردەوەش ناخۆشتر نیە لەلای ئێمە، هۆزێکی عەرەب شەڕمان لەگەڵ بکا.

کەعب دەڵێ لەو کاتە بت پەرستەکانی هۆزی ئێمە کە لەگەڵمان بوون ئاگاشیان لەپەیمانەکە نەبوو سوێندیان بۆ قوڕەیشیەکان خوارد ئەو جۆرە پەیمانە هەر نەبووە. قوڕەیشیەکان بەو سوێندە دڵنیا بوون بەڵام هەستیان هەر ڕادەگرتو پرسیاریان دەکرد. کاتێك کەئێمە بارمان کردو ڕۆیشتین قوڕەیشیەکان بەتەواوی زانیان کەئەو پەیمانە بەستراوەو بەڵێن دروان کەوتنە دوامان، ئەگەرچی پێمان ڕانەگەیشتن بەڵام توانیان (سەعدی کوڕی عوبادە)و (مونزیری کوڕی عەمر) بگرن. ئەو دوانەش لێپرسراو (نقیب) بوون. مونزیر توانی لەدەستیان ڕابکا بەڵام سەعدیان گرت هەردوو دەستیان بەستو هاویشتیانە سەر ملیو بردیانە مەککەو لێیان دەداو پرچیان ڕادەکێشا. سەعد دەڵێ کاتێ ویستیان بەندم بکەن، یەکێك هات پێی گوتم ئایا کەس لەقوڕەیشیان ناناسی پەنات بدات، گوتم بەڵێ من هەموو جار (جوبەیری کوڕی موتعیم)و (حاریسی کوڕی ئومەیە) کەبەبازرگانی دەهاتنە مەدینە پەنام ئەدان. ئەویش گوتی دەبانگیان لێ بکە بەهاوارتەوە دێن.

منیش هاوارم کرد، (جوبەیرو حاریس) بەدوای دەنگمەوە هاتن پەنایان دامو بەریان دام[1]. بەستنی پەیمانی عەقەبە وای لەقوڕەیش کرد تێبگات کەوا پێغەمبەر (ﷺ) خاوەن باوەڕێکی زۆر بەتینەو هیچ شتێك لەو ڕێگەیە نایگێڕێتەوە. بەئازاردانی پێغەمبەرو موسوڵمانان ناتوانن ئەو شەپۆلە ڕابگرن. لەمەودواش موسوڵمانانی مەدینە دەتوانن بێ مەترسی ئەو ئاینە بڵاو بکەنەوەو بەسەربەستی نوێژو خواپەرستی خۆیان بکەنو بەسەربەخۆیی ڕەخنە لەبتو ئاینی قوڕەیشیان بگرنو هێرشیان ببەنە سەر.

قوڕەیش زانیان ئەگە ڕچارەیەك نەدۆزنەوە کار لەدەستیان دەردەچێو مەترسیەکی گەورەی دەبێ.

---

(١) ابن کثیر السیرة ١/ ٣٥٠ لە ابن اسحاقی دەگێڕێتەوەو زاد المعادیش ٣/ ٤٩.

زیاتر کەوتنە ئازاردانی موسوڵمانان، بەڵام ئەمجارە بەشێوەیەکی زۆر توندو تیژتر، واتە بەلێدانو کوشتن. موسوڵمانان زۆر پەرێشان بوون، تەنانەت زۆریان چوونە لای پێغەمبەرو داوایان لێکرد ڕێگەیان پێ بدات ئەوانیش بەرامبەر قورەیشیان دەست بکەنەوەو بیانکوژن هەروەکو ئەوان دەیانکوژن. بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) لەبەر بێ هێزی موسوڵمانانو کەمی ژمارەیان ڕێگەی نەدا. بەتایبەتی چونکە هەریەکەی تاکە مرۆڤێك بوو لەناو خێزانێك موسوڵمان ببوو. ئەو کەسەش دەبوایە شەڕ لەگەڵ دایكو باوکی خۆی بکات. ئەوکات خەڵکەکە یەکتریان دەبڕاندەوەو موسوڵمانەکان لەناو دەچوون. پێغەمبەر فەرمووی خوا ڕێگای نەدام ئەوکارە بکەم.

﴿ فەرمانی کۆچ کردن بۆ مەدینە ﴾

موسوڵمانان لەئازاری قورەیشیان، بێزار بوو. پێغەمبەریش (ﷺ) زۆری بیر لێ دەکردنەوەو ئومێدیشی هەبوو کەخوا دەربازیان دەکات.

ناخۆشیەکەی نێوان موسوڵمانانو قورەیشیان وا بەتێن ببوو، پێغەمبەر (ﷺ) دەیزانی شەڕی مانو نەمانە، بۆیە فەرمانی دایە موسوڵمانان هەر کەسێکی دەتوانێ با کۆچ بکات بۆ مەدینە.

موسوڵمانان هەمووی بەدڵخۆشیەوە فەرمانەکەیان وەرگرت. چۆن ئارامیان لەسەر ئەو هەموو ئازارەی قورەیش گرتو کۆڵیان نەدا، ئەوهاش فەرمانی کۆچ کردنیان بەورەیەکی بەرز وەرگرتو گوێیان نەدایەماڵو سامانو نیشتمانو خزمو کەس. چونکە ئەگەر لەکاتی ئاسایی بێ هیچ کەسێك بەهیچ جۆرێك واز لەوانە ناینێ. بەتایبەتی بەجێهێشتنی نیشتمان دەردێکی گەلێ گرانە. مرۆڤ لەوێ لەدایك بووەو شوێنی رابواردنی منداڵیەو لەگەڵ خوێنو مێشکی تێکەڵ بووە. شوێنێکی وەك مەککەش کەعبەی پیرۆزی لێیەو دڵی موسوڵمانانی پێوە بەستراوە. ماڵو سامانو خانوو دایكو باوكو ژنو منداڵو ناوماڵ، ئەگەر بۆ خاتری بیروباوەڕ نەبێت چۆن ئادەمیزاد بەجێی دێڵێ، بەڵام موسوڵمانان بۆ خاتری پاراستنی ئایینەکەیان وازیان لێ هێنا. خواوای کردوە مرۆڤ تواناو هێز لەبیروباوەڕ وەردەگرێ، ئەوەی کەلەڕێگەی ئاین کۆچ دەکاتو نیشتمان بەجێ دێڵێ خوا خاوەنیەتیو پشتگیری دەکات، هەروەك خوا لەقورئان دەفەرموێ ﴿وَمَن يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يَجِدْ فِي الأَرْضِ مُرَاغَمًا كَثِيرًا

وسعة﴾[1] واتە: هەرکەسێکی کە لەڕێی خواو بۆ خاتری ئاینەکەی بپارێزیو لەترسی دوژمن کۆچ دەکات، شوێنی باشی لەسەر ئەو زەویە بۆ پەیدا دەبێو دەگاتە خۆشییو ڕەحەتیەکی زۆر. موسوڵمانان لەپەنای تاریکەشەودا بەکۆچ کردن. تاك تاكو جووت جووت خۆیان دەرباز دەکرد، چونکە لەترسی قورەیشیان کەس نەیتوانی بەئاشکرا بڕوات، دەیانگێڕایەوەو ئازاریان دەدا. بۆ نمونە یەکێکی وەك (ئەبو سەلەمە) ژنو منداڵەکەی خستە سەر حوشترێكو جڵەوی حوشترەکەی ڕاکێشاو ڕۆیشت. خەزوورەکانی کەلەبەرەی موغیرە بوون دیتیان وا دەڕوا پێشیان لێگرتو گوتیان ئێمە چۆن دڵمان بە بەر دەوەستی لێت بگەڕێین تۆ ئەو ژنەی ئێمە ببەی. خزمانی ئەبو سەلەمە جڵەوی حوشترەکەیان لێستاندو ژنەکەیان لێ گێڕایەوە.

بەرەی (عەبدولئەسەد) کەئەویان دیت. ئەوانیش گوتیان ئێمەش لێ ناگەڕێین ئەو کوڕەی ئێمە ببەن. کردیانە ڕاکێش ڕاکێش پیلی سەلەمەیان لەجێ چواند. بەرەی عەبدولئەسەد سەلەمەیان بردو بەرەی موغیرەش ژنەکەیان لەگەڵ خۆیان برد. ئەبو سەلەمە بەتەنیا بەپێیان ڕۆیشتو بەناچاری وازی لەژنەکەو کوڕەکەی هێنا[2].

دایکی سەلەمە دەگێڕێتەوە دەڵێ ماوەی ساڵێك هەموو ڕۆژ دەچوومە دەرەوە بۆ کوڕەکەمو مێردەکەم دەگریام. تاکو ڕۆژێك یەك لەکوڕە مامەکانم لەبەرەی موغیرە چاوی پێم کەوتو دڵی پێم سووتا، بەخزمەکانی گوت بۆچی واز لەو بێ چارەیە ناینن لەکوڕو مێردەکەتان کردووە. ئەوجا گوتیان بڕۆ بۆ لای مێردەکەت.

دایکی سەلەمە دەڵێ سواری حوشترەکەم بوومو کوڕەکەم لەپێش خۆم دانا بەتەنیا ئەو بیابانەم دایە پێش خۆم تاکو گەیشتمە (تەنعیم)، لەوێ تووشی (عوسمانی کوڕی باوکی تەڵحە) بووم، لێی پرسیم بۆ کوێ دەچی؟ گوتم دەچمە لای مێردەکەم. ئەویش لەگەڵم هاتو لەڕێگا ئەوەندەی ڕێز گرتین چ پیاوم لەو پیاوە بەڕێز تر نەدیت. هەروەها قورەیشیەکان کەدیتیان (سوهەیبی ڕۆمی) ئەوا دەڕوات، گوتیان تۆ هەتیو وەك بووی هاتیە مەککە، ئەو هەموو ماڵەت پەیدا کردو ئێستا بەتەمای ئەو ماڵە ببەیو بڕۆی، ئەوە هەر نابێ، سوهەیب گوتی چ دەڵێن ماڵەکەم بۆ ئێوەو لێم گەڕێن بڕۆم. گوتیان باشە. سوهەیب

---

(١) النساء: ١٠٠.

(٢) ابن كثير السيرة ١/٣٥٤ اە إبن اسحاقی دەگێڕێتەوەو زاد المعاد ٣/٤٩.

ماڵەکەی هەموو پێدان‌و بەخۆی ڕۆیشت. کەئەو قسەیە گەیشتەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ربح صهیب ربح صهیب) واتە سوهەیب قازانجی کرد سوهەیب قازانجی کرد[1].

بەڵام عومەری کوڕی خەتاب هەروەکو عەلی کوڕی ئەبی تالیب دەگێڕێتەوە، دەڵێ عومەر شمشێرو تیرو کەوانی هەڵگرت، دارەکەی لەبن هەنگڵ ناو چووە کەعبە، زۆر لەقوڕەیشیانیش لەبن دیوارەکانی کەعبە دانیشتبوون. عومەر دەستی کرد بەتەوافی کەعبەو حەوت جارەی لەدەورە سوڕاو دوایی هاتە بارەگای ئیبراهیم‌ونوێژی کرد. ئەوجا ڕاوەستاو گوتی (گەلێ کەس ڕووی ڕەش بوو، خوا ئەو لووتە بەرزانە شۆڕ دەکا من وا دەڕۆم، هەرکەسی دەیەوێ جەرگی دایکی بسوتێنێ یا منداڵەکانی هەتیو بکات‌و یا ژنەکەی بێوەژن بکات، با بۆم بێتە پشتی ئەو دۆڵە). عەلی دەڵێ کەس نەیتوانی بەدوای بکەوێ، هەندێ موسوڵمانانی تریش لەگەلی چوون‌و ڕێگای پیشان دان‌و خۆشی ڕۆیشت.

دووەم کەسیش کەگەیشتە (مەدینە عامیری کوڕی ڕەبیعە) بوو، ژنەکەشی لەگەڵ بوو ناوی (لەیلا کچی باوکی حەشمە) بوو. لەیلا یەکەم ژن بوو لەژنانی موسوڵمانان گەیشتە مەدینە، لەهەمان کاتیش گەلێك بەنهێنی موسوڵمان ببوون‌و کۆچیان نەکردو نەشیاندەزانی کۆچ کردن لەسەر هەموو موسوڵمانێك پێویستەو نابێ کەس لەفەرمانی پێغەمبەری خۆی دوا بخات. ئیمڕۆکەش ئەو فەرمانە بۆ موسوڵمانان هەر بەردەوامە، ئەگەر نەیانتوانی لەشوێنێك فەرمانی خوا بەجێبێن، دەبێ لەو شوێنە کۆچ بکەن.

موسوڵمانی مەدینەش بەدڵێکی زۆر فراوانەوە پێشوازیان لەو کۆچ کردووانە کردو بەچاکی وەریان گرتن‌و لەماڵی خۆیان دایان مەزراندن‌و برایەتیەکی ڕاستەقینەیان بەجێهێنا، چونکە برایەتی ئاین لەلای خوا لەبرایەتی خوێن‌و پشت بەتێن ترە. لەسەر هەموو موسوسڵمانێك پێویستە یارمەتی برای موسوڵمانی لێ قەوماوو کۆچ کردووی بدات، خوا لەقورئانی پیرۆز ستایشی ئەو کەسانە دەکات کەیارمەتی کۆچ کردوو لێ قەوماوانیان داو دەفەرموێ: ﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَالَّذِينَ آوَواْ وَّنَصَرُواْ أُوْلَـئِكَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَلَمْ يُهَاجِرُواْ مَا لَكُم مِّن وَلاَيَتِهِم مِّن شَيْءٍ حَتَّى يُهَاجِرُواْ﴾[2] واتە: ئەوانەی باوەڕیان بەخواو پێغەمبەر هێناوە، بۆ خاتری ڕەزامەندی خواو پێغەمبەر کۆچیان کردو بەسەرو ماڵ لەڕێگەی خوا خەباتیان کرد بۆ سەر

---

١) البداية والنهاية: ٣/١٧٣-١٧٤.

٢) الانفال ٧٢.

خستنی ئاینی خوا، ئەوانە کۆچ کردووی تەواون.

ئەوانەی موسوڵمانیان لەوڵات حەواندەوە، بەماڵی خۆیان یارمەتی پێغەمبەریان دا، ئەوانە میراتگرو خۆشەویستی‌یەکن. ئەوانەی باوەڕیان بەخواو پێغەمبەر هێناو کۆچیان نەکرد لەمەککە مانەوە، نەخۆشەویستو نەمیرات گرن تاکو کۆچ نەکەن.

﴿ کۆچ کردنی پێغەمبەر (ﷺ) ﴾

دوای ئەوەی زۆرینەی موسوڵمانان کۆچیان کرد بۆ مەدینە، تەنیا پێغەمبەرو ئەبوبەکرو عەلی مابوونەوە قورەیشیەکانیش هەردەم بیریان لەپێغەمبەر دەکردەوە هەزاران ژمارەو پیلانەیان بۆ دەکرد لەبەرئەوەی یەکیەتی کەوتە ناو دانیشتوانی مەدینەو موسوڵمانانی مەککەشیان کەوتنە گەڕ، موسوڵمانەکان بوونە دەسەڵاتداری مەدینە قورەیشیەکان دەیانزانی ئەگەر پێغەمبەریش کۆچ بکاتە لایان ئەوا توانای ئەوەیان دەبێ کەلەشکرێك رێك بخەنو دەتوانن رێگای بازرگانیان لێ بگرنو قورەیشیەکان ئابلوقە دەدرێنو برسی دەبن، هەروەکو ئەوان موسوڵمانانیان ماوەی (٣) سێ ساڵ برسی کرد.

مەترسی لەوەش گەورەتر ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) بەخۆیو لەشکری موسوڵمانان بگەڕێتەوە مەککەو قورەیشیەکان لەناو ببات و ئاینەکەشیان لەبنچینەوە بفەوتێنێ. بۆیە قورەیشیەکان لە(دار الندوة) (کاتی خۆی ماڵی قوسەی کوڕی کیلاب بوو) کۆبوونەوە بۆ ئەوەی بڕیارێکی دوایی لەسەر پێغەمبەر بدەن.

لەپاش گەلێ گفتو گۆو تەگبیر گوتیان با بیکوژین، تاکو لەو سەرشێتیە ڕزگار ببین. بەڵام دەشیانزانی کەئەگەر کوشتیان ئەوا بەرەی هاشیمو عەبدی مەناف تۆڵەی دەستێننەوەو دەبێتە شەڕی خۆیەخۆیی. ئەوەش زۆر ترسناکە بۆیان. دوایی گوتیان باشتر وایە بەندی بکەینو بیبەستینەوە، دەرگەی لەسەر دابخەینو بیهێڵینەوە، تاکو تووشی هەمان چارەنووس دەبێ وەك (زوهەیر)و (نابیغە) شاعیر تووشی بوون، بەڵام کەس پاڵپشتی ئەو قسەیەی نەکرد. هەندێکی تر گوتیان بابیگرینو بینێرینە وڵاتێکی دوورو وازی لێ بێنین، بەڵام ترسان لەوێوە بگاتەوە مەدینە.

پاش ئەو هەموو لێدوانە، بڕیاریاندا، لەهەر هۆزێك لاوێكی ئازا هەڵبژێرن و شمشێرێكی تیژی بدەنە دەست و هەر هەموویان بەیەكجار شمشێری لێ بدەن و بیكوژن ئەو كاتە داوایەكەشی لەگەڵ خۆی دەچێتە ژێر خاك و خوێنەكەشی لەنێوان هۆزەكان پەرت دەبێ و بەرەی هاشم و عەبدی مەناف، ناتوانن تۆڵە لەو هۆزانە بستێنن و ناچار دەبن مەسلەت دەكەن بڕی خوێنەكەی وەردەگرن، ئەوكاتە قورەیش بەخۆشی دادەنیشێ و لەكۆڵ ئەو كارەساتە دەبێتەوەو ئەو موسولمانانەی كەچوونە مەدینە دەگەڕێنەوە وەك جاران دادەنیشنەوە.

ئیتر ڕۆژێكیان بۆ ئەو پیلانە دیاركرد. بەڵام ئەو جۆرە كەسە بێ باوەڕو بی ئاگایانە چ بایەخ بۆ ئەو خوایەنا كەن كەهەردەم لەبەرچاوانەو هیچ شتێكی لێ گوم نابێ و ئاگادارە بەهەناسەدان و هەناسە هەڵێنانیان خوا ئەو باسەی بەپێغەمبەری گەیاند كە لەقورئان باسی دەكات و دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ الَّذِينَ كَفَرُواْ لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللّهُ وَاللّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ﴾[1] (واتە: ئەو بێ باوەڕانە پیلان دادەنێن كەبەندت بكەن و ڕات بگرن، یا بتكوژن، یا دەرت بكەن، بەڵام خوا لەوان باشتر پیلان دەگێڕێ).

پێغەمبەریش (ﷺ) ئامادەیی خۆی وەرگرت بەڵام وای نەكرد كەس تێی بگات كەكۆچ دەكات یا دەمێنێتەوە. بەردەوام بانگی خەڵكی دەكرد بۆ سەر ئاینی ئیسلام هەتاكو ئەبوبەكریش ماوەی لێ خواستبوو كە لەگەڵ موسوڵمانان كۆچ بكات. پێغەمبەر پێی گوتبوو پەلە مەكە بەڵكو خوا هاوڕێیەكی باشت بۆ پەیدا دەكات[2]. لەوەش زیاتر چیتری پێ نەگوتبوو، ئەوەش وادەگەیەنێ پێغەمبەر (ﷺ) لەناو هەموو موسوڵمانان لەبەر دڵسۆزی و خۆشەویستی ئەبوبەكری پەسند كرد بوو بۆ هاوڕێیەتی. بەو قسەیە ئەبوبەكر تێگەیشت كەمەبەست لەو هاوڕێیە پێغەمبەرە، بۆیە ئەبو بەكر هەر لەوكاتیەوە دوو حوشتری ڕاگرت بۆ كاتی كۆچ كردن، ماوەی چوار مانگی بەخێو كردن، نەشیدەزانی پێغەمبەر (ﷺ)كەی كۆچ دەكات.

پێغەمبەر (ﷺ) بەئەبوبەكری گوت كێت لەلایە با بڕۆن، ئەویش گوتی تەنیا كچەكانمان ئەوانیش

---

(١) الأنفال:٣٠.

(٢) إبن كثير ٣٦٣/١ لە إبن اسحاق دەگێڕێتەوە.

بێگانە نینە بۆ تۆ. دایکو باوکم بەقوربانت بێ دیارە فەرمانی کۆچت بۆ هاتوە، منیش هاوڕێتم. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بەڵێ: عائیشە دەڵێ ئەبوبەکر لەخۆشیان دەستی کرد بەگریان. کەسم نەدیبوو لەخۆشیان بگریت[1].

ئەبوبەکر بەپێغەمبەری گوت دوو حوشترم ئامادە کردوە بۆ ئەو ڕۆژە یەکیان بۆیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی دەبێ نرخەکەی وەربگری[2].

خاتو عائیشە دەگێڕێتەوە، دەڵێ پێویستی ڕۆیشتنو خواردنمان بۆ لەناو مەشکەیەك کردنو (ئەسما)ی خوشکم پشتێنەکەی کردە دوو پارچە، یەکێکی لەزارەکی مەشکەکە بەستو ئەویتری لەپشتی بەستەوە. لەو ڕۆژەوە پێغەمبەر (ﷺ) ناوی ئەسمایـنا (ذات النطاقين)[3] واتە: خاوەن دوو پشتێن. لەدوای ئەو گفتوگۆیە پێغەمبەر گەڕایەوە ماڵەوە. ئەبوبەکر دوو حوشترەکەی دایە (عەبدوڵلای کوڕی ئورەیقیت) کەلەلای بیت بۆ ڕۆژی ڕۆیشتن ئامادەیان بکات.

پێغەمبەر (ﷺ) گەیشتەوە ماڵەوە، بەعەلی گوت هەرچی کەلوپەلو پارەی خەڵك هەیەو لەلای داندراوە بیانداتەوە خاوەنەکانیان، چونکە قوڕەیشیەکان لەسەر ئەو بێ باوەڕی خۆشیانەوە، ئەوەندە لەپێغەمبەر دڵنیا بوون، هەرچی شتێکی دڵیان پێوەی بوایە لەلایان دادەنا.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانیشی بەعەلی دا خۆی لەجوببە سەوزەکەی پێغەمبەر وەربپێچیو لەسەر جێگاکەی بخەوێ. گومانیشی نەبوو کەقوڕەیشیەکان هەردەم لەدوای نابنەوە. بۆیە بڕیاریدا لەکاتێکی وا بڕوات کەس لەو کاتانە نەڕوات.

هەموو شەوانیش لەو ماوەیەدا قوڕەیشیەکان دەوری ماڵەکەیان دەداو چاودێریان دەکرد. ئەو لاوانەی کەکوشتنی پێغەمبەریان پێ سپێردرابوو، ئەو شەوە لەقەڵشی دەرگەوە تەماشایان دەکرد، دەیاندیت کەپێغەمبەر لەسەر جێگاکەی خەوتووە، بەدڵنیایی لەدەورەی ماڵەکە دانیشتن بۆ ئەوەی کەبەیانی هاتە دەرەوە بیکوژن.

شەوی دووشەموو ڕێکەوتی ٢٢ی ئەیلولی ساڵی ٦٢٣ زایینی بەرامبەر دوازدەی (ربيع الاول)

---

(١) إبن كثير ٣٦٣/١.

(٢) زاد المعاد ٥٤/٣.

(٣) زاد المعاد ٥٤/٣.

ڕۆژی یەکەم و ساڵی یەکەمی کۆچی کەشەو تاریك داهات، پێغەمبەر (ﷺ) لەماڵ دەرچوو[1] چ شمشێرو ڕمبو تیری پێ نەبوو، تاك و تەنیا بوو بەرامبەر ئەو هەموو بێ باوەڕانەی کە لەدەوری ماڵەکەی بوون. ئەوەش چونکە شوێنە کەشوێنی شەڕکردن نەبوو بەڵکو شوێنی کۆچ کردن بوو، کۆچ کردنەکەش ئەوهای پێویست بوو. چونکە پێغەمبەر (ﷺ) هەر کارێکی بیکردبایە پشتی بەخوا دەبەست. هەموو پێویستیەکانی بەگوێرەی توانای خۆی جێبەجێی دەکرد، لەویش بەولاوە بەتەمای خوا لێی دەگەڕا. دەیزانی خوا یاریکاری هەموو کەسێکی خاوەن باوەڕە[2].

خوا لەو کاتەدا کردەوەی لەتوانا بەدەر (معجزة)ی پیشان دا، بێ ئەوەی تووشی هیچ شەڕێك ببێت و بی ئەوەی کەس بیبینێ و ئەوانەی لەدەوری ماڵەکەی بوون هەموویان بۆ ڕژان و خەویان لێ کەوت. پێغەمبەریش (ﷺ) مستەخۆڵێکی هەڵگرت و بەسەریاندا پڕژاندی بێ ئەوەی کەسیان بەخەبەر بێت و ئەو ئایەتەشی لەسورەتی یاسین خوێند کەدەفەرموێ: ﴿وَجَعَلْنَا مِن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدًّا وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدًّا فَأَغْشَيْنَاهُمْ فَهُمْ لاَ يُبْصِرُونَ﴾[3] واتە: لەپێش و لەپشتیان بەربەست (سدة)مان دروست کردو بەرچاومان گرتن ڕاستی نابینن).

پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆیشت بۆ ماڵی ئەبوبەکر، لەوێ بەگورجی ئەبوبەکر هەرچی پارەی هەیبوو لەگەڵ خواردەمەنی هەڵیگرت و لەدەرگە بچکوکەی ماڵ، لەگەڵ پێغەمبەر دەرچوون. بەپێیان بەرەو یەمەن کەوتنە ڕێگا، تا کو قوڕەیشیەکان دەسخەڕۆ بدەن، تاکو وا نەزانن بەرەو مەیدنە ڕۆیشتوون. ئەشکەوتی (ثور)یشیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی خۆیان لێ حەشار بدەن بۆ ماوەیەك تاکو قوڕەیشیەکان هێور دەبنەوە. کەسیش پێی نەدەزانی تەنیا (عامیری کوڕی فەهیرە)و (ئەسمای کچی ئەبوبەکر)و (عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوبەکر) نەبێ. ئەوانیش ئەبوبەکر فەرمانی پێدابوون کەئەسما پێش بەیانیان شەوی بینێ خواردنیان لەماڵەوە بۆ بباو بگەڕێتەوە، عەبدوڵڵاش بەڕۆژ لەناو قوڕەیشیان بگەڕێ و هێوارە کاتی

(١) إبن كثير السيرة ١/٣٦٢ لە ابن اسحاقی دەگێڕێتەوە زاد المعاديش ٣/٥١.

(٢) بۆیە لەسەر هەموو کەس پێویستە هەر کارێك پێویست بوو بەگوێرەی توانا دەبێ بیکات، نابێ دابنیشێ و بپاڕێتەوە بڵێ خوا جێبەجێی دەکات، ئەوەی لەتواناشی نەبوو بەتەمای خوا لێی بگەڕێ هەروەك پێغەمبەر بەکابرای عارەبی فەرموو (إعقل بعيرك ثم توكل على الله) واتە: حوشترەکەت ببەستەوە ئەوجا پشت بەخوا ببەستە.

(٣) يس: ٩.

تاریکی بچێتە لایان چی گوێ لێ بوو پێیان بڵێ عامیری شوانیش سەرلەبەیانی تاریك و ڕۆن مێگەلی مەڕەکەی بەهەمان ڕێگەدا ببات شوێنی گەڕانەوەی ئەسما بزربکات و هێوارانیش تاریکی بگەڕێتەوە شوێنی، عەبدوڵڵا بزر بکات.

پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ ئەبوبەکر کەوتنە ڕێگا، بەخێرایی ڕۆیشتن. ئەوەی شایانی باسەکە گەیشتنە دەرەوەی مەککە، پێغەمبەر (ﷺ) هەستی خۆشەویستی بۆ شارەکەی بزووت و گرانایی دەردی دەربەدەری لەدەروونی جوولاو ئاوڕێکی لەمەککە دایەوە فەرمووی، وەڵڵاهی تۆ خۆشەویسترین زەوی خوای لەلای من. ئەگەر هۆزەکەم دەریان نەکردبام بەجێم نەدەهێشتی[1].

ئەبوبەکر زۆر بەدڵسۆزی لەگەڵی دەڕۆیشت، دەم لەپێشەوەی پێغەمبەر دەڕۆیشت دەم لەپشتەوەی دەڕۆیشت، پێغەمبەر (ﷺ) هەستی کرد ئەبوبەکر مەبەستێکی هەیە، پێی گوت بۆچی وا دەڕۆی. گوتی ئەی پێغەمبەری خوا کەبیری قورەیشیان دەکەم لەدوات بێن، لەپشتت دەڕۆم تاکو نەتبینن، دوایی بیری ئەوە دەکەم نەك لەپێشەوەمان بن لەتاوان دێمە پێشەوە.

کاتێك گەیشتنە ئەشکەوتەکە. ئەبو بەکر بەپێغەمبەری گوت ڕاوەستە، من لەپێش تۆ دەچمە ژوورەوە مەبادا دڕندەیەکی لێبێت تووشی ئازارت بکات. لەپێشا خۆی چووە ژوورەوە، لەوێش هەرچی کون کازێری هەبوو هەمووی گرت. مەبادا زیندەوەری لێ دەربچێ بەپێغەمبەرەو بدات، ئەوجا هەردووکیان دانیشتن.

(ئەسما) دەگێڕێتەوە دەڵێ: کەئەوان ڕۆیشتن باپیرم (ئەبو قوححافە) هاتەماڵەوە گوتی کوا ئەبوبەکر چی بۆ بەجێ نەهێشتوون؟ ئەسما دەڵێ منیش چووم گۆزەیەکم پڕ کرد لەورتکە بەردو پارچەیەکم بەسەردادا دەستم گرت و خستمە سەر گۆزەکە (چونکە چاوی نەیدەدیت) گوتم باپیرە باوکم ئەوەندە پارەی بۆ بەجێهێشتووین. مەبەستیشم ئەوە بوو باپیرم دڵئەنگی بۆ ئێمە نەمێنێ. ئەوجا گوتی باشە مادام ئەوەندەی بۆ بەجێ هێشتوون غەم نیە[2].

قورەیشیەکان بەیانی هەر چاوەنواڕ بوون کەپێغەمبەر بێتە دەرەوەو بیکوژن. تەماشایان دەکرد

---

(١) سنن ابن ماجة ١٠٧٣/١٤ وابن كثير السيرة ٣٩٠/١ لەئیمامی ئەحمەدی دەگێڕێتەوە.
(٢) ابن كثير ٣٦٤/١.

هێشتا وا هەر لەسەر جێگاکەی خەوتوە. تاکو ڕۆژ تەواو گەرم بوو یەکێك هاتە لایان گوتی چاوەڕێی چ دەکەن؟ گوتیان چاوەڕێی موحەممەدین بێتە دەرەوە. گوتی ڕەنج بەخەسار خۆتان، موحەممەد ڕۆیشت هەموو تاویان دا سەر جێگا کەدیتیان ئەوە عەلیە لەسەر جێگاکەی خەوتووە. لێیان پرسی کوا موحەممەد لەکوێیە؟ گوتی نازانم لەکوێیە. ئەوجا (ئەبو جەهل)و (عوقبەی کوڕی موعەیت)و (نەزری کوڕی حاریس)و (زەمعەی کوڕی ئەسوەد)و (ئوبەی کوڕی خەلەف)و (توعمەی کوڕی عەدی)و (ئەبو لەهەب)، بەخێرایی چوونە ماڵی ئەبوبەکر، لەئەسمایان پرسی کوا باوکت لەکوێیە؟ گوتی نازانم ئەبو جەهل زللەیەکی لەڕومەتی دا گوارەکەی گوێی پەڕاند[1].

لەماڵی ئەبو بەکر دەرچوون، مەترەق و کوتەك و شمشێریان دەست دایێ و شوێن هەڵگریان لەگەڵ خۆیان بردو لەهەموو شوینێك گەڕان هەتاکو گەیشتنە بەر دەرگای ئەشکەوتەکە. دیتیان کۆترە کێوی هێلانەی لەدەرگەی ئەشکەوتەکەکردووەو هێلکەشی کردووە، جاڵجاڵۆکەش ڕایەڵی چنیوە. بیریان کردەوە ئەگەر کەس چووبێتە ژوورەوە ئەو کۆترو جاڵجاڵۆکە هێلانەو چنین ناکەن. یەکێکیان نزیك دەرگەی ئەشکەوتەکە بۆوە. پێغەمبەرو ئەبوبەکر گوێیان لەهەستی پێی بوو. ئەبوبەکر زۆر ترسا، گوتی خۆ ئەگەر تەماشای ژێر پێی خۆی بکات دەمانبینێ[2].

پێغەمبەر (ﷺ) پێی گوت مەترسە خوامان لەگەڵە، تۆ چ بیر لەدوو کەس دەکەیتەوە سێیەمیان خوا بیت. خوا لەقورئان باسی دەکات دەفەرموێ: ﴿إِلاَّ تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ اللّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُواْ ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لاَ تَحْزَنْ إِنَّ اللّهَ مَعَنَا فَأَنزَلَ اللّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُ بِجُنُودٍ لَّمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ الَّذِينَ كَفَرُواْ السُّفْلَى وَكَلِمَةُ اللّهِ هِيَ الْعُلْيَا وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾[3].

واتە: خوا بەموسوڵمانان دەڵێ ئەگەر ئێوە یارمەتی پێغەمبەر نادەن بەسەر بێ باوەڕان سەر بکەوێ، خوا خۆی سەری خست هەروەکو لەوکاتەی کە لەئەشکەوتەکە بوون کەبێ باوەڕەکان دەریان کرد لەمەککە، لەیاریدەدەران و کۆچ کردوان کەسی لەگەڵ نەبوو.

پێغەمبەر دووەمینی دوو کەسان بوو. ئەوی تریان ئەبوبەکر بوو، کاتی بەهاوڕێیەکەی گوت

(١) فقه السيرة ١٧٥ ئەویش لەبوخاری ٢٠٧/٧ وموسلیم ١٠٩/٧ دەگێڕێتەوە.

(٢) حياة محمد.

(٣) التوبة : ٤٠

تەنگاوو هەراسان مەبە خوامان لەگەڵە. خوا پێغەمبەری دڵنیا کردو یارمەتی داو پشت ئەستور بوو بەهۆی ئەوسەربازانە کەئێوە نەتان دیتن، قسەی بێ باوەڕانی ژێر خستو فەرمانی خوا بەسەر قسەی ئەوان کەوت، خوا هەر خۆی خاوەن هێزو توانایەو کردەوەکانی بەگوێرەی بەرژەوەندیەو لەشوێن خۆیەتی) قوڕەیشیەکان زۆر گەڕان، ماندووبوونو دەستیان شوشت لەوەی سەرەدەریان لێ بکەن، بۆیە چاریان نەما گەڕانەوە. ئەوجا بڵاویان کردەوە کەهەرکەسی موحەممەدمان پێشان بدات. یا بیکوژێ سەد حوشتری مێیەی موو سووری ئەدەینێ.

پێغەمبەرو ئەبوبەکر سێ ڕۆژان لەو ئەشکەوتە مانەوە ئاگایان لەهەموو دەنگو باسێکی ناو مەککە هەبوو. دوای ئەو سێ ڕۆژە قوڕەیشیەکان تەواو هێور بوونەوەو وازیان لەگەڕان هێنا.

ئەو سێ ڕۆژە (عەبدوڵڵای کوڕی ئورەیقیت) لەکاتی دیارکراو دوو حوشترەکەی هێناو لەگەڵ عەبدوڵڵا بۆ مەدینە کەوتنەڕێ. بەرەو ڕۆخی دەریای سوور بیابانی گەورەیان دایە پێش خۆیان.

ئەوەی شایانی باسە عەبدوڵڵای کوڕی ئورەیقیت لەگەڵ ئەوەی کەبت پەرستیش بوو، لەبەر زیرەکیو شارەزایی بیابان بەکرێیان گرت. لێرەدا دەردەکەوێ کەدەتواندرێ سوود لەزانایەتی هەر کەسێك وەربگری با ئەو کەسەبرو باوەڕیشی لەگەڵت ڕێك نەبیت، بەمەرجێك لێی دڵنیا بیت.

عەبدوڵڵا بەڕێگای نهێنیدا ئەیبردن. لەڕێگا زۆر بەتواناو پڕ هێز بوون، گوێیان لەقرچەی گەرماو خولە پۆتەکەی بیابان نەبوو.

ڕۆژێك کۆمەڵێك لەبەرەی (مدلج) بەیەکەوە دانیشتبوون سوڕاقەی کوڕی جوعشوم) یشیان لەگەڵ بوو، یەکێك هات گوتی من تارماییەکم لەڕۆخ دەریاوە دیت، وا بزانم موحەممەدو هاوڕێیەکەی بوون سوراقەیەو قسەیە تێگەیشت ئەوانن، بەڵام ویستی دەسخەڕۆیان بدات. بەکابرای گوت شتی وا چۆن دەبێ. ئەو قسەیە ڕێیی ناچێتێ هەندێك مایەوە لەلایانو بەخێرایی ڕۆیشتەوە بۆ ماڵو مایەنەکەی زین کردو کەوتە شوێن پێغەمبەر. خۆشی شوێن هەڵگرێکی زۆر باش بوو، ماینەکەی واتساو دەدا چوارجار لەڕێگا ماینەکەی بەر بۆوە.

پێغەمبەرو ئەبوبەکریش لەبەر گەرماو ماندوو بوون لایاندا بوە ژێر سێبەری دارێك تا تاوێك بحەسێنەوەو نانێك بخۆنو حوشترەکانیان بحەسێنەوە. لەو کاتی ویستیان بڕۆن، سوراقە چاوی پێیان کەوت، لەخۆشیان ماینەکەی تاودا بۆ ئەوەی پێیان بگاتو بیانگرێ وەیا بیانکوژێ.

ئەبوبەکریش هەردەم لەڕێگا ئاوڕی دەدایەوە. کەچاوی بەسوراقە کەوت بەپێغەمبەری گوت ئەو سوڕاقەیە گەیشتە سەرمان.

پێغەمبەر (ﷺ) هیچ نەشێوا، ئەگەرچی شوێنەکەش شوێنی ترس بوو چەکیشیان پێنە بوو، بەڵام پێغەمبەر کەهەردەم لەخوا بێ ئاگا نەبوو، خەریکی خوێندنی قورئان بوو، لەخواپاڕایەوە بیانپارێزێ. خوا داوای قەبووڵ کردو دیسان کردەوەی لەتونا بەدەر (معجزە)ی پیشان دا. ماینەکەی/ ئەو گۆڕە. سوراقە گەلێك و ترساو تێگەیشت توانای بەسەر پێغەمبەردا نیە. هاواری کرد گوتی من سوراقەم و داوی لێبوردنی کرد. پێغەمبەریش دڵنیای کرد. سوراقە لێیان چووە پێش گوتی بۆیە هاتووم قورەیش پاداشی داناوە بۆ ئەو کەسەی بتانگری، وەیا بتان کوژێ. بەڵام ئێستا چیتان دەوێ من بۆتان ئەکەم، ئەگەر خواردەمەنیتان دەوێ تاکو بۆتان بێنم. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی هیچمان ناوێ، تەنیا دەنگو باسمان بزر بکە.

ئەویش گوتی دەبێ هەموو کەس دەسخەڕۆ بدەم، بەڵام ئێوەش نامەیەکم بدەنێ کەبەڵێن و نیشانە بێت لەنێوانمان من زیاندار نەبم لەدەستان. چونکە سوراقە بیری لەدوا ڕۆژی خۆی کردەوە، بەرامبەر بەو کارە خراپەی کەپێی هەڵستاوە.

ئەبو بەکریش بەفەرمانی پێغەمبەر بەڵێنەکەی لەسەر پارچەیەك بۆ نووسی و پێیدا. سوراقە گەڕایەوە هەر کەسی لێی دەپرسی پێغەمبەرو هاوڕێکانی لەکوێن، ڕاست پێی دەگوتن (بەسە واز لەو پیاوە بێنن)[1]. بەو جۆرە خوا وای کرد ئەو ڕۆژەی سەرلەبەیانی سوڕاقە هەولێی کوشتنی پێغەمبەری ئەدا، هێوارەکەشی وای لێهات دەیپاراست و دوژمنەکانی دەسخەڕۆ ئەدا.

پێغەمبەرو هاوڕێکانی کەوتنەوە کوتانەوەی ڕێگای بیابان، ئەو دۆڵ و شیوو کەندانەیان دەبڕی هیچ پەنایەك نەبوو خۆی بۆ هەڵبکوتن، تەنیا خۆگرتن و کۆڵ نەدان نەبێت. حەوت شەوو حەوت ڕۆژان بەبێ ووچان بەرێگاوە بوون، ناوە ناو لەژێر سێبەری شاخێك یا دارێك دەحەسانەوە، شەویش هەر دەڕۆیشتن. لەهیچ شوێنێك لایان نەدا تەنیا ئەگەر بۆ پێویستیەك بوایەوە یا ڕەشماڵێك بکەوتبایە سەر ڕێگایان لایان ئەدا.

(١) فقه السيرة: ١٧٨ ئەویش لەبوخاری ١٩٢/٧ ومسلم ٢٣٦/٨-٢٣٧ وەری گرتووە.

تەنیاحاجی

Tanya Haji | تەنیاحاجی

public channel

Description

ئەم کتێبە لەلایەن { ئوسامە زەندی }
کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7

Invite Link

﴿ دایکی مەعبەد ﴾

پێغەمبەرو ئەبوبەکر لەڕێگا گەلێ کەسیان تووش دەبوو، ئەبوبەکریان دەناسی بەڵام پێغەمبەریان نەدەناسی. لەئەبو بەکریان دەپرسی ئەو پیاوە کێیە لەگەڵت، دەیگوت ئەوە ڕێ پیشاندەرمە!!.

پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ ئەبوبەکر ڕێگایان کەوتە لای ڕەشماڵێك ژنێکی لەبن ڕاوەستابوو، پێیان دەگوت دایکی مەعبەد، لەبەرەی خوزاعەبوو، لەمیوانداری بەناوبانگ بوو لەوکاتە مێردەکەی، لەماڵ نەبوو. پێیان گوت ئایا چ خوراد‌نێکت لەلا نیە پێمان بدەی. گوتی ئێستا هیچم لەلا نیە میوانداریتان بکەم، ساڵەکەش ساڵێکی گەلێ وشکەو مەڕەکانمان هیچ شیریان نیە. دیتیان مەڕێك لەولاوە بەسترابوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەدی ئەو مەڕە بۆ وا لێرە بەستراوەتەوە ژنەکە گوتی ئەو مەڕە پەك کەوتەیە، نەیتوانی بەگەر مێگەل بکەوێو بچێتە لەوەڕ.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ڕێگەمان ئەدەی بیدۆشین؟ ژنەکە بەسەرسامیەوە گوتی دایكو باوکم بەقوربانت بێت، گەر شیری تێدایە بیدۆشە.

ژنەکە دەیزانی مەڕەکە گوانی وشکەو چی تێدا نیە، بەڵام ئاگای لەوە نەبوو ئەوە پێغەمبەرە، خوا کاری وای بۆ دەکات لەتوانا بەدەرە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەستی پیرۆزی بەگوانی مەڕەکە داهێناو دەستی کرد بەدۆشینی، تەواوێکی شیر لێ دۆشی، بەشی کردنو هەندێکیشیان لێدایە ژنەکەو ئەوجا ڕۆیشتن.

کەمێردی ژنەکە هاتەوە، چاوی بەشیرەکە کەوت گوتی ئەو شیرە چیەو لەکوێت بوو خۆ ئەو مەڕەمان هیچ شیری تێدا نیە؟ ژنەکە گوتی ناوەڵا پیاوەکە، بەڵام پیاوێکی زۆر پیرۆزو ڕێكو پێك هات، جلکێکی بەو جۆرەی لەبەر بوو، کەدەستی بەگوانی مەڕەکەدا هێنا شیری لێ پەیدا بوو، پیاوەکە گوتی هەبێو نەبێ، ئەوە ئەو پیاوەیە قورەیشیەکان لەدوای بوون. توخوا دایکی مەعبەد بەچاکی بۆم باس بکە. دایکی مەعبەدیش گوتی: پیاوێك بوو دەمو چاوی ڕەوشەنو جوان بوو، گەلێ ڕۆخۆش بوو، بەژنی ڕێكو پێك بوو، چاوەکانی گەورەو ڕەشو جوان بوو برژانگەکانی درێژ بوون، دەنگی خۆشو قسەی ڕێكو ئاشکرا بوو، کەقسەی دەکرد شەرم دەیگرتی، قسەکانی پڕ مانا بوو لەهەموو کەس جوانترو بەڕێزترم هاتە بەرچاو، هاوڕێکانی زۆریان ڕێز دەگرتو گوێیان لەقسەی رادەگرتو بەفەرمانی

هەڵدەستان، کابرا گوتی خۆزیا لێرەبام‌و بمدیبایە[1].

﴿ دانیشتوانی مەدینە ﴾

دانیشتوانی مەدینەزۆر بەتاوو تەنگاوو بەسۆز بوون بۆ گەیشتن‌و دیتنی پێغەمبەر، زۆرترینیان هەر ناوو باسیان گوێ لێ ببوو موسوڵمان ببوون، بەتایبەت گەورە پیاوانیان ئەوەی موسوڵمان دەبوو خۆشەویستی‌و سۆزێکی تایبەتی بەرامبەر پێغەمبەر پەیدا کرد، هیچ شتێك شوێنی ئەو سۆزو خۆشەویستیەی نەدەگرتەوە.

لاوەکان، مەدینەش بەپێچەوانەی لاوە موسوڵمانەکانی مەککە بوون، مەککەییەکان لەبەر سەردارانیان نەیاندەوێرا خۆیان ئاشکرا بکەن، کەچی لەمەدینە سەردارەکانیان لەبەر گەنجەکانیان زەمینیان لێ تەنگ ببوو، بۆ نموونە (عەمری کوڕی جەموح)یەك لەسەردارانی مەدینە بوو، هەروەك ڕەوشتی هەموو سەردارەکان بتێکی لەدار دروست کردبوو ناوی نابوو (مناة). لاوە موسوڵمانەکان زۆر شەوان دەچوون ئەو بتەیان دەبردو سەریان لەئاودەسخانە دەچەقاند. عەمر بەیانیان بەشوێنیدا ئەگەڕا، کەدەیدیتەوە دەیشوشت‌و لەشوێنی خۆی دایدەناوەو گەلێ هەڕەشەو گەفی لەخەڵکی دەکرد. وای لێهات بێزاربوو هەستا شمشێرێکی هێناو بەشانی بتەکەی وەکردو پێی گوت ئەگەر چیت لەدەست دێت ئەو جارە موسوڵمانەکان هاتنەوە بیانکوژە.

بەیانی کەلەخەو هەڵستا دیتی بتەکە نەماوە، کەوتە گەڕان تاکو دۆزیەوەو دیتی لەگەڵ سەگێکی تۆپیو خستویانەتە ناو بیرێك‌و شمشێرەکەشی لا نەماوە. بەو جۆرە بۆی دەرکەوت کەبت پەرستی ڕێگای نەزان‌و نەفام‌و بی ئاگایانەو لەمرۆڤ ناوەشێتەوە!.

هۆزەکەی چوونە لای قسەیان لەگەڵ کرد. ئەویش موسوڵمان بوو. لێرەدا دەرکەوت کەلاوەکان‌و دانیشتوانی مەدینە چەند بەدڵسۆزی موسوڵمان ببوون. هەستی دەروونیشیان ئەوەندە بەتێن بوو بۆ دیتنی پێغەمبەر هەموو ڕۆژ بەو گەرمایە سەر لەبەیانیانەوە دەچوونە دەرەوەی شاری مەدینەو چاوەڕێیان دەکرد تاکو گەرمای نیوەڕۆ هەراسانی دەکردن‌و دەگەڕانەوە.

---

(١) زاد المعاد ٣/٥٧ والسيرة لإبن كثير ١/٣٧٧ لەبەیهەقی دەگێڕێتەوە.

ڕۆژی دوازدەی مانگی (ربیع الاول)ی ساڵی سێزدەم پێغەمبەرایەتی، واتە، ساڵی یەکەمی کۆچی هەروەك ڕۆژان هەموو دانیشتوانی مەدینە بەژنو پیاوو لاوو پیر چوونە دەرەوەی شارو چاوەڕێیان کرد تاکو گەرما داهاتو ئەوجا گەڕانەوە.

لەوکاتەدا جولەکەیەك بۆ کارێکی خۆی چوو بووە سەر قەلاتێك لەقەلاتەکانی مەدینەو دیتی پێغەمبەرو هاوڕێکانی بە بەرگی سپیەوە دەبریسکێنەوە. زانی کەئەوە پێغەمبەرو هاوڕێکانیەتی. بۆیە بەهەموو دەنگیەوە هاواری کردو گوتی، ئەی بەرەی قەیلە (باپیرە گەورەی ئەوسو خەزرەج بوو) ئەوە خاوەنەکەتان هات. ئەوە باپیرەتانە کەچاوەڕێی دەکەن. دانیشتوانی مەدینە بەتێکڕایی دەستیان دایە چەكو هاتنە دەرەوەو بەپیریەوە چوون.

پێغەمبەریش (ﷺ) لەو کاتەدا لەگەڵ هاوڕێکانی لەژێر سێبەری دارێك دانیشتبوون.. لەناکاو نزیکەی پێنج سەد کەسێك هێرشیان برد. ژنو منداڵیش لەسەرخانوانەوە خۆیان شۆڕ کردبۆوەو تەماشایان دەکرد لەیەکتریان دەپرسی کامە پێغەمبەرە.. ئەنەس دەڵێ قەت جارێکی تر دیمەنی ئەوها خۆشمان لەمەدینە نەدیتەوە. ئەو خەڵکە تێکڕا هاواریان دەکرد (الله اکبر)، پێغەمبەر هات (الله أکبر) موحەممەد هات[1].

(بەرائی کوڕی عازەب) دەڵێ مەدینە قەت خۆشیەکی ئەوهای بەخۆیەوە نەدیتبوو، کچانو کوڕان بەئاوازی خۆشو دەنگی خۆش ئەو گۆرانیەیان دەگوت کەدەڵێ:

طلع البدر علينا من ثنيات الوداع	وجب الشكر علينا مادعا لله داع
أيها المبعوث فينا جئت بالأمر المطاع	قد لبسنا ثوب عز بعد تلفيق الرقاع

جئت شرفت المدينة مرحباً ياخير داع

واتە: مانگی چواردە وا هەڵات لەپێچانی ماڵئاوا، بەقەد دوعای هەموو کەس پێویستە سوپاسی خوا ئەی ئەو کەسەی لەنێومان کرایە، پێغەمبەر بۆمان فەرمانێکی وات هێنا ملکەچین بۆی هەمورمان بەرگمان دڕاوو پیناوی گۆڕدرا بەبەرگی شادی. هاتی پیرۆزت کرد مەدینە یاخوا بەخێر بێی سەرچاوەی ئێمە، تۆ باشترین داواکاری بۆ فەرمانی یەزدانی.

(1) إبن كثير: ٣٨٢/١.

کەموسوڵمانان لێی نزیك بوونەوە هەندێکیان نەیاندەزانی کامەیان پێغەمبەرە، کاتێـك خـۆرە تـاو هاتە سەر پێغەمبەر ئەبوبەکر هەستاو بەجوببەکەی سێبەری لەسەر کرد. ئەوجا خەڵکەکە زانیان ئـەوە پێغەمبەرە ئیتر هەموویان کەوتنە پێشبڕکێو خۆیان پێشکەش دەکرد. هەمووی لەخۆشیان نەیاندەزانی چۆن بجوڵێنەوە. ئەوجا بەتێکرایی پێغەمبەرو موسوڵمانان ڕۆیشتن چوونە قوبا. لەوێ پێغەمبـەر (ﷺ) میوانی (کەلثومی کوڕی هیدەم)بوو، کە لەبەرەی (عەمری کوڕی عـەوف) بـوو. چـواردە ڕۆژان لـەوێ مایەوە. لەوێش عەلی کوڕی ئەبی تالیب پاش ئـەوەی لەمەککـە ئەمانەتـەکانی دایـەوە خاوەنـەکانی کۆچی کردو گەیشتەوە لای پێغەمبەر. پێغەمبەر (ﷺ) یەکەم مزگەوتی لەوێ دروست کرد پێیان گوت مزگەوتی (قوبا) دوایی خوا لەقورئان بەناوی مزگەوتی(تەقوا) ناوی هێنا، ناویان نا مزگەوتی (تەقوا).

دوای چواردە ڕۆژ پێغەمبەر (ﷺ) سواری حوشترەکەی بوو، چووە ناو بەرەی (سالمی کوڕی عەوف) هەمووی کۆکردنەوە. ڕۆژەکـەش جومعـە بـوو، نوێـژی جومعــەی بـۆ کـردن. دوای نوێـژکردن سـواری حوشترەکەی بۆوەو بەرەو مەدینە کەوتەوە ڕێ.

پێغەمبەر (ﷺ)نەیویست خانە خۆوێ دیـار بکـات، بۆیــە جەڵـەوی حوشـترەکەی بـەرەڵڵا کـرد. موسوڵمانان دەهاتنە پێشیو دەیانویست مێوانداری بکەن، ئەویش دەیفـەرموو لێـی گـەڕێن فـەرمانی پێدراوە. حوشترەکە ڕۆیشت تاکو گەیشتنە ئـەو شـوێنەی کەمزگـەوتی ئێـستای لـێ دروسـت کـراوە، ئەوکات زەویەك بوو. حوشترەکەی چۆکی داداو دووبارە هەڵسایەوەو کـەمێك ڕۆیـی تـاوڕێکی دایـەوەو دووبارە گەڕایەوە شوێنەکەی یەکەم جار چۆکی لێ دادابوو. ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) لێی هاتە خوارەوە. ئەو شوێنەش لەگەڕەکی بەرەی نەججار بوو. واتە خاڵوانی پێغەمبەر. بەو جۆرە خوارێزی لێنان. ئـەوجا موسوڵمانان هاتنە بەردەمی پێغەمبەر هەریەکە داوای کرد مێـوانی ئـەو بێـت. بـەڵام (ئـەبو ئـەیوبی ئەنساری) لەپێش هەموویان هەگبەکەی دەست دایێو بردیە ماڵی خۆی.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی مرۆڤ لەگەڵ کەلوپەلەکانی خۆیەتی، ئیتر بوو بەمێوانی (ئەبو ئـەیوبی ئەنصاری). ئەویش خانوەکەی دوو نهۆم بوو. زۆری هەوڵ لەگەڵ پێغەمبەردا بـچێتە نهـۆمی سـەرەوە. پێی گوت ئەی پێغەمبەری خوا، دایـكو بـاوکم بـەقوربانت بێـت، لام شـتێکی قـورسو گرانـە ئێمـە لەسەرەوە بینو تۆ لەخوارەوە بیت. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بۆمنیشو میوانـەکانیش ئاسـانترە کـە لەخوارەوە بین.

ئەبو ئەیوب دەڵێ جارێك وا ڕێکەوت جەرە ئاوێکمن لەدەست شکا، ئێمەش بەگورجی لێفەکەمان هێنا، چیتریشمان نەبوو پێی ووشك بکەینەوە مەبادا ئاوەکە بەسەر پێغەمبەردا بڕژێو ئازار ببینێ. بەڵام لەسەر ئەو حاڵەش هەندێ ئاو هەر چووە خوارەوە. لەبەرئەوە دووبارە زۆرم تکا لەپێغەمبەر کردەوە، تاکو قەبووڵی کرد بچێتە نهۆمی سەرەوە[1].

هەروەها ئەبو ئەیوب دەڵێ خواردنمان بۆ دەبرد هەموو جار پاش خواردن هەڵم دەگرتو دەمهێنایەوە، تەماشای شوێن پەنجەکانی پێغەمبەرم دەکرد. شوێنەکەم لەکوێ بدیبایە لەگەڵ دایکی ئەیوب لەبۆ پیرۆزیو بەرەکەت خواردنەکەی ئەو شوێنمان دەخوارد. جارێکیان خواردنم بۆ برد، دایکی ئەیوب سیرو پیازی تێکردبوو. کەخواردەنەکەم هێنایەوە دیتم پێغەمبەر (ﷺ) دەستی بۆ نەبردووە. منیش ئەوەم زۆر لەدڵ گران بوو، بە پەشۆکاوی چوومە لای پێغەمبەر گوتم ئەی پێغەمبەری خوا منو دایکی ئەیوب هەمووجار شوێنی خواردنەکەی دەستی تۆمان بەپیرۆزی دەخوارد، بەڵام ئەوجارە شوێن دستی تۆمان نەدیت. فەرمووی بۆنی سیرم لێ کرد منیش پیاوێکم خەڵکم دێتە لام قسەیان لەگەڵ ئەکەم (إنما انا شخص أناجي) بەڵام ئێوە بیخۆن. ئەبو ئەیوب دەڵێ ئەوجا خواردنەکەمان خوارد، جارێکی تریش سیرو پیازمان بۆ لەخواردن نەکرد[2].

﴿ دروستکردنی مزگەوت ﴾

مزگەوت شوێنێکی تایبەتو گرنگی هەیە، یەکەم بناغەیەو بۆ کۆمەڵی موسوڵمانان ڕۆژی پێنج جاران بەکۆمەڵ لێی کۆدەبنەوە، بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی خوا. هەڵوێستو باری یەکتریش دەزانن و پەیوەندی نێوانیان بەتێن دەبێت. هەمووی هەست دەکات کە کەس جیاوازی لەگەڵ ئەوی تری نیە بەو کۆبوونەوانەیان فێری یاساو ڕەوشتی ئیسلام دەبن، مزگەوت قوتابخانەشە بۆ زانیاری ئیسلام. موسوڵمانان دەچنە مزگەوت بۆیە دەچن ڕوو لەخوا بکەنو دڵو دەروونیان مشتو مار بکەنو خۆیان لەغەمو دەردەسەری ئەو ژیانە ڕزگار بکەنو خەریکی لێکۆڵینەوەی زانیاری ئەو ئایینە بنو بیر

(1) إبن كثير ٣٨٢/١.
(2) السيرة لابن كثير ٣٨٦/١ لە ابن اسحاق دەگێڕێتەوە- وسبل الهدى والرشاد ٢٧٥/٣.

لەگەورەیی ئەو خوایەو کردەوەی خۆیان بکەن، کارو کردەوەیان سوودێکی گشتی هەبێ‌و بزانن کەژیان چیەو چۆن وەك خەونێك وایە دێت‌و دەڕوات، خۆیان بۆ ئەو ڕۆژە ئامادە بکەن کەلێپرسرینەوەی تێدا هەیە، بەکردەوەی چاك نەبێت لێی دەرباز نابن.

پێغەمبەر (ﷺ) یەکەم جار کەدابەزی بیری کردەوە مزگەوتێك دروست بکات، بۆ ئەوەی لەگەڵ موسوڵمانان لێی کۆببنەوە، جگە لەبەجێهێنانی خواپەرستی، کاروباری کۆمەڵایەتی‌و هەموو پێویستیەکانی تری لێ جێبەجێ بکەن. هەر ئەو شوێنەشی هەڵبژارد کەیەکەم جار حوشترەکەی چۆکی لێ دادا، بەڵام زەویەکە هی دوو منداڵی هەتیو بوو، ناویان (سەهل)و (سوهەیل) بوو، لەبەرەی ماڵکی نەججار بوون. ئەو دوو برایەش (ئەسعەدی کوڕی زرارە)ی مامیان بەخێوی کردبوون. لەپێش هاتنی پێغەمبەر ئەسعەد ئەو زەویەی کردبووە شوێنی نوێژ کردن.

پێغەمبەر (ﷺ) بانگی سەهل‌و سوهەیلی کرد، داوای کرد کەلێیان بکرێ بەڵام کوڕەکان گوتیان ئێمە پێشکەشی دەکەین. پێغەمبەر (ﷺ) قەبووڵی نەکردو دوایی ڕێکەوتن بەدە دینار لێی کڕین. ئەوجا هەرچی دار خورمای تێیدا هەبوو بڕیان‌و هەرچی گۆڕێکییشی لێ بوو گواستیانەوەو نەخشەی مزگەوتەکەیان کێشا. درێژاییەکەیان سەد باڵ داناو پانایییەکەشیان هەندێك کەمتر دانا، ڕووی قیبلەیان لەقودس کرد. بەقوڕو خشت دەستیان بە دروست کردنی کرد. هەموو کاریان تێدا کرد. پێغەمبەر (ﷺ) بەخۆشی کاری تێدا دەکردو خشتی دەگواستەوە لەو کاتە دەیفەرموو (لا عيش إلا عيش الاخرة اللهم ارحم الانصار والمهاجرة) واتە: ژیان هەر ژیانی دواییە، خوایە ڕەحم بکەی بەکۆچ کردووان‌و یاریدەدەران. دیوارەکانیان تەواو کرد سەرەکەشیان بەدار خورما گرت. بەشێکی نەبێت بۆ هەژارو بێ خانوەکانی تەرخان کرد، ناوەکەشیان بەچەوو لیم ڕاخست. هەر لەتەك مزگەوتەکە خانوێکیان بۆ پێغەمبەر دروست کرد، ئەویش هەر لەقوڕو خشت، سەرەکەیان بەدار خورما گرت.

﴿ ئیسلام بوونی عەبدوڵڵای کوڕی سەلام ﴾

عەبدوڵڵای کوڕی سەلام جوولەکەیەك بوو لەنەتەوەی حەزرەتی یوسف، ناوی خۆی (حوصەین) بوو بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ناوەکەی گۆڕی‌و کردیە عەبدوڵڵا. ئەو پیاوە لەزاناو تێگەیشتووە گەورەکانی جوولەکەکان بوو. موحەممەدی کوڕی جەعفەری ئەبو تالیب لە(عەوفی کوڕی زرارە) دەگێڕێتەوەو دەڵێ:

عەبدوڵڵای کوڕی سەلام بۆی گێڕامەوە، گوتی کەناوبانگ‌و خوو ڕەوشت‌و نیشانەکانی پێغەمبەرم بیست دەنگم نەکرد. دانیشتوانی مەدینە هێرشیان بردو بەپیر پێغەمبەرەوە چوون، منیش یەك لەوان بووم، کەچاوم پێی کەوت زانیم دەم‌وچاوی هی پیاوی درۆزن نیە.

یەکەم قسەیشم کەگوێ لێ بوو دەیگوت: (أفشوا السلام وأطعموا الطعام وصلوا بالليل والناس نيام تدخلوا الجنة بسلام) واتە ئاشتی بڵاوبکەنەوەو نان بدەنە خەڵك‌و کاتی کەخەڵك نوستوە شەو نوێژبکەن، بەئاشتی دەچنە بەهەشت.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) چووە ماڵی (ئەبو ئەیوبی ئەنصاری) عەبدوڵڵای چووە خزمەتی (هەندێکیش دەڵێن کاتی لەقوبا بوو بەخزمەتی گەیشت)، بەپێغەمبەری گوت من شاهیدی ئەدەم تۆ پێغەمبەری‌و خوا تۆی هەناردووەو ڕاستیت هێناوە. من لەسێ شت پرسیارت لێ دەکەم. ئەوانیش ئەمانەن (ما أول الشراط الساعة؟ وم أول طعام أهل الجنة؟ وما بال الولد ينزع إلى أبيه أو أمه؟) واتە: ئایا مەرجەکانی ڕۆژی دوایی چیە؟ ئایا یەکەما خواردنی خەڵکی بەهەشت چیە؟ ئایا بۆچی کوڕ یا بەباوکی دەچێت یا بەدایکی؟ فەرمووی جوبرائیل پێی گوتومە. عەبدوڵڵا پرسی جوبرائیل؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بەڵێ: جاری یەکەم مەرج‌و نیشانەی ڕۆژی دوایی ئەوەیە ئاگرێك لەرۆژهەڵات پەیدا دەبێ بەرەو ڕۆژئاوا. یەکەم خواردنی بەهەشتیانیش جەرگی حووتە (نەهەنگ). ئەگەر ئارەزووی پیاو پێش ژن هاتەدی ئەوا کوڕە کەبەباوکی دەچێت، بەڵام ئەگەر ئارەزووی ژنەکە پێش پیاوەکە هاتەدی، ئەوا کوڕەکە بەدایکی دەچێت. ئەوجا عەبدوڵڵا گوتی (أشهد أن لا إله الا الله وأشهد أنك رسول الله) ئەوجا گوتی ئەی پێغەمبەری خوا جوولەکە هۆزێکن‌و بوختان بەخەڵك دەکەن، منیش یەکێکم گەورەو زاناو کوڕی گەورە زانای جوولەکانم، پێش ئەوەی جوولەکەکان من لێرە ببینن‌و بزانن موسوڵمان بویم، پرسیاری منیان لێ بکە، چونکە ئەگەر بزانن من موسوڵمان بویم چی چاکم پێناڵێن. پێغەمبەر (ﷺ) عەبدوڵڵای نارده هۆدەیەك‌و بەشوێن زاناو ناودارەکانی جوولەکەکانیدا هەناردو هاتن. پێغەمبەر (ﷺ) بێت پێی گوتن (يا معشر اليهود إتقوا الله فوالله الذي لا اله الا هو إنكم لتعلمون أني رسول الله قد جئتكم بالحق فأسلموا) واتە: ئەی جوولەکەینە لەخوا بترسن، سوێند بەو خوایەی کەتەنیایەو لەو بەولاوە چ خوای تر نیە، ئێوە باش دەزانن کەمن هەناردراوی خوامەو ڕاستیم بۆ هێناون، وەرن موسوڵمان بن.

جوولەکەکان گوتیان ئێمە نەمانزانیوە. پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی ئایا (حوصەینی کوڕی سەلام) چۆن پیاوێکە لەناوتان؟ جوولەکەکان گوتیان حوصەین پیاوەو کوڕی باشترینمانەو گەورەو زاناو کوڕی گەورەو زانامانە. پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی چی دەڵێن ئەگەر زانیتان موسوڵمان بووە. گوتیان خوا بیپارێزی لەوە.

پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی کوڕی سەلام بۆیان وەرە دەرەوە، کەعەبدوڵڵا هاتە دەرەوە، گوتی (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد ان محمداًر سول الله)، ئەی کۆمەڵی جوولەکە لەخوا بترسن ئەوەی موحەممەد هێناویەتی وەری بگرن، سوێند بەو خوایە ئێوە دەزانن کەئەوە بەڕاستی پێغەمبەرەو دەبینن کەناوونیشانەی لەتەوڕات نوسراوە. من شاهیدی ئەدەم کەپێغەمبەرەو باوەڕیشم پێی هەیەو دەیناسم. جوولەکەکان گوتیان درۆت کرد تۆ پیاو خراپی ناو ئێمەی‌و کوڕی پیاو خراپی ناو ئێمەی. گەلێ قسەی تریشیان پێگوت. ئەوجا عەبدوڵڵا گوتی ئەی پێغەمبەری خوا من لەوە لێیان دەترسام من نەمگوت ئەوانە هۆزێکن بوختان بەخەڵك دەکەن. ئەوانە ستەمکارو درۆزن‌و بەدڕەوشتن[1].

﴿ برایەتی ﴾

پێغەمبەرو ئەو موسوڵمانانەی کە لەمەککەوە کۆچیان کرد بوو بۆ مەدینە هەستیان بەدڵنیایی‌و خۆشی کرد، هەروەها موسوڵمانانی مەدینەش بەهاتنیان زۆر دڵخۆش بوون، ئەو خۆشیەی کەقەت لەژیانیان هەستیان پێ نەکردبوو. ئەو دوژمنایەتیەی نێوان ئەوس‌و خەزرەج کەچەند ساڵ بوو لێکی کردبوون، برایەتی لەشوێن جێگیر بوو، ڕق‌و کینەی ناو دڵان نەما ڕۆشنایی‌و باوەڕی ئیسلام هاتە شوێنی. پێغەمبەریش (ﷺ) زۆر بەپەرۆش بوو، برایەتی لەنێو موسوڵمانان بچەسپێنێ هەموو ئاواتی ئەوەبوو کەبەخۆشی بژین‌و نەگەڕێنەوە سەرخوو ڕەوشتی جاران.

موسوڵمانانی مەککەش لەو ماوەیەدا، وردە وردە دەگەیشتنە مەدینە هەمووشیان بەتای جلەکانیانەوە هاتبوون، بێ نوین‌و بی ئازوقەو بێ پارەو بێ ماڵ. پێغەمبەر (ﷺ) بیری کردەوە کەئەوانە لەلای یاریدەدەران بحەوێنێتەوە. بۆیە یاسایەکی وای دانا، هەموو موسوڵمانانی کردە برایەکی

(١) صەحیحی بوخاری دار النشر الریاض لاپەڕە ٦٧٧ ژمارە ٣٣٢٩.

ڕاستەقینە، لەبرای دایكو باوكی گەلێ بەتینترو خوشەویستتر،هەریەكێ‌ی كۆچكردووی لەگەڵ یەكێكی مەدینەیی كرد برا، پاش مردنیش میرات لەیەكتری بگرن. بۆ نموونە (جەعفەری كوڕی ئەبی تاڵیبی) كردە برای (مەعازی كوڕی جەبەل). (هەمزەی كوڕی عەبدولموتەلیب)ی كردە برای (زەیدی كوڕی حاریسە)، (ئەبوبەكری سدیقی) كردە برای (خاریجەی كوڕی زوهێر)، (عومەری كوڕی خەتاب)ی كردە برای (عوتبانی كوڕی مالیك)، (عەبدولڕەحمانی كوڕی عەوف)ی كردە برای (سەعدی كوڕی ڕەبیع) بەخۆشی لەگەڵ (عەلی كوڕی ئەبی تاڵیب) بوونە برا.

ئیتر هەمووی بەو برایەتیە پێكەوە بەستنەوە. برایەتیەكەش هەر بەقسە نەبوو، یاردەدەرانو كۆچ كردوان بەهەموو دڵیانەوە ئەو برایەتیان جێبەجێ دەكرد، هەتاكو یاریدەدەران ماڵەكەیان لەگەڵ بەش دەكردن. یەكێكی وەك (سەعدی كوڕی ڕەبیع) دوو ژنی هەبوو، بەعەبدولڕەحمانی كوڕی عەوفی گوت، دەمەوێ ژنێ كیانت بۆ تەڵاق بدەم كامیانت بەدڵە؟ عەبدولڕەحمان گوتی خوا بەرەكەت باوێتە ناو ماڵو منداڵت، ڕێگەی بازاڕم پیشان بدە بۆ خۆم كاسبی دەكەم[1]. چووە بازاڕ دەستی كرد بەكڕینو فرۆشتنی پەنیرو ڕۆنە كەرە، ئەوان لەمەككەش ئیشیان هەر بازرگانیو ئاژەڵ بەخێو كردن بوو، لەبەر بێ ئاوی كشتوكاڵیان نەبوو. بەو هۆیەوە زۆربەی كۆچ كردوان دەوڵەمەند بوون هەتاكو بەهەندێكیان دەگوت، ئەگەر دەست بۆ خۆڵ ببات دەبێتە زێڕ. پیاوێكی وەك ئەبوبەكری سدیقو عەلی كوڕی ئەبی تاڵیبو گەلێكی تریش سامانێكی زۆریان پەیدا كرد، ئەوانەی تریش بەزۆری لەناو باغچەكانی مەدینەییەكان كاریان دەكرد. ئەوانەی كاریان پێ نەدەكرا موسوڵمانان یارمەتیان ئەدان، زۆریش هەبوون شوێنیان نەبوو لەسەر سەكۆكانی مزگەوت دەنووستنو خەریكی خواپەرستی بوونو خەڵك یارمەتی ئەدان، بەو كەسانەیان گوت (أهل الصفه) واتە، خەڵكی سەر سەكۆ، پێغەمبەریش هیچ كاتێك لەموسوڵمانان بێ ئاگا نەبوو، هەردەم بەوتارو ئامۆژگارییەكانی فێری پەیوەندییەكانو پێویستیەكانو ژیانو خواپەرستی دەكردن. داوای لێ دەكردن ڕێز لەیەكتری بگرنو یەكتریان خۆش بوێ، ئەوەی بۆ خۆیان حەزی پێدەكەن بۆ برایانیشیان حەز پێ بكەنو دەستی یارمەتی بۆ یەكتری درێژ بكەن، گەلێ جار دەیفەرموو خۆتان

---

(1) إبن كثير ٤١١/١ وسبل الهدى والرشاد ٣٦٤/٣ ئەویش لەمسندی ئیمام ئەحمەد ٢٠٠/٣ البداية والنهاية ٢٨٨/٣ی وەرگرتووە.

لەئاگری دۆزەخ بپارێزن بەیارمەتی دانی یەکتری ئەگەر بەدەنکە خورمایەکیش بێت، ئەگەر ئەویشتان نەبوو بەقسەی باش‌و خۆش بیکەن، ئەوەش پاداشی زۆرە، دەیفەرموو خوا دەفەرموێ چاکە پاداشی یەك بەدەیە. هەموو ڕۆژ لەناو ئەو میحرابە قسەی بۆ دەکردن‌و وتاری بۆ ئەدان.

ئیتر ئەو برایەتیەی کردە بەردی بناغەی ئیسلامەتی، پێغەمبەر نموونەیەك بوو بۆ برایەکی خۆشەویست. دڵسۆزی‌و چاکەی بەرامبەر موسوڵمانان بەشێوەیەك بوو وەك برایەك تەماشا دەکرا بەڵکو گەلێ خۆشەویستریش لەهەموو قووڵایی دەروونیان خۆشیان دەیوست.

پێغەمبەر (ﷺ) قەت خۆی وا دەرنەخست کەخاوەن دەسەڵاتە بەترس‌و بەهێز کارو کردەوە بەخەڵکی بکات، زۆرجاران بەموسوڵمانانی دەگوت من بەرز مەکەنەوە وەك مەسیحیەکان عیسایان بەرزکردەوە، من بەندەیەکی خوام، پێم بڵێن بەندەی خواو پێغەمبەری خوا، ڕۆژێك چووە ناو کۆمەڵێك لەموسوڵمانان، خۆی هاوێشتە سەر گۆچانەکەی، هەموو یەك پێ لەبەری بڵند بوون، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی هەڵمەستن، وەك عەجەم مەکەن کەیەك یەکی لەلا زۆر گەورەیە. هەموو جار ئەگەر لەلای موسوڵمانان دابنیشتبایە لەلای خوارەوە دادەنیشت. لەگەڵ هەموو کەسێك زۆر قسە خۆش‌و ڕووخۆش بوو، ئەگەر کەسێك بهاتابایە لای لەکاتی نوێژکردن بوایە، بیزانیبایە کاری هەیە، نوێژەکەی کورت دەکردەوە، دەچووە لای دادەنیشت کارەکەی بۆ جێبەجێ دەکردو دەگەڕایەوە سەر نوێژکردن زۆر دڵنەرم‌و دڵپاك بوو، هەردەم ڕووی بەزەردەخەنە بوو مەگەر لەکاتی ئامۆژگاری‌و خوتبەدان‌و هاتنی وەحی. کەسێکی هەژاری بدیبایە یارمەتی دەدا، قەت پاشەکەوتی بۆ سبەی نەدەکرد. ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کرد، هیچ پارەیەکی نەبوو زرێیەکەی ڕەهنی پیاوێکی جولەکە بوو، چونکە هیچ باکی نەبوو بەرامبەر ژیان، هەیبوایەو نەیبوایە، ئەوەی بەدەستی دەکەوت دەیبەخشی. قەت چاکەی لەبیر نەدەچوو، منداڵی کچەکانی زۆر خۆش دەیوست، هەموو جار لەنوێژ پێی هەڵدەگەڕان لەکاتی سەجدە بردن دایدەنان، کەهەڵدەستایەوە هەڵی دەگرتن، ئەو دڵ‌و نەرمی‌و بێ هەواو فیزیەی لەبێهێزی‌و ترسنۆکی‌و یا لەبەر لەخۆبایی بوون نەبوو، بەڵکو لەدڵێکی پاك‌و بێ گەردو لەڕێی خوابوو، چونکە ئیسلام دادپەروەری لەتەنیشت برایەتی دائەنێ، برایەتیش هیچ کاتێك برایەتی نیە، ئەگەر بەهۆی ئیسلام نەبێ. پێویستە هەموو کردەوەیەکی چاکە هەر بۆ خوا بێت، هێزی دەروون پاڵی پێوە بنێ‌و هەر دەسەڵاتی خۆی لەبیر بێت، نەفس‌و دڵ‌و گیانی مرۆڤ هیچ دەمێك ئازاد نیە ئەگەر بەدوای هەواو هەوەس بکەوێ‌و خوای لەبیر

نەبێ. پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەندە بەرچاو فرەوانو نەفس بەرز بوو نەیدەویست هیچ کەسێك لەسەر ئەو زەویە منەتی لەسەر بکات، دەیویست هەر ئەو چاکەی لەسەر خەڵك هەبێت، قەت چاوی نەدەبڕیە کەلوپەلی دونیا، دەیویست موسوڵمانان بەرامبەر ئارەزووەکانی ژیانو بەگوێرەی توانا ڕابوێرن، نەك بکەونە دوای پەرستنی ئارەزوو خۆشی ژیانو ماڵ پەرستیو منەت باریو خەڵکی توشی چاو شۆڕی خەڵك بن، ئەوە چیە ئارەزووەکانی نەفسیان دێتەجێ. ئەو کردەوەو ڕەوشتانەی پێغەمبەر کاری کردبووە سەر موسوڵمانان، هەموویان چاویان لەو دەکرد وایان لێ هاتبوو خۆیان لەبرای موسوڵمانیان بچوکتر ڕادەگرتو ببونە برایەکی وا دەتگوت لەیەك خێزانو لەیەك ماڵن. لەوکاتەش بانگ دان بۆ کاتی نوێژەکان داندرا، چونکە موسوڵمانان شتێکی وایان لەناو دانەدرابوو لەکاتی نوێژ پێی کۆببنەوە، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی لەسەر ئەو بانگدانەدا کەعەبدوڵلای کوڕی زەید لەخەو پێیان گوتبو. هەروەها ئیمامی عومەریش دیبووی. ئەوجا (بیلالی کوڕی ڕەباحی حەبەشی) بەدەنگە بەرزو خۆشەکەی یەکەم جار بانگی داو بەوشەی (الله اکبر) هەمووی هێنانە هەژان، بەو وشە گەورەیەی کە لەناو هەناوی هەموو موسوڵمانێك دەنگ دەداتەوە، کەنیشانەی یەکیتی هەموو ئادەمیزادە.

ئەوجا هەرکاتێك کەبانگی ئەدا، موسوڵمانان یەکسەر ملی ڕێگایان دەگرتو بەرەو مزگەوت دەڕۆیشتنو بەبێ جیاوازیو بەیەك ڕیز بەرامبەر خوا ڕادەوەستان نوێژیان دەکرد. لەدوای یەك پێشەوا ڕوویان لەیەك خوا دەکردو ڕوویان لەیەك قیببلە کردو یەك دوعایان دەکرد.

﴿ یەکەم دەستووری دەوڵەتی ئیسلام ﴾

یەکێك لەکارەمەندەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لەدوای دروست کردنی مزگەوت، دانانی یاسایەك بوو بۆ ڕێکخستنی ئەو کۆمەڵە نوێیەی موسوڵمانانو نەهێشتنی خراپەو ستەمکاریو دەست درێژی لەناویان. ئەو یاسایەش کەبەگوێرەی فەرمانی خوا داندران بوە بناغەی پەیوەندی نێوان موسوڵمانانو جولەکەو بت پەرستانی مەدینە. تاکو هەموو لەسەر یاساب بڕۆنو لەیاسا دوور نەکەونەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) کەدەسەڵاتی کەوتە دەست، لەیەکەم هەنگاوی بەخێرایی ڕێگەیەکی وای دانا، کەس نەتوانێ بەگوێرەی هەواو هەوەس دەوڵەت بەڕێوە ببات، موسوڵمانانی کردە یەك پارچەو یەك

کۆمەڵ، تاکو هەموو پێویستیەکانی ژیانیانی لەدەست بێتو کردارو کردەوەی ناو گەل ڕێک بخەنو بەڕێوەی ببەن. هەر گەلێك لەناوەخۆی کاروباری بەچاکیو بەگوێرەی یاسای خوا بەڕێوە نەبرد کاریان دەشلەژێ، بێگانە دەسەڵاتی بەسەردا دەشکی یاساو دەستوری ئیسلام هەر لەیەکەم ڕۆژیەوە جیاوازی نەکرد لەنێوان پیاوو ژنو خاوەن دەسەڵاتو بێ دەسەڵاتو دەوڵەمەندو هەژارو بێ ئایینو موسوڵمانو جوولەکە. مافی جولەکەکانیشی بەتەواوی دیارکرد، لەژێر سێبەری ئیسلام بوونەوە یەك، ناوی عەرەبو عەجەمو ڕۆمو حەبەش ون بوو نەماو بەهەموویان دەگوت گەلی ئیسلام[1].

جارێکیان کۆمەڵێك لەموسوڵمانان کۆببوونەوە لەمەدینە، ویستیان سەلمانی فارسی بەسووکی ناو بێنن، هەریەکەیان خۆی بەباوكو باپیرانی هەڵدایەوە، تاکو نۆبە گەیشتە سەر سەلمانی فارسی. لێیان پرسی گوتیان تۆ کوڕی کێی؟ ئەویش گوتی من کوڕی ئیسلامم. بەو قسەیە هەموو شەرمەزارو بێ دەنگ بوون. عومەری کوڕی خەتاب کەئەو قسەی سەلمانی بیستەوە دەستی کرد بەگریانو گوتی (صدق سلمان وأنا إبن الاسلام) واتە سەلمان ڕاستی گوت منیش کوڕی ئیسلامم. ئیتر بەهۆی ئەو یاسایە دانیشتوانی مەدینە لەبەرەڵلایی هۆزایەتی ڕزگاریان بوو. تەنانەت جوولەکەکانیش کەوتنە ئاسوودەییو لەشەڕو شۆڕی نێوان یەکتریو ئەوسو خەزرەج ڕزگاریان بوو، ئەگەرچی ئەو مل کەچیەیان بۆ یاسا، تەنیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان بوو نەك بۆ داسەپاندنی دادپەروەری.

بەهەرحاڵ جوولەکەکان لەیەکەم قۆناغ باوەڕنامەکەیان قەبووڵ کرد، سەرنجیان دا بزانن چ دەبێو بەچی دەگات. دوایی کەوتنە دوژمنایەتی ئیسلام. ئەنجامی دوژمنایەتیەکەشیان بەچاکی چێشت. بەڵام پیاوێك کەهەر لەکۆکردنەوەی ماڵو سامان بگەڕێ، جا بەهەر ڕێگەیەك بێت چ مەبەستێکی تری نەبێ تووشی ماڵ وێرانی هەر دەبێ، با ماوەیەکیش لەژێر سێبەری ئەو سامانە تێر بخواو بحەسێتەوە. هەر کەسێکی سەرنج بداتە ئەو باوەڕنامەی کەپێغەمبەر ایناو کاری پێکرد، ئەگەر جوولەکەکان دەستیان پێوە بگرتبایە هەتا هەتایێ بەخۆشی دەژیان. ئەمەش هەندێ لەخاڵە گرنگەکانی پەیماننامەکەیە:-

---

(١) ئیستیعماری ئەورووپی بەهۆی ڕۆژهەڵات ناسەکانو پڕوپاگەندە توانی هەستی نەتەوایەتی ڕەگەزپەرستی لەناو موسوڵمانان زیندو بکەنەوە، هەتاکو لەنێوان یەك هۆزو یەك تیرە. وا ئێستا دەبینین هەستی نەتەوایەتی چ کارێك بەمیللەتانی جیهان دەکاتو چۆنی لێك کردونە دوژمن، هیچیان بیروباوەڕی ئیسلامیان لەبیر نەماوە کەپێوەی بەڕێوە بچنو بیر بکەنەوە کەئادەمیزاد هەمووی یەك مافی هەیە، ئەویش تەنیا هەر ئیسلام پێی ئەدات.

١- موسوڵمانان، چ قورەیشیی و چ مەدینەیی و ئەوانی لەمەودوا بەگەریان دەکەون و خەباتیان لەگەڵ دەکەن بەیەك گەل دەژمێردرێن.

٢- موسوڵمانان لەگەڵ جیاوازی هۆزو تیرەیان، هەموویان بەیەك بەستراون و پارێزگای لەیەك دەکەن. دیلەکانیان دەکڕنەوەو بەچاکەو دادپەروەری هەمووی وەك یەك بەشدار دەبن.

٣- پێویستە لەسەر موسوڵمانان پیاوی قەرزارو زۆر خێزان و دەست کورت لەبیر نەکەن دەبێ هەموویان یارمەتیان بدەن.

٤- ئەگە رهاتوو یەکێك ویستی ستەم و دەست درێژی و خراپە بکات لەنێوان موسوڵمانان دەبێ بەهەموویان لێی راست ببنەوە، جا با ئەو کەسە کوڕی هەر کامێکیان بێ.

٥- موسوڵمانێك لەتۆڵەی کافرێك نابێ موسوڵمانێك بکوژێ، نابێ یارمەتی کافریش بدات لەدژی موسوڵمان.

٦- ئاشتی موسوڵمانان یەك ئاشتیە، هەموویان پێکەوە بەیەکسانی لەرێی خوا شەڕ دەکەن و نابێ کۆمەڵێك لەشەڕ بێ و کۆمەڵێکی تر واز بێنێ و شەڕ نەکات.

٧- پەنای خوا یەك پەنایە، موسوڵمانان لەپەنای خوان، موسوڵمانان پشتیوان و کەسی یەکن.

٨- هەر موسوڵمانێك دانی بەو پەیماننامە یەدا هێنا، نابێ یارمەتی تاوانبار بدات و بیحەوێنێتەوەو ئەو کەسە دوورە لەڕەحمەتی خواو لێی توورەیە، لەڕۆژی دوایی هیچ بارتەقای نیەو لەسەری لانابات.

٩- جولەکەو موسوڵمانان ئەگەر لەگەڵ دوژمن کەوتنە شەڕ بەماڵ و سامان یارمەتی یەکتر ئەدەن.

١٠- لەنێوان موسوڵمانان و جولەکە ئامۆژگاری و رێگەدانان و چاکە هەیە، نابێ خراپەیان لەنێوان هەبێ.

١١- نابێ کەس ستەم لەهاوپەیمانی بکات، ستەم لێکراو دەبێ سەربخرێ هاوسێش وەك مرۆڤە، نابێ زیان و تاوانی هەبێت.

١٢- خوا لەگەڵ چاکەو باشی ئەو بڕوانامەیە، هەرکەسێ چاکە بکات و خۆی لەخراپە بپارێزێ خوا لەپەنای خۆی دەگرێ.

١٣- هەرکەسێ هێرشی هێنا بۆ سەر مەدینە دەبێ موسوڵمان و جولەکە بەیەکەوە بیپارێزن.

١٤- جوولەکەی بەرەی عەوف لەگەڵ موسوڵمانان یەك گەلن.

١٥- جولەکە لەسەر ئایینی خۆیانن موسوڵمانانیش لەسەر ئایینی خۆیانن.

١٦- جولەکەی بەرەی ساعیدەو بەرەی جوشەمو بەرەی ئـەوس وەك جولەکـەی بـەرەی عـەوف تەماشا دەکرێن.

١٧- هەرکەسێ لەجولەکەو موسوڵمان لەمەدینە دەرچوو، یا مایـەوە بـا لـەخۆی دڵنیـا بێـتو دەسـت درێژی ناکرێتە سەر مەگەر ستەم بکات، ئەوکاتە خۆیو ماڵو منداڵی تێدا دەچن.

ئەو یاسایە هەموو لایەکی گرتەوە ئەوجا چ لایەنی بەرگرییو چ ئابووریو چ کۆمەڵایەتیو سیاسی.

ئەگەر سەرنجێك بدەینە ئەو یاسایە، دادپەروەرییەکی تەواوی دەوڵەتی ئیسلامی لـێ دەردەکـەوێ. هیچ رژێمێکی ئیمڕۆ کەپێی دەڵێن دیموکراتی، نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیە کەیاسایەکیان هـەبووبێ، بـەو یاسایە بچیو کرداری پێکرابێ. چونکە ئەو دیموکراتیە هەر سوودی چینێکی تێدایە. لەهەموو کەسیش ئاشکرایە هەر چینێك یاسای دانا بەرژەوەندەو سوودی خۆی ڕەچاو ئەکاتو چینێکی تـر ئەخاتـە ژێـر دەستی خۆی، تەنیا هەر خوایە کەیاسا بۆ مرۆڤ دائەنێ، چ بەرژەوەندی خۆی لەنێوان مرۆڤ نیە، گـشتی هەر بۆ بەرژەوەندی مرۆڤە.

﴿ پەیدابوونی دوو ڕووەکان ﴾

موسـوڵمانان تـاکو لەمەککـە بـوون ژێـر دەسـت بـوونو چـیان بەدەسـت نـەبوو، هەرکەسـێکی کەموسوڵمان دەبوو خۆی دهاوێشتە ژیانێکی زۆر سامناك. بۆیە تەنیا خەڵکی خاوەن بیروباوەڕی بەهێز موسوڵمان دەبوون ئەوانەی پەکیان بەئازارو ناخۆشی نەدەکەوت، قوڕەیشیەکانیش خاوەن هێزو دەسەڵات بوون، کەسیان بەرامبەر نەبوو بەربەرەکانیان بکات.

پاش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لەمەدینە جێگیر بوو دەسەڵاتی کەوتە دەست باری مەدینـە گـۆڕا بارێکی تر. دانیشتوانی مەدینە هەموو ڕوویان کردە ئیسلام هێزو دەسەڵات بەتـەواوی کەوتـە دەسـت موسوڵمانان. زۆر کەسی وا لەمەدینە هەبوو کەبەرژەوەندیو دەسەڵاتیان لەدەست چـوو، بـەڵام نەشـیان توانی بەئاشکرا بەرامبەر ئیسلام ڕابوەستن، ناچار بەنهێنی کەوتنە دژی ئیسلام.

ئیتر لەو ڕۆژەوە دوو ڕووەتی دەستی پێکرد. یەکێکی وەك (عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول) پیاوێکی زۆر زیرەكو خاوەن توانا بوو، پـێش ئـەوەی موسـوڵمانەتی لەمەدینـە پەیـدا ببـێ، ئـەوسو

خەزرەج ویستیان بیکەنە شای خۆیانو کەوتبوونە ڕێك خستنو دانانی ئەوەی کەتاجی لەسەر دابنێن، ئەوەش گەورەترین ڕێزلێنان بوو، کەلەپێشتر بۆ هیچ پیاوێك نەکرابوو، لەبەرئەوە عەبدوڵلا زۆری رق لەئیسلام بوو نەشیتوانی بەئاشکرا بەربەرەکانی بکاتو بۆیە چارەی نەما بەرەو ڕوو موسوڵمان بوو، بەڵام لەدڵیشدا هەر بت پەرستەکەی جاران بوو. هەر عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی ئەوها نەبوو بەڵکو زۆران لەبت پەرستانی مەدینە کەبەناچاری موسوڵمان ببوون، هەروا بوونو عەبدوڵلا ببووە پێشرەویان.

شتێکی سروشتیە کەسێك ڕقی لەیەکێك ببێتەوەو بشیەوێ بەربەرەکانی بکات، بەڵام دەسەڵاتی بەسەردا نەبێ ئەوا بەنهێنی دوژمنایەتی دەکاتو پاش ملەش بەقسەو درۆو بوختانو ئاژاوە هەڵگیرساندن دریغی ناکاتو ژەهری خراپەو دوژمنایەتی لەنێوان خەڵك دەرێژێ. پیاوانی دوو ڕوو هەردەم نموونەن بۆ خراپەو ترسنۆکی، لەماندوو بوونو ئازار دەترسنو لێی هەڵدێن، هەموو کات حەسانەوەو تەمبەڵی بەسەر خەباتو تێکۆشاندا پەسەند ئەکەن، جیزیو سەلامەتیان پێ باشترە لەمەترسیەكو ئازایەتیەکی کەبەرزیەتی لەدوایە. ئەوانە هەردەم ورەیان ڕووخاوەو بەرەو بانگی ئازادیو سەربەخۆییەوەناچن، پیاوی دوو ڕوو لەهەموو کاتو شوێنێك هەریەك ڕەوشتن، تەنیا شێوەی قسەکانیان جیاوازی هەیە، دەنا هەموویان لەیەك سەرچاوە کار دەکەن هەمووی دڵ پیسو هەناو ڕەشن، بەڵام بەرەو ڕوو زۆر بێ دەسەڵاتو ترسنۆکن، هەردەم لەقسەی ڕاست هەڵدێنو حەزیان لەخراپەیەو دوورن لەچاکەو گەلێ قرچۆکنو دەستی یارمەتی بۆ کەس درێژ ناکەنو بەرەو پیلی هەژار ناچن، خۆپەرستن. هەر بۆ مەبەستی خۆیان هەوڵ ئەدەن. بێگومان ئەو کەسانە خوایان لەبیر نیە خواش نرخیان ناداتێ.

﴿ جوولەکەکان (بنی إسرائیل) ﴾

جوولەکە میللەتێکن خۆیان بەنەوەی حەزرەتی یەعقوب پێغەمبەر (واتە ئیسرائیل) دەزانن. حەزرەتی مووسا بەپێغەمبەری خۆیان دەزانن، پاش چەندین چەرخ بەسەر ئایینی ڕاستەقینەی مووسادا ڕۆیشت، پیاوە ئایینیەکانی جوولەکە بەئارەزووی خۆیان ئەو ئایینەیان گۆڕی. تاڕادەیەك هیچ پێغەمبەرێکی تر لەدوای موسا بەپێغەمبەر نازانن، خۆشیان بەچاکترین ڕەسەنی ئادەمیزاد دەزانن و وای دائەنێن کەخوا ئەوانی هەڵبژاردوە لەناو گەلانی ئەو زەمینە، ئەوان تایبەتن بۆ بەهەشت، هەرچی

جوولەکەش نەبێت ناچێتە بەهەشت. وازیان لەڕەوشتی ڕەسـەنی ئایینەکـە هێنـاو کەوتنـە دوای مـاڵو سامان پەیدا کردن بەهەر جۆرە ڕێگایەك بێت. بۆیەش هەر لەکۆنەوە بەمیللەتێکی خۆپەرست ناسراونو سوودیان بۆ گەلانی تر نەبووە تەنیا لەپەنای بەرژەوەندی خۆیان نەبێ. هـەر بۆیـەش بەدرێـژایی مێـژوو چەندین جار تووشی شەڕی وابووین بەو هۆیەوەنزیکی لەناو چوونو بڕانەوە هاتوونو پەڕاگەندەی وڵاتـان بووین.

ئەو جوولەکانەی مەدینەش وەك مێژوو باسیان دەکات، لەساڵی (٧٠)ی زاینی بەهۆی شەڕ لەگـەڵ ڕۆمانەکان بڵاوەیان پێکەوت بۆ سەرتاپای جیهانو بەشێکیشیان گەیشتنە مەدینەو لەوێ جێگیربـوون، شاری مـەدینەش (ئەوکات شارێکی بچوك بوو، شوێنێکی زۆر قایمی هەبوو لەچاو شوێنەکانی تـری نیـو دوورگەی عـەرەب. لای ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئـاوای بـەکێوێك دەوردراوە زۆر دڕو سـەختە، ولاغو پیـادە زۆر بەزەحمەت لێی دەرباز دەبێ، شاخێکی بورکانییە. تەنیا لای سەروەری وارایە، لای پشتەوەشی هەمووی دارستانی خورماو میوەجاتو کشتوکاڵە، ئیتر بۆیە هێزی سوپایی نەیتوانیوە بەئاسانی هێرشی بۆ ببا، هەر بۆیەش دانیشتوانەکەی دەیانتوانی بەئاسـانی پارێزگـاری لـەو شـارە بکـەن. هـەروەکو لەدوایـیدا بەدەردەکەوێ کەچۆن لەشەڕی خەندەق موسوڵمانەکان بەئاسانی توانیان پارێزگاری لێ بکەن.

ئیتر خوا ئەوشارەی بۆ پێغەمبەر دەست نیشان کرد[1] دانیـشتوانی مـەدینـەش لەباووباپیرانیانـەوە زۆر بەرێزو پیاوەتی بووین، هەر کۆمـەڵێك هاتبێتە ناویان بەچاکی حەوایتەوە. جوولەکەکانی مـەدینەش وەك لەمـەوپێش باسمان کرد سێ بەرەباب بـوون، بـەرەی قـەینوقاعو بـەرەی نزیـر هەریەکـەی ژمـارەی پیاوەکانیان دەگەیشتە نۆ سەد پیاوی شەڕکەر، سێیەمیان بەرەی قوڕەیزە (قريضة) بوو، ژمارەی پیـاوی شەڕکەریان لەنێوان حەو سەدو نۆسەد دەبوون. ئەو بەرەبابانـە لـەناوەخۆیان ڕێـك نـەبوون، گـەلێ جـار لەگەڵ یەکتری دەکەوتنە شەڕ، بەتایبەتی قـەینوقاع لەگـەڵ دوویـەرە بابەکـەی تـر. بـۆ نمونـە بـەرەی قەینوقاع لەشەڕی (بوعـاث)دا کەوتە گەڕ خەزرەجیەکان، بەرەی نەزیرو قورەیزەش کەوتنە گەر ئـەوس. لەو شەڕەدا دوو بەرە بابەکەی تر توانیان قەینوقاع شپرزە بکـەن. بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش ئەگـەر هـەر جوولەکەیەك بەدیل بگیرابایە، یا لەهەر لایەك بایە ئەوا دەیانگۆڕیەوە.

---

(١) سبل الهدی والرشاد ٣/٢٣٦ ئەویش لەبوخاری ٤/٢٤٧ وابن ماجه ٣٩٢١ی وەرگرتووە.

ئەو دوژمنایەتیە هەتا پاش شەڕی (بوعاث)یش لەنێوانیان هەر مابوو، تەنانەت کەموسوڵمانەکان لەگەڵ قەینوقاع کەوتنە شەڕ جوولەکەکانی بەرەی نەزیرو قورەیزە یارمەتیان نەدان.

ئەو جوولەکانە لەگەڕەکی تایبەتی خۆیان دەژیان، بەرەی نەزیر لەدەرەوەی مەدینە لەدۆڵێك دەژیان شەش کیلۆمەتر دوور بوو، پێی دەڵێن بوتحان (بطحان) باغی دار خورماو میوەجاتی باشیان هەبوو لەگەڵ زەوی کشتو کاڵ. بەرەی قورەیزەش دێهاتی باشیان هەبوو لەناوچەی (مەهزوز)، کەچەند کیلۆمەترێك لەخواروی مەدینەوە دوور بوو، ئەو بەرەبابە لەقەلاتی گەورە گەورە دەژیان.

ئەو قەلاتانە شوێنێکی زۆر گرنگیان هەبوو، لەکاتی تەنگاوەو شەڕ ژنو منداڵو تازووقەیان لێ دائەنا، دەستی تالان کردنی نەدەگەیشتێ. هەروەها کاروانەکان لەژێر ئەو قەلاتانە بارەکانیان دەخستو لەنزیك دەرگەکەشی بازاڕیان دامەزراند بوو.

جوولەکەکان خاوەنی دەوڵەت نەبوون، لەژێر چاودێریو پارێزگاری سەرۆکەکانیان بەڕێوەدەچوون بەلام بەرامبەر بەوەش پارەیەکی زۆریان ئەدانێ. ئەو سەرۆکانە نەیاندەهێشت کۆچەرە عەرەبەکانی بیابان دەست درێژیان بکەنە سەر.

جوولەکەکان خۆیان زۆر لەلا گەورە بوو لەچاو عەرەبەکان، خۆیان بەخاوەن زانیاریو ئایین دەزانی، قوتابخانەیان هەبوو ئایینیان لێ دەخوێندو مێژووی پێغەمبەرەکانیانو فەرمانو یاسایان تێدا دەخوێند، هەروەها کۆبوونەوەی کۆمەلایەتیان هەر لەو قوتابخانانە دەکرد، ئەو یاسایانەی کەکاریان پێ دەکردن بریتی بوون لەتێکەڵی یاسای ئاینەکەیانو هەندێکیشی مالمەکان (حاخامەکان) بەگوێرەی پێویستو بەئارەزووی خۆیان بۆیان دانابوون. زۆربەی جوولەکەکان خەریکی کڕینو فرۆشتن بوونو پارەیان بەڕەهنو سوود (ڕیبا) دەدا.

عەرەبەکانی مەدینەش لەبەرئەوەی خەریکی کشتوکاڵ بوون، دەستیان کورت بوو ناچار بوون پارەیان بەبارمتە (ڕەهن)و سوود لەو جوولەکانە وەردەگرت، بارمتەکەشیان هەر لەسەر شتومەك نەبوو، بەڵکو ژنو منداڵیشیان بەڕەهن وەردەگرت، هەروەکو لەمەودوا باسی دێت.

جگە لەکڕینو فرۆشتن، جوولەکەی مەدینە خەریکی پیشەسازیش بوون، بەتایبەتی زێڕنگری هەر تایبەت بوو بەخۆیان، زۆربەی زێڕینگرەکانیش لەبەرەی قەینوقاع بوون، لەبەرەبابەکانی تر دەوڵەمەندتر بوون لەمەدینە.

بەو هۆیەوە جوولەکەکان دەستیان بەسەر بازاڕی مەدینە داگرتبوو، بەئارەزووی خۆیان دەیانسوڕاند، (هەروەکو ئێستا دەستیان بەسەر بازاڕی ئەو جیهانە داگرتووە)، ئەوەش بووە هۆی ڕق لێبوونەوەی دانیشتوانی مەدینە، بەتایبەتی چونکە ژنو منداڵیشیان بەڕەهن وەردەگرتن و عەرەبیش زۆریان شەرم بەو کردەوەیە بوو بەڵام ناچاریش بوون.

جوولەکەکان (هەروەکو ئێستاش پیشەیانە)، لەنانەوەی شەڕو ئاژاوە لەنێوان ئەوس و خەزرەج درێغیان نەدەکرد، بەو مەبەستەی بازاڕیان گەرم بێت، دانیشتوان کاسبیان پێ نەکرێو پێویستیان بەقەرز کردن بێت، بەڵام لەگەڵ هاتنی پێغەمبەر بۆ مەدینە ئەو جۆرە شەڕەو ناکۆکیە نەماو موسوڵمان بوونە برای یەکتری، بێ گومان ئەوەش لەبەرژەوەندی جوولەکان نەبوو، بۆیە لەدژایەتی موسوڵمانان، پاڵیان دایە بت پەرستو دوو ڕووەکان.

﴿ گۆڕانی قیبلە ﴾

یەکەم جار فەرمانی نوێژکردن بۆ موسوڵمانان هات، بەگوێرەی فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) موسوڵمانان ڕوویان کردە قودس، کەقیبلەی جوولەکەو مەسیحیەکانیش بوو. بەو کردەوەیە جوولەکەکان خۆیان زۆر بەسەر موسوڵمانەکاندا هەڵدەکێشا، دەیانگوت موحەممەدو موسوڵمانان ڕوو لەقیبلەی ئێمەدەکەن، ئەمەش وا دەگەینێ کە ئایینی ئێمە تەواترو ڕەسەنترە، باشتر وایە موحەممەد بێتە سەر ئاینی ئێمە، نەك داوا لەئێمە بکات موسوڵمان ببین.

عەرەبەکانیش خۆ هەڵکێشانی جوولەکەکانو ڕووکردنە قودسیان زۆر لەلا گران بوو، چونکە کەعبەیان زۆر لەلا پیرۆز بوو. ئەو پیرۆزیەش لەکاتی حەزرەتی ئیبراهیمەو لەگەڵ خوێنو گۆشتیان تێکەڵ ببوو چ شوێنی تر هاوتای کەعبەی نەبوو لەلایان.

پێغەمبەریش (ﷺ) ئارەزووی هەبوکەخوا قیبلەیەکی پیشان بدات دڵی موسوڵمانانی پێخۆش بێت، بۆیە هەردەم چاوی دەبڕیە ئاسمان، بێ ئەوەی چ داوایەك لەخوا بکات. بەڵام خوا لەمەبەستی دڵی مرۆڤ ئاگادارە.

لەمانگی شازدەم یا حەڤدەمی کۆچی، خوا فەرمانی پێدا وەك لەقورئان دەفەرموێ ﴿قَدْ نَرَى تَقَلُّبَ

وَجْهِكَ فِي السَّمَاء فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّواْ وُجُوِهَكُمْ شَطْرَهُ وَإِنَّ الَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ وَمَا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ﴾[1] واتە: ئێمە دەبینین ڕووی خۆت لەئاسمان دەکەی، بەئومێدی گۆڕانی قیبلە، ئێمەش ڕووت لەقیبلەیەك دەکەین کەپێی دڵنیا بیتو دڵت پێی خۆش بێت. دەرووتان لەکەعبە بکەنو لەهەر کوێ بوون ڕووتان بەلای کەعبەوە بکەن، ئەوانەی کتێبیان پێدراوە (واتە، جوولەکەو مەسیحیەکان) دەزانن کەئەو گۆڕانەی قیبلە ڕاستەو لەلای خواوەیە، بەڵام بیری خەڵکی دەشێوێنن. خواش لەکارو کردەوەیان بێ ئاگا نیەو سزایان دەداتەوە).

موسوڵمانان زۆر بەدڵخۆشیەوە ئەو فەرمانەیان بەجێهێنا، لەنوێژەکاندا ڕوویان کردە کەعبە. موسوڵمانان سەرکێشیو دودڵیان لەفەرمانی خواو پێغەمبەر نەکردوە. هەر فەرمانێکی خواو پێغەمبەر پێی دابن هەمووی تاقی کردنەوەیە بۆیان، تاکو بزاندرێ کێ لەوتاقی کردنەوەیە دەردەچی یان دەرناچێ).

بەڵام دوو ڕووەکان بڵاویان کردەوە، گوتیان موسوڵمانەکان لەو ماوەی کەڕوویان لەقودس دەکرد، خوا پەرستیەکەی ئەو ماوەیان بەخەسار چوو. جوولەکەکانیش گوتیان هەر ئەو کاتەی کەڕوویان لەقودس کرد هەر ئەو کاتی خواپەرستی، دروست بوو. لەمەودوا ڕەنج بەخەسار دەبن. بەڵام پێش ئەوەی وا بڵێن لەقورئان فەرموێ: ﴿سَيَقُولُ السُّفَهَاء مِنَ النَّاسِ مَا وَلاَّهُمْ عَن قِبْلَتِهِمُ الَّتِي كَانُواْ عَلَيْهَا قُل لِّلّهِ الْمَشْرِقُ وَالْمَغْرِبُ يَهْدِي مَن يَشَاء إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾[2] واتە: لەدوای گۆڕانی قیبلە هەندێ خەڵکی نەزانو بێهۆش دەڵێن چ ڕووی موسوڵمانانی لەو قیبلەیە وەرگێڕا کەپێشا لەسەری بوون، ئەی موحەممەد پێیان بڵێ هەموو لایەك لەڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا هەر هی خوایەو ڕوو لەهەر لایەکی بکەین ڕوو هەر لەخوا دەکەینو خوا ئاگادارەو دەمانبینی، هەر خوایە ڕێ نیشاندەری ئادەمیزاد، ڕێگای ڕاستیان پێشان ئەدات.

---

(١) البقرة: ١٤٤.

(٢) البقرة:١٤٢.

﴿كۆبوونەوەی نوێنەرانی هەر سێ ئایین﴾

جوولەكەكان گەلێ ڕۆژان دەهاتنە لای پێغەمبەر (ﷺ) دەكەوتنە دەمەتەقێو گفتوگۆ، پێغەمبەریش (ﷺ) زۆر بەهێمنی وەڵامی هەموو پرسیارێكی دەدانەوەو پرسیاری لێ دەكردن.

ڕۆژێك بەرێكەوت نوێنەرانی مەسیحیەكانی یەمەن هاتن بۆ لای پێغەمبەر، لەو كاتەشدا كۆمەڵێك لەزانای جوولەكەكانیش چوون بۆ لای پێغەمبەر. ئیتر وا ڕێكەوت نوێنەرانی هەر سێ ئایین كۆبوونەوەو كەوتنە دەمەتەقێی سێ قۆڵی. جوولەكەكان بەمەسیحیەكانیان دەگوت ئێوە لەسەر چ ئایینێك نینە. جوولەكەكان حەزرەتی عیساو حەزرەتی موحەممەد یان بەپێغەمبەر دانەدەنا، دەشیانگوت عوزێر پێغمبەرەو كوڕی خوایە. بەهەمان شێوە مەسیحیەكان بەجوولەكەكانیان دەگوت، ئێوە لەسەر چ ئایینێك نین، ئەوانیش حەزرەتی موحەممەدیان بەپێغەمبەر دانەدەناو دەشیانگوت عیسا كوڕی خوایەو مەریەمەش خوایە، واتە، باوەڕیان بەسێ لایەنە هەبوو،هەرچی پێغەمبەریش بوو (ﷺ) دەیفەرموو ئێمە هەموو بەندەی خواین‌و دەبێ یەك خوا بپەرستین، لەوەتی ئەو زەمینە پەیدا بووە لەسەر بناغەی یەك خوا دامەزراوەو خوا هاوتاو هاوبەشی نیە.

جوولەكەكان لەپێغەمبەریان پرسی، باوەڕت بەكام پێغەمبەر هەیە؟ ئەویش فەرمووی ئێمە باوەڕمان بەهەموو پێغەمبەران‌و هەموو كتێبەكانیان هەیە، جیاوازی ناكەین لەنێوانیان، هەموویان لەلایەن خواوە ناردراون. بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) هەر هەوڵی ئەوەی دەدا جوولەكەو مەسیحی واز بێنن‌و چیتر هاوبەش بۆ خوا پەیدا نەكەن. پوختەی ئەو گفتوگۆیانەش ئەوەبوو كەهەر لایەی بیروباوەڕی خۆی پەسند دەكرد. پێغەمبەریش (ﷺ) فەرموودەی خوای پێگوتن. هەروەكو لەقورئان فەرمانی پێدا دەفەرموێ: ﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَاء بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَّ نَعْبُدَ إِلاَّ اللّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضاً أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ اشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴾[1] واتە: ئەی موحەممەد پێیان بڵێ ئەی خاوەن كتێبینە، وەرن لەسەر یەك قسەی هاوبەش كۆببنەوە، ئەویش ئەوەیە كە لەو خوایە زیاتر هیچی تر نەپەرستین، بەهیچ جۆرێكیش هاوتاو هاوبەشی بۆ پەیدا نەكەین،

(١) ال عمران: ٦٤.

هیچ لایەکیشمان کەس نەکەینە خاوەن دەسەلات لەجیاتی خوا. ئەگەر بەقسەیان نەکردی پێیان بلێ ئەی خاوەن کتێبینە، ئێوە شاهید بن ئێمە موسوڵمانین.

پێغەمبەر (ﷺ) دەیەویست تێیان بگەیەنێ دەسەلات و سەرداریەتی دەبێ لەدەست خوا بێت، فەرمانڕەوایی لەسەر ئەو زەویە دەبێ بەگوێرەی یاساو فەرمانی خوا بەڕێوە بڕوات، نەك بەئارەزووی چەند پیاوێکی ئاینی کەبەگوێرەی یاساو فەرمانی خوا بەڕێوە بڕوات، نەك بەئارەزووی چەند پیاوێکی ئایینی کەبەگوێرەی زەمانەو بەرژەوەند یاسا دائەنێن و خۆیان کردۆتە جێگری خوا، هەموو کارێکی خواییان خستووتە ژێر فەرمانی خۆیان.

بێگومان هەر یاسایەك مرۆڤ بۆ بەرژەوەندی خۆی دایدەنێ دەبێ لابچێ، ئەولا چوونەش هەر بەقسەو ئامۆژگاری سەرناگرێ، چونکە داگیرکەران و دەسەلات زەوت کەران بەزەبر سەریان بەخەلك شۆڕ کردووە هەر بەقسەو ئامۆژگاری وازناێنن، ئەگەر هەر بەقسەو ئامۆژگاری بوایە فەرمانی پێغەمبەران گەلێك ئاسان دەبوو. فەرمان و دەسەلاتی خوا هەر قسەیەکی فەلسەفی نیە، بەلکو هاوارێکی ڕاستەقینەیە بۆ جولانەوەو کارکردن. یاسای خوا یاسایەك نیە تایبەت بەمیللەتێك و چینێك بێت، یا هەر بۆ ئازاد کردنی عەرەب بێت، خواش هەر خوای عەرەب و موسوڵمانان نیە. بەلکو خوای هەموو ئادەمیزادو گیان لەبەرو بێ گیانە. ئایینی ئیسلامیش دەیەوێ هەموو ئادەمیزاد بەیەك یاسا بەڕێوەبچن و ڕووبکەنە خوای پەروەردگار. هەر میللەتێك بەیاسای خوا بەڕێوە نەچێت، لەفەرمان و ئاینی خوا دەردەچێت.

﴿ ماوەدان بەموسوڵمانان دەست بکەنەوە ﴾

موسوڵمانان هەتاکو لەمەککە بوون، خوا ماوەی شەڕکردنی پێ نەدابوون، جیهادیان تەنیا ئەوەبوو کەلەبەر ئەزیەت و ئازاری قورەیشیان خۆڕاگرن و گوێ نەدەنە توانج و گاڵتەو بێ ڕێزی. خوا فەرمانی پێدان فەرمووی: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّوا أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ﴾[1] واتە: نەتزانیوە کەبەو کەسانە گوتراوە دەستیان لێ هەلگرن، نوێژو ڕۆژووی خۆتان بکەن و زەکات بدەن.

---

(١) النساء: ٧٧.

ئەو فەرمانەش مەبەستێکی گرنگی هەبوو چونکە عەرەبەکانی نیو دورگە بەگشتی زۆر زاڵم‌و بێ ئارام‌و تووڕەو تەنگاو بوون، هەر شتێکی کەدڵیان نەیگرتبایەو یا هەر هاوارێکیان لەسەر کرابایە چوارچاو دەبوون‌و خۆیان ڕاندەگرت‌و هەڵدەچوون. جا بۆیە خوا فەرمانی شەڕی پێ نەدان تاکو لەسەر ئازارو ئەشکەنجە خۆگربن. مەبەستیش ئەوە بوو ئارامیان هەبێت‌و مل کەچ بن بۆ فەرمان. شایانی باسیشە عەرەب هەندێ ڕەوشتی عەشایری وایان لەناو هەبوو وەك خۆ بەگەورە زانین‌و شەرم بەخۆیی‌و هەست کردن بە بەرزیەتی‌و خۆهەڵکێشان بەکردەوەو بەباوویاپیران‌و بەدەنگ هاتن لەسەر ستەم لێکراوان.

ئەو ڕەوشتانەو خۆڕاگرتنی موسوڵمانان لەسەر ئەو دەردو ئازارو ئەشکەنجەیە وای لکرد قوڕەیشیەکان هەستی بەزەیی‌و یارمەتیان بجوڵێ بەرامبەر موسوڵمانان، هەروەکو لەکاتی پشت تێکردنە کە دیتمان ئەو جۆرە بەزەییە بوو بەهۆی لابردن‌و هەڵگرتنی پەیمانەکە.

موسوڵمانیش ئەو کارە مەزنەیان پێ سپێردرابوو وای پێویست دەکرد تەنگاو نەبن، دڵ‌و مێشکیان ڕا بێت لەسەر ئارام گرتن بەرامبەر باری ئەو جولانەوە گەورەیە، تاکو توانا پەیدا دەکەن‌و هەڵیان دەست دەکەوێ. پیاوی وەك (عومەری کوڕی خەتاب) بەو گەرمیەوەو پیاوی وەك (هەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیب) بەو توندیەوە، لەهەموو موسوڵمانان خۆڕاگرتر بوون.

ئەگەرچی ناوە ناوی هەندی موسوڵمان تەنگاو دەبوون‌و هانایان دەبردە بەر پێغەمبەر، تاکو بۆیان لەخوا بپاڕێتەوە لەو ناخۆشیە ڕزگاریان بێت. لەلایەکی تریش موسوڵمانان لەمەککە هەریەکەیان کوڕی بنەماڵەیەك بوون، لەهەر بنەماڵە یەکێك موسوڵمان ببوو. جا ئەگەر فەرمانی شەڕیان پێ بدرابا، دەبوایە لەناو زۆرترینی ماڵەکانی مەککە شەڕ بەرپا ببێ، کوڕ لەگەڵ باوك‌و باوك لەگەڵ کوڕ، ئەوکاتەش خێزان پارچە پارچە دەبوو. بیروباوەڕی ئیسلامیش بۆیە هات کەهەموو کۆمەڵ بکاتەوە یەك نەك لێیکیان بکات. جگە لەوەش ژمارەی موسوڵمانان لەچاو بت پەرستان زۆر کەم بوو، ئەگەر شەڕ لەنێوانیان بقەومابایە موسوڵمانان دەرەقەتیان نەدەهات‌و هەموویان لەناو دەچوون.

بەڵام موسوڵمانان کەچوونە مەدینە، کارو هەڵوێست گۆڕا بارێکی تر، موسوڵمانان دەسەڵاتیان پەیدا کرد، کاتی ئەوە هات بەهێزو بەچەك بەرگری لەبیروباوەڕیان بکەن‌و ئایینەکەیان بپارێزن. بەوە چەرخی ئارام گرتن‌و بێ دەسەڵاتی وەرسوڕاو چەرخی دەسکردنەوە دەربڕینی هێزی ئیسلام هاتەکایەوە،

گرنگیش ئەوەیە ئارام گرتن سنووری هەیەو بەتەنیا ئارام گرتن بەتەنیا ئیسلام ناپارێزێ. ئەگەر هێزێکی وانەبێت بیانپارێزێ لەلایەنگیرانی خراپەو لەزۆرداران. حەق و ڕاستی تەنیا دەمێنێتەوە.

بەربەرەکانی هێزی خراپەو دەست درێژکەر بەدوعاو پاڕانەوەو نوێژو ڕۆژو قسەو دانیشتنی ناو مزگەوتان و میحراب و قسەی مالان و بن دیواران ناکرێ و قەلای زۆردارانیش بەو کردەوانە ناڕوخێ. چونکە ئەو هێزەی لەدەستی خراپەو پیاو خراپانە لەمال و سامان و دەسەلات و چەك و گەلێ شتی تری هەلخەلەتێنەر، قەت بەخۆڕاگرتن و گوێ نەدان نارمێ، مرۆڤیش هێزێکی هەیە کەماوەیەکی پێچوو کۆتایی دێت. پێویستە ئامادە بن و بەرگری لەخۆیان بکەن و کەرستەی شەڕو شارەزایی شەڕ پەیدا بکەن و بارودۆخیان ئامادە بێت ئەوجا ماوەیان دەدرێ دەست درێژی لەسەر خۆیان لابەرن. ئەمەش بەهێزی بازوو چەك و باوەڕو پشت بەستن بەخوا دەکرێ، نوێژو ڕۆژو قورئان خوێندن و پاڕانەوە باوەڕ پتەو دەکەن و هەستی دەروون بەتێن دەکەن. دەبێ موسولمان دەست بەهەردووکیانەوە بگرن.

بێگومان ئەگەر هێزێك هەبێت پارێزگاری لەموسولمانان بکات ئەوجا دەتوانن کاروباری خۆیان و ئەرکی ئاینی خۆیان بەبێ ترس جێبەجێ بکەن. هەروەها ئەگەر یەکێکیش ویستی موسولمان، ببێت ترسی ئەوەی نابێ کەسێك ڕێگەی لێ بگرێ یان ئازاری بدات. هەروەکو لەمەککە لەگەلیان دەکرا. ماوەدانەکەش هەر بۆ ئەوەبوو تاکو پارێزگاری لەخۆیان بکەن، نەك لەسەریان پێویست بکرێ، هێرش ببەنە سەریان، هەروەك خوا دەفەرموێ: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ﴾[1] واتە: (بەموسولمانان ماوەی شەڕدرا بەرامبەر ئەوەی لەمەککە ستەمیان لێ دەکردن، ئازاریان ئەدان و لێیان ئەدان و دەیانکوشتن، خوا توانای هەیە ئەوانە سەر بخات).

بەلام بێ باوەڕان وازیان نەهێنا لەدەست درێژی کردنە سەر موسولمانان، بەردەوام شەڕیان لەگەل دەکردن. لەبەر ئەوە خوا فەرمانی پێدان ئەوانیش پێویستە شەڕیان لەگەل بکەن. نابێ دەستدرێژی بکەن بەو گوێرەی لەقورئان دەفەرموێ: ﴿وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُواْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبِّ الْمُعْتَدِينَ﴾[2] واتە: شەڕبکەن لەڕێی خوا، لەگەل ئەوانەی شەڕتان لەگەل دەکەن، دەست درێژی

---

(١) الحج: ٣٩.

(٢) البقرة: ١٩٠.

مەکەن خوا دەست درێژکەری خۆش ناوێ، ماوەدانیش تەنیا بۆ ئەو جۆرە شەڕەیە کەلەڕێی خوا بێت و بۆ خوا بێت و هیچ مەبەستێکی تری نەبێت، نەك وەکو ئەو شەڕانەی کەتاکو ئێستا ئیستیعماریەکان هەڵی دەگیرسێنن بۆ بازاڕو کەرەستەی خاوو پارەو دەسەلات و سامان و ناوو ناوبانگ و دەست بەسەرداگرتنی چینێك بەسەر چینێکی تر، یا ڕەگەزێك بەسەر ڕەگەزێکی تر.

شەڕەکانی ئیسلام پێی دەڵێن (جیهاد)، تەنیا بۆ ڕێگەی خوا پێویست کران، هەر بۆ بەرزکردنەوەی ناوی خوابوو لەسەر زەوی. تاکو پەیڕەوو پرۆگرامی خواجێگیربێت و مرۆڤ بەژیانێکی پڕ کامەرانی بەڕێوە بچێت. ئەو فەرمانەش بەردەوامەو پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێك لەهەموو زەمانێك بەرامبەر دەست درێژکەران و داگیرکەرانی بێگانە ڕابوەستن و قەت مەسلەت و دۆستایەتی داگیرکەرو دەست درێژکەر نابێ بکرێ.

بۆیە هێزە ئاورووپیە داگیرکەرەکان دەزانن، ئەگەر موسوڵمانان بەردەوام پەیوەندی بەفەرمانی خوا بکەن و جیهاد بکەن و بیروباوەڕی ئیسلام بەزیندوویی لەناو دڵیان هەر بمێنێ، هیچ هێزێك ناتوانی بەرامبەر موسوڵمانان بوەستێ، بۆیە بەرۆژهەلات ناسەکان (مستشرقین)و بەکرێگیراوان پروپاگەندە بەرپا دەکەن کەئیسلام بەهۆی زەبری شمشێر سەری گرتووە، خەڵکی بەتۆبزی موسوڵمان بوون، ئایینی ئیسلام ئایینێکی ستەمکاریە. گەلێ کەسیش لەخوێندەوارەکان بەبیروباوەڕی ئەو رۆژهەلات ناسانە هەڵخەڵەتاون، دەڵێن چۆن دەبێ ئیسلام شەڕ بکات، بەو ناوە دەڵێن مەسیحیەکان دژی شەڕن و ئایینی مەسیحی بەبێ شەڕ هاتۆتە کایەوە.

بەلام مێژووی مەسیحیەکان شاهیدێکی زۆر باشە، لەیەکەم ڕۆژی پەیدابوونی ئایینی مەسیحی هەتاکوو ئیمڕۆش دەبینین هیچ کەنارو قوژبنی سەر ئەو زەویە نەماوە، بەناوی مەسیح خوێنی لێ نەڕژابێ، لەشەڕی چوار مێخەکان (الصلیبیون) هەر مەسیحیەکان بوون ئاگرەکەیان هەڵکردو لەشکر لەدوای لەشکریان هێنایە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و داگیریان کردو بەهەزاران موسوڵمانیان کوشت و بەسەدان ساڵ مانەوە. پاپایەکان کەخۆیان بەجێگری عیسا دادەنێن لەگەڵ کاردینال و پەتریارکەکان ڕەواجیان بۆ ئەو شەڕانە پەیدا کرد، هەموو ئاورووپایان هانداو هێنانیان بۆ ئەو هێرشە گەورەیە.

شەڕەکەشیان بەخەباتێکی پیرۆز دادەنا، ئایا ئەو پاپایانە درۆزنن یا نەزانن بەو داوایەی کەدەیکەن، کەدەڵێن مەسیحیەکان دژی شەڕن، یاخود دەڵێن ئەوکات کاتی تاریکی بوو مەسیحیەت گوناهی نیە.

بەڵام ئەو شەڕە هەتا ئیمڕۆش هەر بەردەوامەو نەپساوەتەوە تەنیا شێوەکەی گۆڕاوە. ئەدی شەڕەکانی جیهانی لەساڵی ١٩١٤و ساڵی ٩٣٩ مەبەملیۆنەها مەسیحی تێدا چوو، ئەوانەی وەك هیتلەرو چەرچل‌و قەیسەری روسی‌و موسولینی‌و روزفلت مەسیحی نەبوون؟ ئەو سەربازانەی لەو شەڕانە دەکوژران‌و ئەو ماڵ‌و منداڵەی کەبە بۆردومانی فڕۆکە شەڕکەرەکانیان دەکوژران مەسیحی نەبوون، رەنگە بڵێین ئەوانە پیاوی سیاسی بوون، بەڵام فەرماندەی لەشکری سوێند خۆرەکانی ئاوروپی (حلفاء) (لوردلنبی) کە لەساڵی ٩١٨ی ز قودسی داگیرکرد گوتی ئیمڕۆکە شەڕی چوار میخە (سەلیبی) تەواو بوو[1] ئەمە وا دەگەیەنێ کەئەو شەڕانەی پێشا کردویانە هەمووی شەڕێکی مەسیحیەت بووە، هەروەها ئەوەش دەگەیەنێ کەجارێکی تر موسوڵمانان ناتوانن سەر ڕاست بکەنەوەو لەوڵاتیان دەربکەن.

(وەهبە زوحەیلی) مەلایەکی ناودارە لەسوریا، لەگەڵ رۆژهەلات ناسی ئینگلیزی (ئەندرسن) لەرۆژی جومعەی ١٩٦٠/٦/٣ز سەر لەهێوارە یەکتریان دیوە، دەڵێ لەئەندرسنم پرسی بیروباوەڕت چیە لەسەر جیهاد؟ ئەویش ئامۆژگاری کردم گوتی جیهاد ئیمڕۆکە وەك پێشوو ئەرکی سەرشانی موسوڵمانان نیە. چونکە وەك دەزانی (فەرمان بەگوێرەی زەمان دەگۆڕێ)، جیهادیش بەبیری من لەگەڵ بارو هەڵوێستی ئێستای دەوڵەتان رێك ناکەوێ، چونکە موسوڵمانان پەیوەندییان بەدەوڵەتانی دونیاوە پەیدا کردووەو پەیمانیان لەگەڵ بەستوون، جیهادیش رێگەیەکە خەڵك موسوڵمان بکات، سەربەستی‌و ئازادی‌و زانایی خەڵك لێناگەڕێ، خەڵك بەتۆبزی بکرێنە ئیسلام[2]. ئەمە بیروباوەڕی هەزاران رۆژهەلات ناسی ئاوروپییە، کەبەو درۆیانە دەیانەوێ خەڵك لەئیسلام بگێڕنەوەو گیانی جیهادیان لەناو دەروونەدا نەهێڵن. شارستانیەتی ئاوروپا کەبەرگێکی مەسیحی لەبەر کردوە، فەرمانڕەوایی هەموو زەوی خستۆتە ژێر دەستی خۆی، ئەوان ئەو هەموو خوێنەی گەلانی جیهان دەڕێژن بەناوی کوژانەوەی شۆڕش لەووڵاتانی ژێر دەسەڵاتیان چ یەکسەر خۆیان چ بەهۆی نۆکەرەکانیان.

یاخود زۆرجاران ئەو سەرەك دەوڵەتانەی کەبەئارەزووی ئەوان ناجوڵێنەوە شۆڕشێك لەوڵاتەکەی بەهۆی نۆکەرەکانیان بەرپا دەکەن‌و سەرۆکەکە لەناو دەبەن‌و بەسەدان رۆڵەی ئەو وڵاتانە لەناو دەچن. وا

---

(١) حياة محمد حسنين هيكل ص٢٥٣.

(٢) فقة السيرة النبوية سعيد رمضان بوطي /١٢٨.

ئیمڕۆکەش واتە ساڵی ١٩٩٣ی زایینیە، بەچاوی خۆمان ئەو قەسابخانەیە دەبینین لەتەلەفزیۆنی ئینگلیزی پیشانی ئەدات، وا چەند ساڵێکە بەردەوام سرپەکانی مەسیحیو کرۆواتەکانی مەسیحی شەڕی موسوڵمانانی بۆسنە دەکەن. مەتڕانو قەشەکانی سرپەکان بەخۆیان دەچن شەڕ دەکەن ئەو موسوڵمانانە بەژنو منداڵ پیرەوە سەر دەبڕن. دانیشتوانی سەدان دێهاتیان لەناو بردو بەهەزاران ژنیشیان بردو فەسادیان کردن[1] و هەموو دەوڵەتە ئاورووپیەکان بەتایبەتی رووس یارمەتی سرپەکان ئەدەن تاکو (تاتشەری) سەرەك وەزیرانی پێشووی ئینگلیزی هەستی دەروونی بۆیان بزووت گوتی شەرمو حەیا چوونە بۆ ئێمە، لەلایەك دەیانکوژینو لەلایەك بەناوی مرۆڤایەتی نانو خواردەمەنیان بۆ دەنێرین[2].

(دکتۆر کەمال حەمەد بەگ شەقڵاوەیی) کە لەساڵی ١٩٩٣ لەسوریە نوێنەری یەکیەتی کوردستان بوو، بۆی گێڕامەوە گوتی چاوم بەسەفیری دەوڵەتی فەرەنسی کەوت، پێم گوت ئێوە بۆچی وا لەموسوڵمانانی بۆسنە دەکەن، خۆ ئەوانە میللەتێکن لەبنەچەکەوە نەژادەی ئاورووپینو وڵات وڵاتی خۆیانەو لەلا ڕانەهاتوونە ئەو وڵاتە، تەنیا جیاوازیەکەیان هەر ئەوەندەیە پێیان دەڵێن موسوڵمان، سەفیر گوتی ئێمە چۆن لێ دەگەڕێین، دەوڵەتێکی ئیسلام لەناو ئاورووپای مەسیحی هەبێت!

بەڵام مەسیحیەکانی وڵاتانی ئیسلام لەسایەی فەرمانی ئیسلام کەس ناتوانی دەست درێژیان بکاتە سەرو بەوپەڕی سەربەخۆییەوە دەژینو ڕادەبوێرن. ئەگەر ئیسلام بەزەبری چەك خەڵکی موسوڵمان کردبایە، ئێستاکە یەکێکی ناموسوڵمانت لەو لاتانی ئیسلام نەدەدی.

﴿ هەناردنی کۆمەڵی چەکداران (مەفرەزە) ﴾

مەبەست لەچەکداران لەموسوڵمانان کەپێغەمبەر (ﷺ) دەیناردن بۆ ڕێگاو بانەکان. دوو هۆی سەرەکیش هەبوو، یەکەمیان پێغەمبەر (ﷺ) ویستی ئاشکرای بکات کەبارودۆخ گۆڕاوە. موسوڵمانان

(١) جێگری سەرەك کۆماری بۆسنە (حاریس سبلادیتش) لەتەلەفزیۆنی ئینگلیزی ئەو قسەی کرد.

(٢) تاتشەر ژنێك بوو لەباری سیاسی زۆر خاوەن بەتوانا بوو، یازدە ساڵ سەرۆکی پارتی موحافیزینو سەرەك وەزیران بوو، تەلەفزیۆنی ئینگلیزی لەڕۆژی ١٩٩٣/٣/٥ پیشانیدا ئەو قسەی کرد.

توانایان پەیدا کردووە دەست بکەنەوە بەرامبەر دەست درێژی دوژمن. چونکە دوو ڕووەکانی مەدینەو جوولەکەکانو عارەبە کۆچەرەکانی بیابانی نزیکی مەدینە لەهەڵ دەگەڕان پەلاماریان بدەن.

دووەمیان قورەیشیەکانی مەککە دەستیان بەسەر ماڵو سامانی موسوڵمانانی کۆچ کردوو داگرتبوو، ڕێگەشیان لەموسوڵمانان دەگرتو نەیاندەهێشت لەمەککەوە کۆچ بکەن بۆ مەدینەو نەشیان دەهێشت، کەس موسوڵمان ببێتو هەردەمیش هانی بت پەرستانیان دەدا پەلاماری موسوڵمانان بدەن.

ئاشکرایە کەبێ باوەڕان بەزەبری هێز نەبوایە وازیان لەدژایەتی ئیسلام نەدەهێنا، پیاوی نەزانو بێهوش هەر بەترس واز لەخراپە دێنێ. خوا فەرمانی بەموسوڵمانان دا هەروەك لەقورئان دەفەرموێ: ﴿وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدْوَّ اللّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لاَ تَعْلَمُونَهُمُ اللّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لاَ تُظْلَمُونَ﴾[1] واتە: (چەندی لەتواناتاندا هەیە هێزی خۆتانیان لەماڵو چەكو وڵاغی سواریان (ئەوکات هەر وڵاغ هۆی گواستنەوەو شەڕکردن بوو) بۆ ئامادە بکەن، بەهۆی ئەو هێزە دوژمنانی خواو دوژمنانی خۆتان بترسێنن، کەبت پەرستو جوولەکەو دوو ڕووەکانو زۆری تریشن ئێوە نایانناسنو خوا ئەیانناسی).

ئەوانەش لەهەموو کاتو شوێنێك هەر بەردەوامن، وازیان نەهێناوە. بەتایبەتی دووڕووەکان هەموو کات لەهەموو دوژمنان ترسناکترن، چونکە بەنهێنی کار دەکەن. بەڵام لەبەر ترسنۆکی ناوێرن خۆیان ئاشکرا بکەن. جا ئەگەر ئەو جۆرە هێزە نەبوایە، بەماوەیەکی کەم موسوڵمانانیان لەناو دەبرد. بەتایبەتی عارەبە کۆچەرەکانی بیابان لەو کاتو لەهەموو کاتان زیاتر دوور بوون، لەهەموو سنوورێکی کەخوا بۆ ئادەمیزادی داناوە، چونکە ئەانە هەردەم لەسەر تاڵانو جەردەییو ڕاوو ڕووت دەژیان. خوویان پێوە گرتبوون لێیان ببوە ڕەوشت، دەشترسان پێغەمبەر (ﷺ) دەسەڵاتێکی وا پەیدا بکاتو ڕێگەی جەردەییان لێ بگرێ.

ئیتر پێغەمبەر (ﷺ) کەوتە هەناردنی کۆمەڵانی چەکداران بۆ ناوچەکانی بیابانو دەوروبەری مەککە بەسەرکردایەتی (هەمزەو حاریسی کوڕانی عەبدولموتەلیب). دوای ئەوانەش پێغەمبەر (ﷺ) چەند کۆمەڵێکی تری یەك ناردە دوای یەك بیابانی دەوروبەری مەدینە بەسەرکردایەتی (هەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیب)و (عوبەیدەی کوڕی حاریس)و (سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس). هەروەها پێغەمبەر

(١) الانفال: ٦٠.

(ﷺ) بەخۆشی چەند جاران بەکۆمەڵێك چەکدارەوە چووە دەرەوەی مەدینە، ئەو کۆمەڵانە چونکە دەست درێژکەر نەبوون، هیچیان تووشی شەڕ نەبوونو گەڕانەوە.

﴿ مەفرەزەکەی (عەبدوڵڵای کوڕی جەحش) ﴾

لەمانگی ڕەجەبی ساڵی دووەمی کۆچی، پێغەمبەر (ﷺ) (عەبدوڵڵای کوڕی جەحش)ی بەکۆمەڵێك چەکدارەوە ناردە دەرەوە، نامەیەکیشی پێداو پێی گوت، ئەو نامەیە تەماشا مەکە تاکو دوو ڕۆژ لەڕێگا دەڕۆی ئەوجا بیخوێنەوە. عەبدوڵڵا دوای دوو ڕۆژ ڕۆیشتن نامەکەی تەماشا کرد، دیتی پێغەمبەر (ﷺ) نووسیویەتی، تاکو (نەخلە) (لەنێوان تایفو مەککەیە) بڕۆ تۆیزیش لەکەس مەکەو هەرچی بەئارەزووی خۆی لەگەڵت هات با بێت، کەگەیشتیە نەخلە لەوێ هەست لەقورەیش ڕابگرەو دەنگو باسیانم بۆ بێنەوە، عەبدوڵڵاش کەنامەکەی تەواو خوێندەوە گوتی بەسەر سەرو سەرچاو، ئەوجا ڕووی لەهاوڕێکانی کردو پێی گوتن پێغەمبەر ئەوها دەفەرموێ جا ئەوەی پێی خۆشە بابێت ئەوەی پێی خۆش نیە با بگەڕێتەوە. بەڵام کەس نەگەڕایەوە تەنیا (سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسو عەتەبەی کوڕی غەزوان) نەبێت، حوشترەکەی سەعد هەڵاتبوو بەدوایدا دەگەڕان عەبدوڵڵا لەگەڵ هاوڕێکانی ڕۆیشت تاکو گەیشتە (نەخلە)و لەوێ کاروانێکی قورەیشیان تێپەڕی. عەبدوڵڵا فەرمانی دایە هاوڕێکانیو هێرشیان بردنە سەرو یەکێکی لێ کوشتن کەناوی (عەمری کوڕی حەزرەمی) بوو، دوو کەسیشی لێ بەدیل گرتنو ئەوانی تریش هەڵاتن. ولاغو کەلوپەلێکی زۆریشی لێ گرتنو ئەوجا گەڕانەوە بۆ مەدینە.

کەپێغەمبەر (ﷺ) چاوی پێیان کەوت پێی ناخۆش بوو، بێ ئەوەی دەست لەدیلو دەستکەوتەکان بدات. فەرمووی من فەرمانی شەڕم پێ نەدابوون. موسوڵمانان بەو قسەیە زۆر دڵ تەنگ بوون، گوتیان لێمان قەوماو تووشی گوناه بووین.

بت پەرستەکانی قورەیش ئەو شەڕەیان بەهەلزانی کە لەمانگی ڕەجەبی ڕێزدار کراوە. کەوتنە توانج گرتن لەموسوڵمانان، بۆ ئەوەی دوو دڵی بخەنە ناو جەنگاوەرانی ئیسلام چونکە لەمانگی ڕێزدار شەڕیان کردووە. ئەمەش ڕەوشتی پیاوی بێ باوەڕە، هەرچەندە خۆی ڕێزی هیچ یاساو ڕەوشتێك ناگرێو باوەڕی پێی نیە، تەنیا ئەگەر زانی سوودو بەرژەوەندی خۆی تێدایەو دەیکاتە بیانوو. خوا لەقورئان

دەفەرموێ: ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ وَكُفْرٌ بِهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِ مِنْهُ أَكْبَرُ عِندَ اللَّهِ وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ﴾[1] واتە: موسوڵمانان پرسیاری مانگەکانی ڕێزدارت لێ دەکەن ، ئایا شەڕ لەو مانگانە دروستە؟ پێیان بڵێ شەڕ لەو مانگانە گوناهێکی گەورەیە. بەڵام گوناهی لەو گەورەتر ئەوەیە کەرێگە لەموسوڵمانان بگرن‌و نەهێڵن بێنە سەر ئاینی خوا، یان ڕێگەی کەعبەیان لێ بگرن یان لەمەککە دەریان بکەن. ئەوانە گوناهیان گەلێ گەورەترە لەو کوشتارەی کەکردوتانە. ئەگەر ئەو بێ باوەڕانە ئەو شەڕەی عەبدوڵڵاو هاوڕێکانی بەکارێکی گەورە دادەنێن با باش بزانن کردەوەکانی ئەوان بەرامبەر پێغەمبەرو موسوڵمانان گەلێك گەورەترە.

خوا باشی ڕوون کردوتەوە کەبت پەرستان بەهیچ شتێك لەخراپە ناگەڕێنەوە، نە مانگی ڕێزدارو نەشوێنی ڕێزدارو نەیاسای خوا، ئەوان هەردەم دژی موسوڵمانان دەوەستن‌و شەڕیان لەگەڵ دەکەن، دەیانەوی لەسەر ئەو ئاینە لایان دەن، وەك خوا لەقورئان دەفەرموێ: ﴿ولايزالون يقاتلونكم حَتَّى يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُواْ﴾[2] واتە: ئەو کافرانە بەردەوام شەڕتان لەگەڵ دەکەن تاکو دەتانگێڕنەوە بۆ سەر بت پەرستی‌و بێ باوەڕی ئەگەر بتوانن.

﴿ شەڕی بەدری پیرۆز ﴾

شەڕی بەدر نموونەیەکە بۆ دەرخستنی هێزی ڕاستی، کەهەردەم بەسەر هێزی چەوت‌و ستەمکاردا سەردەکەوێ. ئەو شەڕە جیاکەرەوەیەکی وابوو چارەنووسی ئیسلام‌و موسوڵمانانی دیاری کرد. هەر شەڕی بەدربوو بووە هۆی پەیدا کردنی ورەو ئازایەتی‌و دڵنیایی‌و پشت بەستنی موسوڵمانان بەخوا. شەڕی بەدر دەریخست خاوەن باوەڕان لەگۆڕەپانی جەنگدا باکەمیش بن، تواناییان هەیە بەسەر هێزێکی لەخۆیان زۆرترو بەتێنتردا سەربکەون!.

هۆی ئەو شەڕەش ئەوەبوو، بت پەرستە قورەیشیەکان بەجارێك کەوتنە بەربەرەکانی موسوڵمانەکان

---

(١) البقرة: ٢١٧.
(٢) البقرة: ٢١٧.

هۆزەکانی بیابانیشیان هاندا کەدژ بەپێغەمبەر بوەستن.

ئیتر وایان لێهات بوونە سەرداری هەموو کردەوەیەکی خراپ بەرامبەر موسوڵمانان. هیچ ڕێگەیەکیشیان نەهێشتەوە بۆ ئاسایشو دڵنیایی.

لەپایزیساڵی دووەمی کۆچی دەنگو باسێك لەمەدینە پەیدا بوو، کاروانێکی قورەیشیان بەسەرکردایەتی ئەبو سوفیان لەمەککەوە بەرەو شام دەرچووە، هەواڵ وای گەیاند کە ئەو کاروانە کاروانێکی زۆر گەورەیەو ماڵێکی زۆری هەڵگرتووەو پێك هاتووە لەهەزار حوشتربارو چل کەسیشی لەگەڵدایە بۆ پارێزگاری.

پێغەمبەر (ﷺ) بیری کردەوە، ئەگەر دەست بەسەر ئەو کاروانەدا بگرێ، ئەوا لێدانێکی کاریگەرە بۆ قورەیشیەکانو تۆڵەی ئەو هەموو ماڵەش دەکاتەوە کەقورەیشیەکان لەمەککە لەموسوڵمانەکانیان گێڕاوەتەوە. پێغەمبەر (ﷺ) بەیارانی گوت (ئەوە کاروانی قورەیش لەڕێگایە ماڵو سامانێکی زۆری هەڵگرتوە، بۆی دەربچن بەڵکە خوا دەیکاتە دەسکەوتێك بۆ ئێوە. یارانیش بەخێرایی لەگەڵ پێغەمبەر بۆی دەرچوون، تاکو شوێنێك پێی دەڵێن (عوشەیرە) بەڵام پێی ڕانەگەیشتن، چونکە کاروانەکە دوو ڕۆژ پێشتر تێپەڕی بوو، لەبەر ئەوە پێغەمبەرو یاران ناچاربوون گەڕانەوەو کەوتنە چاوەڕێ کردن تاکو لەشام دەگەڕێتەوە، دووبارە موسوڵمانان کەزانیان ئەبو سوفیان لەشام بەرەو مەککە بەرێ کەوتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) خۆی ئامادە کرد لەگەڵ یاران (ئەسحابەکان) کەبۆیان دەربچێ بێ ئەوەی تۆزێ لەکەس بکات لەگەڵی بچن، بەڵکو خستیە ژێر ئارەزووی خۆیان، یارانیش هەموو وایان مەزەندە کرد کەئەوجارەش هەروەك جارەکانی پێشوو دەردەچنو دەگەڕێنەوە. نەیاندەزانی تووشی ڕۆژێك دەبن لەهەموو ڕۆژانی ئیسلامەتی گرنگترو ترسناکترە، ئەگەر بیانزانیبایە کەسیان دوانەدەکەوتن!.

کاتێك کەهەموو ئامادەبوون. پێغەمبەر (ﷺ) (تەڵحەی کوڕی عوبەیدیلا)و (سەعدی کوڕی زەید)ی لەپێشا ناردە سەر ڕێگای کاروانەکە، تاکو پێ بکەون کەی کاروانەکە دەگات، ئەوانیش چوونە شوێنێك پێی دەڵێن (حەوراء)و میوانی پیاوێك بوون کەناوی (کەشدی جوهەنی) بوو لەوێ مانەوە تاکو کاروانەکە تێپەڕی، ئەوجا بەخێرایی گەڕانەوە تاکو بەپێغەمبەر بڵێن، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) چاوەڕوانی ئەوانی نەکرد مەبادا هەل لەدەست بچێت.

لەڕۆژی هەشتی ڕەمەزانی ساڵی دووەمی کۆچی لەگەڵ یاران لەمەدینە دەرچوو، پاش ئەوەی

فەرمانی بە(عەمری کوڕی دایکی مەکتوم)دا پێش نوێژی بۆ موسوڵمانان بکات. ژمارەی ئەو موسوڵمانانەی لەگەڵی چوون سێسەدو سێزدەکەس بوو، هەشتاو سێ کەسیان لەکۆچ کردوان بوون، شەستو یەك کەسیشیان ئەوسی بوون، ئەوی تریش خەزرەجی بوون، حەفتا حوشترو دوو ماینیان لەگەڵ بوو، لەرێگا نۆبەیان لەسواری دەکرد. پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ (عەلی کوڕی ئەبی تالیب)و (مەرسەدی کوڕی مەرسەدی غەنەوی) حوشترێکیان بەرکەوتبوو. بەپێغەمبەریان گوت تۆ دامەبەزە ئێمە هەر بەپێیان دەڕۆین، ئەویش فەرمووی ئێوە لەمن بەتێنتر نین[1].

(ئەبوبەکر)و (عومەری کوڕی خەتاب)و (عەبدولرەحمانی کوڕی عەوف) حوشترێکیان بەرکەوتبوو. گشتیان لەرێگا هەستیان ڕادەگرت بزانن کاروانەکە گەیشتۆتە کوێندەر. ئەبو سوفیانیش هەستی بەمەترسی کردبوو، لەهەر شوێنێك بگەیشتبایە هەر کەسێ پرسیاری لێ دەکرد تاکو بزانی ئایا موسوڵمانان نەهاتوونە سەر ڕێگای، دوایی زانی موسوڵمانان هاتوونەتە سەر ڕێگای، هەر بەخێرایی پیاوێکی بەکرێ گرت ناوی (زەمەمی کوڕی عەمری غەفاری) بوو بەپەلە ناردیە مەککە، تاکو قورەیش بەهاواریەوە بێنو کاروانەکە ڕزگار بکەن.

زەمەم بەخێرایی ڕۆیشت، کەگەیشتە دۆڵەکەی سەرەوەی مەککە، هەردوو گوێی حوشترەکەی بڕیو لووتی شەق کردو کراسەکەی خۆشی لەپێشو لەپاش هەر زڕاند پاشو پێش سواری حوشترەکەی بوو، بەدەنگێکی بڵند هاواری کرد گوتی ئەی گەلی قورەیش ماڵەکەتان ، موحەممەدو یارانی تووشی کاروانی ئەبو سوفیان بوون، خێرا بگەنە هاواری ناشزانم فریای دەکەون یان نا.

دانیشتوانی مەککە گوێیان لەو هاوارە بوو، پێش هەموویان ئەبو جەهل (عەمری کوڕی هوشام) کەپیاوێکی چاوتیژو زوبان لووس و دەنگ گەورە بوو، هاواری کرد تا خەڵکەکە خۆیان ئامادە بکەنو بەهاواری کاروانەکەوە بچن.

دانیشتوانی مەککە زۆربەیان لەبازرگانی ئەو کاروانە بەشداربوون. لەبەرئەوە پێویستی بەهاواری ئەبو جەهل نەبوو. ئەوەی شایانی باسە زۆربەشیان دوو دڵ بوون، چونکە کردەوەکانی خۆیان دەهاتەوە بەرچاو لەگەڵ موسوڵمانانیان کردبوو، گەلێکیشیان دەیانگوت ئەگەر ئێمە بەهاواری کاروانەکەوە بچین،

---

(١) فقة السيرة ٢١٤ ئەویش لەئیمامی ئەحمەد ژمارە ٣٩٠١ی دەگێڕێتەوە.

دەبێ بەناو هۆزی (کینانە) تێپەڕین، لەوەی بەرەی بەکر کەلەتیرەی کینانەنە دەستمان لێ دەوشێنن.

لەو کاتی (سوراقەی کوڕی مالیکی کوڕی جوعشومی مودلەجی) کەلەسەردارانی بەرەی کینانەبوو، پێی گوتن من نایەڵم لەدواوە بەرەی بەکر دەستان لێ بوەشێنن، بەو قسەیە دڵنیایی پەیدا بوو لەنێوان قورەیشیان.

ئیتر هەموو کەوتنە خۆ ئامادەکردنو لەشکرێکیان ڕێك خستو کەس دوانەکەوت تەنیا ئەبولەهەب نەبێت، ئەویش (عاسی کوڕی هوشامی کوڕی موغیرەی) لەشوێنی خۆی هەنارد چونکە قەرزاری بوو. ئومەییەی کوڕی خەلەفەیش کەلەسەردارانی قورەیش دەژمێردرا، پیاوێکی پیرو قەڵەو بوو ویستی دوا بکەوێ لەو ترسەی کاتی خۆی پێغەمبەر (ﷺ) پێی گوتبوو بەدەستی موسوڵمانان دەکوژرێ، ئەویش باوەڕی بەو قسەیە کردبوو لەوساوە ترسی هەر هەبوو، بڕیاری دابوو لەمەککە نەچێتە دەر لەو دەمەشدا لەدەورەی کەعبە دانیشتبوو، (ئەبو جەهل)و (عوقبەی کوڕی باوکی موعەیت) هاتنە لایو مەقارە ئاگرێکیان بۆ هێنا، پڕی سەریان بخوور کردبوو، لەگەڵ کلدانێك لەبەردەمیان داناو گوتیان بۆ خۆت لەبەر ئەو ئاگرە دانیشە خۆت گەرم بکەوەو کل لەچاوت بکە تۆ پیاو نیت، ئەگەر تۆ دوا بکەوی خەڵك دەگەڕێتەوە. ئەویش پێی گوتن خوا ریسواتان بکات. چارەی نەما لەشەرمان هەڵستا چوو باشترین حوشتری کڕیو چووە ماڵەوە، بەژنەکەی گوت کەلوپەلم بۆ ڕێك بخە، ژنەکەشی پێی گوت ئەوەت لەبیر کرد کاتی خۆی موحەممەد پێی گوتی؟ ئەویش گوتی نا لەبیرم نەکردوە، دوورو نزیك لەگەڵیان دەڕۆم، لێیان نزیك نابمەوە.

لەشکر بەخۆکەوت، کەس نەما لەسەردارانی قورەیش ئامادە نەبێتو یا یەکێك لەجیاتیخۆی نەنێرێ، هەموشیان ئەوەندە ڕا لەخۆو لەخۆبایی بوونو ئەوەندە بەتاوو گەرم بوون، وایان دەزانی کەس نیە لەسەر ئەو زەویە بەرامبەریان بوەستێ، بۆیە خوا لەقورئان باسیان دەکات دەفەرموێ: ﴿وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّذِينَ خَرَجُواْ مِن دِيَارِهِم بَطَرًا وَرِئَاء النَّاسِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللّهِ وَاللّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ * وَإِذْ زَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ وَقَالَ لاَ غَالِبَ لَكُمُ الْيَوْمَ مِنَ النَّاسِ وَإِنِّي جَارٌ لَّكُمْ﴾[1] واتە: وەك بێباوەڕانی قورەیش مەبن، کەبەلووت بەرزیو لەخۆبایی، بۆ شەڕی بەدەرچوون، جگە لەوەی کەبۆ

(١) الانفال: ٤٧ -٤٨.

پاراستنی ماڵەکەیان چوون هێندەش بۆ ناوو ناوبانگ ڕۆیشتن تاکو موسوڵمانان سەرشۆڕ بکەنو عەرەبەکانی بیابان ناویان بەئازابینن‌و لێیان بترسن. ئەوانە ڕێگەیان لەخەڵکی دەگرت موسوڵمان نەبن، خواش ئاگادارە بەو کردەوانەیان‌و سزایان ئەدات، ئەوانە کەڕێگەی‌خراپەو بێ باوەڕی‌و شەڕیان گرتووە. شەیتان ئەو ڕێگەیەی بۆ جوان کردوونەو پێیان دەڵێ موحەممەدو یارانی ئیمڕۆکە توانای ئێوەیان نیە. ئێوە بەسەریان زاڵ دەبن، من پشتیوانیتان لێ دەکەم‌و لەپەنای خۆمتان دەگرم. کەپێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ یاران گەیشتنە شوێنێك پێی دەڵێن (زەفران) لەوێ خستیان، هەر لەوێ هەواڵیان پێگەیشت قورەیش لەمەککە بەلەشکرێکی گەورە دەرچوە بۆ پارێزگاری کاروانەکە.

بەدەرچوونی ئەو لەشکرەی قورەیش کار گۆڕا بارێکی تر. خوا ویستی تالآنێك‌و سەرکەوتنێکی گەورەترو کردەوەیەکی پیرۆزو ترو گرینگیتریان پێ بدات، لەوەی کەموسوڵمانان چاوەنواڕیان دەکرد. موسوڵمانان بەتەمای کاروانێکی بازرگانی هاتن‌و کەچی وای لێهات دەبێ بەرەنگاری شەڕێکی پیرۆزبن. چونکە ئەگەر هاتوو کاروانەکەیان دەست بەسەرداگرت، ئەو لەشکرە لێیان ناگەڕێ تاکو ماڵەکەیان لێ نەستێنێتەوە، خۆ ئەگەر وازیش بێنن‌و بگەڕێنەوە مەدینە، لەبەر لۆمەی دوو ڕووان‌و جولەکان‌و قورەیشیان ژیانیان گران دەبێ.

پێغەمبەر (ﷺ) هەروەکو ڕەوشتی وابوو.هیچ کارێکی بەبێ ڕاو تەگبیری یاران نەدەکرد، مەگەر شتێکی خوا فەرمانی لەسەر ئەدا ئەو کاتە بێ پرس دەیکرد. لەبەرئەوە ڕووی لەیاران کرد بزانێ چ دەڵێن. یەکەم جار ئەبوبەکری سدیق قسەی باشی کرد، دوایی عومەری کوڕی خەتاب قسەی کرد. ئەوجا (میقدادی کوڕی عەمر) گوتی ئەی پێغەمبەری خوا، بەرەو پێشەوە بڕۆ بەگوێرەی فەرمانی خوا ئێمە لەگەڵتین ئێمە ئەوەت پێ ناڵێین کەجولەکە بەموسایان گوت بڕۆ خۆت‌و خوای خۆت شەڕ بکەن، ئێمە وا لێرە دانیشتووین، ئێمە دەڵێین بڕۆ خۆت‌و خوای خۆت شەڕ بکەن، ئێمەش لەگەڵ ئێوە شەڕ دەکەین، سوێند بەو خوایە ئەگەر بمانبەی بۆ (بورکی غەمام) لەیەمەن لەگەڵت دێین. یاران بێ دەنگ بوون یاریدەدەران (الانصار) هیچیان قسەیان نەکرد پێغەمبەریش (ﷺ) مەبەستی خۆی هەبوو، دەیویست بزانی یاریدەدەران چۆن بیر دەکەنەوە، تاکو بزانێ ئایا هەر بەپێی ئەو پەیمانە دەجوولێنەوە لەعەقەبە لەگەڵیان بەستبوو، واتە تەنیا پارێزگاری لەپێغەمبەرو یارانی لەماڵی خۆیان لێ بکەن، هەروەکو لەژن‌و منداڵیان دەکەن، لەدەرەوە شەڕی بۆ ناکەن؟ یاخود ئەوانە پەیمانیان لەگەڵ خوا داوە

کەپارێزگاری لەناپینی خوا بکەن. بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) هەر تەماشای کردن‌و فەرمووی خەڵکینە قسە بکەن، لەو قسەیە (سەعدی کوڕی مەعاز) تێگەیشت کە لەگەڵ ئەوانیەتی‌و گوتی ئەی پێغەمبەری خوا دەڵێی مەبەستت لەگەڵ ئێمەیە؟ فەرمووی بەڵێ:

سەعد گوتی ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە بەتەواوی‌و بەڕاستی باوەڕمان بەتۆ هێناوە، باوەڕمان هەیە ئەوەی کە تۆ هێناوتە تەواوەو ڕاستە، ئێمە پەیمانمان پێداوی گوێگرو مل کەچین. ئێستاش بۆ هەر کوێ دەچی ئێمە لەگەڵتاین کەسمان دواناکەوین، پێشمان ناخۆش نیە بەیانی بەرەنگاری دوژمن ببین، ئێمە لەشەڕ خۆگرین، بەڕاستی بەرەو ڕووی دوژمن دەبین‌و هەڵنایەین، هومێدەوارین خوا چاوت ڕوون بکاتەوە، بەپیرۆزی‌و بەرەکەتی خوا لەگەڵ خۆمان ببە[1]. سەعد خەریك بوو لەقسەکانی ببێتەوە، ڕووی پێغەمبەر (ﷺ) لەخۆشیان گەش بۆوەو ڕووی کردە یاران (ئەسحابەکان) فەرمووی بڕۆن موژدەتان لێ بێت، خوا موژدەی یەك لەو دوانەی پێداوم، یان سەرکەوتن، یان دەسکەوتی کاروان.

ئەوجا ئاڵایەکی دایە دەست (مەسعەبی کوڕی عومەیر)، ئاڵایەکی ڕەشیشی دایە دەست عەلی کوڕی ئەبی تالیب‌و یەکێکی تریشی دایە سەعدی کوڕی مەعازو ڕۆیشتن تاکو لە(بەدر) نزیك بوونەوە. لەوێ پێغەمبەر (ﷺ) بەسواری حوشترەکەی لەگەڵ یەکێك لەیاران ڕۆیشت تاکو گەیشتە عارەبێك، لێی پرسی گوتی موحەممەدو یارانی‌و قورەیش لەکوێن؟ کابرای عارەب گوتی پێتان ناڵێم هەتا کو پێم نەڵێن ئێوە لەچین؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەگەر پێمان بڵێی پێت دەڵێین عارەب گوتی یەك بەیەك. ئەوجا گوتی ئەوەی من دەیزانم موحەممەدو یارانی لێرە نزیکن‌و قورەیشیش لێرەوە نزیکە. دوای ئەوە کابرا لەپێغەمبەری پرسی ئێوە لەچین؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئێمە لەئاوین. کابرا گوتی لەچ ئاوێك لەئاوی عیراق؟!

پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوە لای یاران، عەلی کوڕی ئەبی تالیب زوبەیری کوڕی عەوام‌و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسی ناردە سەر ئاوی بەدر، تاکو باسی قورەیشیی بۆ بێنن، ئەوانیش کەچوون دوو کەسیان لەسەر ئاوەکە گرت ئاوکێشی لەشکری قورەیشیەکان بوون، هێنانیانەوە لای پێغەمبەر. لەوکاتە پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی دەکرد، یاران لێیان پرسین ئەبو سوفیان‌و کاروانەکەی لەکوێندەرن؟

(١) بوخاری: ٧/ ٢٣٠.

گوتیان نازانین. هەندێکیان لێدانو ئەوجا لێیان پرسینەوە لەشکری قورەیش لەکوێیە؟ گوتیان وا لەپشت ئەو گردەنە. وتیان ژمارەیان چەندە؟ گوتیان نازانین، دووبارە لێیان دان ئەوجارە لێیان پرسینەوە ئەبو سوفیان لەکوێندەرە؟ گوتیان هێشتا لەئێوە تێپەڕ نەبووە وازیان لێ هێنان. پێغەمبەر (ﷺ) لەنوێژەکەی بۆوە ، فەرمووی ئەگەر راستتان پێ دەڵێن لێیان ئەدەن ، درۆشتان لەگەڵ دەکەن وازیان لێ دەهێنن!. بەخۆی لێی پرسین لەشکری قورەیش لەکوێندەرە؟ گوتیان لەدیوی ئەو گردەیە، فەرمووی ژمارەیان چەندە؟ گوتیان زۆرن، فەرموو ڕۆژی چەند سەر حەیوان سەردەبڕن؟ گوتیان هەندە ڕۆژان دە سەر، هەندە ڕۆژانیش نۆ سەر دەبڕن. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ژمارەیان لەنێوان نۆسەد تا نۆسەدو پەنجا کەسە.

دوایی پێغەمبەر (ﷺ) لێی پرسین ئایا لەسەردارانی قورەیش کێو کێیان لەگەڵن؟ گوتیان (عوتبە)و (شەیبە) کوڕانی رەبیعەو (ئەبولبوختری)و (حەکیمی کوڕی حیزام)و (نۆفەلی کوڕی خووەیلید)و (حاریسی کوڕی عەمری کوڕی نوفەل)و (زەعینەی کوڕی نوفەل)و (نەسری کوڕی حاریس)و (زەمعەی کوڕی ئەسوەد)و (عەمری کوڕی هوشام) واتە (ئەبو جەهل)و (ئومەییەی کوڕی خەلەف)و گەلێکی تریشیان بۆ ژمارد.

پێغەمبەر(ﷺ) رووی کردە یاران فەرمووی ئەوا مەککە هەموو جگەرگۆشەکانی ناردوە. یارانیش بۆیان دەرکەوت وا کەوتنە بەرامبەر هێزی دوژمنێکی درووندەو ژمارەشیان سێ ئەوەندەی ژمارەی موسوڵمانانە. بۆیە پێویستە بەرامبەر شەڕێکی قورسو گەرم خۆڕاگربن، سەرکەوتنیش بۆ ئەو کەسانەیە باوەڕیان بەخواو ئایینەکەیانە.

پێغەمبەر (ﷺ) (بسبسی کوڕی عەمر)و (عەدی کوڕی زەغبای) نارد، هەست لەلەشکری قورەیشیان ڕابگرن، ئەو دووانە چوونە سەرگردێك، دوایی چوونە سەر ئاوی بەدر تاکو کوندەپڕ بکەن، لەسەر ئاوەکە گوێیان لەدوو ژن بوو یەکیان بەیەکیانی دەگوت، بەیانی لەشکری قورەیش دێنە ئێرە، منیش کاریان بۆ دەکەمو قەرزەکەت دەدەمەوە. بسبسو عەدی هەردووکیان گەڕانەوە لای پێغەمبەر قسەکەیان بۆ گێڕایەوە.

ئەبو سوفیانیش هاتە سەر ئاوی بەدر تووشی پیاوێك بوو ناوی (مەجدی کوڕی عەمر) بوو لێی پرسی ئایا کەست نەدیوە؟ گوتی کەسم نەدیوە تەنیا دوێنێ دوو سوار هاتنە سەر ئەو گردەی نزیك

ناوەکە، لەوێ دابەزین‌و دوایی ڕۆیشتن. ئەبو سوفیان چووە شوێنەکەیانن هەندێ قشپلی حوشتری دیت. کەقشپلەکانی ورد کرد، دیتی ناوکە خورمای مەدینەی تێدایە، گوتی ئەو حوشترانە ئالیکی مەدینەیان خواردوە. هەر بەخێرایی گەڕایەوە لای کاروانەکەو بەگورجی بەڕێگای نزیك دەریای سووریدا بردو، لەپێغەمبەرو موسوڵمانانی دوورخستەوە، وەلامیشی بۆ قورەیشیەکان نارد ئەوا کاروان لەموسوڵمانان دەرباز بوو پێویست بەشەڕ ناکات بابگەڕێنەوە.

بۆ بەیانی موسوڵمانان بەتەما بوون تووشی کاروانەکە بن، بەلام کاتێك وەلامیان پێگەیشت کاروان دەرباز بووەو قورەیشیش بەسەرکردایەتی ئەبو جەهل بۆیان دێت، هەندێ لەموسوڵمانان گوتیان ئێمە بۆ کاروان هاتووین، بابگەڕێینەوە پێویست بەشەڕ ناکات. پێغەمبەر (ﷺ) ئەو قسەی زۆر لا ناخۆش بوو. (سەعدی کوڕی عوبادە) گوتی ئەی پێغەمبەری خوا بۆ هەر کوێ دەڕۆی ئێمە لەگەڵتین، (سەعدی کوڕی مەعاز)یش گوتی سوێندم بەوەی ڕۆحی ئێمەی بەدەستە، ئەگەر بۆ دەریاشمان ببەی ئێمە دەچینە ناوی.

پێغەمبەر (ﷺ) بەو قسەیە زۆر دڵ خۆش بوو، خواش فەرمووی: ﴿وَإِذْ يَعِدُكُمُ اللَّهُ إِحْدَى الطَّائِفَتَيْنِ أَنَّهَا لَكُمْ وَتَوَدُّونَ أَنَّ غَيْرَ ذَاتِ الشَّوْكَةِ تَكُونُ لَكُمْ وَيُرِيدُ اللَّهُ أَن يُحِقَّ الْحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ وَيَقْطَعَ دَابِرَ الْكَافِرِينَ﴾[1] واتە: ئەی موسوڵمانان‌و پێغەمبەر، خوا بەڵێنی پێتان داوە، کەیەك لەو دووانەتان بخاتە ژێر دەست، یان کاروان یان لەشکر، بەلام ئێوە پێتان خۆشە ئەوەی شەڕی تێدا نیە ئەوەتان دەست بکەوێ، واتە (کاروانەکە)، خواش دەیەوی ڕاستەقینە بەسەر خراپەدا زاڵ بکات‌و ئەو دوژمنانە لەکۆڵ بکاتەوە، ڕەگ‌و ڕیشەی بێ باوەڕان لەبنەوە دەربێنێ.

لەولاشەوە قورەیشیەکان هەندێکیان بیریان کردەوە گوتیان، ئەوا کاروانەکە ڕزگار بوو ئێمەش بۆ ڕزگارکردنی کاروان هاتووین، پێویست ناکات شەڕ بکەین بابگەڕێینەوە، بەلام ئەبو جەهلی لەخۆبایی‌و لووت بڵندو سەرخۆش بەهێزو ماڵ، قیڕاندی‌و گوتی چۆن دەگەڕێینەوە، وەالله ناگەڕێینەوە تاکو نەچینە سەر ئاوی بەدرو سێ شەوو سێ ڕۆژان لێی ڕانەبوێرین‌و بەرخ سەرنەبڕین‌و بادەنەنۆشین‌و کیژان سەما نەکەن‌و هەموو عەرەبیش ئاهەنگ‌و کردەوەمان نەبینێ. با ئەوە ببێتە ناوێك بۆ ئێمەو خەڵکی لێمان

(١) الانفال: ٧.

بترسێن. ئەبو جەهل وا تێدەگەیشت ئەگەر بەبێ شەڕ بگەڕێنەوە خەڵك بەترسنۆکیان دادەنێن، ئەوانی تریش هەموو چوونە سەر قسەی ئەبو جەهل، چونکە دەترسان بەترسنۆکیان دابنێن، تەنیا بەرەی (زەهرە) نەبێت، (ئەخنەسی کوڕی شورەیق) کەپیاوێکی زۆر بەڕێز بوو لەلایان، پێی گوتن بگەڕێنەوە پێویست بەشەڕ ناکاو کاروان وا ڕزگار بوو، ئەگەر ئەبو جەهل بەترسنۆکیشتان دابنێ با ئەو ترسەنۆکیە بۆ من بێت. بەرەی زەهر بەو قسەیە گەڕانەوە، هەروەها (تاڵیبی کوڕی ئەبو تاڵیبیش) لەگەڵ هەندێ پیاوانی قوڕەیش توشی دەمەتەقێ هات، پێیان گوت ئێمە دەزانین ئێوە بەرەی هاشیم، دڵتان هەر لەگەڵ موحەممەدە، با لەگەڵ ئێمەش هاتبێ بۆ شەڕ، لەبەرئەوە ئەویش لەگەڵ هەندێك گەڕایەوە.

﴿ ئامادەبوون بۆ شەڕ ﴾

موسوڵمانان لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) شەوی جومعە بەرامبەر حەڤدەی ڕەمەزان، بۆ سەر تاوی بەدرو ڕۆیشتنو لەخوار ئاوەکە دامەزران. (حەبابی کوڕی مونزیر) زۆر شارەزایی لەشوێنو هەڵوێست بوو، هاتە لای پێغەمبەرو پێی گوت، ئەی پێغەمبەری خوا ئەو شوێنەی کەلێی دامەزراین ئایا بەفەرمانی خوایەو نابێ لێی دوابکەوین، یان بەبیری خۆتەو پیلانی شەڕە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی نەخێر بیری خۆمەو پیلانی شەڕە، حەباب گوتی ئەو شوێنە باش نیە فەرمان بدە با لێرە بگوازینەوە، بچینە نزیکترین شوێن لەئاوەکەو هەموو گۆمیلکەکانیش پڕ بکەینەوە، حەوزێکیش دروست دەکەین پڕی لەئاو دەکەین، ئەوجا شەڕ دەکەین، ئێمە ئاو دەخۆینەوە ئەوان ناگەنە ئاوەکە تاکو ئاو بخۆنەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی قسەیەکی زۆر باشەو فەرمانیدا گواستیانەوە[1]. پێش ئەوەی بگەنە نیوەشەو حەوزەکەیان تەواو کرد، هەموو ئاوەکانیان کەوتە ژێر دەست، سەعدی کوڕی مەعازیش گوتی ئەی پێغەمبەری خوا، با کەپرێکت بۆ بکەین لەناوی دانیشە، هەندێکیش لەئێمە با لەدەورت بین ئاگاداریت بکەین، ئەوجا ئێمە هێرش دەبەینە سەر دوژمن، ئەگە رخوا سەری خستین، ئەوا دەگەینە

(١) فقة السيرة/ ٢٤١ لە ابن هشام دەگێڕێتەوە.

ئاوات ئەگەر نا تۆ دەتوانی زوو بەخۆ بکەوی‌و بگەیەوە یارانی مەدینە. چونکە گەلێکی لەئێمە چاکترو دڵسۆزتر بەجێماون، پارێزگاریت لێ دەکەن‌و خەباتت لەگەڵ دەکەن[1]. پێغەمبەر (ﷺ) زۆر سوپاسی سەعدی کردو دوعای بۆ کرد. کەپرەکەیان بۆ تەواو کرد. ئەو شەوە بەهێمنایی ڕایان بوارد هەموو دڵیان دامەزراو، ڕێژنە بارانێکی باشیش باری ئاو لەهەموو شوێنێنان ڕۆیشت، خۆ لەپۆتی زەویەکەی تەڕو توندو کردەوە. خۆیان شوشت‌و بەیانیش کزە بایەکی فێنکی هەڵکرد، دڵیان فێنك بووە، هەندێکیان خەو لێ کەوت، هەروەك خوا دەفەرموێ: ﴿إِذْ يُغَشِّيكُمُ النُّعَاسَ أَمَنَةً مِّنْهُ وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُم مِّن السَّمَاء مَاء لِّيُطَهِّرَكُم بِهِ وَيُذْهِبَ عَنكُمْ رِجْزَ الشَّيْطَانِ وَلِيَرْبِطَ عَلَى قُلُوبِكُمْ وَيُثَبِّتَ بِهِ الأَقْدَامَ﴾[2] واتە: خوا خەوی بەسەر داهێنان بۆ (ئەوەی دڵنیاییتان بەسەردا بێت لەو شوێنەی کەشوێنی ترسە بارانی بۆ باراندن لەو شوێنە بێ باران‌و بی ئاوە، تاکو خۆتان پاك بکەنەوە لەپیسی شەیتان خۆتان بشۆن‌و دڵ‌و دەروونتان توندبێت، باوەڕتان بەخۆتان هەبێت‌و چوست‌و چالاك بن، قاچی خۆتان‌و وڵاغەکانتان لەڕۆیشتن بچەسپێ) بەڵام ئەو بارانە بۆ قورەیشیەکان بووە بەڵاو سەر ئێشە، چونکە زەویەکەیان لێ بوە قووڕو چڵپاو هەموو کەوتنە ناوی، گەلێ کەل‌و پەل‌و خواردنیشیان بەو بارانە لێ خراپ‌و خەسار بوو.

بەیانی پێغەمبەر (ﷺ) ڕیزی موسوڵمانانی ڕێکخست، دەهات‌و دەچوو لەناویان، ئامۆژگاری دەکردن‌و هانی ئەدان، بۆ ئەو کارە پیرۆزەو گەورەیە، دەیفەرموو هەرکەسێ بکوژرێ شەهیدەو پاداشی بەهەشتە، یارانیش بەدڵێکی پڕ سۆزەوە گوێگر بوون. لەو کاتەدا بەلای (سەوادای کوڕی غەزیە)دا تێپەڕی، زۆر لەریز دەرچوو بوو پاڵی پێوەنا فەرموی سەواد ڕێك ڕاوەستە. سەواد گوتی ئەی پێغەمبەری خوا زگم هێشا، مافی ئەوەم هەیە تۆڵەت لێبکەمەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) زگی خۆی بۆ دەرخست فەرمووی وەرە تۆڵەی خۆت بکەوە. سەواد خێرا زگی پێغەمبەری ماچ کرد. پێغەمبەر (ﷺ)

---

(١) لێرەدا خۆشەویستی‌و دڵسۆزی یارانی پێغەمبەر دەردەکەوێ چەندیان دڵ بەپێغەمبەرەوە بوو، باوەڕیشیان چەند بەتین بوو، لەگەڵ ئەوەی کەدەیانزانی قورەیش چەند بەتینەو چەند زۆریشن، ئامادەییەکی چاکیان پیشاندا بۆ شەڕێکی وا، کەشەڕی مان‌و نەمان بوو. ئومێد براشبوون کەماڵ‌و سامانیان دەست بکەوێ تاکو بلێی بۆ دەسکەوت شەڕ بکەن. ئەوەندەش هوشیار بوون هەموو پێویستیەکیان لێك دایەوەو جێبەجێیان کرد. سەرکەوتن‌و ژێر کەوتن‌و گەڕانەوەی پێغەمبەریشیان لێك دایەوە. ڕێگایان بۆ دیارکرد تاکو بەسەلامەتی دوای شکست بگەڕێتەوە.

(٢) الانفال: ١١.

فەرمووی سەواد بۆ وات کرد. گوتی ئەی پێغەمبەری خوا ویستم دواکات لەژیانم ئەوە بێ کەدەمم زیارەتی پێستت بکا[1]. پێغەمبەر (ﷺ) شوێنی هێرش‌و پاراستن‌و دەست وەشاندنی بۆ دیارکردن، هەر لەوێ دەست نیشانی شوێنی کوشتنی سەرۆکەکانی قوڕەیشی بۆ کردن، فەرمووی فلان لێرە دەکوژرێ‌و فلان لێرە دەکوژرێ[2] (دواییش هەروەکو فەرمووی هەمووی لەهەمان شوێن کوژران!).

ئەوجا گەڕایەوە ناو کەپرەکەی‌و کەوتە پاڕانەوە لەبەر خوا. ئەوەندە بەدڵسۆزی دەپاڕایەوەو دەستی هەڵدەبڕی تاکو عەبایەکەی سەرشانی داماڵا، ئەبوبەکری سدیق کەهەردەم بەخۆی‌و بەشمشێرەوە لەدەوری بوو، عەباکەی بۆ هەڵگرتەوە خستیە سەرشانی پێی گوت، سوێندم بەوەی ڕۆحی منی بەدەستە خوا بەڵێنەکەی دێنێتەجێ[3] (هەربۆیەش عەلی کوڕی تالیب گوتویەتی سەعاتێك لەژیانی ئەبوبەکر پڕ بەپڕی زەوی دێنێ، لەهەموو کەس ئازاتربوو)[4].

پێغەمبەر (ﷺ) زۆر بەدڵسۆزی دەپاڕایەوە، ئەوەندە مل کەچ بوو هەموو سەرکەوتنێکی هەر لەلایەن خوا دەزانی. هەرئەوەش بووە مایەی سەرکەوتنی، بەڵام قوڕەیشە بێ باوەڕەکان بەپێچەوانە بوون، ئەوان لەخۆبایی بوون لەباتی پاڕانەوە لەخوا بادەیان دەخواردەوەو گۆرانیان دەگوت، ئافرەت سەمایان بۆ دەکردن، وایان مەزەندە دەکرد کەبەهەموو جۆرێك بەسەر پێغەمبەردا زاڵ دەبن. پیاوێك ناوی (خوفافی کوڕی ئەیمای غەفاری) بوو، هەندی بەرخی بەکوڕەکەی بۆ هەناردن، ڕاشیسپارد کەبەقوڕەیشیەکان بڵێ، ئەگەر چەك‌و پیاویان پێویستە بۆیان بنێرم.

قوڕەیشیەکانیش بەکوڕەکەیان گوتبوو، ئەوا باوکت چاکەی خۆی کرد. ئەگەر شەڕەکەیان لەگەڵ موحەممەد بێت کەسمان پێناوێ خۆمان زۆرین هەر سەردەکەوین. ئەگەر شەڕەکەمان لەگەڵ خوا بێت وەك موحەممەد دەڵێ ئەوا کەس توانای خوای نیەو بازۆریش بین.

قوڕەیشیەکان ئامادە بوون‌و لەموسوڵمانان نزیك بوونەوە، بەڵام لەپێشا (عومەری کوڕی وەهەبی غەفار)یان نارد تاکو بزانن موسوڵمانان ژمارەیان چەندە. ئەویش ڕۆیشت‌و دوور بەدووری لەدەورەیان

---

١) فقه السنة ١/٤٥٧.
٢) سبل الهدى والرشاد ٤/٣١ لەموسلیم ٤/٢٢٠٣ی دەگێڕێتەوە.
٣) فقه السیرة لاپەڕە ٢٤٣ مسلم /١٤٨ و ئیمام احمد ژمارە ١٦٧٣ دەگێڕێتەوە.
٤) السیرة ابن کثیر ١/٤٥٨.

سوڕا، هاتەوە لایان پێی گوتن ژمارەیان سێسەد کەس کەمتر وەیا زیاترن. هیچ سەنگەرو شوێنی قایمیان نیە خۆیان تێدا بپارێزن، هەموویان لەو گۆڕەن. بەلاّم با پێتان بلّێم مردنی لەدوایە، ئەوانە لەشمشێرەکەیان زیاتر هیچ پارێزگایەکیان نیە، تاکو هەریەکەیان یەکێك نەکوژن ناکوژرێن، ئەوجا باش بیربکەنەوە[1].

هەندێ لەپیاوانی بیر تیژ گوتیان ئەگەر لەو شەڕە زۆرمان بەدەستی موسولّمانان کوژراین، هەمووشمان هەلّبژاردەی قورەیشین، مەککە ئەو پایەو شوێنەی نامێنێ. لەبەرئەوە (حەکیمی کوڕی حوزام) چووە لای (عوتبەی کوڕی ڕەبیعە)و پێی گوت، تۆ پیاوێکی گەورەی مەککەی‌و قسەشت دەڕوات، بۆچی شتێك ناکەی تاکو دونیا ماوە ناوت بەچاکە بێت. گوتی چیە؟ حەکیم گوتی ئەگەر تۆلّە بدەیتە (عامیری کوڕی حەزرەمی) لەجێی کوشتنی براکەی‌و ئەو مالّەی لەلایەن عەبدوللاّی کوڕی جەحش‌و موسولّمانان بردراوە، تۆ بیدەیتەوە ئەو شەڕەی ئێستاکە ڕوونادات.

عوتبە لەشوێن خۆی ڕاست بۆوە، ڕووی لەقورەیشیەکان کردو گوتی ئەی گەلی قورەیش، ئێمە ئەگەر شەڕ لەگەلّ موحەممەد بکەین، شتێکی واناکەین ببێتە شایانی باس کردن، خۆ ئەگەر بەسەریاندا زالّ بووین هەتا هەتایێ، یەك تەماشای یەك دەکات، یا ئامۆزای کوشتووە یاکوڕی خالّی یا یەکێکی تری لەهۆزەکەی کوشتووە، لەبەر ئەوە بائێمە بگەڕێینەوەو لەموحەممەدو هۆزەکانی بیابانی دەوروبەری بگەڕێین. ئەگەر ئەو هۆزانە بەسەریدا زالّ بوون، ئەوە ئاواتی ئێمە دێتە دی، ئەگەر نا خۆمان تووشی ناخۆشی ناکەین. لەهەمان کاتیش حەکیم چووە لای ئەبو جەهل کە لەوکاتەدا خۆی ئامادە دەکرد، پێی گوت ئەی باوکی حەکەم، عوتبە بۆ کارێکی ئەوها منی ناردۆتە لای تۆ. ئەبو جەهل کەگوێی لەقسەکە بوو ئاگری تووڕەیی هەلّستا، گوتی دیارە عوتبە لەوەتی چاوی بەمحەمەدو یارانی کەوتوە لەترسان زراوی ڕژاوە، نەخێر ناگەڕێینەوە. ئەبو جەهل بەخێرایی ناردیە لای عامیری حەزرەمی‌و پێی گوت ئەوە لایەنگیرەکەت دەیەوێ خەلّکەکە بگێڕێتەوە، هەلّسە هاوارێك بۆ تۆلّەستاندنەوەی براکەت بکە، عامیریش بەخێرایی ڕاست بۆوە هاواری کرد گوتی (عومەرم ڕۆ عومەرم ڕۆ). بەو هاوارە خوێن گەرمی هەموویان داگرت، ناچار کەوتنە ئامادەیی شەڕ کردن، عوتبەش کەقسەکەی بیستەوە گوتی ئەبو جەهل

---

(١) السيرة النبوية ابن كثير ٤٥٦/١ لە إبن اسحاق دەگێڕێتەوە.

زراوی ڕژاوە، بەیانی ئاشکرا دەبێت کامەمان دەمارمان شل بۆوە.

قورەیش بەڕی کەوتن، چوون بەرامبەر موسوڵمانان وەستان. لەو کاتەدا پێغەمبەر (ﷺ) کەوتە پاڕانەوە لەبەر خوا، گوتی ئەی خوایە ئەوا قورەیش بەلووت بەرزیو خۆبادانو فیزەوە هاتن ڕکابەری تۆ دەکەنو پێغەمبەری تۆ بەدرۆ بخەنەوە، ئەی خوایە بەڵێنی خۆتمان بۆ بەجێ بگەیەنە، هەروەها فەرمووی ﴿ ان تهلك هذه العصابة فانك لن تعبد في الارض﴾[1] واتە: ئەی خوایە ئەگەر ئەو کۆمەڵەی موسوڵمانان بفەوتێنی، تۆ لەسەر زەوی ناپەرستریێ. پێغەمبەر (ﷺ) بەگورجی هاتەوە لای یاران فەرمووی‌کەس هێرش نەبا تاکو پێتان دەڵێم، ئەگەر هاتیشنو دەورەیان دایـن پتربارانیـان بکەنو مەشهێڵن تیرتان لێ ببڕیو تیریش بەخەسار مەدەن[2].

فەرمانیشی پێدان کەبەوشەی (أحد أحد)خۆیان بۆ یەکتر دەربخەن. ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) بەگوێرەی فەرمانی خوا کەوتە هاندانیانو بەرزکردنەوەی ورەیان. خوافەرمانی پێدا فەرمووی ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُواْ مِئَتَيْنِ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّئَةٌ يَغْلِبُواْ أَلْفًا مِّنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَّ يَفْقَهُونَ﴾[3].

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا باوەڕداران هان بدە بۆ شەڕکردن لەدژی بێ باوەڕان، ئەگەر ئێوە بیست کەسی خۆگر بنو ئارامتان هەبێو نەبەبەز بن، دەرەقەتی دوو سەد کەسی بێ باوەڕ دێنو بەسەریان دا زاڵ دەبن، ئەگەر ئێوە سەد کەس بن، دەرەقەتی هەزار کەسی بێ باوەڕ دێن. چونکە ئەوانە هۆزێکن ناتێگەیشتوونو نەفامن (واتە یەك بەدەیەو دەبێ یەکێك خۆی لەبەر دەکەس ڕابگرێو نەبەزێ، دوایی کەخوا ژمارەی موسوڵمانانی زۆر کرد، کردیە یەك بەدوو). بەو هاندانەی پێغەمبەر (ﷺ) توانایان بەتێن بوو لەکوژران بێ باك بوونو بەپیریەوە دەچوون، ئاواتیان بوو شەهادەتیان بەرکەوێ.

هەردوو لەشکر کەوتنە بەرامبەر یەکتری. (ئەسوەدی کوڕی عەبدولئەسەد) لەناو قورەیشیان

---

(١) خوا تەلەزگەو ترسی دروست کردووە، هەموو مرۆڤێك بێهێزە بەرامبەری، لەو کاتەشدا دەبێ هاوار بکاتە خواو داوای یارمەتی لێ بکات، نابێ لەبیری بکات کەئەوەش نیشانەی خواناسینە. ئەوانەی لەو کاتانە لەبەر خوا ناپاڕێنەوە بێ باوەڕن.

(٢) فتح الباری ٣٢٨٩/٧. ئێمڕۆ کەپێویستە پیاوی شەڕکەر نەهێڵی فیشەکی لێببڕێو فیشەکیش بەبێباکی نەهاوێ، بەڵکو باش سەرنج بدات ئەوجا تفەنگ باوێت.

(٣) الانفال: ٦٤.

هێرشی هێنا سوێندی خوارد گوتی، تاکو لەئاوی حەوزەکە نەخۆمەوە، یا حەوزەکە تێک نەدەم ناگەڕێمەوە، (حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیب) بەرەنگاری بوو شمشێرێکی لەقاچی دا نیوەی قاچی پەڕاند، لەسەر ئەو حاڵەش هێشتا بەگاگۆلکە ڕۆیشت، حەمزە لێی نەگەڕا تاکو کوشتی. ئەوجا بت پەرستان (عوتبەو شەیبە)ی کوڕانی ڕەبیعە، لەگەڵ (وەلیدی کوڕی عوتبە) هاتنە مەیدانو خۆیان دەرخستو داوایان کرد کەسێك لەموسوڵمانان خۆی دەربخاتو بەرەو ڕوویان بێت، چەند لاوێکی مەدینەیی، لەوانە (عەبدوڵلای کوڕی ڕەواحە) بۆیان دەرچوون. کەناسینیان پێیان گوتن ئێوە پیاوی بەڕێزن، بەڵام ئێمە کارمان بەئێوە نیە، ئێمە هۆزی خۆمان مەبەستە. یەکیان هاواری کرد گوتی ئەی موحەممەد تۆ هاوتای خۆمان بۆ بنێرە لەهۆزی خۆمان بێت. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانیدایە (حەمزەی مامی)و (عەلی کوڕی ئەبی تالیب)و (عوبەیدەی کوڕی حاریسی کوڕی عەبدولموتەلیب). کەهەرسێکیان نزیکترین کەسی خۆی بوون. بۆیان دەرچوون، کەخۆیان بۆ دەرخستن، بت پەرستان گوتیان ئێوە هاوتای بەڕێزن. حەمزە لەگەڵ شەیبە، عەلی لەگەڵ وەلید بەرەنگاری یەك بوون، ماوەی وەلیدو شەیبەیان نەدا کوشتنیان عوبەیدەش لەگەڵ عوتبە شەڕیان کرد، بەڵام حەمزەو عەلی گەڕانەوە سەریانو عوتبەیان تەواو کرد. عوبەیدەشیان بردەوە لای پێغەمبەر زۆری نەبرد عوبەیدە کۆچی دوایی کرد. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی شاهیدی ئەدەم تۆ شەهیدی[1].

پاش ئەوە هەردوو لەشکر تاویان دا یەکتر. موسوڵمانان ورەیان ئەوەندە بەتێن بوو، وەك هەڵۆ تاویان دەدایە بت پەرستان. پێغەمبەریش (ﷺ) لەناو کەپرەکە نوێژی دەکرد، کاتێك بورژا، لەناکاو ڕاپەڕی بەئەبوبەکری سدیقی گوت: موژدەت لێبێ خوا سەری خستین[2] فریشتەکان بەسەرکردایەتی جوبرەئیل وا هاتن بۆ یارمەتیمان. خوا لەقورئان باسی دەکات دەفەرموێ: ﴿إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلْفٍ مِّنَ الْمَلاَئِكَةِ مُرْدِفِينَ وَمَا جَعَلَهُ اللّهُ إِلاَّ بُشْرَى وَلِتَطْمَئِنَّ بِهِ قُلُوبُكُمْ وَمَا النَّصْرُ إِلاَّ مِنْ عِندِ اللّهِ إِنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾[3] واتە: بەبیرتان بێت کەداوای یارمەتیتان لەخوا دەکرد بۆ سەرکەوتن بەسەر بت پەرستان، یارمەتیم دان بەهەزار فریشتە، یەك لەدوای یەك دەهاتن ئەو

(١) ابن کثیر ١/٤٦٠ کەلەئیمامی شافیعی دەگێڕێتەوە.
(٢) بوخاری ٥/١٤.
(٣) الانفال ٩-١٠.

یارمەتیەش موژدەیەك بوو بۆ سەرکەوتنیان‌و بۆ ئەوەی دڵنیا بن کەسەرکەوتن هەر لەلایـەن خواوەیـە، خوا خاوەن توانایەو هەموو شتێك بەڕێك‌و پێکی ئـەنجام دەدات. ئـەوجا پێغەمبـەر (ﷺ) چـووە نـاو شەڕەکەو مستەخۆڵێکی هەڵداو فوویکی لێکرد فەرمووی (شاهت الوجـوه) واتـە: هـەموویان ڕوو ڕەش بوون.

بت پەرستان کەسیان نەما خۆڵی نەچێتە ناو چاوو سەری لێ نەشێوێ، دوای ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) کەوتەوە هاندانی موسوڵمانان‌و فەرمووی سوێندم بەوەی، منـی بەدەسـتە هـەر کەسـی بەچـاکی شـەڕ بکات‌و شەهید ببێ جێگای بەهەشتە. لەوکاتە (عومەیری کوڕی حـەمام) چـەند دەنکـە خورمایـەکی بەدەستەوە بوو کەگوێی لەو قسەیە بوو، گوتی هەی هەی من چیم ماوە بـۆ بەهەشـت، تـەنیا مـاوەی خواردنی ئەو چەند دەنکە خورمایە نەبێت، تا تەواوی دەکەم ماوەیەکی زۆرە، بەخێرایی فڕێیداو دەستی دایە شمشێرەکەی‌و تاوی دایە لەشکری کافران‌و کەوتە شەڕکردن تاکو شـەهید کـرا[1]. (عـەوفی کـوڕی حاریس) بەپێغەمبەری گوت: خـوا چ شـتێکی زۆر پێخۆشـە؟ پیغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی بەسـووکی چەنگت لەدوژمن گیر بکەی ئەویش تاوی دایە شمشێرەکەی، کەوتە شـەڕکردن دەسـتی بـاش لـەدوژمن دەوەشاند تاکو شەهید کرا[2].

شەڕ گەرم بوو، موسوڵمانان هەموو بەوشەی (أحـد أحـد) تاویـان دەدایـە دوژمـن، بـوو بـەڕۆژی واوەیلا، کەس ئاگای لەکەس نەما، تۆز بەری ئاسمانی گـرت، بریـسك‌و بریقـەی شمـشێران‌و نەعرەتـەی یارانی پێغەمبەر (ﷺ) بە(الله اکبر) قوڕەیشیەکانیان شپرزە کردو سەریان لێ شێواندن. خوا ترسـێکی وای هاوێشتە نـاو دڵـی قوڕەیـشیەکان، هەرکەسـە بـووە کـوڕی بـاوکی خـۆی، خۆیـان لەبـەر زەبـری موسوڵمانان‌و فریشتان ڕانەگرت!، پشتیان داو دەستیان کرد بەهەڵاتن‌و خۆ بەدەستەوەدان. ئەبو جـەهل هاواری کرد کۆڵ مەدەن، سوێندم بەلات‌و عوززا، هەموویان بەدیل دەگـرین‌و پـەتیان لـەمل دەکـەین. بەڵام قسەکانی بێ سود بوو کەس خۆی ڕانەگرت، (نوفەلی کوڕی موعاویەی دیلی) دەگێڕێتەوەو دەڵێ ئێمە لەڕۆژی بەدر بۆیە بەزین، چونکە ترسێکی وامان بەسەرداهات، هەموو دڵە کوتکەمان پێوەنووسا

---

(١) مسلم ٤٥٧٦ ابن کثیر ٤٦٤/١ وحاکم ٤٢٣/٣.

(٢) سەحیحی بوخاری دار النشر ریاض، ل٨٣٣ ژمارە ٤٠٤٦.

گوێمان لەدەنگی دڵمان دەبوو دەتگوت ورتکە بەرد بەتەشت دەکەوێ[1] هێزی فریشتانیش زۆر ئاشکرا بوو لەموسوڵمانان. (عەبدوڵلای کوڕی عـەبباس) دەگێڕێتـەوە دەڵـێ، موسـوڵمانان دەیـانگوت ئێمـە بەدوای گەلێ لەقوڕەیشیەکان دەکەوتین، بەڵام پێش ئەوەی شمشێری ئێمەی بگاتێ دەکەوتنە سەر زەوی‌و دەکوژران، یەکێك لەیاریدەدەران عەبباسی مامی پێغەمبەری بـەدیل گـرت، هێنایـە لای پێغەمبـەر. عەبباس گوتی ئەوە منی بەدیل نەگرتوە، یەکێکی تر منی بەدیل گرتوە، پیاوێکی پـرچ درێـژو بـەرگ سپی بوو، سواری ماینەکی بەڵەك بوو، دەم‌و چاوی لەهەموان جوانتر بوو، ئێستا لـەناو ئـەو خەڵکـەی نابینم! کابرای یاریدەدەر گوتی، نەخێر من بەدیلم گرتووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بێ دەنـگ بـە، خوا بەهۆی فریشتانەوە یارمەتی داوی[2].

ئەوجا قوڕەیشیەکان بەتەواوی لەگۆڕەپانی شەڕ نەمان، ئەوەی کوژراو ئەوەی بـەدیل گـیراو ئـەوەی هەڵات، پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوە ناو کەپرەکەی‌و بـەیارانی گـوت (دەزانم هەنـدێ لـەپیاوانی بـەرەی هاشیم‌و گەلێکی تریش، قوڕەیش بەتۆبزی هێناویانن بۆ شەڕکردن‌و پێویستیشیان پێیان نـەبوە، ئەگـەر تووشیان بـوون مـەیانکوژن، چـونکە ئەوانـە خـاوەن چاکەنە لەسـەر ئێمـە، بـۆ نمونـە یـەکێکی وەك (ئەبولبەختەری) لەکاتی پشت تێکردنەکە، پەیمانەکەی لەکەعبە کردەوەو دڕاندی قـەتیش ئـەو ئـازاری موسوڵمانی نەدابوو. هەروەها یەکێکی وەك عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیب هەردەم یاریدەدەرێکی باش بوو بۆ موسوڵمانان‌و پشتیوانێکی گەورە بوو بۆ پێغەمبەر لەمەککە.

بۆیـە پێغەمبـەر (ﷺ) ئـەو چـاکەیەی لەچـاوما بـوو، چـاکەی لـەبیری نـەدەکرد، خزمایـەتی‌و هۆزایەتی‌و تیرەپەرستی کاری تێ نەدەکرد، فەرمانی خوای لەهـەموو شـتێك لـەلا گـەورەتربوو، بـەڵام هەندێ کەس خزمایەتی‌کاری تێدەکات، ئەگەر خزمی خراپیشی هەبێ لەسـەری دێتـەوە لام، یـەکێکی وەك ئەبو حوزەیفەی کوڕی ڕەبیعە کەیەکێك بوو لەموسوڵمانان، براکانی لەو شەڕە کوژرا بوون بیـستی پێغەمبـەر دەرحەقی ئەوانە وای فەرمووە، گوتی ئێمە باوك‌و کوڕو برامان بکوژرێن‌و وازیش لەیـەکێکی وەك عەباس بێنین، وەڵلا ئەگەر تووشی دەبم شمشێرەکەمی بەهەناوی دادەکەم، ئـەو قـسەیە گەیـشتەوە

---

(١) ابن کثیر ١/ ٤٧٠.

(٢) ابن کثیر ١/ ٦٥ لەئیمام ئەحمەد ئەگێڕێتەوە.

پێغەمبەر ئەویش بەعومەری کوڕی خەتابی گوت ئەی باوکی (حەفسە).

(عومەر) دەڵێ یەکەم جار بوو پێغەمبەر (ﷺ) بەو ناوە بانگم بکات، گوتی چۆن دەبێ مامی پێغەمبەر لەسەر ئەو هەموو چاکەی لەتەنگاوەو شینەیی لەگەڵ ئێمەی کردوە بەشمشێر لێی بدرێ. عومەریش پێی گوت ئەی پێغەمبەری خوا لێم گەڕێ تاکو سەری بپەڕێنم دیارە ئەوە دوو ڕووە. ئەبو حوزەیفە دەڵێ لەو ڕۆژەوە لەخۆم دەترسام کەخوا بەدوو ڕووم دابنێ، گوتم مەگەر شەهید ببم، ئەوجا خوا لێم خۆش ببێ. واش ڕێك کەوت لەشەڕی یەمامە شەهید کرا.

﴿ کوشتنی ئەبو جەهل و ئومەییەی کوڕی خەلەف ﴾

عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف دەگێڕێتەوەو دەڵێ: من لەگەڵ (ئومەییەی کوڕی خەلەف) کاتی خۆی لەمەککە دۆست بووین، لەپێش ئەوەی ئیسلام ببم ناوم (عەبدو عومەر) بوو، پێغەمبەر (ﷺ) ناوی لێنام عەبدولڕەحمان. ڕۆژێك ئومەییە بانگی کردم عەبدو عومەر، منیش گوتم پێغەمبەر (ﷺ) ناوی لێناوم عەبدولڕەحمان، گوتی من ڕەحمان ناناسم، هەر پێت دەڵێم عەبدولئیلا.

لەکات شەڕی بەدر قوڕەیش هەڵاتن. ئێمە کەوتینە دوویان، خەریك بووم چەکم کۆدەکردەوە، دیتم ئومەییە لەگەڵ کوڕەکەی دانیشتووەو هێزی لێ بڕاوە. بانگی کردم گوتی عەبدولئیلا، وەرە من لەچەك و زرێ چاکترم، منیش گوتم بەڵێ، چەك و زرێیەکەم فڕێداوە بەلایەوە چووم و گوتی چ ڕۆژم وەك ئیمڕۆ نەدیوە، گوتی ئایا پێویستیتان بەشیر نیە؟ واتە هەندی حوشتری شیردارتان بدەمێ. منیش دەستم گرت و کەوتینە ڕێ بچینە لای پێغەمبەر.

بەڵام لەڕێگا تووشی بیلالی حەبەشی بووین، کەبیلال چاوی بەئومەییە کەوت، ئەو ڕۆژەی هاتەوە بیر کەبەقرچەی گەرما لەنیوەڕۆی هاوینی مەککە ئومەییە لەسەر لیم و خۆڵ درێژی دەکردو بەردی لەسەر سینگی دادەنا.

بیلال هاواری دەکرد گوتی ئەوە ئومەییەیە سەرۆکی بێباوەڕو بی ئاینان، بەپرتاو هێرشی هێناو

گوتی (ڕزگارم نەبێت ئەگەر ڕزگارت ببێ) [1] (جا وەرە ستەمکار بکەوێتە بەردەستی ستەم لـێ کـراو دەبێ چی پێبکات!). عەبدولڕەحمان دەڵێ، گوتم بیلال نەکەی ئەوە دیلی منە. بەڵام بیلال وازی نەهێنا هەر لەدەورەمان سووڕاو شمشێرەکەی هەڵدەسـوڕاندو هـاواری دەکـرد، تـاکو وای لێهـات خـەڵکێکی زۆرمان لێ کۆبۆوەو هێرشیان هێنا، چارەم نەما خۆم بەسەردا هەڵکێشا، بەڵام کـەڵکی نـەگرتن ئـەوان لەتەنیشتەوە دایانە بەرنوکە شمشێران. بیلال هـەر لێـی دەداو دەیگـوت (أحـد أحـد) تـاکو ئومەییـەو کوڕەکەیان تەواو کرد. هەمووجار عەبدولڕەحمان کەبەبیری دەهاتەوە، دەیگوت ڕەحمـەتی خـوا لـەبیلال، دڵی بەو دیلە بریندار کردم، چەکەکانیشم لەدەست چوو.

بەڵام ئەبو جەهل لەکاتی شەڕ وەك دارێك لوولی خواردبوو، خەڵکی لەدەورە ڕاوەسـتابوو بـۆ شـەڕ هانی دەدان. عەبدولڕەحمانی کـوڕی عـەوف دەگێڕێتـەوە دەڵـێ، لـەو کاتـە دوو کـوڕی لاو لـەکوڕانی (عەفرا)م دیتن یەکێکیان هاتە تەکەمەوەو گوتی مامەگیان ئەبو جەهلم پێشان نادەی؟ گوتم بۆچی؟ گوتی پەیمانم بەخوا داوە ئەگەر بیبینم بیکوژم، ئەو کافرە قسەی ناشـیرین بەپێغەمبـەر دەڵـێ، ئەویتریـشیان هات هەر هەمان قسەی پێگوتم منیش زۆر دڵخۆش بووم بەو جووتـە لاوە، پـێم گـوتن ئـەوەتا ئـەوەی خەڵکەکەی لەدەورەیە هانیان دەدات ئەوە ئەبو جەهلە. هەردووکیان وەك هەڵۆ تاویان دایە سەرو دایانە بەر شمشێرانو شەڕێکی خوێناویان کرد، ئەبو جەهلیان نیوە مردو کـردو هـەردوو شـەهید کـران. ئـەبو جەهلیش لەو گۆڕە بەتەنیا مایەوە لەخوێنی خۆی دەگەوزی، ئەوانی چـواردەوری قاچـیان لێبـوو بـەباڵ بەناو خۆڵە پۆتی بیاباندا هەڵاتن[2].

ئەوجا شەڕ بڕایەوەو چ لەگۆڕی نەما، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی لەلاشەی ئەبو جـەهل بگـەڕێن، ئەگە ڕنەتانناسیەوە کۆنە برینێکی لەسەر چۆکیە، کاتی خۆی لەماڵی عەبدوڵلای کوڕی جەدعان بەشەڕ هاتین، پاڵێکم پێوە نا بەسەر چۆکدا بەربۆوە چۆکی بریندار بوو.

(عەبدوڵلای کوڕی مەسعود) لەناو کوژراوان گەڕا، دیتی ئـەبو جـەهل وا دوادوایـەتی، عەبـدوڵلا دەڵێ قاچم خستە سەر سینگی خۆی جولاند، گوتی چەرخ بۆ کێ سوڕا؟ عەبدوڵلا پێی گـوت بـۆ خـواو

(١) سەحیحی بوخاری دار النشر الریاض ژمارە ٣٩٧١ لاپەڕە ٨١٦.
(٢) بوخاری ٢٤٦/٧ ومسلم ١٤٨/٥.

پێغەمبەری خوا سوڕا ئەی دوژمنی خوا، بزانە خوا چۆنی ڕوو ڕەش کردی. ئەبو جەهل گوتی ئەی شوانە وێرە چوویە شوێنێکی لەخۆت بەرزتر. عەبدوڵڵا ئەبو جەهلی تەواو کردو بەجێی هێشتو چووە خزمەت پێغەمبەر، بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) بەخۆشیەوە فەرمووی توو ئەو خوایەی تاكو تەنیایە؟ (سوێندی پێغەمبەر هەموو جار ئەوها بوو) ئەوجا فەرمووی سوپاس بۆ ئەو خوایە بەڵێنی خۆی گەیاندە جێو بەندەی خۆی سەرخستو کۆمەڵانی قورەیشی بەزاند[1].

پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ عەبدوڵڵا چووە سەر لاشەکەی ئەبو جەهلو فەرمووی، ئەوە فیرعەونی ئەو گەلەبوو. چوە سەر لاشەکانی دوو کوڕە لاوەکەش زۆر لەخوا بۆیان پاڕایەوە، باسی چاکەی کردن ئەو سەرکەوتنە ژیانی کامەرانی دواڕۆژی بۆ دەرخستنو لەکۆتو زنجیری بت پەرستان رزگاریان بوو.

ئەو شەڕە شەڕی بیروباوەڕ بوو، بۆیە یارانی پێغەمبەر دەستیان لەکەس نەدەپاراست، باوكو كوڕ برا بەرەنگاری یەك دەبوون، چونکە یەکیان لەسەر راستیو خواپەرستی بو ئەوەی تریان لەسەر بت پەرستیو خواری بوو. (ئەبو عەزیز) هەڵگری بەیداغی قورەیشیان بوو، برای دایكو باوكی مەسعەبی کوڕی عەمیر بوو. دەڵێ کەلەشەڕی بەدر گرتیان، کاتێ مەسعەبی برام بەوێدا هاتو دیتمی پێی گوتن، باشی قوڵ بەست، بکەن، ئەوە دایکی زۆر دەوڵەمەندە، بەپارەیەکی باش لێتان دەکڕێتەوە، منیش پێم گوت مەسعەب برایەتی ئەوها دەبێت؟ گوتی ئەوانە بۆ من لەبرایەتی لەتۆ لەپێش ترن. هەروەها یەکێکی وەك ئەبو حوزەیفەی کوڕی رەبیعە کەدیتی لاشەکەی باوکیان راکێشایە ناو چاڵ، رەنگی تێکچوو. پێغەمبەر (ﷺ) پێی گوت دەڵێی شتێکت بەسەرهات کەباوکت ئەوها دیت. ئەبو حوزەیفەش گوتی نەخێر هیچ گومانم لەکوشتنی باوکم نەکرد، بەڵام باوکم پیاوێکی هێمنو بیرتیژ بوو هومێدەوار بووم خوا بیهێنێتە سەر رێگەی راستی، بەڵام دیتم لەسەر بت پەرتی وای بەسەر هات بۆیە غەمگین بووم.

پێغەمبەر (ﷺ) زۆری دڵ دایەوە، دوعای چاکەی بۆ ئەبو حوزەیفە کرد، دوایی کەهەموو شتێك تەواو بوو، لەئەنجامدا حەفتا کەس لەسەرداره بێ باوەڕەکانی قورەیشیان کوژرا، حەفتا کەسیشیان لێ بەدیل گیراو ئەوانی تریش هەڵاتن. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانیدا کوژراوانی بت پەرستانیان

---

(١) بوخاری ٢/٢٣٥ ومسلم ١٨٣/٤.

هەمووهاوێشتە ناو چاڵێکی گەورە.

بەکوشتنی ئەوانە زەوی‌و ئاسمان لەشەڕو فیتنەیان حەسایەوە، ئەوانە ئەوەندە کەللەرەق‌و بی باوەڕ بوون، چەندی پێغەمبەر (ﷺ) هەوڵی لەگەڵدان‌و قورئانی بۆ خوێندن‌و ئامۆژگاری کردن، هەر لەسەر لا ملی‌و نەفامی خۆیان ڕۆیشتن، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) چووە سەر چاڵەکەو ڕووی تێکردن، فەرمووی ئەی خەڵکی ناوچاڵ ئەی عوتبەی کوڕی ڕەبیعە، ئەی شەیبەی کوڕی ڕەبیعە، ئەی ئومەیەی کوڕی خەلەف ئەی ئەبو جەهل ئەو بەڵێنەی خوایەکەتان پێی دان بەڕاستی بینیتان؟ ئێمەش ئەو بەڵێنەی خوای تاک‌و تەنیا پێی داین بەڕاستی دیتمان. عومەری کوڕی خەتاب، گوتی ئەی پێغەمبەری خوا قسە لەگەڵ خەڵکێك دەکەی بۆگەن بووە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی سوێندم بەوەی ڕۆحی منی بەدەستە، ئێوە لەوان باشترتان گوێ لێ نیە، بەڵام ئەوان ناتوانن وەڵام بدەنەوە[1].

موسوڵمانانیش چواردە کەسیان لێ شەهید بوو، گیانی پاکیان بەباغی هەرەبەرزی بەهەشت سپارد، پێی دەڵێن فیردەوسی هەرەبڵند (الفردوس الاعلی) تەرمی ئەوانیشیان شاردەوە.

بەو جۆرە شەڕی بەدر کۆتایی هات‌و خوا موسوڵمانی بەسەر بت پەرست‌و ئایین‌و لەخۆباییان زاڵ کرد. ئەو شەڕە بووە هۆی چەسپانی موسڵمانەتی لەنێو دوورگەی عەرەب، خوا ناوی لێنا ڕۆژی جیاکەرەوە (یوم الفرقان) جیاکەرەوە لەنێوان کافرو موسوڵمان، لەنێوان ڕاستی‌و درۆ، لەنێوان دادپەروەری‌و ستەمکاری، لەنێوان ئازادی‌و دیلیەتی. موسوڵمانانیش بەدڵێکی خۆشەوە هەناسەی شادیان هەڵێناو هەموو زەوی‌و ئاسمان بۆیان دەهاتە پێکەنین.

﴿ ناوبانگی شەڕی بەدر ﴾

پێغەمبەر (ﷺ) ویستی پێش ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ مەدینە، خۆشی‌و شادی بگاتە مەدینە (عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحە)و (زەیدی کوڕی حاریسە)ی ناردەوەو حوشترەکەی خۆی کەناوی (قەسوا) بوو پێدان.

---

(١) صحیح البخاری دار النشر الریاض کتاب الجهاد ٨٢٧ ژمارە ٣٩٧٩.

کەگەیشتنەوە مەدینە، لەو کاتەدا موسوڵمانان خەریکی ناشتنی ڕوقیەی خێزانی عوسمانی کوڕی عەففان بوون (واتە، کچی پێغەمبەر). عوسمان لەبەر نەخۆشی ڕوقیە نەیتوانی بەشداری شەڕی بەدر بکات. عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحە دەگێڕێتەوەو دەڵێ، کەگەیشتینەوە مەدینە مزگێنیمان بەسەرکەوتنی موسوڵمانانو کوشتنی سەردارانی قورەیش دایە خەڵکی، موسوڵمانان وا دڵ خۆش بوون ناتوانرێ باس بکرێ، بەڵام دوو ڕووەکانو جوولەکەکان کردیانە پڕوپاگەندەو گوتیان ئەو قسەیە درۆیەو هەڵبەستە موحەممەد کوژراوە، دەنا بۆچی حوشترەکەی پێش خۆی هاتۆتەوە دیارە زەید هەڵاتووەو حوشترەکەی هێناوەتەوەو موسڵمانەکانی تریش هەمووی هەر کوژراون وای لێهات موسوڵمانەکانی مەدینەش کەوتنە گومان لەموژدەکەی عەبدوڵڵاو زید. لەبەرئەوە گەلێ جار لێیان دووبارە دەکردنەوە. ئەوانیش ناچار سوێندیان بۆ دەخواردن. هەتاکو دیلەکان گەیشتنە مەدینە، دوای ئەوانیش پێغەمبەرو یاران گەڕانەوە، ئەوجا جوولەکەو دووڕوەکان ڕووڕەشیان بۆ مایەوە، هەموو پەستو خەفەتبار بوون بەتایبەت جوولەکەی بەناوبانگ (کەعبی کوڕی ئەشرەف) کە لەسەردارانی جوولەکەکان بوو، چی پێ نەما گوتی ئێستا پاش ئەوەی سەردارانی قورەیش ئەوهایان بەسەرهات، ژێر خاك چاکترە بۆ ئێمە لەسەر خاك.

﴿ دیلو دەسکەوتەکان ﴾

پێغەمبەر (ﷺ) سێ ڕۆژ لەبەدر مایەوە، خەریکی ناشتنی شەهیدانی موسوڵمانانو خڕکردنەوەی دەسکەوتەکان بوون. بەڵام لەسەر ئەودەست کەوتانە یاران خەریك بوون کێشەیان لێ پەیدا بێ. ئەوانەی دەسکەوتیان کۆکردبۆوە، دەیانگوت بۆ خۆمانە، ئەوانەی خەریکی ڕاونانی دوژمن بوون دەیان گوت ئەگەر خەریکی ڕاونانی دوژمن نەبووبایین، ئێمەش زۆرمان خڕ دەکردەوە، ئەوانەی لەدەوری پێغەمبەر بوون دەیانگوت ئەگەر خەریکی پارێزگاری پێغەمبەر نەبایین، ئێمەش گەلێکمان دەست دەکەوت. هیچ لایەکیش ناحەق بوون داوای دەست کەوت بکەن، چونکە بەزۆری هەژارو دەست کورت بوون، بەتایبەتی کۆچ کردووەکان ماڵو سامانیان لەمەککە بەجێ مابوو. پێغەمبەریش (ﷺ) هێشتا سەبارەت بەدەسکەوتو دیل چ فەرمانی لەلای خواوە بۆ نەهاتبوو. موسوڵمانان چوونە لای پێغەمبەرو باسی ئەو کێشەیان بۆ کرد، خوا ئەو ئایەتەی بۆ پێغەمبەر هەنارد دەفەرموێ: ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأَنفَالِ قُلِ الأَنفَالُ

﴿لِلّهِ وَالرَّسُولِ فَاتَّقُواْ اللّهَ وَأَصْلِحُواْ ذَاتَ بِيْنِكُمْ وَأَطِيعُواْ اللّهَ وَرَسُولَهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾[1] واتە: یاران پرسیاری دەسکەوتت لێ دەکەن، لەشەڕی بەدەر دەستان کەوتووە، پێیان بڵێ دەست کەوت هی خواو پێغەمبەری خوایە، ئێوە خۆتان لەخراپەو کێشە بپارێزنو گیروگرفتی نێوان خۆتان چاك بکەن، ئەگەر ئێوە خاوەن باوەڕن بەگوێرەی فەرمانی خواو پێغەمبەر بجوڵێنەوە. مەبەستیش ئەوەبوو کەکێشەو ناخۆشی لەسەر ماڵو سامان نەکەنو ماڵو سامان نەبێتە ئاواتیان خوادەیداتو نابێ کێشەی لەسەر بکەنو پێویستە ئاواتیان فەرمانی خواو بیروباوەڕی ئاینەکە بێت. ماڵ پەرستن هی ئەو کەسانەیە کەبێ باوەڕ خوانەناسن، هەر بەسروشتیش بێ باوەڕان ماڵ پەرستن. بەو فەرمانە کێشەی دەسکەوتو بەشکردن بڕایەوە.

ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانیدا بەرەو مەدینە کەوتنە ڕێگا، دیلەکانیشیان لەگەڵ خۆیان برد تاکو گەیشتنە ئەو شوێنەی کەپێی دەڵێن (کەسیب). پێغەمبەر (ﷺ) دەسکەوتەکانی بەیەکسانی لەنێوان لەشکری موسوڵمانان بەش کرد. بەبێ ئەوەی کەس بێ بەش بکات، منداڵە شەهدیشی بێ بەش نەکرد، ئەوانەی ویستبووشیان کەبەشداری شەڕەکە بکەن لەبەر هۆیەکی وا ڕێگەیان لێ گیرا (بۆ نمونە عوسمانی کوڕی عەففان) پێغەمبەر (ﷺ) بەشی بۆ دانان.

ئەوجا کەوتنەوە ڕێگا، بەڵام هێشتا لەبابەت دیلەکان چ بڕیاری نەدابوو. هەر لەڕێگا دوو دیلی زۆر تاوانباریان کوشت، یەکیان (نەزری کوڕی حاریس) بوو ئەوی تریان (عوقبەی کوڕی باوکی موعەیت) بوو. ئەو دووانە زۆریان ئازاری پێغەمبەرو موسوڵمانان دابوو لەوکاتی لەمەککە بوون. بەتایبەت عوقبە کەویستی لەکەعبە پێغەمبەر بخنکێنێ، ئەبوبەکر لەبەردەستی رزگارکرد. ئەو جۆرە کەسانەش کەس ناتوانێ لێیان ببورێ. ئەوانە درێغی ناکەن لەخراپەو لادان لەڕێگەی راستی، بەخۆڕایی ئازاری خەڵك ئەدەن، دوارۆژی خۆیان لێك نادەنەوەو گەلێ گەرمن لەسەر خراپە، پێویستیشە جیاوازیەك بکرێ لەنێوان پیاوی بێ لایەنو چاك لەگەڵ ئەو تاوانبارانەی کەهیچ بەزەییەكو دڵ نەرمیەکیان لەناو دەروون نیە، بەخۆڕایی ئازاری خەڵکی ئەدەن[2] ئەگەر بەڕاستی تەماشای شەڕ کەرێکی بەدیل گیراو بکەی،

(١) الانفال : ١

(٢) بەڵام لێرەدا شتێکی زۆر سەیرە کەدوژمنانی ئیسلام بەتایبەت مەسیحیەکانو ڕۆژهەڵات ناسەکان (مستشرقین) دەبینین بەبۆنەی کوشتنی ئەو دوو تاوانبارە پیسانە، رەخنە لەپێغەمبەرو موسوڵمانان دەگرن، دەڵێن دیارە ئیسلام بۆ خوێن تێنی بوو،

دەبینین ئەو کابرایە ئەگەر دەسەڵاتیمابایە کوشتاری خۆی هەر دەکردو لەکوشتنی موسـوڵمانان درێغـی نەدەکرد، کەبەدیلیش گیرا مانای ئەوە نیە کەلێبووردنی بۆ دەرچووە.

قورەیشیەکان ئەو هەموو خەڵکەیان ڕاداو هێنانیان بۆ سەر موسوڵمانان بۆیە بوو هەموویان لـەناو ببەن، یەکێکی وەك عوقبە ئەو هەموو کردەوە خراپانەی بەرامبەر موسوڵمانان کـرد، لەناچـاری خـۆی بەدەستەوەدا، جا چۆن دەبێ لێـی ببـوردرێ. بـەڵام پێغەمبـەر (ﷺ) لەسـەر ئـەوەی کەهەمووشـیان سەردارانی قورەیش بوون، بەزۆری تاوانباریش بـوون ئەوپـەڕی بـەزەیی لەگـەڵ بـەکارهێنان، هـەمووی بەیەك چاو تەماشا کردن. بەیارانی گوت باش بن لەگەڵیانو کـردەوەی خراپیـان لەگـەڵ نەکـەن. ئـەبو عەزیز دەڵێ کەخواردنیان دەخوارد، خواردنەکەیان نانو خورمـا بـوو، ئـەو نانـەی کـەزۆر باشـتر بـوو دەیاندایە مـنو بـۆ خۆیـان خورمایەکـەیان دەخـوارد، منـیش شـەرمم دەکـرد دەمدانـەوە ئـەوانیش دەیاندامەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) لەبابەت دیلەکان پرسی بەیاران کرد، زۆران ویستیان نەیانکوژن، بەڵکو ڕێگـەیان

بۆیە ئەو دوو دیلەی کوشت، دەبوایە نەیانکوژن، ئەوانە بەو قـسەیە دەیانـەوێ بـەزەیی پیـاوی بـێ ئاگـاو سـاویلکە بجـوولێنن، دوژمنایەتی ئیسلامیان پێبکەن، بەڵام بەهەڵەچووین، چونکە ئەو قسەی ئەوان سـەنگی پۆشـێکی نیـە لەچـاو ئـەو خوێنـەی= =بەبۆنەی پەیدابوونی مەسیحی ڕێشتیان، ڕۆ مانەکانو ئاوروپاییەکان ئەو زەویەیان پڕ کرد لەخوێنی ئادەمیزاد لەگـەڵ یـەکتری. کەشەڕ پشیان دەکرد تەنیا لەسەر ڕێبازی ئایینەکەیان بوو، لایەکیان سەر بەکەنیسەی ڕۆژهەڵات بوو (ارثودۆکس) ئەویتریان سەر بەکەنیسـەی ڕۆژئاوا بوو (کاثولیك) شـەڕێکی وەك شەڕی (بارتلمی) هەروەکو حەسەنین هەیکەل لەکتێبەکەی (حیاة محمد) لەلاپەڕە (٢٧٣ و ٢٧٤) باسی دەکات دەڵێ: (ئەو قەساجخانەی کەبەناوی مەسیحیەت کردیان، لە(سان بارتلمی) بوویتـە هـۆی ڕووڕەشـی هەموو مەسیحیەکانی جیهان، کەشتی وا قەت لەمێژووی ئیسلام ڕووی نەداوە، کاتێك بەشـەو کاسـۆلیکەکان بەشـێوەیەکی زۆر ستەمکارانەو دڕندانە پڕوتستانەکانیان لەپاریس قڕان لەبۆ هێنا). مەسیحیەکان قەت بەزەییان بەکـەس دا نـەهاتووە، بـەڵام بـۆ سوودی خۆیان پڕوپاگەندە زۆر دەکەن هەتاکو دەڵێن عیسا وتویەتی ئەگەر زلەیەکیان لێدای ڕوومەتەکەی تریشی بـۆ ڕابگـرە بـا یەکێکی ترت لێ بدا، ئەوە بەدرۆ دەرچوو، چونکە تەلەفزیۆنی ئینگلیزی لەمانگی حوزەیرانی ١٩٩٣ز ڕۆژێك نیـشانیدا. گـوتی چل ساڵ پێش ئیمرۆ کابرایەکی عەرەبی فەلەستینی لەقودس چەند گۆزەیەکی دۆزیبـۆوە بـەعیبرانی لێیـان نووسـرابوو، ئـەویش نەیزانیبو بیاغوێنێتەوە بەپارەیەکی کەم فرۆشتبوویە کۆمەڵێکی جولەکە. ماوەی بیست ساڵ بوو بڵاویان نەکردەوە کەچیان تێدا نووسراوە. بەڵام جولەکەکان ئیمساڵ بڵاویان کردەوە. نوسراوەکانی سەر گۆزەکان ئینجیلی تەواو بوو، کەچەند هەزار سـاڵ پـێش ئیمڕۆ نوسراوەتەوە ئینجیلی ڕاستەقینەبوو، لەبابەت بەرگری کردن دەڵێ (پێویستە هەموو کەسێك چـەکی هـەبێتو پارێزگـاری لەخۆی بکات، کەسێك دەست درێژی کردیە سەر بەتەواوی تۆڵەی خۆتی لێ بکەوە) کەچی مەسیحیەکان بەپێچەوانە، ئەو قسەیان هەڵبەست، تەنیا بۆ ئەوەی گیانی دەستەوە کەری لەناو موسوڵمانان نەهێڵن.

بدەن خۆیان بکڕنەوە، چونکە موسوڵمانان هومێدی پارەیان پێیان هەبوو. بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) پرسی بەئەبوبەکری سدیق کرد، ئەویش گوتی ئەی پێغەمبەری خوا ئەوانە هەموو ئامۆزاو خزمو کوڕانی هۆزن، من وا بەباش دەزانم هەریەکە خۆیان بکڕنەوە.

ئەو پارەیەش دەبێتە هێزێك بۆ ئێمە لەسەر بێ باوەڕان، بەڵکە خواش دڵیان ڕووناك دەکاتو باوەڕ دێننو دەبنە پشتیوان بۆ ئێمە. دوای ئەو پێغەمبەر (ﷺ) پرسی بەعومەری کوڕی خەتاب کرد، عومەر گوتی ئەگەر فەرمان بدەی کامیان خزمی منە تا بیکوژمو کامیان خزمی عەلیە با بیکوژێو کامیان خزمی ئەبوبەکرە با بیکوژێ، تاکو بۆ خوای دەربخەین نەرمو شلی لەگەڵ دوژمن ناکەین، ئەوانە سەرۆكو پێشەوای بێ باوەڕانن. کاتێ لەقسەکانیان بوونەوە، پێغەمبەر (ﷺ) چووە ناو خێوەتەکەیو ماوەیەك مایەوەو دوایی هاتەوە لایان. خەڵکەکەش چاوەنواڕی فەرمانیان دەکرد، هەندێك لەلای عومەر ڕاوەستابوون، هەندێکیشیان لەلای ئەبوبەکر ڕاوەستابوون. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی قسەکانی ئەبوبەکر وەك میکائیلی فریشتەیە کەلێبوردنی خوا بۆ بەندەکانی خوا دێنێ، لەپێغەمبەرانیش وەك ئیبراهیم پێغەمبەرە کەلەبەر خوا پاڕایەوە گوتی هەر کەسی بەدوای ڕێگەی من دابێت ئەوە لەمنە، ئەوەی لێم یاخی بوو، خۆت خاوەن بەزەییو لێبوردەی. عومەریش وەك جوبرائیل فریشتەیە کە تۆڵەو سزای خوا دەینێ بۆ سەر بەندەکانی تاوانبار، لەپێغەمبەرانیش وەك نوح پێغەمبەر دەکات، کەگوتی ئەی خوایە یەکێك لەبێ باوەڕان لەسەر ئەو زەویە مەهێڵە، ئەگەر بیانهێڵی تەنیا هەر بێ باوەڕو خراپو پیسیان لێ بەپاش دەکەوێ.

ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) ڕووی کردە (عەبدوڵلای کوڕی ڕەواحە)و فەرمووی تۆچ دەڵێی ئەویش گوتی ئەی پێغەمبەری خوا، تۆ لەناو دۆڵێکی پڕ داری ئاگری تێبەر بدە، هەموویان بخە ناو ئاگرەکە. پێغەمبەر فەرمووی خوا دڵی هەندی پیاوان وا نەرم دەکات لەشیر نەرمترە دڵی هەندێکیش وا توند دەکات لەبەرد ڕەق ترە.

پێغەمبەر (ﷺ) بەقسەکەی ئەبوبەکر دڵنیا بوو و لەدیلەکان خۆش بوو، بڕیاریدا کەهەریەکە خۆیان بکڕنەوە. عومەری کوڕی خەتاب دەگێڕێتەوەو دەڵێ بۆ بەیانی چوومە خزمەت پێغەمبەرو دیتم لەگەڵ ئەبوبەکر هەردووکیان دڵگیربوون، منیش گوتم ئەی پێغەمبەری خوا چ شتێك دڵگیرتان، دەکات؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خوا گلەیی لێ کردن لەسەر وەرگرتنی تۆڵە لەدیلەکان دەفەرموێ: ﴿مَا كَانَ

لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُ أَسْرَى حَتَّى يُثْخِنَ فِي الأَرْضِ تُرِيدُونَ عَرَضَ الدُّنْيَا وَاللّهُ يُرِيدُ الآخِرَةَ وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ * لَّوْلاَ كِتَابٌ مِّنَ اللّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمْ فِيمَا أَخَذْتُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾[1] واتە: نابێ هیچ پێغەمبەرێك لەپێغەمبەران دیلی هەبێت، تاكو دوژمنانیان لەسەر زەوی بێهێز نەبنو توانایان نەمێنێ بەسەر موسوڵمانان، ئێوە كەڵوپەلی دونیاتان دەوێ، خواش پاداشی دوایی بۆ ئێوە دەوێ، خوا خاوەن توانایەو زانایە بەهەموو شتێك، ئەگەر خوا سزای لەسەر ئەو كەسانە هەڵنەگرتبایە، كەبڕیارێك ئەدەنو دەیانەوێ بڕیارەكان ڕاست بێت كەچی تەواو نیە، ئێوە تووشی سزایەكی گەورە دەبوون پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەگەر خوا سزای بۆ بناردباین تەنیا عومەر ڕزگاری دەبوو. ئەوجا هەردی لەخزمێكی هات بەگوێرەی توانا پارەیاندا، بەڵام پارەی عەبباسی مامی پێغەمبەر لەهەموان پتر بوو. عەبباس بەپێغەمبەری گوت من موسڵمان بویم، بەڵام بەنهێنی. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەگەر وا بێ خوا پاداشت ئەداتەوە، بەڵام ئەوەی لەئێمە دیارە تۆ لەدژی ئێمە هاتوویە شەڕ، دەبێ خۆت بكڕیەوە.

ئەو دیلەی هیچیشی نەبوو، پێغەمبەر (ﷺ) داوای لێكردن كەهەریەكەیان دە منداڵی موسوڵمانان فێری خوێندن بكەن، ئەوجا بەڕەڵلا دەكرێن. (زەیدی كوڕی سابیت)یەك لەو منداڵانە بوو لەوان فێری خوێندن بوو. (ئەمە وا دەگەینێ كەپێغەمبەر (ﷺ) زۆر بەتەنگ خوێندەواریەوە بووە).

ئەوەی هیچیشی نەبوو خوێندەواریش نەبوو، بەخۆڕایی بەڕەڵلایان كرد. یەكێكی وەك (ئەبو عیززەی عەمری كوڕی عەبدوڵڵا) شاعیر بوو، زۆر زەمبی پێغەمبەرو موسوڵمانان دەكرد، گوتی ئەی پێغەمبەری خوا من پێنج كچم هەیە لەمن زیاتر كەسیان نیە بەخێویان بكات، بەرم بدە پەیمان ئەدەم جارێكی تر بەخراپە زەمتان ناكەم. پێغەمبەریش (ﷺ) دڵی بەكچەكانی سووتاو بەڕەڵلای كرد. قاسمی كوڕی ڕەبیع (ابی العاص)یش كەزاوای پێغەمبەر بوو و مێردی زەینەبی كچی بوو، هیچی نەبوو خۆی پێ بكڕتەوە تەنیا ئەو ملوانەكەی زەینەب نەبی خەدیجەی دایكی بەبۆنەی شوكردنیەوە بۆی كڕیبوو، زەینەبیش ئەو ملوانەكەی هەنارد كەپێی بەربدەن. پێغەمبەر (ﷺ) كەچاوی بەملوانەكەكە كەوت ناسیەوە زۆری دڵ بۆ سووتاو بەموسوڵمانانی گوت ئەگەر پێتان خۆشە دیلەكەی زەینەب بەڕەڵلا بكەنو ملوانكەكەشی بۆ بنێرنەوە.

---

(١) الانفال: ٦٦-٦٨.

ئەوانیش بەریان داو ملوانکەکەشیان دایەوە پێغەمبەریش (ﷺ) پەیمانی لە(ابی العـاص)ی زاوای وەرگرت، زەینەبی بۆ بنێرتەوە چونکە ئەو بت پەرستو بێ باوەڕەو زەینەبیش موسوڵمانەو ئیـسلام بـێ باوەڕو موسوڵمانی جیاکردوتەوە، بۆ یەکتری دەست نادەن[1] ئەبیلعاسیش بڕیاریدا کەبینێرێتەوە.

پێغەمبەریش (ﷺ) زەیدی کوڕی حاریـسەو یـەکێکی تـری لەگـەڵ نـارد، زەینـەب لەمەککـەوە بێنێتەوە. فەرمانیشی پێدان کەنەچنە ناو مەککـە، ئـەوان لـەدەرەوە چاوەنواڕی بکـەن، تـاکو (أبـی العاص) زەینەبیان بۆی دێنێ، ئەبیلعاس کەچۆوە مەککـە زەینـەبی ڕێکخـستو بەسـواری حوشـترێك لەگەڵ (کینانەی) برای ناردیە لای زەید، کاتەکەش کاتی نیوەڕۆ بوو بەڕێ کەوتن، قوڕەیشیەکان چاویان بەکچی پێغەمبەر کەوت ئەوا دەڕوات، ڕێگایان لێ گرتن. یەکێك ناوی (هوباری کـوڕی ئوسـوود) بـوو پێش هەموویان گەیشتە سەریان، ڕمبەکەی لەزەینەب ڕاست کردەوە. ئەویش زۆر ترسـا، لـەو کاتـەش منداڵی لەزگی بوو لەهەژمەتان منداڵەکەی لەبەرچوو. کینانەش تـیرو کەوانەکـەی ئامـادەکرد، گـوتی هەرکەسێ جوولە بکات دەیکوژم.

بوو بەهەراو هۆریا تاکو (ئەبو سوفیان) هات، بەکینانەی گـوت ڕاوەسـتە تـا دوو قـسەت لەگـەڵ دەکەم، کینانەش گوێی ڕاگرت، ئەبو سوفیان پێی گوت، تۆ کارێکی خراپت کردووە ئەو ژنەت لـەکاتی نیوەڕۆ بەئاشکرا لەبەرچاوی خەڵك هێناوەتە دەرەوەو دەتەوێ بیبەیە لای باوکی، خۆشت دەزانـی ئێمـە ئێستا تووشی چ کارەساتێك بووینو چمان لێ قەوماوە، خەڵکەکە وا دەزانن تۆبە ترسنۆکیان دادەنێـی. ئەگەر ئەو ئافرەتە بگێڕنەوە چ سوودێکمان پێناگات، بەڵام وا بەچاك دەزانم بگەڕێیتەوە تاکو خەڵکەکە هێور دەبنەوە، تۆش بەنهێنی شەو بیبە لای باوکی. کینانەش بەو قسەیە دڵنیـا بـوو، کەشـەو داهـات بەنهێنی بردی دایە دەست زەیدو گەڕایەوە.

ئەبیلعاسیش بەخۆو بەچەند بار کەلوپەلی بازرگانی بەپارەی قوڕەیـشیەکان، بـەرەو شـام ڕۆیـشت بەڵام لەنزیك مەدینە تووشی مەفرەزەیەکی موسوڵمانان بوو گرتیانو بردیانە مەدینـە. لـەناو مەدینـە هەڵی دەست کـەوتو لەدەسـتیان هـەڵاتو پـەنای بـردە بـەر زەینـەبی خێزانـی. ئـەویش پـەنای داو موسـوڵمانانیش ماڵەکـەیان دایـەوە. ئەبیلعاسـیش گەڕایـەوە مەککـە کەلوپەلـەکانی دایـەوە

---

(١) بەداخەوە ئیمڕۆ کەچاودێری ئەو فەرمانە ناکەن. زۆر پیاوی بێ باوەڕ خاوەنی ژنی موسوڵمانن.

خاوەنەکانیانی‌و بەخەڵکەکەی گوت، ئایا کەس هیچ داوایەکی لەسەر من هەیە؟ گوتیان ناوەڵڵا خوا پاداشت بداتەوە کەماڵەکەت بۆ هێناینەوە، تۆ پیاوێکی بەوەفابووی، ئەوجا لەبەرچاوی هەموویان شادەی هێناو موسوڵمان بوو، گوتیشی وەڵڵاهی تاکو ئێستا بۆیە موسوڵمان نەدەبووم نەوەك پێم بڵێن ماڵی ئێمەی خواردو بۆیە موسوڵمان بوو، لەپاش ئەو قسەیە گەڕایەوە مەدینەو پێغەمبەریش (ﷺ) زەینەبی دایەوە، پیاوێکی تریش هەبو ناوی (عومەیری کوڕی وەهەب) بوو، کوڕەکەی بەدیل گیرابوو ڕۆژێك لەکەعبە بە(سەفوانی کوڕی ئومەییەی کوڕی خەلەف)ی گوت، وەڵڵاهی ئەگەر قەرزاری خەڵك نەبام‌و ماڵ‌و منداڵەکەشم کەسیان هەبوایە بەخێویان بکردبان، دەچوومە مەدینە موحەممەدم دەکوشت، کوڕەکەشم لەدیلی رزگار دەکرد. سەفوانیش پێی گوت ئەوانە لەسەر من‌و دەبڕۆ بزانم چ دەکەی؟ ئەویش چووە ماڵەوە شمشێرەکەی هەڵگرت‌و سواری حوشترەکەی بوو ڕۆیشت، کەگەیشتە مەدینە لەدەرگای مزگەوت دابەزی‌و حوشترەکەی بەستەوەو شمشێرەکەی لەشانی کردو راوەستا. لەو کاتەدا عومەری کوڕی خەتاب چاوی پێکەوت تێگەیشت بەتەمای چیە، لەدڵی خۆیدا گوتی وەڵڵاهی ئەوە بۆ خراپە هاتووە، هەر بەخێرایی گرتی شمشێرەکەی لەملی پێچاوچوو بەپێغەمبەری گوت. ئەویش فەرمووی بیهێنە لای من. عومەریش بەهەندی لەیارانی گوت بیبەنە لای پێغەمبەر بەڵام ئاگاداری بن پەل نەبزێوێ، بردیانە لای پێغەمبەر، عومەیر بەپێغەمبەری گوت ڕۆژباش، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی خوا لەو قسەیە چاکتری فێرکردووین سەلام کردنە، تۆ پێم بڵێ بۆچی هاتووی؟ گوتی بۆ کوڕەکەم هاتووم دیلە لەلاتان.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی راستم پێ بڵێ، گوتی هەر بۆ ئەوە هاتووم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی نەخێر، تۆ لەگەڵ سەفوان دوو بەدوو ڕێکەوتن کەقەرزەکانت بو بداتەوەو ماڵ‌و منداڵەکەشت بۆ بەخێو بکات، تۆش بێی بۆ ئێرە من بکوژی. عومەیر بەو قسەیە چاوی لێ بەش بوو، گەلێك سەرسام بوو چۆن پێغەمبەر ئاگاداری ئەو قسەیە بووە، خۆ کەسیان لەلانەبوو، کەسیش نەیزانیوە لەبەر ئەوە باوەڕی هێنا، گوتی شایەدی دەدەم تۆ پێغەمبەری، ئەگەر پێغەمبەر نەبای تۆ بەو قسەیەت نەدەزانی، ئەوجا موسوڵمان بوو. دوای ئەوە عومەیر بووە موسوڵمانێکی ئەوەندە باش، گەلێ کەسیشی لەسەردەست موسوڵمان بوو.

قوڕەیش و ئەنجامی شەڕی بەدر

پاش ئەوەی قوڕەیشیەکان بەشپرەزیی لەگۆڕەپانی شەڕ هەڵاتن و بەسەر شۆڕی گەڕانەوە، لەباتی بادەی شەراب بنۆشن، بادەی مەرگیان نۆشی، لەباتی سەرکەوتن هەڵاتنیان بۆ مایەوە و لەباتی سەمای کیژان ژنان لەمەککە شین و شەپۆڕیان بۆ کردن.

یەکەم کەس لەقوڕەیشیان کەگەیشتەوە مەککە باسی شەڕەکەی بۆ بردن، ناوی (حەیسونی کوڕی عەبدوڵڵای خوزاعی بوو). هەرکە گەیشتەوە ناو قوڕەیشیان هەموو بەخێراو لێیان پرسی چیت لەلایە پێمان بڵێ. ئەویش گوتی، عوتبەو شەیبە کوڕانی ڕەبیعەو ئەبولحەکەم (ئەبو جەهل)و (ئومەییەی کوڕی خەلەف)و (زەمعەی کوڕی ئەسوەد)و (نەبیهومونەبەهو) (ئەبولبوختری کوڕی هوشام) هەموو کوژران، گەلێکی تریشی لەکوژراوان بۆ ژماردن، ئەوانە هەمووی لەسەردارانی قوڕەیش بوون. خەڵکەکە باوەڕیان نەکردو گوتیان حەیسون شێت بووە. (سەفوانی کوڕی ئومەییە) گوتی وەڵڵاهی ئەو قسەیە عەقڵ نایگری، بەهەندێ کەسی تەك خۆی گوت لەمنی لێ بپرسن بزانم چ دەڵێ، پێیان گوت سەفوانی کوڕی ئومەییەی کوڕی خەلەف چی کرد، گوتی ئەوەتا لەنزیك کەعبە دانیشتووە، وەڵڵا باوکی و براکەییم دیت هەردووکیان کوژران. ئەوجا خەڵکەکە باوەڕیان کردو پەژارەیی و ماتەمی دایگرتن و هەندێکیان لەتاوان شێت بوون. زۆربەیان سەرشێت بوون و کەوتنە هات و چۆ کردن و نەیاندەزانی چ بکەن. ژنان دەستیان کرد بەلەخۆدان و شین و شەپۆڕو پرچی خۆیان تاشی و زۆر لەوڵاغەکانی کوژراوەکانیان سەربڕی. دوایی بەژنەکانیان گوت ئەو شین و ڕۆڕۆیە مەکەن با موسوڵمانان پێمان خۆش نەبن.

ئەگەرچی ژنەکان تا ماوەیەك وازیان هێنا، بەڵام دوایی هەر گەڕانەوە سەر شین و ماتەمی خۆیان، تەنیا هەندێك نەبێ گوتیان ئەگەر بزانین شین و تازیە تۆڵەمان دەکاتەوەو غەم و پەژارەییمان لا دەبات دەیکەین، بەلام تا تۆڵەی خۆمان نەکەینەوە، هیچ شتێك ناکەین.

ئەبولەهەبیش کەزانی قوڕەیش وای بەسەرهاتوە، لەداخا نەیدەزانی چ بکات و زۆریشی باوەڕ نەکردبوو. (عیکریمە)ی پیاوی عەبباسی کوڕی عەبدولموتەلیب دەگێڕێتەوەو دەڵێ، من گەنجێك بووم بەنهێنی موسوڵمان ببووم و لەگەڵ دایکی (فەزڵ) واتە خێزانی عەبباس لەسەر ناوی زەمزەم دانیشتبووین، منیش بێهێزو نابووت بووم، پەرداغم دروست دەکردو دەم نەخشاند، کەباسی شکستی

قورەیشیانمان پێگەیشت هەردووکمان زۆر دڵخۆش بووین، کاتێك دیتم (ئەبو لەهەب) بەشەپرێوی دەهات، دەستەکانی بەخۆیدا شۆڕکردبۆوەو قاچەکانی لەدوای خۆی ڕادەکێشا، بەلامانەوە هاتو دانیشتو پشتی لەمن کرد، لەوکاتە موغیرەی کوڕی حاریسی کوڕی عەبدولموتەلیب بەوێدا هات، ئەبو لەهەب بانگی کرد گوتی، برازا وەرە لام دانیشە تۆ دەنگو باست لەلایە. ئەویش چووە لای دانیشت، ئەبو لەهەب پێی گوت پێم بڵێ ئەو خەڵکە چی بەسەرهات؟ ئەویش گوتی کە لەگەڵ یارانی موحەممەد بەرەنگاری یەك بووینو شەڕ دەستی پێکرد، هەر ئەوەندەمان پێکرا پشتیان تێکەینو هەڵێین، ئەوانیش کەوتنە دوومان، ئەوەی کوشتیانو ئەوەی بەدیلیان گرت، ئەوی تریش هەڵاتین. سوێندم بەخوا بێت هەندێ سواری بەرگ سپیمان ئەدیت دەکەوتنە دوومان، بەڕاستی هەر ئەوان هێزەیان پێ کردین.

عیکریمە دەڵێ کەموغیرە ئەو قسەی کرد خۆم پێ نەگیرا، هەندێ پەتم لەلا بوو بڵندم کردو بەزەویم داداو گوتم وەڵڵاهی ئەوانە مەلائیکەت بووین. لەگەڵ ئەو قسەیەم کرد ئەبو لەهەب کۆڵە مستێکی لەدەمو چاودام، منیش لەسەر ئەو نابووتیو بێهێزیەی خۆمەوە بەگژیدا چوومەوە. کەبڵندی کردمو بەزەوی دادامو کەوتە سەر سینگمو دەستی کرد بەلێدانم، چا بوو دایکی فەزڵ مەترەقێکی دەست داین، یەك مەترەقی لەسەری داو سەری شکاندو پێی گوت، چونکە خاوەنی لێرە نیە وا دەزانی بێکەسە بۆیە وای لێ دەکەی. ئەوجا لەسەرم هەڵستاو ڕۆیشت. دوای ئەوە هەر حەوت یا هەشت ڕۆژان ژیا، تووشی نەخۆشی خوریکە بوو پێی مرد. ماوەی چەند ڕۆژان کەلاکی لەماڵ مایەوە بۆگەن ببوو. تەنانەت کوڕەکانیشی نەیاندەوێرا لێی نزیك ببنەوە، چونکە عەرەبەکان لەو نەخۆشیە زۆر دەترسان. تاکو هەندێ کەس کوڕەکانیان ڕوو شکێن کردو ناچار چوونە سەری نەشیانتوانی بیشۆن، هەر لەئاویان هەڵکێشاو بردیانە شوێنێکو لەبن خۆڵێان نا.

﴿ ژیانی مەدینە پاش شەڕی بەدر ﴾

شەڕی بەدر کارێکی زۆر گەورەی کردە سەر هەموو عەرەب، بەتایبەتی لەسەر کۆمەڵگای ناو شاری مەدینە، جوولەکەو دوو ڕووەکانیش بەسەرۆکایەتی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی لەگەڵ بت پەرستانی مەدینە، هەستیان بەهێزی موسوڵمانان کرد، گەلێ کەسیش پاش شەڕەکە موسوڵمان بوو،، دیتیشیان

ڕۆژ بەڕۆژ هێزی موسوڵمانان بەرەو زیادەیەو دەسەڵاتیان بەسەر تەواوی دانیشتوانی مەدینە دەشکا. لەبەرئەوە کەوتنە دوژمنایەتی بەتێن‌و پیلان دانان‌و نانەوەی دووبەرەکی لەنێوان موسوڵمانان.

هەروەها عارەبە کۆچەریەکانی بیابانی دەوری مەدینە ڕێزی هیچ یاسایەکیان نەدەگرت‌و لەهیچ شتێك نەدەترسان، تەنیا لەهێز دەترسان، هیچ مەبەستێکیشیان لەژیان، تەنیا کۆکردنەوەی ماڵ‌و سامان نەبێت، ئەوجا بەهەر جۆرێك پەیدای بکەن، با لەڕێگەی تاڵان‌و جەردەیی‌و زەوت کردن بێت، تاکو سەردەمی ئێستاش لەسەر ئەو کارە پیسەیان هەر ماون، چەند ساڵێك لەمەوبەر دەوڵەتی سعودی ڕێگای حەجاجەکانی تەواو ڕێك نەخستبوو، ئەو عارەبانە دەچوونە سەر ڕێگایان ڕاوڕووتیان دەکرد. لەسەردەمی پەیدابوونی ئیسلامیش گەلێ جاران بەسەر مەدینەیان دادەواو ماڵاتەکانیان بەتاڵان دەبردن، هەردەمیش دڵیان لەگەڵ جوولەکەکان بوو.

جوولەکەکانیش لەپاش شەڕی بەدر، بەقسەی پڕوپوچ‌و هۆنراوەی ناشیرین کەوتنە بەربەرەکانی موسوڵمانان، واش نەبوو کە هەر بەربەرەکانی بیروباوەڕی ئیسلام بکەن، بەڵکو بەربەرەکانی پێغەمبەریان دەکردو دەیانەویست بیکوژن، هەر ڕۆژەی پیلانێکیان بۆ دەنایەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) لەو شتانە بێ ئاگا نەبوو، هەردەم خوا ئاگاداری دەکرد.

موسوڵمانەکانیش یەکەم جار خۆیان زۆر لەدانیشتوانی مەدینە دەپاراست، گەلێ جاران یەخەیان دەگیراو گێچەڵیان لەلایەن دوو ڕووەکان‌و بت پەرستەکان پێ دەکرا. بەڵام موسوڵمانان لەدوای شەڕی بەدر ورەیان زۆر بەرزبوو، چیتر لەڕاست‌و زمان پیسی‌و دەست درێژی بێ دەنگ نەدەبوون.

پیاوێك هەبوو پێیان دەگوت (باوکی عیفك)، ئەو پیاوە بەهۆنراوەکانی زۆر زمان درێژی دەکردە سەر پێغەمبەرو موسوڵمانان‌و خەڵکی لەدژ هان ئەدانن لەبەرئەوە (سالمی کوڕی عومەیر) خۆی پێ ڕانەگیرا، شەوێك چووە سەری کوشتی.

ژنێکیش هەبوو ناوی (عەسمای کچی مەڕوان) بوو، ئەویش زۆر بەبێ ئابڕوانە بەهۆنراوەکانی جنێوی بەپێغەمبەر دەدا، (عومەیری کوڕی عەوف) نیوە شەوێك چووە سەری‌و کوشتی. بەیانی چووە لای پێغەمبەرو کردەوەکەی بۆ گێڕایەوە. کەژنەکەیان ناشت یەخەی عومەیریان گرت‌و گوتیان تۆ کوشتووتە، ئەویش زۆر ئازایانە گوتی بەڵێ من کوشتوومە. سوێند بەو خوایە هەر کەسێ وەك ئەو ژنە زمان درێژی بکاتە سەر پێغەمبەر دەیکوژم، ئێوەش هەرچی لەدەستتان دێت درێغی مەکەن.

﴿ جوولەکەی بەرەی قەینوقاعو پێغەمبەر ﴾

موسولمانان چ ڕۆژێك بیریان نەدەکردەوە لەگەڵ جوولەکە تێك بچنو پەیمان بشکێننو لەوڵات دەریان بکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە موسولمانان چاوەنواڕبوون جوولەکە لەشەڕی بت پەرستانو چەسپاندنی باوەڕ بەخوای تاكو تەنیا بۆیان ببنە پشتیوان. هومێدەوار بوون جوولەکەکان خۆشیان بەگوێرەی ئەوکتێبانەی هەیانبوو باوەڕ بەپێغەمبەر بێنن ئاینی ئیسلام بەڕاست بزاننو یارمەتیشیان بدەن، بۆ ئەوەی کەبت پەرستەکانیش باوەڕ بەئایینی ئیسلام بێنن.

ئەو بیر کردنەوەی موسولمانان بەگوێرەی فەرمودەی خوا بوو کە لەقورئان دەفەرموێ: ﴿وَيَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَسْتَ مُرْسَلاً قُلْ كَفَى بِاللّهِ شَهِيدًا بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَمَنْ عِندَهُ عِلْمُ الْكِتَابِ﴾[1] واتە: بت پەرستانو بێ باوەڕان پێت دەڵێن، تۆ لەلای خواوە نەنێردراوی، پێیان بڵێ لەنێوان ئێمەو ئێوە خوا ئاگادارە (شاهیدە)و ئەوانەی خاوەن کتێبیشن ئەوانیش ئاگادارن من پێغەمبەرمو لەلای خواوە نێردراوم. هەروەها دیسان دەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَفْرَحُونَ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمِنَ الأَحْزَابِ مَن يُنكِرُ بَعْضَهُ قُلْ إِنَّمَا أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ اللّهَ وَلا أُشْرِكَ بِهِ إِلَيْهِ أَدْعُو وَإِلَيْهِ مَآبِ﴾[2] واتە: ئەوانەی کتێبمان پێداون (واتە جوولەکەکان) دڵخۆشن بەو قورئانەی بۆت هاتووە، کۆمەڵانی عەرەبیش باوەڕ ناکەن، پێیان بڵێ من لەلایەن خواوە فەرمانم پێدراوە کەتەنیا خوا بپەرستمو هاوبەشی بۆ پەیدا نەکەم، هەموو پێویستیەکیشم هەر لەخوا داوا دەکەمو دەگەڕێمەوە بۆ لای ئەو.

بەڵام جوولەکەکان بەپێچەوانەی ئەو فەرمانەی خوا بیریان زۆر خراپ بوو لەگەڵ موسولمانان، لەبەر چاوچنۆکیو خۆپەرستیو خۆ بەگەورە زانین، لەگەڵ هەموو پێغەمبەرێك تووشی دڵ ڕەقیو دووژمنایەتی دەبوون، هەردەم دانیان بەپێغەمبەران دا نەهێناوەو بەریەرەکانیان کردوون. چەندین پێغەمبەریان کوشتوە، باوەڕیشیان بەقورئانو ئینجیلو زەبور نیە، تەنیا باوەڕیان بەتەوراتی خۆیان هەیە، کە هەمووشیان لەبنەڕەتەوە گۆڕیوەو ڕاستیان تێدا نەهێشتووەو هەموو فەرمانێکی ڕاستیان

---

(١) الرعد: ٤٣.

(٢) الرعد: ٣٦.

شاردۆتەوە. خۆ ئەگەر هەر لەسەر دڵ پیسیو هەناو ڕەشی خۆیان بڕۆیشتبان، تەینا جنێویان بەپێغەمبەر نەدابایەو ستایشی دوژمنانی پێغەمبەریان نەکردبایە، موسڵمانان وازیان لێ دەهێنان قەت شەڕیان لەگەڵ نەدەکرد. بەڵام موسوڵمانان خەریکی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی بوون، جوولەکەش خەریکی کاول کردنی بوون. موسوڵمانان بەگژ بت پەرستان دادەچوون، جولەکە بەپڕوپاگەندە یارمەتی بت پەرستانیان ئەدا. لەهەمووبیان خراپتر بەرەی (قەینوقاع) بوو. ئەمانە دەوڵەمەندو تێربوون، بۆیە زۆر لەخۆیان بایی ببوون بەقسەی ناشیرینو توانجو گاڵتە کردن کەوتنە ئازاردانی موسوڵمانان، لەبەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژێکیان لەبازاڕەکەیان کۆی کردنەوەو پێی گوتن ئەی کۆمەڵی جوولەکە، خوا بترسن، بەدووری مەزانن خوا بەلایەکی واتان بنێریە سەر وەك قورەیشیەکانتان بەسەر بێت باوەڕ بێنن من پێغەمبەرم خوا هەڵیبژاردوومە، هەروەك خوا لەکتێبەکانتان پەیمانی پێداونو بەخۆتان دەیبینن.

جوولەکە لەجیاتی باوەڕ بێننو بەقسەی بکەن، لێی هاتنە وەڵام، گوتیان ئەی موحەممەد تۆ لەخۆت بایی مەبە، کەتووشی هۆزێك بووی هیچ شارەزاییان نیە لەشەڕو هەلێکت بۆ هەڵکەوتو بەسەریاندا زاڵ بووی، بەڵام بەو خوایە ئەگەر ئێمە لەگەڵت بکەوینە شەڕ، دەزانی ئێمە پیاوین. ئەو قسەیە هەردوولای لێك ئاشکرا کرد، پەیمانی نێوانیان کەڵکی نەما. جوولەکە لەهەلێکی ڕاستەوخۆ دەگەڕان، تا لەگەڵ موسوڵمانان بەشەڕ بێن.

وا ڕێکەوت ڕۆژێك ژنێکی موسوڵمان، پارچە زێڕێکی بردە لای زێڕینگرێکی جوولەکە بۆ ئەوەی بیفرۆشێ، کەژنەکە لەلای زێڕینگرەکە دانیشت، چەند جوولەکەیەکی تریش لەوێ بوون، ویستیان گاڵتە بەژنەکە بکەن، داوایان لێ کرد ڕووی خۆی هەڵداتەوە، ئەمەش بۆ ئافرەتێکی موسوڵمانی بەشەرمو حەیا، بریندارکردنێکی گەورەیەو ئەویش ڕووی خۆی هەڵنەدایەوە، جولەکەیەك لەپشتەوە کراسەکەی هەڵتریشاند، کەئافرەتەکە ڕاست بۆوە لەشی بەدەرکەوت، جولەکەکان پێی پێکەنین (ئەو جۆرە کردەوانەش بەرەوشتی عەرەبو ئیسلام بێ ڕێزیە، ژنەکە بەخۆیدا شکایەوە، هاواری کرد، لەو دەمەدا پیاوێکی موسوڵمان ئاگادار بوو تاوی دایە زێڕینگرەکەو کوشتی. ئەو جوولەکانەی کەلەوێ بوون کەڵەکەیان لەسەر موسوڵمانەکە کردو کوشتیان.

ئیتر بەو کارە ناڕێکە، شەڕ لەنێوان موسوڵمانانو جوولەکان لەبازاڕ بەرپا بوو. شەڕەکە گەورەبوو، جوولەکە خۆیان ڕانەگرتو هەڵاتنە ناو قەڵاکەیانو خۆیان قایم کرد. پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمانی دایە

موسوڵمانان دەورەی قەڵاکەیان گرت، ماوەی یازدە ڕۆژان نەیهێشت هیچیان بۆ بچێ، چارەیان نەما لەسەر فەرمانی پێغەمبەر خۆیان بەدەستەوەدا، بەڵام (عەبدوڵلا کوڕی ئوبەی) سەرۆکی دوو ڕووەکان، کەوتە تکاو پاڕانەوە لەپێغەمبەرو دەستی لەبەر پشتی پێغەمبەر نا چەندی پێغەمبەر گوتی بەرم بدە، گوتی تاکو لێیان نەبووری وازت لێ نایەنم، ئەوانە هاوپەیمانی ئێمە بوونو من لەخراپەی دوا ڕۆژ دەترسم. پێغەمبەریش (ناچار بوو گوتی ئەوا بەتۆم بەخشین، فەرمانیشیدا کە لەمەدینە بڕۆنو دوورکەونەوە. جوولەکەکان لەقەڵاکەیان هاتنە دەرەوە، عەبدوڵلای ئوبەی ویستی دووبارە تکا لەپێغەمبەر بکاتەوە، بەڵام موسوڵمانێك نەیهێشت عەبدوڵلا بگاتە پێغەمبەرو لەگەڵی کەوتە شەڕو سەری عەبدوڵلای شکاند. جوولەکەش گوتیان مادام سەری عەبدوڵلایان شکاند، ئێمە لەو وڵاتە نامێنین ئیتر هەموویان بەرەو شام هەڵکشانو چوونە دۆڵێك پێی دەڵێن دۆڵی (قیرا)، لەوێ مانەوە بەزۆری فەوتان. بەو جۆرە مەدینە لەشەڕ فرۆشو جنێو فرۆشان خاوێن بۆوە.

﴿ کوشتنی کەعبی کوڕی ئەشرەف ﴾

موسوڵمانان کەوتنە چاودێری هەموو کەسێکی کەپەیمان دەشکێنێو ئەوانەی بەئاشکرا شەڕ لەگەڵ خواو پێغەمبەر دەکەنو لایەنگیری قورەیشیەکان دەکەن، بەتایبەت سەردارانی جوولەکەکان یەك لەوانە (کەعبی کوڕی ئەشرەف)، جوولەکەیەکی زیرەكو ناودارو شاعیر بوو، بەهۆنراوەکانی بەسەر ژنانی موسوڵمانانی هەڵدەگوت. هەروەها پاش شەڕی بەدر چووە مەککەو کەوتە دڵدانەوەی قورەیشیەکانو هاندانیان بۆ تۆڵە ستاندنەوە لەموسوڵمانان.

پێغەمبەرو موسوڵمانان نەیانتوانی چیتر لەکردەوەو قسەی کەعب بێ دەنگ بن. هەتاکو پێغەمبەر (ﷺ) بەتەواوی دەری بڕی، ڕۆژێك بەیارانیگوت کێ بێت کەعب لەکۆڵ کاتەوە. موسوڵمانێك کەناوی (موحەممەدی کوڕی سەلەمە) بوو، لەگەڵ یەکێکی تر کەبە(باوکی نایلە) بەناوبانگ بوو، شیربرای کەعب بوو، لەگەڵ هەندێکی تر ماوەیان لەپێغەمبەر خواست بۆ ئەوەی کەعب بکوژنو داواشیان کرد ئەگەر هەر قسەیەکی لەگەڵ کەعبیان کرد لەسەری تاوانبار نەکرێن.

پێغەمبەریش ر ماوەی دان کەچی دەیڵێنو دەیکەن با بیکەنو بیڵێن. موحەممەدی سەلەمە چووە

لای کەعبو پێی گوت ئەو کابرایە (واتە پێغەمبەر) هاتە ئێرە داوای یارمەتیو پاراستنی لەئێمە کرد، وا ئێستاش هەموومانی پەك خستووە، منیش هاتوومەتە لای تۆ کەهەندی پارەمان بدەیتیو یارمەتیمان بدەی بزانین ئەو کابرایە تا چ ئەندازەیەك دەڕواتو چی بەسەردێت. کەعب گوتی باشە، بەڵام من بارمتە (رهن)م دەویٚ موحەممەدی سەلەمە گوتی چیت دەویٚ بەبارمتە تا بتدەمیٚ؟ کەعب گوتی ژنەکانتانم بەبارمتە بدەنیٚ، محەممەدی سەلەمە گوتی چۆن دەبیٚ ژنت بەبارمتە بدەینیٚ تۆ جوانترین گەنجی عەرەبی، گوتی باشە کوڕەکانتانم بەبارمتە بدەنیٚ، ئەویش گوتی نابیٚ، چونکە ئەوکات منداڵان پێیان دەڵێن تۆ بارمتەی چەند پوولێکی، ناوەڵڵا چەکەکانمانت بەبارمتە دەدەینیٚ. کەعب رازی بوو. ئەبو نایلەش چووە لای کەعب هەر هەمان قسەی لەگەڵ کرد، گوتیشی هاتنی ئەو پیاوە لەسەرمان بوویتە بەڵا، هەردوولای پەك خستووەو هەردوولای بەیەك تیر بڕین، هەموو رێگەیەکی لیٚ بڕینەوە تاکو خۆمانو ماڵو منداڵمان برسی بووین، ئەوجا کەعب رازی بوو پارەیان بداتیٚو چەکەکانیان بەبارمتە لیٚ وەربگریٚ.

شەوێکی مانگەشەو موحەممەدی سەلەمەو ئەبو نایلەو چەندانی تر بەخۆو بەچەکەکانیەوە بۆ پارە وەرگرتن چوونە ئەو قەڵاتەی کەعبی لێیە. کەلەدەرگایاندا، ژنەکەی کەعب گوتی ئەو دەنگەم زۆر لەلا ترسناکە، بەوشەوە دەڵێی خوێنی لیٚ دەتکێتەوە، بەکەعبی گوت دەرگە مەکەوە. کەعبیش گوتی چۆن دەرگە نەکەمەوە، پیاو دەبیٚ مەردو ئازا بیٚو نەترسی، ئەگەر بۆ مردنیش بانگی بکەن دەبیٚ بچیٚ. بۆیە بەبیٚ ترسو بەفیزەوە بۆیان چووە دەرەوە، بۆنێکی زۆریشی لەخۆیدابوو، دووریان خستەوەو کەعب بەتەواوی لێیان دڵنیا بوو. ئەبو نایلە لەکەعب نزیك بۆوە دەستی هاوێشتە سەر سەری کەعب، پێی گوت چ بۆنێکم لەو بۆنەی سەری تۆ خۆشتر نەدیوە. کەعبیش زۆری دڵ بەو قسەیە خۆش بوو، پاش هەندێکی تر ئەبو نایلە دووبارە دەستی هاوێشتەوە سەر پرچیو دەستی بەتوندی لیٚ گیر کردو دەنگی هاوڕێکانیدا گوتی لێی دەن لەو دوژمنەی خوا، ئەوجا هاوڕێکانی دایانە بەر شمشێران. کەعب دەنگی زۆر گەورە بوو کەهاواری کرد، دانیشتوانی ناو قەڵاکەی هەموو بەخەبەر هێنا. هەر ماڵەی ئاگرێکیان کردەوە، نیشانەی ئەوەی کەشتێکی گەورە روویدا.

کەعب کوژراو کۆمەڵی موسوڵمانانیش گەڕانەوە، بەیانی جولەکە زانیان سەرۆکی تاوانباریان

کوژراوە، هەموویان لەناو قەڵاتەکانیان خۆیان مات کرد، هیچیان نەهاتنە دەرەوە[1] . کوشتنی کەعب وای کرد هەموو جوولەکە لەڕاست پێغەمبەر بێ دەنگ بوون‌و نەیانوێرا چیتر بەئاشکرا، هەرە پاسی بەرامبەر موسوڵمانان بکەن‌و توانج لەپێغەمبەرو موسوڵمانان بگرن‌و جنێویان پێ بدەن.

﴿ پەلامارەکەی ئەبو سوفیان ﴾

پاش سەرکەوتنی شەڕی بەدر، موسوڵمانان هەناسەی خۆشی‌و ئازادیان هەڵێنا، خەڵکەکەش هێور بۆوە، هەروەکو پاش هەموو شەڕێك هێور بوونەوە پەیدا دەبێ. بەڵام موسوڵمانان لەخۆبایی نەبوون، مەستی‌و بێ ئاگایی‌و بێ باکی نەیگرتن، چاك دەیانزانی پاش ئەو کارەساتەی قوڕەیشیەکان بەسەریان هات‌و بەلەشکری شکاو گەڕانەوە مەککەو شەرمەزارو سەر شۆڕبوون لەڕاست ژن‌و منداڵی خۆیان‌و هۆزەکانی تری عەرەب، قوڕەیش هەوڵ ئەدەن تۆڵەی خۆیا بکەنەوە.

ئەبوسوفیانیش هەستی بەکەمی کرد، لەبەرئەوە مەرجی لەگەڵ خۆی کرد کەئاو بەلەشی نەکەوێ تاکو تۆڵەی شەڕی بەدر نەکاتەوەو ناوو ناوبانگی قوڕەیش بەرز نەکاتەوە!. بۆ ئەوەش ویستی کردەوەیەك بکات ئەگەر کەمیش بێت، بەڵام کاریگەر بێت‌و ناوبانگی زل بێت.

ئەبو سوفیان بڕیاریدا لەپڕ هێرشێك بباتە سەر مەدینەو زیانیان لێ بدات. هەستا دوو سەد سواری بەدوای خۆیداو ڕۆیشت تاکوو لەنیوەشەو گەیشتە گەڕەکی جوولەکەکانی بەرەی نەزیر. چوو لەدەرگەی ماڵی (حویەی کوڕی ئەختەب)ی دا، بەڵام حویەی دەرگەی لێ نەکردەوە، ناچار بوو چوو مێوانی (سەلامی کوڕی میشکم) بوو، کەسەرداری بەرەی نەزیرو ئەمینداری داراییان بوو، سەلام نانی بۆ دروست کردو بادەی دەرخوارد داو هەموو دەنگ‌و باسی موسوڵمانانی پێگوت. ئەوجا پیلانیان دانا بۆ ئازاردانی موسوڵمانان تاکو لێیان ڕزگاربن. لەپاشان ئەبو سوفیان ڕێگەیەکی دۆزیەوە سوێندەکەی بگەێنێتەجێ، هێرشی بردە سەر باخچەیەکی دەوری مەدینەو سوتاندی‌و لەوێ تووشی دوو پیاوی موسوڵمان بوو کوشتنی‌و بەرەو مەککە هەڵات.

---

(١) سەحیحی بوخاری دار النشر ریاض لاپەڕە ٧٢٩-٧٣٠ ژمارە ٤٠٣٧.

موسوڵمانان هەستیان بەو کارە کرد، پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ موسوڵمانان لەو بیابانە فرەوانە کەوتە دوویان، زۆر بەسۆزەوە دەڕۆیشتن تاکو پێیان بگەنو تۆڵەیان لێ بکەنەوە، بەڵام ئەبو سوفیان کەزانی موسوڵمانان کەوتوونەتە دوای، بەخێرایی کەوتە خۆ سووك کردنو هەرچی ئازووقەی پێیان بوو فڕێیان دا، بەتایبەتی خواردەمەنی (سەویق) کەلەئاردو شیرنایەتی دروست دەکرێت. بەوە توانی دەرباز بێنو موسوڵمانان پێیان نەگەن، موسوڵمانانیش چارەیان نەما گەڕانەوە، بەڵام لەڕێگاهەموو ئازووقەکانی قوڕەیشیەکانیان هەڵگرتەوە لەگەڵ خۆیان بردیانەوە. بۆیە ناویان لەو هێرشە نا هێرشی (سەویق)، ئەبو سوفیان بەو هەڵاتنە هەندەی تر ناوبانگی نزمتر بوو، پێغەمبەرو موسوڵمانانیش ناوبانگیان زۆر بەرزتر بۆوە.

﴿ کۆچەرەکانی بیابانو موسوڵمانان ﴾

کۆچەرانی بیابان پێش شەڕی بەدرو شەڕی سەویق هیچ گوێیان بەموسوڵمانان نەدەدا، بەڵام لەپاش ئەو شەڕانە کۆچەرەکان تێگەیشتن موسوڵمانان هێزێکن توانایان هەیە بەرەو ڕووی قوڕەیش رابوەستنو جوولەکەی قەینوقاع دەربکەن، بۆیە ترسیان لێ پەیدا بوو، وایان لێهات ژمارەیەكو پێوانەیەکی تر بۆ موسوڵمانان بکەن. سەرۆکی دوو ڕووەکانیش لەهەموان زیاتر ترسی کەوتە مێشك. بەڵام هۆزەکانی بیابانی نێوان مەککەو مەدینە بەلای دەریای سوور، ئەوانە بیریان لەدواڕۆژی خۆیان کردەوە، دیتیان ژیانیان کەوتۆتە مەترسی، ئەو ڕێگایەی ڕۆخ دەریا کەقوڕەیشیەکان هاتو چۆی بازرگانیان پێدا دەکرد بۆ شام، سوودێکی باشیان لەو قوڕەیشیانە دەست دەکەوت، بەڵام ئەوا ئەو ڕێگایە تازە گیرا. ئەدی چ بکەن؟.

ئەو هۆزانە بەسروشت کۆمەڵێکی نەفامو وشكو توند ڕەوشت بوونو دوور بوون لەهەموو شارستانیەتێك تەنیا ماڵ پەرستن نەبێ چیتریان لەناو مێشك دا نەبوو، زۆر دوو ڕوو بەفێڵ بوون هەندێك لەو هۆزانەی نزیك مەدینە بیریان کردەوە دەست درێژی بکەنە سەر موسوڵمانان لەناو مەدینەو هێرشیان ببەنە سەر.

پێغەمبەر (ﷺ) بەوەی زانی دەستی پێش خست، پێش ئەوەی ئەوان ئامادەبنو بێنە سەریان

بەخۆی لەگەڵ موسوڵمانان بۆیان دەرچوو، کەگەیشتە شوێنێك پێی دەڵێن (قەرقەرە) ماڵاتێکی زۆریان دیت کەسیشی لێ نەبوو، بۆیە پێغەمبەر هەندێ کەسی نارده سەری دۆڵەکەو بۆ خۆشی لەناو دۆڵەکە مایەوە. تووشی مێرد منداڵێك بوو، ناوی (یەسار) بوو، لێی پرسی ئەو کۆچەرانە بۆ کوێ چوون؟ گوتی هەوراز بوونەوە بۆ سەر ئاوەکە چوونو هەڵاتنە سەر کێوەکان. پێغەمبەریش (ﷺ) گەڕایەوە مەدینەو هەموو ماڵاتەکەشی لەگەڵ خۆی هێنا. پاشی ماوەیەکی کەم بیستی کۆمەڵێك لەبەری سولەیم، لەشوێنێك پێی دەڵێن (بەحران) ئامادەبوون بەسەر مەدینەدا بدەن، پێغەمبەریش (ﷺ) بەخۆو بەسێسەد کەسەوە بۆیان دەرچوو.

نزیك (بەحران) بوونەوە، کەسی بەدی نەکرد، تووشی پیاوێك بوو لێی پرسی ئەوانە لەکوێنو بۆ کوێ چوون، کابرا گوتی هەموویان پەرتو بڵاوبوونەوە. ئەوجا پێغەمبەر گەڕایەوە مەدینە.

﴿ بازرگانی قورەیش بەڕێگای عیراقدا ﴾

ئەبو سوفیان لەو هێرشەی کردیە سەر مەدینە هیچ سەرکەوتنێكو ناوبانگێکی وەدەست نەهێنا سەریان پێی بڵند بێتەوە. موسوڵمانانیش هەندەی تر هوشیار بوونەوە، قورەیش واز نایەنیو هەوڵ ئەدات بۆ تۆڵە ستاندنەوەی شەڕی بەدر.

قورەیشیەکانیش تێگەیشتن موسڵمانان ئاگاداری خۆیان دەکەنو توانایان هەیە بەرگری تەواو لەخۆیان بکەن. هەروەها دیتیان ڕێگای ڕۆخ دەریاشیان لێ کەوتە مەترسیەکی گەورەو تازە ناوێرن پێیدا بڕۆن با هێزێکی گەورەشی لەگەڵ بێت ناشتوانن واز لەبازرگانی بێنن کەشادەماری ژیانو خۆشیان بوو، لەبەرئەوە بیریان کردەوە شتێکی وا بکەن بازرگانیەکەیان لەگەڵ شام نەپسێتەوە. لەدانیشتنێکی ناو مەککە (سەفوانی کوڕی ئومەییە) گوتی ئەوا موحەممەدو یارانی ڕێگای بازرگانیان لێ گرتینو بەریشی نادەن، نازانیان چیان لەگەڵ بکەین، گەلێکیش لەهۆزەکانی ڕۆخ دەریاش بووینە هاوپەیانیان. ئەگەر لەماڵ دانیشین، سەرمایەکەمان نامێنێ هەمووی دەخۆین، ئەو کاتە چمان نامێنێ پێی بژین. (ئەسودەی کوڕی موتەڵیب) پێی گوت واز لەو ڕێگایە بێنن، بەڕێگای عیراقدا بڕۆنو (حەییانی کوڕی بەکر)یش ڕێگا نیشاندەرێکی زۆر باشە با لەگەڵتان بێت. قورەیشیەکان ئەو قسەیان پەسەند کردو

کاروانێکیان ڕێکخست بای سەد هەزار درهەم بوو، زۆرترینی بارەکان زیو بوو، بەسەرکردەی سەفوانی کوڕی ئومەییە بەڕێگای عیراقدا ڕۆیشتن. کاتەکەش زستان بوو لەو بیابانە دوورو درێژە پێویستیان زۆر بەئاو نەبوو، لەکاتی ئەو گفتوگۆیەی کردیان موسوڵمانێکی مەدینەیی ناوی (نوعەیمی کوڕی مەسعود) بوو، لەمەککە بوو میوانی (سەلیتی کوڕی نەعمان) بوو. ئەو پێکەوە دانیشتبوونو سەلیت باسی ئەو کاروانەی بەتەواوی بۆ نوعەیم گێڕایەوە، نوعەیمیش بەخێرایی خۆی گەیاندەوە مەدینەو باسەکەی بۆ پێغەمبەر گێڕایەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمانیدا لەشکرێکی سەد سواری بەسەرکردایەتی (زەیدی کوڕی حاریسە) بۆیان دەرچوون تاکو گەیشتنە سەر ئاوێك لەبیابانی نەجد پێی دەڵێن (قەرەد)، لەوێ بەکاروانەکە گەیشتنو هێرشیان بردە سەری هەموویان هەڵاتن تەنیا (فوراتی کوڕی حەییان) نەبێت.

موسڵمانەکانیش دەستیان بەسەر کاروانەکەدا گرتو فوراتیشیان بەدیل گرتو گەڕانەوە مەدینە. لەوێ فورات موسوڵمان بوو. پێغەمبەر (ﷺ)ماڵەکەی بەسەردابەش کردن. پاش ئەوەی بەگوێرەی فەرمانیخوا پێنج یەکی گێڕایەوە کەلەقورئان دەفەرموێ: ﴿وَاعْلَمُواْ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ إِن كُنتُمْ آمَنتُمْ بِاللّهِ وَمَا أَنزَلْنَا عَلَى عَبْدِنَا يَوْمَ الْفُرْقَانِ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾(١).

واتە: ئەی موسوڵمانان ئەوەی لەشەڕی بێ باوەڕان بەدەستتان دەکەوێ کەم یا زۆر، پێنجیەکی ئەو دەست کەوتانە بۆ خواو پێغەمبەرە، واتە دەسکەوتەکە دەکرێتە پێنج بەش، بەشێك لەو پێنج بەشە دەکرێتەوە پێنج بەش، بەشێك بۆ پێغەمبەرەو بەشێکیبۆ خزمانی پێغەمبەرە، بەشێك بۆ هەتیوانە، بەشێك بۆ پەك کەوتە هەژارەکانەن بەشەکەی تر بۆ دابڕاوانە کە لەڕێگا ماونەتەوەو پارەیان لێبڕاوەو ناتوان بگەنەوە ماڵێ خۆیان کەپێیان دەڵێن (إبن السبيل). چوار بەشەکەی تر بەسەر جەنگاوەراندا بەش دەکرێ، ئەوەش فەرمانی خوایە ئەگەر ئێوە باوەڕتان بەخواو فەرمانی خوا هەیە ئەوەی بۆ پێغەمبەرمان نارد، لەڕۆژی گەیشتنەیەکی دوو کۆمەڵ واتە بێ باوەڕانو موسوڵمانان، ڕۆژی جیاکەرەوە (واتە ڕۆژی شەڕی بەدر) لەنێوان ڕاستیو نێوان خراپەو بێ باوەڕی، خوا خاوەن توانایەو دەسەڵاتی بەسەر هەموو کارێك دایە، سەرکەوتنتان هەر لەلایەن خوایە).

---

(١) الانفال: ٤١.

قوڕەیشیەکان کەبەو کارەیان زانی زۆریان پەرۆش بوو، وای لێکردن کەبەهەمموو شێوەیەك هەوڵ بدەن تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، لەبەر ئەوە کەوتنە خۆئامادەکردن. پێغەمبەریش (ﷺ) لەگەڵ موسوڵمانان لێیان بێ ئاگانە بوون. هەموو کات بەشێوەیەکی ڕاستەقینەو هەڵسەنگاندنێکی تەواو سەیری هەموو کارێکی دەکردو هەردەم خەریکی ڕێکخستنی ڕیزی موسوڵمانان بوو، پەیوەندی نێوان پتەو دەکردن. موسوڵمانانیش بەبێ درێغیو کەم تەرخەمی هەر خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون تاکو ئەوەی بتوانن بەرامبەر ئەو هێزە تێکدەرو چاوچنۆکنە ڕابوەستنو ڕێگەیان لێ بگرنو نەهێڵن زاڵ بن بەسەر ڕاستیو پاکی کەخوا بۆ مرۆڤی ویستووە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەیزانی قوڕەیشیەکان هەردەم دەسەڵاتی عەرەبیان لەدەست بووەبەئاسانی واز نایێننو هەر هەوڵ دەدەن تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، لەو کاتیش خوازەکانی دیاری کرد لەسەر دەوڵەمەندان بۆ هەژاران، ئەوەش بووە پەیوەندیەکی گەلێ باش لەنێوان دەوڵەمەندو هەژاران، کەبەو هۆیەوە دەوڵەمەند دەستی یارمەتی درێژ دەکات بۆ هەژارو دەبێتە هۆی پەیدابوونی خۆشەویستی لەنێوانیان لەجیاتی ڕقو کینەو دوژمنایەتی وەکو ئێستاکە هەر چینە، بەچاوێکی دوژمنایەتی سەیری یەکتر دەکەن. چونکە دەوڵەمەندەکانی بێباوەڕ هیچ دەستی یارمەتی بۆ هەژارەکان درێژ ناکەن. هەژارەکانیش وا تێدەگەن ئەو دەوڵەمەندانە ئەو ماڵەی هەیانە گشتیان لەوان زەوت کردووە.

﴿ شەڕی ئوحود ﴾

لەدوای شەڕی بەدر قوڕەیشیەکان هیچ ئارامیان نەما، هەر بیریان لەتۆڵەستاندنەوە دەکردەوە، بەتایبەت پاش ئەوەی ئەبو سوفیان لەشەڕی سەویق لەباتی سەربڵندی چاوشۆڕی هێنایە سەریان، بەڵام لەهەمووی کاریگەرتر لێدانەکەی (زەیدی کوڕی حاریسە) بوو لەو کاروانەی کەبەلای قەرەد داڕێشت، ئەو لێدانە هەندەی تری تەنگاوی کردن بۆ تۆڵەستاندنەوە.

کە ساڵ وەرسوڕایەوە سەردارانی قوڕەیش (ئەبو سوفیانو عیکرمەی کوڕی ئەبو جەهلو جوبەیری کوڕی موتعیمو سەفوانی کوڕی ئومەییە) لە(دار الندوة) کۆبوونەوەو بڕیاریاندا سوودی کاروانەکەی ئەبو سوفیان لەشامەوە ڕزگاری کردبوو، بیکەنە یارمەتی بۆ تۆڵە ستاندنەوەی شەڕی بەدر. هەموو ئەو

تیرەو هۆزانەی کەڕقیان لەموسوڵمانان دەبۆوە، پێکەوە بڕیاریاندا لەشکرێك پێك بێنن‌و هێرش ببەنە سەر موسوڵمانان لەمەدینەو بڕیاریشان دا ژنانیش لەگەڵ خۆیان ببەن، چونکە ئەوان زانان لەبزاوتنی هەستی پیاوان‌و هاندانیان بۆ شەڕ، زۆر لەپیاوەکان ویستیان ژنان بەشداری نەکەن، نەوەك بکەونە دەستی دوژمن، بەڵام (هیند)ی ژنی ئەبو سوفیان کەباوك‌و برای لەشەڕی بەدر کوژرا جەختیکرد بچن. ئیتر توانی قسەی خۆی بەسەر بخات‌و گەلێ ئافرەتی تریش وەك ژنی عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل‌و ژنی حاریسی کوڕی هوشام‌و ژنی سەفوانی کوڕی ئومەییەو ژنی عەرمی کوڕی عاس‌و ژنی گەلێکی تریش بەگەرکەوتن. بەو قوڕەیشیەکان لەشکرێکیان پێك هێنا کەژمارەی سێ (٣) هەزار کەس بوو، زۆربەشیان لەدانیشتوان‌و سەردارانی مەککە پێك هاتبوون، تەنها سەد کەسێکی بەرەی سەقیفیان لەگەڵ بوو گەلێ لەنۆکەرو بەندەکانی ئەحابیشیان هێنا، لەگەڵ چەندین شاعیر.

عەبدوڵڵای جەمەحیش کەلەشەڕی بەدر بەدیل گیرابوو بەڵێنیشی بەپێغەمبەردا بوو کەجارێکی تر قسەیان پێ نەڵێ، قورەیشیەکان پێیان گوت لەگەڵمان وەرە بەهەڵبەستەکانت شەڕکەران هان بدە. وتی من هەژارم پەیمانم داوەتە موحەممەد بەخراپە ناویان نەهێنم. سەفوانی ئومەییە پێی گوت، مەرج بێ کە لەشەڕ گەڕاینەوە ئەوەندەت پارە بدەمێ پێی دەوڵەمەند ببی. ئەویش وەك هەموو پارە پەرستێك پەیمان‌و بەڵێنی لەبیر کردو بەگەریان کەوت.

قورەیش هەرچی چەکی هەیانبوو لەگەڵ ئازووقەیەکی گەلێ زۆرو دووسەد ماین‌و سێ (٣) هەزار حوشترو حەوسەد زرێ داریشیان لەگەڵ بوو. کەئەو لەشکرە ئامادەبوو، ئاڵایان دایە دەست (تەڵحەی کوڕی باوکی تەڵحە).

عەباسی مامی پێغەمبەریش بەهەموو شتێك ئاگاداربوو، هەستا نامەیەکی نووسی‌و باسی هەموو شتێکی تێداکرد، بەپەلە بەپیاوێکی غەفاریدا بۆ پێغەمبەری نارد، پیاوەکەش بەماوەی سێ ڕۆژان گەیشتە لای پێغەمبەرو نامەکەی پێدا. قورەیشیەکانیش کەوتنە ڕێگا. کە گەیشتنە (ئەبواء) ئەو شوێنەی کەگۆڕی دایکی پێغەمبەری لێیە، بەنزیك گۆڕەکەدا ڕۆیشتن‌و هەندێ داخ لەدڵ ویستیان گۆڕەکەی هەڵبکەنن، بەڵام سەرۆکەکانیان لێ نەگەڕان‌و گوتیان ئەگەر ئێمە وابکەین بەرەی بەکرو بەرەی خوزاعە وا لەگۆڕی مردووەکانی ئێمە دەکەن‌و دەبێتە ڕەوشت لەناومان.

گەیشتنە نزیك مەدینە لەسەر باسکێکی کێوی ئوحود، کەچەند کیلۆمەترێك لەمەدینەوە دوورە،

باریان خستو ولاغو حوشترەکانیشیان بەردایە ناو باغو کشتوکاڵی دانیشتوانی مەدینەو بۆ خۆشیان دامەزران.

پێغەمبەریش (ﷺ) کەنامەکەی پێگەیشت، موسوڵمانانی کۆکردەوەو کەوتنەباسی چۆنیەتی ئەو هێرشەو خۆئامادەکردن بۆی. پێغەمبەر (ﷺ) بیری وابوو کەموسوڵمانان ڕێك بخاو خۆیان لەناو مەدینە قایم بکەنو ژنو منداڵو هەرزەکاریش بچنە سەر قەڵاتەکان، ئەگەر قورەیشیەکان ویستیان هێرش بۆ ناو شار بێنن ئەوان لەوێوە بەردبارانیان بکەن، پیاوەکانیش لەکۆڵانەکان بەرەنگاریان بن. زۆرانیش لەپیاوان لەگەڵ ئەو بیرەی پێغەمبەربوون، بەڵام ئەوانەی لەشەڕی بەدر بەشداریان نەکردبوو، بۆ دوژمنیش زۆر بەتاوبوون، گوتیان ئێمە لەمێژبوو بەئاواتی ئەو ڕۆژە بووین، ئێستاش وا خوا هێنایتیە پێشمان با بۆیان دەر بچین، هەر ئێمە سەرکەوتوو دەبین، زۆرترینیان لەو گەنجە خوێن گەرمانەبوون زۆر بەئاوات بوون بگەنە پلەی شەهادەت، بیروباوەڕیشیان ئەوەندە بەتێن بوو ورەیان ئەوەندە بەرزبوو، سەرکەوتنیان لەبەرچاوبوو، دڵنیا بوون کەدەست بەسەر سامانیاندا دەگرن، وێنەی بەهەشتیان بەتەواوی دەهاتە بەرچاو، شەهادەتیان بۆخۆیان دانابوو، کەدەگەنە لای ئەو برایانەی کە لەشەڕی بەدر شەهید کرابوون.

(خەیسومەی کوڕی ئەبو سەعدی کوڕی خەیسومە) گوتی ئەی پێغەمبەری خوا زۆر ئارەزوومەندم لەبەهەشت بگەمە لای کوڕەکەم، یان خوا سەرمان دەخات یان دەگەینە پلەی شەهادەت، من بەهەڵە چووم کوڕەکەم نارد ئەویش خوا بەشێکی باشی پێدا بۆ خۆی شەهید بوو، ئێستاش تەمەنم گەورەیەو پیربووم دەمەوێ بگەمە لای خوا.

(عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول) لەو باوەڕەدابوو کە لەناو شاربمێننەوە، بۆیە بەپێغەمبەری گوت ئێمە لەباوباپیرانەوە قەت بۆ دوژمن دەرنەچووین، هەر لەناو شار خۆمان قایم کردووە ژنو منداڵیشمان لەسەربانان بەردبارانی دوژمنیان کردوە شپرەزیان کردوون، پێغەمبەر (ﷺ) تەماشای کرد زۆربەی هەرە زۆری دەیانەوێ بۆ دوژمن دەربچن، فەرمووی دەترسم تووشی هەڵاتن بن. بەڵام ئەوان هەر پێدا گیربوون لەسەر دەرچوون، ئەویش چارەی نەما هاتە سەر ئەو باوەڕە دەربچێ، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) هەردەم بەبیروڕای یاران دەجووڵایەوە. قەت قسەی خۆی بەسەردا نەدەسەپاندن، مەگەر فەرمانی خوابایە، چونکە دەیویست ئەو گەلە وا پەروەردە بکات، هەموو کەس هەست بکات خاوەن توانساو

بیروبڕوایە، بتوانن بیربکەنەوەو ڕێگەی ژیان بەئارەزووی خۆیـان بـبڕن. میللـەتیش بـەکردەوە پـەروەردە دەکرێتو بەڕوو داوان دەرس وەردەگرێت.

میللەتێك کەبیری لەکاروبار نەکردەوە هەر بەتـەمای یـەکتری لـەکۆڵ بگـەڕێن، مێـشکیان وشـك دەبێت. (سەردارو پێشەوایانی ئیمڕۆکـە وایـان لـەو گەلانـە کـردوە، بـەهیچ جۆرێـك نایانـەوێ قـسە لەکاروباری دەوڵەت بکەن). ڕۆژەکەش ڕۆژی جومعە بوو، دوای نوێژی عەسر پێی گوتن سـەرکەوتن بـۆ ئێوەیە ئەگەر لەشەڕ خۆراگر بن، فەرمانیشی پێدان کەخۆیان ئامادە بکەن. خۆشی چووە ماڵەوە لەگەڵ ئەبوبەکری سـدیقو عومـەری کـوڕی خـەتاب خـۆی ئامـادەکرد، دوو زرێـی لەسـەریەك لەبـەر کـردو شمشێرەکەی لەشانیکرد. لەوکاتەی کەپێغەمبەر لەژوورەوە بوو، خەڵکەکە کەوتنـە دەمەتـەقێ لەگـەڵ یەکتری. سەعدی کوڕی مەعاز کەبیروباوەڕی وابوو لەناو شاربن بەخەڵکەکەی گوت، ئێوە ئەو قـسانەی بەپێغەمبەرتان گوت زۆری پێناخۆش بوو، بەناچاری بەقسەی ئێوەی کرد، پێویستە لەسەرتان پێغەمبەر چیتان پێ بلێ بەقسەیبکەن. ئەوانیش بیریان کردەوە هەستیان کرد کەدژ بەپێغەمبەر وەستاون.

پێغەمبەر (ﷺ) هاتە دەرەوە دیتیان زرێی لەبەر کردوەو شمشێری بەشانەوەیە، پێیـان گـوت ئـەی پێغەمبەری خوا ئێمە پەشیمانین، نەدەبوایە لەقسەی تـۆ دەربـچین، ئێـستاش چـۆنت فـەرموو وابکـە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەوەی من پێم وتن ئێوە قەبووڵتان نەکرد، هەر پێغەمبەرێکیش کەدەستی دایە چەكو خۆی ئامادەکرد نابێ چەکەکە دابنێ، تاوەکو خوافەرمان لەنێوان دوژمنانی دیار نەکات[1]. ئێستاش من چیتان پێ دەڵێم ئەو ڕێگەیە بگرن، ئەگە رخۆراگربن سەرکەوتن بۆ ئێوەیە.

لێرەدا دەردەکەوێ کەپێغەمبەر (ﷺ) مەزەندەی شەڕەکەی باش کردبوو، بۆیـە هەنـدەی دووبـارە دەکردەوە کەخۆگرینو لەقسەی دەرنەچن، جگە لەوەش خەوێکی دیبوو، لەو خەوە وا هـاتبوە بەرچاوی کەشمشێرەکەی کەل ببوو، مانگایەکی دیت سەر برابوو، دەستیـشی خـستبووەناو زرێیـەك. پێغەمبـەر (ﷺ) کەل بوونی شمشێرەکەی بەکوشتنی یەك لەخزمانی لێك دابۆوە، مانگایەکەیشی بەکوشتنی چەند کەسێك لەیارەکانی لێك دابۆوە، زرێیەکەشی بەشاری مەدینە لێك دابۆوە[2].

---

(١) فقة السيرة لەئیمام ئەحمەد (٢٦٠٩)و حاکم ١٢٨/٢ دەگێڕێتەوە.
(٢) زاد المعاد ١٩٤/٣ وسبل الهدى والرشاد ١٨٤/٤ ئەویش لەمەسنەدی ئیمام ئەحمەدی ٢٦٧/٣ وەرگرتووە.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی داو لەشکر بەڕێ کەوت و بەعەبدوڵڵای ئوم مەکتومی گوت، لەمەدینە پێش نوێژی بۆ موسوڵمان بکات.

ژمارەی لەشکری موسوڵمانان هەزار کەس بوو، لەڕێگا تووشی هەندێ جوولەکە بوون بۆ یارمەتی موسوڵمانان دەهاتن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی داوای یارمەتی لەبێباوەڕ ناکرێ بۆ سەر بێباواڕان، فەرمانی پێدان بگەڕێنەوە. جولەکەکانیش گەڕانەوەو لەڕێگای خۆیان بە(عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەییان) گوت، تۆ ئامۆژگاری موحەممەدت کرد بەقسەی باوباپیران بکات ئەویش نەیکردو بەقسەی منداڵانی کرد.

ئەو قسەی ئەو جوولەکانە کاری کردە سەر عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی، ئەویش بەخۆو بەسێسەد کەسەوە گەڕایەوەو گوتی ئێمە بۆچی خۆمان بەکوشت بدەین. (عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی حەرام) بەدوای کەوتو دەستی کرد بەئامۆژگاری کردنیانن پێی گوتن، پێویستە پارێزگاری لەمەدینە بکەن لەدژی قورەیش، هاتوونە داگیری بکەن، بەڵام کوڕی ئوبەی گوێی نەدایە قسەکە. خوا لەقورئان دەربارەی ئەوە دەفەرموێ:﴿ وَلْيَعْلَمَ الَّذِينَ نَافَقُواْ وَقِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْاْ قَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أَوِ ادْفَعُواْ قَالُواْ لَوْ نَعْلَمُ قِتَالاً لاَّتَّبَعْنَاكُمْ هُمْ لِلْكُفْرِ يَوْمَئِذٍ أَقْرَبُ مِنْهُمْ لِلإِيمَانِ يَقُولُونَ بِأَفْوَاهِهِم مَّا لَيْسَ فِي قُلُوبِهِمْ وَاللّهُ أَعْلَمُ بِمَا يَكْتُمُونَ﴾[1] واتە: با دوو ڕووەکان بزانن کەئەو ڕۆژەی لەشەڕی ئوحود گەڕانەوە، سەرەڕای ئەوەی کەموسوڵمانانیش پێیان گوتن مەگەڕێنەوە، وەرن لەڕێی خوا شەڕ لەگەڵ قورەیشیەکان بکەن یا خود بەو ژمارە زۆرەتان پارێزگاریمان لێ بکەن، گوتیان ئەگەر ئێمە بزانیین ئێوە تووشی شەڕ دەبن دەگەڕێینەوە بەڵام مەزەندە ناکەین تووشی شەڕ دەبن. ئەوانە با باش بزانن بەلای بێباوەڕیو خوانەناسیندا شکاینەوە، نەك بۆ لای باوەڕی بەخوا. ئەوانە قسەی ناو دڵیان ناکەن هەر سەرزارەکی قسە دەکەن.

مرۆڤی دوو ڕوو ئەوەی لەناو دڵیانە جیایە لەوەی کەبەزمان دەیڵێن، خواش ئاگادارە بەوەی کەدەیشارنەوەو دەزانی چیان لەناو دڵ هەیە. ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ لەشکری موسوڵمانان بەرەو کێوی ئوحود ڕۆیشتن. موسوڵمانان ئەوەندە بەسۆز بوون تەنانەت هەندی مێردمنداڵیش بەدوایان

---

(١) ال عمران: ١٦٧.

کەوتن. بەڵام چونکە تەمەنیان لەپازدە ساڵ کەمتر بوو، پێغەمبەر (ﷺ) گەڕاندنیەوە. لەوانە (رافیعی کوڕی خەدیج)و (سەمەرەی کوڕی جوندوب) بوون. بەڵام باوکی رافیع بۆ رافیع پاڕایەوەو گوتی ئەی پێغەمبەری خوا رافیع تیرەندازی چاکە. لەبەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی با بێت. سەمەرە بەپێغەمبەری گوت رافیع دەبەیو من دەگێڕیەوە خۆ ئەگەر زۆرە بانی بگرین من دەروەستی دێم کە زورەبانیان گرت، سەمەرە رافیعی بەزەوی دادا، ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) رێگای هەردووکیانیدا.

پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ موسوڵمانان بەدۆڵی کێوی ئوحوددا هەڵکشا تاکو گەیشتە شوێنێك لەو کێوە پێی دەڵێن (شیعەب) لێی دامەزراو کێوەکەی خستە پشت خۆیانو پاڵی پێدا، لەوێ دەستی کرد بەرێکخستنی ریزی لەشکری موسوڵمانان، پەنجا کەسی تیرەندازی بەسەرکردایەتی (عەبدوڵلای کوڕی جوبەیر) لەسەر کێوەکە دامەزراند، فەرمووی ئێوە لێرە بن لەدواوە پشتمان بپارێزن، چونکە دەترسم لەدواوە بۆمان بێن، لەو حاڵەتەشدا ئێوە تیربارانیان بکەن، ولاغ خۆی لەبەر تیر ناگرێو دەگەڕێتەوە، هەتا ئەگەر بینیتان ئێمە شکاین یاکوژراینو یا سەرکەوتین نەکەن سەر کێوەکە بەجێ بێڵن[1]!

فەرمانیشی بەئەوانی تردا کەس شەڕ نەکات تاکو خۆی پێیان نەڵێ، ئەوجا کەوتە هەڵبژاردنی پیاوانی ئازاو چالاكو بەتێن لەنێوانیانو خستنیە پێشەوەی لەشکرەکە. ژمارەی موسوڵمانان هەر چواریەکی ژمارەی دوژمن بوو، بەڵام جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان پیاوی ئازاو شەڕکەر کەبەهێزی بیروباوەڕو پشتیوانی خوا شەڕ دەکات لەگەڵ پیاوی بێ بیرو بڕوا کەبۆ ناوو ناوبانگو ماڵو سامان شەڕ دەکات.

پێغەمبەر (ﷺ) شمشێرێکی بەدەستەوە گرتو هەڵیتەکاندو فەرمووی کێ مافی ئەو شمشێرە دەدات؟ گەلێ لەپیاوان خۆیان هەڵکوتا وەری بگرن، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) نەیدایە کەسیان، ئەبو دوجانە (سەماکی کوڕی خەرە) پیاوێکی زۆر ئازابوو، لەکاتی شەڕ زۆر بەهەواو فیز بوو، دەسماڵێکی سووری هەبوو کەلەناوچەوانی دەبەست خەڵك دەیزانی شەڕی کوشندە دەکات. لەگەڵ قسەکەی پێغەمبەر لەشوێن خۆی راست بۆوە، گوتی ئەی پێغەمبەری خوا مافی ئەو شمشێرە چیە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی لەدوژمنی بدەی تاوەکو خوار دەبێتەوە، ئەویش شمشێرەکەی لەپێغەمبەر وەرگرتو دەسماڵە سوورەکەی لەنێو چەوانی بەستو دوو سێ جار بەفیزەوە بەبەر دەم کۆمەڵدا هاتوچۆی کرد،

---

(١) بوخاری ٧/٢٨٠.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خوا ڕقی لەو ڕۆیشتنە دەبێتەوە، تەنیا لەو شوێنە نەبێت[1]. پێغەمبەر (ﷺ) ئاڵای لەشکری دایە دەست (مەسعەبی کوڕی عومەیر).

قورەیشیەکان بەرامبەریان ریزیان بەستو ئامادەبوون، (خالیدی کوڕی وەلید) لای دەستە ڕاستی گرت (عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل) لای دەستە چەپی گرت، ئاڵایەکیشیان دایە دەست (عەبدولعوززای تەڵحەی کوڕی باوکی تەڵحە). ژنانی قورەیشیانیش بەسەرۆکایەتی هیندی ژنی ئەبو سوفیان لەناو ریزەکان هاتوچۆیان دەکردو دەفو دۆڵیان لێ دەداو گۆرانیان دەگوت، هانی پیاوەکانیان دەداو دەیانگوت:

ویهاً بني عبدالدار ویهاً حماة الادیار	ضرباً بکل بتار
واتە: ئاگادارین بەرەی عەبدوددار	ئێوەن بۆ وڵات پارێزگار
لێدەن بەهەر شمشێری	کەگیانو لاشە دەبڕێ
هەروەها دەشیانگوت (إن تقبلوا نعانق	ونفرش النمارق)
واتە: ئەگەر قەبوڵ کەن دەست لەملان	بۆتان را خەین سەرینان

پێغەمبەریش (ﷺ) هەردەم خوای بەبیر موسوڵمانان دەهێنایەوە موژدەی سەرکەوتنو بەهەشتی پێ دەدان، بەو بەرزیەتیەو بەو ئاواتە هانی موسوڵمانی دەدا.

هەردوولا لێك نزیك بوونەوە، یەکەم کەس لەبت پەرستان خۆی بەدەرخست پیاوێك بوو پێیان دەگوت (ئەبو عامیری راهیب)، پێغەمبەر (ﷺ) ناوی لێنابوو فاسق، ئەو پیاوە سەرۆکی بەرەی ئەوس بوو، کەپێغەمبەر هاتە مەدینە، کەوتە دوژمنایەتی پێغەمبەر، دواییش ڕۆیشت چووە مەککە، بەقورەیشیەکانی گوت ئەگەر هۆزەکەم (واتە ئەوسیەکان) چاویان بەمن بکەوێ هەموو بەقسەم دەکەنو دێن بۆ لای من. کەلەشکر لێك نزیك بوونەوە بانگیکردن ناوی خۆی هێنا، ئەوانیش گوتیان خوا دەوامت نەدا ئەی تاوانباری دوو ڕوو. ئەبو عامیر کەگوێی لەو قسەیە بوو گوتی دیارە هۆزەکەم لەدوای من تووشی خراپە هاتوون.

شەڕ دەستی پێکرد، موسوڵمانان بەباوەڕو گیانە پاکەکەیان هەروایان دەزانی هەڵمەت بۆ پیاوی

(1) مسلم ۱۵۱/۷ ئیمام ئەحمەد ۱۲۳/۳.

بێچەك دەبەن تاویان دەدایە دوژمن، دەتگوت گورگن ڕوو لەمێگەلی مەڕ دەکەن. دوژمن بەو ژمارە زۆرەی خۆیەوە موسوڵمانانیش بەو ژمارە کەمەی خۆیانەوە، دڕیان دان‌و کەلێنیان تێخستن.

لەوکاتە (عەبدولعوزای تەڵحەی کوڕی باوکی تەڵحە) بەیداخ هەڵگری قوڕەیش خۆی دەرخست زوبەیری کوڕی عەوام بۆی دەرچوو، خۆی هەڵدایە سەر حوشترەکەی‌و بەزەوی داداو کەوتە سەری‌و بەشمشێرەکەی سەری بڕی. لەولاشەوە ئەبو دوجانە بەخۆ بەدەسماڵی سوری نێوچەوانی خۆی بەدەرخست‌و دەگەیشتە هەر بت پەرستێك دەیکوشت. (کەعبی کوڕی مالیك) دەگێڕێتەوەو دەڵێ: دیتم یەکێك لەبت پەرستەکان کەوتبوە سەر موسوڵمانە بریندارەکان تەواویان بکات، یەکێك لەموسوڵمانان هەڵمەتی بۆ برد. کەلێیان وورد بوومەوە دیتم بت پەرستەکە گەلێك پۆشتەترو گورج تربوو، کەموسوڵمانەکە گەیشتە سەری شمشێرێکی لەناو شارنیدا تاکو ناوقەدی ڕۆیشت‌و کردیە دوولەت، ئەوجا دەم‌و چاوی خۆی دەرخست گوتی چۆنم دەبینی ئەی کەعب؟ منم ئەبو دوجانە.

ئەبو دوجانە کەوتە ناو بت پەرستان ریزەکانی شەق دەکرد، دیتی یەکێك خەریکی لاشەکانی موسوڵمانە کوژراوەکانە، هەڵمەتی بردە سەری هاواری لێ پەیدابوو، دیتی هیندی ژنی ئەبو سوفیانە دەڵێ شەرمم بەخۆ بوو شمشێری پێغەمبەر لەژنان بەکاربێنم.

هەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیبیش لەولاوە شێر ئاسا هێرشی دەبرد، هاواری دەکرد (أمت أمت) واتە بمرێنە بمرێنە، دەگەیشتە هەر کەسێك دەیکوشت، لەوکاتە کۆیلەی جوبەیری کوڕی موتعیم کەناوی (وەحشی) بوو، دەڵی جوبەیر پێی گوتم ئەگەر هەمزە بکوژی ئازادت دەکەم، منیش هەر دەمەویست لەهەمزە نزیك ببمەوە، کاتێك کەلێی نزیك بوومەوە، ڕمبەکەم هەڵتەکاند، تەواو لەنگەرم بۆ ڕاگرت‌و هاوێشتم لەناو شانی هەمزە چووە خوارەوە لەنێوان قاچی دەرچوو. هەوڵیدا بمگاتێ بەلام نەیتوانی‌و لەوێ تەواو بوو، منیش چوومە سەری ورمبەکەم دەرهێناو ڕۆیشتم[1].

قوڕەیشیەکان گەلێك بەتێن شەڕیان دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەی هەمزەش کوژرا، دەست هەر دەستی موسوڵمان بوو، موسوڵمانان وەك ئاوی ناو جۆگەلەی دارستان لولیان لەناو دوژمنانی بێباوەڕ دەخوارد دەسوڕانەوە، بنکەکانیان هەڵدەقەندن. عەلی کوڕی ئەبی تالیب هێرشی بردە سەر ئاڵا هەڵگری

(١) فتح الباري لشرح صحيح البخاري ٧/٢٣٥.

قورەیش‌و کوشتی، ئەوجا (عوسمانی کوڕی ئەبی تەڵحە) ئاڵاکەی هەڵگرتەوە، کەئەویش کوژرا (ئەبو سەعدی کوڕی ئەبی تەڵحە) هەڵیگرتەوەو گوتی موسوڵمانان ئێوە وا بیردەکەنەوە کەکوژراواتان لەبەهەشتەو کوژراوی ئێمەش لەناو دۆزەخە، کێتان ئازایە با بۆ من بێتەدەر، عەلی کوڕی ئەبی تالیب بۆی چوو، یەکەو دەست سەری پەڕاند. ئەوجا بەرەی عەبدالدار ئاڵاکەیان هەڵگرت، نۆکەسیش لەوان کوژرا، دواکەسیان (سوابی حەبەشی) بوون ئەویش (قزمان) تاوی دایە سەری‌و دەستی ڕاستی پەڕاند، سواب ئاڵاکەی بەدەستی چەپی هەڵگرت کەدەستی چەپیشی پەڕاند، ئاڵاکەی خستە سەر سینگی‌و گوتی بەرەی عەبدالدار هیچ بیانووتان نەما، ئەوجا قزمان تەواوی کرد.

موسوڵمانان سەرلەبەیانی شێوەی شەڕ کردنیان لەتوانا بەدەر (معجزە) بوو، کەئەویش هەر دامەزراندن‌و ڕێکخستنە چاکەکەی پێغەمبەرو بیروباوەڕە بەتینەکەی موسوڵمانان بوو، هەرکەسێ بیروباوەڕی بەئاینی پاکی ئیسلام بەتێن بێت، هیچ هێزێك ناشێوێنێ، با ئەو هێزەش زۆر بەتێن‌و پڕ چەك‌و ئازوقە بێت، هەر کەسێ بۆ بیروباوەڕی پاکی ئیسلام شەڕ بکا نرخی ماڵ‌و سامان دەسەڵات‌و ناوبانگی لەلا نامێنێ، کەخوا نەناسان خۆیانی بۆ بەکوشت دەدەن.

بەو جۆرە موسوڵمانان توانیان بەماوەیەکی کەم ئەو هێزە زۆرەی قورەیشیان پەرت‌و بڵاوبکەنەوە، لەشکری قورەیشیان ملیان لەهەڵاتن نا، موسوڵمانان سەریان لەدوانان بەتەواوی ئوردوگاکانیان کەل‌وپەل‌و وڵاغەکانیان پێ بەجێهێشتن. ژنەکانیان کراس‌و چارۆکەیان هەڵکردو دەستیان کرد بەهەڵاتن، زۆری نەمابوو هەمووی بەدیل بگیرێن[1].

بەڵام شەڕەکە هەر وا نەڕۆیشت، چونکە ئەو تیرەندازانەی کەپێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێدابوون بەهیچ جۆرێك لەسەری‌کێوەکە نەیەنە خوارەوەو نەبەسەر کەوتن‌و بەژێر کەوتن پشتی موسوڵمانان بەرنەدەن. بەڵام کەچاویان بەقورەیشیان کەوت وا هەڵاتن‌و کەل‌وپەلیان لەو گۆڕەمایەوە. ئیتر دەماری بێهێزی ناو دەروونیان جوولا لایەنی چاوچنۆکی‌و خۆپەرستن‌و خۆشەویستی ماڵ‌و سامان بەسەر بیروباوەڕی بەتینی ناو دڵیان زاڵ بوو. وایان زانی هیچ شتێك لەگۆڕی نەماو قورەیش پشتی داو هەڵات، کاتی مانەوەیان لەسەر کێوەکە هەر ئەوەندە بوو با ئەوانیش لەدەسکەوت بێبەش نەبن، وەك

(١) سەحیحی بوخاری دار النشرالریاض لاپەڕە ٨٣٦ ژمارە ٣٠٦٤.

هەندێیاران کەوتنە کۆکردنەوەی کەلوپەل. چەندی سەرۆکەکەیان (عەبدوڵڵای کوڕی جوبەیر) فەرمانی پێغەمبەری بەبیر هێنانەوە گوێیان نەدایێ، تەنیا نۆ کەسێك نەبێت ئەوانی تر کێوەکەیان بەجێهێشت.
بەو هەڵە کوشندەیە پشتی موسوڵمانانیان بەردا(زۆرجاری وا دەبینی خۆشیو شادی دەکەوێتە ناو کۆمەڵو ڕووناکی بەسەر تاریکە شەوا دێت، بەڵام نارێکیەکی کەمو بچوك دەبێتە هۆی ناخۆشیو تاریکی. هەروەك دەبینی کارەبا بەچاکی ماڵەکەی هەموو ڕووناك کردوە. بەڵام تەلێکی بچووك (فیوز) دەپچڕێو هێزی کارەباکە دەبڕیو هەموو ماڵەکە تاریك دەبێ).
ئەوجا خالیدی کوڕی وەلید، بەهەلی زانی کێوەکە چۆڵ بووە، لەدواوە هێرشی بردە سەر کێوەکە، ئەوەی لەگەڵیشی بوو هەموو سوارماین بوون، کێوەکەیان گرتو دابەزینە خوارەوە، لەدواوە کەوتنە لێدانی موسوڵمانان. قوڕەیشیەکانیش کەدیتیان وا موسوڵمانەکان پشتیان گیرا، ئەوانیش بۆ موسوڵمانان گەڕانەوە دواوە. موسوڵمانان کەوتنە ناو دوو هێزو هێرشیان بۆ هات، چاریان نەما دەسکەوتەکانیان فڕێ داو شمشێریان هەڵگرتەوەو کەوتنە شەڕێکی زۆر قورسو بەتێن. هەموو هەوڵیان ئەوەبوو کەرێگایەك شەق بکەنو لەناو ئەو ئاگرە بچنە دەر.
دەست بووە دەستی قوڕەیشیەکان توانیان موسوڵمانان شپرزە بکەن، کەس ئاگای لەکەس نەما. موسوڵمانان سەریان لێ شێوا وای لێهات موسوڵمان موسوڵمانی نەدەناسیەوە لێکیان دەدا، یەکێکی وەك ئەبو حوزەیفەی یەمانی، چەندی حوزەیفە هاواری کرد ئەوە باوکمە کەڵکی نەگرت موسوڵمانان کوشتیان، بەو جۆرە زۆریان لێ شەهید کرا. پێغەمبەریش (ﷺ) وەك کۆڵەگە لەگۆڕەپانی شەڕەکە چەقی بوو تیربارانی بت پەرستانی دەکرد، تاکو کەوانەکەی خەریك بوو بپسێ، زۆریش لەیاران لەدەوری بوون. یەکێکی وەك (تەڵحە) کەتیرەندازێکی زۆرباش بوون تیری بەخەسار نەدەدا هەمووجار کەتیری دەهاوێشت، پێغەمبەر (ﷺ) سەری خۆی هەڵدەکێشا بزانی تیرەکەی بەکوێ دەکەوێ، تەڵحە پێی دەگوت دایكو باوکم بەقوربانت بیت سەرت هەڵمەکێشە باتیرێکی دوژمنت پێ نەکەوێ[1].
شەڕ وای لێهات بت پەرستان لەپێغەمبەر نزیك بوونەوە (عوتبەی کوڕی ئەبی وەقاس) بەردێکی راوەشان پێغەمبەر ڕوومەتی بریندار بوو. پێغەمبەر (ﷺ) چەند بەردێکی تری پێکەوت ددانێکی

(١) هـ. س. پ. ل. ٨٣٩ ژمارە ٤٠٧٥.

شکاو دوو ئاڵقەی زرێیەکەی بەڕوومەتیدا چووە خوارو خوێنی نەدەوەستایەوە تاکو فاتیمە حەسیری سوتاندو خۆڵەمێشەکەی لێدا وەستاوە[1].

پێغەمبەر خوێنەکەی دەسریەوەو دەیفەرموو چۆن خوا هۆزێك سەردەخات، رووی پێغەمبەرەکەیان لەخوێن وەردا، چونکە بۆ پەرستنی خوا بانگیان دەکات. ئا لەوکاتەدا خودا گلەیی لێکرد هەروەك لەقورئان دەفەرموێ: ﴿لَيْسَ لَكَ مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ﴾[2] واتە: تۆ لەو کارە هیچت لەدەست نیە. ئەبا عوبەیدەی جەڕاح ئاڵقەی زرێیەکەی لەڕوومەتی پێغەمبەر دەرهێنا، ددانێکی لەگەڵ کەوت. پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر برینداریشی گوێی بەو هەموو ئازارە نەداو دەسوڕا هانی موسوڵمانانی دەدا، ئاگاشی لەوە نەبوو کەبت پەرستان چەند چاڵێکیان لێدابوو، سەریان داپۆشی بوو. پێغەمبەر (ﷺ) لەناکاو کەوتە ناو چاڵێکیان، عەلیو تەڵحەی کوڕی عەبدوڵلا بەخێرایی هێنایانەدەر. دوای ئەوە چەند موسوڵمانێکی تریشی لێ کۆبۆوەو پارێزگاریان لێکرد. ئەبو دووجانە خۆی کردبووە دیوار بۆ پێغەمبەر تاکو تیری پێنەکەوێ، هەر تیرێکی دەیانهاوێشت بەئەبو دوجانە دەکەوت خۆی نەدەجولاند. (قیتادە) تیرێکی بەچاوی کەوت چاوەکەی کەوتە سەر زەوی پێغەمبەر (ﷺ) هاوێشتیەوە شوێن خۆیو لەجاران چاتری پێ دەدیت[3].

قوڕەیشیەکان دەیانەویست بگەنە پێغەمبەرو بیکوژن، موسوڵمانان بەرگریەکی چاکیان لێکرد،تاکو دەکەسیان لێ شەهید کرا. سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس لەتەك پێغەمبەر بوو تیربارانی قوڕەیشیەکانی دەکرد، پێغەمبەر پێی گوت دایکمو باوکم فیدات بی تیربارانیان بکە[4]. لەوکاتی پێغەمبەر (ﷺ) کەوتە ناو چاڵ، قوڕەیشیەکان بڵاویان کردەوە موحەممەد کوژراوە، کەموسوڵمانان گوێیان لەوەبوو، لەجیاتی ئەوەی کورە بەرنەدەن. ئەوەندەیان پێغەمبەر خۆش دەویست، هەموو لەتاوان دەستیان شل بوو.

زۆریان لەکێوە، هاتنە خوارەوەو دانیشتن، چونکە بیریان نەدەکردەوە پێغەمبەر بکوژرێو یا بمرێ.

---

(١) زاد المعاد ١٩٨/٣ وابن كثير ٥٥٨/١

(٢) ال عمران: ١٢٧.

(٣) سەحیحی بوخاری دار النشر رياض لاپەڕە ٨٣٥ ژمارە ٤٠٥٥.

(٤) فتح الباري في شرح حديث البخاري ٣٥١/٧.

تاکو (ئەنەسی کوڕی نەزەر) پێیان گەیشت پێی گوتن بۆچی وا دانیشتوون؟ گوتیان تازە پێغەمبەر (ﷺ) کوژرا چ بکەین. ئەویش گوتی پێغەمبەر کوژرا، خوای پێغەمبەر نەکوژراوە، چاوەڕێی چی دەکەن هەڵسن شەڕ بکەن با ئێوەش لەسەر ڕێگەی ئەو بمرن[1]. ئەنەسیش شەڕێکی زۆر مەردانەی کرد تاکو شەهید کرا. (ئەنەسی کوڕی مالیك) دەگێڕێتەوە دەڵێ کەئەنەسی کوڕی نەزەر کوژرا، حەفتا برینی لەلەشی بوو، خوشکەکەی بەپەنجەکانی ناسیەوە!.

ئیتر قورەیشیەکان هەروایان زانی پێغەمبەر کوژراوە. پێغەمبەریش (ﷺ) جاری نەیویست خۆی ئاشکرا بکات تاکو هێرشیان بۆ نەهێنن. بەڵام (کەعبی کوڕی مالیك) بەلایەوە هات چاوی بەپێغەمبەر کەوت لەخۆشیان هاواری کرد، ئەی موسوڵمانان مزگێنیتان لێبێ، ئەوەتا پێغەمبەر ماوە. ئەوجا کەموسوڵمانان زانییان پێغەمبەر ماوە، کەوتنە هەوڵدان بیدۆزنەوە. پێغەمبەر (ﷺ) بانگی‌کردن ئەی بەندانی خوا بۆ لای من وەرن، بۆ لای من وەرن. گەلێکیان بەتاو بۆی چوون، نزیکەی سی (٣٠) کەسێکی لەلا گردبۆوە. (تەڵحەی کوڕی عەبدوڵلا) لەتەك پێغەمبەر بوو، ئەویش تیرێکی بەدەستی کەوت دەستی شەپرەی لێدا.

لەوکاتە (ئوبەی کوڕی خەلەف) چاوی بەپێغەمبەر کەوت بەهەڵی زانی (لەکاتی خۆی سوێندی خواردبوو کەپێغەمبەر بکوژێ، پێغەمبەریش پێی گوتبووە ئەگەر خوا حەز بکات من دەتکوژم) هێرشی هێنایە سەر پێغەمبەر. هاواریشی کرد گوتی کوا موحەممەد (دەك ڕزگارم نەبێت گەر ڕزگارت ببێ). یاران ویستیان هێرشی ببەنە سەر پێغەمبەر نەیهێشت‌و فەرمووی لێی گەڕێن با بێت، بەخۆی ڕمبێکی لەیەکێك لەیاران وەرگرت‌و ڕمبێکی لێدا، ئوبەی وەك گاجووت بۆڕاندی‌و گەڕایەوە بۆ ناو قورەیشیەکان. کەوتە هاوار هاوار گوتیان کوا هیچت لێ نەهاتووە برینەکەت چ برینێکی وا نیە. گوتی وەڵلاهی ئەو لێدانەی بەمن کەوت ئەگەر بەکێوی ئوحود بکەوتبایە دەڕوخا، من هەر بەو لێدانە دەمرم، بەڕاستیش بۆ بەیانی لەڕێگای گەڕانەوەیان مرد[2].

موسوڵمانەکانی دەوری پێغەمبەر توانیان بت پەرستان لەپێغەمبەر دوور بخەنەوە، ئەوجا لەگەڵ

---

(١) السيرة النبوية.

(٢) سەحیحی بوخاری دار النشر الرياض لاپەڕە ٣٦٣٢/٤٤.

پێغەمبەر هەڵکشان بۆ سەر کێوەکە. موسوڵمانەکانی تریش بەتەواوی لێی کۆبوونەوە، خالیدی کوڕی وەلید دەیویست پشتیان لێ بگرێ. عومەری کوڕی خەتاب لەگەڵ چەند کەسانێکی تر گەڕاندنیانەوە.

موسوڵمانان چوونە سەرەوە، هەمووی لەدەورەی پێغەمبەر کۆبوونەوە، ئەوەندەش هیلاک بوون پێغەمبەر (ﷺ) لەبەر ماندووەتیان‌و ئێشی برینەکەی نوێژی بەدانیشتنەوە کرد. دوای ئەوە خوا هێمنایییەکی تەواوی خستە ناو دڵیان زۆریان خەو بەلایدا دەبردنەوەو شمشێرەکانیان لەدەست بەردەبۆوە. برینەکەی ڕوومەتی پێغەمبەریش خوێنی هەر نەوەستا بۆوە ئەگەرچی زۆریان هەوڵدا بێ کەڵك بوو، تاکو هەندێ حەسیریان سوتاند خۆڵەمێشەکەیان لێدا، ئەوجا خوێنەکەی وەستاوە.

ئەو هەموو شپرزەییەو بەسەرهاتەو کوشتارو بریندابوونی پێغەمبەر (ﷺ) کەپاك ترین‌و بەرزترین مرۆڤی سەر زەوی بوو، هەمووی بەهۆی ئەو هەڵەیە بوو، کەتیرەندازەکان بۆ دەسکەوتنی ماڵ کردیان‌و هەتا سەر دەستیان بەفەرمانەکەی پێغەمبەرەوە نەگرت[1].

﴿ قوڕەیش‌و شەڕی ئوحود ﴾

قوڕەیشیەکانیش لەموسڵمانەکان ماندووتر بوون، بەتایبەت لەبەر شپرزەییەکەی سەرلەبەیانی، لەوکاتی موسووڵمانانیش لەدەورەی پێغەمبەر کۆبوونەوە، قوڕەیشیەکان نەیانوێرا چیتر بچنەوە سەریان، هەر بەوەندە وازیان هێنا، ئەوەندەش دڵخۆش بوون وایان زانی ئەوەیە سەرکەوتن، وایان دانا تۆڵەی ژێرکەوتنەکەی شەڕی بەدریان کردەوە. بەڵام ژنە قوڕەیشیەکان بەتایبەتی هیندی ژنی ئەبو سوفیان دڵیان بەکوشتنی حەمزەو موسوڵمانانی تردا نەکەوت، کەوتنە ناو لاشەی کوژراوانی موسوڵمانان، لووت‌و گوێیان دەبڕین‌و بەملی خۆیانەوە دەکرد. هیندیش زگی حەمزەی دڕی‌و پارچەیەکی لەجەرگی کردەوە هاویشتیە دەمی‌و جوی‌و فڕێیدا!.

---

(١) بوخاری / ٢٩٨/٧.
بەڕاستی ماڵ لەلای هەموو کەسێك شیرینەو بەنرخە چونکە هۆی ژیان‌و خۆشیە، پێویستە لەسەر مرۆڤ بەڕێگەی حەڵاڵ ماڵ پەیدا بکات‌و بیپارێزێ، بەڵام نابێ لەپێناوی ماڵ ئایین‌و، نیشتمان‌و ناموس لەدەست بدات، پێویستە ماڵ‌و سامان لەپێناوی ئەوانە لەدەست بدات.

پاش ئەوەی قورەیش وازی لەشەڕ هێنا، کوژراوەکانیان شاردەوەو کەوتنە خۆ کۆکردنەوەو بۆ ڕۆیشتن. موسوڵمانان وایان زانی هێرش دەبەنە سەر مەدینە. پێغەمبەر (ﷺ) بەعەلی کوڕی ئەبی تالیبی گوت بڕۆ بزانە، ئەگەر سواری حوشترەکان بوو و وڵاغەکانیان خستۆتە تەك خۆیان ئەوا دەگەڕێنەوە بۆ مەککە، ئەگەر سواری وڵاغەکانیش بوون حوشتریان خستۆتە تەك خۆیان، ئەوا هێرش دەبەنە سەر مەدینە. پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر ئەو هیلاکیو برینداریەوە بەدڵێکی پڕ تواناوە گوتی، سوێند بەو خوایە ئەگەر بچنە سەر مەدینە بەرەنگاریان دەبین. کەعەلی چوو تەماشای کردن دیتی سواری حوشتران بوونو وڵاغەکانیان خستۆتە تەك خۆیانو بەرەو مەککە دەڕۆن[1].

ئەبو سوفیان پێش ئەوەی بڕوات، چووە سەر بەرزاییەك بەدەنگی بەرز گوتی، ئەو خەڵکە موحەممەدیان لەناوە، پێغەمبەر فەرمووی وەڵامی مەدەنەوە، دوایی گوتی کوڕی ئەبو قوحافەیان لەناو ماوە، دیسان فەرمووی وەڵامی مەدەنەوە. ئەوجارە گوتی کوڕی خەتابیان لەناو ماوە دیسان کەس وەڵامی نەدایەوە، بۆیە گوتی ئەگەر کەسیان مابایە وەڵامیان ئەدایەوە. عومەر خۆی پێ نەگیرا گوتی درۆت کرد ئەی دوژمنی خوا، ئەوەی تۆ حەزی پێ ناکەی خوا هێشتویەتیەوە، ئەوجارە ئەبو سوفیان گوتی بەرزیەتی بۆ هوبەل. پێغەمبەر (ﷺ) وەڵامی بدەنەوە، عومەر گوتی چ بڵێم فەرمووی بڵێ خوا بەرزترە،کوژراومان وەك یەك نیە کوژراومان لەبەهەشتەو کوژراوتان لەدۆزەخە. ئەبو سوفیان گوتی ئەو ڕۆژەمان بەو ڕۆژە (واتە ئیمڕۆ لەجیاتی ڕۆژی بەدر). پێغەمبەر (ﷺ) بەعومەری کوڕی خەتابی گوت وەڵامی بدەوە، عومەر گوتی چ بڵێم؟ ئەبو سوفیان کەگوێی لەدەنگی عومەر بوو، بانگی کرد گوتی عومەر بۆم نزیك بەرەوە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بڕۆ بزانە چ دەڵێ: عومەر کەچوو ئەبو سوفیان وتی توو ئەو خوایە عومەر پێم بڵێ موحەممەدمان کوشتوە یان نا؟ عومەر گوتی نا سوێند بەو خوایە ئێستاکە وا گوێی لەدەنگتە. ئەبو سوفیان گوتی تۆ ڕاستگۆتری لەکوڕی قەمیئە، ئەو وای زانی کوژراوە[2].

کەڕۆیشتیش گوتی کوژراوتان خراپەیان لەگەڵ کراوە، بەقسەی من نەبووەو کاتیش لەنێوانمان

---

(١) فتح الباري ٣٤٧/٧.

(٢) سەحیحی بوخاری دار النشر الریاض لاپەڕە ٨٣٣ ژمارە ٤٠٤٣.

بەدری ساڵێکی تر بێت. شەڕیش هەروایە جار وا هەیە سەرکەوتنە،جاریش وایە ژێر کەوتنە،(الحرب سجال) لەنێوان دوولا. پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی پێ بڵێن باشە با ئەو ڕۆژەمان لەنێوان بێت.

﴿ موسوڵمانان و شەهیدانی ئوحود ﴾

پاش ڕۆیشتنی قورەیشیەکان، موسوڵمانان چوونەوە گۆڕەپانی شەڕەکە بۆ ناشتنی شەهیدەکان. پێغەمبەر (ﷺ) چووە سەر لاشەی هەمزەو تەماشای کردو دیتی زگیان دڕیوە، زۆری پێناخۆش بوو وتی قەت تووشی کارەساتێکی وا گران نابمەوە، بەهیچ هەڵوێستێکیش قەت ئەوها دڵ تەنگ نەبوویم (ئەمە وا دەگەینێ جارێکی تر قورەیش ئەوها دەستیان بەسەر موسوڵمانان داناشکێ!) هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی وەڵلاهی ئەگەر ڕۆژێك بەسەریاندا زاڵ ببم، دەبێ وا لەمردووەکانیان بکەم، کەس لەعەرەب وای پێ نەکردبن، بەو قسەیە خوا گلەیی لێکرد فەرمووی: ﴿وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُواْ بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُم بِهِ وَلَئِن صَبَرْتُمْ لَهُوَ خَيْرٌ لِّلصَّابِرينَ * وَاصْبِرْ وَمَا صَبْرُكَ إِلاَّ بِاللّهِ وَلاَ تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلاَ تَكُ فِي ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ * إِنَّ اللّهَ مَعَ الَّذِينَ اتَّقَواْ وَّالَّذِينَ هُم مُّحْسِنُونَ﴾[1] واتە: ئەگەر تۆڵەتان کردەوە لەو ستەمەی لێتان دەکرێ، تۆڵە وەك خۆی بکەنەوە، ئەگەر ئارامیشتان گرتو وازتان هێنا ئەوا باشترە. تۆڵەستاندنەوە ڕێگای دراوە، بەڵام لێبوردن گەلێ گەورەترە، ئەوەی توشیشتان دێت ئارامی لەسەر بگرن و لەڕێی خوا ببوورن، ئارام گرتن و خۆگرتن بەهۆی خوایە، دڵگیریش مەبە بێ باوەڕان موسوڵمان نابن، بەقسەو کردەوە نارێکەکانیشیان تەنگاو پەژارە مەبە، خوا پشتیوانی ئەو کەسانەیە کە لەخوا ترسن و ئاگاداری کردەوەی خۆیانن و لەگەڵ خەڵك چاکە دەکەن. خوا پارێزگاریانە، هەر کەسێکیش خوا ئاگاداری بکات خراپەو پیلانی کەس کاری لێ ناکات.

ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) لێی بووردن و فەرمووی نابێ کەس هیچ لەمردوو بکات. لەهەمان کاتیش پێغەمبەر (ﷺ) موسوڵمانەکانی ڕیز کرد، فەرمووی ڕاوەستن با سوپاسی خوا بکەین. کەهەموو لەپشتەوەی ڕاوەستان کەوتنە پاڕانەوەو فەرمووی: (**اللهم لك الحمد كله، اللهم لاقابض لما بسطت**

---

(١) النحل: ١٢٦و ١٢٧و ١٢٨.

ولاباسط لما قبضت،ولا هادي لمن اضللت ولامضل لمن هديت، ولامعطي لما منعت ولامانع لما اعطيت ولامقرب لما باعدت ولامبعد لما قربت. اللهم ابسط علينا من بركاتك ورحمتك وفضلك ورزقك، اللهم اني اسالك النعيم المقيم الذي لايحول ولايزول، اللهم اني اسالك النعيم يوم العيلة والامن يوم الخوف، اللهم اني عائذ بك من شر ماأعطيتنا وشرما منعتنا، اللهم حبب الينا الايمان وزينه في قلوبنا وكره الينا الكفرو والفسوق والعصيان واجعلنا من الراشدين، اللهم توفنا مسلمين واحينا مسلمين والحقنا بالصالحين غيرخزايا ولا مفتونين، اللهم قاتل الكفرة الذين يكذبون رسلك ويصدون عن سبيلك،واجعل عليهم رجزك وعذابك اللهم قاتل الكفر ة الذين اوتوا الكتاب، اله الحق)[1] : (ئەی خودایە سوپاس هەمووی هەر بۆ تۆیە هەر شتێکی تۆ بیدەیت کەس نایبات، هەر شتێکی تۆ نەیدەیت نایێتە دەست، کەسێك تۆ گومرایی بکەیت کەس ناتوانی ڕێگای پیشان بدات، هەرکەسێ تۆ ڕێگای پیشان بدەیت کەس ناتوانێ ڕێگای لێ بگۆڕێ هەرچی تۆ بیبەخشی کەس ناتوانێ رایبگرێ، هەرچی تۆ نەیدەیت کەس ناتوانێ بیدات، هەرکەسی تۆ دووری بخەیتەوە کەس ناتوانێ نزیکی بکاتەوە، هەر کەسێکی تۆ نزیکی بکەیتەوە کەس ناتوانێ دووری بخاتەوە، ئەی خوایە چاکەو خێرو خوردەمەنیو بەزەیی خۆتمان پێ بدە، ئەی خوایە داوای خۆشی یەگجاریت لێ دەکەم کەقەت ناگۆڕێو لاناچێ، ئەی خوایە داوای یارمەتیت لێ دەکەم لەڕۆژی نەبوونی، داوای هێمنایيت لێ دەکەم لەڕۆژی ترسو هەراسانی، خوایە باوەڕمان لەدڵ شیرین بکە، لەخراپەو ناڕاستیو یاخی بوون بمانپارێزی، بمانکەیە مرۆڤێکی تەواو، خوایە بەموسوڵمانەتیمان بمرێنیو بەموسوڵمانەتی زیندوومان بکەیتەوە، بمانگەینە ڕیزی پیاوچاکانو چاوشۆڕمان نەکەی. ئەی خوایە ئەو بێباوەڕانە بفەوتێنە کەپێغەمبەرانت بەدرۆزن دەزانن و ڕێگەی تۆ لەخەڵکی دەگرن، خوایە هەردەم تووشی ناخۆشیو ئازاریان بکەیت، خوایە شەڕ لەگەڵ ئەو بێ باوەڕانەی خاوەن کتێب بکە هەر تۆی خوای ڕاستی).

دوای پاڕانەوە کەپێغەمبەرو موسوڵمانان دەستیان کرد بەناشتنی شەهیدەکان هەر لەشوێنی شەهیدبوونیان، هەمووشی بەبەرگی خۆیانو بەبێ شوشتنو بەبێ نوێژکردن، هەردوو دوویان هاوێشتنە گۆڕێك.

---

(١) السيرة ابن كثير١/٥٧٤ لەئیمامی ئەحمەدەوە

کەلێبوونەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی، من شاهیدم لەسەر ئەوانە کەهەر کەسێك وەك ئەوانە لەڕێگەی خوا بریندارکراو شەهید بوو، ڕۆژی قیامەت خوا زیندووی دەکاتەوە برینەکەی خوێنی لێ دێتو ڕەنگەکەی ڕەنگی خوێنە، بۆنەکەی بۆنی میسکە[1].

شەهیدانی ئوحود شوێنێکی گەورەیان هەبوو لەناو دڵی پێغەمبەر، تاکو ئەو ساڵەی کۆچی دواییشی کرد هەرباسی دەکردنو زۆری پەرۆشی ئەو شەهیدانەبوو، ئەوانە باری هەرەگرانی ئەو بانگەوازەی ئیسلامیان هەڵگرتو لەمەککەوە کۆچیان کرد بۆ مەدینە،ماڵو سامانی خۆیان بەجێهێشت، لەو ڕێگەیەوە گەلێکیان ئازار چێشت، وا ئێستاش بوونە قوربانی ئەو ئایینە، لەژێر کێوی ئوحود ناشتران.

شەڕی ئوحود پەندێك بوو خوا پیشانی موسوڵمانانی دا، بۆ ئەوەی بزانن دەرچوونیان لەفەرمانی پێغەمبەر ئەو جۆرە ئەنجامەی لەدوایە، خۆ زۆری نەمابوو قورەیشیەکان تەواو بەسەریاندا زاڵ بنو لەناویان ببەن. بەڵام خوا پێشانی دان، ئەگەر هەموویان یەك دەنگو یەك دەست بن لەژێر فەرمانی پێغەمبەر، قورەیشی ناتوانی بەرامبەریان بوەستێو خۆیان ناگرنو پشت دەدەنو هەڵدێن، هەروەکو سەرلەبەیانی لەدەست پێکردنی شەڕەکە هەڵاتن. هەروەها قورەیشیەکانیش تەماشایان کرد موسوڵمانان هەموویان لەسەر کێوە کەلەدەورەی پێغەمبەر کۆبوونەوە، ترسیان کەوتە ناو دڵ نەیانوێرا چیتر بکەونە دوویان.

ئەگەر بەچاکی لێکی بدەینەوە سەرکەوتن بۆ قورەیشیان نەبوو، هەروەکو هەندێ کەس لێکی نەداتەوە، چونکە شەڕ ئامانجی هەیە ئەگەر ئامانجی نەهاتەدی وادەگەیەنێ کەسەرکەوتن نەهاتەدی، چونکە قورەیشیەکان بۆیە هاتبوون کەموسوڵمانان قڕان بۆ بێننو ژنو منداڵیان بکەنە کوێلەو لەبازاڕەکان بیانفرۆشنو پێغەمبەر بکوژنو ئایینی ئیسلام بسڕنەوە. ئەوان بۆ ئەوە نەهاتبوون چەند کەسانێکیان لێ بکوژرێو چەند کەسێکیش لەموسوڵمانان بکوژن با هی موسوڵمانان زیاتریش بێت، ئەوە سەرکەوتن وەدەست نایێنی. موسوڵمانەکانیش دەرسێکی باشیان وەرگرت، چونکە ئەگەر وایان بەسەر نەهاتبایە زۆرجاری تریش گوێیان بەفەرمانی پێغەمبەر نەئەداو دەیانگوت لەڕۆژی ئوحودیش فەرمانمان شکاندو هەر سەریش کەوتین.

---

(1) سەحیحی بوخاری دار النشر الریاض لاپەڕە ٨٤٠ ژمارە ٤٠٧٩.

تەنـــیاحـــاجی

Tanya Haji | تەنیاحاجی

public channel

Description

ئەم کتێبە لەلایەن { ئوسامە زەندی }
کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7

Invite Link

﴿ موسوڵمانەکان پاش شەڕی ئوحود ﴾

پاش ناشتنی شەهیدان، پێغەمبەرو جەنگاوەران گەڕانەوە مەدینە، تەماشایان کرد جوولەکەو دوو ڕووەکان زۆر دڵخۆشن بەو شکستەی موسوڵمانان بەسەریان هات، هەروەها موسوڵمانان دیتیشیان ئەو دەسەڵاتە ئەستوورەی لەمەدینە هەیانبوو خەریکە بشلەژێ، ئەگەر کار هەرواش بڕوات، ئەو شکستەی موسوڵمانان دەکەنە بنیشتە خۆشەی سەرزاریانو هیچ نرخێکی وایان نامێنێ لەنیو دورگە. هەروەها قورەیشیەکانیش بەجارێك کەوتنە پڕوپاگەندەی وا موسوڵمانان پێی ناو بەد ببن، وای لێهات شاری مەدینە وەك مەنجەڵێك دەکوڵا، ئەو کەسەی جاران بەنهێنی دوژمنایەتی دەکردن، ئێستا بەئاشکرا دوژمنایەتیان دەکات. بێ باوەڕان دەیانگوت موسوڵمانان سەرکەوتنەکەی شەڕی بەدریان کردبووە بەڵگەیەك بۆ پێغەمبەرایەتی موحەممەد، ئەدی شکستی شەڕی ئوحود بەڵگەیە بۆچی؟ هەروەها دەیانگوت خوا غەزەبی لەموسوڵمانان گرتووە، بۆیە ئەو شکستەیان هێنا.

دوژمن ڕەوشتی وایە هەر سەرزارەکی قسە دەکەن، ناچنە بنجو بنەوانی کاروکردەوان، ئەگەر تەماشا بکەین لەهەموو کارێك مەزنترو قورستر بۆ سەردارو پێشەوا مەسەلەی ڕاگرتنو هێنانەوەی دەسەڵاتە لەدوای شکست، بەڵام پیاوانی خاوەن بیروهۆشو ئەستوور بەخوا، هەموو شتێکی گران ئاسان دەکەنو لەهەموو ناخۆشیەك دەرباز دەبن.

بۆ ڕۆژی دوایی واتە شازدەی شەواڵ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دابکەونە دوای ئەبو سوفیان، فەرمووی هەر ئەو کەسانە بێن کەبەشداری شەڕی ئوحودیان کردوە.

ئیتر ساغو بریندار هەموویان خۆیان ئامادەکردو لەشکرێکیان پێك هێناو لەمەدینە دەرچوون. پێغەمبەر (ﷺ) بەیداغی دایە دەستە عەلی کوڕی ئەبی تالیب. عەبدوڵلای ئوم مەکتوومی لەسەر مەدینە داناو کەوتنە شوێن قورەیشیەکان، ڕۆیشتن تاکو گەیشتنە شوێنێك پێی دەڵێن (حمراء الاسد) لە لەشکرەکەی قورەیش نزیك بوونەوە.

قورەیشیەکان کەوتنە ئەو بیابانە فراوانە بیریان لەو ڕووداوە کردەوەو کەوتنە لۆمەی یەکتر، گوتیان هیچمان نەکرد موسوڵمانانمان شپرزە کردو بەجێمان هێشتو نەمان کرد یەکجاری لەکۆڵیان بکەینەوە.

ئەوە سەردارانیان هەر ماون، هەر خۆیان کۆیکەنەوە دێنە سەرمان.

لەوکاتەش (مەعبەدی خوزاعی)، هێشتا هەر بت پەرست بوو، لەڕێگا بەلای موسولْمانان تێپەڕیبوو گەیشتە قورەیشیەکان. ئەبو سوفیان پرسیاری موسولْمانانی لێکرد، ئەویش گوتی موحەممەد بەلەشکرێکی زۆرەوە بۆتان هاتووە، ئەوەی لەشەڕی ئوحودیش بەشداری نەکردوە لەگەڵی هاتووە، زۆر تینوونە بۆ تۆڵەستاندنەوە. بەو قسەیە لۆمەو لۆمەکاریو گلەیی شوێنی نەما، قورەیشیەکان کەوتنە بیرکردنەوەو دوو دڵی ئایا بگەڕێنەوە شەڕیان لەگەڵ بکەن یان هەر لەڕێی خۆیان بەرەو مەککە بڕۆن؟

بیریان کردەوە کەڕەنگە بەو ماندووەتیە دەرووستی موسولْمانان نەبین، بەڵام ئەگەر بچنەوە مەککە پایەی موسولْمانان بەرز دەبێتەوەو تاڵایی شکستەکەیان کەم دەبێتەوە. دوایی ئەبو سوفیان ڕۆیشتنەوە یەکی سەلامەتی بەسەر سەرکەوتنێکی نادیار پەسەند کرد.

لەگەڵ ئەو بڕیارەش لەوکاتی کاروانەکەی (عەبدولقەیس) گەیشتنە لایان، کەدەچوونە مەدینە. ئەبو سوفیان هەندێ لەپیاوانی ئەو کاروانەی ڕاسپارد کەبەهەڕەشە بەموسولْمانان بڵێن وا قورەیشیەکان گەڕاونەتەوە بۆتان، ئەوجارە بەیەکجاری لەناوتان دەبەن. موسولْمانان کەئەو قسەیان بیست، هیچ نەشێوان بەڵکو ورەیان بەرزتربوو، هەموو گوتیان ﴿حسبنا الله ونعم الوكيل﴾ واتە خوا پشتیوانی گەورەی ئێمەیە.

موسولْمانان تاکو سێ ڕۆژان لەو شوێنە مانەوە چاوەڕوانیان کرد. بەشەو ئاگریان دەکردەوە تاکو قورەیشیەکان بزانن ئەوان لەشوێن خۆیان هەر ماون چاوەنواڕیان دەکەن، بەڵام دوایی زانییان کەقورەیشیەکان گەڕاونەتەوە مەککە، ئەوانیش بەدڵێکی پڕ تواناو سەربەرزی گەڕانەوە بۆ مەدینە.

﴿ هێرشەکەی ئەبو سەلەمە ﴾

پێغەمبەرو موسولْمانان لە(حمراء الاسد) گەڕانەوە، هەستیان بەتەنگاوی هەڵوێست کرد، چونکە کۆچەرەکانی بیابان شەرمیان شکاو تەواو ئامادەبیان پێشاندا هێرش بێننە سەر مەدینەو تاڵانی بکەن، جوولەکەکانیش بەئاشکراو بەبێ ترس کەوتنە قسەو بوختان هەڵبەستن.

پێغەمبەریش (ﷺ) سەیری کرد تیرەی (سەلەمە) کەوتوونەتە جموجۆڵ، سەرۆکەکانیان (سەلەمەو

تەلیحە) کوڕانی خووەیلید وا تیرەکەیان هان ئەدەن کەهێرش بێننە سەر مەدینەو موسوڵمانەکان تاڵان بکەن، وایان دەزانی لەبەر شپرزەییەکەی شەڕی ئوحود ناتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن و بەرهەڵستی ئەوانیان پێ ناکرێ، لەبەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) لەشکرێکی پەنجا کەسی بەسەرکردایەتی (ئەبو سەلەمە) ناردە سەریان. ئەبو سەلەمە لەسەرکردە هەرەبەناوبانگەکانی موسوڵمانان دەژمێردرا، لەشەڕی ئوحودیش بریندار ببوو. (سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس)و (ئەبا عویەیدەی جەڕاح)و (ئوسەیدی کوڕی حوزەیریشیان لەگەڵ چوو). پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێدان بەشەو بڕۆن و بەڕۆژ خۆیان بشارنەوە، تاکو لەپڕ بەسەریان دابدەن و نەتوانن بەخۆ بکەون، کاتێك کەگەیشتنە سەریان، کۆچەرەکان هیچ بەرگریەکیان پێ نەکراو هەمووی پەرت و بڵاوبوونەوە. ئەبو سەلەمەش هەندێ لەجەنگاوەرەکانی نارد، هەموو ماڵاتەکانیان هێناو گەڕانەوە مەدینە. بەڵام بەداخەوە پاشی ئەو هێرشە چی وای نەبرد ئەبو سەلەمە کۆچی دوایی کرد. دوای ئەو هێرشە پێغەمبەر (ﷺ) بیستی کە(خالیدی کوڕی سوفیانی هەزەلی) تیرەکەی کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی لەشکرێك ڕێك بخات و بەسەر مەدینەدا بدات.

پێغەمبەریش (ﷺ) (عەبدوڵلای کوڕی ئەنیس)ی نارد تاکو هەواڵی ڕاستی ئەو قسەیەی بۆ بێنێتەوە. عەبدوڵلا چووە لای خالید، خالید لێی پرسی تۆ کێی و بۆچی هاتووی؟ ئەویش گوتی من پیاوێکی عەرەبم بیستوومە لەشکر کۆدەکەیتەوە منیش هاتوومە تاکو لەگەڵ ئەو لەشکرە بم، خالید گوتی ڕاستە وام نیازە بچمە سەر موحەممەد. عەبدوڵلاش تا ماوەیەك لەگەڵی مایەوە تاکو ڕۆژێك هەلی بۆ هەڵکەوت، خالیدی بەتەنیا دیت، هەڵیکوتایە سەری و کوشتی و گەڕایەوە مەدینە بەرەی هەزەلیش تاماوە یەك بێ دەنگ بوون.

﴿ ڕۆژی ڕەجیع ﴾

تیرەی (عوزەل و قارە) لەبیابانی نزیك مەدینە دەژیان هاتنە لای پێغەمبەر (ﷺ)، گوتیان موسوڵمانەتی لەناو هۆزەکەمان بڵاوبویتەوەو پێویستمان بەچەند کەسێك هەیە فێری یاساو ڕەوشتی ئیسلامیان بکات و قورئانیان فێر بکات. پێغەمبەریش (ﷺ) شەش کەسی بەسەرۆکایەتی (عاسیمی کوڕی سابت) لەگەڵ ناردن، ئەوانەش پێك هاتبوون لە(مەرسەدی کوڕی مەرسەد)و (خالیدی کوڕی

بەکر)و (خەبیبی کوڕی عەدی)و (زەیدی کوڕی دەسەنە)و (عەبدوڵلای کوڕی تاریق). ئەوانە کەگەیشتنە ئەو شوێنەی کە لەنێوان (عەسفان)و مەککەیە لەسەر ئاوی (هەزیل)و پێی دەڵێن (ڕەجیع) تیرەی بەرەی (لەحیان) پێیان زانی، نزیکەی سەد کەسێکیان کەوتنە دوایان، تاکو موسوڵمانەکان گەیشتنە شوێنێك کەپێی دەڵێن (فەدفەد). لەوێ موسوڵمانەکان چوونە ماڵێك. بەرەی لەحیان دەروەیان دانو پێیان گوتن پەیمانتان ئەدەینێ ئەگەر خۆتان بەدەستەوە بدەن ناتانکوژین. عاسیم گوتی من لەسەر پەیمانی بێ باوەڕان خۆم بەدەستەوە نادەم، چونکە ئەوانە پەیمانیان لەلا نیە.

ئیتر شەڕیان کرد تاکو عاسیمو سێ کەسی موسوڵمانانی لەگەڵ کوژراو ئەوانی تریش واتە (خەبیبو عەبدوڵلای کوڕی تاریقو زەیدی کوڕی دەسەنە) خۆیان بەدەستەوەدا.

بێباوەڕانیش لەباتی بەڵێنەکەیان بگەیەننە جێ، پەل بەستیان کردنو هەرسێکیان بردن بۆ مەککە لەڕێگا تاریق هەوڵیدا خۆی ڕزگار بکات، بەڵام دەرباز نەبوو کوشتیان. خەبیبو زەیدیشیان بردە لەوێ فرۆشتنیانە مەککەییان، ئەوانیش تینووبون بۆ خوێنی موسوڵمانان لەتاو کوژراوەکانیان.

(سەفوانی کوڕی ئومەییەی کوڕی خەلەف) لەمەککە، زەیدی کڕی تاکو لەتۆڵەی باوکی بکوژێتەوە، کەزەیدیان بۆ کوشتن برد، ئەبو سوفیانیش لەگەڵیان چوو. لەوێ لەزەیدی پرسی گوتی بەو خوایەت سوێند ئەدەم، پێم بڵێ حەزت دەکرد موحەممەد لەباتی تۆ بکوژرابایەو تۆش لەناو ماڵو منداڵی خۆت بای؟ زەید گوتی بەو خوایە نامەوێ موحەممەد لەو شوێنەی کەئێستا لێیەتی دڕکێکی لەدەست رابچێو منیش لەماڵی خۆم بم. ئەبو سوفیان گوتی کەسم نەدیوە ئەوەندە یەکتری خۆش بوێ وەك یارانی موحەممەد ئەوەندەیان موحەممەد خۆش دەوێ. ئیتر لەوێ زەیدیان کوشت.

(عوقبەی کوڕی حارسیش) خەبیبی کڕی تاکو لەتۆڵەی باوکی بیکوژێتەوە. خەبیبان لەماڵ دانا تاکو خۆیان ئامادە دەکەن بۆ کوشتن بیبەن، خەبیبش لەو ماوەیە، کەوتە خاوێن کردنەوەو ئامادەبوون بۆ مردن، لەوکاتەدا منداڵێکی ئەو ماڵە بەبێ ئەوەی دایکی ئاگای لێ بێ بەلای خەبیبەوە چوو، خەبیبیش لەسەر کۆشی خۆی داناو کەوتە گەمەکردن لەگەڵی. ئەو کاتەش کەمرۆڤ چاوەڕێی سێدارەی دەستی دوژمنە دەیکوژێ، ئەگەر هەلێکی دەست بکەوێ دەستێك لەو دوژمنە بوەشێنێ هەر نەبێ ئەو منداڵە جگەر گۆشەی ئەو دوژمنانەیە. بەڵام دڵو دەروونێکی وەك دڵو دەروونی خەبیب کەئیسلام پەروەردەی کردوە لەشتی وا دوورە.

کەدایکی منداڵەکە بەهۆش هاتەوە کۆرپەکەی بەبیرهاتەوە بەخێرایی غاریدا مەبادا ئەو کابرایە وا لەسەر ڕۆخی مردنەو دوژمنیانە، شتێکی لەگەڵ بکات، بەڵام کەدیتی وا لەکۆشی خەبیب دانیشتوەو خەبیب وەك باوکێکی بەسۆز دەیدوێنێ‌و کۆرپە پێی پێدەکەنێ. خەبیب تەماشای ژنەکەی کرد زانی پەرێشانە بۆ کۆرپەکەی پێی گوت دەترسی من ئەو کۆرپەیە بکوژم، ناخوا یار بیت شتی واناکەم. کەبردیان بیکوژن، خەبیب گوتی لێم گەڕێن دوو ڕکات نوێژ بکەم ئەوجا بمکوژن، ئەوانیش ڕێگەیان دا، ئەویش دوو ڕکات نوێژی لەسەرە خۆو بەچاکی کرد، دوایی گوتی ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە پێم بڵێن لەترسی مردن نوێژەکەی درێژ کردەوە، چەند نوێژی تریشم دەکرد.

ئەو دوو ڕکات نوێژەی خەبیب بووە ڕێگە بۆ هەموو کەس پێش کوشتنی ئەگەر ماوەی هەبێت بیکات! ئەوجا کەهێنایانو بەستیانەوە لەخوا پاڕایەوە گوتی خوایە ئێمە پەیامی پێغەمبەری تۆمان بەجێ هێنا، خوایە ئەوەی بەسەر ئێمە هات، بەیانی بەپێغەمبەری رابگەیەنە، خوایە ئەو کافرانە یەکەیەکەیان هەڵبژێرە هیچیان بەپاش مەدە هەموویان بفەوتێنە[1]. ئەوجا ڕووی تێکردنو پێی گوتن.

بێ باکم لەکوشتن چونکە موسوڵمانم بەهەرلا دا بکەوم هەر بۆ خوایە مردنم

ئەو موسوڵمانانە باوەڕیان ئەوەندە بەتێن بوو دڵنیا بوون کەخوا تۆڵەیان دەکاتەوەو خوێنیان بەفیڕۆ ناڕوات. بەو جۆرە ئەو دووگیانە پاکە بەرزبوونەوە بۆ ئاسمان، گیانی خۆیان لەڕێگەی ئیسلام بەخت کرد، لەکاتێکدا ئەگەر ناپاکیان لەگەڵ بیروباوەڕی خۆیان بکردبایەو بگەڕابانەوە سەر بت پەرستی دەیانتوانی گیانی خۆیان دەرباز بکەن، بەڵام باوەڕە بەهێزەکەیان بەخواو بەپێغەمبەرو ڕۆژی زیندوو بوونەوەن وای لێکردن بگەنە پیرۆزترین پلەی بەرزیەتی، کەئەویش شەهید بوونە لەڕێگەی خوا. باشترینو پاکترین ژیان ئەو ژیانەیە کەلەڕێگەی پاکی ئایینی ئیسلام بڕوات.

ئەو کارە ناڕەوایەی بێباوەڕان لەگەڵ هیچ کارێك بەراوورد ناکرێ، هەرچی بت پەرستو بێ باوەڕە لەهەر کاتو لەهەر شوێنێك بنو دەسەڵاتیان بەسەر موسوڵماناندا بشکێ، هیچ دڵ نەرمیان لەناو هەناودا نیە. ئەو کارەساتە دڵو دەروونی هەموو مرۆڤێکی خاوەن بەزەیی دەهەژێنێ، چونکە ئەوانە لەشەڕ نەگیرابوون، بەڵکو بەفەرمانی پێغەمبەر چوو بوون ئایینی پیرۆزی ئیسلام بڵاوبکەنەوەو نەزانان

(١) سەحیحی بوخاری ٣٢/٧ ومسلم ١٢٤/٤.

فێری چاکەو ڕێگەی خواناسین بکەن، پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێك ئەو کارە بەجێ بێنێ. بەڵام ئەو ستەمکارانە بەفێڵ و تەڵەکەبازی ئەو ناپاکیەیان لەگەڵ کردن دایاننەدەست دوژمنێکی وەك قورەیشی بت پەرست، کەهەموو ڕەوشتێکیان نموونەیە کە لەناڕەوایی و ستەمکاری. سەیر لێرەدا ئەوەیە ڕۆژهەلات ناسەکان (مستشرقين) لەسەر دوو دیلی تاوانبار لەشەڕی بەدر بەدیل گیرابوون و کوژران ڕەخنە لەپێغەمبەر دەگرن. بەڵام لەسەر ئەو دوو دیلە بێ تاوانانە بێ دەنگن، دڵیان نەبزووت نووکی قەڵەم بەکاربێنن، چونکە ئەوانیش بت پەرستن لەگەڵ یەکتری ناکەن، پێ لەستەمکاری خۆیان نانێن کەئێستاش بەهەزاران ستەمی ئەوها دەکەن. هەتاکو ئێستاش کەشەڕ لەنێوان موسوڵمانان و کۆمەڵی بێ باوەڕان قەوماوە، کوڕە لاوی موسوڵمانیان گرتووە، تەنیا ڕیشێکی هەیەو لاوێکی خواناسە، بێ ئەوەی شەڕیکردبێ، یا لایەنگیری کۆمەڵی موسوڵمانەکان بوو بێت لەماڵ دەریانهێناوەو کوشتیانە.

﴿ ڕۆژی بیری مەعونە ﴾

کوشتنی ئەو کۆمەڵەی یارانی پێغەمبەر (عاسیم و هاوڕێکانی) بەدەستی ئەو خێڵەکیانە ئەوها بەناپاکی و نامرۆڤانە، هەروەها کوشتنی خوبەیب و زەید بەدەستی قورەیشیان، پێغەمبەرو یارانی گەلێك پەژارەو دڵ تەنگ کرد، حەسانی شاعیریش گەلێ هۆنراوەی جوانی پێ هەڵگوتن.

پێغەمبەر (ﷺ) کەوتە بیرکردنەوە لەو بەسەرهاتە ناخۆشە. ئەو کۆمەڵە ئازاو لێهاتوانە لەو کاتە ناسکەو بەو ڕێگەیە، کارێکی گەورەی کردە سەر هەموو موسوڵمانان. ئەو جۆرە کردەوەیە ناپاکی عەرەبە کۆچەرەکانی دەرخست بەرامبەر باوەڕدارانی ئیسلام، لەبەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) دڵنیایی نەما چیتر یاران بنێرێتە ناو ئەو کێویانە، بەڵام چارەش نیە دەبێ فەرمانی خوا جێبەجێ بکات و نابێ هەر پێغەمبەران بانگەوازی ئیسلام بڵاوبکەنەوە، دەبێ موسوڵمانانیش هەموو کات لەهەموو شوێنان دریغی نەکەن، تاکو ئەو گەلە دواکەوتوانە بێننە سەر ڕێگەی ڕاستی، بەتایبەت کەبێ باوەڕی پەرەی ستاند نابێ کەس دریغی بکات.

لەوکاتەی کەپێغەمبەرو موسوڵمانان وا پەریشان بوون بۆ ئەو شەهیدانە، عامیری کوڕی مالیك کەبە(ملاعب الاسنه) بەناوبانگ بوو، دۆستی موسوڵمانان بوو، بەڵام موسوڵمان نەببوو، هاتە لای

پێغەمبەرو داوای لێکرد چەند موسوڵمانێکی زانا بنێرێتە ناوچەی (نەجد) تاکو فێری ڕەوشتو یاسای ئیسلامیان بکات، لەو کاتەدا تازە موسوڵمانەتیان لەناو پەیدا ببوو. پێغەمبەریش (ﷺ) بەقسەی نەکرد مەبادا وەك خوبەیبو هاوڕێکانیان لێ بکەن.

عامیر زۆری هەوڵدا بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) گوێی نەدایێ، تاکو عامیر گوتی من لەپەنای خۆمیان دەگرم. ئەویش پیاوێك بوو هۆزەکەی گوێیان لەقسەی ڕادەگرت، ڕەوشتیش وابوو کەس دەست درێژی نەدەکردە سەر پەنابەران. بەو قسەیە پێغەمبەر (ﷺ) دڵی نەرم بوو، (موحەممەدی کوڕی مونزیر)ی بەخۆ بەچل کەسەوە (هەندێك دەڵێن حەفتا کەسی) لەگەڵ ناردن، ئەمانەش هەمووی قورئانیان لەبەربوو، پیاوی‌زۆر پاك بوون هەردەم شەونوێژیان دەکردو بەڕۆژ داریان دەهێناو کاری خۆیان دەکرد. ئەمانە لەگەڵ عامیر ڕۆیشتن تاکو گەیشتنە شوێنێك پێی دەڵێن (بیری مەعوونە) کەلەنێوان خاکی بەرەی عامیرو بەرەی (سولەیمە). لەوێ ئەو نامەی پێغەمبەر نووسیبووی بۆ (عامیری کوڕی نوفەیل) دایانە (حەرامی کوڕی مەلحان) بردی بۆ عامیر، بەڵام پێش ئەوەی عامیر تەماشای نامەی پێغەمبەر بکا، پیاوێك لەبەرەی سولەیم لەدواوە حەرامی کوشت. حەرام کەلێی درا هاواری کرد گوتی (فزت ورب الکعبة) واتە سوێندم بەخوای کەعبە سەرکەوتم (واتە شەهیدبووم). لەهەمان کاتیش عامیری کوڕی نوفەیل داوای لەبەری عامیر کرد کەموسوڵمانەکانی تریش بکوژن، بەڵام ئەوان لەبەر پەنادانی عامیری کوڕی مالیك بەقسەیان نەکرد.

ئەویش هەڵسا داوای لەتیرەکانی (عیسیە)و (ڕەعل)و (زەکوان) کرد، ئەوان بەدوای قسەیەوە هاتنو تاویان دایە موسوڵمانەکان، ئەوانیش ناچار دەستیان دایە شمشێران کەوتنە شەڕ لەگەڵیان تاکو هەموویان شەهید کران، تەنیا دوو کەس نەبێت کە لەوکاتە لەوێ نەبوون، یەکیان (عەمری کوڕی ئومەییەی زەمەری بوو)، لەگەڵ (کەعبی کوڕی زەید)، کاتێك دیتیان باڵندە لەسەر شوێنەکانیان دەسوڕێنەوە، گوتیان ئەو باڵندانە وا بەو کۆمەڵە زۆرەوە بەخۆڕایی لەو شوێنە ناسوڕێتەوە، بەتاو ڕۆیشتن تاکو شوێنەکە کەتەماشایان کرد هەموو برا موسوڵمانەکانیان کوژراونو لەسەر ئەو زیخە فڕێدراونو وڵاغەکانیشیان لەولاوە وەستاون. کەعب بەعەمری گوت چ دەڵێیو چ بکەین؟ عەمر گوتی وا بەباش دەزانم خۆمان بگەیەنینەوە پێغەمبەر باسەکەی بۆ بگێڕینەوە، کەعب گوتی خۆم پێرانا‌گیرێ تاکو دەگەینەوە لای پێغەمبەر وا بەباش دەزانم وەك ئەوان شەڕ بکەین تاکو وەك ئەوان دەکوژرێین.

دەستیان دایە شمشێرو کەوتنە شەڕ لەگەڵیان تاکو کەعب شەهید کرا، عەمریشیان بەدیل گرتو بردیانە لای عامیری کوڕی توفەیل. ئەویش لەبەرەوەی عەمر چاکەی بەسەردایکی توفەیلەوە هەبوو ئازادی کرد. عەمر گەڕایەوە بۆ مەدینە، لەڕێگا تووشی دوو پیاو بوو وای زانی ئەو دوو کابرایە لەدوژمنەکانیانن، هەردووکی کوشتن کەگەیشتەوە مەدینە ئەو باسە گرانو ناخۆشو دڵ تەزێنەی براکانی بۆ پێغەمبەر گێڕایەوە[1] پێغەمبەریش (ﷺ) زۆر پەژارەو دڵگیر بوو بۆ ئەو پیاوە خوێندەوارو تێگەیشتوانە فەرمووی زۆرم ترس هەبوو وایان بەسەر بێنن، بەڵام ئەوە کردەوەی باوکی بەراء (عامیری کوڕی مالیك) بوو وای کرد بیانێرم. پێغەمبەر (ﷺ) لەتاوان ماوەی یەك مانگ لەنوێژی بەیانیان دوعای قنوتی خوێند، داوای تۆڵەستاندنەوەی لەتیرەی ڕەکوانو هەزیلو قارە لەخواکرد.

موسوڵمانانیش ئەوەندەیان پەرۆش بوون، بارتەقای شەهیدانی ئوحود کاریگەر بوو. ئەو دوو پیاوەی عەمریش لەڕێگا کوشتبوونی، دەرچوون لەبەرەی عامیر بوونو هاوپەیمانی پێغەمبەر بوون لەبەرئەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی دەبێ تۆڵەیان بدەینێ. ئا بەو جۆرە ئەو پیاوە دڵسۆزو خاوەن باوەڕانە بەو دەستە ناپاکانەی عارەبی بێ باوەڕانی بیابان ڕۆیشتن، گیانی پاکی خۆیان بۆ بەهەشت برد.

﴿ دەرکردنی جوولەکەی بەرەی نەزیر (بني النضير) ﴾

جوولەکەو دوو ڕووەکانی مەدینە هەردەم دڵی موسوڵمانانیان بریندار دەکرد، هەر هەلیان دەست کەوتبایە کارەساتی ئوحودو بیری مەعوونەو ڕەجیعان بەبیر دەهێنانەوەو دڵخۆشیان پێشان دەدا بەرامبەریان، سەرکەوتنەکەی موسوڵمانانیان لەشەڕی بەدرو هێرشەکانی سەر کۆچەریەکانی بیابانیان لەبیر کرد، وایان لێهات هیچ گوێیان بەهێزو توانای موسوڵمانان نەدەداو پەکیان پێ نەدەکەوت.

پێغەمبەریش (ﷺ) هەردەم ئاگاداری دڵ ڕەشی ئەوانە بوو. کەوت کۆکردنەوەی تۆڵەی ئەو دوو پیاوە کوژراوەکەی کەلەتیرەی عامیر بوون، عەمر بەدوژمنیان تێگەیشتبوو کوشتبوونی. لەو جۆرە کۆکردنەوەیەدا دەبوایە موسوڵمانانو هاوپەیمانەکانیشیان بەشداری بکەن، جوولەکەکانی بەرەی نەزیریش

(١) سحیحی بوخاری دار النشر الریاض لاپەڕە ٨٤٣-٨٤٤ ژمارە ٤٠٨٨-٤٠٩٦.

هاوەڵانی پێغەمبەر بوون، لەبەر ئەوە دەبوایە ئەوانیش بەشداری لەوە بکەن، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دە کەسی لەگەورە یاران لەگەڵ خۆی برد، لەوانە ئەبوبەکری سدیق‌و عومەری کوڕی خەتاب‌و عەلی کوڕی ئەبی تالیب بوون، چوونە لای جولەکەی بەرەی نەزیر، بەڕوویەکی زۆر خۆشەوە بەرەو پیری پێغەمبەر هاتن‌و بەخێرهاتنیان کرد، لەژێر دیواری خانوویەك جێگایان بۆ ڕاخست، پێغەمبەریش (ﷺ) زۆر بەدڵنیایی دانیشت.

کاتێك تەماشای کرد جوولەکەکان کەوتنە فسکە فسك‌و پستە پست، هەریەکە بۆ لایەك هات‌وچۆی دەکرد، خەریکی پیلان دانان بوون ئەو فرسەتە لەدەست نەدەن پێغەمبەر (ﷺ) وا بەدڵنیایی‌و بێ ئاگایی دانیشتووە، لەگەڵ یارانی کەوتۆتە قسەکردن قەتیان ئەو هەلە بۆ هەڵناکەوێ، بیریان کردەوە یەکێك بنێرنە سەربانی تاویرە بەردێکی بەسەر دابداو لەکۆڵی بکاتەوە! باوەڕیشیان نیە ئەوە پێغەمبەرەو خوا لێی بێ ئاگا نیەو ئاگاداری ئەکات، بیروهۆشی پێغەمبەران وەك بیروهۆشی خەڵکی تر نیە، هەندێ خەڵك بەبیرتیژی خۆیان زۆر شتیان بۆ ڕوون دەبێتەوە، پێغەمبەریش جگە لەبیرتیژییان خوا ئاگاداریان دەکات، ئەمەش یەکێکە لەکاری لەتوانا بەدەر واتە (معجزة).

پێغەمبەر (ﷺ) بەفەرمانی خوا لەناکاو لێیان بەئاگا هات. هەر بەخێرایی بێ ئەوەی یاران ئاگادار بکات، شوێنەکەی خۆی بەجێهێشت‌و بەرەو مەدینە ڕۆیشت. یاران وایانزانی بۆکارێکی تایبەتی خۆی دەڕوات، کاتێك زۆریان چاوەڕێ کرد هەر نەگەڕایەوە. دوایی پیاوێك لەمەدینەوە هات، لێیان پرسی پێغەمبەرت نەدیوە؟ گوتی دیتم پێغەمبەر هاتەوە مەدینەو چووە مزگەوت. ئەوانیش بەخێرایی خۆیان گەیاندەوە مەدینەو چوونە لای پێغەمبەر. ئەویش باسەکەی بۆ کردن، دوایی زانیان کەپیاوێك بەناوی (عومەر جەحاشە) ویستبووی بەردێك بەسەر پێغەمبەردا بەربداتەوەو بیکوژێ.

ئەوکردەوەیە وای لەموسوڵمانان کرد، هەندەی تر باوەڕیان بەپێغەمبەر بەتێن بێ، پێغەمبەر (ﷺ) بڕیاریدا ژیان لەگەڵ ئەو جوولەکە ناپاکانە کەڵکی بڕا. ئەوانە هەردەم ناپاکییان لێنابڕێ، هەروەکو جوولەکەی بەرەی قەینوقاع، بێگومان خوا باشی ناسیون کەلەقورئان باسیان دەکات‌و دەفەرموێ: ﴿لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُدَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوا

وَكَانُواْ يَعْتَدُونَ﴾[1] واتە: (جوولەکەکانی سەردەمی داود پێغەمبەرو عیسی پێغەمبەر، بێ باوەڕ بوون خوا لەزەبووروو لەئینجیل دیاری کردوە، ئەوانە بێ باوەڕنو لەڕەحمەتی خوّی دووری خستوونەتەوە، چونکە ئەوانە لەخوا یاخی بوونو دەستدرێژی دەکەنە سەر پێغەمبەرانو ئەوانەی باوەڕیان پێ دێنن).

جا لەبەرئەوە پێغەمبەر (ﷺ) موحەممەدی کوڕی سەلەمەی ناردە لایانو فەرمانی پێدا لەماوەی دە ڕۆژ بەبێ دواکەوتن کەلوپەلیان هەلگرنو لەولات بچنە دەرەوە، هەرکەسێ دواشکەوێ سەریدەپەرێندرێ. جوولەکەکان لەو فەرمانەی پێغەمبەر زۆر سەرسام بوون، بەموحەممەدی سەلەمەیان گوت قەت نەماندەزانی یەکێکی وەك تۆ، هاوپەیانی کۆنمان ئەو فەرمانەمان بۆ دێنی. هومێدیان هەبوو موحەممەد تکایەکیان لەلای پێغەمبەر بۆ بکات. ئەویش گوتی بیروباوەڕی ئیسلام لەهەموو شتێك لەلام بەرزترە.

جوولەکە ماوەی چەند ڕۆژێك کەوتنە خۆگردکردنەوەو بۆ ڕۆیشتن بەلاّم (عەبدوللاّی کوڕی ئوبەی) سەرۆکی دوو ڕووەکانی مەدینە، وەلاّمی بۆ ناردنو گوتی دەرنەچن، من بەخۆمو دوو هەزار کەسەوە دێمە یارمەتیتان، دژی موحەممەد لەگەڵتان ڕادەوەستم.

جوولەکە لەو قسەیە سەرسام بوونو کەوتنە بیرکردنەوەو دوو دڵی، چونکە زۆریان باوەڕیان بەقسەی کوڕی ئوبەی نەبوو، زانیشیان جوولەکەی بەرەی قورەیز یارمەتیان نادەن چونکە هاوپەیانی پێغەمبەر بوون، بیریشیان کردەوە ئەگەر ولاّتیش بەجێبێلن ڕەنگە جارێکی تر بتوانن بگەڕێنەوە ناو باغو خانوەکانیان.

لەبەرئەوە وایان بەباش زانی بڕۆن. بەلاّم سەرۆکەکەیان (حویەی کوڕی ئەختەب) پێی داگرتو گوتی ناڕۆینو وەلاّم بۆ موحەممەد ئەنێرمو هەرچی لەدەستی دێت با بیکات، ئێمە دەچینە ناو قەلاّکانمان، بەکەس نایێتە گرتن، خواردەمەنیو ئازووقەی ساڵێکیشمان هەیە، ئاویشمان لێ نابڕێ. لەڕاستیشدا ئەو جولەکانە زۆر بەهێزبوونو مەزەندەی ئەوە نەدەکرا موسوڵمانان بەسەریان دا زاڵ بن.

بەلاّم کاری خوا ئەوە نیە لەبەر چاوان بێ، یاخود بەگوێرەی پێوانەو مەزندەی مرۆڤ بێت. خوا لەقورئان بەچاکی باسی ئەو جولەکانە دەکات کەچۆن دەرچوونو ولاّتیان بەجێهێشت کەدەفەرموێ ﴿مَا

---

(1) المائدە : ٧٨

﴿ظَنَنتُمْ أَن يَخْرُجُوا وَظَنُّوا أَنَّهُم مَّانِعَتُهُمْ حُصُونُهُم﴾(1) واتە: موسوڵمانینە ئێوە بیرتان نەدەکردەوە جوولەکەکان لەقەڵاکانیان دەربچن، ئەوانیش وایان بیردەکردەوە بەهۆی قەڵاکانیانو شوورە بەتینەکەیان خۆیان ڕادەگرن.

دەرۆژەکە تەواو بوو، جوولەکەکان نەڕۆیشتن، پێغەمبەریش (ﷺ) لێیان بەخۆ کەوت، هەڕەشەشی لەهەموو لایەکیش کرد، نەکەن یارمەتیان بدەن. موسوڵمانان دەستیان دایە شمشێرانو ڕۆیشتن ئابلوقەیان دان، ماوەی بیست ڕۆژ مانەوەو شەڕیان لەگەڵ کردن، لەزۆر شوێنان شوورەی قەڵاتەکانیان روخاندو کەسیش نەیتوانی یارمەتیان بدات.

دوایی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانیدا دار خورمایەکانیان ببڕنو بیسوتێنن. هەرچەندە داری بەربوون بەڵام لەکاتی شەڕ دروستە دوژمن تەنگاو بکرێ، تاکو خۆی بەدەستەوە بدات. جولەکە تەنگاو بوون، زۆریان پێناخۆش بوو کەدار خورمایەکانیان ببڕن، چونکە هێشتاش هومێدیان هەر مابوو لەو خورمایە بخۆن. هاواریان کردە پێغەمبەر گوتیان تۆ ڕەخنەت لەخراپە دەگرتو نەتدەهێشت بیکەین، بۆچی دارخورماکان دەبڕیو دەسووتێنی؟ خوا وەڵامی دانەوە فەرمووی: ﴿مَا قَطَعْتُم مِّن لِّينَةٍ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَائِمَةً عَلَى أُصُولِهَا فَبِإِذْنِ اللهِ﴾(2) واتە: (هەر دار خورمایەکی دەیبڕن یا نایبڕنو بەجێی دێڵن، هەمووی هەر بەفەرمانی خوایە).

جوولەکەکان لەماوەی ئەو بیست ڕۆژە زۆر تەنگاو بوون، زۆریشیان هومێد بەعەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی هەبوو بێتە یارمەتیان. بەڵام پیاوی دوو ڕوو پەکی بەپەیمانو بەڵێن ناکەوێ، پەیوەندی پێوە ناکات، هەروەك خوا دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَر إِلَى الَّذِينَ نَافَقُوا يَقُولُونَ لِإِخْوَانِهِمُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَئِنْ أُخْرِجْتُمْ لَنَخْرُجَنَّ مَعَكُمْ وَلَا نُطِيعُ فِيكُمْ أَحَدًا أَبَدًا وَإِن قُوتِلْتُمْ لَنَنصُرَنَّكُمْ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ * لَئِنْ أُخْرِجُوا لَا يَخْرُجُونَ مَعَهُمْ وَلَئِن قُوتِلُوا لَا يَنصُرُونَهُمْ وَلَئِن نَّصَرُوهُمْ لَيُوَلُّنَّ الْأَدْبَارَ ثُمَّ لَا يُنصَرُونَ﴾(3) واتە: (خوا بەپێغەمبەر دەڵێ سەرت سوڕنەمێنێ لەوەی کەدووڕووەکان بەڵێنیان بەبرا جوولەکەکانی بێباوەڕی بەرەی قورەیزدا، پێیان گوتن ئێمەش لەگەڵ ئێوەین یارمەتیتان

---

(1) الحشر: ٢.

(2) الحشر:٥.

(3) الحشر ١١و١٢.

ئەدەین‌و شەڕ لەگەڵ موحەممەد دەکەین‌و بەقسەی ناکەین، ئەگەردەریشیان کردن ئێمەش لەگەڵ ئێوە دەردەچین. خوا شاهیدی ئەدات، دەفەرموێ ئەوانە درۆزنن، ئەگەر دەریان کردن لەگەڵیان دەرناچن، ئەگەر تووشی شەڕیش بوون، یارمەتیان نادەن‌و شەڕیان بۆ ناکەن، ئەگەر واش ڕێکەوت هاتنە یارمەتیان شەڕیان بۆ ناکەن‌و پشت ئەدەن‌و هەڵدێن) ئیتر جوولەکەکان کەوتنە بیرکردنەوە، ئەگەر هەروا لەشەڕ بەردەوام بن‌و کەسیش نێتە یارمەتیان چیان بەسەر دێت، هەموویان ورەیان بەردا. خوا ترسێکی وای هاوێشتە ناو دڵیان بەجارێك دەماریان شل بوو، لەوەش خراپتر نیە لەڕۆژی جەنگ‌و ترسناك پیاوان ورە بەربدەن‌و ترس گیانیان بهەژێنێ، ناچار دەبن خۆیان بەدەستەوە ئەدەن.

موسوڵمانانیش بەتەما نەبوون جوولەکەکان وا زوو خۆیان بەدەستەوە بدەن، بەڵام کاری خوا لەگەڵ مەزەندەی مرۆڤ زۆر لێك دوورە. جوولەکە چاریان نەما، داوایان لەپێغەمبەر کرد لێیان بگەڕێ خۆیان‌و ماڵ‌و منداڵیان بڕۆن لەوڵات بچنەدەر. پێغەمبەریش (ﷺ) مەسلەتی لەگەڵ کردن بەو مەرجەی هەر کەسە حوشترێك باربکات‌و چەندی‌دەتوانی لەخواردن‌و کەل‌وپەلی ماڵ لەگەڵ خۆیان ببەن، لەوەزیاتر هیچ نەبەن. بەڵام هەندێ‌کەسیان خانووەکەشی دەڕوخاندو دارەکانیشی دەبرد، ئیتر هەموویان ڕۆیشتن لەنێوان خەیبەرو شام پەرتەیان لێ کرد. زۆریشیان لەگەڵ سەرۆکەکەیان (حویەی کوڕی ئەختەب) چوونە لای جوولەکەکانی بەرەی قورەیز لەخەیبەر، بەو جۆرە چەك‌و ماڵ باغ‌و زەویەکانیان بۆ موسوڵمانان مایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) بەسەر موسوڵمانە کۆچ کردوەکانی دابەش کرد. تاکو چیتر نەبنە بارگرانی بەسەر یاریدەدەرەکان. لەو دابەش کردنەدا پێغەمبەر (ﷺ) بەشی یاریدەدەرانی نەدا، تەنیا چەند کەسێك نەبێت کەهەژاری خۆیان لای پێغەمبەر دەربڕی، وەك (ئەبو دوجانە)و (سەهلی کوڕی حەنیف). چونکە موسوڵمانان بەو دەسکوتانە ماندوو نەبوون‌و چ شەڕیشیان نەکرد، دەسکەوتی بێ شەڕ بۆ دەوڵەت‌و سەرۆك بۆ بەرژەوەندی گشتی تەرخانی دەکات، نابێ ماڵ‌و سامان لەنێو دەوڵەمەندەکان هات‌و چۆ بکات‌و هەژارەکانیش بێبەش بن، هەروەك خوا دەفەرموێ: ﴿مَّا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَىٰ فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنكُمْ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ

﴿الْعِقَابِ﴾[1] واتە: هەر دەستکەوتێکی بەبێ شەڕ دەستی موسوڵمانان دەکەوێ، لەو شەڕەی بەرەی نەزیرو ئەوانی تریش بۆ خواو پێغەمبەرە، خوا دەسکاری دەکات. پێغەمبەر بەگوێرەی فەرمانی خوا بۆ بەرژەوەندی موسوڵمانان دابەشی دەکات بەسەر خزمانی بەرەی هاشیمو هەتیوو بێ دەسەڵاتە هەژارەکانی، تواناو ڕێبواران کەلەڕێگە ماونەتەوە، لەبەر هەژاری ناتوانن بگەنەوە ماڵی خۆیان. ئەمەش بۆ ئەوەیە تاکو هەژاران بێبەش نەبنو ماڵو سامان هەر لەنێو خاوەن توانایان هاتوچۆ نەکات. ئەوەی پێغەمبەر بۆتان دیاردەکات ئەوە بکەنو وەری بگرنو واز بێنن لەوەی لێتان قەدەغە دەکات، خۆتان بپارێزن لەکردەوەی خراپ هەردەم لەفەرمایشتی پێغەمبەر دەرمەچن، سزای خوا بەتێنە. یاریدەدەرکانیشو هەرچەندە گوتیان ئێمەش بەشمان هەیە لەو دەسکەوتانە، بەڵام لەدوای هاتنی ئەو ئایەتە، گوتیان ئێمە ماڵی خۆمان ئەدەینە کۆچ کردوو هەژاران، با ئێمە دەستیشمان کورت بێت، هەر بۆیە خوا ستایشیان دەکات دەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ تَبَوَّؤُا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾[2] واتە: دانیشتوانی مەدینە پێش کۆچی پێغەمبەرو موسوڵمانان (مەبەس یاریدەدەرەکانی مەدینەیە) ئەوانە موسوڵمان بوونو برایانی کۆچ کردوشیان زۆر خۆش دەوێو بەماڵو بەگیان گرتنیانەوە دڵگیریش نەبوون بەو دەسکەوتانەی وەریان گرت، ئەوانە برا موسوڵمانەکانیان لەخۆیان لەپێشتر دەگرن، ئەگەرچی پێویستو دەست کورتیش بن. هەر کەسێکیش وەك ئەوانە خۆی لەقرچۆکیو چاوچنۆکی بپارێزی هەر ئەو سەرکەوتووە).

شایانی باسە لەو ڕۆژەوەیاسای برایەتی بەشداری کۆچ کردووان نەما لەگەڵ یاریدەدەران، پێغەمبەر (ﷺ) هەریەك لەکۆچکردووانی لەگەڵ یەك لەیاریدەدەران کردبووە برا. ئەوەش بووە مایەی خۆشی بۆ کۆچکردووان چیتر بارگرانابیان لەسەرشانی یاریدەدەران نەما. بەو شێوەیە موسوڵمانان دەسەڵاتیان بەتەواوی بەسەر مەدینە چەسپاو دوو ڕووەکان چیتر نەیانوێرا بەئاشکرا پیلان بگێڕن. ئەو ماوەیە تاکو ساڵ وەرسوڕایەوە موسوڵمانان زۆر بەخۆشیو بەهێمنی ژیان، تەنیا ئەوەنەبێ هەندی تیرەی عارەبەکانی

---

(١) الحشر: ٧.

(٢) الحشر: ٩.

بیابان وەك تیرەی (لەحیان)و بەرەی (موحاریب)و بەرەی (سەعلەبە)و (غەتفان) ڕاوڕووتیان دەکردو ڕێگایان بەکاروانان دەگرت. لەبەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) چەند مەفرەزیەکی نارده سەریان، دووری خستنەوەو پەرش و بڵاوبوونەوە بۆ سەرکێوەکان و دوورکەتنەوە.

﴿ شەڕی بەدری دوایی ﴾

پێغەمبەر (ﷺ) قسەکەی ئەبو سوفیانی لەبیر نەچوو، لەڕۆژی شەڕی ئوحود چووە سەربەرزاییەکەو گوتی: (ئەوڕۆکەمان بەڕۆژی بەدر، ساڵێکی تر لەبەدر بەرەنگاری یەکتر دەبینەوە). کەساڵ وەرسوڕایەوە واتە لە(١٥/٨/٢ی کۆچی). هەرچەندە ساڵەکەش زۆر نەهات بوو، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) گوێی نەدایێ و لەگەڵ موسوڵمانان کەوتنە خۆئامادەکردن و ڕێکخستن، زۆریش لەموسوڵمانان نەیاندەویست خۆیان تووشی شەڕ بکەن. بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) زۆر بەتوندی سوێندی خواردو گوتی دەبێ بۆیان بچینە دەر. لەبەرئەوە کەس خۆی دوانەخست و بێ ترس دەستیان دایە چەك. پێغەمبەر (عەبدوڵڵای کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی) لەسەر مەدینە کردە سەردار![1] لەگەڵ موسوڵمانان کەوتنە ڕێ.

گەیشتنە (بەدر) لەوێ دامەزران، خۆیان ئامادەکرد بەرەنگاری قورەیشیە بت پەرستەکان ببن. ئەوانیش بەدە هەزار کەسەوە بەسەرکردەی ئەبو سوفیان هاتن، تاکو گەیشتنە شوێنێك پێی دەڵێن (زەهران) لەوێ ئەبو سوفیان بیری کردەوە شکستی بەدرو شکستی یەکەم قۆناغی شەڕی ڕۆژی ئوحودی هاتەوە بیر، ترسی لێ پەیدابوو، نەوەك ئەوجارەش شکست بێنن و ئەو جارە بەیەکجاری بفەوتێن، بۆیە وای بەباشی زانی کەخۆیان تووشی ئەو شەڕە نەکەن، بەلەشکرەکەی گوت ئیمساڵ ساڵێکی نەهاتە، ساڵی وانەهاتیش بۆ ئێمە دەست نادات شەڕ بکەین، ساڵێکی هات بێت زۆر باشترەو وڵاغمان تێر دەخوات و مەڕومالاّتمان شیرێکی زۆری دەبێت، لەبەر ئەوە بڕیارم دا بگەڕێمەوە ئێوەش بگەڕێنەوە.

---

(١) عەبدوڵڵا هەرچەندە کوڕی پیاوێکی دوو ڕووی گەورە بوو، بەڵام خۆی موسوڵمانێکی زۆر چاك و دڵسۆز بوو، لەبەرئەوە نابێ مرۆڤ بەکردەوەی باوکی تەماشا بکرێت. هەرکەسە بەکردەوەی خۆی ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت.

پیاوێکیشی نارده لای پێغەمبەر، ناوی (نوعەیم) بوو رایسپارد کەبەدرۆ بەپێغەمبەر بڵێ قورەیش لەشکرێکی وایان بۆ ئامادە کردوون و دێنە سەرتان کارێکی واتان پێ دەکەن کەشەڕی ئوحود هیچ نەبووبێ لەچاو ئەوجارە. بەڵام موسوڵمانان کەئەو قسەیان پێگوترا هەندەی تر ورەیان بەرزبۆوە، ماوەی هەشت ڕۆژان لەوێ مانەوە چاوەنواڕیان کرد، بەڵام کەزانیان قورەیش نایێت و بەسەربەرزی گەڕانەوە. پاش ئەوەی سوودێکی باشیان دەست کەوت لەبازرگانیەتی بازاڕی بەدر. بەو هۆیەوە ناوبانگی شەڕی ئوحودیان لەسەر لاچوو.

﴿ شەڕی ذات الرقاع ﴾

لەپاش ئەوەی موسوڵمانان لەبەدر گەڕانەوە مەدینە، هەو بوو هەوی موسوڵمانان، پێغەمبەر (ﷺ) بیستی کۆمەڵێك لەتیرەی (غەتفان) لەنەجد، خۆیان ئامادەکردوە دەیانەوێ هێرش بێننە سەر مەدینە. بۆیە بەخۆی و چوار سەد کەسەوە بەنهێنی بۆ لایان چوو، دیتی ئەوا بەرەی (موحاریب)و بەرەی(سەعلەبە) لەتیرەی غەتفان کۆبووینەوە، لەپڕ هێرشی بردە سەرماڵەکانیان، بەبێ شەڕکردن هەموویان هەڵاتن و پەرت و بڵاوبوونەوە.

پێغەمبەریش (ﷺ) بەرەو مەدینە گەڕایەوە، بەڵام لەرێگا زۆر بەئاگاداری دەڕۆیشتن، نەوەك دوژمن باداتەوە سەریان، تەنانەت نوێژیشیان بەنۆبەت دەکرد، ئەو نوێژە پێی دەڵێن (نوێژی ترس)، هەرجارە کۆمەڵێك بەخۆ بەچەکەوە بەرەو ئاقاری دوژمن ڕادەوەستان، کۆمەڵێکیش لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) نوێژیان دەکردو دوای دو ڕکاتی یەکەم، پێغەمبەر (ﷺ) دادەنیشت، ئەوان دوو ڕکاتەکەی تریان تەواو دەکرد، سەلامیان دەدایەوەو هەڵدەستان، دەچوونە شوێنی هێشك گرەکان، هێشك گرەکانیش دەهاتن لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) نوێژیان دادەبەست، پێغەمبەریش دوو ڕکاتەکەی تری لەگەڵ ئەوان تەواو دەکردو سەلامی ئەدایەوە، ئەوان هەڵدەستانەوە دوو ڕکاتەکەی تریان تەوان دەکرد[1].

پێغەمبەرو موسوڵمانان ماوەی پازدە ڕۆژیان لەو هێرشە پێچوو، گەڕانەوەو گەیشتنە دۆڵێك پێی

(١) سەحیحی بوخاری لاپەڕە ٨٥٠ ژمارە ٤١٢٩.

دەڵێن دۆڵی (عەزات)، لـەوێ دابـەزین و پێغەمبـەر(ﷺ) لـەژێر دارێـك پـاڵی دایـەوە، شمـشێرەکەی بەدارەکەوە کرد. موسوڵمانەکانیش لەژێر سێبەری دارەکان پەرت بوون و دانیشتن و خەوتن. لەکاتێکـدا پێغەمبەر بانگی کردن، کەچوونە لای دیتیان عارەبێکی لەلا دانیشتووە.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی لەکاتی من خەوتبوم، ئەو پیاوە هاتبوو شمـشێرەکەمی هەڵکێـشابوو، لەوکاتی بەخەبەر هاتم و ئەویش بەلامەوە هات، گوتی چ تۆ لەمن رزگـار دەکـات؟ گـوتم خـوا. ترسـی کەوتە ناو دڵ و لەلام دانیشت. پێغەمبەریش (ﷺ) چ سزای نەدا[1] ئەو هێرشە ناوبانگی بەشەڕی (ذات الرقاع) واتە شەڕی (پیناوی) دەرکرد، چونکە موسوڵمانان گەلێ هەژارو دەست کورت بـوون، زۆربـەیان بەپێیان دەڕۆیشتن و دوو دوو و سێ سێ بەنۆبەت سواری حوشترێك دەبوون، گـەلێکیان پێڵاویـان لـەپێ نەبوو، پێی خۆیان لەبەردو دارو دڕك دەدا خوێنی لێدەهات، یا نینۆکیان دەپەڕی پارچە پەڕۆیان لەپێیان دەئالاندو دەڕۆیشتن[2]. لەسەر ئەو حاڵەش هێشتاش وا نەبوو سستی لەجیهاد بکەن.

پێغەمبەریش (ﷺ) پازدە ڕۆژان لەو ناوە مایەوەو چەند مەفرەزەیـەکی بـەولاو بـەولادا هـەنارد، بەڵام کەسیان تووش نەبوو، گەڕانەوە.

﴿ شەڕی دۆمە الجندل ﴾

(دومە الجندل) شوێنێکە لەسەرووی نیودورگەی عەرەبە،لەنێوان حیجازو شـامە، لـەو سـەردەمەدا دانیشتوانی لەژێر سێبەری دەوڵەتی ڕۆم بوون، زۆربەیان لەسەر ئـاینی مەسـیحی بـوون. ئـەو عارەبـە مەسیحیانە بەهۆی ڕۆمەکان خۆیان زۆر بەپشت ئەستوور دەزانی و وایان دەزانی هیچ هێزێك دەسـەڵاتی بەسەریان داناشکێ. بەزۆریش دەچوونە سـەر ڕێگـای کاروانـان ڕێگرییـان دەکـرد. پێغەمبـەر (ﷺ) بیستی ئەوانە خۆیان ئامادە دەکەن هێرش بێننە سەر مەدینـە، ئـەویش بەخۆکەوت،هـەزار چـەکداری لەگەڵ خۆی بـردو ڕێنیـشاندەری چـاکی هەڵبـژاردو بەشـێوەیەکی نهێنـی شـەوڕۆیان دەکرد،بـەڕۆژیش

---

(١) هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٨٥١ ژمارە ٨١٣٤.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٨٥٠ ژمارە ٤١٢٨.

لەپەنایەك خۆیان دەبواردو دادەنیشتن.

بەپازدە ڕۆژان ئەو ماوەیان بڕی، گەیشتنە شوێنی دوژمنـان لـەپڕ هێرشیان بردنـە سـەر، بـەڵام هەموویان هەڵاتن‌و موسوڵمانان ماڵ‌و سامانێکی زۆریان دەست کەوت.

﴿ شەڕی بەرەی موستەلیق ﴾

بەرەی موستەلیق تیرەیەکی گەورە بوون لەعەرەب‌و دژ بەئیسلام بوون، لەساڵی شەشەمی کۆچیدا پێغەمبەر (ﷺ) زانیەوە سەرۆکی ئەو تیرەیە (حاریسی کـوڕی زرار) وا تیرەکـەی ئامـادە دەکـات بـۆ ئەوەی هێرش بێنێتە سەر مەدینە. پێغەمبەریش (ﷺ) پێش ئەوەی ئـەوان بجـوولێن، بـەخۆو بەسـەد کەسەوە بۆیان دەرچوو، چەندیش لەدوو ڕووەکان بەهومێدی دەسکەوت لەگەڵی چوون.

پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆیشت تاکو گەیشتە سـەر ئاوێـك پێـی دەڵـێن (مریـسیع) لـەوێ کۆبوونـەوە، فەرمانی دایە عومـەری کـوڕی خـەتاب داوایـان لێبکـات موسـوڵمان بـبن، بـەڵکو شـەڕ لـەنێوانیان هەڵناگیرسێ. عومەر بانگی کردن پێی گوتن بڵێن (لا اله الا الله) خۆتان‌و ماڵ‌و منداڵتان دەپارێزن.

بەڵام بەرەی موستەلیق بەو قسەیە ڕازی نـەبوون، هـەردوولا کەوتنـە تیربـارانی یـەکتری، دوایـی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دایە موسوڵمانان هەموویان بەیەکجار هێرشیان بردنە سەر، دە کەسیان لـێ کوشتن ئەوی تری هەمووی خۆی بەدەستەوەداو بەدیل گیران، یەکێکیش لەموسوڵمانان بەهەڵـە شـەهید کرا.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دایە موسوڵمانان، بەچاکە لەگـەڵ دیلـەکان بجوولێنـەوە، یـەك لەوانـە (جووەیریەی کچی) سەرۆکی بەرەی موستەلیق بوو، بە بەر (سابیتی کوڕی قەیس) کەوتبوو، ئەو کچە وەك هەر کچە سەرۆکێك بەناز بەخێو کرابوو، بەڵام چونکە دیـل بـوو وەك کۆیلەیـەك تەماشـا دەکـرا. سابیت داوای لێکرد کەخۆی بکڕێتەوە تاوەکو ئازادی بکات، جووەیریەش چووە لای پێغەمبەرو شـادەی هێناو گوتی من کچی (حاریسی کوڕی ئەبو زرارم) گەورەی هۆزی موستەلیق، داوای یارمەتی لێکـرد، کەخۆی پێ بکڕێتەوە.

پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی لەوە چاکتر هەیە ئەگەر قەبووڵ بکەی، جووەیرەیەش گـوتی چـیە؟

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی دەتەوێ ببیە خێزانی پێغەمبەر. ئەویش گوتی بەڵێ زۆرم پێخۆشە. پێغەمبەریش (ﷺ) پارەی بۆ سابیت ناردو ئازادی کرد. کە ئەو باسە لەناو موسوڵمانان بڵاوبۆوە، گوتیان بەرەی موستەلیق بوونە خەزووری پێغەمبەر، موسوڵمانەکان لەبەر خاتری پێغەمبەر هەموو دیلەکانیان ئازاد کرد. لەڕاستیدا خوا دڵی پێغەمبەری هێنایە سەر ئەوە، ئەو کچە بێنێ، تاوەکو ئەو هۆزە لەدیلیەتی رزگار بکات. دوایی (حاریس)ی باوکی جوەیرەیە هاتە لای پێغەمبەرو داوای کچەکەی کردەوە.

پێغەمبەریش (ﷺ) جووەیرەیەی بانگ کردو پێی گوت، بۆ خۆت ئازادیو هەڵبژێرە منت دەوێ یان باوکت؟ ئەویش پێغەمبەری هەڵبژارد، ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) مارەی کرد.

سەرکەوتنی موسوڵمانان بەسەر بەرەی موستەلیق، زۆر کاریگەر بوو لەسەر دوو ڕووەکانی مەدینە. هەموو پێی چاوشکای بوون، بی گومان بەئاشکرا نەیاندەوێرا هیچ کردەوەیەكو قسەیەك بکەن، بەڵام بەنهێنی بەزمانە تەڕو لووسەکەیان درۆو بوختانیان بۆ موسوڵمانان هەڵدەبەستو ئاگری دوو بەرەکیو فیتنەو خراپەیان خۆش دەکردو لەهەل دەگەڕان. هەر خوا پیاوی دوو ڕوو دەناسی دەفەرموێ: ﴿**اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّهُمْ سَاء مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ * ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا فَطُبِعَ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ * وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ وَإِن يَقُولُوا تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُّسَنَّدَةٌ يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ هُمُ الْعَدُوُّ فَاحْذَرْهُمْ قَاتَلَهُمُ اللَّهُ أَنَّى يُؤْفَكُونَ**﴾[1] واتە: (ئەوانەخۆیان لەپەنای درۆیەکانیان دەشارنەوە، موسوڵمانان وا دەزانن ئەو دوو ڕووانە موسوڵمانن، ئەوەندەش زمان لووسو قسە ڕێکن، قسە دەکەن هەموو کەس گوێ لەقسەکانیان دەگرێو ڕوویان تێدەکەن، بەژنو باڵایان جوانو ڕێکە بەڵام لەڕاستیشدا وەك دارێکی هەڵپەسراون، چ بیروباوەڕێکی ڕاستو ئایینێکیان لەدڵدا نیە، بەهۆی ئەو بیرە ناپاکانەیان چ ئازایەتیو تواناشاین نیە. چونکە پیاوی خاوەن بیروباوەڕی تەواو ئازاو نەترسە. بەڵام ئەوانە چونکە دڵو دەروونیان تەواو نیە بەرامبەر خواو پێغەمبەر، ترسنۆكو بێ توانان هەر هاوارو بانگێك ببێ وا تێدەگەن لەگەڵ ئەوانە. ئەوانە دوژمنن، پێویستە موسوڵمانان ئاگاداریان بن، چونکە دڵو دەروونیان ڕەشە، ئەوانە گەلێ ترسناکترن لەدوژمنێك

(١) المنافقون ٢و٣و٤.

بەئاشکرا دوژمنایەتی دەکات، خەڵك دەتوانێ خۆی لێ بپارێزێ، بەلام پیاوی دوو ڕوو وەك شەمشە کوێرەو سەگی دز کەتنی خۆیان دەکەن، ئەوانە دوورن لەڕەحمەتی خوا). ئەوانە سەرەڕای ئەو هەموو بەڵگانەو ئەو هەموو ڕوون بوونەوەی کەبۆیان دەرکەوت‌و دیتیان هێشتا هەر بێباوەڕن. ئیمامی ئەحمەد لەئەبو هورەیرە دەگێڕێتەوەو دەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی، پیاوی دوو ڕوو چەند نیشانەیەکیان هەیە پێی دەناسرێن، خواردنیان لەدزینەو دەسکەوتیان هی لادان‌و شاردنەوەیە. دوورن لەمزگەوتان، لەدوای خەڵك دێنە نوێژ، بەفیزو لووت بەرزن، لەگەڵ کەس ڕێك ناکەون‌و کەسیان پێوە نیە. شەوان حەزیان لەخەوو تەمبەڵیەو بەڕۆژیش خەریکی دوو زمانی‌و فیتنەنە.

موسوڵمانان لەڕێگەی گەڕانەوە گەیشتنە سەر ئاوێك، پیاوێکی عومەری کوڕی خەتاب ناوی (جەهجاهی کوڕی مەسعوود) بوو لەگەڵ یەکێك لەیاریدەدەران کەناوی (سەنانی کوڕی وەبەری جەهەنی) بوو، لەسەر ئاودانی ولاغ لێیان بووە کێشە. سەنان هاواری کردە یاریدەدەران، جەهجاهیش هاواری کردە کۆچ کردووان.

لەوکاتە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی چەند کەسێکی هۆزی خۆی لەگەڵ بوو، ئاگای لێبوو زۆر تووڕە بوو، (زەیدی کوڕی ئەرقەم)یش لاوێکی تازە پێگەیشتوو بوو ئەویش لەوێ بوو، عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی گوتی ئەوەشیان لەگەڵ کردین، ئەوانە لەولاتی خۆشان ڕکیان لێمان دەبێتەوە، دەسەلاتیان کەوتە دەست، ڕاستیان گوتووە سەگەکەت قەڵەو بکەی دەتخوا، وەڵڵاهی بگەڕێینەوە مەدینە، دەبێ خاوەن پایەی بەرزو بەڕێز ئەو بێ دەسەلات‌و داماوانە دەربکات (لیخرجن الاعز منها الاذل)، ئەوجا ڕووی لەوانی دەوری‌کردو گوتی هەر ئێوە ئەوانەتان لەولات حەواندەوەو کردنتانە برا بەشی خۆتان، وەڵڵا ئەگەر ئێوە وازیان لێ بێنن لەولات دەڕۆن، زەیدی کوڕی ئەرقەمیش گوێی لەو قسە ناڕێکانە بوو بەخێرایی چووە لای‌پێغەمبەرو هەمووی بۆ گێڕایەوە، عومەری کوڕی خەتابیش لەوێ بوو، گوتی ئەی پێغەمبەری خوا فەرمان بدە (عوببادی کوڕی بیشر) بیکوژێ.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی عومەر چۆن دەبێ خەڵك پێمان بڵێ موحەممەد یارانی خۆی دەکوژێ. بەلام پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەندە لێزان‌و خاوەن هۆش بوو، خوا زوو چارەی گیروگرفتانی دەهاوێشتە ناو دڵی. ئەگەر چی کاتەکە کاتی بەڕێکەوتن نەبوو، هەر ئەو کات پێغەمبەر فەرمانی ڕۆیشتنی‌دا، تاکو ماوەیان نەبێت بەردەوام بن لەسەر ئەو کێشەیە.

ئیتر هەموویان بەرێ کەوتن، لەو دەمەدا عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی خۆی گەیاندە پێغەمبەرو سوێندی بەدرۆ بۆ خوارد کەئەو قسانەی نەکردووە. ئەو یارانەی کەلەودەمە لەدەوری پێغەمبەربوون گوتیان ئەی پێغەمبەری خوا بەلکو زەید بەهەڵە چوو بێو عەبدوڵڵا وای نەگوتبێ، عەبدوڵڵاش پیاوێکە گەورەی خزمانی خۆیەتی.

پێغەمبەر (ﷺ) بەقسەکەی ئەوان چاوپۆشی لەعەبدوڵڵا کرد. ئەو ڕۆژە تاکو ئێوارە ڕۆیشتن، ئێوارەش تاکو بەیانی ڕۆژ گەرم داهات هەر ڕۆیشتن، ئەوجا ماوەی حەسانەوەی پێدان. هەموویان لەبەر ماندوویەتیو هیلاکی ماوەی قسەکردنیان نەبوو، کەوتنە خەوێکی قورس! لەپاش حەسانەوە بەرەو مەدینە ڕۆیشتن. لەنزیک مەدینە عەبدوڵڵای کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی ڕێگەی لەباوکی گرت، پێی گوت نابێ تۆ بچیەوە مەدینە چونکە تۆ گوتوتە (ليخرجن الاعز منها الاذل) ئێستاش تۆ داماوو سەرشۆڕی، نابێ بێیتەوە مەدینە، عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی زۆر هەوڵی لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕیدا بەلام بێسوود بوو، تاکو هەواڵیان گەیاندە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی بەعەبدوڵڵای کوڕی عەبدوڵڵادا کەواز لەباوکی بێنێ بچێتەوە ماڵ، بەلام ئەو بێ ئابڕووە هیچ پەندێکی لەو ڕووداوە وەرنەگرت، هەر نەبێ دوور بکەوێتەوە لەزمان پیسیو درۆو بوختان لەڕاست موسوڵمانان. دوای گەڕانەوەشیان خوا درۆزنیو دوو ڕووەتی ئەو پیاوەی لەلای پێغەمبەرو موسوڵمانان روون کردەوە، بەو ئایەتە کەبۆ پێغەمبەری هەنارد دەفەرموێ: ﴿يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾[1] واتە: (دەڵێن، ئەگەر لەو شەڕە گەڕاینەوە مەدینە، دەبێ ئێمەی خاوەن هێزو تواناو بەرزیەتیو سەربلندی، ئەو داماوو سەرشۆڕانە دەربکەین، وایان بیر دەکردەوە کەسەربەرزیو سەربلندیو تواناو هێز بەماڵو سامانە، نەك بەبیرو باوەڕو ڕەوشت. بەرزیەتیو تواناو سەربلندی بۆ خواو پێغەمبەرو موسوڵمانانە. بەلام دوو ڕووەکان نەزانو ناتێگەیشتین).

لەپاش هاتنی ئەو ئایەتە موسوڵمانان چاوەنواڕبوون پێغەمبەر (ﷺ) توونديو ڕەقی لەگەڵ دوو ڕووەکان بەکاربێنێ، بۆیە عەبدوڵڵای کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی هاتە لای پێغەمبەرو گوتی ئەی پێغەمبەری خوا بیستوومە تۆ بەتەمای فەرمان بدەی باوکم بکوژی، حەز دەکەم خۆم ئەو فەرمانە

(١) المنافقون: ٨.

جێبەجێ بکەم. سوێند بەو خوایە هەموو خەزرەجیەکان دەزانن کەس لەمن باشتر نیە بۆ باوکی، بەڵام زۆرم پێناخۆشە یەکێکی تر بیکوژێو منیش دڵم باوەڕ نەدا بابە کوشتەیخۆم ببینمو لەجیاتی بێ باوەڕێکی وەك باوکم، موسوڵمانێك بکوژم بچمە ناو دۆزەخ.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی نەخێر، هەتاکو لەناو ئێمە مابێ ئێمە خراپەی لەگەڵ ناکەینو باش دەبین لەگەڵی. هەر لەبەر ئەوەش بوو پێغەمبەر (ﷺ) دوو ڕووەکانی نەدەکوشت نەوەك بڵێن پێغەمبەر یارانی خۆی دەکوژێ، چونکە ئەو دوو ڕووانە دڵسۆزی خۆیان بەئاشکرا لەلای موسوڵمانان دەردەبڕیو هەموو کردەوە خراپەکانیان هەر بەنهێنی بوو، نەشدەتوانرا بەئاسانی تاوانیان لەسەر بچەسپێندرێ بۆیەش هەر بەموسوڵمان دەژمێردران، ئەگەرچی جێگای متمانەو دڵنیایی نەبوونو هومێدیشیان پێ هەبوون کەڕۆژێك واز لە دوو ڕووەیی بێنن.

ئەو ئایەتە بوو بەهۆی چاوشۆڕی عەبدوڵڵاو کۆمەڵی دوو ڕووەکان. هەرچەند جاری قسەیان بکردبایە بەتایبەتی عەبدوڵڵا، خەزرەجیە موسوڵمانەکان ڕووشکێنیان دەکردن، بەو درۆیە گەورەی کەلەلای پێغەمبەر کردبووی‌و بەدرۆزنیش هاتەدەر، چاوو ڕووی نەمابوو بێتە ناو خەڵك، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) بەعومەری کوڕی خەتابی گوت، ئێمڕۆ چ دەڵێی؟ خۆ ئەو ڕۆژەی پێت گوتم بیکوژە، ئەگەر بمکشتاییە ئەوانە هەموو لووتیان لەولا دەکردو لێمان یاخی دەبوون. عومەر گوتی فەرمانی پێغەمبەر گەلێ چاکترە لەقسەی ئێمە. عومەر بۆی ڕوون بۆوە، پێغەمبەر (ﷺ) هیچ کردەوەیەك ناکا، ئەگەر نەزانێ بەرژەوەندی موسوڵمانانی تێدا نیە.

﴿ هەڵبەستنی بوختان ﴾

ئەگەر تەماشای مێژوو بکەین دەبینین، تاکو ئێستا لەمێژووی مرۆڤ، کەس نەیوێراوە بەو شێوەیەو بەو بێ ڕێزیەو بێ شەرمیە بوختان بۆ ئافرەتی بێ ئاگاو بێ تاوان هەڵبەستێ، بۆکێش؟ بۆ پیرۆزترین ئافرەت لەسەر ڕووی ئەو زەویەو خێزانی پیرۆزترین پیاو لەو پیاوانەی کەخوا دروستی کردوونو دروستیان دەکات هەتاکو کۆتایی ژیان لەسەر ئەو زەویە.

بەو بوختانە توانیان پاکترین دڵ بخەنە ئازارو ئێشەوە، موسوڵمانیش تووشی تاقی کردنەوەیەکی

زۆر گران هاتن، لەمێژووی ژیانیان تووشی ئەو تاقی کردنەوە قورسە نەببوون. ئەو بوختانە دڵو بیری پێغەمبەرو عائیشەی خۆشەویستی پێغەمبەرو دڵی ئەبوبەکری سدیقو سەفوانی کوڕی (موعەتەل)ی مانگێکی تەواو خستە بێ ئارامیو ئێشو دڵ لەدڵدانو گومان کەلەتوانادا نەبوو. ئەمەش هەرچەندە بەرامبەر بەو چینە پاکە کردیان، بەڵام ئەو جۆرە کردەوەیە لەو ناپاکانە لەهەموو کاتو شوێنان دووبارە دەبێتەوە. چونکە ئەوانە ترسنۆکن، ئەگەر بەهێز نەیانتوانی رقی پیسی ناو دەروونیان بەموسوڵمانانا برێژن، دەکەونە پڕوپاگەندەو بوختان هەڵبەستن بەرامبەر هێزو توانای پیاوانی دڵسۆزو بەڕێز، تاکو دڵ بریندار یان بکەنو بیانخەنە گومانو ناخۆشی لەژیانی ئاساییان. بوختانەکەش ئەوەبوو عائیشەی پاكو بەڕێز بەزومانی خۆی دەیگێڕێتەوە، خواش بەفەرمانی خۆی راستی ئەو قسەی عائیشەی لەقورئانی پیرۆز لەسوڕەتی (المنافقون) دەرخست.

خاتو عائیشە دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ڕەوشتی وابوو ئەگەر بۆ هەر گەشتێكو هێرشێك بچووبایە یەك لەخێزانەکانی خۆی دەبرد. پاش ئەوەی تیروپشك (قرعە)ی لەنێوان دەهاوێشتن، ناوی کامیان دەرچووبایە ئەو لەگەڵی چوو. کەبۆ شەڕی بەرەی موستەلیق ڕۆیشت، ناوی من لەتیرو پشکەکە دەرچوو، لەگەڵ خۆی بردم. سواری کەژاوە (هودج) بوومو ڕۆیشتین. شەڕەکە تەواو بوو بەرەو مەدینە گەڕاینەوە، شەوێك لەڕێگا بۆ حەسانەوە خستمان.

شەوەکەش تاریکەشەوبوو، منیش بۆ کارێکی تایبەتی خۆم لەناو کەژاوەکەم دەرچووم دوورکەوتمەوە، لەگەڕانەوە دەستم هاوێشتە سەر سینگم، دیتم ملوانکەکەم نەماوە، منیش هەر لەشوێن خۆم بەدوایدا گەڕامەوە بەڵکو ببینمەوە، تاوێك پێوەیخەریك بووم تاکو دۆزیمەوە، لەوکاتی من خەریکی گەڕان بووم بۆ ملوانکەکەم، موسوڵمانانیش وایان زانیبوو من هەر لەو کەژاوەکەم، هەر بەگورجی کەژاوەکە هەڵدەگرنو دەیخەنە سەر حوشترەکە، هەستیان نەکردبوو کەمن لەناو کەژاوەکەم یان نا، چونکە ئەوکات من تەمەنم سێزدە ساڵ بوو زۆر لاواز بووم.

کاتێك کەگەڕامەوە شوێنەکەم دیتم کەسی لێ نەماوە هەموویان ڕۆیشتوون. منیش خۆم لەچارۆگەکەم وەرپێچاو درێژبووم، گوتم هەر کاتێك زانیان من بەجێماوم بەدوامدادەگەڕێنەوە، لەوێ خەوم لێکەوت.

(سەفوانی کوڕی موعەتەلیش) لەڕێگا بەچەند کارێك خەریك ببوو، لەدوای لەشکرەوە هاتبوو،

لەدوورەوە دیتبووی وا ڕەشاییەك دیارە، نزیك دەبێتەوە من دەناسی، چونكە پێش ئایەتی خۆ داپۆشن منی دیبوو. كاتێك من لەدەنگی ئەو بەخەبەر هاتم گوتی (إنا لله و إنا اليه راجعون) ئەوە خێزانی پێغەمبەرە. گوتی ئەوە بۆچی بەجێماوی ڕەحمەتی خوات لێبێت؟ من چ دەنگم نەكرد. خێرا حوشترەكەی هێناویخی كردو ڕووی لەولا كرد، منیش سەركەوتمە سەری‌و ئەویش جەلەوەكەی ڕاكێشاو ڕۆیشتین، بەو ئومێدەی كەئێستا نائێستا دەگەینەوە لەشكر، هیچ گفت‌وگۆیەك لەنێوانمان نەبوو، تاكو لەكاتی چێشتەنگاو گەیشتینەوە مەدینە.

دوو ڕووەكان چاویان بەئێمە دەكەوێ دەكەونە، بوختان هەڵبەستن. سەرۆكی ئەو بوختان‌و قسە هەڵبەستنەش (عەبدوڵلای كوڕی ئوبەی) سەرۆكی دوو ڕووەكان بوو.

ئەو بوختانە لەناو موسوڵمانان بڵاوەی كردو یەك لەیەكی وەرگرتبوو. دوو ڕوو و بێ باوەڕەكانیش لەناوەخۆیان دەیان قۆستەوە.

پێغەمبەرو دایك‌و باوكیشم بیستبوویانەوە، منیش ئاگام لەهیچ نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێ هەستم كرد دیتم پێغەمبەر (ﷺ) وەك جاران ڕووی لەگەڵم نەمایە، لەوكاتەش نەخۆش كەوتم، دایكم دەهات خزمەتی دەكردم، هەموو جار پێغەمبەر دەهات هەواڵی منی لەدایكم دەپرسی دەیگوت چۆن بوو، لەوە زیاتر چیتری نەدەگوت، منیش ئەوەم زۆر لەدڵ گران دەهات، لەبەرئەوە داوام لێكرد، ماوەم بدات بچمەوە لای دایكم، لەوێ باشتر ئاگاداریم بكات، تاكو چاك دەبمەوە، ئەویش گوتی باشە. چوومەوە لای دایكم هێشتاش بەهیچ نازانم.

ماوەی بیست ڕۆژ تێپەڕی، هەندێك باشتر بووم، لەو كاتیش خەڵك هەر لەسەر ڕەوشتی تیرەیی مابوون، ئاودەستخانەیان لەماڵ نەبوو، ژنان شەوو شەو بۆ پێویستی دەچوونە دەرەوەی ماڵ. شەوێك چوومە دەرەوە، دایكی میستەح (مسطح)م لەگەڵ بوو، هەرزەلی گوتی بەختت ڕەش بێت میستەح، منیش گوتم چۆن وا بەیەكێك دەڵێی كەبەشداری شەڕی بەدری كردووە. ئەویش گوتی دیارە نەتزانیوە؟ گوتم چیم زانیبێ؟ ئەویش قسەكەی بەتەواوی بۆ گێڕامەوە، گوتم ئەوها! گوتی ئەری وەڵلا، ئەو قسەیەم گوێ لێبوو، نەخۆشیەكەم ئەوەندەی تر گران بوو، گەڕاینەوە ماڵەوە، پێغەمبەر (ﷺ) هاتە لامان هەروەك جاران گوتی چۆن بوو ؟ منیش گوتم ماوەم بدە بچمە لای دایكم، مەبەستیشم ئەوەبوو بەتەواوی لەقسەكە بگەم. ئەویش ماوەی دام‌و چووم بەدایكم گوت، دایە خەڵك ئەو قسانە دەكەن، تۆ

چۆن بەمن نالێی؟ ئەو دایکە بەڕێزو گەورەیە، ئەوەندە خۆگرو بەتوانا بوو، چ قسەیەکی وای لەزار دەرنەچوو تەنگاوی‌و هەراسانی لێوە دیاربێت، زۆر بەهێمنی‌و نەرمیەوە گوتی ڕۆڵە هێواش بەرەوە، کەم ژن هەیە وەك تۆ سۆرەو تۆرەی ئەوەندە هەبێت‌و خۆشەویست بێ لەلای مێردی‌و خەڵك قسەی پێ نەڵێن، منیش سەرسام بووم، گوتم سبحان الله، چۆن خەڵك ئەو قسەیە بە من دەڵێن! ناچار لەداخان کەوتمە گریان، ئەو شەوە تاکو بەیانی هەر گریام. ئەو ڕۆژەش پێغەمبەر (ﷺ) کەوتبووە لێکۆڵینەوەی ئەو بوختانە، پرسیاری لەعەلی کوڕی ئەبی تالیب‌و ئوسامەی کوڕی زەید کردبوو ئوسامە گوتبووی ئەی پێغەمبەری خوا، ئەو ژنە خێزانی تۆیە لەچاکە بەولاوە چیترمان لێ نەبیستووە، ئەو قسانەی دەشیکەن هەمووی درۆ هەڵبەستە، عەلیش گوتبووی، ئەی پێغەمبەری خوا، ژن بۆ تۆ زۆرە لەوکارەکەرە بپرسە کەلەلاتانە، ئەویش گوتبووی عائیشە هیچ شتێکی ناشیرینی لێ ڕوونەداوە، لەچاکەش بەولاوە چیتری لێ نازانین، گەورەیی‌و زانایی پێغەمبەر، لەو هەڵوێستە دەردەکەوێ، بەچاکی دەری خست پێغەمبەرە، ئەگەر یەکێکی تر بوایە لەباتی پێغەمبەر، گوێی لەوانە بوو کەپاکی خاتو عائیشەیان بۆ باس کرد (خۆشی باشی دەناسی چەند پاکە) لەسەر ئەو هەموو تواناو هێزەی بەردەستی سێ‌و دووی نەدەکرد، سەری ئەوانەی دەپەڕاند کەئەو جۆرە بوختان‌و دەم درێژی، دەکەنە سەر خۆشەویست ترین‌و بەڕێزترین هەستی مرۆڤ کەناموسە. بەڵام لەباتی ئەوە هەر ئەو ڕۆژە چووە مزگەوت وتارێکیدا، گوتی ئەی خەڵکینە بۆچی هەندێ کەس ئازارم ئەدەن، بەناڕەوایی دەم درێژی دەکەنە سەر ماڵ‌و منداڵم‌و قسە دەکەن، وەڵلاهی لەچاکە بەولاوە چیترم لەماڵ‌و منداڵی خۆم نەدیوە، بوختان بەپیاوێکیش دەکەن، کەلەچاکە بەولاوە چیتری لێ ناوەشێتەوە، (سەفوان) هیچ کاتێك نەهاتووتە ماڵی من ئەگەر لەگەڵ من نەبووبێ.

لەپاش وتارەکە (ئوسەیدی کوڕی حوزەیر) ڕاست دەبێتەوە دەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، ئەوەی ئازارت ئەدات، فەرمان بدە چیت مەبەستە تاکو وای لێبکەین، ئەوانە شایانی ئەوەن سەریان بپەڕێنین. دوایی پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوە بۆ ماڵی ئێمە.

خاتو عائیشە دەڵێ، پێغەمبەر هات من‌و دایکم‌و باوکم لەگەڵ ژنێکی یاریدەدەران دانیشتبووین، منیش دەگریام، پێغەمبەر دانیشت پێش قسەکردن سوپاسی خوای کرد. ئەوجا ڕووی لەمن کرد، گوتی ئەی عائیشە لەخوا بترسە، ئەگەر ئەو قسەی کەخەڵك دەیکا ڕاستە، تۆبە بکەو خوا تۆبەت لێ قەبوڵ

دەکات.

کەوای گوت لەهەژمەتان چاوم زەق بوو، فرمێسکەکانم راوەستا، بەلاّم چ قسەم نەکرد بەو ئومێدە دایكو باوکم یەکێکیان وەلاّمی بدەنەوە، بەلاّم دەنگیان نەکرد، منیش ڕووم لەباوکم کرد، گوتم لەباتی من وەلاّمی پێغەمبەر بدەوە. باوکم گوتی ڕۆڵە بەخوا نازانم چ وەلاّمی پێغەمبەر بدەمەوە، ئەوجا ڕووم لەدایکم کرد پێم گوت تۆ وەلاّمی بدەوە، ئەویش گوتی من نازانم چ وەلاّمی پێغەمبەری خوا بدەمەوە، منیش گوتم ئەو قسەی لەخەلّکتان بیستووە، کاری لەدلّتان کردووەو باوەڕتان کردووە، ئەگەر بلّێم من بێگوناهم پێم باوەڕ ناکەن، ئەگەر دانیش بەکارێك دابنێم نەمکردوە باوەڕ دەکەن، من خۆم لەگەلّ ئێوە ئەوها دەبینم یەعقوب بەکوڕەکانی گوت (**فصبر جميل والله المستعان على ماتصفون**)[1] واتە: ئارامێکی بێ هەراسانیدەگرم خوا پشتیوانە، ئەو نهێنیە هەر دەمالّی[2].

خاتو عائیشە دەلّێ لەگەلّ ئەوەی ئەوهاشم گوت، خۆم لەلا هەندە گەورە نەبوو خوا لەسەرم دێتە وەلاّم، دوای ئەو قسەیە چوومە سەر جێگاکەمو ڕاکشام، هومێدیشم هەبوو پێغەمبەر (ﷺ) خەونێك ببینێو ئەو کارەی بۆ ڕوون بێتەوەو بێگوناهی منی لەلا ئاشکرا ببێت.

خاتو عائیشە دەلّێ وەلّلاهی هەر پاش من پێغەمبەر (ﷺ) لەو شوێنەی لێی بوو ڕاست نەبۆوە، کەوتە بارو هەلّوێستی خۆی، هەروەك هەموو جارێك وەحی بۆ دەهات، ئارەقەی بەنێو چەواندا هاتە خوارەوە. دوای تەواو بوونی وەحی بەدلّخۆشیەوە بانگی کرد، ئەی عائیشە مزگێنی بێت خوا پاکی تۆی دەرخست. منیش گوتم سوپاس بۆ خوا، دایکم گوتی هەستە سوپاسی پێغەمبەر بکە، گوتم بەو خوایە تەنیا سوپاسی خوا دەکەم، هەر ئەو پاکی منی دەرخست.

دەرخستنی پاکی عائیشە بەگوێرەی ئەو (دە) ئایەتە بوو، خوا لەقورئان بەتەواوی بێگوناهی خاتوو عائیشەی ڕوون کردەوە، دەفەرموێ: ﴿**إِنَّ الَّذِينَ جَاءُوا بِالْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِّنكُمْ لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَّكُم بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ لِكُلِّ امْرِئٍ مِّنْهُم مَّا اكْتَسَبَ مِنَ الْإِثْمِ وَالَّذِي تَوَلَّىٰ كِبْرَهُ مِنْهُمْ لَهُ عَذَابٌ عَظِيمٌ * لَّوْلَا إِذْ سَمِعْتُمُوهُ ظَنَّ الْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بِأَنفُسِهِمْ خَيْرًا وَقَالُوا هَٰذَا إِفْكٌ مُّبِينٌ * لَّوْلَا جَاءُوا**

(١) يوسف: ١٨.

(٢) سەحیحی بوخاری دار النشر الرياض لاپەڕە ٦٩٤ ژمارە ٣٣٨٨.

عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاء فَإِذْ لَمْ يَأْتُوا بِالشُّهَدَاء فَأُوْلَئِكَ عِندَ اللَّهِ هُمُ الْكَاذِبُونَ * وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ لَمَسَّكُمْ فِي مَا أَفَضْتُمْ فِيهِ عَذَابٌ عَظِيمٌ * إِذْ تَلَقَّوْنَهُ بِأَلْسِنَتِكُمْ وَتَقُولُونَ بِأَفْوَاهِكُم مَّا لَيْسَ لَكُم بِهِ عِلْمٌ وَتَحْسَبُونَهُ هَيِّنًا وَهُوَ عِندَ اللَّهِ عَظِيمٌ * وَلَوْلَا إِذْ سَمِعْتُمُوهُ قُلْتُم مَّا يَكُونُ لَنَا أَن نَّتَكَلَّمَ بِهَذَا سُبْحَانَكَ هَذَا بُهْتَانٌ عَظِيمٌ * يَعِظُكُمُ اللَّهُ أَن تَعُودُوا لِمِثْلِهِ أَبَدًا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ * وَيُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ * إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ * وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ وَأَنَّ اللَّهَ رَؤُوفٌ رَحِيمٌ * يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ وَمَن يَتَّبِعْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ فَإِنَّهُ يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ مَا زَكَا مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ أَبَدًا وَلَكِنَّ اللَّهَ يُزَكِّي مَن يَشَاء وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ * وَلَا يَأْتَلِ أُوْلُوا الْفَضْلِ مِنكُمْ وَالسَّعَةِ أَن يُؤْتُوا أُوْلِي الْقُرْبَى وَالْمَسَاكِينَ وَالْمُهَاجِرِينَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلْيَعْفُوا وَلْيَصْفَحُوا أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغْفِرَ اللَّهُ لَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ * إِنَّ الَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ لُعِنُوا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾[1] واتە: ئەوانەی ئەو درۆیە گەورەو خراپەیان کرد، بەخراپترین شێوە بوختانیان بەعائشەی بێگوناه کرد، کۆمەڵێك بوون لەخۆتان واتە لەتیرەی خۆتان، واش مەزانن ئەو بوختانە کردەوەیەکی خراپ بوو بۆ ئێوە، بەڵکو زۆرباش بوو. ناپاکی ئەو کۆمەڵەی بەرامبەر بەئێوە دەرخستو بەرزیەتیو گەورەیی ئێوەی (واتە پێغەمبەرو عائیشەو ماڵی ئەبوبەکری سدیقی) دەرخست.

ئەوەی سەرۆکایەتی ئەو بوختانەی خستە ئەستۆی خۆی (واتە عەبدوللای کوڕی ئوبەی) ئەوە لەڕۆژی قیامەت تووشی سزای گەورە دەبێت کەدۆزەخە. ئێوەش ئەی موسوڵمانان دەبوایە لەیەکەم جارەوە کەگوێتان لێ دەبوو، بەچاکە بیرتان لەو کارەبکردبایەوە،پەلەتان نەکردبایە، یەکێك تاوانبار بکەن لەچاکە بەولاوە چیتری لێ مەزەندە ناکرێ. ئێوە باوەڕتان بەخواو پێغەمبەرە، نابێ قسەی پاش ملەی دوژمنان باوەڕ بکەن، توانجو ڕەخنەو بوختان بەخەڵکی هەڵدەبەستن. دەبوایە مەزەندە لەخۆتان بکەن کەشتی واتان لێناوەشێتەوە، چ جای ئەو کەسەی کەپاکترینی هەموو کەسە. دەبوایە موسوڵمانان بڵێن ئەو قسەیە بوختانێکی زۆر گەورەیە. ئەوانەی ئەو بوختانەیان هەڵبەست دەبوایە چوار شاهید بێنن

---

(١) النور: ١١-٢٣.

شایەدیان بدابا، دەنا ئەوانە لەلای خوا بەدرۆزن دادەندرێن. ئێوە ئەگەر خوا بـەزەیی پێتـان دانـەیێتو لەبەر چاکی خوا نەبێت، تووشی سزایەكو ناخۆشیەکی زۆر گـەورە دەبـوون. ئێـوە ئـەو بوختانـە لـەبۆ یەکتری دەگێڕنەوەو یەك لەیەکی وەردەگریو قسەی لەسەر دەکەن، بێ ئەوەی چی لێبزانن، یـا ئاگاتـان لەراستیو درۆیەتی بیت، زۆریش بەبێ باکیو بەشتێکی ئاسانی دەزانن. بەڵام ئەو قسانەلەلای خوا زۆر گەورەیەو گوناهی گەلێ گەورەیە، دەبوایە لەیەکەم جار گوێتان لێ دەبوو، بڵێن خوایـە پـاکی هـەر بـۆ تۆیە ئەو قسەیە بوختانێکی زۆر گەورەیە، خوا ئامۆژگاریتان دەکات نەکەن جارێکی تر قەت ئەو قسانە دووبارە بکەنەوە، ئەگەر ئێوە خاوەن باوەڕن بەخواو بەئاینی ئیسلام. خوا ڕەوشـتو ڕێگاتـان بـۆ دیـار دەکاتو بەڵگەتان پیشان دەدات بۆ ئەوەی دەستی پێوە بگـرن. خـوا زانایـە بەهـەموو کـارو کـردەوەو ڕێگای باشتان بۆ دیـار دەکـات، ئـەو کەسـانەی کەحـەز دەکـەن خراپـەو بەدڕەوشـتیو پیـسی لـەناو موسوڵمانان پەرە بستێنێو بڵاوبێتەوە، ئەوانـە سـزایەکی زۆر گـەورەیان پێدەگـات لـەژیانو لـەڕۆژی زیندوو بوونەوە، خوا ئاگادارو زانایە لەهەموو کردەوەیەکی خراپی ئەوەی کە لەناو دڵانەو بـزره لێتـان، ئێوە بەکردەوەی نهێنیو نیازی ناو دڵی خەڵکی، نەزانو بێ ئاگان.

ئەگەر خوا ئێوەی خۆش نەوێتو مەبەستی چاکەو خۆشی ئێـوە نەبوایـە، ئێـوە بـەو کردەوانـەتان تووشی ناخۆشیو دەردەسەریو سزا دەبوونو ئـەوەی نـاتوانن بـیری لـێ بکەنـەوە بەسـەرتان دەهـات، ئەوانەی حەز دەکەن خراپەو ناو بەدیو کردەوەی ناشـیرین لـەناو موسـوڵمانانی بـێ گونـاه ڕوویـداتو بڵاوبێتەوە.

ئەوانە سزای بەتێنیان دەکەوێتە سەر لەدونیا، کەدەبێ هەریەکە هەشتا داریان لێ بدرێو لـەدوای دونیاش جێگایان ناو دۆزەخە. خوا زانایەو ئاگادارە بەهەموو کارێکی نهێنیو ئاشکراو مەبەسـتی نـاو دڵان، ئەگەر خوا سۆزو خۆشەویستی بۆ ئێوە نەبوایە، هەموو ئەوانەی کەوا دەکـەن، بەشـێوەیەکی وای دەفەوتاندن بەبیری ئێوەدا نەدەهات.

ئەی ئەو کەسانەی خاوەن باوەڕن بەخواو بەپێغەمبەران، بەدوای ڕێگەی شەیتان، هاوڕێیانی شەیتان مەکەونو درۆو دەلەسەو بوختان هەڵمەبەستن، هەرکەسێکی بەدوای ڕێگەی شەیتان بکـەویو کـردەوەی ناشیرینو خراپ بەرامبەر موسوڵمانان بکات، ئەو کەسە شەیتان فەرمانی پێ ئەدات وا بکات، ئەوەش هەموو کەسێکی خاوەن رەوشتو هۆشی تەواو قەبووڵی ناکات.

ئەگەر چاکەو یارمەتی خوا نەبێ هێزتان پێدەداتو دەرگەی پەشێوان بوونــەوەی بــۆ کردوونەتــەوە، قەت کەستان پاکو بێگوناه نەدەبوون[1].

بەڵام هەر خوا ئێوە لەگوناە پاك دەکاتەوە. خوا ئاگاداری قسەو ئارەزووتانە، نابــێ خــاوەن چــاکەو دەوڵەمەند سوێند بخوات یارمەتی خزمانو هەژارانو کۆچ کردوان نەدات، لەبەر خراپەیەکی کردوویانە، با لێیان خۆش بنو دڵیان پاك بێتەوە ئەو یارمەتیەی دەیدایە ئەوان بابیاندەنــەوە (مەبەســت میســتەح بوو لەبەر دەست کورتیو هەژاری ئەبوبەکری سدیق ئەو یارمەتیەی دەیدایێ لێی بڕی) خوا دەفــەرموێ ئایا پێتان خۆش نیە بەو لێخۆشبوونەتان لەو هەژارانە، خواش لەئێوە خۆش بێت؟ ئەو کەسانەی تاوانی خراپەی داوێن پیسی بۆ ئافرەتانی موسوڵمانی پاكو بێ ئاگاو خاوەن مێرد هەڵدەبەستن، خــوا دووریــان دەکاتەوە لەرەحمەتی خۆی)[2].

بەو شێوەیە پاش ناخۆشیەکی زۆرگرانو دەردەسەریەکی زۆر، خوا پاکی ئــەو ئافرەتــە بێگوناهــەی دەرخست بەتایبەت بۆ پێغەمبەرو ئەبوبەکرو عائیشەو سەفوانی کوڕی موعەتەل، چونکە پێغەمبەریش (ﷺ) هەروەك ئەوان مرۆڤێکەو خاوەن هەستو بیروباوەڕی مرۆڤایەتیە.

پێغەمبەرایەتی وای لێنەکرد لەقاڵبی مرۆڤایەتی بکەوێ، خەڵك هەردەم بەچــاوێکی وای تەماشــا بکەن لەچینی مرۆڤایەتی ببەنە دەرو کردەوەی وای بەپاڵ بدەن هەر شایســتەی خوایــە، ئــەو وەحیــەی بۆشی دەهات، هەستێکی دەروونی نەبوو، لەناو دڵی خۆی هەڵیبێنجێ، هەروەها شتێکیش نەبوو لەژێر ویستەمەنیو ئارەزووی خۆی بێت، چونکە ئەگــەر وابوایــە دەیتــوانی لەیەکــەم ڕۆژی پەیــدابوونی ئــەو

---

(١) (ژنی ئەبو ئەیوب ئەنساری دەگێڕێتەوە، دەڵێ ئەبو ئەیوب پێی گوتم، ئایا گوێت لێ نیە خەڵك چ بەعائیشــە دەڵــێن؟ گــوتم بەڵێ ئەو درۆیەم بیستوە، ئەویش گوتی ئایا تۆ شتی وا دەکەی؟ گوتم ناوەڵلا من شتی وا ناکەم، ئەبو ئەیوب گوتی دەنا عائیشە لەتۆ پاکترە.

(٢) ئەو بەسەر هاتە بەتەواوی لەسەحیحی بوخاری دار النشر الریاض لاپەڕە ٨٥٢-٨٥٧ ژمارە ٤٤٤١ نوسراوە.

ئیبن و عەباس دەڵی خوا لەو کەسانەخۆش نابێ، بوختان بۆ ژنانی پێغەمبەران هەڵدەبەستن، بەڵام بۆ ژنانی تر دەبێ هەشتا داریان لێ بدرێ ٠صفوه التفاسیر٢/٢٣٣) ئەویش لەحاشیەی شێخ زادەی ٣/٤٢٠ وەرگرتووە.

رقم مصدرەکە دیاری نەکراوە

موفەسیرەکانیش دەڵێن ئەبوبەکر کەگوێی لەو ئایەتە بوو. گوتی بەڵێ پێم خۆشە خــوا لــێم خــۆش بــێ، کەوتــەوە یارمــەتیدانی میستەحو تۆڵەی سوێندەکەشیدا.

قسەیەکۆتایی پێ بێنێ.

ئەو بوختانــە هەرچەندەکارەساتێکی زۆر گــەورەبوو بــەڵام ئەنجامەکــەی بــوو بەقوتابخانەیــەك بــۆ موسوڵمانان جارێکی تر ئەو جۆرە شتانە ڕوونەداتــەوە، چــونکە سزای تاوانبــاران دراو ئــەوانی تــریش دەرباز بوون چاویان شکاو ڕێزو گەورەیی بنەماڵەی پێغەمبەرو ئەبوبــەکر لــەلای خــوا بــۆ موســوڵمانان دەرکەوت، خوا بەخۆی پارێزگاری لێکردن، هەڵوێستی دوژمنانی ئیسلام بەتەواوی ئاشکرا بــوو ئەوانــە هەموو ڕێگەیەکی پیس‌و ناپاکانە دەگرن بۆ بەربەرەکانی موسوڵمانان.

﴿ شەڕی ئەحزاب (خەندەق) ﴾

لەپاش شــەڕەکانی (ذات الرقــاع ودومــة الجنــدل)و ڕوون بوونــەوەی بوختانەکــە جــۆرە هێمنیــەك‌و ئاســوودەییەك پەیــدا بــوو، موســـوڵمانان خــەریکی خــۆ ڕێکخــستن‌و چــاندنی کــشتوکاڵ‌و چــاودێری باغچەکانیان بوون. لەگەڵ ئەوەشدا بێ ئاگا نەبوون لەجوڵانەوەی قوڕەیشییەکان‌و عارەبە خێڵەکییــەکانی بیابان‌و جوولەکەکان، چونکە هەموویان داخدارو غەرەز لەزگ بوون بەرامبەر موسوڵمانان، بەهۆی ئــەو شەڕانەی رابوردو کەنەیانتوانیبوو موسوڵمانان لەناو ببەن.

قوڕەیــشیەکان هەرچــەندە لەشــەڕی ئوحــود ســەرکەوتنێکیان وەدەســت هێنــا، بــەڵام دڵیــشیان پێدانەکەوت، هەروەها لەبەدری دواییش سەرشۆڕیان هاتە سەر، کەنــەیانوێرا بــەرەنگاری موســوڵمانان ببنەوە، لەبەرئەوە هەموویان چاوەنواڕی هەلێك بوون موسوڵمانان لەناو ببەن.

جوولەکەکانیش لەهــەموویان زیــاتر تامــەزرۆی تۆڵەســتاندنەوەی جوولەکــەی بــەرەی قــەینوقاع‌و نەزیریان دەکرد. هەمووشیان دەیانزانی هیچیان بەتەنیا نــاتوانن بەرامبــەر پێغەمبــەر ڕابوەســتن بۆیــە کەوتنە جم‌وجۆڵ، سەردارانی جوولەکەکان (حویــەی کــوڕیی ئەختــەب)و (ســەلامی کــوڕی میــشکم)و (کینانەی کۆڕی حوقەیق)و دوو کەسیش لەبەری وائیل لەگەڵ (هۆزەی کــوڕی قــەیس‌و بــاوکی عــەممار) چوونە مەککــە، لەگــەڵ ســەرۆکەکانی قــوڕەیش کۆبوونــەوەو هانیــان دان هــەموویان بەیەکەوەلەگــەڵ کۆچەرەکانی بیابان‌و جوولەکەکان ببنەیەك دەست‌و بەلەشــکرێکی گــەورەو دروســت‌و پــڕ چــەك بــچنە مەدینە، موسوڵمانەکان بەیەکجاری لەناو ببەن.

شایانی باسە کەقورەیشیە بت پەرستەکان بیریان لەگەشەکردنی هێزی موسوڵمانان دەکردەوەو لەخۆیان دەپرسی، ئایا تۆ بڵێی موحەممەد لەسەر ڕاستی نەبێت؟.

جگە لەوەش بیریان لەوە دەکردەوە هیچ جۆرە ناڕێکیەکیان لەگەڵ پێغەمبەر لەنێوان نیە، تەنیا هەر ئەوە نەبێ بانگیان دەکات بۆ پەرستنی خوای تاک و تەنیاو هاوبەشی بۆ پەیدا نەکەن، لەبەرئەوە پرسیاریان لەجوولەکەکان کرد، گوتیان لەپێش ئەوەی موحەممەد داوای پێغەمبەرایەتی بکات ئێوە خاوەن کتێب بووین، ئێمە کەنان و گۆشت ئەدەینە خەڵکی و شیر لەباتی ئاو ئەدەینە تێنووان ئایا ئایینی ئێمە ڕاستترە یان ئەوەی موحەممەد داوای دەکات؟، جوولەکەش هەروەك پیشەی دێرینیانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان ڕاستی دەشارنەوەو هەموو مافێکی ڕەوا دەخەنە ژێر پێی خۆیان، هەر ئەگەر بزانن بوختان و درۆ شاردنەوەی ڕاستی کەڵکیان دەگرێ، گوێ نادەنە فەرمانی ئایینەکەیان، هەروەکو هەموو کۆمەڵێکی بەرژەوەند پەرست و خۆپەرست، بەهەموو بێ شەرمیەکەوە بەقورەیشیەکانیان گوت ئایینی ئێوە ڕاستترە لەئاینی موحەممەد. قورەیشیەکان بەو قسەیە زۆر دڵخۆش بوون و هەندەی تر سووربوون لەسەر دوژمنایەتی پێغەمبەر. هەروەکو خوا لەقورئان باسی دەکات دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبًا مِّنَ الْكِتَابِ يُؤْمِنُونَ بِالْجِبْتِ وَالطَّاغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ هَؤُلاء أَهْدَى مِنَ الَّذِينَ آمَنُواْ سَبِيلاً * أُوْلَـئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللّهُ وَمَن يَلْعَنِ اللّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُ نَصِيرًا﴾[1] واتە: دەبینی ئەوانەی بەشێکیان لەتەورات پێدراوە، باوەڕ بەشەیتان پەرستیەتی دێنن، بەبت پەرستان دەڵێن ئایینی ئێوە لەئاییینی موحەممەد ڕاستترە، ئەوانە لەلای خوا بێنرخن، خوا دڵی پێیان ناسووتێ، هەر کەسێکیش خوا دڵی پێی نەسووتا، کەس ناتوانێ یاریدەی بدات. بەو شێوەیە لەو سەفەرەدا جوولەکەکان توانییان قورەیشیەکان دڵنیا بکەن و پەیمانیان لەدژی موسوڵمانەکان لەگەڵ ببەستن، ئەوجا بەجێیان هێشتن چوونە ناو بەرەی (غەیلان)و (بەرەی مورە)و (بەرەی فەزارە) لەتیرەی غەتفان، لەگەڵ بەرەی سولەیم و (ئەسەد) لەتیرەی ئەشجەع، ئەوانیشیان هانداو زۆریان ستایش کردن و پەیمانیان لەگەڵ بەستن و بەڵێنیشیان پێدان، ئەگەر بەسەر موسوڵمانەکاندا سەرکەوتن، ماوەی ساڵێك بەروبوومی باغەکانی مەدینەیان بدەنێ.

(١) النساء: ٥١و ٥٢.

ئەوجا جوولەکەکان بەسەرکەوتووانەو بەدڵخۆشی گەڕانەوە[1].

قورەیش بەسەرۆکایەتی ئەبوسوفیان کەوتنە خۆ ئامادەکردن لەشکرێکیان پێك هێنا، لەچوار هەزار کەسو سێسەد سوار وڵاغو پێنج سەد حوشتریان لەگەڵ بوو، هۆزەکانی بیابانیش بەشەش هەزار کەسەوە لەگەڵ لەشکری قوڕەیش بوونەوەیەكو کەوتنە ژێر فەرماندەی ئەبو سوفیان. ژمارەی لەشکر بوو بەدەهەزار شەڕکەر. ئاڵای شەڕیان دایە دەست (عوسمانی کوڕی تەڵحە) کەباوکی کوژرابوو.

پێغەمبەرو موسوڵمانان کەئەو باسەیان زانی ترسێکی گەورەیان لێ پەیدابوو، چونکە قوڕەیشیەکان لەهیچ شەڕێك بەو ژمارە زۆرەو نەهاتبوون، موسوڵمانیش توانای ئەو ژمارەیان نەبوو. لەبەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ یاران کەوتە بیرکردنەوەو لێکدانەوە بۆ بەرگری کردن لەخۆیان چ بکەن. لەئەنجامدا بڕیاریاندا لەمەدینە بمێننەوەو پارێزگاری لەخۆیان بکەن، دەستی ئەو لەشکرە زۆرەیان نەگاتێ. تا لەو کاتەدا (سەلمانی فارسی) بەپێغەمبەری گوت، خەندەقێك لەدەورەی مەدینە لێبدەن چونکە ئێمە لەوڵاتی فارس ئەگەر لەهێرشی سواران بترساباین خەندەقمان لەدەورەی خۆمان لێ دەدا، ئەوکات سوار وڵاغ ناتوانێ لەخەندەق بپەڕێتەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) ئەو قسەی پەسند کرد، هەروەك دەڵێ (الحكمة ضالة المؤمن) واتە پیاوی باوەڕدار لەشتی چاك دەگەڕێ. فەرمانیدا خەندەقێك لەسەرووی ڕۆژئاوای مەدینە لێبدەن، چونکە ئەو لایە وارا بوو. هەڵکەندنەکەشی لەنێوان یاران دابەش کرد، هەر دەکەس هەڵکەندنی چل باڵی پێدرا، درێژایی خەندەقەکە پێنج هەزار باڵ (ذراع) بوو پانایيشی نۆ باڵ

---

(١) ڕەفتاری جورولەکەکان بەڵگەیەکی زۆر گەورەیە بۆ سەلماندنی خراپەکاری جورولەکەکان بەرامبەر موسوڵمانان، جورولەکەکان خۆشیان تاکو ئێستاش پێ لێ دەنێن، ئەو کۆمەڵە جورولەکەی بت پەرستیان لەموسوڵمانان بەڕاستر دانا. لەتێگەیشتروەکانی جورولەکان دەژمێردران، (شێخ ابي الحسن الندوي) لەکتێبی سیرەی نەبەوی) لەلاپەڕە ٢٣٢ قسەی زانای بەناوبانگی جورولەکەکان دکتۆر (ئیسرائیل دافنسون) دەگێڕێتەوە دەڵێ (ئەوەی جورولەکەی لەسەر زەنشت دەکرێ ئەو گفتوگۆیە بور کەلەنێوان کۆمەڵێکی جورولەکەو بت پەرستانی قورەیش کرا، ئەو جورولەکانە ئایینی قورەیشیە بت پەرستەکانیان پەسەند کرد بەسەر ئایینی موسوڵمانان، ڕاستە هەندێ جار درۆو فێڵو تەڵەکەبازی لەشەڕ بەرامبەر دوژمن بەکاردەهێندرێ، تاکو بەسەریاندا زاڵ بێت، بەڵام ئەو هەڵە بێتامەی جورولەکە کردیان، نەدەبوایە خۆیان بخەنە ئەو نزماییە، بەرامبەر سەردارانی قورەیش، بڵێن بت پەرستان بەرز ترن لەموسوڵمانان، با قورەیشیەکانیش داوایان جێبەجێ نەکردبان. هەروەها دەڵێ جورولەکە بەماوەی مێژوو ئاڵای یەکایەتی خوایان هەڵگرتو تووشی هەزاران دەردەسەری ونەگبەتی بوون نایێتە ژماردن، دەبوایە خۆیانو هەرچی هەیانبوو لەو ڕێیەوە بیانکردبایە قوربانی بۆ لەناو بردنی بت پەرستان. بەڵام دکتۆر ئیسرائیل دان بەوەدا نانێ جورولەکە ئیمڕۆکەش لەگەڵ هەموو کەسێك ڕێك دەکەون، پیلان دادەنێن لەدژی موسوڵمانان، چونکە هیچ پەیوەندیەکیان بەئایینی موسا نەماوە.

بوو، قوڕاییشی حەموت باڵ بوو موسوڵمانان دەستیان کرد بەکارکردن، شایانی باسەکە تەواوی موسوڵمانان کاریان تێدا کرد، تەنانەت ئەو سەرۆک و دەوڵەمەندانەی بەدرێژایی تەمەنیان ئەو جۆرە کاریان نەکردبوو،کەوتنە کارکردن. پێغەمبەریش (ﷺ) بەخۆی کەوتە کارکردن و هەڵکەندنی خەندەقەکە.

بوخاری لە(بەرائی کوڕی عازەب) دەگێڕێتەوە دەڵێ (لەو ڕۆژی خەندەقمان هەڵدەقەند، پێغەمبەرم دیت خۆڵی دەگواستەوە تاکو پێستی زگی خۆڵ دایپۆشی بوو)[1]. هەروەها ئەنەس دەگێڕێتەوە و دەڵێ کۆچکردوان و یاریدەدەران کاریان دەکرد و بەگۆرانی دەیانگوت، (ئێمەین و باوەڕمان بەموحەمەد هێناوە، تاکو ئەو ڕۆژەی گیان لەبەدەنمدا ماوە). پێغەمبەریش (ﷺ) بۆی دەگێڕانەوە و دەیفەرموو خوایە خێرو چاکە هەر هی قیامەتە، ڕەحم بکەی بەیاریدەدەران و کۆچ کردوان (لاخیر إلاخیرالا خرە اللهم ارحم الانصار والمهاجرە)[2] بەو ڕێتمانە یاران ماندوویان دەحەسایەوە. موسوڵمانان لەگەڵ پێغەمبەر خۆبەخت کردنیان بۆ ئیسلام لەلا شتێکی زۆر ئاسان و بەرز بوو، ژیانی ئەو دونیایەیان بەرامبەر بەجێهێنانی فەرمانی خوا لەلا بێ نرخ بوو[3].

پێغەمبەریش (ﷺ) بەڕاستی و بەتەواوی دڵسۆزی خۆی لەگەڵ ماندوو هیلاک دەکردن، موسوڵمانان بەهەموو گیانیانەوە کاریان دەکرد، کاتەکەش زستانێکی زۆر سەرمابوو ئازوقەشیان زۆر کەم بوو موسوڵمانان هەستیان کرد تووشی ئابلوقە هاتوون، هیچیان لەدەرەوە بۆ نایێ، لەبرسیەتیش خراپتر کوشندەتر نیە، پیاوی برسی بەرگری پێناکرێ، هەر برسیەتیە مرۆڤ ڕادەکێشێ بۆ سەرشۆڕی و خۆ بەدەستەوەدان.

بوخاری (جابری کوڕی عەبدوڵلا) دەگێڕێتەوە، دەڵێ (لەکاتی هەڵکەندنی خەندەقەکە سێ ڕۆژ بوو هیچمان نەخواردبوو، چاوم بەپێغەمبەر کەوت، دیتم بەردی لەزگی خۆی بەستبوو، پێم گوت ئەی

---

(1) بوخاری ٧/٣٦١.
(2) سەحیحی بوخاری و ش ریاض لاپەڕە ٤٤ ژمارە ١٠٩٩ (راع دەکاتە نزیکەی ٤٧ سانتیمەتر.
(3) پێغەمبەر (ﷺ) هەروەکو هەموو کارگەران بەشداری کرد، یەکێکی تەشاریزا لێکی نەدەکردەوە لەگەڵ ئەوی تر، تەنانەت تا کۆتایی کارەکەش لەناو کارە مایەوە. بێگومان ئیسلام جیاوازی لەنێوان کەس ناکات، دادپەروەرییەکانیش لەکارو کردەوە دەردەکەوێ.

پێغەمبەری خوا ماوەم بدە تاکو ماڵەوە دەچم، ئەویش ماوەیدام، چوومەوە بەژنەکەم گوت پێغەمبەرم بەو حاڵە دیوە، هیچ ئارامم نەماوە، چمان نیە؟ ئەویش گوتی هەندێجۆمان هەیە لەگەڵ بزنێک، هەستام بزنەکەم سەربڕیو جۆیەکەشم هاڕیو گۆشتەکەم هاوێشتە ناو مەنجەڵ، کاتێك چوومەوە گۆشت لەسەر ئاگربوو ئاردەکەش کرابووە هەویر، بەپێغەمبەرم گوت خواردنێکمان هەیە هەستە لەگەڵ دوو یا سێ یاران بچینەوە، فەرمووی خواردنەکە چەندە؟ منیش پێم گوت ئەوەندەیە، فەرمووی زۆر باشە، بڕۆ بەژنەکەت بڵێ مەنجەڵەکە لەسەر ئاگرەکە دانەگریو نانەکەش لەناو تەندورەکە دەرنەهێنێ تاکو دێین ئەوجا بانگیکرد ئەی خەڵکی ناو خەندەق، وەرن جابیر خواردنی بۆتان دروست کردوە، خەڵکەکەش هەمووی هاتن!.

جابیر دەڵێ بەپەلە خۆم گەیاندەوە ماڵ، بەژنەکەم گوت ماڵ وێران وەڵڵا پێغەمبەر هەموو خەڵکەکەی بۆ هێنای، ژنەکەی گوتی، ئایا لێی پرسی خواردنەکەتان چەندە؟ گوتم ئا پێشم گوت. ئەوجا ژنەکەی گوتی خواو پێغەمبەر زاناترن. کەهاتن پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی وەرنە ژوورەوە بەلام پەلە مەکەن. پێغەمبەر دەستی کرد بەنان ورد کردنو لەگۆشتاوی کوشی، جابیر دەڵێ سوێندم بەو خوایە هەموویان تێریان خوارد[1].

موسوڵمانان بەپیشتوانی خواو پێغەمبەر، هێزێکی تەواویان بەکارهێنا بۆ هەڵکەندنی خەندەقەکە. هەموویان هێزو ورەیان لەپێغەمبەر وەردەگرت. ئیمامی بوخاری لە(عەمری کوڕی عەوف) دەگێڕێتەوەو دەڵێ منو (سەلمان)و (حوزەیفەی یەمانی)و (نەعمانی کوڕی موقەڕین) لەگەڵ شەش کەسی یاریدەدەران چل باڵ زەویان پێدراوە. لەکاتی هەڵکەندن گەیشتینە بەردێکی زۆر گەورەو ڕەق، قازمەمان لێدا قازمە شکا. چار نەما هاوارمان بردە بەر پێغەمبەر (ﷺ) هاتە سەیری، قازمەیەکی وەرگرتو قازمەی یەکەمی لێدا ئاگری لێ بڵند بوو، فەرمووی (الله اکبر) یارانیش لەگەڵیان گێڕایەوە. لەقازمەی دووەمو سێیەمیش هەروەها بەو سێ قازمە بەردەکەی ورد کرد. ئەوجا ڕووی لەیاران کرد زۆر بەدڵخۆشیەوە فەرمووی لەقازمەی یەکەم کۆشكو تەلاری حیرەو مەدائینم پیشاندرا، جوبرەئیل پێی گوتم گەلەکەی تۆ دەستی بەسەردا دەگرن، لەقازمەی دووەم کۆشكو تەلاری ڕۆمم پیشان درا، جوبرەئیل

---

(١) فتح الباري لشرح صحيح البخاري ٧/٣٩٥.

پێی گوتم گەلەکەی تۆ دەستی بەسەردا دەگرن، لەقازمەی سێیەم کۆشکو تەلاری یەمەنم پێشاندرا، جوبرەئیل پێیگوتم گەلەکەی تۆ دەستی بەسەردا دەگرن[1]. بەماوەی شەش ڕۆژ ئەو خەندەقە دوورو درێژو قووڵە تەواو بوو، لەهەمان کاتیش دیوارەکانی نزیك خەندەقەکە بلند کرانو خانووەکانی نزیکی چۆڵ کران. ژنو منداڵیشیان بردە ناو قەڵاکانی مەدینە.

بەردێکی زۆریشیان بردە سەربانەکان بۆ کاتی پێویست بەدوژمنی دا بدەن، بەلام دووڕووەکان بەشداریەکی ئەوتۆیان نەکرد لەهەڵکەندنی خەندەقەکە، ئەوەی کردیشیان بەسستیو تەمبەڵی بووە. هەر هەلیشیان دەست بکەوتبایە بەبێ پرسی پێغەمبەر خۆیان دەدزیەوەو دەچوونە ماڵەوە.

قورەیشو عارەبی بیابانیش هاتن بەو هومێدەی وەك جاری پێشوو لەکێوی ئوحود بەرەنگاری موسوڵمانان ببنو بەماوەی ڕۆژێك شەڕەکە کۆتایی بێتو موسوڵمانان لەناو ببەن. بەلام کەسیان لەکێوەکە نەدیت، بەرەو مەدینە هاتن. کاتێك تووشی خەندەقەکە بوون گەلێ سەرسام بوون، چونکە بیریان لەو جۆرە خۆپاراستنەی موسوڵمانان نەدەکردەوە. چاریان نەما لەدەورەی خەندەقەکە خیوەتیان هەڵداو دامەزران. پێغەمبەریش (ﷺ) بەخۆو بەسێ هەزار کەسەوە چوو، پشتی بەبانووی (سەلع)داو خەندەقەکەی خستە نێوان خۆیانو دوژمن، لەوێ دامەزرانو خیوەتێکی سووریشیان بۆ پێغەمبەر هەڵدا. دوژمنان تەماشایان کرد توانای پەڕینەوەیان نیە، هەرکەسێکی لەخەندەقەکەش نزیك بووبایەوە موسوڵمانان تیربارانیان دەکرد. ماوەی چەند ڕۆژان ئەوها مانەوە، موسوڵمانانیش شەوو ڕۆژ بێ ئاگا نەبوون، نەوەك ئەو هێزە گەورەیەی دوژمن کەلێنێك بدۆزێتەوەو بپەڕێتەوە.

موسوڵمانانو شاری مەدینە وەك دوورگەیەکی لێهاتبوو. مەترسی لێ دەکرا ئاوەکەی دەوری شەپۆل بداتو شەپۆلێك بەرزبێتەوە ئاو بیخاتە ژێر خۆی. بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) هەردەم لەناو موسوڵمانان بوو، ورەی بەرز دەکردنەوە، وای لێکردن کەئەو تەنگاویە بەگەوارەیەك تێبگەن، زۆر نابات نامێنێو موسوڵمانان دەکەونە جموجۆڵو خەڵك بەکۆمەڵ دێن ڕوو لەئیسلام دەکەن.

چەند ڕۆژێك بەسەر ئەو حاڵەتەدا تێپەڕی، قورەیشو عارەبی بیابان لەو توانایەو لەو ڕەوشتە نەبوون لەئابلوقەی شار خۆڕاگرنو بێزار نەبن. کاتەکەش زستانێکی زۆر سارد بوو بای گەلێ بەتینی

(١) بوخاری ٣١٧/٧ والسيرة لابن كثير ٦٣٦/١.

دەهات، باران چاوەڕوان دەکرا، خیوەتەکانیشیان چ پارێزگاریەکی وای لێ نەدەکردن لەو سەرمایە، ئەو کاتەی هاتیشن هەر بەتەمای ئەوەبوون لەیەکەم ڕۆژ تووشی شەڕبێنو سەربکەونو بگەڕێننەوەو بەندو بالۆرەی شەڕ لەڕێگا بگێڕنەوە.

کۆمەڵی غەتەفانیش ددانیان سوی بوو بۆ میوەی باغەکانی مەدینە، بەلاّم وا دەرکەوت بۆیان ئەو خەونە نایێتەدیو دەستیان پێی ناگات. وایان بەبیر داهات گەڕانەوەیان گەلێ باشترە، سەیریشیان کرد موسوڵمانان شارەکە بەچاکی دەپارێزنو جوولەکەی بەرەی قورەیزیش لەئازووقە پەکیان ناخەن، لەبەرئەوە ئابلوقەکە کاریان لێ ناکات.

جوولەکەکانیش تەماشایان کرد وردە وردە هەڵوێست لەدژی وان بەرەو خراپی دەڕوات، ئەگەر ئەو هێزەی قورەیشو کۆچەران بڵاوە بکات، جارێکی تر ناتوانن لەدژی موسوڵمانان کۆیان بکەنەوەو تۆڵەی جوولەکەی بەرەی قەینوقاعو بەرەی نەزیر بکەنەوە. ئەگەر ئەو هەلّەشیان لەدەست چوو، ئەوا بێ توانا دەکەونە دەست موسوڵمانان، بەتایبەتی دەشیانزانی تاوانی کۆکردنەوەی ئەو لەشکرە لەملی ئەوانە. لەبەر ئەوە (حویەی کوڕی ئەختەب)ی سەرۆکیان بڕیاریدا کەهەموو توانای خۆی بەکاربێنێ تاکو جوولەکەی بەرەی قورەیز لەپێغەمبەر هەڵگێڕێتەوەو ئازوقە لەموسوڵمانان ببڕنو لەلای پشتەوەش هێرشیان بۆ بێنن.

بەوەش قورەیشو غەتەفان دەرگەی مەدینەیان بۆ دەکرێتەوەو دەتوانن موسوڵمانان لەڕەگو ریشەوە دەربێنن. حویەی بەخێرایی چووە لای سەرۆکی قورەیشو غەتەفان، ئەو بیرکردنەوەی خۆی خۆی بۆ دەرخستن. ئەوانیش بەو کارە زۆر دڵخۆش بوون. ئەوجا خێرا ڕۆیشتنە لای جوولەکەی قوورەیزەو چووە مالّی (کەعبی کوڕی سالمی) سەرۆکیان. لەدەرگایدابەلاّم کەعب دەرگەی لێ نەکردەوە. حویەی هاواری کرد دەرگەم لێ بکەوە، کەعب گوتی تۆ پیاوێکی بەدێومی دەرگەت لێ ناکەمەوە، من لەچاکە بەو لاوە لەموحەممەدم نەدیوە. حویەی گوتی ئەزانم بۆ دەرگەم لێ ناکەیەوە نەوەك نانێکت لەلا بخۆم. کەعب بەو قسەیە دڵی نەرم بوو دەرگەی لێ کردەوە.

حویەی چووە ژوورەوە بەکەعبی گوت دەزانی چیم بۆ هێناوی، بەرزیەتیو بلّندیو هێزی زەمانەو دەریایەکی پڕ شەپۆلّم بۆ هێناوی، کەعب گوتی چیە؟ حویەی گوتی قورەیشم بەگەورەو سەردارانی لەگەلّ غەتەفان بەگەورەو سەردارانیم بۆ هێناوی، موسوڵمانان لەرەگو ریشەوە دەربێنن. کەعب گوتی

سەرشۆڕی‌و چاو شۆڕیت بۆ هێناوم، لێم گەڕێ بۆ خۆم لەسەر ڕێگەی خۆم بڕۆم، من لەچاکەو پیاوەتی بەولاوە لەموسولمانان‌و موحەممەدم نەدیوە. چەندین جوولەکەی تریش لەوێ بوون‌و گوتیان ئێوە ئەگەر دەتانەوێ یارمەتیەکەش لەموحەممەد ببڕن لێی گەڕێن خۆی‌و دوژمنی خۆی چ لەگەڵ یەك دەکەن با بیکەن، ئێوە مەچوونە ناو شەڕەوە. بەڵام حویەی بەزوبانی لووسی توانی باوەڕیان پێ بێنێ‌و ئەو کردەوە ناپاکەیان لەو کاتە ناسك‌و ترسناکە لەلا شیرن بکات‌و لەدژی پێغەمبەر ڕاستیان بکاتەوەو بیانهێنێتە لای بت پەرست‌و بێ باوەڕان. ئەو نامەی کەپەیمانە هاوبەشەکەیان تێدا نووسیبوو کەلایەنگیری یەکتر بکەن، هێنایان دڕاندیان.

موسڵمانەکان بەوەیان زانی زۆر شلەژان‌و مەترسی دایگرتن‌و هاتە بەرچاویان دوژمن لەدواوە ڕێگەی بۆ کرایەوەو بۆیاندێن‌و تازە وا فەوتان. لەبەر ئەوە پێغەمبەر بەخێرایی (سەعدی کوڕی مەعاز)ی گەورەی بەرەی ئەوس‌و (سەعدی کوڕی عوبادە)ی گەورەی خەزرەج‌و (عەبدوڵلا کوڕی ڕەواحە)و (خەووانی کوڕی جوبەیر)ی ناردە لای جوولەکەکانی قورەیزە، تاکو بەتەواوی لەو کارە ترسناکە بگەن‌و بزانن، چوونە لایان، جوولەکەکان زۆر بێ ئابڕووانە لەگەڵ سەعدو هاوڕێکانی دوان. ئەوانیش ویستیان پەیمانەکەیان بەبیر بێننەوە، بەڵام کەعب داوای کرد جوولەکەکانی بەرەی نەزیریان بۆ بگێڕنەوە مەدینە. سەعدی کوڕی مەعازیش خۆی بەدڵسۆز دانا، چونکە ئەو جوولەکانە پێش ئیسلام هاوپەیمانی ئەوسیەکان بوون. سەعد ئاگاداری کردن، گوتی ئایا ناترسن ڕۆژێکی وەك ڕۆژی بەرەی نەزیرتان تووش بێت.

جوولەکەکانیش لەباتی گوێ لەقسەکەی ڕابگرن، کەچی زۆر بەبێ ئابڕوانەو بێ شەرمانە پێیان گوت، گووی باوکی خۆت خوارد. هەروەها گوتیشیان موحەممەد کێیەو هیچ پەیمانیشمان لەنێوان نیە.

چارە نەما موسوڵمانەکان گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەر باسەکەیان بۆ گێڕایەوە. ئەویش زۆر دڵگیر بوو، خۆی لەعەباکەی وەرپێچاوتاوێك درێژ بوو بورژا. لەناکاو ڕاست بۆوە ڕووی کردە موسوڵمانەکان، فەرمووی مژدە بێت لێتان خوا سەری خستین.

موسوڵمانان بەو قسەیە زۆر دڵخۆش بوون، زانیان کەپێغەمبەر (ﷺ) بەخۆڕایی قسە ناکات‌و هەموو قسەکانی بەگوێرەی فەرمانی خوایەو خوا کاری بۆ روون دەکاتەوە، بەگوێرەی ئارەزووقسە ناکات‌و لەهەموو تەنگاویەك زۆر خۆگرو ورە بەرز بوو، بەبیرێکی زۆر تەو بیری دەکردەوە. ویستی

عارەبەکانی بیابان لەقورەیش هەڵبگێڕێتەوە بەوەی کەسێیەکی بەروو بومی باغەکانی مەدینەیان پێ بدا، کاتێك پرسی بەسەرۆکەکانی ئەوس‌و خەزرەج کرد. گوتیان ئەگەر هەر بیرێکی خۆتەو وای بەباش دەزانی ئێمە حەزناکەین لەشمشێر بەولاوە چیتریان بدەینێ، تاکو خوا فەرمانی‌خۆی لەنێوانیان دیاردەکات، ئێمە لەوکاتی کەخواشمان نەدەناسی هیچمان پێنەداون ئەوجا ئێستا چۆن پێیان بدەین. پێغەمبەر دیتی وەرەی موسوڵمانان ئەوەندە بەرزە، بەو قسەیە زۆر دڵخۆش بوو.

قووڕەیشیەکان بەو هەڵوێستەی جوولەکەکانی قووڕەیز زۆر دڵخۆش بوون، ورەیان بەرزبۆوە، هەتاکو هەندێ لەسوارانی قوڕەیش (عەمری کوڕی وەددی عامیری) پێیان دەگوت (خەنیمی سەد سوار) لەگەڵ (عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل) ولاغەکانیان تاوداو توانیان لەخەندەقەکە بپەڕنەوە (عەلی کوڕی ئەبی تالیب)و چەند کەسێکی تر پێشیان گرتن، عەمر بانگی کردن کێ خۆم بۆ بەردەدەخات با بێتە بەرامبەرم. عەلی کوڕی ئەبی تالیب چووە پێش، عەمر بەفیزەوە گوتی برازای خۆم بۆچی تۆ هاتی من نامەوێ تۆ بکوژم، عەلی گوتی من دەمەوێ تۆ بکوژم. ئەویش گەرم داهات‌و لەتووڕەییان لەولاغەکەی دابەزی‌و ولاغەکەی سەربڕی‌و بۆ لای عەلی هات‌و یەکتریان هێناو بردن لەئەنجامدا عەلی توانی بیکوژێ. بەکوشتنی عەمر ئەوانی تر هەڵاتن.

ئەو ڕۆژە کات بووە هێوارە، (نەوفەلی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی موغیرە) ویستی بپەڕێتەوە بەلام خۆی‌و ولاغەکەی هەڵدێرانە ناو خەندەقەکە مردن، ئەبو سوفیان داوای تۆڵەی لەپێغەمبەر کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی پیاوێکی پیس‌و تۆڵەیەکی توند، ئێمە تۆڵە نادەین.

قوڕەیشیەکان شەو ئاگرێکی زۆریان کردەوە، تاکو موسوڵمانەکان بترسێنن، جوولەکەی قوڕەیزەش ماوەی دە ڕۆژیان دانابوو لەقەلاکەیان بێنە دەرەوەو هێرش ببەنە سەر موسوڵمانان. بەلام هەندێکیان پێش ئەوە لەقەلاکەیان هاتنە دەرەوە، بەلای خانووەکانی مەدینەدا هاتن. یەکێکیان لەقەلای (حەسانی کوڕی سابیت) نزیك بۆوە، ئەو قەلایەش ژنێکی زۆری تێدا بوو یەك لەوانە (سەفیەی کچی عەبدولموتەلیب) بوو. چاوی بەجوولەکەکە کەوت بەحەسسانی گوت، ئەوا ئەو جوولەکە لەقەلاتەکەمان نزیك بۆوە، دەترسم ئاشکرامان بکات‌و جوولەکەکان بێنێتە سەرمان‌و پێغەمبەرو یارانیش ئاگایان لێمان نیە، هەستە بۆی بڕۆ خوارەوە بیکوژە. حەسانیش گوتی ڕەحمەتی خوات لێبێت کچی عەبدولموتەلیب من هاوتای ئەو جوولەکە نیمە! ناچار سەفیە بەخۆی چووە خوارەوە بەمەترەقان کوشتی‌و

هاتەوە بەحەسانی گوت لەبەرئەوەی پیاو بوو مـن نـەمتوانی کەلوپەلـەکانی لـێ بکەمـەوە، تـۆ بـڕۆ کەلوپەلەکانی لێ بکەوە. حەسان گوتی من کارم بەکەلوپەلەکانی نیە.

قورەیشیەکان کەوتنە هێـرش هێنـان، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش سـێ تیپیـان ڕێـك خـست. تیپێـك بەسەرکردەی (ئەعوەڕی سـەلەمی) لەسـەر دۆڵەکـەوە هێرشـی هێنـا، تیپێکـی تـریش بەسـەرکردەی (عوبینەی کوڕی حیسن) لەتەنیشتەوە هێرشی هێنا، ئەبو سـوفیانیش بـەخۆو بەتیپەکەوەیـەوە هـات. هەموویان بەرامبەر خەندەقەکە چـەقین. موسـوڵمانان زۆر تـەنگاو بـوون‌و کەوتنـە خـۆ ئامـادەکردن‌و سوڕان، ورەشیان زۆر بەرزبوو هەروەك خوا لەقوڕئان دەفەرموێ: ﴿وَلَمَّا رَأَى الْمُؤْمِنُونَ الْأَحْزَابَ قَالُوا هَٰذَا مَا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَصَدَقَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَمَا زَادَهُمْ إِلَّا إِيمَانًا وَتَسْلِيمًا﴾[1] واتـە: کـەخاوەن باوەڕان چاویان بەکۆمەڵی بت پەرستان کەوت هێرشیان هێنا، گوتیان ئەوەیە کەخواو پێغەمبـەری خـوا بەڵێنیان پێدابوو ڕاستیان فەرموو، ورەو باوەڕیان گەلێ بەرزبوو، لەگەڵ ئەو تابلوقەیەش سـەرکەوتنیان لەبەرچاو بوو).

موسوڵمانان کاتێك چاویان بەو هێرشە کەوت، دەبوایە بیربکەنەوە ئەو هێـزە گەورەیـە بـەهێزێکی لەخۆی گەورەتر دەشکێ، بەڵام ئەوان دەیانزانی سەرکەوتن بەهۆی کەم‌و زۆری نیە، هەر بەیارمەتی خوا سەردەکەون، هەروەکو لەشەڕی بەدر بەیارمەتي خوا سەرکەوتن. خۆئامادەکردن بەبێ پشت بەستن بەخوا سوودێکی نیە، پشت بەستنیش بـەخوا بـەبێ خـۆ ئامـادەکردن سـەرکەوتنی لەگـەڵ نابـێ لەبەرئـەوە هەندێکیان چوونە لای پێغەمبەرو گوتیان دۆخەکە زۆر ترسناکە دوعایەکمان فێر بکە پێـی بپاڕێنـەوە بەڵکو خوا سەرمان دەخات. فەرمووی بڵێن ﴿اللهم استر عوراتنا وآمـن روعاتنا﴾ واتە: خوایە ناموسمان بپارێزێ‌و ترسی دوژمنمان لەسەر کەم بکەیتەوە). لەهەمان کـاتیش پێغەمبـەر (ﷺ) خۆشـی کەوتـە پاڕانەوە لەبەر خوا، فەرمووی: ﴿اللهم منزل الكتاب سريع الحساب اهـزم الاحزاب،اللـهم اهزمهم وانصرنا عليهم﴾[2] واتە: ئەی خوایە تۆ قورئانت هەناردوە، هەموو شت زوو جێبەجێ ئەکەی، کۆمەڵی بێباوەڕان ببەزێنە، خوایە بیانبەزێنەو ئێمەیان بەسەردا زاڵ بکە[3].

---

(١) الاحزاب: ٢٢.

(٢) بوخاری د- ش ریاض لاپەڕە ٥٩٤ ژمارە ٢٩٣٣

(٣) فتح الباري: ٣٩٥/٧

خوا هەردەم دوعای دڵسۆزو خاوەن باوەڕانی ئازاو نەترس‌و خۆبەخت کەر زوو جێبەجێ دەکات، بەڵام پیاوی تەمبەڵ‌و ترسنۆك‌و دانیشتوو کەهەر بەتەمای دوعاو پاڕانەوە لەکارو ئیش دەگەڕێ، خوا دوعایان قەبووڵ ناکات. وەك لەقورئان دەفەرموێ: ﴿وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلَّا مَا سَعَى * وَأَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ يُرَى﴾[1] واتە: دەبێ ئادەمیزاد هەوڵ‌و کۆشش بکات‌و لەوەش زیاتری بەدەست نیە هەوڵ‌و کۆششەکەشی دێتەدی‌و سوودی لێ دەبینێ. بەڵام دوو ڕووەکان هەردەم لەوە دەگەڕان موسوڵمانان بێهێز بکەن‌و ورەیان کەم بکەنەوە.

لەوکاتە ترسناك‌و ناسکە ترسێکی وایان کەوتبوە ناو دەروون لەپەناو پێچان کەوتنە قسەکردن، دەیانگوت موحەممەد بەڵێنی گەنجینەی کیسرای پێ دەداین، کەچی ئێستا وا ناتوانین لەشوێن خۆمان بجووڵێنەوەو بچینە سەر پێشاو. هەندێکیشیان داوایان لەپێغەمبەر کرد ماوەیان بدات بچنەوە ماڵ، بەو ماڵەکەیان چۆڵەو لەچۆلیە. بۆیەش بوو تا گۆڕەپانی شەڕ بەجێبێڵن، خوا لەقورئان باسیان دەکات‌و دەفەرموێ: ﴿إِذْ جَاؤُوكُم مِّن فَوْقِكُمْ وَمِنْ أَسْفَلَ مِنكُمْ وَإِذْ زَاغَتْ الْأَبْصَارُ وَبَلَغَتِ الْقُلُوبُ الْحَنَاجِرَ وَتَظُنُّونَ بِاللَّهِ الظُّنُونَا * هُنَالِكَ ابْتُلِيَ الْمُؤْمِنُونَ وَزُلْزِلُوا زِلْزَالًا شَدِيدًا * وَإِذْ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ مَّا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ إِلَّا غُرُورًا * وَإِذْ قَالَت طَّائِفَةٌ مِّنْهُمْ يَا أَهْلَ يَثْرِبَ لَا مُقَامَ لَكُمْ فَارْجِعُوا وَيَسْتَأْذِنُ فَرِيقٌ مِّنْهُمُ النَّبِيَّ يَقُولُونَ إِنَّ بُيُوتَنَا عَوْرَةٌ وَمَا هِيَ بِعَوْرَةٍ إِن يُرِيدُونَ إِلَّا فِرَارًا﴾[2].

واتە: بت پەرستان لەخوارەوەو لەسەرەوە هێرشیان بۆ هێنان، وای لێهات چوار چاو بوون روحتان هاتە سەری لوتتان، هەر چینەتان بیرێکی دەکردەوە، دوو ڕووەکان دەیانگوت موسوڵمانان لەرەگ‌و ریشەوە دەردێنن، موسوڵمانانیش دەیانگوت خوا سەرمان دەخات. لێرەدا خوا ئێوەی تاقی کردەوە، بەو تاقی کردنەوەیەش هەمووتان شڵەژان. دوو ڕووەکان‌و خەش لەهەناوەکانیش دەیانگوت خواو پێغەمبەر بەڵێنێکی پووچیان پێداین یەکێکی وەك (موعتیبی کوڕی قوشەیر) گوتی، موحەممەد دەڵێ خەزێنەی کیسراو ڕۆمتان دەکەوێتە دەست کەچی ئێستا ناتوانین بچینە سەر پێشاو.

---

(١) النجم: ٣٩- ٤٠.

(٢) الاحزاب: ١٠ -١٣.

هەندێکیش لەدوو ڕووەکان دەیانگوت، ئەی دانیشتوانی مەدینە ئێوە چ دەکەن لێرە، هەستن بچنەوە ماڵەکەتان، ئێرە شوێنی ئێوە نییە، هەستن موحەممەد بەجێبێڵن هەندێکیشیان ماوەیان لەپێغەمبەر دەخواست تاکو بچنەوە ماڵ، دەیانگوت ماڵەکەمان چۆڵو والآیەو قایم نیە دوژمنو دزان بۆی دەچن، کەچی واش نیە، مەبەستیان هەڵاتن بوو لەو جەنگە گەورەیە.

قورەیشیەکان لەهەموو لایەك ویستیان هێرش بێنن، بەڵام هێزی هەرە زلیان بۆ لای بارەگای پێغەمبەربوو، موسوڵمانانیش هەموو توانایەکیان بەکارهێناو لەهەموو لایەك دەسووڕانو هاتوچۆیان دەکرد، بەهیچ جۆرێك ڕێگەی پەڕینەوەیان بەدوژمن نەدا. ئابلوقەی مەدینە درێژەی خایاند بەبێ ئەوەی بت پەرستان سەرکەوتن بەدەست بێنن، ئیتر وایان لێهات لەخۆیایان بێزاربوون، ئا لەو کاتە گرنگەدا، خوا ڕێگەی سەرکەوتنی دامەزراند (نوعەیمی کوڕی مەسعوود) هاتە لای پێغەمبەر، گوتی ئەی پێغەمبەری خوا دەمەوێ ئاشکرام نەکەیو ئەگەر هەر فەرمانێکیشت هەیە پێم بدە تاکو بیکەم.

پێغەمبەر فەرمووی ئێستا تۆ یەکێکی لەئێمە، چیت پێدەکرێ بۆ یارمەتی موسوڵمانان لەگەڵ دوژمنی بکە، شەڕکردن فرۆفێڵە (الحرب خدعة).

نوعەیم ڕۆیشت بۆ لای سەردارانی جوولەکەی بەرەی قورەیزە، پێی گوتن خۆتان دەزانن من چەند دڵسۆزم بۆتان، گوتیان ڕاست دەکەی هیچ گومان لەتۆ ناکەین. گوتی ئێوە لەگەڵ قورەیشو غەتفان ڕێك کەوتوون، بەڵام ئێوە وەك ئەوان نینە، ئێوە لەوڵاتی خۆتانو زەویو ماڵو منداڵتان لێرەیەو ناتوانن بگوازنەوە شوێنێکی تر، بەڵام قورەیشو غەتفان هاتوونە ئێرە شەڕ لەگەڵ موحەممەد دەکەن، ئەگەر سەرکەوتن ئەوا باشەو ئەگەر سەریش نەکەوتن دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان ئێوەش بەجێ دێڵن، ئەوکاتە ئێوە توانای موحەممەدتان نیە، لەبەرئەوە یارمەتیان مەدەنو شەڕ لەگەڵ موحەممەد مەکەن، تاکو چەند کەسێکیان لەگەورە پیاوانیان وەك بارمتە لێ وەرنەگرن، بۆ ئەوەی دڵنیاتان بکەن کەبەجێتان نایەڵن.

گوتیان وەڵڵا ڕاست دەکەی، دوایی نوعەیم بەجێهێشتو چووە لای قورەیشیەکان بەئەبو سوفیانی گوت، ئێوە دەزانن من چەند دڵسۆزی ئێوەم، گوتیان ڕاستە گومانمان لەتۆ نیە، گوتی ئێستا قسەیەکم بیستووە بەپێویستی دەزانم پێتان بڵێمو ئامۆژگاریتان بکەم، بەڵام نەکەن باسم بکەن. ئەبو سوفیان گوتی زۆر باشە بڵێ. نوعەیم گوتی جوولەکەی بەرەی قورەیز، پەشێوان بوونەوە لەپەیمانەکەی نێوان

خۆیانو موحەممەد، ناردوویانەتە لای گوتوویانە ئێمە پەشیمانین لەو پەیمانە، داوام لەقورەیش کردوە کەهەندێ کەسمان بەبارمتە بۆ بنێرن، ئەگەر ناردیان ئێمەش بۆ تۆی دەنێرینو بیانکوژە، بەتەواویش یارمەتیت دەدەینو لەگەڵت دەبین، تاکو قورەیش لەناو دەبەی، موحەممەدیش بەو قسەیە دڵنیا بووە. ئەوجا بۆیە ئەگەر بەرەی قورەیز داوای بارمتەیان لێکردن نەکەن بیاندەنی!.

ئەبو سوفیانیش گوتی زۆرباشە، نوعەیم ئەبو سوفیانیشی بەجێهێشت، چووە لای غەتفان هەمان قسەی بەوانیش گوتو ئەوانیش بەهەمان شێوە باوەڕیان پێکرد. بۆ شەوی شەموو ئەبو سوفیانو سەرۆکەکانی غەتفان کۆمەڵێکیان نارده لای جوولەکەی قورەیزەو ڕایان سپاردن کەپێیان بڵێن ئێمە وا لەو شوێنە بێزار بووینو وڵاغمان بەهیلاك چوو، خۆشمان وا لەو ناخۆشیو پەرێشانیەداین، لەبەرئەوە بەیانی ئێوە هێرش ببەن بۆ سەر موحەممەد، ئێمەش لەدواتانین، با لەناویان ببەین جولەکەکانیش گوتیان سبەی شەمووە، ئێوە لەو ڕۆژە هیچ ناکەین.

ئەبو سوفیان دووبارە ناردیەوە لایانو پێی گوتن، ڕۆژێکی تر لەجیاتی بەیانی بکەنە شەموو! پێویستە بەیانی بچینە سەر موحەممەد. ئەوانیش هەر هەمان قسەیان پێ گوتنەوەو گوتیشیان ئێمە شەڕ ناکەین تاکو هەندی لەپیاوانی خۆتانمان بەبارمتە بۆ نەنێرن، چونکە دەترسین ئەگەر لەو شەڕە شکستتان هێنا ئێمە بەجێبهێڵن، ئەوکات ئێمە توانای موحەممەدمان نیە. قورەیشیەکان ئەو قسەیان گوێ لێبوو، گوتیان وەڵلا قسەی نوعەیم هەمووی ڕاست دەرچوو.

ئەو جارەش قورەیشیەکان وەڵامیان بۆ ناردنەوە گوتیان، کەس نانێرینە لاتان بەبارمتە بێنێتەوەو ئەگەر ئێوە دەتانەوی شەڕ بکەن لەقەڵاکانتان وەرنەدەرەوەو دەست پێ بکەن. بەرەی قورەیزە ئەو قسەیان گوێ لێبوو، گوتیان وەڵلا ئەوەی نوعەیم گوتی هەمووی ڕاستە، ئەوانە نایانەوێ شەڕ بکەن مەگەر هەلێکیان دەست بکەوێ دەنا دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیانو ئێمە بەجێ دێڵن. بەو شێوەیە موسوڵمانان سەرکەوتن لەتێکدانی پەیمانەکەی نێوان بەرەی قورەیزەو بت پەرستان. دوای سێ حەفتە، لەئابلوقەدان ناهومێدیو پەشیمانیو بێزاری بت پەرستەکانی داگرت، سەرمای کاتەکە تێنی وەرگرتو ژیانی پێ تاڵ کردن، بایە بەتێنو ساردەکەی بیابانیش هەندەی تر تووشی دەردەسەری کردن. خیوەتەکانی دەیناو دەبرد دەتگوت ئێستانا ئێستا ڕایان دەقەنێنی. نەنانیان بۆ دەکراو نەچێشتیان بۆ لێ دەندرا، هەتاکو مەنجەڵەکانیان لەسەر ئاگر بەهێزی ئەو بایە وەردەگەڕا ئاگریشی دەکوژاندنەوە،

شەختەو بارانی بەتێنیش وای لێ کردن هەر خوا خوایان بوو لەناو نوێنەکانیان بحەوێنەوە. لەبەر ئەوە هەر لایەك بیری لەخۆی دەکردەوەو ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ خۆی خۆش دەکرد. خواش ترسێکی وای هاوێشتە دڵیان بیریان کردەوە گوتیان ئەگە رهەروا بمێنینەوە هەمووەمان لەو سەرمایە ڕەق دەبینەوەو لەبرسان دەمرین. حوزەیفەی یەمانی دەگێڕێتەوەو دەڵێ لەشەوێکی ئەو شەوە ساردو سەختانە دانیشتبووین لەبەر سەرما خۆمان بەزەویەوە نوساندبوو، هێزەکەی ئەبو سوفیانیش لەهەوراز ئێمەوە بوو قورەیزەش لەخوار مانەوە بوو. ترسی ماڵو منداڵەکانمان تەواو هەراسانی کردبووین، نەك دوژمن دەستی بیانگاتی، شەوەکەش شەوێك بوو قەت لەو شەوە تووش ترو توندتر نەبووە، ئەوەندەش تاریك بوو چاو چاوی نەدەدیت، پەنجەی خۆمان نەدەدیت، قەتیش بای وا بەهێزو ساردی نەهاتووە، گرۆهۆڕی دەتگوت گرمەی هەورە.

ئا لەو کاتە دوو ڕووەکان ماوەیان لەپێغەمبەر دەخواست، دەیانگوت ماڵەکەمان چۆڵە. منیش هیچم لەبەر نەبوو تەنیا کراسێکی کورت نەبێ، لەچۆکم بەرە، خواری دانە پۆشیبوو، لەسەر زەوی ڕاکشا بووم، دیتم پێغەمبەر (ﷺ) بەلامانەوە هات فەرمووی پیاوێك نیە بچێ دەنگو باسی ئەو قەومەم بۆ بێنێ، ڕۆژی قیامەت خوا لەگەڵ منی ڕادەگرێ.

حوزەیفە دەڵێ کەس وەڵامی نەدایەوە، تاکو سێ جاران. پێغەمبەر (ﷺ) قسەکەی دووبارە کردەوە، ئەوجا فەرمووی حوزەیفە، گوتم بەڵێ: فەرمووی هەستە بچۆ ناو ئەو هۆزە قسەیەك لەنێوانیان پەیدابووە، بچۆ بزانە چ باسەو وەڵامم بۆ بێنەوە، بەڵام تاکو دێیتەوە کەس پێت نەزانی. منیش لەسەرمانو لەترسان خۆم وێك هێنابۆوە دەلەرزیم. پێغەمبەر (ﷺ) دوعای بۆ کردم فەرمووی: ﴿اللهم احفظه من بين يديه ومن خلفه وعن يمينه وشماله ومن تحته﴾ واتە:خوایە لەهەموو لایێکەوە بیپارێزی. کەوتمە ڕۆیشتن نەترسم مانە سەرما، هەموو گیانم گەرم داهات. لەئۆردوگاکەی قورەیشیان نزیك بوومەوە، تەماشام کرد بڵێسەی ئاگرێك بڵندبووە. پیاوێکی ئەستوورو کەڵەگەتی لەدەورەیە، دەستی گەرم دەکاتەوەو بەقەدی خۆی دادەینێ، نەمزانی ئەوە ئەبو سوفیانە چونکە نەمدەناسی، ویستم تیرێکی بهاوێژم، لێشم سوور بوو لێم ئەدا، بەڵام قسەکەی پێغەمبەرم کەوتەوە بیر وازم هێنا.

حوزەیفە دەڵێ سەیرم کرد ئەو بایە کارێکی وایان پێ دەکا نەمەنجەڵو نەخیوەتو نەئاگر هیچ خۆی ناگرێ، ئەبو سوفیان هاواری کردوگوتی ئەی کۆمەڵێ قورەیش، ئەوە چ حاڵ نیە ئێمە تێیداین، ولاغو

حوشترمان فەوتاو بەرەی قورەیزەش لێمان پەشیمان بوونـەوە، ئـەوا دەبیـنن ئاگرمـان بـۆ ناکرێتـەوەو مەنجەڵمان لەسەر ئاگر بۆ ڕاناوەستێ خیوەتمان خۆی ناگرێ. لەبەرئەوە من وا بار ئەکەمو ئەڕۆم ئێـوەش بارکەن وەرن. ئەوجا ئەبو سوفیان ڕاست بۆوە بـۆ لای حوشـترەکەی چـوو، یـخ کرابـوو چـووە سـەریو لەحوشترەکەی داوراست بۆوەو ڕۆیشت.

حوزەیفە دەڵێ کەگەڕامـەوە لای پێغەمبـەر، لـەو کاتـەدا نوێـژی دەکـرد، زۆریـشم سـەرما بـوو لەسەرمان دەلەرزیم، پێغەمبەر (ﷺ) ئیشارەتی بۆ کردم دانیشتم لچکێکی عەباکـەی پێـدادام گـەرم بوومەوە. کەنوێژەکەی تەواو کرد، باسەکەم بۆ گێڕایەوەو گوتم دەستیان کرد بەڕۆیشتنو منـیش بـەجێم هێشتن. پێغەمبەر (ﷺ) زۆر سوپاسی خـوای کـرد بـۆ ئـەو سـەرکەوتنەی بەموسـوڵمانانی بەخـشی، هەروەك لەقورئانی پیرۆز باسی دەکات دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَاءَتْكُمْ جُنُودٌ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا وَجُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا وَكَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا﴾[1] واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هەیە بەخوا. چاکەو یارمەتی خواتان لەبیر بێت، لەڕۆژی هاتنی کۆمەڵی قـوڕەیشو غەتفان ئەو هەموو لەشکرەیان هێنایە سەرتان، جوولەکەی قـورەیزەش هاتنـە یارمـەتیان، بـۆ ئـەوەی لەناوتان ببەن. ئێمەش سەربازان کەفریشتە بوون ئێوە نەتاندەدیتن لەگەڵ بای بەتێنو ساردمان هەناردنە سەر، چۆنیان پەرتو بڵاوکردنەوە، خوائاگادارە، بەکردەوەکانتان.

لەڕاستیشدا گەڕانەوەی ئەو هەموو لەشکرە گەورەیە لەبیرو هۆشی کەس نەبوو، ئەوها بگەڕێنـەوە بی ئەوەی هیچیان لەدەست بێت، ئەگەر بەلێکدانەوەو بیروهۆشی ژیرترینو داناترین ئـادەمیزاد لێکـی بدەینەوە، قەت بیریان مەزەندەی نەدەکرد موسوڵمانان ئـەوها بەسـەلامەتی رزگـار بـبنو کەسـیان لـێ نەکوژرێ، ئەوەی کوژرایش لەهەردوولا بەپەنجەی دەس دەژمێردرێ.

سەرلەبەیانی موسوڵمانان کەتەماشای پێشە خۆیان کرد دیتیـان چـۆڵ بـووە، لەشـکری بێبـاوەڕان گەڕاوەتەوە، هێمنیو ئارامیو خۆشی کەوتە ناودڵیانو هەناسەی خۆشیو شادیان هـەڵێناو هـەموویان دەستیان بەرزکردەوە، کەوتنە سوپاس کردنی خوای میهرەبـان، پێغەمبـەریش (ﷺ) کەوتـە سوپاسـی خواو فەرمووی: ﴿ لاالە الە الله صدق وعدە ونصر عبدە واعز جندە وهزم الاحزاب وحدە ولاشيء

---

(١) الاحزاب: ٩.

بعده﴾[1] واتە: لەخوای تاك و تەنیا بەولاوە هیچ خوایەكی تر نیە، بەڵێنی ڕاستی گەیاندە جێ، ئەو خوایە بەندەی خۆی سەرخست و سەربازانی خۆی دەسەڵات و هێز پێدا هەر خۆی كۆمەڵی بت پەرستانی بەزاند، لەپاش ئەو خوایە هیچ دەسەڵاتێكی تر نیە.

موسوڵمانان گەلێك شادبوون، ورەیان بەجارێك بەرزبوون باوەڕیا گەلێ زیاتر بەخوا بەتێن بوو. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (جارێكی تر هێرشمان بۆ ناینن)[2].

لێرەدا پێغەمبەرایەتی ئەو پێغەمبەرە دەردەكەوێ، ئەوەندە دوور بین بوو، خوا هەموو كردەوەی پێشان ئەدا، دەیزانی دوا ڕۆژ چ دەبێ، هەروەكو فەرمووشی هەر وابوو، قوڕەیش و كۆچەرانی بیابان جارێكی تر نەهاتنەوە سەریان، خوا دەستی موسوڵمانانی بەسەردا زاڵ كردن. موسوڵمانان بوونە خاوەن دەست، تاكو هەموو نیودورگەی عەرەب بوو بەئیسلام.

﴿ هێرش بۆ سەر جوولەكەی بەرەی قوڕەیزە (قريضة) ﴾

قوڕەیشیەكان بەدڵێكی ساردو بیرو خەیاڵێكی بڵاوو ڕەنجێكی بەخەسارو ناهومێدی كەوتنە كوتانەوەی ڕێگەی دوورو درێژی ئەو بیابانە، سەرشۆڕی و شەرمەزاریان بۆ دانیشتوانی مەككە بردەوە، جوولەكەی بەرەی قوڕەیزەش بەتەنیاو ڕووڕەشی لەمەدینە بەرامبەر موسوڵمانان مانەوە.

موسوڵمانەكانیش پاش ئەو شەڕە زۆریان سوپاسی خوا كرد لەمەترسی فەوتان ڕزگاری كردن، ڕووحیان هاتبووە سەری لوتیان، هەندەی نەمابوو هەموویان لەناو بچن، هەردەم كەئەو دیمەنەیان دەهێنایەوە بەرچاوی خۆیان مووچڕكیان بەلەش و گیان دادەهات!، بۆیە داخ و ڕق و كینەی ناو دەروونیان بەرامبەر جوولەكەی بەرەی قوڕەیزە وەك ئاوی ناو مەنجەڵی سەر ئاگر دەكوڵا.

لەكاتی شەڕ هیچ كاتێك بەتەمای خۆیان و ماڵ منداڵیان نەمابوون، هەردەم دەیانگوت ئێستا نائێستا قوڕەیشی بت پەرست و كۆچەرانی بیابانی وشك و خوانەناس و جوولەكەكان شاری مەدینە

---

(١) السيرة لإبن كثير ٥/٢ لە ابن اسحاق وإبن كثير ٢/٥و٦ لەابو هريرة دەگێڕێتەوە.

(٢) فتح الباري لشرح صحيح البخاري ٤٠٥/٧.

دەگرن‌و ژن‌و منداڵیان بەدەست جوولەکەو بت پەرستانەوە دەدیت، وەك كۆیلەو دیل دەفرۆشرێن.

موسوڵمانان خۆشیان بەکوژراو دەهاتە بەرچاو، ماڵ‌و سامانیشیان دابەش دەكرێ. بۆیاغ ساغ بـۆوە جوولە کەهیچ کاتێك لەسەر پەیمان‌و بەڵێن خۆ ناگرن، خوو و ڕەوشتیان بەفێڵ‌و ناپاكیەوە گرتوە، ئەوانە چۆن دڵیان وای لێهات ئەو جۆرە کردەوەیە بەرامبەر موسوڵمانان بکـەن‌و بیانـەوی بـەجارێك لـەناویان ببەن، بەتایبەتیش جوولەکەی بەرەی قورەیزە، خۆ ئەوان لەچاکە بەولاوە لەموسوڵمانان‌و پێغەمبـەریان نەدیبوو، چۆن توانیان لەگـەڵ دوژمنـانی موسـوڵمانان ببنـە یـەك، تـاکو لەگـەڵیان بەشداری بکـەن لەکوشتنی ژن‌و منداڵی موسوڵمانان، چۆن بەقسەی (حویەی کوڕی ئەختەب) هەر خەڵەتان، هەموو بت پەرستانی لەدژی موسوڵمانان کۆکردەوە، لەهەموو شتێك ناپاکتر ئـەو پیـاوە کـردی لای خـۆی وا بـێ پیاوێکی تێگەیشتوو بوو زاناش بوو بەئایینی جوولەکان، چـۆن گـوتی ئـایینی بـت پەرسـتان چـاکترە لەئاینی ئیسلام!.

موسوڵمانان بیریان کردەوە ئەگەر جوولەکەو بت پەرستان هـەروا بمێـن، دەتـوانن جـارێکی تـریش کۆببنەوەو کەژێکی خۆشتر لەزستان هەڵبژێرن‌و بێنەوە سەریان، بەڵام خوا لەبەراوان‌و راوەستاوە بۆیـان، ڕێگا نیشانی پێغەمبەری خۆشەویستی خۆی ئەدات.

ئەو ڕۆژە کاتی نوێژی عەسر، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دایە موسـوڵمانان، کـەس نوێـژی عەسـر لێرە نەکات تاکو لەلای بەرەی قورەیزە دەیکات، جوبرائیل فـەرمانی بـۆ هێنـاوم دەڵـێ مەلائیکـەتان هێشتا چەکیان دانەناوە، خوا فەرمانت پێ دەدات بچیە سەر جوولەکەی بەرەی قورەیزەو منیش دەیـان شلەژێنم[1]. پێغەمبەر (ﷺ) ئالای شەڕی دایە دەست عەلی ئەبی تالیب، موسـوڵمانانیش زۆر بـەتاوو ئارەزوو فەرمانەکەیان وەرگرت، نوێژیان نەکرد کەوتنە دوای عەلی، تاکو گەیـشتنە نزیـك قەڵاتـەکانی جوولەکەی بەرەی قورەیزە، چەند کیلۆمەترێك لەمەدینەوە دوور بوو. ڕۆژئاوابوو زۆریان نوێـژیان چـوو، گوتیان بەجێهێنانی فەرمانی جیهاد پێویستی کرد نوێژەکە نەکەین، پێغەمبەریش (ﷺ) دەنگی لەگەڵ هیچ لایان نەکرد، نە ئەوەی نوێژی کـردو نەئـەوەی نوێـژی نـەکرد، چـونکە هەنـدێ کـەس ڕاسـتەوخۆ

(١) بوخاری ٣٢٧/٧.

پەیوەندی بەفەرمانەوە دەکات، هەندێکیش تەماشای مەبەستی فەرمان دەکات[1].

موسوڵمانان پەیتا پەیتا گەیشتنە نزیك قەڵاتەکانی بەرەی قورەیزە. جوولەکەکان چاویان پێیان کەوت هەترەشیان چوو، کەوتنە جنێودان بەموسوڵمانانو پێغەمبەر، قسەی زۆر ناشیرینیان لەدەم دەردەچوو عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب زۆر تووڕە بوو، پێغەمبەر (ﷺ) گەیشتە لایان، عەلی گوتی ئەی پێغەمبەری خوا لێیان نزیك مەبەوە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بۆچی؟ دیارە قسەی ناشیرنت لێیان بیستووە. عەلی گوتی بەڵێ. فەرمووی ئەگەر چاویان بەمن بکەوێ قسەی واناکەن. پێغەمبەر لێیان نزیك بۆوە، ڕووی تێکردنو فەرمووی برایانی بەرازو مەیموون. خوا چاوشۆڕی کردنو ڕقی خۆی پێدارشتن.

جوولەکەش هەروەکو ڕەوشتیانە، ئەگەر لەیەکێك ترسان قسەیان ڕێكو جوانە لەگەڵی، خۆیان بەولاوە دەبەن، ئەگەر دەسەڵاتو هێزیشیان بوو دەکوژن، پەیمانو بەڵێن بێ نرخە لەلایان! بۆیە بەپێغەمبەریان گوت ئەی ئەبو قاسم ئێمە تۆمان قەت بەتووڕەیی نەدیوە، بەڵام ئەو قسەیەکەڵکی نەگرتن، موسوڵمانان پێی خاوەنبوونەوە، دەورەی قەڵاکەیاندان، ماوەی بیستو پێنج ڕۆژی پێچوو، خوا ترسی هاوێشتە دڵیان، ورەیان بەردا، هاتنە سەر ئەو باوەڕە هیچ شتێك کەڵکیان ناگرێ، تەنیا خۆ بەدەستەوەدان نەبێت.

(کەعبی کوڕی مالیك)ی سەرۆکیان پێی گوتن ئەی کۆمەڵی بەرەی قورەیزە، وا دەبینن چیمان بەسەر هات، ئێستاکەش سێ ڕێگاتان بەدەستەوەیە، ئەگەر گوێم لێڕا دەگرنو بەقسەم دەکەن. گوتیان چیە؟ گوتی یان ئەوەتا هەموومان موسوڵمان ببینو خۆمان لەکوشتن ڕزگار بکەین، خۆشتان دەزانن ئەو پیاوە لەسەر ئایینێکی ڕاستە، هەروەکو لەکتێبەکانمان نوسراوە. گوتیان وەڵڵا فەرمانی تەورات بەهیچ فەرمانێك ناگۆڕینەوەو بەجێی نایەڵین. ئەویش گوتی کەواتە وەرن ژنو منداڵەکانمان بکوژین، ئەوکات باڵمان سووك دەبێو دەست بەشمشێرەوە دەرپچین لەگەڵیان بکەوینە شەڕ تاکو خوا فەرمانی خۆی لەنێوانمان دیار دەکا، ئەگەر فەوتاین هیچمان لەپاش بەجێ نامێنێو جێگای داخو خەفەت بێت، ئەگەر سەریش کەوتین ژن، منداڵ زۆرە. جوولەکەکان گوتیان ئەوجا کەئەو هەژارانەمان کوشت چ خۆشیەك

---

(١) سەحیحی بوخاری دار النشر الریاض لاپەڕە ٨٤٨ ژمارە ٤١١٩.

لەخۆمان دەبنیین لەدوای ئەوان؟ کەعب گوتی کەواتە ئیمشەو شەمووە ڕەنگە موحەممەدو یارانی لێمان دڵنیا بن، وەرن لەپڕ هێرشیان ببەینە سەر. گوتیان ئێمە چۆن شەموو بشکێنین تاکو ئێستا هیچ کەسێك لەپێش ئێمە وای نەکردووە، کەعبیش گوتی کەواتە لەو ڕۆژی لەدایکتان بوون تاکو ئێستا هیچ کامێکتان بەچاکی و پیاوەتی نەخەوتووە، دوایی بڕیاریان دا کەمەسلەتێك لەگەڵ پێغەمبەر بکەن، وەك مەسلەتەکەی بەرەی نەزیر بێت، بۆ خۆیان بڕۆن وڵات بەجێ بێڵن و بچنە ئەزروعات لەلای شام. بەڵام پێغەمبەرو موسوڵمانان قەبووڵیان نەکرد، گوتیان تەنیا دەبێ بەبێ هەموو مەرجێك خۆیان بەدەستەوە بدەن. جوولەکەکان لەدوای (ئەبولوبابە) یان نارد لە بەرەی ئەوس بوو، پرسیان پێکرد، ئەگەر بەبێ مەرج خۆیان بەدەستەوە بدەن چیان لێدەکەن، ئەویش گوتی بەڵێ وا بکەن (دەستیشی بەقوڕگی داهێنا بەو مانایە کەسەرتان دەبڕن)، دواییش لەو قسەیە پەشیوان بۆوە، ئەمەی بەناپاکیەك زانی بەرامبەر موسوڵمانان کردی.

جوولەکە ترسان ئەوها خۆیان بەدەستەوە بدەن، بەڵام ئەو جولەکانەی نەیانویستبوو پەیانەکە لەگەڵ موسوڵمانان بشکێنن ماوەیان لەموسوڵمانان وەرگرت بۆ خۆیان بەبێ گیروگرفت ئەو ناوەیان بەجێهێشت. موسوڵمانانیش لەئابلوقەکە بێزار بوون، بیریان کردەوە هێرش ببەنەسەر قەڵاتەکەیان بەتۆبزی بچنە ژوورەوە عەلی گەرم بوو هاواری کردو گوتی ئەی لەشکری خاوەن باوەڕان، ئەوەتا دەرگەی قەڵاتەکەیان دەکەمەوە دەچینە ژوورەوە، یان ئەوەتا وەك هەمزەم بەسەر دێت.

جوولەکە تەنگاو بوون هاواریان بردە بەر ئەوسیەکان بۆ ئەوەی تکایان لەلای پێغەمبەر بۆ بکەن ،هەروەکو خەزرەجیەکان تکایان بۆ بەرەی نەزیر کرد. کۆمەڵێك لەیارانی ئەوسی چوونە لای پێغەمبەر، گوتیان ئەی پێغەمبەری خوا، ئەوانە لەپێش ئیسلام هاوپەیمانی ئێمە بووین لەدژی خەزرەجیەکان، تکامان قەبووڵ بکە هەروەکو تکای خەزرەجیەکانت بۆ بەرەی نەزیر قەبووڵ کرد.

پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی پێتان خۆشە یەکێکتان ببێتە ناوبژیکەر لەنێوان من و هاوپەیمانەکەتان؟ گوتیان بەڵێ، فەرمووی دە پێیان بڵێن با یەکێك لەئێوە دیار بکەن. جوولەکەش هەر وەك بڵێی خوا کوێرو گێژی کردبوون، ئەو ڕۆژەیان لەبیرچوو بوو سەعد چووە لایان، تکای لێکردن واز لەپەیمانەکەی خۆیان و پێغەمبەر نەهێنن. ئەو قسە ناشیرنانەیان لەبیرچوو بەسەعدیان گوت (گووی باوکی خۆت خوارد) بەتایبەتیش سەعد لەوکات زۆر بەئازاربوو لەبەرئێشی برینی شانی، کەلەشەڕی

خەندەق تیرێکی پێکەوتبوو، برینەکەش زۆرکاریگەر بوو، جوولەکە هەستان سەعدی کوڕی مەعازیان هەڵبژارد بۆ حەکەمایەتی نێوان خۆیانو پێغەمبەر. سەعد موسوڵمانێکی ئەوەندەخواناس بوو، کەبریندار بوو گوتی خوایە ئەگەر شەڕ لەنێوان دوژمنانی ئیسلامو ئەوانەی پێغەمبەری تۆیان دەرکرد ماوە، لەوەم پێخۆشتر نیە کەجیهاد لەڕێی تۆ بکەمو برینەکەم چاك ببێت، تاکو کۆتایی شەڕ[1] خوا دوعای قەبووڵ کرد برینەکەی وێك هاتەوە. سەعد ئەو ڕۆژەشی لەبیر نەچوو بوو، موسوڵمانان بەژنو منداڵو سامانەوە بەسەرسامیەوە، خوا لەدەست کۆمەڵی قورەیشو کۆچەرانی بیابانو جوولەکان ڕزگاری کردن، سەعد وای لێهاتبوو نە پەیانی پێش ئیسلامی لەبیر مابوو، نە لۆمەی لۆمەکارانیش کاری تێدەکرد فەرمان بەهەموسەربەخۆییەکی خۆی دەرنەکات.

پێغەمبەریش (ﷺ) زۆری ڕێز دەگرت، بڕوای پێ هەبوو و سەربەخۆیی تەواویشی دایێ فەرمان لەنێوانیان دەربکات، سەعد بەڵێنی لەهەردوولا وەرگرت بەقسەی بکەن.

هەردوولا ڕازی بوون، گوتی باجوولەکەکان لەقەڵاکانیان بێنە دەرەوە، چەکەکانیش دابنێن ئەوانیش هاتنە دەرەوەو چەکەکانیشیان دانا، هەمووی لەشوێنێك کۆکردنەوە فەرمانیدا کەئەوەی شەڕکەرە بکوژرێو ژنو منداڵیشیان ببێتە کۆیلەو ماڵو سامانەکانیشیان بەسەر موسوڵماناندا بەش بکرێت، پێغەمبەریش (ﷺ) ئەو فەرمانەی پەسەند کرد، فەرمووی فەرمانت بەگوێرەی فەرمانی خواو پێغەمبەرە.

هەڵسان خەندەکێکیان لێدا، کۆمەڵ کۆمەڵ بردنیانو لەوی لەسەریان دان، لەناو خەندەکەکەش ناشتنیان. لەوکاتەی کەدەیانبردنو لەسەریان ئەدان، هەندێ لەجوولەکەکان بەکەعبی سەرۆکیان گوت، دەبێ چیمان لێ بکەن؟ ئەویش گوتی لەهەموو شوێنێك ئێوە هەر نادانن، نابینن ئەوەی دەیبەن ناگەڕێتەوە، بەو خوایە کوشتنەکوشتن. ئەمەش سزای پیاوی خائینە. (ئەو جۆرە سزایەش دەگەڕێتەوە سەر ئەستۆی سەردارانیان، ئەگەر حویەی کوڕی ئەختەبو هاوتایانی لەگەڵ موسوڵمانان بژیابان، گەلەکەیان تووشی ئەو سزایە ترسناكو کوشندەیە نەدەبوو، بەڵام هەروا بووەو هەروا ڕۆییوە، خوێنی گەلان نرخی هەڵەی سەرۆکەکانە دەیدەن، هەروەکو ئیمڕۆکە زۆر لەو گەلانە دەبینین دەکەونە دوای

(١) سەحیحی بوخاری د-ش ریاض لاپەڕە ٨٤٩ ژمارە ٤١٢٢.

سەرۆکێکی دڕندەو لـەخۆبایی‌و نۆکـەری جوولەکـەو ئیـستعیماریەکان چـەپڵەی بـۆ لێـدەدەن‌و دەڵـێن بەخوێن‌و بەگیان بۆت بەختەکەین خۆمان، یاخود دەبینی‌و چەند پارتێـك لـەناو گـەلێك پەیـدا دەبـێ ڕێگەی چەوت‌و خوار دەگرن، گەلەکەش ئەوەندە نەزانەو تێنووی دەسەڵاتە بەدوایان دەکەوێ، سـەرۆکی پارتەکانیش بەگوێرەی بەرژەوەندی بێگانە دەجوولێنەوە، گەلەکەیان تووشی شەڕی وا دەکەن، بەهەزاران گەنج لاو تێیدا دەفەوتێن، وڵاتیشیان کاول‌و وێران دەبێ، خوا لەقورئانی پیرۆز باسی ئەو جۆرە سەرۆك‌و سەردارانە دەکات دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ بَدَّلُواْ نِعْمَةَ اللّهِ كُفْرًا وَأَحَلُّواْ قَوْمَهُمْ دَارَ الْبَوَارِ * جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا وَبِئْسَ الْقَرَارُ﴾[1] واتە: دەسەڵاتی پێدان خـوا بپەرسـتن، ڕوویـان کـردە بـت پەرسـتی‌و بەدڕەوشتی‌و بێباوەڕی‌و لەخۆبایی بوون، گەلەکەشیان تووشی ماڵ وێرانی کردو وڵاتیـشیان کـاول بـوو، سەروسامانیان تێداچوو. ئەوانە جێگایان دۆزەخە، کەخراپترین جێگایە.

لەو کاتەی کوحویەی کوڕی ئەختەبیان هێنا لەسەری بدەن، تەماشای پێغەمبەری کـرد وتـی، بـەو خوایە پەشیمان نیمە لەدوژمنایەتی تۆ، بـەڵام ئەگـەر خـوا یـەکێك ژێـر بخـات دەبـێ بکـەوێ، ڕووی لەخەڵکەکەش کرد گوتی، هیچ دەسەڵاتێك نیە بەرامبەر فەرمانی خـوا، چـارەنووس چـۆن بـێ هـەروا دەبێ، پێی لێنا بەهۆی ناپاکی خۆی خوا تووشی ئەو سزایەی کرد[2].

زۆزانی وەك حویەی ئەوها خۆیا، دەرخست، بەڵام لەناو دڵیانەوە دەزانن کەبەهۆی کردەوەی ناپاکی خۆیان دۆڕاندیان. بیروباوەڕی پڕوپوچیش پیاوی لەخۆبایی، نەزان‌و نـەفامی هەیـە کەبـەدوای بکـەوێ‌و ماڵ‌و گیانی خۆیانی بۆ تەرخان بکەن‌و ناشتوانن هیچ گۆڕانکاریەك لەو ڕێگە ڕاست‌و پاکەی خوا بکەن.

---

(١) سورەتی إبراهیم: ٢٨.

(٢) ئەگەر تەماشای هەڵوێستی جوولەکە بکەین بەرامبەر موسوڵمانان، دەبینین ئیمـڕۆش هـەروەك خۆیـانن بەهـەموو هێـزو توانایان بەربەرەکانی ئیسلام دەکەن، نایەڵن موسوڵمانان لەهیچ وڵاتێك فەرمان ڕەواییان لەدەست بێت، ئەوەشیان لەبیرکردووە کە لەگەڵ دەوڵەتانی ئەورووپای مەسیحی لەبناغەی باوەڕی ئاینیان دوژمنن. بـەڵام بـەدژی موسـوڵمانان بووینـە دۆسـت. هـەموو دەوڵەتانی ئیمپریالیزمی‌و شیوعی یارمەتی جوولەکە ئەدەن‌و هیچ ڕەوشتێکی مرۆڤایەتیان لەلا نەماوە، تەنها بەرژەوەندی‌و ماڵ پەیدا کردن بویتە ئاواتیان.!

﴿ شەڕی بەرەی لەحیان ﴾

لەپاش ڕۆیشتنی قورەیش و کۆچەرانی بیابان و لەناو بردنی بەرەی قورەیزە، فەرمانڕەوایی موسوڵمانان بەتەواوی لەمەدینە چەسپا، کەسیان بەرامبەر نەما لێی بترسن ماوەی شەش مانگ تێپەڕی، لەو ماوەیەدا پێغەمبەر (ﷺ) بەگوێرەی ئەو فەرمانانەی کەلەخواوە بۆی دەهات، کەوتە ڕێکخستنی کۆمەڵی موسوڵمانان.

موسوڵمانان هەمووی لەژێر فەرمانی یەك دەسەڵات و یەك سەرۆك (کەپێغەمبەر بوو) و یەك دروشمیش کەوشەی (لا إله إلا الله) بوو، بەبێ جیاوازی بوونەیەك کۆمەڵ و لەسەری کۆبوونەوە، یاسای هۆزایەتی و تیرەیی و ڕەگەزپەرستی و نەتەوایەتی و چینایەتی نەما، ئەو ڕەوشتانەی کەجاران خوویان پێوەگرتبوو، هەمووی لاچوو، بوونە دەوڵەتێك هەموو کاروبارێك بەگوێرەی یاسای ئیسلام بەڕێوە دەچوو، کەجاران بەگوێرەی یاسای کۆچەرانی و فەرمانی سەرۆك هۆزەکان بەڕێوەدەچوو.

ئەگەر بەتەواوی سەرنجمان بدابایە ژیانی ئەو خەڵکە لەپێش ئیسلام، ژیانێکی بەرەڵایی دەژیان خاوەن هێزو تواناکان هەژارو بێدەسەڵاتەکانیان نابووە ژێر پێی خۆیان، هەرکاتێکیش هەر گەلێك و هۆزێك یاسایەکی باش و ڕێکی لەناو بەکار نەهات، هیچ چار نیە ژیانیان دەبێتە بەرەڵایی، هەروەکو ئێستا دەبینین گەلانی سەر زەوی لەیاسای خوا دووركەوتینەوە ئەو یاسایەی کە لە ئاورووپای مەسیحی بت پەرست و پارە پەرستانیان وەرگرتووە کەناویان لێناوە دیموکراتی، کەدژی هەموو ئاینێکە بێباوەڕان دایانناوە، هەتاکو بەتەواویش کاری پێ ناکەن بۆیە دەبینین ژیانی گەلان بویتە تێك هەڵدایی و بەرەڵایی، بوویتە هۆی قەومانی زۆر شەڕی خوێناوی و دزی و کوشتن و جەردەیی، هەر کۆمەڵ و دەوڵەتە ڕاکێش ڕاکێشیەتی بۆ خۆی. هەژارو بێ دەسەڵاتەکەش وا ناڵەی دێت لەدەست ستەم و برسیەتی.

کۆچەرەکانی بیابانیش لەوکاتی هیچ یاسایەکیان لەناو نەبوو، قسەی سەرۆك هۆزو سەرۆك خێڵەکان یاسا بوو، ئارەزوومەندەی وان کاروباری هۆزی بەڕێوە دەبرد، بۆیە هەردەم لەشەڕو ڕاووڕووت بوون و هیچ سنوورێکی مافی ئادەمیزادیان نەدەزانی، دەسکەوتنی ماڵ و سامان ئاواتی هەرەبەرزیان بوو. خوا لەقورئان باسیان ئەکات و دەفەرموێ: ﴿الأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا وَأَجْدَرُ أَلاَّ يَعْلَمُواْ حُدُودَ مَا أَنزَلَ

اللّهُ عَلَى رَسُولِهِ وَاللّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾[1] واتە: عارەبە کۆچەرەکانی بیابان زۆر بێباوەڕن بەخواو گەلێ دوو ڕوو و بێ پەروەردەن، کەس ئامۆژگاریان ناکا تاکو ڕێگای چاکە بزانن، (وەك دەڵێ سەربەخۆ گەورە دەبن) گەلێ کێوین، هیچ یاسایەکی وا نازانن کەخوا بۆ پێغەمبەری هەناردوە بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) هەردەم لێیان بی ئاگا نەدەبوو، هەستی لێرادەگرتن، لەهەموو کاتێك بیزانبایە بەنیازن خۆیان ئامادە بکەن هێرش بێننە سەر مەدینە، خۆی هێرشی دەبردنە سەروچاوشکاوی دەکردن.

ئا لەو ماوەی هێمنایی دوای شەڕی خەندەق و نەمانی جوولەکەی بەرەی قورەیزە، پێغەمبەر (ﷺ) زانیەوە جوولانەوەیەك لەناو بەرەی لەحیان هەیەو تەمایان وایە بەسەر مەدینەدا بدەن، لەبەرئەوە بەگورجی لێیان بەخۆکەوت، بەهەڵیشی زانی تۆڵەی خەبیب و هاوڕێکانی بکاتەوە، کاتێ خۆی بەنامەردی لەسەر ئاوی ڕەجیع کوشتنیان.

پێغەمبەر (ﷺ) ویستی نیشانی بدات خوێنی ئەوانە نابێ بەفیڕۆ بڕواو دەبێ تۆڵە لەدەست درێژکەر بکرێتەوە، تاوەکو موسوڵمانان هەست بەنرخی خۆیان بکەن.

پێغەمبەر (ﷺ) بەخۆو بەهێزێکی تەواو بۆ لایان چوو، وای نیشاندا بەرەو شام دەچێت، بۆ ئەوەی دەسخەرۆیان بدات، دوای ماوەیەك ڕۆیشتن بای دایەوەو بەرەو لای مەککە تاکو گەیشتە ناو ماڵەکانیان، لەشوێنێك بوون پێی دەڵێن (بوعران). بەڵام پێش ئەوەی بگاتە سەریان، هەستیان بەو هێرشەی موسوڵمانان کردبوو، باریان کردبوو، بۆ سەر کێوەکان ڕۆیشتبوون، ڕۆژەکەشی زۆر گەرمابوو، پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ موسوڵمانەکان نەچوونە دوویان، بەڵام ویستی ترسێك بخاتە ناو دڵی هەموو دانیشتوانی ئەو ناوچەیەو هێزی موسوڵمانان بەدەربخات، ئەبوبەکری سدیقی بەخۆ، بەسەد سوارێکەوە بەڕێ خست لەو ناوچەیە گەڕان تاکو گەیشتنە عەسفان، شوێنێك، دیار بەدیاری مەککەیە، تاکو قورەیشیەکانیش تێبگەن موسوڵمانان ترسیان لەهیچ هێزێك نیە، بۆیە بەو هێزە بچووکەوە ئەبوبەکر کەشارەزاترین کەسیشە لەو ناوچەیە دەسوڕێتەوە، لەپاشان موسوڵمانان و پێغەمبەر گەڕانەوە مەدینە.

(١) التوبة: ٩٧.

مەسلەتی حوەدیبیە

شەش ساڵی تەواو تێپەڕی بەسەر دوورکەوتنەوەی موسوڵمانان لەمەککە ئەو ماوەیە هەر خەریکی خۆپاراستن بوون، دەمێك قورەیش شەڕی لەگەڵ دەکردن و دەمێك کۆچەرانی بیابان، دەمێکیش لەگەڵ جوولەکان، هەتاکو دەشیهات هێزی موسوڵمانان لەزیاد بووندابوو. لەماوەی ئەو شەش ساڵەش موسوڵمانان نەیانتوانی بچنەوە مەککە، چاویان بەکەعبە بکەوێ. ئەو کەعبە پیرۆزەی کەخوا ڕێزی لێناوە، قیبلەی موسوڵمانانە، ڕۆژی پێنج فەرزە ڕووی تێدەکەن فەرمانی خوا بەجێدێنن.

ڕەوشتی عەرەبیش وابوو، هەموو ساڵ لەمانگەکانی ڕێزدار دەچوونە مەککە حەجیان دەکرد. قورەیشیەکان نەیاندەتوانی ڕێگەیان لێبگرن، چونکە کەعبە هی ئەوان نەبوو، ئەوان هەر کلیلی دەرگەیان بەدەست بوو، لەگەڵ ئاودانی حەجاجەکان.

موسوڵمانانیش بەتایبەتی کۆچ کردوەکان دەردی دووریو غوربەتیان دەچێشت، زۆریان بیری ئەو شوێنە دەکردەوە، شوێنی لەدایك بوونیسان بوو و ژیانی منداڵیان لێ بەڕێ کردبوو، خۆشەویستی خاکەکەو دیمەنی کێوەکانو گەورەیی کەعبەیان هەردەم لەدەروونیدا دەجووڵا، کروزەیان لەهەناو هەڵدەستا بۆ ئەو شوێنە پیرۆزە کەبەدەست بت پەرستانەوەیەو بەسەدان بتی لەناو داندراوەو دەیانپەرستنو قوربانییان بۆ دەکەن.

ئەوەش شتێکی سروشتیە خوا ئادەمیزادی وا دروست کردووە، دووری لەخاكو هەواری کۆن، سۆزی دەروونی بۆی دەجووڵێو پاڵی پێوەدەنێ بیر لەو شوێنە پیرۆزە بکاتەوە کە لەگەڵ خوێنو مێشکی تێکەڵ بووە، بەڵام دوژمنێکی وەك قورەیشی بێ ئایینو بێباوەر کەهەر لەسەر ستەمکاری دەژین، هیچ بەزەییەكو نەرمیەکیان لەناو هەناو نیە، چۆن ڕێگەی موسوڵمانان ئەدەن، بچنە مەککە خزمانو موسوڵمانان ببینن، لەبەر هیچیش نەبوو تەنیا هەر لەبەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) بانگی دەکردن کەداروبەرد نەپەرستنو خوای تاكو تەنیا بپەرستن ڕێگەی نەزانینو دڕندەیی بەربدەنو بێنە سەر ڕەوشتی ئیسلامو ببنە مرۆڤێکی ڕاستەقینەو لەدیلیو کۆتو زنجیری یەکتری ڕزگاربن، یەکسەر پەیوەندی بەخوای پەروەردگارو تاكو تەنیاوە بکەنو تێبگەن کەمرۆڤ سەنگو ڕێزو نرخی لەلای خوا زۆر هەیە.

بەڵام ئەوان هەر لەسەر دەمارەشینکەی بت پەرستی خۆیـان ڕۆیـشتن‌و ڕشـت‌و شـێر گیربـوون، چـاویان کوێربووو ڕێگەی راسـتیان نـەدەدیت، دەیـانزانی ئەگـەر موسـڵمانان بـچنە مەککـە هـەژارو دامـاوو بێهێزەکانی کە لەژێر ستەمی ئەوان ناڵەیان دێت لێیان کۆدەبنەوەو موسوڵمان دەبن‌و لەگـەڵیان دەچـنە مەدینە، یاخود لەشەڕی خۆبەخۆیی دەترسان.

هەر بۆیەش بوو ماوەی ئەو شەش ساڵە بەربەرەکانی پێغەمبەریان کردو لەگـەڵی لەشـەڕ دابـوون. بەڵام ئیمڕۆ کەموسوڵمانان ڕۆژ بەڕۆژ هێزیان لەزیادبووندایە، قورەیشیەکان ناتوانن بـەئارەزووی خۆیـان ڕێگەیان لێبگرن، دەبێ هۆشێکیان بێتەوە بەر، ڕێگەی ئەو موسڵمانانە بدەن ڕۆژ بـەڕۆژ سـۆزیان لـەبۆ کەعبە بەتێنتر دەبێت. ڕۆژێك موسوڵمانان لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) لەمزگـەوتی مەدینـە کۆببونـەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خەونێکم دیوە دەچینە مەککـەو زیـارەتی کەعبـە ئەکـەین. موسـوڵمانان گوێیان لەو قسەیە بـوو، هـەموو بەیـەك دەنـگ هاواریـان کـرد (الله اکبر) ئـەو قـسەیەش هـەروەك بروسکەیەك لەناو دانیشتوانی مەدینە بڵاوبۆوە، بەڵام چۆن دەچن‌و چۆن دەکرێ. لەلایان ئاشکرا نـەبوو، چونکە ئەوان لەو کاتەدا لەوپەڕی دوژمنایەتی‌و شەڕدان لەگەڵ قورەیشیان، ئایا بەتۆبزی‌و بەهۆی شـەڕ دەچن‌و قورەیشیەکان دەردەکەن؟ بەڵام وا نەبوو.

پێغەمبەر (ﷺ) بەدەری خست‌و بڵاوی کردەوە، بەهۆی شەڕ نیـەو بـەڵکو دەیـەوێ بـچێت ڕێـزی ماڵی خوا بگرێت‌و زیارەتی بکات، تاکو قورەیش‌و هەموو کەسێك بزانن موسوڵمانان ڕێـزی کەعبـەیان لەلایە، هەموو کەسێکیش مافی ئەوەی هەیە بچێ بۆ کەعبەو ڕێزی بگرێ‌و قورەیش مافی نیـە ڕێگـە لەکەس بگرێ. بەڵام حەجی موسوڵمانان جیاوازی زۆرە لەگەڵ حەجی بت پەرستان، حەجی موسـوڵمانان بۆ بەجێهێنانی فەرمانی خوایەو بۆ ڕێزگرتنی کەعبەیە، نەك بۆ ڕێزگرتنـی بـت‌و پەیکـەر. پێغەمبـەر (ﷺ) لەمەدینەو لەبیابان بانگەوازی کرد، دەیەوێ بچێتە مەککە بۆ بەجێهێنانی عـەمرە، مەبەسـتی پێغەمبەریش ئەوەبوو زۆرترین ژمارە کۆبکاتەوە، بۆیە داوای لەکۆچەرەکانی دۆستی کرد لەگـەڵ ئـەوی بت پەرستیش بوون، بەڵام کۆچەرانی بیابان زۆریان خۆیان گران کـرد بـەو بیانگەیـە ماڵەکـەیان چۆڵە ناتوانن بێن.

لەمانگی (ذي القعدة) کە لەمانگە ڕێزدارەکانەو لەڕۆژانی مانگە ڕێزدارەکانیش کەس لەگەڵ کەس شەڕ ناکات. ئا لەوکاتە پێغەمبەر (ﷺ) بەسواری حوشترەکەی (قەسوا) بەڕێ کەوت هەزارو چوارسـەد

کەسیشی لەگەڵ کەوتە ڕێگا، بۆ ئەوەی ترسێکیان لەناو دڵ بێت، بڵێن ئەو ژمارە کەمە بۆ کوێ دەچێ‌و چ دەکات بەرامبەر قورەیشێکی وا بەتین، کەدوێنێ دە هەزار کەسی هێنایە سەرمان. بەڵام موسوڵمانی ڕاستەقینە بەتایبەت ئەوانیش کەلەخزمەت پێغەمبەر بوون بەهیچ جۆرێك نەیاندەزانی ترس چیە، بەهەموو باوەڕە کەوتنە کوتانەوەی بیابان!.

ئەو لەشکرە هەمووی شمشێر لەکالآن‌و حەفتا حوشترقوربانیی بۆ کەعبە لەپێش دەڕۆیشت. گەیشتنە ئەو شوێنەی پێی دەڵێن (ذو الحليفة) لەوێ دابەزین‌و ئیحرامیان بەست‌و ڕۆیشتن. قورەیش کەزانی موسوڵمانان وا لەپڕو بێ پرسیار ئەوا دێن کەوتنە مەترسی‌و لێکدانەوە، زۆر ترسان ئەوە فێڵێك بێت بەو هۆیەوە هێرشیان بێنێتە سەر. لەبەرئەوە بڕیاریاندا بیانگێڕنەوە، ئەوەیان لەبیر کرد ئەگەر کەسێك بۆ ڕێزگرتنی کەعبە هات، نابێ بگێردرێتەوە، بەتایبەت لەمانگە ڕێزدارەکان شوورەیەکی گەورەیە بۆ ئەوان. بەڵام کۆمەڵی بت پەرست‌و بێباوەر هەموو ڕەوشت‌و یاسایەك لەبیر دەکەن، پێیان شەرم نیە هەرچی بیکەن، ئاگایان لەوە نەما کەئەگەر عارەب بەترسەنۆکیشیان دابنێ بەرامبەر بەموسوڵمانان باشترە لەوەی موسوڵمانان بگێڕنەوە. چوار سەد سواریان بەسەرۆکایەتی خالیدی کوڕی وەلیدو عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل هەنارده پێشیان، تاکوگەیشتنە شوێنێك پێی دەڵێن (ذي طوى) چاوەڕوانیان کرد. پێغەمبەریش (ﷺ) ڕانەوەستا تاکو گەیشتنە (عەسفان) لەوێ تووشی (بیشری‌کوڕی سوفیان) بوو. پێغەمبەر (ﷺ) لێی پرسی چ دەنگ‌و باسێکت لایە؟ بیشر گوتی قورەیش زانیویەتی ئێوە دێن، لەبەرئەوە هەمووی بەژن‌و پیاوەوە هاتووە ڕێگەیان گرتووی لە(ذي طوى) دابەزیون هەمووی پێستی پڵنگیان لەبەر کردوەو پەیمانیان داوە نەهێڵن بچی بۆ کەعبە. ئەوە خالیدی کوڕی وەلیدیش هاتۆتە ئەو شوێنەی کەپێی دەڵێن (كراع الغميم).

ئەو چاوو ڕاوەی بیشر کارێکی وای نەکردە سەر پێغەمبەرو موسوڵمانان. پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی پەکوو! شەڕ قورەیشی بەهیلاك داوە، ئەوان چیان بەسەر دێت ئەگەر واز لەمن‌و عەرەبەکانی بیابان بێنن، ئەگەر بەسەرمان دا زاڵ بوون ئەوا مەبەستیان دێتەدی، ئەگەر ئێمەش بەسەریاندا زاڵ بووین، ئەوا بەخۆشی موسوڵمان دەبن، دەبێ قورەیش چ بیرکاتەوە لەمن، وەڵلاهی من خەباتی خۆم هەردەکەم‌و لەو ڕێگەوە دەڕۆم کەخوا بۆی ناردووم، تاکو یان سەرم دەخات یان دەفەوتێم.

ئەمەش وا دەگەیەنێ پێغەمبەر (ﷺ) لای شەڕی لێ بڕینەوە، هەر نەبێ ئەوان دەمکوت دەکات‌و

لەعەرەبەکانیان جیا دەکاتەوە، هێزێکی گەورە هەڵدەپەسێری تاکو ڕۆژی خۆی دادێت، ئەگەر واشیان نەکرد لەسەر خەباتی خۆی بەردەوام دەبێت شەڕ هەر لەنێوانیان بەردەوامە.

پێغەمبەر (ﷺ) کەوتە بیر کردنەوە، بەتەمای شەڕ نیەو چەکی شەڕی نەهێناوە، بەڵکو بۆ زیارەتی کەعبە هاتووەو هەرچەندە موسوڵمانانیش باوەڕیان زۆر بەهێزەو لەهیچ هێزێك ناترسن بەرەنگاریان ببێت. بەڵام ئەگەر لەگەڵیان بکەوێتە شەڕ مەبەستەکەی نایێتەدی.

پێغەمبەر لەو بیرکردنەوەیەدا بوو، کاتێك لەشکری قورەیشیانی لەدوورەوە بەدی کرد ئەوا بۆیان دێن. بیری کردەوە ئەگەر هەروا بۆیان بچن بەرەنگاری یەك دەبن. تا لەو کاتە ناسكو تەڵەزگەیە، بەخێرایی چارەی بارودۆخەکەی کرد کەلەبیرکردنەوەی کەس نەبوو! ڕووی لەموسوڵمانان کرد فەرمووی کامەتان ڕێگەیەکمان پیشان ئەدات کەپێیدا بڕۆینو تووشیئەو لەشکرەی قورەیش نەبین. پیاوێك لەبەرەی ئەسلەم هاتو بەپێشیان کەوتو بەلای دەستە ڕاست بەرێگەیەکی بەردەرانو سەختی دابردن، تاکو گەیشتنە دەشتایی لەپێچەکانی (مەراری) دەری کردنو بەسەر (حودەیبیە)داشۆڕ بوونەوە، لەخوارووی مەککەیە.

سوارانی قورەیشیش دیتیان پێغەمبەر ڕێگەی گۆڕی بەپەلە گەڕانەوە بۆ لای مەککە، نەوەك پێش ئەوان موسوڵمانان بچنە ناو مەککە. موسوڵمانانیش گەیشتنە (حودەیبیە) حوشترەکەی پێغەمبەر قەسوا لە شوێن خۆی ڕاوەستاو چۆکی دادا. یاران وایان زانی لەماندووەتیان پەکی کەوتووە. گوتیان قەسوا وەستا.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی پەکی نەکەوتووەو ڕەوشتیشی نیە چۆك دابدات. ئەوەی فیلی ڕاگرت بچێتە کەعبە هەر ئەویش قەسوای ڕاگرت![1].

خوا دڵی پێغەمبەرانی ڕوونو ڕەوشەن کردوونەو شتی بزربووش دەبینن‌و ئەنجامەکەشی بەتەواوی دەزانن، پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەوەی مەبەستی ئاشتی خوازانەی دەربخات، فەرمووی هەر داوایەکی قورەیش بەخزمایەتی لێم داوا بکەن بۆیان جێبەجێ دەکەم، مەبەستی ئەوەبوو خوا بۆ ئاشتی ناردوونی. ئەوجا فەرمووی دابەزنو لێرە لێی بخەن.

---

١) زاد المعاد ٣/٢٩٠ وابن كثير السيرة ٢/٦٥ لەبوخاری وەرگرتووە.

موسوڵمانان هەموویان دابەزین، هومێدیان وابوو بەیانی یادوو بەیانی دەرگەی مەککەیان بۆ دەکرێتەوەو بەو ئاواتە دەگەنو لەدەورەی کەعبە دەسوڕێنەوەو لەنێوان سەفاو مەڕوە هاتوچۆ دەکەن، دوایی بەخۆشیو سەربەرزی دەگەڕێنەوە مەدینە. چۆن لەو باوەڕە نابن، یەکێکی وەك پێغەمبەر (ﷺ) موژدەیان بداتێ. یاران بەپێغەمبەریان گوت، ئێرە شوێنێکی بێ ئاوە، پێغەمبەریش (ﷺ) تیرێکی لەتیردانەکەی دەرهێناو دایە پیاوێك ئەویش چووە ناو بیرێك تیرەکەی لەبنی بیرەکە چەقاند، بیرەکە ئاوی لێ پەیدا بوو، ئەوجا موسوڵمانان دڵنیا بوونو دامەزران[1].

تائەوکاتەش قوڕەیشیەکان هەر لەسەر ئەو بیروباوەڕەی خۆیان بوون، کەنەهێڵن موسوڵمانان بچنە مەککەو شەڕیان لەگەڵ بکەن. لەهەمان کاتیش هەندێکیان بیریان دەکردەوە ئەگەر لەگەڵ پێغەمبەر کەوتنە شەڕ دەست دەکاتەوە، ئەگەر سەرنەکەوتن لەناو دەچنو موحەممەد کلیلی کەعبەی دەکەوێتە دەست، بەڵام لەهەمان کاتیش بۆیان دەرکەوتبوو موحەممەد نیازی شەڕی نیە، تەنها مەبەستی زیارەتی کەعبەیە.

دوایی قوڕەیش هاتنە سەر ئەو باوەڕە یەکێك بنێرن بۆ لای پێغەمبەر قسەی لەگەڵ بکات، بەڵکو کاری تێبکاتو بیگێڕێتەوە بۆ مەدینە. لەهەمان کاتیشدا لەهێزەکەشیان دەگات چەندو چۆنن. بۆ ئەوەش (بودەیلی کوڕی وەرقای خوزاعیان) نارد (چونکە خوزاعیەکان لەپێغەمبەر نزیك بوون ڕقیان لێك نەدەبۆوە).

کەبودەیل گەیشتە لای پێغەمبەر لەگەڵ هەندێ لەو پیاوانەی لەگەڵی بوون، لەپێغەمبەری پرسی بۆچی هاتووی؟ پێغەمبەریش (ﷺ) ئێمە نەهاتووین شەڕتان لەگەڵ بکەین، ئێمە هاتووین زیارەتی کەعبە بکەینو عەمرە بەجێ بێنین. بودەیلیش دڵنیا بوو کەپێغەمبەر شەڕی ناوێ، گەڕایەوەمەککە پێی گوتن ئەی گەلی مەککە ئێوە پەلە لەموحەممەد ئەکەن، ئەو پیاوە بۆ شەڕ نەهاتووە بەڵکو بۆ زیارەتی ماڵی خوا هاتووە.

قوڕەیشیەکان بەو قسەیە ڕازی نەبوون بودەیلو هاوڕێکانیان بەترسنۆك داناو هێرشیان بردنە سەر. گوتیان ئەگەر شەڕیشی ناوێ بەو خوایە نایەڵین بەتۆبزی بێتە مەککە، ئەوکات عەرەب ئێمە بەترسنۆك

(١) بوخاري ٥٠٥/٧ وابن کثير السيرة ٥٧/٢.

دابنێن‌و قسەمان پێ بڵێن، دوای ئەو (موکیرزی کوڕی حەفس)یان نارد، ئەویش گەڕایەوە هەر هەمان قسەی پێگوتن، ئەوجا بڕیان کردەوە پیاوێکی وا بەهێز بنێرن، بەڵکو ناگەنە یەك‌و قسەیان لێك گیردەبێ‌و دەبێتە هۆی لێکدانیان، هەستان (حولەیسی کوری عەلقەمە)یان نارد،کەسەرۆکی ئەحابیشەکان بوو (ئەوانە تیرەیەك بوون لەعەرەب، چونکە پێستیان رەش بوو پێیان دەگوتن ئەحابیش) هاوپەیمانی قوڕەیشیان بوون زۆر توندو نەفام بوون، تاکو پێغەمبەر (ﷺ) ئاگادار بکەن، قوڕەیش لەو کێشەیە هەر تەنیا نیە.

کەحولەیس رۆیشت، پێغەمبەر (ﷺ) لەدوورەوە چاوی پێکەوت تێگەیشت بۆچی ئەو نەزانەیان ناردووە!. فەرمووی ئەوە لەهۆزیکە خۆیان زۆر لا گەورەیە داوای خوایەتی دەکەن[1]، لەبەرئەوە حوشترەکانی بەپێرەوە ببەن (واتە دیاریەکانی کەعبە) بابیانبینی، حولەیسیش کەچاوی بەو هەموو حوشترانە کەوت، پڕ بەپڕی دۆڵەکە بۆی چوون، بەزۆریش تووکی خۆیان خواردبۆوە. حولەیس پێش ئەوەی بگاتە پێغەمبەر، باوەڕی هێنا کەموسوڵمانان بۆ زیارەتی کەعبە هاتوون‌و بۆ شەڕ نەهاتوون، قوڕەیش ستەمیان لێدەکات یەکسەر گەڕایەوە، بەقوڕەیشیەکانی گوت ئێمە سوێندمان بۆیە لەگەڵ ئێوە نەخواردوە، ببینە لایەنگیرتان بۆ ئەوەی خەڵك لەماڵی خوا بگێڕنەوە؟ یەکێك بێت ڕێزی ماڵی خوا بگرێت، چۆن دەبێ ئێوە بیگێڕنەوە.

قوڕەیشیەکان پێیان گوت دانیشە تۆ کابرایەکی دەشتەکی کێوی‌و نەزانی. حولەیسیش تووڕە بوو گوتی سوێندم بەوەی کەمنی بەدەستە، یان دەبێ واز لەموحەممەد بێنن زیارەتی خۆی بکا، یان هەرچی ئەحابیش هەیە لێتان کۆدەکەمەوە.

قوڕەیشیەکان هەستیان بەمەترسی کرد، بەخێرایی دڵیان دایەوەو گوتیان تووڕە مەبە، جارێ وازمان لێبێنە با یەکێکی تر بنێرین، خۆمان پێی ڕازی دەبین. ئەوجا داوایان لە(عوروەی کوری مەسعود)ی سەقەفی کرد، کەسەرۆکی بەهێزترین هۆزی عەرەب بوو لەدوای قوڕەیش، وایان بیرکردەوە موسوڵمانان چاویان بەعوروە بکەوێ ترسیان لێ دەنیشێ‌و بیردەکەنەوە کەسەقیفیش لەو کێشەیە بەشدارەو دەگەڕێنەوە.

---

(١) فقه السيرة النبوية ٣٤٨ ئەویش لە أبو اسحاق دەگێڕێتەوە.

عورڕەش پێی‌خۆش نەبوو بچێتە لای پێغەمبەرو بگەڕێتەوەو قسەی نارێکی پێ بلێن، هەروەکو بەئەوانی تریان گوت. گوتی ئەی قورەیشینە من دیتم ئەوەی ناردتانو هاتەوە قسەی ناشیرینتان پێگوت. من لەبەر دڵی ئێوە بەهاوارتانەوە هاتوومە، هەرچی بەقسەشی کردوومە لەگەڵ خۆم هێناوە، گوتیان ئەو جۆرە قسانە لەگەڵ تۆ ناکەین، ئێمە تۆمان خۆش دەوێو لەتۆ دڵنیاین.

عورڕوە چووە لای پێغەمبەر لەگەڵی کەوتە قسەو گوتی، ئەی موحەممەد تۆ ئەو شەڕ فرۆشانەت کۆکردۆتەوەو هێناوتە تاکو خزمو هۆزەکەت بفەوتێنێ. باش بزانە ئەوە قورەیشە بەژنو منداڵەوە هەموویان دەرچووی، پێستی پڵنگیان لەبەر کردوەو پەیمانیان داوەتە خوا نایەڵن بەتۆبزی بچیە ناویان، سوێندم بەخوا ئەوانەی ئێستالەگەڵتن بەیانی لێت دەکشێنەوە. ئەبوبەکری سدیق لەپشت پێغەمبەر دانیشتبوو، خۆی لێ تووڕە کرد گوتی ئایا ئێمە لێی دەکشێینەوەو بەجێی دێڵینو وازی لێ دەینین؟ عورڕوە گوتی ئەی موحەممەد ئەوەکێیە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەوە کوڕی ئەبی قوحافەیە.

عورروە بەئەبوبەکری گوت ئەگەر چاکەت لەسەرم نەبوایە، حەقم ئەدا پێت، بەڵام بابە بەر یەك بکەوی. ئەوجا ڕووی لەپێغەمبەر کردەوە، دەستی بەریشی داهێنا هەروەك ئاگاداری بکات کاتەکە زۆر ترسناکە. بەڵام (موغیرەی کوڕی شوعبە) کەلەسەر پێغەمبەر ڕاوەستابوو، مستی لەدەستی ئەداو دەیگوت، دەستت پیسە بۆ پێغەمبەری درێژ مەکە. عورروە گوتی پەکو چەند دڵ ڕەقی، لەپێغەمبەری پرسی ئەوەکێیە؟ پێغەمبەر (ﷺ) بەزەردەخەنەیەکەوە فەرمووی ئەوە برازاتە موغیرەی کوڕی شوعبەیە. عورروە گوتی چەند ستەمکاری، دوێنێ سوڵحم بۆ کردی (موغیرە پێش ئیسلام بوونتی چەند کەسێکی کوشتبوو عورروە تۆڵەی بۆ دابوو).

ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) کەوتە قسە لەگەڵ عورڕوەو فەرمووی من بۆ شەڕ نەهاتوومو شەڕم ناوێ، دەمەوێ زیارەتی کەعبە بکەمو عەمرە بەجێ بێنم، ناشمەوێ کەس بێتە پێشمانو بمانگێڕێتەوە. بەو قسەیە عورڕوەی بێ دەنگ کردو عورڕوە چارەی نەما بەسەرسامی گەڕایەوە، چاوی بەو موسوڵمانانەکەوت چەند یەکگرتوو دڵسۆزن بۆ یەکتریو چەند مل کەچن بۆ پێغەمبەر، چەند ئازاو نەترسو گەرمن بەرامبەر دوژمن، چ جۆرە پێوانەیەك بۆ هۆزی سەقیفو ئەحابیشو قورەیش دانانێن.

عورروەکە گەیشتەوە ناو قورەیشیەکان لەباتی دژی پێغەمبەر قسە بکات بووە لایەنگیری!. بەقورەیشیەکانی گوت موحەممەد شەڕی ناوێ بەڵکو دەیەوێ زیارەتی ماڵی خوا بکاتو ڕێزی بگرێتو

عەمرە بەجێ بێنێ، بەڵام باش بزانن من کیسراو قەیسەر و نەجاشیشم دیوە لەولاتی خۆیان، هیچ پادشایەکم نەدیوەو کەموحەممەد خۆشەویست بێ لەناو یارانی، دەست نوێژ دەشوات هەموو غاردەدەن و پێشبڕکێ دەکەن بۆ ئاوی دەست شۆرینی، کەسیان چاو بڵند ناکەن لەڕاست ئەو، بەنەرمی قسەی لەگەڵ دەکەن، کەقسەش دەکات هەموویان گوێ ڕادەگرن، لەهیچ کاتێك لێی بێ ئاگا نابن، قەت بەتەمای کەس لێی ناگەڕێن، ئەوجا بۆ خۆتان بڕیاری خۆتان بدەن[1].

قورەیشیەکان تەماشایان کرد ئەوانەی دەیانێرنە لای پێغەمبەرو دێنەوە، هەموویان لایەنگیری پێغەمبەر دەکەن، چونکە هیچ بەڵگەیەکیان نەدەدۆزیەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) نیازی شەڕی هەبێ، کە دەچوونەوە دژی قورەیشیەکان دەوەستان و نەرم بوون، پێغەمبەر بچێتە کەعبە، بەڵام قورەیشی ڕق ئەستوورو هەناو پیس بڕیاریان دا نابێ موسوڵمانان بێنە کەعبە، ئەوجا هەرچی دەبێ بابێ. موسوڵمانانیش هەر لەشوێنی خۆیان مانەوە بەو هومێدەی چارەیەك پەیدا ببێ. پێغەمبەر (ﷺ) بڕیاریدا یەکێك بنێری قسەیان لەگەڵ بکات، بەڵکو دڵنیا دەبن و ڕێ ئەدەن بچنە مەککە، بۆیەش (خەراشی کوڕی ئومەییەی خوزاعی) نارد یەکێك بوو هاوتای بودیەلی خوزاعی بوو، حوشترێکی خۆی دایی و ناردیە مەککە. بەڵام قورەیشیەکان لەباتیڕێزی بگرن و قسەی لەگەڵ بکەن، عیکرەمەی کوڕی ئەبو جەهل حوشترەکەی سەربڕی و ویستیشیان بیکوژن، بەڵام ئەحابیشەکان و خوزاعیەکان نەیانهێشت.

خەراش گەڕایەوە لای پێغەمبەر. دوایی قورەیشیەکان ویستیان بیانوویەك لەموسوڵمانان بدۆزنەوە تووشی شەڕیان بکەن، پەنجا کەسێکی بێ ڕێزو نەفامیان نارده سەر موسوڵمانەکان بەڵکو هەندێکیان لێ بکوژن، یا لێیان بەدیل بگرن. ئەوانە کەوتنە بەردباران و تیرباران کردنی موسوڵمانەکان.

پێغەمبەریش (ﷺ) (موحەممەدی کوڕی سەلەمەی) نارده سەریان هەمووی بەدیل گرتن. دوای ئەوانەش هەندی سواریان ناردن ئەوانیش کەوتنە تیربارانی موسوڵمانان. موسوڵمانەکانیش لەوانیش ڕاپەڕین دوازده سواریان لێ بەدیل گرتن و هێنانیان بۆ لای پێغەمبەر. موسوڵمانان کەتەماشای ئەو دیلانەیان دەکرد، زۆر دڵ خۆش دەبوون، باوەڕیان بەخۆیان و بەخواو پێغەمبەر زیاتر دەبوو.

قورەیشیەکان بەو کردەوەیە بەجارێك ورەیان بەردا، پێغەمبەریش (ﷺ) لەبەر خاتری ئەوەی نەڵێن

---

(١) ابن كثير السيرة ٦٦/٢ لەبوخاری دەگێڕێتەوە.

موحەممەد لەمانگی ڕێزدار خەڵك دەکوژێ، لەدیلەکانی بووردو ناردنیەوە مەککە، قوڕەیشیەکان بەو لێبوردنە سەرسام بوون‌و هیچ بەڵگەیەکیان نەما بڵێن موحەممەد شەڕی دەوێ، بۆیەش هاتنە سەر ئەو باوەڕە هەردەست درێژەیەکی تر بکەنە سەر موسوڵمانان ستەمێکی گەورەیەو پێغەمبەریش (ﷺ) ئەوکات مافی ئەوەی هەیە ئەگەر کردەوەیەکی تر بکەن، بەتوندی لێیان بدات.

لەسەر ئەو حاڵەش پێغەمبەر (ﷺ) ویستی دووبارە تێیان بگەینێ ئەگەر لێی بگەڕێن، زیارەتی کەعبە بکات بەبێ شەڕ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەش بانگی عومەری کوڕی خەتابی کرد، بچێتە لای قوڕەیشیەکان‌و قسەیان لەگەڵ بکات. عومەریش زانی چوونەکەی کەڵکی نیە چونکە قوڕەیش زۆری لێ داخداربوون، بۆیە گوتی ئەی پێغەمبەری خوا زۆر دەترسم ئازارم بدەن، چونکە کەسێك لەبەرەی عەدی شك نابەم پارێزگاریم لێ بکەن، خۆشت دوژمنایەتی‌و توندی من لەگەڵ قوڕەیش دەزانی. بەڵام پیاوێکی لەخۆم باشترت پیشان ئەدەم ئەویش (عوسمانی کوڕی عەففانە)، خزمەکانی ئێستاش لەمەککە ماون دەیپارێزن.

پێغەمبەریش (ﷺ) قسەکەی عومەری پەسەند کردو بانگی عوسمانی کردو ناردیە لای سەردارانی قوڕەیش. عوسمان کەگەیشتە ناو مەککە (ئەبانی کوڕی سەعید)ی پێگەیشت‌و ماوەی دا بچێتە ناو مەککە گفت‌وگۆیان لەگەڵ بکات. کەعوسمان چوو قسەی لەگەڵ کردن‌و پێی گوتن ئێمە شەڕمان ناوێ هاتووین زیارەتی کەعبە بکەین. ئەوانیش گوتیان ئەگەر خۆت دەتەوێ تەوافی کەعبە بکەی فەرموو، ئەویش وەك سەربازێکی دڵسۆزو خۆبەختکەر، گوتی تاکو پێغەمبەری خوا تەواف نەکات من تەواف ناکەم. ئێمە دیاریمان هێناوەو ئیحرامان بەستوە تاکو ڕێزی ماڵی خوا بگرین. ئەگەر تەواومان کرد بەئاشتی دەگەڕێینەوە.

قوڕەیشیەکانیش گوتیان ئێمە سوێندمان خواردوە ئیمساڵ نابێ موحەممەد بەتۆبزی بێتە مەککە. ئیتر قسەو گفتوگۆ درێژەی کێشا. قوڕەیش دڵیان نەرم نەبوو، عوسمان تا لەناو مەککە بوو بەنهێنی چووە ناو موسوڵمانەکانی مەککە، موژدەی دانی کەبەو زووانە خوا دەربازیان دەکات.

﴿ پەیمانی ڕیزوان (بيعة الرضوان) ﴾

عوسمانی کوڕی عەففان لەگەڕانەوە دواکەوت، هەندێك دەڵێن گیرایانەوە. موسوڵمانانو پێغەمبەر (ﷺ) هەراسان بوونو وایان زانی کوژراوە. لەبەرئەوە پێغەمبەر هەرچەندە بۆ شەر نەهاتبوو چەکی شەڕیشی نەهێنابوو، موسوڵمانانیش لەمەدینە پێیان گوت، چەکی هەر نەهێنا بەو نیازە هاتووە کەشەڕ نەکات.

بەڵام کاتێك پێویست بوایە درێغی نەدەکرد. فەرمووی لێرە نارۆین تاکو شەڕیان لەگەڵ نەکەین. موسوڵمانانیشی بانگ کردە ژێر دارەکە (داری سەمەرەیان پێدەگوت) بۆ ئەوەی پەیمانی لەگەڵ بکەنو شەڕی بۆ بکەن، تاکو مردن هەڵ نێن.

موسوڵمانان کەگوێیان لەدەنگی پێغەمبەر بوو، هەموو بەجارێك راپەڕین، دەستیان دایە شمشێرو بەدوای دەنگیەوە چوون. هەتاکو هەندێکیان ئەوەندە بەتاو چوون ئاگایان لێ نەبوو بەسەر خواردنەکەیان دەکەوتن، هەموو دەستیان هاوێشتە سەر دەستی پێغەمبەرو پەیمانیانیان دا.

هەتاکو ژنەکانیش لەدوورەوە دەستیان هەڵئەکاند، نیشانە بوو بۆ پەیمان بەستن لەگەڵ پێغەمبەر. یەکێکی وەك (دایکی عومارە) کۆڵەگەی خیوەتەکەی لێ کردەوە بەدەستیەوە گرتو چەقۆیەکەشی لەقەدی خۆی بەست، ئامادەیی خۆی دەرخست بۆ شەڕ لەگەڵ قوڕەیش، لەدوای هەموانیش پێغەمبەر (ﷺ) دەستی خۆی هاوێشتە سەر دەستو فەرمووی ئەوەش لەباتی دەستی عوسمان!. کەس نەما کە پەیمانی لەگەڵ نەکا، تەنیا دوو ڕووەکان نەبن ئەوانیش ژمارەیان کەم بوو، یەك لەوانە (جیدی کوڕی قەیس) خۆی لەبن زگی حوشترەکەی مات کردو نەچوو پەیمان بدا، چونکە پیاوی دوو ڕوو ناپاکی خۆی لەهەموو کاتێك دەکات. خوا ستایشی ئەو یارانەی کرد کەپەیمانیان دایە پێغەمبەر هەتاکو مردن لەگەڵی شەڕ بکەنو هەڵنێن، دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنِ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ السَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَابَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا﴾[1] واتە: خوا لەو کەسانە ڕازی بوو

---

(١) الفتح: ١٨.

کەلەژێردارەکە پەیمانیان لەگەڵ کردی وا دەیزانی ئەوانە دڵسۆزو دڵپاکو ڕاستن لەو مەرجو پەیمانەی کەلە گەڵیان کردی، زۆریش دڵ تەنگ بوون بەوەی نەچوونە مەککە. خوا دڵی هێمن کردنەوەو پاداشی دانەوە بەوەی کەبۆ ساڵی ئاییندە مەککەیان گرتو لەخەیبەر سەری خستن (هەروەك لەمەودوا باسی لێ دەکرێ)، خوا هەرخۆی لەکاروکردەوە زاناو بەتوانایە.

یاران بەو مەرجەی کە لەگەڵ پێغەمبەریان کرد هەموو ئامادەبوون، شمشێر لەکالآن هاتە هەژان، هەموویان هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کەشەڕ دەقەومێو سەرکەوتنو شەهید بوونیان هاتە بەرچاو. ئەوان لەو هەستو خۆشیە بوون وەلآم هات عوسمان نەکوژراوە، زۆریشی پێ نەچوو لەپاش وەلآمەکە عوسمان بەخۆی پەیدا بوو. بەلآم ئەو مەرجە کەخواناوی لێنا مەرجی (رضوان) وەك پەیمانی عەقەبەی گەورە، هەردووکیان بوونە هێمایەك لەمێژووی ئیسلام، زۆرجار پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو ئەوانەی لەژێر دارەکە لەپەیمانەکە بەشداربوون ئەگەر خوا حەز بکات ناچنە دۆزەخ.

ئەمەش نرخێکی گەورەیە پێغەمبەر (ﷺ) بەو دوو هەڵوێستەی داوە، چونکە موسوڵمانان لەو دوو شوێنە بەچاکی دڵسۆزیو گیانیدایی خۆیان دەرخستو بەدەرکەوتن، کەلەمردن ناترسن کەمردنیش لەهەموو شتێك ترسناکترە بۆ مرۆڤ، کەس حەزی پێ ناکات.

ئەو دارەی کەپەیمانەکەشیان لەژێر بەست ئەوەندەیان لەلا پیرۆز بوو، دوای گرتنی مەککەو کۆچی پێغەمبەریش خەڵك بەکۆمەڵ دەچوون زیارەتیان دەکرد، لەبەرئەوە ئیمامی عومەر فەرمانیداو دارەکەیان بڕی شوێنەکەشی بزربوو[1].

عوسمانی کوڕی عەفان هاتەوە باسی گفتوگۆیەکەی خۆیو قورەیشی بۆ پێغەمبەر گێڕایەوەو گوتی قورەیش گومانی نەماوە ئێمە بۆ عەمرە هاتووین، بەلآم هێشتاش هەر ڕشتن لەسەر ئەوەی کەنەیەڵن بچینە مەککە. لەولاشەوە قورەیشیەکان لەدوای ڕۆیشتنی عوسمان بیریان کردەوە، قەومانی شەڕ لەنێوان خۆیانو پێغەمبەر زیانێکی زۆری دەبێو ناوو ناوبانگیان بەخراپە دەڕوا ڕێگەی حەج لەخەڵك دەگرن، وایان بەباش زانی لەگەڵ پێغەمبەر بکەونە گفتوگۆ، بەڵکو ڕێگایەك ئەدۆزنەوە ئیمساڵ

(١) ئەگەر ئەو دارە بمایایە شوێنەکەی دەبووە شوێنێکی بت پەرستی، هەروەك ئێستا شوێن پەرستو گۆڕپەرستەکان دەبینین گومبەتی زلو زلو ڕەنگاو ڕەنگیان لەسەر مردوانی نەوەی پێغەمبەر کردوەو خەڵکی نەزانو نەفام لەولاتو ڕێگەی دوورەوە دەچنە سەر گۆڕەکانیانو دیوارو دەرگەو پەنجەرەو گۆڕەکانیان ماچ دەکەنو هەموو دەسەلآتێکیشان لێ ڕەچاو دەکەن!

موسوڵمانن بگێڕنەوەو شەڕیش نەقەومێ. هەستان (سوهەیلی کوڕی عەمر)یان نارده لای پێغەمبەر گفت‌وگۆی لەگەڵ بکات.

پێغەمبەریش (ﷺ) کە لە دوورەوە چاوی بەسوهەیل کەوت، فەرمووی خوا کاری ئاسان کرد، زۆریشی پێخۆش بوو شمشێر نەکەوێتە نێوانیان. سوهەیل گەیشتە لای پێغەمبەر دەستیان کرد بەگفت‌وگۆ. لەپێشا سوهەیل کەوتە قسەکردنو درێژەی دایێ، چەند مەرجێکیشی دانا. پێغەمبەریش (ﷺ) زۆر نەرمی کێشا بەرامبەر سوهەیلو بڕیاری لەسەر مەرجەکانیش دا.

موسوڵمانان کەگوێیان لەو گفت‌وگۆیە دەبوو زۆر هەراسان دەبوون، بەتایبەت کەدیتیان پێغەمبەر (ﷺ) ئەوها نەرمی دەکێشیو ئەو مەرجانەی کەسوهەیلیش دایدەنێو بەئاسان قەبوولی دەکاتو بێ ئەوەی پرسیان پێ بکات، یارانیش لەوە ڕانەهاتبوون، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) هەموو کارێکی بەلێکۆڵینەوەو ڕای گشتی بوو. تەنیا ئەبوبەکری سدیق نەبێت هیچ کاتێك بەرامبەر کردەوەکانی پێغەمبەر هەراسان نەدەبوو، هەموو کردەوەو فەرمانێکی پێغەمبەری بەباوەڕێکی بەتێن وەردەگرت.

پاش ئەوەی سوهەیلو پێغەمبەر لەگفت‌وگۆ بوونەوەو هاتنە سەر ئەوەی پەیمانەکە بنوسن. پێغەمبەر (ﷺ) بانگی (ئەوسی کوڕی خولی کرد) تاکو پەیمانەکە بنووسێ، سوهەیل گوتی نابێ ئەوە بینوسێ، دەبێ عەلی یان عوسمان بینوسێ. پێغەمبەر (ﷺ) بانگی عەلی کردو فەرمووی بنوسە (بسم الله الرحمن الرحيم) سوهەیل گوتی من ڕەحمان ناناسم. ئەوە بنوسە کەئێمە دەینووسین (باسمك اللهم). پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بنوسە (باسمك اللهم)، واتە (خوایە بەناوت). ئەوجارە فەرمووی موحەممەد پێغەمبەری خوا لەسەر ئەوەی خوارەوە لەگەڵ سوهەیل مەسلەتی کرد. سوهەیل گوتی ئەگەر باوەڕم هەبێ کەتۆ پێغەمبەری ڕکابەریم نەدەکردیو بەدوات دەکەوتم، ئایا ڕکت لەناوی خۆتو باوکت دەبێتەوە[1]؟ پێغەمبەر فەرمووی باشە بنووسە موحەممەد کوڕی عەبدوڵڵا لەسەر ئەوەی خوارەوە لەگەل سوهەیل ڕێك کەوتو مەسلەتیان کرد. ئەوجا دەستیان کرد بەنووسینی مەرجەکان. مەرجەکانیش ئەوەبوون.

١- کەدەبێ شەڕ بۆ ماوەی دە ساڵ لەنێوان هەردوو لایان ڕابگیرێو هیچ لایەکیش دەست

---

(١) صحيح مسلم لەگەڵ شەرحی نەوەوی ١٩٣/٤.

درێژی بۆ لایەکەی تر نەکات، هەموویان لەراست یەکتری دڵنیا بن.

٢- هەرکەسێکیش لەقورەیشیان بەبێ پرس هاتە لای موسوڵمانان پێویستە بیاندەنەوە. هەرکەسێکیش لەلای موسوڵمانان چووە ناو قورەیش نایاندەنەوە موسوڵمانان.

٣- هەر هۆزێکیش بووە هاوپەیمانی هەرلایەك، ئەوەی تر مافی نیە بەربەرەکانی بکات.

٤- پێویستە موحەممەدو موسوڵمانان ئیمساڵ بگەڕێنەوە، ساڵێکی تر بێنەوە زیارەتی کەعبە بکەن، دەبێ تەنیا هەر سێ ڕۆژیش بمێننەوە، هەر ئەو چەکەش لەگەڵ خۆیان بێنن کەسوار ولاغێك پێیەتی و نابێ لەکالانیش دەربکرێ[1].

کەلەنووسینی پەیمانەکە بوونەوە، هێشتا مۆریان نەکردبوو دیتیان (ئەبو جەندەلی کوڕی سوهەیل) بەشمشێرەوە هاتە لای پێغەمبەر موسوڵمانان بوو، سوهەیل گوتی ئەوە یەکەم شتە کە لەگەڵت ڕێك کەوتوومەو کوڕەکەم دەبێ بدەیتەوە.

پێغەمبەر فەرمووی هێشتا بەندەکانمان نەنووسیوەو مۆرمان نەکردوە. سوهەیل گوتی وەڵلاهی هیچ شتێکت بۆ مۆرناکەم تاکو کوڕەکەم نەدەیتەوە.

پێغەمبەریش (ﷺ) ئەبو جەندەلی دایەوە، بەڵام دووبارە داوای لێ کردەوە کەوازی لێ بینێ. سوهەیل وازی لێ نەیناو لقە دارێکیشی هەڵگرتو کەوتە لێدانی ئەبو جەندەل، ئەبو جەندەلیش هاواری کرد گوتی ئەی موسوڵمانینە چۆن دەدرێمەوە بێ باوەڕانو من بەموسوڵمانی هاتوومە. نابینن تووشی چ بوویمە، پێغەمبەر (ﷺ) بەسوهەیلی گوت بەمنی ببەخشە یا ئازاری مەدە. سوهەیل گوتی وەڵلاهی نایکەم. (موکریزو حووەیتیب) کە لەگەڵ سوهەیل بوون گوتیان ئێمە لەپەنای خۆمانی دەگرینو نایەڵین لێی بدا. ئیتر بدریانە ناو خیوەتەکەیان. ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) دەنگی بلند کرد فەرمووی ئەبو جەندەل ئارام بگرە، خوا بۆ تۆو ئەوانەی وەك تۆن دەرگەیەکتان لێ دەکاتەوە، ئێمە وا پەیمانمان بەستو مەسلەتمان لەگەڵ کردن نابێ ستەم بکەین.

موسوڵمانان چاویان بەو دیمەنی ئەبو جەندەل کەوت کەئەوها لێی دراو باوکی بردیەوە لای خۆی، هەندێ تر دڵگیربوون، بەڵام هیچ شتێکی وایان نەکرد کەبێ ڕێزی لێوە دیاربێتو کەسیشیان لەو باوەڕە

---

(١) صحیح مسلم لەگەڵ شەرحی نەوەوی ٤/١٣٦ و ١٣٧.

نەبوون، پێغەمبەر (ﷺ) بەخۆڕاییی و بێ لێکدانەوەو بەبێ فەرمانی خوا کاری وا بکات، بەڵام ئەوان بەچاوێکی ئادەمیزادیەتی خۆیان تەماشای کردەوەکەیان دەکرد. هەر لەوەندە دەگەیشتن، هۆش و بیریان بڕی لێ دەکرد، لەوە بەپشتەوە چیتریان لێ نەدەزانی، هەتاکو هەندێکیان لەکاتی نووسینی پەیمانەکە خەونەکەیان بەبیر پێغەمبەر هێنایەوە، عومەریشیان لەگەڵ بوو.

پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی ئایا من گوتم لەو سەفەرەمان دەچین؟ عومەر گوتی نەخێر. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی، بەڵام ئێوەدەچنە مەککەو من کلیلی کەعبە وەردەگرم و سەرم و سەرتان لەناو مەککە دەتاشم و دەچمە عەرەفە لەگەڵ ئەوانەی کەدەچنە عەرەفە.

لەوکاتە یەکێکی وەك عومەری کوڕی خەتاب کەئەو دیمەنەی چاو پێکەوت پێغەمبەر چەندەی نەرمی کێشاو ئەبو جەندەل چۆن هات و چۆنیان دایەوە باوکی، عومەر بەگوێرەی بیروهۆشی خۆی کەهەر ئەوەی لەبەرچاوی بوو دیتی، پێی هەراسان بوو، لەوبەولاوە هۆش و بیری چیتری بڕ نەکردو دوارۆژی ئەو پەیمانەی نەهاتە بەرچاو چۆن دەبێ و چی لێدیت. بۆیە عومەر خۆی پێڕا نەگیرا بەئەبوبەکری گوت ئایا موحەممەد پێغەمبەر نیە؟ ئەبوبەکر گوتی بەڵێ پێغەمبەرە. عومەر گوتی ئەوانە کافر نین؟ ئەبوبەکر گوتی بەڵێ.

عومەر گوتی ئێمە موسوڵمان نین، ئەبوبەکر گوتی بەڵێ موسوڵمانین. عومەر گوتی کەواتە بۆچی سەرشۆڕی لەئایینی خۆمان قەبووڵ بکەین؟. ئەبوبەکر گوتی عومەر ڕێگەی پێغەمبەر بگرە، درێشەت لەجێی درێشەی دانێ ئەوە پێغەمبەرە پێغەمبەر!!

عومەر دیسان خۆی پێڕانەگیراو چووە لای پێغەمبەرو پێی گوت، ئەی پێغەمبەری خوا تۆ پێغەمبەر نیت؟ فەرمووی بەڵێ من پێغەمبەرم، عومەر گوتی ئێمە موسوڵمان نین؟ فەرمووی بەڵێ موسوڵمانین، عومەرگوتی ئەوانە بێباوەڕ نین؟ فەرمووی بەڵێ، عومەر گوتی کوژراومان لەبەهەشت نیەو کوژراویان لەدۆزەخ نیە؟ فەرمووی بەڵێ، عومەر گوتی کەواتە بۆچی سەرشۆڕی لەئایینی خۆمان قەبووڵ بکەین؟. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی من بەندەیەکی خوام، بێ فەرمانی خواناکەم خواش ئاگادارمەو دەمپارێزێ[1].

---

(١) صحيح مسلم لەگەڵ شەرحی نەوەوی ٢/١٤١. درێشە: وەك سوژن وایە پینە دۆزەکان بەکاری دێنن.

موسوڵمانان حەپەسان، ئەوان بەتەمابوون بچنە کەعبە ئێستاش دەبینن مەسەڵەت کراو ئەبو جەندەلیش گێڕدرایەوە، هەمووی بەجارێك خەفەت باربوون، پێغەمبەریش (ﷺ) بەدڵێکی فرەوان‌و خۆش‌و پڕ هومێدەوە ڕاست بۆوە نوێژی کردو ڕووی لەیاران کرد پێی گوتن سەریان بتاشن‌و دیاریەکانیان سەربڕن، بەڵام کەسیان هەڵنەستان. پێغەمبەر (ﷺ) سێ جاری لێ دووبارە کردنەوە هێشتا کەس هەڵنەستا. ئەویش بەدڵێکی ساردەوە چووە ناو خیوەتەکەو لێی ڕاکشا، دایکی سەلەمەی خێزانی لە گەڵی بوو، لێی پرسی بۆچی وا غەمباری؟ فەرمووی بەیارانم گوتوە سەریان بتاشن‌و قوربانیەکانیان سەربڕن بەقسەیان نەکردم، دایکی سەلەمەش گوتی لێیان مەگرە ئەوانە دڵ شکاون، بەتەما بوون بچنە مەککەو تەوافی کەعبە بکەن بۆ خۆت لەپێش هەموویان سەری خۆت بتاشەو قوربانی خۆت سەربڕە، ئەوانیش دوای تۆ ئەیکەن. پێغەمبەریش بەقسەکەی ئەو هەڵسا دقوربانییەکەی کەعبەی بەدەستی خۆی سەربڕی‌و سەرتاشی بانگ کرد سەری خۆی تاشی[1].

موسوڵمانان، چاویان بەپێغەمبەر کەوت، هەموویان بەخێرایی ڕاست بوونەوە، وەك تووشی یاخی بوون بێن. قوربانییەکانیان سەر بڕی‌و یەك سەری ئەوی تری تاشی، زۆری نەمابوو لەخەفەتان یەك یەکێ بکوژێ، هەندێکیشیان پرچی خۆیان کورت کردەوەلەجیاتی تاشینی. پێغەمبەریش (ﷺ) سەری خۆی لەژێر خیوەتەکەی دەرهێناو فەرمووی خوا یاریکاری سەرتاشراوان بێت. هەندێ لەیاران هاواریان کرد ئەی پێغەمبەری خوا ڕەحمەتی خوا لەوانەش بێت کەپرچیان کورت کردەوە. پێغەمبەر (ﷺ) دووبارە گوتی خوا یاریکای سەرتاشراوان بێت، یاران دووبارە هاواریان کردەوە، ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی لەوانەش بێت کەکورتیان کردەوە. دوایی لێیان پرسی بۆچی هەر بۆ ئەوانە پاڕایەوە، کەسەریان تاشی. فەرمووی ئەوانە بێگومان بوون!

موسوڵمانان بەفەرمانی پێغەمبەر بەرەو مەدینە کەوتنە ڕێگا، بەو ئومێدەی ساڵێکی تر بچنە مەککە. هەرچەندە بەشتێکی زۆر گرانیان داناو زۆریان پێناخۆش بوو، دوایش بۆ موسوڵمانان ڕوون بۆوە ئەو هەڵوێستانەی پێغەمبەر (ﷺ) لەمۆرکردنی ئەو مەسەڵەتە سوودێکی چەند زۆری

---

(١) زۆر بلاوە لەناو کورد، دەڵێن پێغەمبەر فەرموویەتی پرس بەژنان بکەن بەڵام بەقسەیان مەکەن! نازاندرێ ئەو قسەیان لەکوێ هێناوە. چونکە پێغەمبەر خۆی لەگەڵی هەڵوێستان پرسی پێکردوون‌و بەقسەشی کردوون، جا چۆن دەبێ بڵێ بەقسەیان مەکەن. بەڵام ڕەنگە مەبەس ئەوە بێ، کەهەر قسەی ئەوان بەسەر پیاو نەسەپێ!

بەموسوڵمانان گەیاند.

هەرچەندە یاران بەپشتیوانی خوا، گەلێکیان باوەڕ بەخۆیان هەبوو، لەخۆیان ڕادەدیت ئەگەر هێرشیان ببردبایە مەککە خوا سەریان بخات، بەڵا ملکەچی بۆ فەرمانی پێغەمبەر وای لێکردبوون کەهیچ کارێکیان بێ فەرمانی ئەو نەدەکرد، عومەری کوڕی خەتاب دەگێڕێتەوە دەڵێ لەگەڕانەوەمان پرسیارێکم لەپێغەمبەر کرد، وەڵامی نەدامەوە، سێ جارم لێی دوبارە کردەوەهەر وەڵامی نەدامەوە، عومەر دەڵێ بەخۆم گوت دەك دایکت پێت جەرگ سوتاو بێ، تۆ ئەوا سێ جارت پرسیار لێ کرد وەڵامی نەدایەوە. بەخێرایی وڵاغەکەم لێخوڕی، ترسام نەك خوا ئایەتێکم دەربارە بنێرێ، بەپێش هەموان کەوتمەوە[1].

کاتێك گوێم لێبوو بانگیان کردم، منیش گوتم دەبێ ئایەتێکم دەربارە هاتبێ. کەچوومە لای پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی عومەر ئێستە سورەتێکم بۆ هات لەهەموو شتێکی سەر ئەو زەویە خۆشەویستره لەلام‌و لەوەی ڕۆژی لەسەر هەڵاتووە. ئەوجا خوێندیەوە کەدەفەرموێ: ﴿**إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا * لِيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ وَيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَيَهْدِيَكَ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا**﴾[2].

واتە: دەرگەی مەککەمان بۆ کردیەوە، کردنەوەیەکی ئاشکرا، خوا هەموو کردەوەکانی تۆی بەچاك زانی‌و پەسندی کردیەو لێت بووردیە، خوا بەتەواوی چاکەی خۆی لەگەڵت بەجێ دەینی‌و تەواوی دەکات، لەهەموو کردەوەکان ڕێگەیەکی ڕاستت پیشان ئەدات، بەسەر دوژمنانتدا زاڵ دەکات، بەهێزو بەدەستی باڵا سەرت دەخات) خوا بەشێوەی رابردو! موژدەی دایە پێغەمبەر هێشتا مەککە نەگیرابوو، مەبەستیشی ئەوەیە کەهیچ گومانی نەبێ کەمەککە بەمسۆگەری دەگرێ!.

پێغەمبەر (ﷺ) ئەو موژدە خۆشەی بۆیە دایە عومەر، تاکو هێمنایی‌و دڵنیایی بخاتە ناو دڵی، چونکە لەکاتی نوسینی مەسڵەتەکە زۆر هەراسان ببوو، ئیمامی ئەبوبەکر دەگێڕێتەوە دەڵێ هیچ سەرکەوتنێك لەسەرکەوتنی حودەیبیە بەکەڵك ترو بەکارترو گەورەتر نەبوو بۆ موسوڵمانان.

مێژوونووسەکان‌و هەموو زاناکانیش گومانیان نییە، مەسڵەتی حودەیبیە پێشەکیەك بوو بۆ گرتنی

---

(١) سەحیحی بوخاری د- ش الریاض، لاپەڕە ٨٦١ ژمارە ٤١٧٦.

(٢) الفتح: ١- ٢.

مەککە، چونکە قورەیشیەکان بەسەرۆکی بێ باوەڕان دادەندران، هەر ئەوان بوون خاوەنی هێزێکی وا کەبتوانن ڕێگە لەموسوڵمانان بگرنو لێیان ناخۆش بکەن، ئەوەندەش لەخۆیان بایی‌و مەست بوون هیچ کاتێك دانیان بەئیسلام‌و موسوڵمانان دا نەدەهێنا. بەڵام پاش مۆرکردنی مەسڵەتەکە بۆ یەکەم جار، بەتەواوی دانیان بەبوونی هێزی ئیسلام هێناو مەسڵەتیان لەسەر ئەو ڕاستیە مۆرکرد، دانیشیان نا بەوەی کەئیسلام ئایینێکەو موسوڵمانانیش هێزێکن بارتەقای ئەوانن‌و بەڵکو زیاتریشن‌و ناتوانن کەعبەیان لێ قەدەغە بکەن.

هەر لەو دەمەوە کەناوبانگی مەسڵەتەکە بڵاو بۆوە ئاگری فیتنەی دوو ڕووەکان کوژایەوە. کەلەپێشا پشتیان بەقورەیشیەکان ئەستوور بوو، دوو بەرەکیان دەخستە نێوان موسوڵمانان، بەڵام دوای ئەوە ئەو توانایەو ئەو پشتیوانەیان نەما.

لەئەنجامی مەسڵەتەکەش قورەیشیەکان مەترسی شەڕیان نەماو چوونەوە سەربازرگانیەکەی خۆیان‌و کەوتنە ماڵداری کردن، پێویستیان بەپەیمانەکانی نێوان خۆیان‌و تیرەکانی بیابان نەما، چونکە بەهەمان شێوەش خەڵکیش ترسی قورەیشی نەما کەڕێگەیان لێبگرن‌و نەهێڵن موسڵمان بن، یا سەرزەنشتیان بکەن، موسوڵمانانیش بەسەربەستی کەوتنە بانگەوازی ئیسلام، هەرکەسێکی بانگیان دەکرد بۆ ئایینی ئیسلام بەخۆشی‌و بێ ترس موسوڵمان دەبوو.

لەپاش دوو ساڵان لەدوای مەسڵەتی حودەیبیە، ژمارەی موسوڵمانان گەیشتە دوو ئەوەندەی پێش ساڵانی مەسڵەت، یەکێك لەبەڵگەکان ئەوەیە پێغەمبەر (ﷺ) لەوکاتی مەسڵەتی کرد تەنیا هەزارو چوار سەد کەسی لەگەڵ بوو، دوای دوو ساڵ کەچووە سەر مەککە دەهەزار کەسی لەگەڵ بوو.

ئیتر لەدوا ڕۆژ موسوڵمانان بۆیان ڕوون بۆوە بیرکردنەوەی ئادەمیزاد گەلێ تەسکترە لەچاو بیروهۆشی پێغەمبەران، خوا هەموو شتێکی نادیاریان بۆ ڕوون دەکاتەوەو ئەنجامەکەی دەخاتە بەرچاویان، بەڵام مرۆڤی ئاسایی هەرچەندە لەبیرکردنەوەو تێگەیشتن بەتوانا بێت ناگاتە ئەو پلەیە، تەنانەت (عومەری کوڕی خەتاب) ئەو ڕاستیەی بۆ دەرکەوت دەڵێ لەشەرمەزاری ئەو ڕۆژە ئەوەندەم سەرنایە سەر پێغەمبەر هەر شەو نوێژم دەکردو ڕۆژووم دەگرت تاکو خوا لێم ببورێ، بۆیە دەبینین سەردارانی میللەتانی ئیمڕۆکە لەسەر ئەو هەموو هێزو توانایەیان تووشی هەڵەی وا دەبن، دەبێتە هۆی فەوتانی خۆیان‌و گەلەکەیان. لەکاتێکدا پێغەمبەران تاکە کەس بوون‌و هاتن‌و میللەتانیان لەستەم‌و کۆیلەیی‌و دیلیەتی ئەو پاشاو سەرۆکە زۆردارانە (کەزۆریان داوای خوایەتیان دەکرد)، ڕزگار کرد.

﴿ ئەبو بەسیر (أبو بصير) و پێغەمبەر (ﷺ) ﴾

بەگوێرەی یەکێك لەبەندەکانی حودەیبیە ئەگەر یەکێك لەموسوڵمانان بڕواتەوە ناو قورەیش مافی ئەوەیان نەبێ داوای بکەنەوە، بەڵام ئەوەی لەناو قورەیش دێتە لای موسوڵمانان، دەبێ بیاندەنەوە. موسوڵمانان زۆریان لەدل گران بوو، بۆیەش (ﷺ) بەموسوڵمانەکانی گوت، ئەوەی هەڵدەگەڕێتەوە لەئێمەوەدەچێتەوە ناو بت پەرستان با بڕوات، ئێمە لەخراپەی دووردەکەوینەوە، ئەوانەی بۆ لای ئێمەدێن‌و ئێمە دەیانێرینەوە، خوا بەو زووانە چارەیان دەکات.

قسەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بەگوێرەی هەوەسی خۆی نەبوو، هەروەکو خوا لەقورئان باسی دەکات دەفەرموێ: ﴿**وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَى * مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَى * وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى * إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى * عَلَّمَهُ شَدِيدُ الْقُوَى**﴾(1) واتە: سوێندم بەو ئەستێرانە کەڕەوشن‌و دیارن، بەفەرمانی خوادروست بوون رۆشنایی ئەدەن. ئەی قورەیشینە ناسیاوەکەتان پێغەمبەرە، ڕێگەی ڕاستی بزر نەکردووەو لەڕێگەی ڕاست لای نەداوە، قەتیش بیری نارێك ناکاتەوە، قسەکانیشی بەگوێرەی هەوار هەوەسی خۆی نیە، هەمووی وەحیە لەخواوە بۆی دێت، جوبرەئیل بۆی هێناوە.

کاتێك موسوڵمانان دیتیان (عوتبەی کوڕی ئوسەید) کەبەئەبو بەصیر بەناوبانگ بوو لەمەککەوە هات‌و موسوڵمان بوو. قورەیشیەکانیش دوو کەسیان بەدوادا هەنارد، لەگەڵ نامەیەك بۆ پێغەمبەر کەئەبو بەسیریان بەگوێرەی مەسلەت بداتەوە. پێغەمبەریش (ﷺ) ڕووی لەئەبو بەسیر کردپێی گوت ئەبو بەصیر خۆت دەزانی ئێمە پەیمانمان داوەتە ئەوانە، نابێ ئێمە ستەم بکەین، هەستە لەگەڵیان بچۆرەوە، خواش دەرگەێکتان لێ دەکاتەوە.

ئەبو بەسیر زۆر غەمبار بوو، گوتی ئەی پێغەمبەری خوا، چۆن دمنێریەوە ناو بت پەرستان‌و لەڕێم دەربکەن، پێغەمبەر (ﷺ) هەر هەمان قسەی پێگوتەوە.

ئەبو بەسیر چاری نەما لەسەر فەرمانی پێغەمبەر لەگەڵیان ڕۆیشتەوە. لەڕێگا هێوری کردنەوەو

---

(1) النجم: ١- ٥.

ئاشنایەتی لەگەڵ پەیدا کردن، داوای لەیەکێکیان کرد شمشێرەکەی پیشان بدات. هەر کەدەسکی شمشێرەکەی کەوتە دەست، کابرای کوشتو ئەویتریشیان هەڵات، ئەبو بەسیریش هاتەوە لای پێغەمبەر، گوتی: منت دایەوە دەست ئەوانە، منیش نەمهێشت تووشیان ببمو ئاینی خۆم پاراست، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەگەر کەسی ترت لەگەڵ بایە تۆ ئاگری شەڕ بووی.

ئەبو بەسیر تێگەیشت لەکەمەدینە ناحەوێتەوەو لەمەککەش دڵنیا نابێ. قسەکەی پێغەمبەریش (ﷺ) وا دەگەیەنێ خەڵکیتری بەگەر دەکەوێ. لەبەر ئەوە ڕۆیشت بۆ سەر ڕۆخی دەریای سوور، لەشوێنێك دانیشت پێی دەڵێن (سيف البحر) ئەبو جەندەلیش هەلی بۆ هەڵکەوتو خۆی گەیاندە لای ئەبو بەسیر، لەوێ دەستیان کرد بەڕێگریو ڕووت کردنی کاروانەکانی قورەیش.

موسوڵمانانی مەککەش زۆر ستەم لێکراو بوون، کەپێیان زانیو زانیشیان پێغەمبەر (ﷺ) پێی گوتووە ئەگەر کەست لەگەڵ بوایە هەڵگیرسێنەری شەڕبووی، بۆیە زۆریان چوونە لای ئەبو بەسیر، نزیکەی حەفتا کەسێکی لێ کۆبوە، لەشکرێکیان پێك هێنا هەر کاروانێکی قورەیشیانیان لەلا تێپەڕیبوایە ڕووتیان دەکرد، هەر قورەیشیەکیشیان بدیبایە دەیانکوشت.

قورەیشیەکان تەنگاوبوون، لەبەرئەوە بەناوی خزمایەتی هاواریان بردە بەپێغەمبەر ئەوانەیان لەکۆڵ بکاتەوەو بیانباتەوە لای خۆی. قورەیش باوەڕی هێنا کەپیاوی خاوەن باوەڕ بەندکردنو گێڕانەوەی خراپترە لەئازادکردنی.

داستانی ئەبوبەسیر نموونەیەك بوو لەئازایەتی موسوڵمانانی خەباتکەر، تەنیا چاویان لەڕەزامەندی خوابوو، بەڵام بەداخەوە ئەبوبەصیر بەوە ڕانەگەیشت تاوێك لەلای پێغەمبەر بمێنێتەوە، کەنامەکەی پێغەمبەریان بۆ هات بچنە مەدینە، لەو کاتە ئەبو بەصیر لەسەر مردن بوو گیانی دەسپارد، نامەکەی پێغەمبەریان خستە سەر سینگیو گیانی پاکو خەباتکەری پڕ لەڕۆشنایی باوەڕی بەتێنی ئیسلامی بە بەهەشت سپارد، ئەبو جەندەلیش سەرپەرشتنی ناشتنەکەی کرد.

﴿ ژنان و مەسلەتی حودەیبییە ﴾

لەهەموو بەندەکان گرانتر لەسەر دڵی موسوڵمانان ئەوەبوو ئەگەر ژنانی مەککە بێن و موسوڵمان بن دەبێ بیانێرینەوە. موسوڵمانان زۆریان بیر لەوە دەکردەوە، لەو کاتەش (ئوم کەلسومی کچی عوقبەی کوڕی ئەبو موعەیت) کەکچی خراپترینی هەموو بت پەرستان بوو، ئیسلامەتی کەوتە ناو دڵی و کەهەلی دەسکەوت لەگەڵ یەکێکی خوزاعی (کەهاوپەیمانی موسوڵمانان بوو) لەمەککە دەرچوو هاتە مەدینەو میوانی ئوم سەلەمەی خێزانی پێغەمبەر بوو. کاتی خۆشی ئوم سەلەمەش لەناو بت پەرستان کۆچی کردبوو چووە حەبەشە بۆ لای مێردەکەی.

پێغەمبەر (ﷺ) کەزانی ئوم کەلسوم هاتوە زۆری پێخۆش بوو. براکانی ئوم کەلسوم بەشوێنیدا هاتن، داوایان لەپێغەمبەر کرد بیانداتەوە. پێغەمبەر (ﷺ) نەیدانەوە. قوەیشیەکان بەگوێرەی بەندەکەی پەیمانی حودەیبییە وایان مەزەندە کرد دەبێ ژنیشیان بداتەوە، بەڵام بەندە کەباسی ژنانی تێدا نەنوسرابوو، مەرجەکە تەنیا بۆ پیاوان بوو.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ژن ئەگەر پەنای هێنا دەبێ پەنا بدرێ، ئەگەر موسوڵمانیش بوو نادرێتەوە بێباوەڕان، پێویستە لێك جیاببنەوە خواش ئەو ئایەتەی لەبابەت ژنانەوە هەنارد کەدەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا جَاءَكُمُ الْمُؤْمِنَاتُ مُهَاجِرَاتٍ فَامْتَحِنُوهُنَّ اللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِهِنَّ فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَاتٍ فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى الْكُفَّارِ لَا هُنَّ حِلٌّ لَهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ﴾[1] واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان بەخواو بەپێغەمبەر هەیە، ئەگەر ژنانی موسوڵمانی خاوەن باوەڕ کۆچیان کردو هاتنە لاتان، تاقیان بکەنەوە بزانن ئایا تەواو موسوڵمان بووین، خواش ئاگادارە بەباوەڕو موسوڵمانەتیان. ئەگەر زانیتان تەواو باوەڕیان هێناوە، مەیانگێڕنەوە بۆ لای بێباوەڕان، چونکە ژنیخاوەن باوەڕ بۆ بێباوەڕان دەست نادەن و بەیەکتری ناشیێن. (تاقی کردنەوەکەش ئەوەبوو سوێندیان ئەدان کەنە لەڕقی مێردەکەی و نە بۆ کەلوپەلی دونیا هاتووە، بەڵکو لەخۆشەویستی خواو پێغەمبەر باوەڕی بەئیسلام

---

(١) الممتحنة/ ١٠ ئەو یاسایە لەهەموو سەردەموچەرخێك هەر بەکارەو دەبێ کاری پێ بکرێ، ئەگەرچی زۆر لەمەلاو زانایانی موسوڵمانانی سەردەمی ئێستا زۆر گوێ نادەنە ئەو یاسایە. گەلێ ژنی موسوڵمان لەبێباوەڕان مارە ئەکەن.

هێناوە، بۆیە هاتووە) ئەو ئایەتە دەری خست کەوا ئافرەتی موسولمان سەنگ و ڕێزی تایبەتیان هەیە لەیاسای ئیسلام. ژنانی خاوەن باوەڕ نابی لەگەڵ پیاوی بێباوەڕو خوانەناس کۆببنەوە.

« شەڕی زی قەرەد (ذي قرد) »

لەپاش مەسلەتی حودەیبییە، پێغەمبەرو موسولمانان گەڕانەوە مەدینە، چەند شەوێك مانەوە بەرەی هەزیل ویستیان هێرش بێننە سەر مەدینە، بەڵام سەرۆکەکەیان خالیدی کوڕی سوفیان کوژرا، نەیانتوانی هێرشەکە بێنن. دوای ئەوان کۆمەڵە جەردەیەك بەسەرۆکایەتی (عویەینەی کوڕی حیصن) هێرشیان هێنایە ڕۆخ شاری مەدینە، لەوکاتە پیاوێکی غەفاری لەگەڵ ژنەکەی چەند حوشترێکی پێغەمبەریان دەلەوەڕاند، پیاوەکەیان کوشت و ژنەکەو حوشترەکانیشیان بردو هەلاتن. لەوکاتی (سەلەمەی کوڕی ئەکوەع) بەخۆ بەتیرو کەوانەکەی پەیدابوو، یەك لەنۆکەوانی (عەبدولرەحمانی کوڕی عەوف) پێی گوت حوشترەکانی پێغەمبەرو ژنێکی غەفارییان برد. ئەویش بەخێرایی وەڵامی بۆ پێغەمبەر هەناردو خۆشی هاواری کرد سەلاحم ڕۆ سەباحم ڕۆ. بەهاوارەوەش کەوتە شوێنیان تاکو گەیشتنە سەر ئاوی (زی قەرەد) لەوێ کەوتە تیربارانیان، توانی (٣٠) حوشتریان لێ بگێڕێتەوە[1].

کەپێغەمبەریش بەو هاوارەی زانی، بانگی ڕاهێشت قەوما قەوما، ئیتر لەهەموو لایەك سوار کۆبوونەوە پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵیان دەرچوو کەوتنە دوای جەردەکان، بەڵام پێیان نەگەیشتن، جەردەکان باش دەبەزین خۆیان گەیاندە ناو تیرەی غەتفان. لەگەڵ ئەوەش موسولمانان دەستیان گەیشتە کۆمەڵێکیان کەلەدواوە بوون، چەند کەسێکیان لێ کوشتن و چەند حوشتریشیان لێ گێڕانەوە.

ژنەکەش شەوێك هەلی بۆ هەلکەوت جەردەکان لێی بێ ئاگا بوون، توانی بگاتە ناو حوشترەکان، بەڵام بەلای هەر حوشترێکەوە دەچوو، حوشترەکە دەیبۆڕاند. تاکو گەیشتە لای حوشترەکەی پێغەمبەر، ناوی (عەزبا) بوو، ئەو حوشترە دەنگی نەکرد، ژنەکە سواری بوو هاتەوە مەدینە، بەڵام لەڕێگا نەزری کردبوو ئەگەر ئەو حوشترە بیگەیەنێتە مەدینە سەری ببڕێ لەڕێی خوا بیکاتە خێر. کاتێك پرسی

---

(١) صحيح مسلم مع شرح النووي ٤/١٧٣ و١٧٤ و سحیحی بوخاری د-ش لاپەڕە ٨٦٥ ژمارە ٤١٩٤.

بەپێغەمبەر کرد نەزرەکەی بێنێتەجێ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی، پاداشێکی خراپت داوەتە حوشترەکە، لەباتی چاکەی کەتۆی دەرباز کرد سەری دەبڕی، خوا نەزرێکی پێخۆش نیە لەخوا یاخی بوون بێتو ماڵەکەش ماڵی خۆت نەبێ!![1].

﴿ گرتنی خەیبەر ﴾

خەیبەر شارێکی گەورەیە، سەدو پەنجا کیلۆمەترێك لەمەدینە دوور بوو، زەوی و باغاتێکی زۆرو بەشورەی زۆر قایم دەورە درابوو، جوولەکەیێکی زۆری لێ دادەنیشت لەهەموو جوولەکەکانی بەرەی ئیسرائیل تێر ترو دەوڵەمەندترو بەهێزترو چەکدارتر بوون.

پاش مەسلەتی حودەیبییە موسوڵمانان لەناوچەی خواروو دڵنیا بوون، لەناوچەی سەرووش دوو دوژمنی گەورەیان مابۆوە. یەکیان عارەبە کۆچەرەکانی بیابان بوون کەهەردەم لەو بیابانە گەورە دەسووڕانەوە، وەکو سیسارك و داڵاش کەبۆ کەلاك دەفڕن، ئەوانیش ئەوها باڵ دەگرن بۆ تالانی ماڵ و ماڵات، هیچ گوێیان نابزوێ بەهەڕەشەی خواو ڕۆژی قیامەت.

دوژمنەکەی تریش جوولەکەی خەیبەر بوون، بۆ لەناو بردنی ئایینی ئیسلام لەکۆچەرەکانی بیابان کوشندە تربوون. بەردەوامیش لەگەڵ پێغەمبەر دەکەوتنە دەمەتەقێ و هیچ جارێکیش بەقسەکانی دڵنیا نەدەبوون و باوەڕیان پێ نەدەهێنا، وازیشیان لەدوژمنایەتی نەدەهێناو لەگەڵ دوژمنانی پێغەمبەر ڕێك دەکەوتن و هانیان ئەدان، هەروەکو دیتمان لەشەڕی خەندەق چۆنیان قورەیشیەکان و کۆچەرانی بیابانیان گەیاندەوە یەك و هێنانیان بۆ سەر مەدینە. زۆرانیش لەبەری قورەیزەو بەرەی نەزیرو قەینوقاعیان لای خۆیان حەواندەوە، ئەوانە هەردەم چاوەڕوانی هەلێکیان دەکرد بۆ لێدانی موسوڵمانان. لەهەموویان گرنگتر ئەوەبوو لەگەڵ تیرەی غەتفان ڕێك کەوتن و بوونە هاوپەیان لەدژی موسوڵمانان.

زۆریشیان مەترسی لێ دەکرا ڕۆژێك لەڕۆژان لەگەڵ ڕۆمەکان ڕێك بکەون و بیانهێننە سەر مەدینەو موسوڵمانان لەناو ببەن. هەروەها پیلانێکیشیان دانابوو لەگەڵ جوولەکەکانی دۆڵی (قیراوتیما) ڕێك

---

(١) السیرة لابن کثیر ٢/٤٥ لەئیمام ئەحمەدی دەگێڕێتەوە.

بکەون‌و هێرش بێننە سەر مەدینە بۆ ئەوەی پشت بەتیرەکانی عەرەب ببەستن. هەرچەندە هەندێ لەجوولەکەکان ئامۆژگاریان دەکردن، لەگەڵ پێغەمبەر ڕێك بکەون، بەڵکو ئەوڕق‌و غەرەزەی کۆن لەبیر دەکرێ، بەڵام جوولەکە داخ لەدڵێ بەرامبەر موسوڵمانان، چۆن ڕق‌و کینە لەبیر دەکەن! پێغەمبەریش (ﷺ) چاودێری دەکردن‌و هیچ کاتێك لێیان بێ ئاگانەبوو، هێزی موسوڵمانانیش لەوە دانەمابوو جوولەکە خۆیان بەرامبەر ڕابگرن.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دایە موسوڵمانان بەخۆ بکەون‌و بچنە سەر جوولەکەی خەیبەر، فەرمووشی تەنیا ئەو کەسانە بێن کەلەمەسلەتی حوودەیبیە بەشداریان کردووە، ئەگەر هەر کەسێکیش لەعارەبی بیابان هات، نابێ لەدەست کەوت بەشی هەبێت.

ئیتر ژمارەی شەش سەد کەسی بەگەر کەوت‌و تەنیا سەد سواریان لەگەڵ بوو. بەرەی غەتفانی هاوپەیمانی جوولەکەکانیش هێزێکیان ناردبۆوە لای خەیبەر تاکو جوولەکەکان ئامادە بکەن.

لەبەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) بەڕێ کەوت بەرەو لای غەتفان ڕۆیشت تاکو وا تێ بگەن، هێرش دەباتە سەر بەرەی غەتفان.

غەتفان بەوەی زانی خێرا هێزەکەیان گەڕاندەوە بۆ لای خۆیان. پێغەمبەریش (ﷺ) لەدوای سێ ڕۆژ لەکاتی شەبەقی بەیان گەیشتە سەر خەیبەر، هێشتا جوولەکەکان هەستیان پێ نەکردبوو، چونکە وا تێگەشتبوون دەچێتە سەر غەتفان. ڕۆشنایی داهات کرێکارو جوتیارانی خەیبەر بەخۆیە خاکەناس‌و قازمەو پیمەڕەوە دەچوون بۆ ناو باخ‌و زەویەکانیان. کەچاویان بەموسوڵمانان کەوت، هەمووی هەڵاتن‌و هاواریان کرد گوتیان ئەوە موحەممەدە بەلەشکرەوە هات.

کەپێغەمبەر (ﷺ) گوێی لێیان بوو فەرمووی: **﴿ الله اكبر خربت خيبر انا نزلنا بساحتهم فساء صباح المنذرين﴾**[1] واتە: خەیبەر کاول بێ، ئێمە لەگۆڕەپانیاندادا بەزین، ترسێندراوان سبەینەیان هەر خراپ بووە.

هەرچەندە جوولەکەکان چاوەڕوانی ئەو هاتنەیان دەکرد، بەڵام کەچاویان بەموسوڵمانان کەوت، هەروەکو هەموو جار پیشەیان بووهەمووی غاریان دایەوە ناو قەڵاتەکانیان‌و خۆیان قایم کرد. قەت

---

(١) بوخاری/ ٧/٣٦٧.

بەرمەیدان شەڕیان نەدەکرد خۆیان لەپەنا دیواران دەپاراست. چونکە زۆر لەمردن دەترسن، واشیان زانی ئەو جارەش وەك جارەکانی تر دەرباز دەبن، بیریان نـەدەکردەوە خراپـەو بەدڕەوشـتیو ناپـاکی خۆیانـە دەبێتەهۆی خراپەو تووشی خۆیان دەبێتەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (هەر گەلێك سوود (ریبا) خواردنو داوێن پیسی لەناو پەرەی ستاند، شایانی تووڕەبوونی خوا دەبن[1] جوولەکەش هەردەم ئـەو ڕەوشـتە دوو سـەرەیان لـەناوە، تـاکو ئیمـڕۆ سەرۆکی سوود خواردنو داوێن پیسیش گەلیّ بـڵاوە لـەناویان کەزۆربـەی گـەلیش دەسـتی بەخراپـەو بەدڕەوشتی کرد، ئەو کاتە لەئازارو دەردەسەری خوا نایان گێڕێتەوە.

موسوڵمانانیش لەو باوەڕەدا بوون هەتاکو جوولەکە لەناو دورگـەی عـەرەبـدا بمێـنن، دوو بـەرەکی نێوانیان قەت نابڕێتەوە. پێش ئەوەی موسوڵمانان لەگـەڵیان بکەونـە شـەڕ، پێغەمبـەر (ﷺ) کەوتـە پاڕانەوە لەخوا داوای سەرکەوتنی کرد، جوولەکەکانی خەیبەر زۆر بەهێز بوون، تەنانەت عارەبی بیابانو قوڕەیشیەکان زۆریان دڵ بـەو شـەڕە خـۆش بـوو، بەگـەرمی چـاوەنواڕی ئەنجامەکـەیان دەکـرد. تـاکو هەندێکیان گرەویان لەسەر کردبوو، کامیان سەردەکەوێ، بەزۆری لەو باوەڕەدا بوون جوولەکەی خەیبـەر بەسەر موسوڵمانان دا سەردەکەون، چونکە قەڵاکانیان زۆر قایمو سەخت بوون، لەشوێنی بەردەرانو نـاو چیاو شاخاوی دروستیان کردبوو، زۆریش شارەزاییان لەشەڕ هەبوو. کاتێك موسوڵمانان ناوی خوایان لیّ هێناو کەوتنە هێرش بردن بۆ سەر قەڵاکانیان جوولەکە خۆیان ڕانەگرت، قەڵات لـەدوای قـەڵات گـیراو خۆیان بەدەستەوەدا، تەنیا قەڵای ناعیم نەبیّ زۆر قایم بوو.

جوولەکەکانیش شەڕێکی باشیان دەکرد، موسوڵمانان ئەو ڕۆژە زۆرەیان هەوڵدا ئەو قەڵاتـەیان بـۆ نەگیرا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بەیانی ئاڵاکە ئەدەمە دەست یەکێك کـەخواو پێغەمبـەر خۆشـیان دەوێ[2]. ئەو شەوە موسوڵمانان هەمووی کەوتنە لێك دانەوە، دەیانگوت دەبیّ بیداتە کـێ. هەرکەسـە تەمای بەخۆی هەبوو وەری بگرێ. بەیانی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کوا عەلی کـوڕی ئـەبی تاڵیـب؟ گوتیان چاوی دێشی. فەرمووی بەدوایدا بنێرن بابێ . کەهات، پێغـەمبـەر (ﷺ) هەنـدێ تفـی زاری

(١) بوخاری/ ٣٨٤/٧.

(٢) إبن كثير ٧٨/٢. زاد المعاد ٣٢٠/٣ ئەویش لەبوخاری ٣٦٥/٧ وەری گرتووە.

خۆی لەچاوی عەلی داو لەخوا بۆی پاڕایەوە، چاوی ئێشی نەما[1] ئالاکەی دایە دەست.

ئەوجا عەلی گوتی ئەی پێغەمبەری خوا شەڕیان لەگەڵ بکەم، تاکو وەك ئێمە موسوڵمان دەبن؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی هەروا بکە، کەقەلاکەیانت داگیرکرد ئەوجا بانگیان بکە بۆ ئیسلام، ئەوەی پێویستە لەسەریان بەرامبەر خواپێیان بڵێ. بەو خوایە هەرکەسێك لەسەر دەستی تۆ خوا ڕێگەی ئیسلامی پیشان بدات، گەلێك بۆ تۆ باشترە لەمێگەلە حوشترێکی مووسوور[2] (ئەوکات حوشتری موو سوور گەلێ بەنرخ بوو).

پێغەمبەر (ﷺ) بەو قسەیە ویستی هەموو موسوڵمانان ئاگادار بکات، مەبادا هەندێك خۆیان بەکۆکردنەوەی ماڵ خەریك بکەن، وەك ئەوانەی شەڕی ئوحود.

عەلی لەگەڵ موسوڵمانان هێرشی برد، نیشانەشیان بۆ یەکترناسینەوە ئەوەبوو دەیانگوت (أمت یامنصور) (واتە ئەی خوای سەرخەر بمرێنە). عەلی لەشوورەکە نزیك بۆوە، جوولەکەش بۆیان هاتنە دەر لەناو هەموویان سوارێك خۆی دەرخست، ناوی (مەرحەب) بوو بەهۆنراوەکەی کەوتەخۆ هەڵکێشان و گوتی:

خەیبەر دەزانێ مەرحەبم	دونیا دیدەو پاڵەوانم
چەکم بەستوەو شەڕ دەزانم	لێ ئەدەم و دەوەشێنم

کەتووڕە بووم وەکو شێرم

بەلام خۆ هەڵکێشانەکەی کەسی نەترساند، عەلی تاوی دایێ و ماوەی نەداو کوشتی، زوبەیری کوڕی عەوامیش تاوی دایە (یاسیری برای مەرحەب)، لەوکاتە (سەفیەی کچی عەبدولموتەلیب) دایکی زوبەیر کە لەگەڵ کۆمەڵی ژنان، پێغەمبەر ماوەی دابوون هاتبوونە شەڕ، ترسا یاسیر زوبەیر بکوژێ بۆیە چوو بۆ لای پێغەمبەر داوای لێکرد دوعا بۆ زوبەیر بکات. پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی بەیارمەتی خوا کوڕەکەت یاسیر دەکوژێ. زوبەیر توانی بەگورجی یاسیر بکوژێ.

جوولەکەکان خۆیان ڕانەگرت و یاران توانیان دەرگەی قەلاکە بشکێنن و قەلاکە بگرن. سەرۆکی

(١) السيرة النبوية

(٢) السيرة النبوية.

قەڵاکەش (حاریسی کوڕی ئەبو زەینەب) بوو کوشتیان. ئەوجا موسوڵمانان ڕوویان کردە قەڵای قەمووس، لەپاش شەڕێکی بەتێن ئەویشیان گرت. لەوکاتەدا کۆیلەیەکی حەبەشی لەلای جوولەکەکان شوان بوو، کەدیتی جوولەکەکان دەستیان دایە چەك، شەڕ لەگەڵ پێغەمبەر بکەن، لێی پرسین ئەوە چ دەکەن؟ گوتیان شەڕ لەگەڵ ئەو کابرایە دەکەین کەواتێدەگا پێغەمبەرە. ناوی پێغەمبەر کاری لەدڵی کرد،بەیانی مەڕەکانی بردە لەوەڕو بەلای موسوڵماناندا تێپەڕیو چووە لای پێغەمبەر، گوتی تۆ داوای چ دەکەی؟ پێغەمبەریش فەرمووی بانگت دەکەم بۆ ئیسلامەتی باوەڕ بەخوای تاكو تەنیا بێنیو باوەڕ بێنیَ من پێغەمبەرم. کابرا گوتی ئەوجا ئەگەر باوەڕ بێنم پاداشم چیە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی پاداشت بەهەشتە، شوانە موسوڵمان بووو ئەوجا گوتی ئەی پێغەمبەری خوا من لای خاوەنی ئەو مەڕانە شوانم ئەو مەڕانە ئەمانەتن لای من، چۆنی بدەمەوە خاوەنەکەیان. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی لێیان بخوڕەو پێیان بڵێ بڕۆنەوە لای خاوەنەکەتان، ئەویش لێی خوڕینو پێی گوتن، مەڕەکان هەموویان سەریان لەدوو یەك ناو چوونەوە ناو قەڵاکە. ئەو شوانە کەوتە گەر موسوڵمانانو هێرشی بردە سەر جوولەکان، بەڵام زۆری نەبرد بەردێکی بەسەری کەوت شەهید بوو، پێغەمبەر (ﷺ) ڕووی لەیاران کردو فەرمووی: خودا ئەو بەندەی خۆی ڕێز لێناو تووشیچاکەی کرد، هێشتا سەجدەیەکی بۆ خوانەبردبوو شەهید بوو[1].

موسوڵمانان لەو شەڕانە زۆر ماندوو بوون، شوێنەکەش ئاوو هەوای زۆر پیس بوو، گۆماوی زۆر پیسی لێبوو ئازوقەشیان کەم بوو، بۆیە تووشی برسیەتی بوون. زۆریان نەخۆش بوون، هەندێ موسوڵمان کەریان سەربڕیو گۆشتەکەیان هاوێشتە سەر ئاگر. بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) پێی زانی فەرمووی نابێ گۆشتی کەری ماڵی بخۆن، لەبەرئەوە مەنجەڵەکانیان ڕشتە زەویو گۆشتەکەیان نەخوارد[2].

پێغەمبەر (ﷺ) لەخوا پاڕایەوە فەرمووی ئەی خوایە بەخۆت حاڵیان دەبینیو دەزانی هێزیان نەماوەو منیش هیچم نیە بیاندەمێ، خوایە بەهێزترینو دەوڵەمەندرین قەڵاتیان بۆ بکەیەتەوە. بۆ بەیانی بەرەی ئەسلەم هێرشیان بردە سەر قەڵای (سەعبی کوڕی مەعاز)، شەڕێکی باشیانکرد، تاکو

---

(١) ابن كثير ٨٢/٢ وزاد المعاد ٣٢٣/٣.

(٢) ابن كثير ٨٤/٢ لەبوخاری دەگێڕێتەوە، صحيح المسلم ١٦٧/٤.

ڕۆژئاوا توانیان بیگرن. ئەو قەلاتەش لەهەموو قەلاتەکانی خەیبەر زیاتر ئازووقەی تێدابوو.

پاش ئەوەی ئەو قەلاکەیان گرت، هێرشیان بردە سەر قەلای (زوبەیر) ئەویش شوێنەکەی زۆر قایم بوو لەسەر گردێك بوو سوار ولاغو پیادە نەیان دەتوانی بۆی بچن لەبەرئەوە ماوەی سێ ڕۆژان دەورەیان دا، تاکو جوولەکەیەك هاتە ناو موسولمانانو بەپێغەمبەری گوت ئەی ئەبو قاسم ئەگەر تۆ مانگێکیش دەورەیان بدەی باکیان نیە، چونکە ئەوانە کانیاویان هەیە بەشەو دێن ئاو دەخۆنەوەو دەچنەوە ناو قەلاکەیان.

ئەگەر ئاوەکەیان لێ ببڕێ، ناچار دەبن دێنە دەرەوە شەڕت لەگەڵ دەکەن. پێغەمبەریش (بەو قسەیە ئاوەکەی لەسەر بڕینو بۆیە جوولەکەکان چاریان نەما لەقەلاکەیان هاتنەدەرەوەو شەڕێکی زۆر بەتینیان کرد، دە کەسیان لێ کوژراو ئەوانی تریش هەلاتن.

﴿ قەلای نەزار ﴾

ئەو قەلایەش لەهەموو قەلاکانی تری خەیبەر قایم تربوو، بۆیە جوولەکەکان قەلاکانی تریان چۆڵ کردو ژنو منداڵەکانیان هەموو بردە ناو ئەو قەلایە. باوەڕیان وا بوو، موسولمانان ئەگەر هەموو هێزی خۆیان بەکاربێنن ناتوانن بیگرن. موسولمانانیش زۆر بەتووندی هێرشیان بردە سەر، بەلام ڕێگەیان نەبوو بۆی بچنو بیشکێنن. جوولەکەکانیش بەرگریەکی چاکیان دەکردو موسولمانەکانیان تیربارانو بەردباران دەکرد.

موسولمانان کەزانیان چ چاریان پێناکرێ. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانیدا بەمەنجەنیق قەلاکەیان بۆردومان کردو دیوارەکانیان روخاندو موسولمانان چوونە ناوی، شەڕێکی توند قەوما، جوولەکەکان خۆیان ڕانەگرت نەشیان توانی بگەنە ناو قەلاتێکی تر، لەبەرئەوە هەموو هەلاتن، ژنو منداڵەکانیان بەجێهێشت. بەگرتنی ئەو قەلاتە لایەکی خەیبەر کەپێیان دەگوت ناوچەی (نطاط) بەتەواوی گیرا، جولەکەکانی ئەو ناوچەیە چوونە لایەکی تری خەیبەر. بەلام جوولەکەی (فدك) کەپێغەمبەر (ﷺ) نامەی بۆ ناردن بیریان کردەوەو ترسان وەك جوولەکەکانی تریان بەسەر بێت، لەبەرئەوە مەسلەتیان لەگەڵ پێغەمبەر کرد، بەو مەرجە نیوەی کرداری زەویو باغەکانی ژێر دەستیان بدەنێ.

موسوڵمانان ڕوویان کردە ناوچەکەی تری خەیبەر کەپێیان دەگوت (کەتیبە)، بەهەمان شێوە قەڵات لەدوای قەڵات گرتنیان. ئەوانەی دەرباز بوون چوونە قەڵای (وەتیحو سەلالم).

پێغەمبەرو موسوڵمانان ماوەی چواردە ڕۆژان دەورەیان دان، دوایی ئەوانیشیان بەمەنجەنیق بۆردومان کرد، جوولەکە گەلێك ترسانو زانیان لەناو دەچن، چارەیان نەما داوایان لەپێغەمبەر کرد مەسڵەتیان لەگەڵ بکات. سەرۆکەکەیان (کوڕی باوکی حوقەیق) لەقەڵاکە دابەزیو لەگەڵ پێغەمبەر کەوتە گفتوگۆ وا ڕێکەوتن کەجوولەکە خەیبەر بەجێبێڵنو هەرچەندی وڵاغەکانیشیان پێیان هەڵدەگیرێ بیبەن، بەمەرجێك هیچ شتێك لەپارەو زێر نەشارنەوەو بزری نەکەن، دەنا پەیمانو پاراستنیان نامێنێ. لەسەر ئەو حاڵەش هێشتا گەلێ زێڕو شتومەکیان هەر شاردەوە.

یەکێکی وەك (کینانەی کوڕی ڕەبیع) وا دەزاندرا خەزێنەی بەرەی نەزیری لەلا بوو، بەڵام کەهێنایانە لای پێغەمبەرو داوای لێکرد بیانداتێ دانی پێدانەینا. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەگەر دۆزیمانەوە دەتکوژین ، وتی باشە. پیاوێکی جوولەکە هاتو گوتی من دیتم هەموو بەیانیان لەو کەلاوانە دەگەڕا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانیدا کەلاوەکەیان هەڵکەندو هەندێکیان لەخەزێنەکە لێ دۆزیەوە، ئەوجارەش لەوەی تریان لێی پرسی هەر پێی نەدان. لەبەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) دایە دەست موحەممەدی کوڕی سەلامە لەتۆڵەی (مەحمود)ی برای کوشتیەوە (کوڕی باوکی حوقەیقیش) ئەو مەرجەی لەگەڵ پێغەمبەری کردبووی بەجێی نەهێنا، زۆر زێڕو پارەی (حوکمی کوڕی ئەخنەب)ی شاردبۆوە، لەبەر ئەوە ئەویشیان کوشت.

دوایی جولەکەکان هاتنە لای پێغەمبەر (ﷺ) داوایان کرد کەزەویەکانیان بداتەوە بەنیوەیی بەناوی بێنن. پێغەمبەریش (ﷺ) بڕیاری لەسەردا، چونکە جوولەکەکان شازاو زانا بوون لەکرداری کشتوکاڵ، لەهەمان کاتیش پێغەمبەر (ﷺ) پێویستی بەموسوڵمانان هەبوو بۆ پارێزگاری کردن لەئاینی ئیسلام، هەروەها نەیویست جارێ موسوڵمانان بکەونە دوای زەویو ماڵ پەیدا کردن، پشت لەجیهاد بکەن، چونکە کاتەکەی وابوو دەبوایە نەکەونە سستیو بێباکی تاچوستو چالاکیان هەر بێنێ. لەهەمان کاتیش ئەو بڕیارە دەری خست کەئیسلام ڕێگە نەدات بەشێوەیەکی ئاشتی لەگەڵ جوولەکە بژی بەمەرجێك فەرمانڕەواییان لەدەست نەبێت، بەڵام لەوەش ترسا کەدوایی لێی هەڵگەڕێنەوە، لەبەرئەوە مەرجی لەگەڵ کردن کەهەر کاتێك ویستی لێیان بستێنیتەوە ئەوان دەبێ

بیدەنەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) زۆر بەچاکی لەگەڵ ئەو جوولەکانە جوولایەوەو هەموو ساڵ (عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحە)ی دەنارده هەرچی لەو زەوی‌و باغانە پێیان دەبڕا لەگەڵی بەش دەکردن، جوولەکەکان ویستیان بەرتیلی بدەنێ ئەویش بەتوندی لەدەمی دانەوە، جارێك جوولەکەکان بەعەبدوڵڵایان گوت، لەویەش کردنەت دادپەروەریت بەکار نەهێنا. عەبدوڵڵا گوتی وەڵڵاهی کەسم لەسەر ئەو زەویە هەندێ ئێوە ڕق لێنابێتەوە، ئەو ڕق لێبوونەوەش وام لێناکات دەنکە خورمایەکتان لێ کەم بکەمەوە، کەسیشم لەسەر ئەو زەویە هەندی پێغەمبەری خوا خۆش ناوێ، ئەو خۆشەویستیەش وام لێ ناکات، دەنکە خورمایەکی زیاد بدەمێ[1] بۆیە عەبدوڵڵا بەرهەمەکەی کردە دوو بەش، پێی گوتن بۆ خۆتان سەرپشك بن کام بەشتان دەوێ هەڵیگرن.

جوولەکە زۆریان دڵ پێخۆش بوو، گوتیان بەو دادگەریە زەوی‌و ئاسمان ڕاوەستاوە. بەڵام عەبدوڵڵا هەر ساڵێك بۆی قرساندن، دوای ئەو (جوباری کوڕی سەخر) بۆی دەقرساندن‌و لێی وەردەگرتن.

موسوڵمانان لەگەڵ ئەو جوولەکانە هەروا ڕۆیشتن چیان نەکەوتە نێوان، تاکو لەکاتی ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) دەست درێژیان کردە سەر (عەبدوڵڵای کوڕی سەهل) لەبەرەی حاریسە. پێغەمبەر (ﷺ) تاوانباری کردن.

لەپاش پێغەمبەریش هەروامانەوە، تاکو خەلیفایەتی ئیمامی عومەر، ئەویش جوولەکەکان فێڵیان کردو (عەبدوڵڵای کوڕی عومەر)یش شەو لەسەربان خەوتبوو هەڵیان دایە خوارەوە، دەستی سەقەت بوو، بیستیشی کەپێغەمبەر فەرموویەتی دوو ئایین لەنێو دورگەی عەرەب کۆنابێتەوە. کەتەواو گەیشتە ڕاستی ئەو قسەیە، بەجوولەکەکانی گوت، هەرچی مەرج‌و پەیمانی هەیە، با بیهێنێ لەگەڵی تەواو ئەکەم، ئەوەی نیەتی دەبێ بڕوات. ئەوەی پەیمانی نەبوو دەری کردن، بەو شێوەیە نیو دورگە خاوێن بۆوە لەجوولەکە.

---

(١) ابن كثير السيرة ٢/ ٩٤ وسبل الهدى الرشاد ٥/١٣٣ وبوخاري ٥/١٧.

﴿ گۆشتی ژەهراوی ﴾

جولاًنەوە بەچاکی لەگەڵ دوژمنی هەناو پیس‌و غەرەز لـەزگ، کـەڵك نـاکری‌و بەهـەمـوو جۆرێـك دوژمنایەتی‌و خراپەی خۆی هەر دەکات، چ بەدزی‌و چ بەئاشکراو چ لەپـەنای دۆستـایەتی‌و چ لەپـەنای خۆڕە پێش کردن. بەلاًم چونکە موحەممەد (ﷺ) پێغەمبەر بوو، هەر لەسـەر چـاکە دەڕۆیـشت، قـەت لەگەڵ کەس بیری لەکاری خراپ‌و فرِوفێڵ نەدەکردەوە، با دوژمنێکـی ئاشـکراش بوایـە، هـەتاکو لـەو شەڕەی خەیبەر چەند کتێب‌و نووسراوی جولەکەکانی کەوتە دەست، جوولەکە دووایان کردەوە هەمووی پێدانەوە، بەلاًم جوولەکەو مەسیحی بەخۆیان دەڵێن ئێمە خاوەن ئایینی ئاسمانین‌و حەز لەخراپە ناکەین، هەر نووسراوو کتێبێکی موسـوڵمانانیان کەوتـە دەسـت هـەموویان سـوتاند، مزگەوتـەکانیان هـەموو رووخاند، مەسیحیەکانی ئەندەلوس‌و رۆما هەموو تەورات‌و کتێبی جولەکانی ژێر دەستیان سوتاند.

موسوڵمانان چونکە پاکن‌و بەمەزەندە ناجولێنەوە، نەوەك لەلای خواتووشی خـەتاباری بـبن، تـاکو کەسێك شتێکی لیَ دەرنەکەوی سزای نادەن. بۆیە لەپاش شـەڕی خەیبـەر دڵنیاییـەکیان پەیـدا کـردو مەترسیان نەما لەجوولەکەکان، هەموو چاوەنواڕی ژیانێکی خۆشیان دەکرد.

بەلاًم جوولەکە بەهەموو بار کاری پیسی خۆیان هەر دەکەن. ئافرەتێکی جوولەکە ناوی (زەینـەب) بوو، ژنی (سەلامی کوڕی میشکەم) بوو، مەڕێکی سـەربڕی‌و گۆشـتەکەی ژەهـراوی کـرد، بەتایبـەتی گۆشتی پیلەکەی. چونکە دەیزانی پێغەمبەر (ﷺ) حەز لەگۆشـتی پیـل دەکـات‌و دیـارییش قـەبووڵ دەکات، بۆ پێغەمبەری برد. پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ یاران دانیشت بەمەبەستی خواردنی‌و دەسـتی بـۆ بردو هەندێکی هاوێـشتە زاری‌و جـووی زانـی گۆشـتەکە ژەهراویـە، فڕێیـداو فـەرمووی ئـەو گۆشـتە ژەهراویە. بەلاًم (بیشری کوڕی بەراء) خواردی. پێغەمبەر (ﷺ) بانگی ژنەکەی کرد پێی گوت بۆ وات کردووە، ئەویش دانی پێدا هێناو گوتی، بۆ خۆت ئاگاداری هۆزەکەم چیان بەسەر هـات. منـیش گـوتم ئەگەر ئەوە پاشا بێت ئەوە لەکۆڵمان دەبێتەوە، ئەگەر پێغەمـبەریش بێت ئەوا پێـی دەزانـی، لەوکاتـە بیشر مرد، دەڵێن ژنەکەیان لەتۆڵەی بیشر کوشتەوە، بەلاًم هەندێك دەڵێن پێغەمبەر لێی خۆش بوو[1].

---

(١) سەحیحی بوخاری دار النشر الریاض لاپەڕە ٨٧١ ژمارە ٤٢٣٠.

ئەو کردەوەیەی زەینەب وای لەموسوڵمانان کرد، هیچ کاتێ لەڕاست جوولەکەکان لەخۆیان دڵنیا نەبن، بەتەواوی باوەڕیان بەفەرموودەی پێغەمبەر هێنا کەدەفەرموێ: (هەرکە جوولەکەیەك و موسوڵمانێك کۆدەبنەوە، جوولەکە بیر لەکوشتنی موسوڵمانەکە هەردەکاتەوە).

ئەو کارەی زەینەب دەریخست کەدوژمنایەتی کۆنی جوولەکەکان لەکاتی شەڕو لەکاتی شێنەیی هەر بەردەوامە ئاشت بوونەوە نابێتە هۆی دامرکانەوەی رق و کینەیان. بەڵگەش ئەوەیە پێغەمبەرو موسوڵمانان هەردەم ئامادە بوون بەهێمنی لەگەڵیان بژین و بەچاکەو بەدڵسۆزی تێکەڵاویان بن، بەڵام ئەو جۆرە کارەی جوولەکەکان رێگەی ئاشتی و چاکەی نەداو لەهەموو چەرخێکیش هەر بەناپاکی لەگەڵ گەلانی جیهان جوولاونەتەوە[1].

پاش گرتنی خەیبەر پێغەمبەر (ﷺ) لەدەسەڵات و پیلان و تەڵەکەبازی جوولەکە رزگاری بوو، هەروەك بەمەسڵەتی حودەیبییە لەدەسەڵات و هێرشی قورەیش رزگاری بوو.

﴿ گەڕانەوەی کۆچ کردووانی حەبەشە ﴾

لەگەڵ تەواو بوونی گرتنی خەیبەر (جەعفەری کوڕی ئەبی تالیب) و هاوڕێکانی کەکاتی خۆی لەمەککەوە کۆچیان کردبوو بۆ حەبەشە، ژمارەیان شازدە کەس بوو لەگەڵ کۆمەڵێکی تر لەحەبەشە گەڕانەوە. پێغەمبەر (ﷺ) چاوی بەجەعفەر کەوت لەخۆشیان باوەشی پێداکردو ماچی کردو فەرمووی:

(١) مێژوو نووسیویەتی لەپێش هاتنی ئیسلام لەکاتی فەرمان ڕەوایی نەبوخوزنەسر لەبابل چیان بەسەر هێنان، لەکاتی هاتنی ئیسلامیش هەموو دەربەدەرو تەفرو تونا بوون. دوایش هیتلەر لەئەڵمانیا چی پێکردن. ئێستاش موسوڵمانان بەهەمان حاڵ دەبینین پاش ئەوەی کەڕوویان لەیاسای ئیسلام وەرگێڕاو کەوتنە دوای هەواو هەوەس و پەرستنی پارەو پوول و دەسەڵات بوونە نۆکەری بێباوەڕان، بەتایبەتی گەلی عەرەب، پێش ئیسلام لەژێر دەستی ڕۆم و عەجەم و حەبەشە بێ دەسەڵات و سەر شۆڕبوون، ، چونکە وازیان لەئاینی باپیرە گەورەیان ئیبراهیم پێغەمبەر هێنابوو، کەوتبوونە بت پەرستی و ماڵ داری کردن و بەدڕەوشتی و رابواردن، بەڵام کەڕوویان کردە ئیسلام بەهۆی پێغەمبەر، خوا رێگای پێشاندانەوە، بوونە پێشەوای هەموو گەلانی جیهان. بەڵام ئیمرۆکە چونکە وازیان لەئیسلام هێناوە، کەوتوونەتە دوای عروبەو ماڵ پەرستی و داوێن پیسی و ریبا خواردن و سەرخۆشی و کاری پروپوچ، لەگەڵ ئەوەی کەخاوەنی ئەو هەموو دەوڵەتانەن و خاوەنی ئەو هەموو ماڵ و سامانەن، هەموویان بوونە ژێر چەپەڕۆکی ئاورووپاو ئەمەریکاو جوولەکە. ئیستیعماریەکان وایان ڕەگ لەناو دەکوتاون، هەموو کارو فەرمانێك بەگوێرەی بەرژەوەندی ئەوان دەڕوات، میللەتانی تریش هەروەهان.

نازانم بەکامیان دڵخۆشترم، بەهاتنەوەی جەعفەر یان بەگرتنی خەیبەر[1].

ئەو کۆچ کردووانە ماوەی چەند ساڵ لەحەبەشە مانەوە، بەڵام کەئیسلام دەسەڵاتو هێزی پەیدا کرد گەڕانەوە. هەندێ لەکۆچ کردووەکانی مەدینە پێیان گوتن، ئێمە لەپێش ئێوە کۆچمان کردوە.

(ئەبو موسای ئەشعەری) دەگێڕێتەوە دەڵێ: (ئەسمای کچی عومەیس) بۆ دیدەنی چووە لای حەفسەی خێزانی پێغەمبەر. ئەسماش لەکۆچ کردووەکانی حەبەشە بوو، لەو کاتە عومەری کوڕی خەتاب چووە لایان کەچاوی بەئەسما کەوت، گوتی ئەوە کێیە؟ حەفسە گوتی ئەوە ئەسمای کچی عومەیسە. عومەر گوتی حەبەشیەکەیە! خەڵکی دەریایە! ئەسما گوتی بەڵێ، عومەر گوتی ئێمە پێش ئێوە کۆچمان کرد. ئەسماش گوتی ناوەڵڵا ئێوە لەگەڵ پێغەمبەربوون برسیتان تێرکردو نەزانتان فێرکرد. ئێمە کۆچمان کرد بۆ ناو وڵاتی غەریبیو بێگانە لەحەبەشە، ئەوەش لەبەر خواو پێغەمبەری خوابوو، سوێند بەو خوایە نانو ئاو ناخۆم تاکو ئەو قسەیە بەبێ زیادو کەم بەپێغەمبەر نەڵێم. کەچووە لای گوتی ئەی پێغەمبەری خوا، عومەری کوڕی خەتاب ئەوها دەڵێ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی مافی عومەر لەمافی ئێوە زیاتر نیە لەکۆچ کردن، عومەرو هاوڕێیانی یەکجار کۆچیان کرد، ئێوە خەڵکی ناو کەشتی دوو جار کۆچ تان کردوە[2].

پێغەمبەر (ﷺ) زۆری ڕێزگرتن، لەدەسکەوتەکانی خەیبەریش بەشی دان.

﴿ ئیسلام بوونی خالیدی کوڕی وەلیدو عەمری کوڕی عاس ﴾

عەمری کوڕی عاس پیاوێکی زۆر زیرەكو زاناو تێگەیشتوو بوو، دیتی موسوڵمانان هەروا ڕوویان لەزیادیو سەرکەوتنە، وای بەباش زانی لەگەڵ هەندێ هاوڕێیانی لەمەککە بڕۆنو بچنە حەبەشە، بۆ ئەوەی ماوەیەك بمێننەوەو بزانن قوڕەیشو موسوڵمانان لەگەڵ یەکتر بەچی دەگەنو لایەك بەلایەك دەبێ، عەمر زۆر دۆستی نەجاشی پاشای حەبەشە بوو، دەیزانی حەز لەکەوڕە بەرخ (ادم) دەکا، بۆیە ژمارەیەکی زۆریان بەدیاری بۆ برد. نەجاشی زۆری بەخێرهێنانو ڕێزی گرتن، لەو کاتەشدا عەمر چاوی

---

(١) أبن كثير ٩٧/٢ ئەویش لەبەیهەقی دەگێڕێتەوەو فقه السيره ٣٧٢ ئەویش لەحاکم ١١/٤ دەگێڕێتەوە.

(٢) سەحیحی بوخاری د-ش الرياض لاپەڕە ٨٧١ ژمارە ٤٢٣٠.

(بەعەمری کوڕی زەمەری) کەوت کەلـەلای نەجاشـی دەردەچـوو. پێغەمبـەر (ﷺ) بـۆ کـاری کـۆچ کردوەکان ناردبووی. عەمری کوڕی عاس بەنەجاشی گوت، ئەو پیـاوە دوژمنـی ئێمەیـە، حـەز دەکـەم بیدەیە دەستم بیکوژم. عـەمر دەڵێ کەوام گوت نەجاشی سەری سوڕما، دەسـتێکی لـەلووتم دا خـوێنی پێدا هاتە خوارەوە، گوتی داوای یەکێك دەکەی بتدەمە دەست کەلەلای پێغەمبەرێکەوە هاتووەو وەحی بۆ دێ، هەروەك بۆ موسا دەهات.

عـەمر دەڵێ لەشەرمەزاریان وام بەسەرهات، حەزم دەکـرد زەوی بقلیـشیبایەوەو بـچووبامە نـاوی، گوتم پاشا من نەمزانی پێت ناخۆشە.

خالیدی کوڕی وەلیدیش پیاوێکی زۆر ئازاو بیرتیژو تێگەیشتوو بوو، بیری کردەوەو تەماشـای کـرد دەسەڵاتی پێغەمبەر ڕۆژ بەڕۆژ هەروا لەزیادەیەو هیچ هێزێکیش ناتوانێ پێشی گرێ، تاکو لەحودەیبیە بەچاوی خۆی دیتی چۆن بەخۆو بەو هێزەوە نەیتوانی چیان لەگەڵ بکـات، تێگەیـشت ئـەو پیـاوە خـوا پارێزگاری لێ دەکات.

کەپێغەمبەر (ﷺ) پەیمانی حودەیبیەی بەست، خالید دەڵێ گوتم ئەوجا چ مـاوە بـۆ کـوێ بـڕۆم، بچمە لای نەجاشی کەلایەنگیری موحەممەدەو یارانی لەوێ بەهێمنی دەژیـن، یـان بـچمە لای هەرقـەلی ڕۆمو واز لەئایینی خۆم بێنمو ببم بەمەسیحی یا ببم بەجوولەکە، یان بـچمە لای عەجـەم یـان لـەماڵی خۆم دانیشمو نەچمە دەر.

کەپێغەمبەریش هاتە مەککە من خۆم بزرکرد، وەلیدی برام لەگەڵ پێغەمبەر بوو، لـەمنی پرسـی بوو. پێغەمبەر (ﷺ) بەوەلیدی برامی گوتبوو کوا خالید؟ نابـێ یـەکێکی وەك خالیـد ڕوو لەئیـسلام وەربگێڕێ، ئەگەر بێتە ناو موسوڵمانان گەلێ باشترە بۆ ئەو. وەلید نامەیەکی بۆ ناردم نوسیبوی (بسم الله الرحمن الرحیم)، من زۆر سەرسامم لەوەی کەتۆ ڕوو لەئیسلام ناکەی؟ هەرکەسێکی بیروهۆشی تـۆی هەبێ ئیسلام باش دەناسێ.

پێغەمبەر لێی پرسی گوتی کوا خالید؟ گوتم خوا دەیهێنێتە لاتان، فەرمووی هـی وەك ئـەو چـۆن ئیسلام ناناسی، ئەگەر هەوڵو کۆشـش لەگـەڵ موسـوڵمانان بـدات، بـۆ ئـەو گـەلێ باشـترە، ئێمـەش بەچاوێکی باش تەماشا دەکەین لەچاو خەڵکی تر، ئەوجا بـرام وەرە بـا ئـەو هەلـە باشـەت لەدەسـت نەچێت).

خالید دەڵێ کەنامەکەم بۆ هات، بیرم کردەوە هەندەی تر ئارەزووم بۆ ئیسلام زیاد بوون، دڵیشم بەو نامەیە زۆر خۆش بوو، پێغەمبەر (ﷺ) لێی پرسیبووم، بریارم دا بڕۆم بۆ مەدینە بۆ لای پێغەمبەر. هەندێ هاوڕێی زۆر خۆشەویستم هەبوو، زۆر دوژمنی ئیسلام بوون ئەوانیش (سەفوانی کوڕی ئومەییەو عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل) بوون، داوام لێ کردن ئیسلام بێنو بچینە مەدینە، بەلام ئەوان هێشتا دڵیان نەکرابۆوە باوەڕ بێنن. کوشتنی باوكو برایان وای لێکردبوون چاویان راستی نەبینێت.

خالید دەڵێ دوایی توشی (عوسمانی کوڕی تەڵحە) بووم، گوتم ئەگەر داوا لەو بکەم، خۆ ئەویش هەوەك ئەوان کەس‌وکاری کوژراوە، بەلام دوایی گوتم با هەر پێی بڵێم، کەپێم گوت ئەو بەئاسانی قەبووڵی کرد. گوتم من ئێستا وا دەچم خۆم ئامادە دەکەمو دەڕۆم. ئەویش گوتی منیش هەروەها، گوتمان لە(یەئجوج) کەشوێنێکە لەنزیك مەککە پێك بگەین، بەجۆرێك ئەگەر من لەو زووتر گەیشتم لەسەری رابوەستم، ئەگەر ئەویش زووتر گەیشت لەسەرم رابوەستێ.

شەبەقی بەیانی لەوێ بەیەك گەیشتین، هەر لەوکاتو لەو شوێن تووشی (عەمری کوڕی عاس) بووین. عەمر گوتی بۆ کوێ دەچی؟ خالید پێی گوت، وەڵلاهی ئەو پیاوە (واتە پێغەمبەر) ڕۆژ بەڕۆ دەسەلاتی لەزیادەیە، دیارە پێغەمبەرە. دەچمە لای موسوڵما دەبم، هەتاکەی ئێمە هەروا بین، عەمریش گوتی وەڵلا دەنا منیش هەر بۆ ئەوە ئەڕۆم، خالید دەڵێ عەمریش لەگەڵمان بووە هاوڕێو هەرسێکمان چووینە مەدینە.

کاتێ کە گەیشتینو ولاغەکەمانمان بەستەوە، وەلامیان دایە پێغەمبەر، وەلیدی برام هات، گوتی خێراکە بچینە لای پێغەمبەر، زانیویەتی تۆ هاتووی. دەڵێ هەڵسام باشترین جلکم لەبەر کرد، چوومە خزمەت پێغەمبەر، لەدوورەوە دڵخۆشی پێشانداو سەلامم لێکرد، ئەویش بەخۆشیەوە سەلامی وەرگرتەوە، شادەم هێناو پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی وەرە سوپاسی خوا بکە ڕێگەی پێشاندای، دەمزانی تۆ خاوەن بیروهۆشێکی باشیو بەرەو چاکەت دەبات. گوتم ئەی پێغەمبەری خوا من گەلێ جار دژ بەڕاستی ڕاوەستام، داوام لەخوا بۆ بکە لێم خۆش ببێ. فەرمووی ئەی خالید ئیسلام لەرابوردوو خۆش ئەبێ، هەروەها لەگوناهی کۆچ کردوانیش خۆش دەبێ کەلەڕێی خوا کۆچ دەکەن، ئەوجا فەرمووی خوایە لەخالید ببووری، لەو هەڵوێستانەی کەلەڕێگەی تۆ ڕادەوەستا.

ئەوجا عەمری کوڕی عاسیش چووە پێشەوەو لەبەردەستی پێغەمبەر ڕاوەستاو موسوڵمان بوو. ئەویش هەر هەمان داوای کردن، پێغەمبەریش بۆی پاڕایەوەو داوای لێخۆشبوونی بۆ کرد، دوای ئەویش عوسمان موسوڵمان بوو. موسوڵمان بوونی ئەو سێ کەسە لەمانگی سەفەری ساڵی هەشتەمی کۆچی بوو. بەو شێوەیە هاتنە سەر ڕێگای ڕاستی، بەبێ ئەوەی لەشەڕ بگیرێن یا لەترسان موسوڵمان ببن، بەڵکو بەئارەزووی ناو دڵیانەوە موسوڵمان بوون. ئەمەش بوو بەهۆی پتەوی ئیسلامو بەهێز بوونی، زۆری وەك ئەوان چاویان لەوان کردو موسوڵمان بوون.

﴿ گۆڕانی باری بانگ کردنی ئیسلام ﴾

قۆناغی بانگ کردن بۆ ئیسلام تاکو گرتنی خەیبەر، بریتی بوو لەشەڕێکی بەرگری کردن. بەڵام لەپاش مەسلەتی حودەیبییە، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی کرد بەهێرش بردن بۆ سەر تیرەو هۆزەکانی عەرەب لەئیسلامەتی گەیشتبوون، بەڵام لەبەر دڵ ڕەقیو لووت بەرزی سەریان بۆ ئیسلام دانەدەنواندو بەردەوامیش بوون لەخراپە.

لەلایەکی تریشەوە پێغەمبەر (ﷺ) دەری خست کەئیسلام هەر بۆ هۆزێكو ناوچەیەك نەهاتووە، بەڵکو بۆ هەموو ئادەمیزادی سەر ئەو زەویە هاتووە، لەبەر ئەوە دەستی کرد بەنامە هەناردن بۆ پاشاو میرە فەرمان ڕەواکانی ئەو زەویە، تاکو بانگیان بکات بۆ سەر ڕێگەی ئیسلام، نامەکانیشی بەدەستی موسوڵمانی لێوە شاوەی وای هەرناد زمانیان بزانێ. پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەندە لێزانو دوور بین بوو، دڵنیا بوو کەئەو ئایینە سەر دەخات. هەموو ڕووداوێكو کارێکی هەڵدەسەنگاندو شێی دەکردەوە بۆیەش تووشی هەڵەنەدەبوو.

لەو سەردەمەشدا دەوڵەتی فارسو دەوڵەتی ڕۆم فەرمان ڕەوایی بەشی زۆری ئەو زەویەیان دەکرد، هەریەکەش لایەکی عەرەبستانیان داگیرکردبوو، دەوڵەتی فارس خوارو ڕۆژهەڵاتی عەرەبستانی داگیرکردبوو، دەوڵەتی ڕۆمیش باکووری عەرەبستانی داگیرکردبوو، ئایینی هەردوو دەوڵەتیش واتە ئاگر پەرستی فارسو مەسیحیەتی ڕۆم، لەو شوێنانەی داگیریان کردبوو پەرەی ستاندبوو، ئەو دوو دەوڵەتەش گەلێ بەتین بوون، هێزی سێیەم نەبوو بەرامبەریان بوەستێ، بەردەوامیش لەگەڵ یەکتری

لەشەڕ دابوون، هەندێ جار فارس سەردەکەوت‌و شام‌و قودسی داگیردەکرد، هەندێ جاری تریش ڕۆم سەردەکەوت‌و لێی دەستاندنەوە. هیچ لایەکیشیان پەیوەندیان بەیاساو ڕەوشتی ئایینی‌و گیانی نەدەکرد، تەنیا هەر ماڵ‌و سامان‌و دەسەڵاتیان مەبەست بوو. بەتایبەت مەسیحیەکانی ڕۆمی بەتەواوی کەوتبوونە بت پەرستی، چەند پیاوێك دەسەڵاتیان بەسەر ئاینەکەدا شکابوو، وەك ئێستا بەئارەزووی خۆیان یاسایان دەردەکردو لەسەری دەڕۆیشتن‌و میللەتەکەش سەری بۆ دانەواندبوون.

دەوڵەتیش میللەتەکەی وا خنکاندبوو، هیچ توانایەکی لەبەر نەهێشتبوو بتوانی بەرەو پێشکەوتن‌و نوێ بوونەوە بڕۆن. هەمووی بەچاوی کۆیلەو بەندە تەماشا دەکرا، بەڵام ئیسلام هات ئادەمیزادی ڕزگار کرد لەپەرستنی ئەو دەسەڵاتدارانە. کۆت‌و زنجیرەی پچڕاندو مرۆڤی بەشێوەیەکی وا سەربەست کرد، نەیهێشت سەر بۆ کەس شۆڕ بکەن، تەنیا بۆ پەروەردگار نەبێت، بۆیە سەرکەوتنی ئەو بیروباوەڕە لەوەدا نەبوو گومانی لێبکرێ. کردەوەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لەوە نەبوو هەموو کەس بتوانێ بەبیروهۆشی خۆی لێکی بداتەوە کەبەرەو کوێ دەڕوات، چونکە هێشتا لەمەترسی قورەیش‌و جوولەکە ڕزگاری نەبیبوو، کەوتە نامە نوسین بۆ ئەو پاشاو میرو سەرۆکانە بانگیان بکات بۆ ئیسلام، لەکاتێکدا ئەوانە بەهێزو توانای خۆیان ئەوەندە مەست بوون، چ پێوانەیەکیان بۆ موسڵمانان نەدەکرد. خۆ جوولەکەکان کەتا ئەو کات هەمووی پەرت‌و بڵاوببونەوەو ماڵ وڵاتیان لەدەست چوو بوو، چاوەنواڕ دەکرا بەیارمەتی ئەو دوو دەوڵەتە بێنەوە سەر مەدینە، هەروەها قورەیشیەکانیش زۆر تامەزۆر بوون کەبتوانن هێزێکی بێگانە یارمەتیان بدات، موسوڵمانان لەناو ببەن[1].

(١) ئەو هەنگاوەی پێغەمبەر (ﷺ) بەرامبەر پاشایانی ئەوکات هاوێشتی کەس ناتوانێ بێهاوی، چونکە هەر پێغەمبەرانن هیچ هێزێك خۆیان لەبەر ناگرێ. ئەو دەوڵەتانەی ئەوکات لەسەر ئەو هەموو هێزە زۆرەیان کەنەدەهاتە ژماردن، لەسەر ئەو هەموو ماڵ‌و سامانەیان کەهیچ هێزێك بارتەقای نەدەکردنەوە موسوڵمانانیش لەسەر ئەو هێزو ژمارە کەمەیان بەپشتیوانی خوا توانیان ئەو دەوڵەتە بێ ڕەزایانە لەمێژوو بسترێنەوە. هێزی باوەڕی ئیسلام هەموو هێزێکی دەست درێژکەر لەناو دەبات، هەر بۆییشە ئیمڕۆ دەوڵەتانی ڕۆژئاواو ئەمەریکاو جوولەکە زراویان ڕژاوە، بەهەموو توانایان وا بەربەرەکانی موسڵمانان دەکەن، لەڕۆژی ١٩٩٣/٨/١٥ لەتەلەفزێنی ئینگلیزی لە(ئیسحاق رابین)ی سەرەك وەزیرانی جولەکەیان پرسی، ئایا چ مەترسیەکتان لەسەر ماوە لەپاش ڕێکەوتنتان لەگەڵ (ڕێکخراوی فەلەستین)؟ گوتی ئەوانە ترساك نینە لەسەر ئێمە، بەڵام گەشەکردنی بزووتنەوەی ئیسلام پەیدابووە، ئەو مەترسیەکی گەورەی هەیە.

﴿ نامە بۆ قەیسەری پاشای ڕۆم ﴾

پاشایانی ڕۆم پێیان دەگوتن قەیسەر، پاشای ئەو کاتەش ناوی هەرقەل بوو، فەرمانڕەوایی نیوەی ئەو جیهانەی دەکرد لەکیشوەری ئاسیاو ئاوروپاو سەرووی ئەفریقا بڵاوەی کردبوو. ئەو پیاوە لەبنەماڵەیەکی یۆنانی بوو، کوڕی فەرمانداری ناوچەی ئەفەریقا بوو.

لەپێش هاتنی هەرقەل، پاشایەك فەرمانڕەوایی دەکرد ناوی (فۆقس) بوو، هەر خەریکی رابواردن بوو، ئاگای لەکاروباری دەوڵەت نەمابوو. بۆیە فارسەکان توانیان هێرش ببەنە سەر ڕۆمەکان‌و بەسەریاندا زاڵ ببن قودس داگیربکەن. موسوڵمانان زۆریان پێناخۆش بوو، ئاگرپەرستەکان بەسەر مەسیحیەکاندا سەر بکەون، لەگەڵ بت پەرستەکانی مەککەدا کەوتنە گفتوگۆ، بت پەرستەکان دەیانگوت ئێمە بت پەرستین‌و فارسەکانیش بت پەرستن، بۆیە بەسەرخاوەن کتێبان دا سەرکەوتن. موسوڵمانانیش مەرجیان لەگەڵ کردن، پاشی چوار پێنج ساڵی تر ڕۆمەکان سەردەکەون. ئەبوبەکر سدیق گرەوی لەگەڵ هەندێك کرد بۆ ماوەیەك، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ماوەکە زیاد بکە، ئەبوبەکر دووبارە چوو ماوەکەی کردە هەشت ساڵ. دوای ئەوە خوا مزگەی دایە موسوڵمانان دەفەرموێ: ﴿الٓمٓ * غُلِبَتِ الرُّومُ * فِي أَدْنَى الْأَرْضِ وَهُم مِّن بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ * فِي بِضْعِ سِنِينَ لِلَّهِ الْأَمْرُ مِن قَبْلُ وَمِن بَعْدُ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ * بِنَصْرِ اللَّهِ يَنصُرُ مَن يَشَاءُ وَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ﴾[1].

واتە: لەشکری ڕۆم لەنزیکی ئێوە (واتە شام) بەرامبەر لەشکری فارس خۆی ڕانەگرت‌و ژێرکەوت، بەڵام پاش چەند ساڵێکی تر (مەبەست لەو چەند ساڵە، سێ ساڵ تاکو نۆساڵە) بەسەر فارسەکاندا زاڵ دەبن‌و کارو کردەوەو فەرمان لەهەموو کاتێك هەر لەدەست خوایە، واتە سەرکەوتنی فارسەکان‌و سەرکەوتنی ڕۆمەکان هەمووی بەفەرمانی خوایە موسوڵمانان بەو سەرکەوتنەی ڕۆمەکان دڵخۆش دەبن.

ڕۆمەکان کەدیتیان فوقس ئەوها رادەبوێرێ چوون هەرقەلیان هێنا، ئەویش توانی فۆقس بکوژێ‌و لەساڵی (٦١٠)ی زایینی لەشوێنەکەی بووە پاشا، لەوکاتەش وڵات لەئەوپەڕی هەژاری‌و برسیەتی‌و نەخۆشی بوو. هەرقەلیش ملی دایە رابواردن‌و حاڵ هەروەك خۆی مایەوە، تاکو لەساڵی ٦١٦ز بەهۆش

(١) الروم ١-٥.

هاتەوەو کەوتە کارکردن بوو بەپاشایەکی چوستو چالاکو نەترس. هێرشی بردە سەر فارسو قودسی گرتەوە، هێرشەکەی ڕانەگرت تاکو گەلێ شاری تریشی لێ داگیرکردن، زۆری نەمابوو بنەماڵەی ساسانی بەتەواوی لەناو ببات. ئەوجا بەسەربەرزی گەڕایەوە بۆ قوستەنتەنییە (ئەستەنبول) بەو سەرکەوتنەی ڕۆمەکان، ئەبو بەکر چوو ئەوەی کەبەگوێرەی مەرجەکە لەگەڵ کابرای بت پەرست لەسەری ڕێك کەوتبوون لێی ستاند.

هەرقڵ پاش گەڕانەوەی بۆ ئەستەمبوڵ لەساڵی (٦٢٧)ی زاینی بەرەو قودس کەوتە ڕێگا تاکو میخەکەی (صلیب) کەلەفارسەکانی ستاندبۆوە بیباتەوە قودس. لەسەرتاپای ناوچەکانی ولاتەکە ڕایەخیان بۆ لەسەر ڕێگە ڕاخستبوو، تاکو گەیشتە قودس. ئا لەوکاتەدا پێغەمبەر (ﷺ) لەمزگەوت نامەیەکی بۆ نووسیو فەرمووی: (**بسم الله الرحمن الرحيم من محمد عبدالله ورسوله الى هرقل عظيم الروم، سلام على من اتبع الهدى اما بعدفاني ادعوك بدعاية الاسلام، اسلم تسلم يؤتك الله اجرك مرتين فان توليت فان عليك اثم الاريسيين**[1]

﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَاء بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَّ نَعْبُدَ إِلاَّ اللّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضاً أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ اشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴾[2].

واتە: لەموحەممەدەوە بەندەو نێرراوی خوا، بۆ هەرقەلی گەورەی ڕۆم، سەلام لەسەر ئەو کەسە بێ کەرێگەی خوای گرتووە موسوڵمان ببە دەپارێزرێی، ئەگەر ڕوو وەربگێڕی گوناهی هەموو کەسانەت لەئەستۆیە، کەعیسا بەکوڕی خوا دەزانن. ئەی خاوەن کتێبان وەرن لەسەر وشەیەك کۆببینەوە لەنێوان ئێمەو ئێوە، ئەویش ئەوەیە کەهاوبەش بۆ خوا پەیدا نەکەین، جگە لەو خوایەش کەس نەکەینە ڕەهبەر. ئەگەر واناکەن ئێوە شایەدی بدەن کەئێمە موسوڵمانین.

پێغەمبەر (ﷺ) لەنووسینی نامەکە بۆوە، ڕووی لەیاران کردو فەرمووی هەرکەسی ئەو نامەیەدەگەیەنێتە قەیسەر، بەهەشت پاداشی دەبێت. یەکێك پرسی گوتی ئەگەر نەشگەڕێتەوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەگەر نەشگەڕێتەوە.

---

(١) البخاري١٣٣/٢٣، صحيح مسلم ١٠٣/٤.

(٢) آل عمران ٦٤.

(دوحییەی کەلبی) پیاوێکی ناسراوو بەڕێز بوو و زمانی ڕۆمەکانی باش دەزانی، لەشوێنی خۆی ڕاست بۆوەو نامەکەی وەرگرتو چۆ بۆ شام. نامەکەی دایە حاکمی (بوصرا)و ئەویش دای بەهەرقل. هەندێکیش دەڵێن دوحییەخۆی نامەکەی پێدا. لەعەبدوڵلای کوڕی عەباس دەگێڕنەوە، دەڵێ ئەبو سوفیان (سەخری کوڕی حەرب) بۆی گێڕامەوەو گوتی شەڕەکانمان لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) هێزی لێ بڕیبووین، بازرگانیەکەمان نەمابوو، بەڵام لەپاش مەسەلەتی حودەیبییە ڕێگای بازرگانیمان هێمنو ئاسان بوو. بەکاروانێکەوە چوومە شام، کەس نەبوو شتێکم پێدا نەنێری، کەگەیشتمە شام لەوێ لەگەڵ چەند کەسێك ئێمەیان بردە لای هەرقل. لەوی تەرجومانیان هێنان هەرقل لێی پرسین، ئێوە کامتان خزمی ئەو پیاوەن کەداوای پێغەمبەرایەتی دەکاتو لێی نزیکن؟ منیش گوتم من. هەرقل گوتی لێم نزیك بەرەو، منیان بردە نزیکیەوە، ئەوجا بەتەرجومانەکەی گوت من چەند پرسیارێکی لێ دەکەم، پێی بڵێ درۆم لەگەڵ نەکات، چونکە هەر درۆیەکی بیکات ئاشکرا دەبێت. ئەبو سوفیان دەڵێ لەترسی ئەو قسەیە نەموێرا درۆی لەگەڵ بکەم.

یەکەم پرسیارکردی گوتی ئایا ئەو پیاوە خانەدانە یان نا؟ گوتم بەڵێ خانەدانە. گوتی ئایا ئەو داوایەی ئەو دەیکا کەسی تر لەئێوە ئەو داوایەی کردوە؟ گوتم نەخێر. گوتی ئایا کەس لەباوباپیرانی پاشا نەبووە؟ گوتم نەخێر. گوتی کێ بەدوای دەکەوێ؟ گوتم بێهێزو بێ دەسەڵاتو هەژارەکان. گوتی ئایا ڕوویان لەزیادەیەیان لەکەمیە؟ گوتم ڕوویان لەزیادەیە. گوتی ئایا کەس لەوانە لێی پاشگەز دەبێتەوە؟ گوتم نەخێر. گوتی پێش ئەوەی ئەو داوایە بکات ئێوە درۆتان لێ دەدیت؟ گوتم نەخێر. گوتی ئایا ستەم دەکات؟ گوتم لەوەتی ئێمە دەیناسین نەمان دیوە ستەم بکات. گوتی ئایا شەڕتان لەگەڵ کردووە؟ گوتم بەڵێ شەڕ لەنێوانمان بەردەوامەو هەندێ جار ئەو سەردەکەوێو هەندێ جار ئێمە. گوتی چ داوایەکتان لێ دەکات؟ گوتم دەڵێ خوای تاكو تەنیا بپەرستن، بت مەپەرستن کەباوكو باپیرانتان دەیانپەرست، نوێژ بکەنو درۆ مەکەنو ڕاست بنو خزمایەتی بەجێ بێنن.

ئەوجا هەرقەل گوتی من پرسیارم کرد گوتم خانەدانە، بۆیە بوو چونکە ڕەوشت وایە پێغەمبەران لەخانەدانان پەیدا دەبن. کەگوتیشم کەسی تر لەئێوە ئەو داوایەی نەکردووە، گوتم مەبادا لەسەر ڕێگەی ئەو بڕوات. کەگوتم کەس لەباوباپیرانی پاشا نەبووە، گوتم نەك داوای جێگەی ئەوان بکاتەوە. کەگوتم درۆ دەکات، گوتم ئەگەر درۆ لەگەڵ خەڵکی بکات، لەداوایەکەشی هەر درۆ دەکات. کەگوتم کێ بەدوای

دەکەوێ گوتت بێهێزو هەژاران، هەر ئەوانەش یارمەتیدەری پێغەمبەرانن.

گوتم لەزێدەن یان لەکەمی، گوتت لەزیادەن بیروباوەڕیش هەروایە، بێهێزو هەژاران بەدوای دەکەون، تاکو تەواو دەگاتە ئامانج. کەگوتم کەس لێی هەڵدەگەڕێتەوە گوتت نا، بیروباوەڕ کەوتە ناو دەروونو مێشك دەرناچێت. کەگوتم ستەم دەکات گوتت نا، پێغەمبەران هەموو هەر ئەوهان، کەگوتم داوای چیتان لێدەکات گوتت دەڵێ وازبێنن لەبت پەرستیو خوای تاكو تەنیا بناسنو نوێژبکەنو درۆمەکەنو خزمایەتی بەجێ بێنن. ئەگەر لەقسەکانت ڕاست بکەی، ئەو پیاوە ژێر پێی منیش داگیر دەکات.

ئەبوسوفیان گوتی ئەوجا ئێمە بەجێمان هێشت[1]. هەرقەل نامەکەی پێغەمبەری بۆ هەموو مەترانو قەشەکانی دەوری خوێندەوە، ویستی هەستیان ببزوێنێو تێیان بگاتو ئارەزوویان دەربخات، زۆریشی پێخۆش بوو لەپەرستنی سێ لایەنە (خواو عیساو مەریەم) دەربازبنو یەك خواپەرستن، بەڵام مانەوەی خۆی لەسەر کورسی شاهانەی لەلاگرنگتر بوو، بێگومان هەموو پیاوێکی خاوەن دەسەڵات هەرچۆنێك بێت هەرمانەوەی دەسەڵاتی خۆی مەبەستە، بۆیە نەیتوانی لەو هەنگاوە سەربکەوێ. لەگەڵ نوێنەری پێغەمبەریش زۆر بەنەرمی جوڵایەوە، تەنانەت دوحییە وای زانی موسوڵمان بووە، یاخود هەندێك دەڵێن بەنهێنی بەدوحییەی گوت من موسوڵمان بووم، ئیتر هەندێ پارەی دایێو بەڕێی کرد. کەدوحییە گەڕایەوە لای پێغەمبەر (ﷺ) بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەر فەرمووی ئەو دوژمنەی خوا درۆ دەکات موسوڵمان نەبووە، فەرمانی دا پارەکەیان بەشیەوە.

﴿ نامە بۆ فەرماندە عەرەبەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕۆمو فارس ﴾

میرو فەرماندەی ناوچەکانی ژێر دەستی ڕۆم لەسەرووی نیو دوورگە هەموویان عەرەب بوون لەلایەن ڕۆمەکان دیارکرابوون. پێغەمبەر (ﷺ) نامەی بۆ ئەوانیش نارد، بەڵام وەڵامەکانیان گەلێ توندو ڕەق بوو.

پێغەمبەر (ﷺ) نامەیەکی بۆ میری شام کەناوی (حاریسی کوڕی ئەبی شەمر) بوو ناردو تێیدا

(١) صحیح مسلم لەگەڵ شەرحی نووی ٤/١٠٣.

نوسی بوو (بەناوی خوای میهرەبان، لەموحەممەد پێغەمبەری خوا بۆ حاریسی کوڕی شەمڕ، سەلام لەسەر ئەو کەسە بێ ڕێگەی خوا دەگرێتو باوەڕی بەخوا بێتو ڕاست بێت. من بانگت دەکەم باوەڕ بەخوای تاكو تەنیا بێنی، بەردەوام دەبیت لەولاتەکەت) حارس کەنامەکەی خوێندەوە، فڕێی دایە سەر زەویو گوتی کێ هەیە ولات لەمن بستێنێ. ئەوجا کەوتە خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕ کردن لەگەڵ پێغەمبەر، بەلام هەرقل ڕێگەی نەدا، ئەمەش شتێکی زۆر سەیرو سروشتیە کەنۆکەرانی شاو سەرۆکەکان هەرچەندە بەدەسەلاتی خۆیان نەهاتۆنە سەرکار، کەچی ئەوانە هەردەم گەلێ ڕشترن لەسەر فەرمانڕەوایی، گەلێ گەرمو توندن لەگەڵ خەلك، وا دەزانن خۆیان هەموو شتێکنو فەرمانڕەواییش هەتا هەتایێ بۆیان دەمێنێ، بیر ناکەنەوە ئەوانە هەر نۆکەرن لەلایەن شاو سەرۆکەکان داندراون، هەروەك شاو سەرۆکەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست زۆریان بەپشتیوانی ئیستعماریەکان هاتونەتە سەر فەرمانڕەواییو کەچی خۆیان لەسەر گەلەکەیان ئەوەندە بەگەورە دەزانن وا دێنن بەرچاو کەئەوان خاوەنی هەموو دەسەلاتو ئارەزوویێکن.

پێغەمبەر (ﷺ) نامەیەکیشی لەچەشنی نامەکەی حارس بۆ میری (بوصرا) لەخوارووی شام بە(حاریسی کوڕی ئەزدی)دا نارد، بەلام لەڕێگا (شوڕەحبیلی کوڕی عەمری غەسانی) تووشی بوو، لێی پرسی تۆ لەلای موحەممەدەوە هاتووی؟ گوتی بەلێ. شوڕەحبیل فەرمانیدا حاریسیان کوشت، ئەو باسە کەگەیشتەوە موسولمانان هەموو زۆر پەرێشانو دلگیربوون.

﴿ نامە بۆ فەرمانداری ئەسکەندریە ﴾

ئەو پیاوە قەشەیەکی قیبتی ناودار بوو، لەلایەن ڕۆمەکان داندرابوو، (ناوی جورەیج) بوو، ناوی (موقەوقەسیش) نازناوێك بوو بەفەرمانداری ئەسکەندەریەیان دەگوت.

پێغەمبەر (ﷺ) نامەیەکی بە(حاتیبی کوڕی باوکی بەلتەعە)دا بۆ نارد، نامەکەش هەر هەمان شێوە بوو لەگەڵ نامەی ئەوانی تر.

کەحاتیب نامەکەی دایێو خوێندیەوە، موقەوقەس گوتی باشە ئەو ئەگەر پێغەمبەر بۆچی داوا لەخوا ناکات ئەوانەی کەبەقسەی ناکەنو لەولات دەریان کرد خوا لەناویان ببات، حاتیب گوتی ئەدی

بۆچی عیسا ئەو داوایەی نەکرد کەجوولەکەکان ویستیان بیکوژن؟ موقەوقەس گوتی ڕاست دەکەی تۆ پیاوێکی زاناو دانای لەلای پیاوێکی زاناو دانا هاتووی.

دوایی حاتیب پێی گوت، ئەو پێغەمبەرە دوژمنایەتی لەگەڵ قورەیش بەتین بوو، جوولەکەکانیش زۆریان ڕق لێ دەبێتەوە. بەڵام مەسیحیەکان لێی نزیك بوون، ئەوەش بزانە هەروەکو موسا مزگێنی عیسای هێنا، عیساش موژدەی موحەممەدی هێناوە. ئەو بانگ کردنەی ئێمە بۆ تۆ فەرمانی قورئان، هەروەك بانگی خەڵکی تەوراتە بۆ خەڵکی ئینجیل. هەر پێغەمبەرێك هاتە ناو هەر هۆزێك ئەو هۆزە گەلی ئەو پێغەمبەرەیەو دەبێ بەقسەی بکەن. تۆش لەو کەسانەی کەبەو پێغەمبەرە گەیشتی، بەلام ئێمە داوات لێ ناکەین کەلەسەر ئاینی مەسیحی لابدەی، ئێمە تەنیا فەرمانی ئیسلام پێ ئەدەین.

ئەو قسانەی حاتیب وای لەموقەوقەس کرد زۆر بەنەرمیی و لەسەرەخۆیی لەگەڵ حاتیب بجولێتەوەو نامەیەکیشی بۆ پێغەمبەر پێدا هەنارد کەتێیدا نووسی بوو، (لەمەوقەو قەسەوە گەورەی قیبتیان، بۆ موحەممەدی عەبدوڵلا، سەلامت لێبێت، نامەکەم خوێندەوەو لەوەی نووسیبوت تێگیەشتم. دەمزانی پێغەمبەرێك ماوە بێت، بەلام من وام ئەزانی لەشام پەیدا دەبێ. ئێستا زۆرم ڕێزی هەناردراوتان گرت. وا دوو کەنیزەی زۆر بەڕێزم بۆ ناردی، لەگەڵ هەندێ جلك و هێسترێك، بۆ خۆت سواری پێ بکە.

پێغەمبەریش (ﷺ) دیارییەکانی قەبووڵ کرد، یەك لەکەنیزەکانیش کەناوی (ماریە) بوو بۆ خۆی هێشتەوە. ئیبراهیمی کوڕی لەو ژنە بوو، ئەوی تریشی دایە حەسسانی کوڕی سابیت هێسترەکەشی بەکارهێناو ناویشی لێنا (دول دول)، هێستریش ئەوکات لەناو عەرەب نەبوو[1].

﴿ نامە بۆ کیسرا ﴾

لەو کاتەی کەپێغەمبەر نامەی بۆ پاشاکان دەنووسی (خەسرەوی کوڕی هورمز) پاشای فارس بوو، ئەو سەردەم پاشای فارس نازناوی کیسرا بوو، عەرەبەکان پێیان دەگوت (ئەبرویز) واتە پاشای گەورە. زۆر بەهێزو دەوڵەمەند بوو، زۆریش لەخۆبایی بوو. توانی هەندێ لەولاتی ڕۆم داگیربکات، تاکو هەرقەل لێی ستاندەوە.

---

(١) بوخاری ١٠٤/٨.

لەوکاتەی کەشکستیدا نامەی پێغەمبەریشی پێگەیشت، کەنامەکەی خوێندەوە، دیتی تێیدا نوسراوە بێتە سەر ئاینی ئیسلام. بەوە گەلێك تووڕە بوو، چونکە عەرەب لەو پایە نەبوون هیچ پیاوێکیان بتوانێ ئەو جۆرە داوایە بخاتە ڕووی کیسرا، گوتی چۆن ئەو کابرایە ئەو قسەیە بۆ من دەنووسی کەخۆی کۆیلەی منە. نامەکەی دڕاندو نامەیەکی بۆ فەرماندەی یەمەن نووسی (کەناوی بازان بوو، بەفەرمانی ئەوان داندرابوو) تێیدا نووسی، کەدوو پیاو بنێری بۆ سەر ئەو پیاوەی کەوێرایەتی ئەو جۆرە نامەیەی بۆ بنووسێ بۆ ئەوەی بیبەن بۆ لای.

لێرەدا نەفامیو لەخۆبایی کیسرا بەدەردەکەوێ، ئەگبەتیش بۆ ئەو گەلەیە کەخاوەنی ئەو جۆرە پاشایە بێ، سەروبارین باریش دەسەڵاتی ئایینیشیان لەدەست بێن، ئەوجا چۆن نابێتە هۆی بەهیلاك چوونو فەوتانی ئەو گەلو نەتەوەیە.

نەتەوەی فارس بەجارێك لەستەمکاری کیسرا بێزار بوون، هەتاکو کوڕەکەی خۆی (شیرەوەیە) توانای ژیانی لەگەڵ ئەو باوکە نەمابوو، کاتێك هەلی بۆ هەڵکەوت تاوی دایێو کوشتیو لەکۆڵ ئەو خەڵکەی کردەوە. ئەو موسوڵمانەی نامەی پێغەمبەری بردبوو گەڕایەوە بۆ مەدینەو کردەوەی کیسرای بۆ پێغەمبەر گێڕایەوە، چۆن نامەکەی دڕاند. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خوا وڵاتی لێ دڕاندو دامالێ[1].

فەرمانداری یەمەنیش (بازان) کەنامەکەی کیسرای بۆچوو، بەخێرایی دوو پیاوی تایبەتی خۆی هەنارد بۆ مەدینە تاکو فەرمانەکەی جێبەجێ بکاتو پێغەمبەر ببەنە لای شای ئەبرویز.

پێغەمبەر چاوی بەو دوو پیاوە کەوت، دیتی پەلەستوورو مل هۆڕو سمێل تاشراون، زانی ئەوانە کاسە لێسی دیوەخانی میروسەردارانن، هەروەك دابەستە دەخۆنو دەنوون، کە گوتیان خوایەکەمان شاهەنشای فارس فەرمانی داوەتە شای یەمەن (بازان) کەئێمە بنێریتە لای تۆ، لەگەڵ خۆمان بتبەین بۆ لای شاهەنشا.

پێغەمبەر (ﷺ) کەگوێی لەقسەکانیان بوو، فەرمووی لەکوێ هاتوون بگەڕێنەوە بۆ ئەوێ، بەشای یەمەن بڵێن خوای من خوایە کەی ئێوەی ئیمشەو کوشتووە، پێشی بڵێن خوا دەسەڵاتی من بەسەر

---

(١) بوخاری ٨/١٠٤.

هەموو وڵاتەکەیدا دەگرێ، با بۆ خۆی موسوڵمان ببێت ئەوکات وڵاتەکەی لەدەست ناڕوات.

ئەو دوو پیاوە کەگەڕانەوە لای بازان، وەڵامی کوشتنی شای فارسیان پێگوت، بازان گوتی وەڵلاهی دەبێ ئەو پێغەمبەر بێت، دەنا چۆن دەزانی شای فارس کوژراوەو ئەوهاش بەسەر قسورەیش دا زاڵ بوو، توانیشیەتی جوولەکە وا پەرتو بڵاوبکاتەوە. ئیتر خوا دڵی نەرم کرد موسوڵمان بوو. زۆری نەخایاند فەرموودەکەی پێغەمبەریش (ﷺ) پاش هەشت ساڵان بەتەواوی هاتەدی، بەماوەی چوار ساڵ (٥٥) پادشا هاتنە سەر فەرمان، هەراو هۆریا پەیدابوو، وڵاتی فارس شڵەژاو تێك چوو، تاکو لەدەورەی (یەزدوجورد) کۆبوونەوەو کردیانە پادشا، دوا کەس بوو لەبنەماڵەی ساسانیان، کەموسوڵمانان توانیسان لەساڵی (٦٧٠) ز وڵاتی داگیر بکەنو بکوژرێو مێژووی چوار سەد ساڵەی دەوڵەتی ساسانی کۆتایی پێبێنن[(١)].

﴿ نامە بۆ نەجاشی پاشای حەبەشە ﴾

حەبەشە وڵاتێکە دەکەوێتە کیشوەری ئەفەریقا، ئەو دەوڵەتە کۆنترین دەوڵەتی سەربەخۆیە لەسەر ئەو زەویە، دەڵێن نەتەوەکەی سولەیمان پێغەمبەر ئێستاش لەوێ دادەنیشن، ئایینی مەسیحی لەچەرخی چوارەم لەوێ پەیدابوو.

ئەوکاتی موسوڵمانان لەبەر قورەیشیەکان، لەساڵی پێنجەمی پێغەمبەرایەتی کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، نەجاشی پیاوێکی خواناس بوون باوەڕی بەیەك خوا هەبوو، باوەڕی بەپێغەمبەریش هێنا، بەڵام لەپاش ئەو یەکێکی تر هاتە سەر تەختی شاهی، پێغەمبەر (ﷺ) نامەیەکی بۆ ناردو موسوڵمان بوو[(٢)].

---

(١) میللەتی نەزانو ترسنۆك ڕەوشتی وایە یەکێکی وەك خۆیان ئەوەندە بەرزو گەورە دەکەن، دەیبەنە پلەی خوایەتی هەروەکو ئیمرۆ کەدەبینین سەرۆكو شایەکانیان ئەوەندە بەرز دەکەونەوەو ناوی زل زلیان لێ ناون پێیان دەڵێن خاوەن شکۆ (صاحب الجلالة)و خاوەن دەسەڵات ئەو ڕەوشتانەش تایبەتن بەخوا، ئەو سەرۆكو شایانەش هەر کرەوەیەکی بیکەن لێتۆژینەوەی نیە با کارەکەشیان لەگەڵ فەرمانی خوا ڕێك نەکەوێ.

(٢) صحيح مسلم لەگەڵ شەرحی نەوەوی ١١٢/٤.

﴿ نامە بۆ میرەکانی بەحرێن و عومان و یەمامە ﴾

پێغەمبەر (ﷺ) نامەیەکی بە(عەلای حەزرەمی)دا بۆ (مونزیری ساوی) میری بەحرێن نارد. ئەو میرە زۆر تێگەیشتوو بوو، عەلای حەزرەمی پێی گوت، ئەی میر تۆ پیاوێکی بەچاکی لەکاروباری ئەو دونیایە دەگەی، نابێ ڕۆژی دواییشت لەبیر بچێت و بەکەمی دابنێی و لێی بێباک بێت. ئەو ئاگر پەرستیەی ئێوە لەسەری دەڕۆن، پیسترین ئایینە، ئەو ئاگرە ڕۆژی دوایی خەڵك دەسوتێنێ چۆن دەبێ بپەرسترێ. ئەو ئاگر پەرستانە کردەوەی وا ناشیرین دەکەن لەمرۆڤ ناوەشێتەوە، جۆرە ژنی وا مارە دەکەن (وەك دایك و خوشك) دڵ و نەفسی مرۆڤ شەرمی لێ دەکاو نایەوێ. جا من وا پێت دەڵێم، وەرە باوەڕ بەو پیاوە بێنە کەقەت درۆی نەکردوەو نایکات.

مونزیر بەو قسانە دڵی نەرم بوو، موسوڵمان بوو داواشی لەگەڵەکەی کرد موسوڵمان ببن، زۆریان موسوڵمان بوون و زۆریشیان لەسەر ئاگر پەرستی و یا جولەکەیی مانەوە، لەبەرئەوە وەڵامی بۆ پێغەمبەر هەنارد چ لەگەڵ ئەوانە بکات، پێغەمبەریش (ﷺ) وەڵامی بۆنارد فەرمووی هەر کەسێك لەسەر ئایینی خۆی مایەوەو لەژێر فەرمانی تۆ ژیا با جزیە بدات. هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) نامەیەکشی بۆ (جیفەری کوڕی جەلەندا) میری عومان و براکەی کەناوی (عەبدا) بوو، (بەعەمری کوڕی عاس)دا هەنارد. عەمر دۆستی عەبدا بوو، توانی وای لێبکات جیفەری برای دڵنیا بکات و موسوڵمان ببێت.

هەروەها نامەیەکیشی بۆ (هووزەی کوڕی عەلی) شای یەمامە هەنارد، ئەو کابرایە مەسیحی بوو، خۆشی زۆر لا گەورە بوو. داوای کرد کەبەشداری لەکارو فەرمانی پێغەمبەرایەتی دا بکات. پێغەمبەریش (ﷺ) بەتوندی لەدەمی دایەوە، زۆری پێ نەچوو هوزە مرد. بەو شێوەیە ئایینی ئیسلام ناوبانگی لەهەموو وڵاتانی ئاوەدانی ئەو دونیایە بڵاوبۆوە، ئەمەش هەر بەفەرمان و یارمەتی خوا بوو، چونکە ئیسلام هەر تەنیا بۆ عەرەب و ناوچەی عەرەب نەهاتبوو، ئەگەر وابایە پێغەمبەر (ﷺ) هەر بەدانیشتوانی نیو دورگەی عەرەب وازی دەهێنا.

ئەوەی شایانی سەرنجە نامە ناردنی پێغەمبەر (ﷺ) کە لەو کاتە بۆ پاشاو میرەکان، کاتێك بوو

کەهێشتا ئیسلام هێزێکی وای پەیدا نەکردبوو، کەبەرامبەر هێزی ئەو دەوڵەتانە ڕابوەستێ، بەڵام ئاشکرایە هەر کارێکی کەپێغەمبەر دەیکرد هەمووی لەکاتێکی دیارکراو بەگوێرەی دەست نیشانی خوابوو، بۆیەش خوا دەیپاراست.

ئەگەر تەماشای وەڵامی پاشاو میرەکان بکەین، دەبینین لەگەڵ ئەوەی هەندێك بەتوندیو هەندێك بەنەرمی وەڵامیان دایەوە، لەهەمان کاتیش جێگای سەرسوڕمانە بۆچی هیچیان بەگژی دانەچوون.

بەڵام هەر خوا دەزانێ چ بۆ پێغەمبەری خۆی ڕێك دەخات. لەوکاتەی کەشای فارس فەرمانی دایە بازان لەیەمەن خوا ماوەی نەداو کوڕەکەی کوشتی، کوڕەکەشی نامەیەکی بەدوانامەکەی باوکیدا هەنارد بەبازانی گوت جارێ واز لەو پیاوە بێنە کەباوکم نامەی بۆ ناردبووی بیهێنێ تاکو خۆم وەڵامت بۆ دەنێرم. لەلایەکی تریشەوە بازانو دانیشتوانی یەمەن موسوڵمان بوون، ڕێگە لەپاشای فارس گیرا ئەگەر نیازی هەبوایە لەشکر لەیەمەنەوە بنێرێتە سەر پێغەمبەر.

بەهەمان شێوە کەحاریسی کوڕی شەمڕ خۆی ئامادە کردلەشکر بێنێتە سەر مەدینە، هەرقەل ڕێگای نەدا، دوایش لەشکری موسوڵمانان لەشەڕی (موئتە) بەرەنگاریان بوون، خوا سەری خستو چاوی حاریسو هەرقەلی پێشکاند.

لەلایەکی تریشەوە ئەو سەردارو پاشایانە، چ گرنگیەکیان بەو مەترسیەی ئیسلام نەدا، چاویشیان لەبیابانی حیجازو نەجد نەبوو، تاکو خۆیان پێوە ماندوو بکەن. ئەوەی لای ئەوان گرنگ بوو وەك کاربەدەستانو سەرۆکایەتی ئیمرۆکە هەر دەسەڵاتو ماڵ پەرستنو ڕابواردنو خۆشی ژیان بوو، دوور کەوتبوونەوە لەڕەوشتو پاكو خاوێنی دڵو دەروونو خواناسین، هەموویان یەکتریان لەناو دەبردو یەکتریان دەبڕاندەوە، تەنیا بۆ پەیداکردنی ناوو ناوبانگو وڵات داگیر کردن. هەر بەناو هەندێ کردەوەی ئاینیان بەجێ دەهێنا کەخەڵکی پێ هەڵبخەڵتێنن لەناو دڵیشیان هیچ باوەڕیان پێی نەبوو، هەروەك دەبین گەلێ لەکاربەدەستانی موسوڵمانانی ئیمڕۆ زۆریان لەگەڵ خەڵك بەشداری لەئاهەنگە ئاینیەکان دەکەنو دەچنە مزگەوتەکانو لەگەڵ خەڵك دا ئەنیشن تاکو تەواو بوونی ئاهەنگەکە، هەندێ قسەی واش دەکەن کە لەئاهەنگەکە بوەشێتەوە، لەدڵیشدا هیچ باوەڕێکیان پێی نیەو ئاینی ئیسلامیش لەناو دڵیان جوولەی نەماوە.

گێڕانەوەی عەمرە (قضاء العمرة)

ساڵ وەرسوڕایەوە، وادەی ئەوەهات کەبەگوێرەی مەسڵەتی حودەیبییە بەخۆ بکەون بچن بۆ مەککە، لەبەرئەوە پێغەمبەر (ﷺ) لەمانگی (ذو القعدة)ی ساڵی حەوتەمی کۆچی بانگی بۆ موسوڵمانان راهێشت، بەخۆ بکەون بچن دووبارە عەمرە بەجێ بێنن. موسوڵمانان زۆر بەگەرمیو بەخۆشیەوە بەپیر ئەو بانگەوازەوە چوون، بەتایبەتی کۆچ کردوان کەحەوت ساڵ بوو لەمەککە دوور کەوتبوونەوە، هەناویان کروزەی لێوە دەهات بۆ دیدەنی کەعبەو مەککە. ئەوجارەیان دوو هەزار کەس ئامادە بوون، شمشێر لەکالان. بەگوێرەی ڕێکەوتنی مەسڵەتی حودەیبییەش نەدەبوایە چەك لەوە زیاتر لەگەڵ خۆیان ببەن. بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) لەناهەمواری قورەیشیەکان ترسا، بۆیەش سەد سواری بەسەرکردەی (موحەممەدی کوڕی سەلەمە) بەچەکێکی زۆرەوە بەرێ کردو فەرمانی پێدا کەلە(مر الظهران) تێنەپەڕێ.

پێغەمبەر (ﷺ) بەسواری حوشترەکەی (قەسوا) لەپێش هەموویانەوە کەوتەڕێ. ئەو دوو هەزار سوارانە ئەو بیابانەیان لەباوەش دەکردو دەڕۆیشتن، تۆز بەری ئاسمانی گرتبوو، فریشتەکان باڵیان بەسەردا شۆڕ کردبوونەوە. قوربانییەکانیان (هدي) بۆ کەعبە پێش خۆیان دابوو، هەمووی بەئەوپەڕی خۆشيو ئامەزرۆییەوە بۆ دیدەنيو سووڕان لەدەوری کەعبە دەڕۆشتن. هەمووی بەئاواتی دیدەنی ئەو شوێنانە بوون کەلێی گەورە ببوونو پێگەیشتبوون ئەو جۆرە خۆشیە بەهیچ خۆشیەکی تر پێوانە ناکرێ، بەتایبەتی ئێستا بەبی ترسو بەبی شەڕ لەخزمەت پێغەمبەر دەڕۆن، هەمووی لەخۆشیان هەر ئەوەتا باڵیان نەدەگرت.

کەقورەیشیەکان پێیان زانی وا پێغەمبەرو موسوڵمانان هاتن، زۆربەیان مەککەیان بەجێهێشتو بەکێوەکانی دەوری مەککەدا هەڵگەڕانو خیوەتیان هەڵداو دانیشتنو کەوتنە سەرە تاتکە کردن. هەروەکو چۆن لەترسی لەشکرەکەی ئەبرەهە هەڵاتنو چوونە سەر کێوەکانو مەککەیان چۆڵ کرد. بەڵام ڕۆیشتنەکەی کاتی ئەبرەهە لەترسی کوشتنو ستەمکاریو تێکدانی کەعبەبوو، بەڵام چۆڵ کردنی ئەوجارەیان لەدڵ ڕەقیو بەدڕەوشتی بوو، چاویان بەرایی نەئەدا موسوڵمانان بەو هێزەوەو بەسەرکردایەتی پێغەمبەر ببینن، بەتایبەتی کەموسوڵمانان ڕێزی کەعبە دەگرنو بەدەوری دا دەسوڕێنو لەخوا دەپاڕێنەوە، بەچاوێکی سووك تەماشای بتەکانیان دەکەن، ئەو موسوڵمانانە هەر

ئەوانە بوون کەکاتی خۆی لەترسی کوشتن بەنهێنی ئەو ناوەیان بەجێهێشت، وا ئێستاش کەس نایێتە پێشیان، ناتوانێ ڕێگەیان لێ بگرێ.

کاتێك کەموسوڵمانان گەیشتنە مەککە، لەلای سەروویەوە شۆڕبوونەوە بۆ کەعبە (عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحە) جڵەوی قەسوای ڕادەکێشاو پێغەمبەری لەسەر بوو، یارە ناودارە گەورەکانی لەدەورە دەڕۆیشتو موسوڵمانەکانی تریش لەپیادەو سوارە بەڕیز لەدواوەی دەڕۆیشتن.

کەکەعبەیان لێ دەرکەوت هەمووی بەدەروونێکی گەرمو چاوێکی بەفرمێسکو گیانێکی پاكو باوەڕێکی بەتین بەیەك دەنگ هاواریان کرد، (لبيك اللهم لبيك، لبيك لاشريك لك، إن الحمد والنعمة لك والملك لاشريك لك) هەموو دۆڵو شیوو کێودەنگی ئەدایەوەو ئەو ناوەی دەهەژاند. دڵی دانیشتوانی مەککە لەسەر کێوەکان هاتە لەرزین گەلێکیان هەستی دەروونیان بزووتو دڵیان بۆ ئایینی پاکی ئیسلام جووڵا.

پێغەمبەر (ﷺ) کەگەیشتە دەوری کەعبە، پەشتەماڵەکەی لابەلا هاوێشتە سەرشانیو شانی ڕاستی ڕووت کردو فەرمووی، خوایە ڕەحم بەو کەسە بکەی کەئیمڕۆ هێزی تێدا دەبینم. ئەوجا بەرامبەر بەردی ڕەش ڕاوەستاو دەستی پیرۆزی پێداهێناو بەگورگە لۆقە (هرولة) کەوتە ڕاکردنو موسوڵمانانیش دەستیان بە بەردی ڕەشداهێناو لەدوای ئەو بەگورگە لۆقەکە کەوتنە سووڕان، تاکو گەیشتنە بەرامبەر کەناری یەمانی، لەوێ دەستیان کردەوە بەڕۆیشتنی ئاسایی، کەگەیشتنەوە بەرامبەر بەردی ڕەش دەستیان بەرەو بەردەکە درێژ کردو دەستیان جوڵاند بەنیازی دەست پێداهێنانیو دیسان کەوتنەوە گورگە لۆقە. بەو شێوەیە سێ جاران لەدەوری کەعبە سووڕان. ئەمەش هەر بۆیە بوو کەهێز پێشانی قوورەیشیەکان بدەن. زۆر لەقورەیشیەکان گوتیان ئێمە وامان دەزانی کەماندو بوونی ڕێگاو تاو لەرزی مەدینە هێزی لێ بڕیون. کەچی ئەوانە لەگەڵێ کەسی تر بەتین ترن.

موسوڵمانان کەبەو ژمارەیە لەدەوری کەعبە دەسوڕانەوە وەك دەستاڕێك خولیان دەدایەوە، ئا لەو کاتە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دایە عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحە کەبەدەنگە بەرزەکەو ئاوازە خۆشەکەی بڵێ (لا إله الله وحده نصر عبده وأعز جنده، وخذل الاحزاب وحده). کەدەستی پێکرد، موسوڵمانان لەگەڵیان دەگێڕایەوە کێوەکاینش دەنگیان، ئەدایەوە، هەندەی تر دڵی بت پەرستانی پێ دەهەژا.

ئەوجا موسوڵمانان چوار سووڕانەکەی تریان بەڕۆیشتنێکی ئاسایی تەواو کردو ڕوویان کردە گردی

سەفاو سەرکەوتنە سەری. ئەوجا دەستیان کرد بەڕۆیشتنن لەناوەندی ڕێگا کەوتنە گورگـە لۆقـێ تـاکو لەناوەڕاست دەرچوون، ئەوجا کەوتنەوە ڕۆیشتنی ئاسایی. حەوت جارانیش لەنێوان سەفاو مەڕوە هاتو چوویان کردو ئەوجا سەریان تاشیو قوربانییەکانیان سەربڕی. بەو شێوەیە بـەجێهێنانی عـەمرە تـەواو بوو.

بۆ بەیانی پێغەمبەر (ﷺ) چووە کەعبەو لەوێ مایەوە تـاکو کـاتی نوێـژی نیـوەڕۆ. هەرچـەندە دەورەی کەعبەش پڕ بوو لەبت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دایە (بیلالی حەبەشی) سەرکەوتە سـەربانی کەعبە، تاکو بانگی نیوەڕۆ بدا. کەبیلال هاواری کرد (الله اکبر) ئـەو نـاوە هـەمووی دەنگـی دایـەوە. قورەیشیەکان زۆریان پێناخۆش بوو، تەنانەت هەندێکیان سەرووچاوی خۆیان داپۆشی نەك گوێیـان لـەو دەنگە ببێو وا دەنگیش ئەداتەوە لەسەر ئەو هەموو بتانەی کەداندرابوونو قورەیشیەکان دەیانپەرستن. هیچ دەنگیان لێوە نەهاتو وەڵامیان نەدایەوەو بەریەرەکانی ئەو دەنگە بکەنو یان بیشێونن!.

لەدوای بانگ پێغەمبەر (ﷺ) پێش نوێژی لەدەورەی کەعبە بۆ ئەو دوو هەزار کەسە کـرد. سـێ ڕۆژانیش لەمـەککە مانەوە، بێ ئەوەی تووشی هیچ ناخۆشیەكو دەست درێژیـەك بـبن. موسـوڵمانەکان وەك لەماڵی خۆیان بن، بەئارەزووی خۆیانو بەبێباکی هاتوچۆیان دەکرد، هەموو نوێژەکانیان بەکۆمـەڵ لەدوای پێغەمبەر دەکرد.

پێغەمبەریش (ﷺ) وەك باوکێکی خۆشەویست لەناویان هاتوچۆی دەکردو قسەی لەگەڵ دەکردن. قورەیشیەکان هەستیان لێرادەگرتنو لەسەر بانو کێوەکان تەماشایان دەکردنو سەرسـامی دایـدەگرتنو لەسەر بانو کێوەکان تەماشایان دەکردنو سەرسامی دایدەگرتن کەدەیاندیت ئەو موسوڵمانانە چـەندیان یەکتر لەلا بەڕێزو خۆشەویستە چـەند بەشـەرم لەگـەل یـەك دەجوولێنـەوە، پێغەمبـەر لـەلایان چـەند خۆشەویستە، بەبێ ئەوەی هیچ ڕەوشـتێکی خراپیـان لـێ ببیـنن. نەخواردنـەوەو نـەقومار، بـەجۆرێك هەستی ورگو نەفس کارێکی نەماوە لەسەریان، تاکو لەفەرمانی خوا خەریکیان بکات.

کەسێ ڕۆژەکە تەواو بوو، بەیانی ڕۆژی چوارەم پێغەمبـەر (ﷺ) لەگـەڵ یـاران لـەدەوری کەعبـە دانیشـتبوون، قوورەیشیەکان (سوهەیلی کوڕی عـەمری حووەیتبی کـوڕی عـەبـدولعوززا)یـان نـاردە لای پێغەمبەر، پێی گوت ئەوا سێ ڕۆژەکە تەواو بوو بەگوێرەی مـەسلەت دەبـێ بـڕۆیو ولاتمـان بـۆ بـەجی بێڵی. سەعدی کوڕی عوبادە لەو قسەیە تووڕە بوو گوتی درۆت کرد ئەوە ولاتی ئێوە نیـە ئێـرە ولاتـی

خوایە. پێغەمبەر (ﷺ) ڕووی تێکردو فەرمووی تاکو ئێستا هیچ شتێکی وا ڕووی نەداوە ببێتە هۆی گرانی ژنەکانتان، چ دەبێ ئەگەر لێمان بگەڕێن خواردن دروست بکەین‌و ئێوەش لەگەڵمان بەشداری بکەن. سوهەیل گوتی ئێمە پێویستیمان بەخواردنی ئێوە نییە. قورەیشییەکان دەیانزانی مانەوەی پێغەمبەر لەو سێ ڕۆژە کارێکی زۆری کردوتە سەر دانیشتوانی مەککە، جا ئەگەر زیاتر بمێنێتەوەو خواردنیان بۆ دروست بکات‌و قسەیان لەگەڵ بکات، ڕاستەقینەی ئیسلامیان بەتەواوی بۆ ڕوون دەکاتەوە، هەمووی ئیسلام دەبن. بەتایبەتی چونکە زۆرترینی خەڵك ئەوکات‌و ئێستاش. لەڕاستەقینەی ئیسلام نەگەیشتوون، بۆیە ڕووی تێناکەن!.

پێغەمبەر (ﷺ) کەدیتی قورەیشییەکان ڕشتن لەسەردەرچوونی نەیویست لەمەرجەکانی مەسڵەت تێپەڕی، بۆیەش فەرمانیدا موسوڵمانان مەککە بەجێبێڵن‌و خۆشی بەپێشیان کەوت‌و بەرەو مەدینە گەڕانەوە.

﴿ شەڕی موئتە ﴾

دوای ئەوەی کەپێغەمبەر (ﷺ) عەمرەی تەواو کردو گەڕایەوە مەدینە. دوای چەند مانگێك چەند کارێکی دڵ تەزێن ڕوویدا. یەکیان ئەوەبوو کەپێغەمبەر (ﷺ) پەنجا کەسی لەیاران ناردە لای بەرەی سولەیم تاکو بانگیان بکەن بۆ سەر ئایینی ئیسلام، بەڵام لەباتی ئەوەی موسوڵمانان بێن زۆر بەداخەوە هەموویان کوشتن، تەنیا سەرۆکەکەیان نەبێت کەبەڕێکەوت دەرباز بوو. هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) پازدە کەسیشی ناردە شوێنێك لەسەر سنووری شام کەپێی دەڵێن (ذات الطلح)، تاکو خەڵکەکە بانگ بکەن بۆ ئیسلام، ئەوانیش بەهەمان شێوە کوژران. ئەو دوو ڕووداوەجەرگبڕەو کوشتنی حاریسی کوڕی عومەیر لەلایەن (شورەحبیلی عەمری غەسسانی) نۆکەری ڕۆمە داگیرکەرەکان، بوو بەهۆی هەناردنی لەشکرێك لەموسوڵمانان بۆ دەوری شام، بۆ تەمبێ کردنی ئەو عارەبە نۆکەرانەی ڕۆم‌و دەرگەی بانگەوازی ئیسلام بکەنەوە، بۆ سەرووی نیمچە دوورگەی عەرەب.

لەمانگی (جیمادی یەکەم)ی ساڵی هەشتەمی کۆچی بەرامبەر ساڵی (٦٢٩)ی زاینی پێغەمبەر (ﷺ) لەشکرێکی گەورەی ئامادە کرد، ژمارەی گەیشتە سێ هەزار کەس. ئەو ژمارەیەش بەگوێرەی

ئەوکاتە گەلیٚ زۆر بوو. (زەیدی کوڕی حاریسە)ی کردە سەر لەشکرو فەرمووی ئەگەر زەید کوژرا (جەعفەری کوڕی ئەبی تالیب) ببێتە سەر لەشکر. ئەگەر جەعفەریش کوژرا (عەبدوڵلای کوڕی ڕەواحە) ببێتە سەر لەشکر[1].

هیچ جارێك پێغەمبەر (لەیەك سەرکردە زیاتری بۆ لەشکر دانەدەنا، بەڵام ئەوجارەیان پێغەمبەر (ﷺ) دەیزانی چ دەقەومیٚ، بۆیە یەك لەدوای یەکی دانان. هەتاکو دەڵێن یەکێك بەعەبدوڵلای کوڕی ڕەواحەی گوت، ئەگەر ئەوە پێغەمبەر بێت تۆ جارێکی تر ناگەڕێیتەوەز ئەویش گوتی هیچ گومانم نیە کە پێغەمبەرە[2].

پێغەمبەرو موسوڵمانان ئەو لەشکرەیان بەڕیٚ کردو دوعایان بۆ کردن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (خوا ئاگادارتان بێت، لەبەلا بەدوورتان بکاتو بەپاکی بگەڕێنەوە)، هەروەها زۆریشی ئامۆژگاری کردن، فەرمووی ژنو منداڵو بیٚ دەسەلاتان مەکوژنو خانوان مەسوتێنو مەیانو ڕوخێنو دار مەبڕن).

موسوڵمان ویستیان بەنهێنی بڕۆنو لەپڕ بەسەر دوژمن دابدەن، هەروەکو هەموو جارێك پێغەمبەر (ﷺ)، کەدەچووە سەر دوژمن نەیدەهێشت پێی بزانن، تاکو لەپڕ هێرشی دەبردنە سەر.

لەشکر گەیشتە شوێنێك پێی دەڵێن (مەعان)، بەبیٚ ئەوەی بزانن تووشی چ دەبن، بەڵام دوژمن لێیان بیٚ ئاگا نەبوو، زوو هەواڵو ناوبانگی وەرگرتن. شورە حبیل لەشکرێکی زۆری لەکۆچەریەکانی عەرەبی مەسیحی کۆکردەوە، هاواریشی بۆ هەرقل نارد. ئەویش ناوبانگی شەڕەکانی موسوڵمانانی بیستبوو، لەترسان لەشکرێکی گەورەی ئامادەکرد، ژمارەیان بەهەردوولا، گەیشتە دووسەد هەزار کەس. موسوڵمانان هەواڵی ئەو لەشکرەگەورەیان پێگەیشت. ماوەی دوو شەوان کۆبوونەوەیان کردو قسەیان لێکردو بیریان کردەوە چ بکەن. هەندێك گوتیان ئێمە بەوەندە هێزەی خۆمان توانای ئەو لەشکرە گەورەیەمان نیە، با وەڵامێك بۆ پێغەمبەر بنێرین، بزانین فەرمانی لەسەر چیە، یا هەندیٚ یارمەتیمان بۆ بنێری.

عەبدوڵلای کوڕی ڕەواحە پیاوێکی زۆر سوارچاكو ئازاو نەترس بوو باوەڕیشی بەخۆ زۆر بەتێن،

---

(١) فتح الباري ٧/٥١٠.

(٢) السيرة النبوية إبن كثير ١٣١/٢ لەبەیهەقی دەگێڕێتەوە.

شاعیریش بوو، لەهەمان کاتیش لەقسەکردن زۆر لێوەشاوە بوو، کەقسەی دەکرد قسەکانی کاریگەر بوون. ڕووی لەیاران کرد گوتی، خەڵکینە ئەوەی ئێستا ئێوە لێی دەترسن کەهەر بۆ ئەوەش ئێوە دەرچوون، (واتە شەهادەت) ئێمە بەهۆی زۆریو کەمیو ژمارە شەڕمان لەگەڵ دوژمنان نەکردەوە، بەژمارەش سەرنەکەوتووین، بەڵکو بەپشتیوانو هێزی ئەو خوایە شەڕمان کردوەو سەرکەوتووین. خوا پایەی ئێمەی بەهۆی ئەو ئایینە بەرزکرۆتەوە، ئەوجا بەرەو پێشەوە، یان شەهادەت، یا سەرکەوتن!.

بەو قسەیە خەڵکەکە دڵو دەروونیان گەرم داهاتو دوو دڵیان نەما ئازایەتیو توانایان هاتە بەر، هەموو بڕیاران دا شەڕ بکەن، ئەوجا ئەنجامەکەی هەر کامێك بێت یەك لەیەك چاکترە.

ئەبو هورەیرە پاش حودەیبیە موسڵمانان ببوو دەگێڕێتەوە، دەڵێ کەچاوم بەو لەشکرە زۆرو پڕ چەكو پۆشتەو زێڕو حەریر لەبەرو وڵاغە زۆرەی ڕۆم کەوت دەتگوت بروسکەیە لەبەرچاوم. (سابیتی کوڕی ئەرقوم) پێی گوتم ئەبو هورەیرە دەڵێی ئەو لەشکرەت بەزۆر دێتە بەرچاو، گوتم بەڵێ، سابیت پێی گوتم تۆ بەشداری شەڕی بەدرت نەکردووە، ئێمە لەشەڕی بەدر بەژمارە سەرنەکەوتین[1]!.

لەشکری موسوڵمانان ڕۆیشت تاکو گەیشتنە (بەلقا)، دوایی چوونە دێی (مەشاریف) لەنزیك شام، لەوێ بەلەشکری ڕۆم گەیشتن، ڕۆمەکان لێیان نزیك بوونەوە، موسوڵمانان لایاندایە شوێنێکی تر پێی دەڵێن (موئتە) ئێستا پێی دەڵێن (کەرك)، چونکە شوێنەکەی لەمەشاریف باشتربوو. لەوێ شەڕ بەگەرمی دەستی پێکرد، لەنێوان دوو سەد هەزار ڕۆمیو سێ هەزار موسوڵمان. لێرەدا ئەگەر بەگوێرەی مەزەندەو لێکدانەوەی مرۆڤ لێکی بدەینەوە، دەبێ پیلی هەر موسوڵمانێك بەدەست شەستو شەش ڕۆمیانەوە بێت!، بەڵام هێزی بیروباوەڕو پشتیوان بەخواو شەڕکردن لەڕێی خوا، کاری خۆی دەکات، موسوڵمان شەڕەکەیان هەمووی هەر خۆبەخت کردنو لەخۆبووردن بوو، ئازایەتی شتێکی وا نیە مرۆڤ دەستی بداتیو هەڵیبگرێ، بەڵکو لەخۆبووردنو هومێد بەپشتیوانێکی وا ترست نیە ڕەنجت بەخەسار بدات. خاوەنی بیروباوەڕی تەواو ترس لەناو مێشکیان نامێنێ، مردنو کوشتن لەلایان لەو جۆرە ڕێگایانە بەختەوەریو شادیە، بەو هۆیە بەئاواتی شەهادەت دەگەن. بەڵام شەڕکەرانی ڕۆمەکان،

---

(١) زاد المعاد ٣/٣٨٢.

بۆ ئافەرین‌و خەڵاتکردنێك بوو لەلایەن سەردارەکانیان پێیان بدرێت[1]، لەهەمان کاتیش خۆبەخت کردن‌و ڕاوەستان‌و تاودانی سەردارانی ئیسلام لەگۆڕەپانی شەڕ هەندەی تر وەرەی موسوڵمانانی بەرز دەکردەوە.

(زەیدی کوڕی حاریسە) ئاڵای بڵند کردو تاویدایە دوژمن، بەهەموو باوەڕیەوە، ئاواتی ئەوەبوویگاتە پلەی شەهادەت تەنیا هەر لەو جۆرە ڕۆژەو لەو جۆرە کارە خواناسان پێی دەگەن.

بەهەموو توانای شەڕی کرد، دەتگوت شێرە لەبیشەران تاودەدات، بەدەیان تیرو ڕمبی لەبۆ دەچوو، پەکی پێ نەدەکەوت تاکو شەهید کرا. ئەوجا جەعفەری کوڕی ئەبو تالیب ئاڵاکەی هەڵگرت‌و تاوی دایە دوژمن‌و ریزی ڕۆمەکانی لەت دەکرد. جەعفەر لەئەوپەری هێزو توانای گەنجیەتی بوو، تەمەنی سی ساڵ بوو.

بەڵام ڕۆمەکان توانیان دەورەی بگرن. وڵاغەکەیان ڕاگرت، ئەویش چارەی نەما لێی دابەزی‌و کەوتە شەڕ لەگەڵیان دەستی ڕاستەیان لەت کرد، ئاڵاکەی بەدەستی چەپی هەڵگرت، کەئەویشیان لەت کرد ئاڵاکەی هاوێشتە سەر سینگی، ئەوجا شەهیدیان کرد. تەنانەت دەڵێن یەکێ لەڕۆمەکان گەیشتە سەری شمشێرێکی لێدا کردیە دوولەت.

ئەوجا عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحە ئاڵاکەی هەڵگرت‌و لەسەر وڵاغەکەیەوە هەڵمەتی برد، کەهەستی بەتەنگاوی کرد، دوو دڵیەکی لێ پەیدابوو، بەڵام تانەتی لەخۆی داو کەوتەوە شەڕ ئەویش شەهید کار. دوای ئەو (سابیتی کوڕی ئەرقوم) ئاڵاکەی هەڵگرتەوەو هاواری کرد گوتی ئەی موسوڵمانینە، یەکێك لەخۆتان دیار بکەن ئاڵاکە هەڵبگرێ. گوتیان هەر بەخۆت هەڵیبگرە. ئەویش هەستی کرد کەلەو بەتواناتر هەیە بۆ ئەو پایە، ئاڵاکەی دایە دەست خالیدی کوڕی وەلید. خالید گوتی تۆ شایستەی‌تری‌چونکە بەتەمەن لەمن گەورەتری‌و بەشداری شەڕی بەدرت کردوە. سابیت گوتی لێم وەربگرە هەر بۆ تۆم هەڵگرتۆتەوە. ئەوجا خالید لێی وەرگرت.

لێرەدا دڵسۆزی‌و لەخۆبووردەیی موسوڵمانانت دێتە بەرچاو، هەریەکە ئەویتری لەخۆی بۆ سەر لەشکری بەشایستەتر دەزانی، خالید هەرچەندە یەکەم شەڕی بوو لەناو موسوڵمانان، بەڵام پیاوێکی زۆر

---

(١) فتح الباري لشرح صحيح البخاري ٧/٥١٥.

ئازاو لێزان بوو لەشەڕ کردنو سەرداریەتی لەشکر. لەئەنەسی کوڕی مالیك دەگێڕنەوە دەڵێ کە(زەیدو جەعفەرو عەبدوڵلای کوڕی ڕەواحە) شەهید بوون. پێغەمبەر (ﷺ) لەکاتی شەهید بوونیان خوا ئاگاداری کرد، پێش ئەوەی هیچ وەڵامێکی بۆ بێت لەمزگەوت بەخەڵکی مەدینەی ڕاگەیاند. فەرمووی زەید بەیداغی هەڵگرتو شەڕی کردو شەهید بوو، ئەوجا جەعفەر هەڵیگرتو شەهید بوو، دوایی عەبدوڵلای کوڕی ڕەواحە هەڵیگرت، ئەویش شەهیدبوو! پێغەمبەر (ﷺ) زۆری پەرۆش بوونو فرمێسکی لەچاو هاتە خوار. نوێژی لەسەر کردنو داوای لەموسوڵمانان کرد دوعایان بۆ بکەن، ئەوجا فەرمووی وا ئێستا شەڕ گەرم بوو، شمشێرێك لەشمشێرەکانی خوا بەیداغەکەی هەڵگرتو سەرکەوتن[1] فەرمووشی هەرسێکیان بەرزبوونەوە بۆ بەهەشت، شوێنی عەبدوڵلای کوڕی ڕەواحە لەچاو شوێنی ئەوانی تر نزمتر بوو، چونکە ئەو لەیەکەمتاودانی دودڵیەکی هاتە ناو دڵ. خالید لەشەڕ زور زانا بوو، یەکەم کاری کردی لەشکرەکەی دەستە ڕاستو دەستە چەپو پێشەوەی گۆڕیو هەریەکەی بردە شوێنی ئەوەی تر. ڕۆمەکانی بەوە دەسخەڕۆ داو شەڕێکی باشیان کرد، خوا شترسێکی زۆری هاوێشتە ناو دڵی ڕۆمەکان، بەزۆری لەشەڕەکە هەڵدەهاتنو گەلێکیشیان لێ کوژرا.

کاتێك شەو داهات هەردوولا ڕاوەستان کەوتنە حەسانەوە. هەر بەو شەوە خالید ژمارەیەکی زۆری لە لەشکرەکەی نارده دواوە. بەیانی بەڕێزێکی دوورو درێژەوە بەپانایی ڕێگە کەبەغاردان هاتنەوەو کردیانە توزوو گەردەلوول.

ڕۆمەکان وایان دیت زۆر ترسانو وایان زانی موسوڵمانان یارمەتیان بۆ هات، بیریان کردەوە، گوتیان موسوڵمانان بەبێ یارمەتی ئەو شەڕەیان کردو شپرزەیان کردین، ئەدی لەگەڵ ئەو یارمەتیە دەبێ چ بکەن. لەبەرئەوە ڕۆمەکان چیتر هێرشیان نەهێنا بۆ موسوڵمانان، زۆریشیان پێخۆش بوو موسوڵمانانیش هێرشیان نەبرد. خالید فەرمانی داو گەڕانەوە. ڕۆمەکانیش نەیانوێرا بچنە دوویان

(١) فتح الباري ٥١٥/٧ و بوخاري ٤١٣/٧، ئەمەش وا دەگەیەنێ کەموسوڵمانانی خاوەن باوەڕ، نابێ لەڕێبازی ئیسلامەتی دوو دڵی بکەنو لەمردن بترسن، دەبێ لەکاتی شەڕ درێغی نەکەنو گیانی خۆیان بارینە سەر دەست، هەر هێزێك هاتە پێشیان هێرشی بەنەسەر، یا سەردەکەون یا شەهید دەبن. ژیانێك بەترسنۆکیو خۆلادان لەگۆڕەپانی بەرزیەتی، هەردەم سەرشۆڕیو مردنە. ئەوجا ئەگەر دوو دڵیەك لەعەبدوڵلای کوڕی ڕەواحەی هەرە دڵسۆزی موسوڵمان ببێتە هۆی پایەکی نزمتر لەچاو هاوڕێکانی، ئەدی ئەوانەی خۆیانو وڵاتیان بۆ ماڵو سامانو کورسیو دەسەڵات دەفرۆشن، دەبێ ڕۆژی قیامەت چیان بەسەر بێت.

مەبادا فێڵێك بێت لەگەڵیان بكەن. بەو جۆرە خالید موسوڵمانانی لەو لەشكرە زۆرو بەهێزی ڕۆم دەربازكرد، موسوڵمانانیش توانیان كوشتارێكی باشیان لێ بكەن.

(بوخاری) دەگێڕێتەوە دەڵێ ئەو ڕۆژە خالید نۆ شمشێری لەدەست شكا، لەدوایی شمشێرێكی یەمانی كەوتە دەست ئەویان نەشكا[1]. جا ئەگەر یەكێك نۆ شمشێری لەدەست شكابێ دەبێ چەند كەسی كوشتبێ!. موسوڵمانانیش تەنیا دوازدە كەسیان لێ شەهید بوو. كاتێك گەیشتنەوە مەدینە، موسوڵمانانی مەدینەو پێغەمبەر (ﷺ) بەپیریانەوە چوون پێشوازیەكی باشیان لێ كردن، بەڵام هەندێك لەموسوڵمانان پێیان خۆش نەبوو بەبێ گرتنی شوێنێكو بێ دیلو دەست كەوت گەڕانەوە. بۆیە هەندێكیان لەگەڵ هەرزە كاران خۆڵیان پێدا دەكردنو پێیان دەگوتن ئێوە بەزیونو هەڵاتون!. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لیسوا بفرارین بل كرارون) واتە، ئەوانە هەڵاتوو نین، هێرش بەرنو بۆ لای من هاتوونەوەو دەگەڕێنەوە. ئەو قسانەش باوەڕی بەهێزی هەرزەكاران دەردەخات كەچەند بەپەرۆشو دڵسۆز نەترس بوون بەرامبەر دوژمن.

پێغەمبەر (ﷺ) زۆری سوو لەشەهیدەكان بۆوە، لەو ڕۆژەی جەعفەرو عەبدوڵڵا شەهید بوون، بۆ دڵدانەوەیان چووە ماڵەكانیان. لە(ئەسمای كچی عومەیس)ی خێزانی جەعفەر دەگێڕنەوە، دەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) لەو ڕۆژی بەسەرهاتەكەی زانی هاتە لامان منیش لەو كاتە نانم كردبوو و منداڵەكانم شوشتبوو. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی منداڵەكانی جەعفەرم بۆ بێنە، منیش هەموو منداڵەكانم بۆ بردو ئەویش بۆنی كردنو ماچی كردن. منیش گوتم لەجێی دایكمو باوكم، چ شتێك ڕوویداوە لەبابەت جەعفەرو هاوڕێكانی؟ فەرمووی ئیمڕۆ شەهیدكران. دەڵێ منیش كەوتمە گریانو هاوار پێغەمبەر ڕۆیشت.

عەبدوڵڵای كوڕی جەعفەر دەگێڕێتەوەو دەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (نان بۆ ماڵی جەعفەر دروست بكەن، ئەوەی بەسەریان هاتووە لەنان دروست كردن خەریكی كردوونە)[2].

عەبدوڵڵا دەڵێ دوای سێ ڕۆژان پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوە لامان فەرمووی چیتر بۆ جەعفەری برام

---

(١) فتح الباري لشرح صحيح البخاري ٥١٥/٧.

٢) هەر بەگوێرەی ئەو فەرموودەیە موسوڵمانان بۆ خاوەن مردوو چێشت دروست دەكەن.

مەگرین، فەرمووی کوڕەکانم بۆ بێنن. کەئێمەیان بردە لای، فەرمووی سەرتاشم بۆ بانگ بکەن، سەرتاش هات سەری تاشینو ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) کەوتە دڵ دانەوەمان. فەرمووی موحەممەد بەئەبو تالیبی مامم دەچێت، بەڵام عەبدوڵڵا خووڕەوشتی هەر بەخۆم دەچێت. ئەوجا دەستی گرتمو لەخۆی نزیك کردمەوە، فەرمووی خوایە بەرەکەت باوێیتە کڕینو فرۆشتنی. سێ جاران دووبارەی کردەوە. عەبدوڵڵا دەڵێ دایکم گوتی منداڵەکان زۆر وردن. فەرمووی لەهەژاری لێیان دەترسی؟ من خاوەنیانم لەدونیاو لەقیامەت[1].

﴿ شەڕی ذات السلاسل ﴾

شەڕی موئتە شەڕێکی زۆر گەرمو خوێناوی بوو، موسوڵمانان زۆر بەئارەزوو پەرۆشەوە چاوەڕێ بوون، جارێکی تر لەسەر سنوور بەرەنگاری عارەبە نۆکەرەکانی ڕۆم ببنەوە، تاوەکو چاوشکاویان بکەن. لەبەرئەوە پێغەمبەر (ﷺ) لەشکرێکی بەسەرکردایەتی (عەمری کوڕی عاس) هەناردە سەر تیرەکانی (بەلی)و (عوزرە)و (بەلقین)و (تەی). عەمر هەرچەندە تازە موسوڵمان ببوو، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ئەو ریزەی لێنا لەبەرئەوەی زۆر شارەزای ئەو ناوچەیە بوو، دایکی لەبەرەی بەلی بوو زۆریش زاناو تێگەیشتوو بوو.

عەمر کەگەیشتە سنوور لەشکرەکەی لەچاو دوژمن بەکەم هاتە بەرچاو، لەبەرئەوە وەلامی بۆ پێغەمبەر هەنارد کەیارمەتیان بۆ بنێری، لەو ماوەیەش تاکو یارمەتیان پێدەگات، چوونە سەر ئاوێك پێی دەڵێن (ذات السلاسل).

پێغەمبەریش (ﷺ) لەشکرێکی لەکۆچ کردووان بەسەرکردەی (ئەبو عوبەیدەی جەراح) هەنارد، ئەبوبەکرو عومەریشیان لەگەڵ بوو. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێدان، بەئەبو عوبەیدەی گوت (لەگەڵ یەك تەبابن، تێك مەچوون) کەئەوانە گەیشتنە لای عەمر. عەمر بەئەبو عوبەیدەی گوت، ئێوە بۆ پشتیوانی من هاتوونو هەرخۆم سەر لەشکرم. ئەبو عوبەیدەش پیاوێکی باشو بی هەواو فیزبوو گەلێ

(١) السیرة النبویة لابن کثیر ١٤٢/٢ وفقه السریة ٣٩٢ ئەویش لەئیمام ئەحمەد ژمارە (٧٥٠) دەگێڕێتەوە.

نەرمو لەسەرەخۆ بوو، گوێی لەوە نەبوو کەسەر لەشکرەیان سەربازە، فەرمانی پێغەمبەری لەلا گەورەتر بوو لەپلەو پایە.

لێرەدا ئەگەر تەماشای ئەو لەشکرە بکەین کەبۆ یارمەتی عەمر چوو بوو، هەموویان لەچاکترینی موسوڵمانان بوون، لەسەرەوەی هەموویان ئەبوبەکرو عومەربوون، هیچیان گوێیان بەپلەو پایە نەدا، فەرمانی پێغەمبەر لەهەموو شتێك گەورەتر بوو لەلایان. موسوڵمانەتی ئاواتی هەرە بەرزیان بوو، ڕۆشنایی باوەڕی ئیسلام دا لێ وا پاك کرد بوونەوە چاوچنۆکیو ڕکابەری لەناو دەروونیان نەمابوو، گوێیان بەگەورەییو بچووکی نەئەدا، ماوەی بیست ساڵ بوو لەقوتابخانەی ئیسلام پێگەیشتبوون، هەرچەندە حەزیشیان دەکرد کەئەوان کاریان پێ بسپێردرێ بەڵام دەبێ ڕێگاش بدەن بۆ چینی نوی ئەوانیش کاربکەنو لەناو کۆمەڵی موسوڵمانان بتاوێنەوە، بۆیە ماوەی دوو ساڵان توانیان ئەو کۆمەڵە زۆرەی موسوڵمانان بەخۆیان بگرنو ببنە یەك پارچەو بێ ئەوەی بەربەرەکانیو ناخۆشی پەیدا ببێ لەسەر دەسەڵاتو گەورەیی. ئەبوبەکرو عومەر بوونە سەربازێك لەژێر فەرمانی عەمر تاماوەیەکی کەم پێش ئەوسا هەوڵی نەمانی موسوڵمانانی ئەدا، کەس نەیتوانی بڵێ ئەو کابرایە تا دوێنێ بت پەرستێك بوو، چۆن دەبێ ئێستا ببێتە سەر کردەی موسوڵمانان!؟.

پێشەوایەکی لێهاتووی وەك پێغەمبەر لەگۆڕەپان بێت ئەوان چاو نابڕنە گەورەیی. ئەبو عوبەیدە کە لەیەکەمەکانی قوتابخانەی ئیسلام بوو، بەعەمری گوت ئەگەر تۆ بەقسەم نەکەی من بەقسەت دەکەم. عەمر گوتی من خۆم سەرلەشکرم تۆ لەژێر فەرماندەی منی، ئەبو عوبەیدە گوتی باوا بێ.

عەمر پێش نوێژی بۆ لەشکرەکە کردو فەرمانیدا کەوتنە دوای ئەو هۆزانە، هەموویان هەڵاتن. دەگەیشتە هەر شوێنێك کەسی لەپێش نەبوو، پرسیاری لەکەسانێك دەکرد، ئەوانە چیان بەسەرهات، دەیان گوت لەترسی ئێوە هەڵاتوون، وای لێهات ناوبانگیان لەناو ئەو هۆزانە بڵاوبۆوەو هەمووی مەترسیان نیشتە سەر، بەجۆرێك هیچ شەڕێکیان تووش نەبوو.

تەنیا لەدوایی تووشی کۆمەڵێك بوونو کەوتنە تیربارانی یەکتری، موسوڵمانان بەیەکجار هەڵیان کوتایە سەریان کۆمەڵەکە هەڵاتن. ماوەی چەند ڕۆژان موسوڵمانان لەو ناوە مانەوەو چیتریان تووش نەبوو و گەڕانەوە.

عەمر پیاوێکی زۆر زیرەكو تێگەیشتبوو بوو. بەیانیەك لەخەو ڕاست بۆوە ناتەواو بوو، لەترسی

سەرما بوون‌و نەخۆشی نەیوێرا خۆی لەو دەشتە بەئاوی سارد بشوا ناچار تەیەمومی کردو پێش نوێژی بۆ موسوڵمانان کرد. ئەوانیش زۆریان لا ناخۆشبوو، لەبەرئەوە ئەو قسەیان بەپێغەمبەر ڕاگەیاند. پێغەمبەر (ﷺ) بانگی کردو لێی پرسی ڕاستە تۆ بەبێ دەست نوێژ، پێش نوێژیت بۆ لەشکرکردووە؟ ئەویش گوتی ئەی پێغەمبەری خوا، لەترسی سەرما نەموێرا خۆم بشۆم، نەوەك نەخۆش ببم، تەیەمومم کردو نوێژەکەم کرد، خواش فەرموویەتی (ولاتقتلوا أنفسكم إن الله كان بكم رحيما)[1] واتە: خۆتان مەکوژن خوا خاوەن سۆزو بەزەوییە بۆتان. پێغەمبەر (ﷺ) پێکەنی‌و هیچ دەنگی لەگەڵ نەکرد.

ئەمەش بوو بەیاسایەك ئەگەر موسوڵمانان لەنەخۆشی ترسان، دەتوانن لەباتی خۆشوشتن تەیەموم بکەن‌و نوێژی خۆیان بکەن، خۆیان تووشی نەخۆشی‌و ئازار نەکەن[2].

﴿ گرتنی مەککە ﴾

پاش شەڕی موئتەو سەلاسیل موسوڵمانان زۆر دڵخۆش بوون، توانیان بەهۆی ئازایەتی‌و خۆبەخت کردنی سەربازەکان‌و دانایی‌و زیرەکی سەرکردەکانیان بەلەشکرێکی بچووکەوە لەشکری ڕۆم‌و عارەبەکانی سەر سنوور بترسێنن، لەو سەردەمەشدا دەوڵەتی ڕۆم کەوتبوە بێهێزی‌و دەست کورتی‌و گیروگرفتی ئابووری. تەنانەت مووچەی لەشکرەکەی بەتەواوی پێ نەدەدرا، بۆیە عەرەبەکان دڵیان لەڕۆمەکان ساردببوو و هومێدیان بەموسوڵمانان پەیدا کردبوو. گەلێکیان موسوڵمان بوون، یەك لەوانە (عەباسی کوڕی میرداس) لەبەرەی (سولەیم)، لەبەرەی (عەبەس‌و زیبان‌و فەزازەش) گەلێکیان موسوڵمان بوون.

بەڵام قورەیشییەکان بەشەڕی موئتە زۆر دڵخۆش ببوون، وایان بیردەکردەوە دوژمنایەتی کەوتە نێوان موسوڵمانان‌و ڕۆم، تازە لەکۆڵ یەك نابنەوە. واش تێگەیشتبوون موسوڵمانان لەشەڕی موئتە بەزیون‌و

---

(١) النساء:٢٩.

(٢) زۆر کەسی موسوڵمان ئاگایان لەو ڕێگەیە نیەو بەڕۆژانی ساردی زستانان بەتایبەت لەلادێیەکان، دەچنە ناو ڕووبارو قوڵەتینەکانی ناو مزگەوتەکان، خۆیان لەناو هەڵدەکێشن، زۆریان تووشی نەخۆشی دەبن!.

هێزو توانایان نەماوە بۆیە سەبارەت بەدوژمنایەتی موسوڵمانان هەر لەسەر ڕەوشتە ناپەسەندەکەی جارانیان ڕۆیشتن، هیچ شتێکیان لەکردەوەکانی پێشووی خۆیان نەگۆڕی‌و هاوپەیمانەکانیشیان وایان ئەزانی موسوڵمانان تازە ناتوانن دەست هەڵێنن، بەرامبەر هیچ لایەك، بۆیەش هەر بەچاوی پێش مەسلەتی حودەیبییەیان تەماشا دەکردن. هۆزی بەرەی بەکریش هاوپەیمانانی قورەیش بوون، ئەوانیش بەهەمان چاو تەماشای موسوڵمانانیان دەکرد، بەهەلیان زانی تاکو کۆنە غەرەزی خۆیان بەهۆزی خوزاعەدا برێژن، ئەوانیش هاوپەیمانی پێغەمبەر بوون. بەرەی بەکر داوایان لەقورەیش کرد بەچەك‌و بەپیاو یارمەتیان بدەن، ئەوانیش چەند پیاوێکیان بۆ ناردن.

لەوانە (سەفوانی کوڕی ئومەییە)و (حووەیتبی کوڕی عەبدولعوززا)و (موکریزی کوڕی حەفس)و لەگەڵ چەکێکی زۆریش. بەرەی بەکر لەپڕ هێرشیان بردە سەر بەرەی خوزاعە، لەشوێنێك پێی دەڵێن (وەتیر) بیست کەسیان لێکوشتن. خوزاعە چاریان نەما خۆیان گەیاندە کەعبە، لەوێش لێیان نەگەڕان هەندێکیان بە(نەوفەلی کوڕی موعاویە)ی سەرۆکیان گوت، ئێمە وا لەناو کەعبە شەڕیان لەگەڵ دەکەین، پێویستە خوات لەبیر بێت لێرە شەڕ نەکەین. نەوفەل گوتی ئیمڕۆکە خوا نییە، تۆڵەی خۆتان بکەنەوە. هەندی لەبەرەی خوازعە هاواریان بردە بەر (بودەیلی کوڕی وەرقا)، کەچۆن بەرەی بەکر بەیارمەتی قورەیشیەکان مەرجەکانی حودەیبییەیان شکاند. لەهەمان کاتیش (عەمری کوڕی سالمیش) خۆی گەیاندە مەدینە، چووە لای پێغەمبەرو باسی ئەو دەست درێژییەی بەرەی بەکری بۆ کردو گەلێ هەڵبەست‌و هۆنراوەی بۆ گوت‌و داوای یارمەتی لێ کرد. پێغەمبەریش (ﷺ) هیچ هەراسانیەکی وای پێشان نەدا، نەك هەست بکات کەنیازی تۆڵەسەندنەوەی لەقورەیش هەیەو بڵاوی بکاتەوە. واشی نەکرد کەناهومێد ببێ‌و بەدڵ ساردی بگەڕێتەوە، چونکە ئەگەر هاوپەیمان زانی لەسەر ناێینە وەڵام چارەی نامێنێ خۆی‌بەلایەکی تر هەڵدەواسی. پێغەمبەر (ﷺ) هەر ئەوەندەی پێگوت (ئەی عەمری کوڕی سالم یارمەتی دەدرێی). ئەوەندەش بەسە پێغەمبەرێك بیڵێ:

لەدوای عەمریش (بودەیلی کوڕی وەرقا) لەگەڵ چەند کەسێك چووە لای پێغەمبەر بەسەرهاتەکەیان بۆ گێڕایەوە. پێغەمبەریش (ﷺ) زۆر دڵگیر بوو، بەڵام شتێکی وای لەلا نەدرکاندن کەبەتەمایە هیچ بکات.

لەولاشەوە سەردارانی قورەیش بیریان کردەوەو هەستیان کرد کەکارێکی ناڕێکیان کردووە، کەوا

مەرجی مەسلەتی حودەیبییەیان شکاند. ئەوەندەش بەسە بۆ هەڵوەشانی مەسلەتەکەو پێغەمبەریش (ﷺ) مافی ئەوەی هەیە چیتر پەیوەندی بەمەسلەتەکەوە نەکات. بۆیە ویستیان شتێکی وا بکەن پێغەمبەر (ﷺ) ئەو دەست درێژەییان بەخاڵێکی گەورە لەسەر نەژمێرێو شەڕیان لەگەڵ نەکا بۆ تۆڵە وەرگرتنەوەی بەرەی خوزاعە.

ئیتر هەستان (ئەبو سوفیانی) سەرۆکی قورەیشیان نارده مەدینە، بۆ لای پێغەمبەر، ئەو ئەبو سوفیانەی لەهەموو شەڕەکانی دژ بەئیسلام سەرلەشکر بوو و هەوڵی کوشتنی پێغەمبەری ئەدا. ئەبو سوفیان لەڕێگا تووشی بودەیلی کوڕی وەرقا بوو، زۆر ترسا کە لەمەدینە هاتبێتەوەو کارەکەی بۆ پێغەمبەر گێڕابێتەوە. لێی پرسی گوتی لەکوێ دێیتەوە.

بودەیل نەیویست پێی بڵێ، گوتی لەکارێکی خۆم بووم. بەڵام ئەبو سوفیان پێی باوەڕ نەکرد. لەڕێگا قشپلی حوشترەکانی ورد دەکرد، دیتی ناوکە خورمای مەدینەی تێدایە، بەوە زانی کەچوویتە مەدینەو هەموو شتێکی بەپێغەمبەر ڕاگەیاندوە. لەبەرئەوە کەچووە مەدینە یەکسەر نەچووە لای پێغەمبەر، بەڵکو چووە لای کچەکەی خۆی (ئوم حەبیبە) کەخێزانی پێغەمبەر بوو، بەڵکو بەهۆی خزمایەتی دەگاتە ئامانج. بەڵام ئوم حەبیبەی موسوڵمانو خواناس خزمایەتی کاری تێنەکرد. ئەبو سوفیان کەچووە ماڵەوە ویستی لەسەر ڕایەخەکانی پێغەمبەر دابنیشێ ئوم حەبیبە، خێرا ڕایەخەکەی پێچایەوەو هەڵیگرتو نەیهێشت باوکی لەسەری دابنیشی، ئەبو سوفیان گوتی کچی خۆم بۆ هەڵتگرت؟ ئایا لەبەرئەوە بوو منت بەکەمتر زانیلەسەر ئەو ڕایەخە دابنیشم، یان نەتویست دابنیشم؟ ئوم حەبیبە ڕاست بەباوکی گوت، نابێ تۆ لەسەر جێگای پێغەمبەر دابنیشی، تۆ پیاوێکی بت پەرستو پیسی. ئەبو سوفیان گوتی وەڵلاهی ڕۆڵە تۆ لەدوای من تووشی خراپە هاتووی، بەتووڕەیی چووە دەرەوەو چووە لای پێغەمبەر.

بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) هیچ گرنگیەکی پێ نەدا. ئەبو سوفیان پێی گوت من لەکاتی پەیمان بەستنە کەلەوێ نەبووم، حەز دەکەین مەسلەتەکە نوێ بکەینەوەو مەرجی بەتێن تر دابنێینو ماوەکەشی زیاد بکەین. پێغەمبەر (ﷺ) بەهێواشیو بەبێ تووڕەیی فەرمووی هەر بۆ ئەوە هاتووی؟ گوتی بەڵێ. پێغەمبەر فەرمووی چ لەلایەن ئێوە ڕووی داوە؟ ئەبو سوفیان گوتی ناخوا نەخواستە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئێمە لەسەر پەیمانەکەو ماوەکەی دەمێنین.

ئەبو سوفیان چارەی نەماو چووە لای ئەبوبەکر سدیق‌و داوای لیٚ کرد، لەلای پێغەمبەر قسەی بۆ بکات. بەڵام ئەبوبەکر گوێی نەدایێ. ئەوجارە چووە لای عومەری کوڕی خەتاب. عومەر بەباوەڕە بەتێنەکەی گوتی من تکات بۆ بکەم لەلای پێغەمبەر!! وەڵڵا ئەگەر هیچم بەدەست نەکەویٚ مێروڵەم بەدەست کەویٚ پێتان دائەدەم.

ئەوجا ئەبو سوفیان چووە لای عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب‌و فاتیمەش لەویٚ بوو، ئەوکاتیش حەسەن منداڵ بوو بەعەلی گوت تۆ بەخزمایەتی لەهەموویان لەمن نزیکتری، من بۆ کارێك هاتوومە بابەدەستی بەتاڵ نەگەڕێمەوە، تکام بۆ بکەلەلای پێغەمبەر. عەلی گوتی بەخوا پێغەمبەر بڕیارێك بدات ئێمە هیچمان ناتوانیٚ قسەی تێدا بکەین!. ئەوجا ئەبو سوفیان ڕووی لەفاتیمە کرد، گوتی ئەی کچی پێغەمبەر، ئایا ناتوانی بەحەسەنی کوڕت بڵێی چاکە لەگەڵ خەڵك بکات، وای لیٚ دێت دەبێتە سەرداری هەموو کەس هەتاکو ئەو دونیایە ماوە. فاتیمە گوتی وەڵڵا کوڕی من هێشتا منداڵە وای لیٚ نەهاتووە بکەوێتە نێوان خەڵکی، کەسیش ناتوانیٚ لەلای پێغەمبەر هیچ بکات. ئەبو سوفیان ڕووی کردەوە عەلی‌و گوتی من وەك تەماشا دەکەم کارەکەم لێگران بووە، ڕێگایەکم بۆ دانانێی؟ عەلی گوتی تۆ گەورەی بەرەی کینانەی، بچۆ مزگەوت داوای پەنابەری لەخەڵك بکەو بگەڕێوە بۆ مەککە، لەوەش زیاتر چ ڕێگەیەکی تر شك نابەم.

ئەوجا ئەبو سوفیان چارەی نەماو چووە مزگەوت‌و لەویٚ دەری خست کەخۆی خستووتە پەنای ئەو خەڵکەو سواری حوشترەکەی بوو، بەدڵێکی تەنگ‌و غەمناکەوە، کەهەرگیز خۆی ئەوها بیٚ نرخ‌و بیٚ دەسەڵات نەدتیبوو بەسەرشۆڕی گەڕایەوە مەککە. لەویٚ بەسەرهاتەکەی بۆ قورەیشیەکان گێڕایەوە، ئەوانیش پێیان گوت چوونەکەت بۆ مەدینە چ کەڵکی نەبووە، گاڵتەیان پێکردووی[1]. قورەیش کەوتنە بیرکردنەوەو پیلان دانان. بەڵام پێغەمبەر ماوەی نەدان بەخۆیکەون‌و بەوە رابگەن شەڕ بکەن، بڕیاریدا کەلەپڕ بەسەریان دا بدات‌و بەبیٚ شەڕ مەککە بگریٚ.

ئیتر فەرمانی دایە موسوڵمانان بەخۆ بکەون بۆ کارێکی گەورە، بەماڵەوەشی گوت کەلوپەلی بۆ

---

(١) ئەمەش پیشەی هەموو بیٚ باوەڕێکە لەسەر ئەو زەویە، کەترسیان لیٚ پەیدا بوو شەرم ناکەن لەپاڕانەوەو بادانەوەو دەست ماچ کردن، دەچن بۆ ماڵە دوژمنانیان، بەهەر ڕێگایەك بێت دەیانەویٚ بگەنە خاوەن دەسەڵات، کاری خۆیان چاك بکەن.

ئامادە بکەن. ئەبوبەکر چووە لای عائیشەی کچی، کەدیتی وا کەلوپەل ئامادە دەکات، لێی پرسی گوتی ڕۆڵە پێغەمبەر فەرمانی پێدایی کەلوپەلی بۆ ئامادە بکەی؟ گوتی بەڵێ: ئەبوبەکریش گوتی پێی نەگوتی بۆ کوێ؟ گوتی نەخێر.

دوایی پێغەمبەر (ﷺ) بەخەڵکەکەی ڕاگەیاند کەدەچنە مەککە، دوعاشی کرد گوتی (خودایە دەنگو باس لەقورەیشیان ببڕی، تاکو لەپڕ بەسەریان دادەدەین). بەڵام لەو کاتە ناسکەی پێغەمبەر (ﷺ) دەیویست بڕوات، یەکێك لەیارەکان ناوی (حاتیب کوڕی بەلتەعە) بوو هەستە بێ هێزەکەو لایەنە سستەکەی بزوت لەبەر خۆشەویستی ماڵو منداڵو خزمەکانی ویستی پەیوەندیەکی چاکەو خۆشەویستی لەگەڵ قوڕەیش پەیدا بکات. ئیتر نامەیەکی بۆ نوسین، پێغەمبەر بەتەمایە بەسەرتاندا بدات. لەودەمەش ژنێکی قورەیشی بت پەرست بەجاسوسی هاتبووە مەدینە، بۆ ئەوەی بەسەر هەڵوێستی موسوڵمانان بوەستێو بچێتەوە مەککە بۆیان بگێڕێتەوە. حاتیبیش نامەکەی دایە ئەو ژنە، ژنەکەش بەرەو مەککە ڕۆیشت، خواش ئاگاداری هەموو کردەوەی ئاشکراو نهێنیە، پێغەمبەری خۆی ئاگادار کرد.

عەلی کوڕی ئەبی تالیب دەگێڕێتەوە دەڵێ: (پێغەمبەر (ﷺ) بانگی کردمو فەرمووی لەگەڵ زوبەیری کوڕی عەوامو میقداد بەخێرایی بڕۆن، لەڕێگا بەژنێك دەگەن، نامەیەکی پێیە لێی بستێنن). عەلی دەڵێ: (سواری ولاغان بووینو زۆر بەخێرایی ڕۆیشتین تاکو لەشوێنێك پێی دەڵێن (حولەیفە) بەژنەکە گەیشتینو ڕامان گرت. داوامان لێکرد نامەکەمان بداتێ، کەچی دانی پێدا نەینا. چار نەما لەحوشترەکە دامان بەزاندو هەموو کەلو پەلەکانمان پشکنیو نامەکەمان نەدۆزیەوە. منیش بەژنەکەم گوت پێغەمبەری خوا درۆ ناکات، یان نامەکەمان بدەرێ یان ڕووتو قووتت دەکەینەوە. ژنەکە تەنگاو بوو ترسا، چارەی نەما ڕووی لەولا کردو لەژێر چارۆگەکەیەوە دەستی درێژ کردو نامەکەی لەناو کەزیەکانی هێنایە دەرو لێمان وەرگرتو گەڕاینەوە)[1].

پێغەمبەر (ﷺ) تەماشای کرد حاتیب نوسیویەتی، بانگی کردو لەلای کۆمەڵێك یاران لێی پرسی ئەوە چیە؟ ئەویش گوتی ئەی پێغەمبەری خوا پەلەم لێ مەکە، من کابرایەکم خۆم بەقورەیشەوە

(١) سەحیحی بوخاری دار النشر الریاض لاپەڕە ٨٧٨ ژمارە ٤٢٧٤.

نابوو لەوانیش نەبووم من زۆر بێکەسم لەناویان، بەڵام ئەو کۆچ کردەوانەی تر کە لەگەڵتن هەر یەکە خزمایەتیەکیان لەگەڵ قورەیش هەیە، تاکو ماڵو منداڵیان بپارێزن. منیش ویستم بەو هۆیەوە ماڵو منداڵم بپارێزم، هیچیش لەبەر بێ باوەڕیو هەڵگەڕانەوەم نیە لەئیسلام، هیچ باوەڕیم بەبت پەرستان نیە، پێغەمبەریش (ﷺ) بەو دڵە فرەوانەی لەمەبەستی کابرا گەیشت، ویستی لەو هەرزەلینەو لەو هەڵەیە راستی بکاتەوە. بەتایبەتی کەنامەکەش گەڕایەوە، نەشی ویست کەس لەقەی لێبدا، بۆیەش فەرمووی ئەو پیاوە ڕاستی پێگوتینو درۆی لەگەڵ نەکردین، ئێوەش چاك بڵێن. عومەری کوڕی خەتاب خۆی پێڕانەگیراو گوتی ئەی پێغەمبەری خوا ماوەم بدە تاکو ملی بپەڕێنم، ئەوە ناپاکی لەگەڵ پێغەمبەر کردوە، ئەوە دووڕوە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەوە لەو کەسانە نیە ناپاکی بکاتو دوو ڕوو بێت، ئەوە بەشداری شەڕی بەدری کردوە، بەڵکو خوا ئەوانەی ئاگادار کردوە، فەرموویەتی چی دەتانەوێ بیکەن بەهەشت هەر بۆ ئێوەیە، یا فەرموویەتی لێتان خۆشبووم).

ئەمەش وا دەگەیەنێ یەکێك کردەوەی وا گەورەی وەك بەشداربوون لەشەڕی بەدری هەبووبێ، خوا لەهەڵەی وا لێیان دەبوورێ. عومەر چاوەکانی پڕ لەفرمێسك بوو، گوتی خواو پێغەمبەر زاناترن بەکردەوان. بەڵام ئەو هەڵەیە بەکردەوەیەکی گەورە ژماردرا لەسەر حاتیب، خوا فەرمانی نارد کەجارێکی تر نابێ ئەوە دووبارە بکرێتەوە، کەدەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاء تُلْقُونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ وَقَدْ كَفَرُوا بِمَا جَاءكُم مِّنَ الْحَقِّ يُخْرِجُونَ الرَّسُولَ وَإِيَّاكُمْ أَن تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ رَبِّكُمْ إِن كُنتُمْ خَرَجْتُمْ جِهَادًا فِي سَبِيلِي وَابْتِغَاء مَرْضَاتِي تُسِرُّونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ وَأَنَا أَعْلَمُ بِمَا أَخْفَيْتُمْ وَمَا أَعْلَنتُمْ وَمَن يَفْعَلْهُ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاء السَّبِيلِ﴾[1].

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هەیە، دوژمنی منو دوژمنی خۆتان مەکەنە گەورەو هاوڕێو دڵسۆزی خۆتان، ئەوانە باوەڕیان بەو ڕاستیە نیە کەبۆتان هاتووە، ئەوانە ئێوەو پێغەمبەری خوایان دەرکرد، هەر لەبەر ئەوەبوو کەباوەڕتان بەخوا هێنا، ئەوجا ئەگەر ئێوە بۆ خواو لەڕێی خواو ڕەزامەندی خوا دەرچوون، ئەوانە دوژمنی منو ئێوەن، لەپەناوەو بەنهێنی وا دەرمەخەن کەخۆشتان دەوێن. هەرکەسێ وا بکاتو نهێنی پێغەمبەریان بۆ دەربخات، دیارە ئەو کەسە ڕێگەی خوای بزرکردوە،

(١) الممتحنة:١.

ئەو بت پەرستو بێباوەڕانە ئەگەر دەسەلاتیان بەسەرتاندا بشکێ نەدەست نە زمانیان بەچاکە لەگەڵتان بەکارناهێنن، دەتانکوژنو جنێوتان پێ ئەدەن.

لەگەڵ ئەوەی کەحاتیب ئەو نامەیەی ناردبوو، پێغەمبەر ویستی موسولمانان فێریکات چاکەی پێشووی کەس لەبیر نەکەن، چونکە حاتیب لەشەڕی بەدر بەشداری کرد بوو، زۆر هەڵوێستی تریشی هەبوو، کەدڵسۆزی بۆ خواو پێغەمبەر تێدا دیار بوو، ناپاکی لەحاتیب دەرنەکەوت، نامەکەشی لەنەزانینەوە بوو[١].

﴿ ئامادەبوونی لەشکرو بەڕێکەوتنی بەرەو مەککە ﴾

موسولمانان لەهەموو ڕاستان بەهەزاران هاتنو لەو لەشکرە مەزنە بەشداریان کرد، تیرەکانی سولەیمو غەتفانو موزەینە، کۆچ کردوانو یاریدەدەرانیش هیچیان دوانەکەوتن، ژمارەیان گەیشتە دە هەزار کەس. لەڕۆژی بیستی ڕەمەزان ئەو لەشکرە بەڕێ کەوت، چ جارێکیش لەشکری موسولمانان نەگەیشتبووە ئەو ژمارەیە. پێغەمبەر (ﷺ) (کەلسومی کوڕی عەتەبەی غەفاری) کردە گەورەی مەدینە لەدوای خۆی. ئەو لەشکرە وەك کەشتی کەوتە بیابانی حیجاز، هەمووی پڕ هەست پڕ باوەڕ، هێزێك نەبو بەرامبەر ئەو هێزە بوەستێ، بەلام پێغەمبەر (ﷺ) هەمو ئاواتی ئەوە بوو خوێن نەڕژێو دانیشتوانی مەککە بەبێ شەڕ موسولمان بن، چونکە باوەڕ بەهێمنی باشتر لەناو دڵ دەچەسپێ، لەوەی بەزەبری شەڕ بێت، لەبەرئەوە نەیویست کەس بزانێ بۆ کوێ دەچنو چ دەکەن.

لەشکر گەیشتە شوێنێك پێی دەڵێن (مر الظهران) قورەیش هێشتا پێی نەزانیبوو، هەر لەبیرکردنەوە بوون، چ لەگەڵ پێغمبەر بکەن، لەوکاتە (عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیب) لەمەککەوە

---

(١) ئەو کارەی حاتیبیش بوو بەخێرێکی گەورە بۆ موسولمانان، کەلەدوای هاتنی ئەو ئایەتەکەس شتی وای لێ ڕوونەدا، ئێستاش لەسەر هەموو موسولمانان پێویستە قەت بت پەرستو بێباوەڕانو مەسیحی بەدڵسۆز نەزانن، بەلام بەداخەوە لەسەردەمی ئیمڕۆ زۆر خۆشیان بەموسولمان دەزانن، ئاورووپای مەسیحیو ئەمەریکاییان دەکەنە پشتیوان، وا بیردەکەنەوە کەئەوانە بەزەییان بەمرۆڤایەتی دادێتو لەسەر خەلك دێنە وەلام، نازانن ئەوانە هەر بۆ بەرژەوەندی خۆیان پیلانو ئاژاوە دەنێنەوەو بۆ تێکدان دێنە ناو کاروباری میللەتان.

لەگەڵ ماڵو منداڵی بەرەو مەدینە هات، لەڕێگا بەپێغەمبەر گەیشت. دوای ئەویش (ئەبو سوفیانی کوڕی حاریسی کوڕی عەبدولموتەلیب) لەگەڵ (عەبدوڵلای کوڕی باوکی ئومەییە)ی پورزای پێغەمبەر ئەو دووانەی کەزۆریان ئازاری پێغەمبەر دابوون هەردووکیان هاتن‌و ویستیان بچنە لای پێغەمبەر بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) کردەوە ناپاکەکەیانی بەبیر هاتەوە ڕێگای نەدان. چاریان نەما چوونە لای عەلی کوڕی ئەبی تالیب ئەویش بەئەبو سوفیانی ئامۆزای گوت برۆ لەپێشەوە بەرەو ڕووی بچۆو خۆتی پیشان بدەو ئەو ئایەتەی بۆ بلێ کەکاتی خۆی براکانی یوسف پێغەمبەر پاش ناسینەوەو شەرمەزار بوون‌و پێیان گوت ﴿ لَقَدْ آثَرَكَ اللَّهُ عَلَيْنَا وَإِن كُنَّا لَخَاطِئِينَ ﴾[1] واتە: خوا ڕێزی تۆی لەئێمە زیاتر گرت‌و ئێمە خەتابار بووین. عەلی گوتی ئەو کاتە کەواتان گوت پێغەمبەر (ﷺ) بەڕەوشتی خۆی نایەوێ کەس قسەی لەو باشتری پێ بلێ، وەلامێکی باشترتان ئەداتەوە. ئەوانیش بەقسەکەی عەلیان کردو ئەوها بۆی چوون پێشەوە قسەکەیان پێگوت. پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ﴿قَالَ لاَ تَثْرَيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ يَغْفِرُ اللَّهُ لَكُمْ وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ﴾[2] واتە: ئیمڕۆکە گلەیی‌و سزاتان لەسەر نیە، خوا لەگوناهتان خۆش دەبێ‌ن خوا بەزەیی لەهەموو کەس زیاترە.

ئەوجا ئەبو سوفیان چەند هۆنراوەیەکی بۆ گوت، وای ڕایگەیاند گوتی ڕێ نیشاندەرێك ڕێی نیشاندام بۆ ڕێگەی خواو بۆ لای ئەو کەسەی بەریەرەکانیم کردو خراپەم لەگەڵ کردو خۆم لێدابڕی پێغەمبەریش (ﷺ) دەستێکی لەسینگی داو فەرمووی هەر تۆ خۆت لەمن دابڕی.

لەشکر لە(مر الظهران) خیوەتی هەڵداو کەوتنە ئاگر کردنەوەو نان دروست کردن، قورەیش هێشتا بەهاتنی ئەو لەشکرەی نەدەزانی. عەباسی مامی پێغەمبەر چاوی بەو لەشکرە کەوت، گوتی ئەی هاوار بەیانی دانیشتوانی مەککەچیان بەسەر دێت ئەگەر ئەو لەشکرە بەشەڕ چووە ناو شاری مەککە! خزم‌و کەسانم هەموویان دەفەوتێن، بەتایبەتی ئەو لەشکرە زۆری داخدار تێدایە، کەداخی خۆیان پێدابڕێژن، لەبەر ئەوە ویستی شتێکی وا بکا قورەیش باوەڕ بێنێ‌و شەڕ نەکەن‌و لەفەوتان دەربازبن.

بەگورجی هەستا سواری هێسترە سپیەکەی پێغەمبەر بوو، بەرەو مەککە ڕۆیشت بەو نیازەکەسێك ببینی قورەیش بەو کارە ئاگادار بکات، قورەیشیەکانیش هەستیان بەترسناکی کرد، لەبەرئەوە ئەبو

---

(١) يوسف: ٩١.

(٢) يوسف: ٩٢.

سوفیانی سەرۆکیان لەگەڵ بودەیلی کوڕی وەرقاو حەکیمی کوڕی خوزام ناردە دەرەوەی مەککە، بۆ ئەوەی هەست ڕابگرن بەڵکو دەنگو باسێکیان لەخەڵك دەست دەکەوێو بۆیان بێننەوە، لەو کاتەی عەباس دەڕۆیشت گوێی لەدەنگی ئەبو سوفیان بوو، بەهاوڕێکانی دەگوت، قەت وەك ئەو شەوەم ئاگرو سەرباز نەدیوە. بودەیل گوتی وەڵلا ئەوە خوزاعەیە ئەوانەی بۆ شەڕ کۆکرۆتەوە. ئەبو سوفیان گوتی خوزاعە لەو توانایە نییە، ئەو هەموو ئاگرو سەربازەی هەبێ.

عەباس ئەبو سوفیانی بەدەنگەکەی ناسیو بانگی کرد، گوتی باوکی (حەنزەلە) (ئەوە نازناوی بوو)، ئەویش دەنگی عەبباسی ناسی گوتی (باوکی فەزل). عەباس گوتی بەڵێ، ئەبو سوفیان گوتی دایكو باوکم بەقوربانت بێت چ دەکەی لێرە؟ عەبباس پێی گوت ماڵ وێران ئەوە موحەممەدە بەو هەموو لەشکرەوە هاتووە، قوڕ بەسەر قورەیش، بەیانی بچێتە مەککە. ئەبو سوفیان گوتی دایكو باوکم بەقوربانت بێت ئەوجا چارمان چییە؟ عەباس گوتی وەڵلاهی بکەویە دەستیان سەرت دەپەڕێنن، وەرە لەدواوەم سواری ئەو هێسترە ببە، تاکو بتبەمە لای پێغەمبەرو پەنات بدەم.

ئەبو سوفیان لەگەڵی سوار بوو، دوانەکەی تریشی ناردەوە مەککە. عەباس دەڵێ بەلای هەر ئاگرێکدا دەڕۆیشتن موسوڵمانان چاویان بەهێسترەکە دەکەوت، دەیانگوت ئەوە هێسترەکەی پێغەمبەرەو مامی پێغەمبەر لەسەریەتی. بەڵام کەبەلای ئاگری عومەری کوڕی خەتابدا ڕۆیشتین، عومەر ناسینیو گوتی ئەوە ئەبو سوفیانە دوژمنی خوا، سوپاس بۆ ئەو خوایە بەبێ مەرج کەوتە دەستمان. بەخێرایی چووە ناو خیوەتەکەی پێغەمبەرو منیش هێسترەکەم تەنگاوکرد، پێش عومەر بگەمە لای پێغەمبەر، بەڵام هەردووکمان پێکەوە گەیشتین.

عومەر گوتی ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە ئەبو سوفیانە دوژمنی خوایە سوپاس بۆ خوا کەبەبێ مەرجو پەیمان کەوتۆتە دەستمان، ماوەم بدە سەری بپەڕێنم. منیش گوتم ئەوە پەنای بۆ من هێناوە، بەڵام من دەزانم ئەگەر لەبەرەی عەدی کوڕی کەعب بوایە وات نەدەگوت، دەزانی لەبەرەی عەبدی مەنافە بۆیە وا دەڵێی. عومەر گوتی لەسەرخۆ بە عەبباس، وەڵلاهی ئەو ڕۆژەی تۆ ئیسلام بووی ئەگەر خەتاب موسوڵمان بوو با هەر ئەوەندە دڵخۆش دەبووم.

پێغەمبەر (ﷺ) بەعەباسی گوت ئیمشەو بیبەرە لای خۆت، سبەی لەگەڵ خۆتی بێنە. ئەبو سوفیان ئەو شەوەی لەلای عەباس بەڕێ کردو خۆی زۆر بەبێ دەسەڵاتی دیت. بۆ بەیانی عەباس

بردیەوە لای پێغەمبەرو دانیشتن. ئەو ئەبو سوفیانەی ماوەی بیست ساڵان دوژمنایەتیەکی بێ دریغی لەگەڵ پێغەمبەر کردو ئێستاش بەبێ دەسەلاتی لەلای پێغەمبەر دانیشتووە. ئەو پێغەمبەرە دەیتوانی هەر پەنجە بجولێنێ سەری لەلەشی جیابکەنەوە، بەلام پێغەمبەر زاناودووربینو خواناسو دڵ نەرمو لێزانە، خوا هەموو شتێکی بۆ روون دەکاتەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) رووی لەئەبو سوفیان کرد فەرمووی کاتی ئەوە هاتووە دڵت نەرم بێت، باوەڕ بەخوای تاكو تەنیا بێنی؟ ئەبو سوفیان گوتی، لەجێی دایكو باوكم چەند دڵنەرمو هێمنو خۆگرو بەرێزو خزم دۆستت دەبینم، ئەگەر بیرم لەچ خوای تر بکردبایەوە، یارمەتیەکم لێ وەردەگرتن.

ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی، ئەدی کاتی ئەوە نەهاتوە باوەڕبێنی من پێغەمبەری خوام. گوتی لەجێی دایكو باوكم چەند هێمنو خۆگرو بەرێزو خزم دۆستی، هێشتاش دوو دڵیەکم لەناو دەروونددا ماوە. ئەوجا عەبباس هاتە ناو قسەکەو رووی لەئەبو سوفیان کرد گوتی خێرا باوەڕ بێنە تاکو لەگەردەنت نەدراوە. ئەوجا بەتەواوی شادەی هێناو موسوڵمان بوو، هەرکەسێکیش بەتەواوی دانی بەخوای تاكو تەنیاو پێغەمبەر هێنا، بەموسوڵمان دادەنرێ، با هێشتا باوەڕی تەواوی لەناو دڵ نەچەسپا بێ، باوەڕو بەکردەوەو بەردەوام بوون لەسەر خواپەرستی لەناو دڵ دەچەسپێ. بۆیە کەعارەبەکان بەپێغەمبەریان گوت باوەڕمان هێناوە خواش بەپێغەمبەری فەرموو، ﴿قَالَتِ الْأَعْرَابُ آمَنَّا قُل لَّمْ تُؤْمِنُوا وَلَكِن قُولُوا أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يَدْخُلِ الْإِيمَانُ فِي قُلُوبِكُمْ وَإِن تُطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ لَا يَلِتْكُم مِّنْ أَعْمَالِكُمْ شَيْئًا إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾[1] واتە: عارەبەکانی بیابان گوتیان باوەڕمان هێنا، ئەی موحەممەد پێیان بڵێ باوەڕتان نەهێناوە، بەلام بڵێن موسوڵمان بووین، کەباوەڕی تەواو لەناو دڵتان چەسپا، ئەوجا بڵێن باوەڕمان هێناوە.

عەبباس رووی لەپێغەمبەر کرد، گوتی ئەی پێغەمبەری خوا ئەبو سوفیان پیاوێکە حەز لەگەورەیی دەکاو لەخۆی رازیە، حەز دەکەم پایەیێکی بۆ دیاربکەی. پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی هەر کەسێکی بچێتە ماڵی ئەبو سوفیان با لەخۆی دڵنیا بێت. هەرکەسێکی چووە کەعبە با لەخۆی دڵنیا بێت. هەر

---

(١) الحجرات:١٤.

کەسێکی لەماڵی خۆی دانیشتو دەرگەی لەسەر خۆی داخست با دڵنیابێت[1]. تەنیا چەند کەسێك نەبێ کەزۆر تاوانباران بوونو بەنابەجێی زۆریان ئازاری موسوڵمانان دابوو، موسوڵمانانیان کوشتبوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەوانە ئەگەر خۆیان بەدیواری کەعبەشەوە هەڵواسی بیانکوژن. بەڵام لەدواییش زۆریان تکایان بۆ کراو تۆبەیان کردو لێیان خۆش بوو.

بەهاتنی ئەبو سوفیان موژدەی خۆ بەدەستەوەدانی مەککە درا، خوا ویستی بەبێ شەڕ بگیرێ.

ئەبو سوفیان سەرۆکی هەموو قوڕەیش بوو، هەرکاتێك سەرۆك گیرا یا نەما یا مەسڵەتی کرد، شەڕ لەگۆڕی نامێنێ، لەشکرەکەشی ورە بەردەداو خۆی بەدەستەوە دەدات. بەڵام لەهەمان کاتیش پێغەمبەر (ﷺ) پشتی لێ نەکردەوەو لەدوژمن دڵنیا نەبوو، وازی لەرێکخستنی لەشکرەکەی نەهێنا، بڵێ خوا یاریکاری کردینو سەرکەوتین، چونکە سەرکەوتنو دەربازبوون قەت نایێتە دەستو خواش یارمەتی نادات، ئەگەر مرۆڤ هەموو پێویستیەکانی کار جێبەجێ نەکاتو بۆی ئامادە نەبێت. لەوەی ئەو زەمینە دامەزراوە هەموو کارێك بەرێکخەرو پێویستیەکانیەوە هاتۆتە بەرهەم، هیچ کارێك لەخۆیەوە نەهاتۆتە دەستی ئادەمیزاد، ئەگەر کارێکی تەواو ماندوو بوونێکی تەواویان نەکردبێ. گەلێ کەسی تەمبەڵو بێتواناو ڕووخاوو خاوو بێ ورەو ناهومێد لەکەناری ماڵو مزگەوت دادەنیشن، دەڵێن بەتەمای خوا، هەر خوا خۆی جێبەجێی دەکات، هەوڵی ئێمە هیچ کار ناکاتە سەر ڕووداوان، ئەوەی خوا کردبێتی هەردەبێ ئاگایان لەفەرموودەی خوا نییە، کەلەقورئان فەرمووی ﴿وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلَّا مَا سَعَى *وَأَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ يُرَى﴾[2] واتە: ئادەمیزاد دەبێ لەهەموو کاری هەوڵ بدات، مرۆڤ هەوڵدانی لەسەرە، بەرهەمی هەوڵەکەشی دێتە دی، نابێ دەستەوەستان دابنیشێ بڵێ خوا بۆم دەکات.

﴿ بۆ ناو مەککە ﴾

پێغەمبەر (ﷺ)کەوتە ئامادەبوونو ڕێکخستن بۆ چوونە ناو مەککە، پێش هەموو شتێك فەرمانی دایە عەبباسی مامی ئەبو سوفیان لەگەڵ خۆی بباتە (خطم الجبل) لەزار گەلیەی ئەو لەشکرانەی پێدا

---

(١) فقة السيرة ئەویش لەمسلم ١٧٢/٥ والسيرة لابن كثير ١٧٩/٢ لە ابن اسحاق دەگێڕێتەوە.

(٢) النجم: ٣٩ -٤٠.

دەروات ڕایبگرێ، تاکو هەموو لەشکرەکان تێدەپەڕن، ئەوەك بیر لەبەرگری بکاتەوەو بزانێ، ئەو لەشکرە هیچ هێزێك ناتوانێ بەرامبەری ڕابوەستێ‌و بەچاوی خۆی ببینێ هێزی ئیسلام چۆن پەرەی ستاندووەو ئەو کۆچ کردوانەو هەژارو دەرکراوانەی مەککە چۆن گۆڕان‌و بوونەتە ئەو هێزە مەزنە!، هەروەها تاکو پەندی لێ وەربگرێ‌و باوەڕی پی بەتین بیت[1].

عەبباس دەڵێ چووینە(خطم الجبل) لەوی ئەبو سوفیانم ڕاگرت. لەشکرە کە دەستی بەهاتن کرد، هەر تیپە کەبەخۆی‌و ئاڵاکەی تێدەپەڕێ، ئەبو سوفیان گوتی ئەوە هی کێیە؟ منیش گوتم ئەوە هی بەرەی سولەیمە، ئەویش گوتی من کارم بەوانە نیە. تیپێکی، تر تێپەڕی گوتی ئەوە هی کێیە؟ گوتم ئەوە هی موزەینەیە، گوتی کارم بەوانە نیە، بەو جۆرە تاکو لەشکری هەموو هۆزەکان تێپەڕین، ئەوجا لەشکری پێغەمبەر لەکۆچ کردوان‌و یاریدەدەران بە بەرگی سەوزیانەوە تیپەڕین، هەر چاویان دیاربوو!.

ئەبو سوفیان گوتی (سبحان الله) عەبباس ئەوانە کێن؟ گوتم ئەوە پێغەمبەری خوایە لەگەڵ کۆچ کردوان‌و یاریدەدەران. گوتی کەس توانای نیە پێش لەوانە بگرێ، بەو خوایە برازاکەت هێزو دەسەڵات‌و ماڵ‌و سامانێکی زۆر گەورەی هەیە.

عەبباس دەڵێ گوتم ئەوە دەسەڵات سامان‌و هێز نیە، ئەوە پێغەمبەرایەتیە، ئەوەی تۆ دەیڵێی کاتی خۆی ئێوە ویستتان بیدەنێ، بەڵام بەهیچی نەزانی‌و خستیە ژێر پێی خۆی‌و لەبەر ئازاری ئێوە هەراسان ببوو و واتان لێکرد کۆچ بکات، چونکە پێغەمبەرایەتی بەگەورەیی‌و ماڵ سامانی ئێوە نەگۆڕیەوە. ئەوە پێغەمبەرایەتیە.

(خوا ئەو قسانەی خستە سەر زمانی عەبباس بە ئەبو سوفیان بڵێ تاکو زەمین ماوە ببێتە کوتەکێك بۆ دەمی ئەو کەسانەی کەدەڵێن موحەممەد مەبەستی سەرۆکایەتی‌و سەرداریەتی‌و ماڵ‌و سامان بوو. خوا وای کرد کەپێشانی بدات پێغەمبەر (ﷺ) بۆ گەیاندنی بەرنامەی خوا هەناردراوە، نەك بۆ دامەزراندنی پاشایەتی بۆ خۆی‌و کەس‌وکاری لەدوای خۆی). ئەوجا ئەبو سوفیان بەسەرسامی‌و ترسێکی زۆرەوە ڕۆیشت بۆ ناو مەککەو باوەڕی هێنا، کەهێزێکی وا هاتووە بۆ گرتنی مەککە هەموو شتێك ڕادەماڵێ، هیچ بەرگریەکی لەگەڵ ناکرێ.

---

(١) سەحیحی بوخاری دار النشر الرياض لاپەڕە ٨٨٠ ژمارە ٤٢٨٠.

دانیشتوانی مەککەش هەموویان لەدەوری سەرۆکەکانیان کۆببونـەوە، تەماشـای ئـەو لەشکرەیان دەکرد کەلەدوورەوە شەپۆلی دەدا. قورەیشیەکان بەنیاز بوون شەڕیان لەگەڵ بکەن، بەڵام کاتێك گوێیـان لەئەبو سوفیانی سەرۆکیان بوو، بەهەموو دەنگیەوە هاواری کرد، ئەی هۆزی قورەیش ئەوە موحەممـەدە بەو هێزەوە هاتۆتە سەرمان کەس توانای ڕاوەستانی نیە بەرامبـەری. هەرکەسـێ بـچێتە مـاڵی ئـەبو سوفیان با لەخۆی دڵنیا بێت. کەهیندی ژنی ئەبوسوفیان گوێی لێبـوو، پـەلاماری ئـەبو سـوفیانی داو سمێڵەکەی ڕاکێشاو گوتی ئەو ورگ ئەستوورە بکوژن. دەك عەمرت نەمێنی چ پێشەوایەکی. بەڵام ئەبو سوفیان گوێی نەدایێو گوتی ئاگادارین بەو قسەیە هەڵمەخەڵەتێن. ئێمە توانای ئەو لەشـکرەمان نیـە، هەرکەسێ بچێتە ماڵی من با لەخۆی دڵنیا بیت. هیند گوتی خوا بتکوژێ ماڵەکەت جێگای نابێتەوە.

ئەبو سوفیان گوتی هەرکەسێك لەماڵی خـۆی دەرگـای لەسـەر خـۆی داخـست، بـا دڵنیـا بێـتو هەرکەسێ بچێتە کەعبە با لەخۆی دڵنیابێت.

خەڵکەکە هەمووی پەرتەیان لێ کـرد، هەرکەسـە چـووە یـەکێك لـەو جێگایانـە، ئـەو پیاوانـەی کەبەخۆیان دەگوت پاڵەوانی زەمانە، هەمووی وەك جورجو مشکان، چوونە پەنا دەرگان.

بەو شێوەیە مەککە جوولەو هەستی لێبڕا، باڵی شـۆڕکردەوە بـۆ بەسـەرهاتی داهـاتووی و کەوتـە چاوەڕێ، ئایا چ بڕیارێکی بۆ دەدرێ؟ ئەو حاڵەش هەمـوو کات هەروەها بووە هێزی ناپـاكو سـتەمکار هێزی ڕاستەقینەی لێ دەرکەوت، خۆی لەبەر ناگرێ، ڕۆشنایی هات تاریکایی خـۆی نـاگرێ، خـواریو ستەم کاری دەڕوخێ با ماوەیەکیش فەرمانڕەوایی بکات.

ئا لەو کاتە ئەو سوپایە بەهێزە کەوتـە خـشین. پێغەمبـەر (ﷺ) لەپێشەوە بەسـواری (قەسـوا) دەڕۆیی، کەگەیشتە ئەو شوێنەی کەپێی دەڵـێن (ذی طـوی) لەخۆشـی ئـەو پاداشـەی کـەخوا پێیـدا، دەرگەی مەککەی بەبێ خوێن ڕشتن بۆ کرایەوە، هەڵوەستەیەکی کردو کەوتە خوێندنی سورەتی (فـەتح) ئایەتەکانی دووبارە دەکردەوە. دڵو گیانی پاکی لەگەڵ تێکەڵ ببـوو، بـەدڵو بـەزمان سوپاسـی خـوای دەکردو کڕنووشی دەبرد، زۆری نەمابوو ناوچەوانی بەقەر پووزی زینی وولاغەکەیەوە بنووسێ. ئەمـەش ڕەوشتی پێغەمبەرانە، کەگەیشتنە ئەوپەڕی دەسەلاتو بڵندی ئەوەندە زیاتر سوپاسی خوا دەکەن. نـەك وەکو ئەو سەرداره خوا نەناسانەی شوێنێك دەگرن، لەخۆیان بایی دەبن، هەواو فیزیان هەندەی تـر بڵنـد دەکەن، سەرو قەپۆزیان قیت دەکەنەوە، هەر ئەوەتا بەرپێی خۆیـان دەبیـنن و نـابینن و دەسـت دەکـەن

بەخراپەو کوشتار.

پێغەمبەر (ﷺ) لەشکرەکەی کردە، تیپ تیپ، پێی گوتن شەڕ نەکەن، مەگەر ناچار بکرێن. تیپی یەکەم بەفەرماندەی (زوبەیری کوڕی عەوام) لەلای چەپی لەشکر داناو فەرمانی پێدا لەلای سەرەوە بچێتە ناو مەککە، تیپی دووەم بەفەرماندەی (خالیدی کوڕی وەلید) لەلای ڕاستی لەشکرەکەی داناو فەرمانی پێدا لەخوارەوە بچێتە ناو مەککە. تیپی سێیەم بەفەرماندەی (سەعدی کوڕی عوبادە)و فەرمانی پێدا لەلای ڕۆژئاوای مەککەوە بچێتە ناو مەککە، تیپی چوارەم بەسەرکردایەتی (ئەبا عوبەیدەی جەراح) کەهەموویان لەکۆچ کردوان بوون فەرمانی پێدان کەلەسەرەوە لەهیزای کێوی هیند بچێتە ناو مەککە.

لەشکر بەرێك‌و پێکی شۆڕ بوونەوە ناو شار، (سەعدی کوڕی عوبادە) جەورو ستەمکاری قوڕەیشی بەبیر هاتەوە، لەکاتی خۆی چیان بەموسوڵمانان کردبوو، دەیانویست لەسەر زەوی نەیانهێڵن. لەبەرئەوە دەماری تۆڵەستاندنەوەی هەڵستاو گوتی ئیمڕۆ ڕۆژی بەرەنگاربوونە، ئیمڕۆ ڕێزو سنوور هەڵدەگیرێ، یەکێك گوێی لەو قسەیە بوو بەخێرایی بەپێغەمبەری ڕاگەیاندەوە. پێغەمبەریش (ﷺ) لەو قسەیە زۆر دڵگیر بوو، فەرمووی ئیمڕۆ ڕۆژێکە ڕۆژی بەزەیی‌و لێبوردنە، ڕۆژێکە خوا پایەی کەعبەو قوڕەیشی گەورە کردووە. فەرمانیدا بەخێرایی ئاڵاکەیان لەدەستی سەعد وەرگرت‌و دایانە دەست (قەیسی کوڕی سەعد)، قەیس پیاوێکی لەسەرەخۆبوو. بەو کردەوەیە پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگای شەڕی لەسەعد گرت‌و لەهەمان کاتیش ئاڵاکەش هەر بەدەست بەرەی سەعد مایەوە پێی دڵگیر نەبوون.

ئەو لەشکرە چووە ناو مەککە، بەبێ ئەوەی تووشی هیچ بەرگریەك ببێت، تەنیا خالیدی کوڕی وەلید نەبێ خوا ویستی بەرەو ڕووی ئەو هاوڕێیانەی بکاتەوە، کاتی خۆی داوای لێکردن لەگەڵی بچن بۆ مەدینە موسڵمان بن. هەر ئەوانەش بوون یارمەتی بەرەی بەکریان دابوو، لەدژی خوزاعەی هاوپەیمانی پێغەمبەر، ئەو کۆمەڵە بەسەرۆکایەتی (سەفوانی کوڕی ئومەییە)و (سوهەیلی کوڕی عەمر)لەشوێنێك کۆبوونەوە کەپێی دەڵێن (خەندەمە) پێیان خۆش نەبوو، ئەوها خۆیان بەدەستەوە بدەن یەك، لەقوڕەیشیەکان ناوی (حەماسی کوڕی خالید) بوو، پێشی شەڕەکە بەژنەکەی گوت، چەکم بۆ ئامادە بکە تاکو شەڕ لەگەڵ موسوڵمانان بکەم. ژنەکەش گوتی کەس دەروەستی موحەممەد نایێت، حەماس پێی گوت هومێدەوارم هەندی لەو موسڵمانانە بکەمە نۆکەرانت. بەڵام خالیدو لەشکرەکەی

توانیان بەدەمێك ئەو كۆمەڵە پەرت‌و بڵاوكەنەوەو هەژدەكەسیان لیَ كوشتن. هەندێك دەڵێن یازدە كەس كوژرا. دوو كەسیش لەموسڵمانان كوژرا، ئەو دوو موسڵمانانەش ڕێگایان هەڵە كردبوو كەوتنـە دەست دوژمن. حەماسیش كەبەژنەكەی گوتبوو هەندێك لەو موسوڵمانانە دەكەمە نۆكەرانت، بەپڕە پـڕ خـۆی گەیاندەوە ماڵەوە، بەژنەكەی گوت دەرگام لەسەر داخە ژنەكەی پێی گـوت ئـەی دوێنـی چیت گـوت، ئەویش بەو بەندانە وەڵامی دایەوەو گوتی:

ئەگەر لەویَ بای ڕۆژی خەندەمە دەتبینی سەفوان لەگەڵ عیكریمە

چۆن هەڵدەهاتن ئەوان لەوەدەمە باوكی یەزیدیش وەكو قادرمە

ئەوها چەقیبوو لێی رابوو پڕمە هەرچی بكێڕمەوە هێشتا هەركەمە

بۆیە پێت دەڵێم هچ مەمكە لۆمە

پێغەمبەریش (ﷺ)كەدیتی لای خوارەوەی مەككە شەڕ قەوما زۆری پێناخۆش بوو. بەڵام كەزانی خەتای موسڵمانان نەبوو، فەرمووی هەرچی خـوا ئـارەزوو بكـا دەبێـت، چـاكەو خێـریش لەفـەرمان‌و كردەوەی خوایە. پێغەمبەر (ﷺ) هاتە خوارەوە بۆ ناو مەككە لەلای سەرەوە لەنزیك گۆڕی خەدیجـەی خێزانی خیوەتی هەڵدا، داوایان لێكرد كەبچێتەوە ماڵەكەی خۆی فەرمووی چ ماڵیان بۆ هێشتم؟، لەناو خیوەتەكە تۆزیَ حەسایەوەو كەوتە سوپاسی خوا كەبەو سەربەرزیە گەڕایەوە مەككـە[1]. چـاوێكی بـەو دەوروو بەرەداخشاندو چاوی بەو دۆڵ‌و كێوانە كەوت كە گـەلیَ جـاران لەترسـی قورەیـشیەكان دەچـوون خۆیان لەناو دەشاردەوە. چاوی بەكێوی حیرا كەوت كەهەموو جار لـەویَ رای دەمایـەوە، تـاوەكو خـوا وەحی بۆ هەنارد. وا ئێستاش مەككەو قورەیش‌و كەعبەی هەموو كەوتە ژێر دەست‌و فەرمان، هێندەی تر كەوتە سوپاسی خوا. بێگومان دەربەدەری دەردێكی گرانـە، بـەڵام پیـاوی خوانـاس‌و پـشت بەسـت بەخوا، هەردەم دڵنیایە.

ئەوجا كەهەموو شتێك بڕایەوەو شار بەتەواوی كش‌و مات بوو. پێغەمبـەر (ﷺ) لەخیوەتەكـەی هاتەدەرو سواری (قەسوا) بـوو و بـەرەو نـاو شـار ڕۆیـشت، ئەونـدە بـەڕێزو ملكەچـی‌و ترسـەوەخۆی لەسەرپشتی حوشترەكەی كووڕ كردەوە، نێوچەوانی بەقەرپووزی زینەكـەی كـەوت، ئەبوبـەكری سـدیق‌و

---

(١) فتح الباري في شرح صحيح البخاري ١٣/٥.

چەند یارانی تر لەتەکی بەپێیان ڕۆیشتن، تاکو چووە کەعبە لەبەرامبەر بەردی ڕەش ڕاوەستاو بەگۆچانەکەی ئیشارەتی دەست پێداهێنانی کردو کەوتە سووڕان بەدەوری کەعبە، تاکو حەوت جارەی تەواو کرد. دوای ئەوە فەرمانیدا هەرچی بتو پەیکەر هەبوو هەموویان شەقو پەق کرد.

لەوکاتە پێغەمبەر دەیفەرموو ﴿ جَاء الْحَقُّ وَزَهَقَ الْبَاطِلُ إِنَّ الْبَاطِلَ كَانَ زَهُوقًا﴾[1] واتە: ڕاستەقینە هات بیروباوەڕی پووچو بەتاڵ لەبنەڕەگەوە دەرهێندرا، بیروباوەڕی پووچو بەتاڵ هەردەم نامێنێ.

هەتاکو دوێنێ ئەو داروبەردانە دەپەرستران‌و کڕنووشیان بۆ دەبردرا، ئێستاش وا هەموو شەقو پەق کران‌و کەوتنە ئەو گۆڕە بێ ئەوەی هیچیان لەدەست بێت‌و یا ئەوانەی کەبەخوایان دەزانین‌و دەیانپەرستن چیان لەدەست بێت. ڕاستەقینە بۆ قوڕەیش ڕوون بۆوە کەئەو بتانەگیان لەبەرو دەسەڵاتدارنینە، هەر ئەوان بەبیرو باوەڕە تەسکەکەی خۆیان گەورەیان کردبوون‌و کردبوونیانە خوا. نەزانین دەردێکی زۆر گرانە لەناو نەتەوەی ئادەمیزاد بڵاودەبێتەوەو پەرەدەستێنێ، ئەوەش بەهیچ شتێك لاناچێ تەنیا بەخواناسین‌و خواپەرستی‌و زانینی فەرمانی خوا نەبێت.

لەپاش شکاندنی بتەکان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دا بە (عوسمانی کوڕی تەڵحە) دەرگای کەعبەی بۆ کردەوە. قوڕەیشیەکانیش هەموو لەدەورو بەرامبەری بوون.

پێغەمبەر (ﷺ) دەستی بەدەرگای کەعبەوە گرت فەرمووی (لا إله إلا الله وحده صدق وعده ونصر عبده وهزم الاحزاب وحده) واتە: لەو خوایە بەولاوە هیچ خوای تر نیە، تاك‌و تەنیایە هەر ئەو بەتەنیا بەندەی خۆی سەرخست، بەڵێنی خۆی گەیاندەجێ، بەتەنیا کومەڵی بێباوەڕانی بەزاند). ئەوجا زۆر بەمل کەچی‌و بێ هەواو فیز ڕووی لەخەڵکەکە کرد بەهیچ جۆرێك باسی خۆی نەکردو خۆی نەهێنا ناو قسەو کردەوان هەمووی لەمەڕ خوازانی. فەرمووی، هەر داواکاریەك لەخوێن‌و لەماڵ خرایە ژێر پێم، تەنیا کاروباری کەعبەو ئاودانی حەجاج نەبێت.

ئەی گەلی قوڕەیش خوا کەللە ڕەقی کاتی نەزانینی لەبابەت خۆ هەڵکێشان‌و خۆ بەگەروە زانین‌و شانازی بەباب‌وباپیرانی لەسەر لابردن، هەمووتان لەئادەمن‌و ئادەمیش لەخۆڵە.

---

(١) الاسراء٨١، فتح الباري في شرح حديث البخاري ١٦/٨.

ئەوجا ئایەتەی خوێندەوە کەدەفەرموێ: ﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾[1] واتە: (ئەی خەڵکینە ئێمە ئێوەمان لەنێرو مێیەك دروست کردووەو هەر لەو دووانەش نەتەوەی زۆر بەپاش کەوت، ئێوەمان کردە هۆزو بەرەباب، بۆ ئەوەی یەکتر بناسنو یەکتر بگرنو دۆست بنو چاکە لەگەڵ یەك بکەن. کەستان لەکەستان گەورەتر نین، گەورەیی هەر کامێکتان بەگوێرەی خواپەرستیتانە، خواش ئاگادارە بەهەمووکردەوەو ڕەوشتو خوا پەرستیتان). دوای ئەوە فەرمووی ئەی گەلی قوڕەیش چ بیر دەکەنەوە لەوەی من لەگەڵتان بکەم. ئەوانیش دڵ لەمستو هەناسەسواربوونو دڵە کوتکەیان گرتبوو، بیریان دەکردەوە داخوا چیان لەگەڵ دەکات. گوتیان تۆ برایەکی بەخشندەو برازایەکی بەخشندەی هەرچاکە لەتۆڕەچاو دەکەین.

جا لێرەدا بیرێك بکەینەوە لەو توانایەی پێغەمبەر (ﷺ) لەوکاتە لەدەستی بوو، بەرامبەر ئەو قوڕەیشیانە، هەر ئەوە تا دوو لێوەکەی بجووڵاندبایە سەری هەموانیان دەپەڕاند ئەو قوڕەیشیانەی کەبڕیاریان دا لەماڵی خۆی لەمەککە بیکوژنو لەدەستیان کۆچی کرد، ئەو قوڕەیشیانەی لەشەڕی ئوحود ددانیان شکاند ڕوومەتیان بەخوێن داهێنا، ئەگەر بیانتوانیبایە پارچە پارچەیان دەکرد. ئەو قوڕەیشیانەی لەگەڵ هەموو عارەبی بیابانو جوولەکەکانی مەدینە ڕێك کەوتن، دەورەی مەدینەیان دا ویستیان موسوڵمانان لەسەر زەوی نەهێڵن. بەڵام موحەممەد (ﷺ) ناردراوی خوایە، خاوەنی ڕەوشتێکی وا بوو خوا پەروەردەی کردبوو، هەروەك خۆی دەیفەرموو (أدبني ربي فأحسن تأيبي) واتە (خوا پەروەردەی کردمو بەچاکیشی پەروەردە کردم).

ئیتر فەرمووی منیش هەر ئەوەتان پێ دەڵێم کەیوسف پێغەمبەر بەبراکانی گوت ﴿قَالَ لاَ تَثْرَيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ يَغْفِرُ اللّهُ لَكُمْ وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ﴾[2] (گلەییتان لەسەر نیە خوا لێتان دەبوریو هەر خوایە لەهەموو کەسێك زیاتر خاوەنی بەزەییو لێبوردنە. هەروەها فەرمووی (إذهبوا انتم الطلقاء) ئێوەش بڕۆن هەمووتان ئازادن). بەو ڕەوشتە پاکە توانی دوژمنایەتی سەدان ساڵە لەنێوان قوڕەیش لاببات.

---

(١) الحجرات: ١٣.

(٢) يوسف: ٩٢.

لەپاش ئەو پێغەمبەر (ﷺ) هەمووی ئازاد کردن، چووە ژووری کەعبە دیتی دیوارەکانی بەوێنەی فریشتەو پێغەمبەران نەخش کراوە، وێنەی ئیبراهیم پێغەمبەریشیان نەخش کردوە خەریکە فاڵ دەگرێتەوە. پێغەمبەر (ﷺ) زۆر بەووردی تەماشای کردو فەرمووی خوا بتانگرێ چیان کردوە، وایان کردوە گەورەی ئێمە ئیبراهیم فاڵ بگرێتەوە، ئیبراهیم کاری بەو شتانە نەبوو، فەرمووی ﴿مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلاَ نَصْرَانِيًّا وَلَكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾[1] واتە: ئیبراهیم نەجوولەکە بوونە مەسیحیش بوو، بەڵکو موسوڵمان بوو لەسەر ڕاستی بوو، بت پەرستیش نەبوو هاوتا بۆ خوا پەیدا بکات. تەماشای وێنەی فریشتەکانی سەر دیوارەکانیشی کرد، کەبەشێوەی ئافرەتی جوان جوان وێنەیان کێشرابوو. فەرمووی فریشتەکان نەنێرنو نەمێنێ. فەرمانیدا هەموویان شکاندنو خرانە ژێر پێیان، بەو شێوەیە کەعبە پاك کرایەوە لەبتو پەیکەرو وێنەی سەر دیواران.

دوای ئەو کارە پیرۆزە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دایە بیلالی حەبەشی سەرکەوتە سەربانی کەعبەو بانگیدا. دانیشتوانی مەککە هەمووی گوێیان لەو دەنگە گرت، دەنگی (الله اكبر) لەو دۆڵو کێوانەدەنگی دایەوە، مێشکی بێباوەڕانو شەیتانانی کاس کرد. دانیشتوانی مەککەش سەرسام بوون دەتگوت خەون دەبینن، ئەو بانگە مەبەستی خوایان پێ دەڵێ، لەیەکەم ڕۆژی ژیانیسان تاکو کۆتایی، ئەو کەسانە بەئاگا دێنێ دەکەونە دوای چەند خۆشیەکی کەمی دونیاو بەدوای خەیاڵو هومێد دەکەونو ئاخی بۆ هەڵدەکێشن، کەکەوتیشە دەستیان پێوەی خەریك دەبنو سەریان لێ دەشێوێنێ، ئەگەر دەستیشیان نەکەوت لەخەفەتان دەمرن.

ئەو بانگە پێیان دەڵێ تەنیا هەر خوا گەورەیە، لەوبەولاوە، هەمووی بچوكو بێ دەسەڵاتە. بیلال کە گوتی (أشهد أن لا إله الله) لەوکاتەش بووتەکان لەو گۆڕە شەقو پەق کرابوون، ئەو بتانەی بەهاوبەشی خوایان دەزانیو لێی دەپاڕانەوەو هومێدی چاکەیان لێ دەکردنو هومێدیان وابوو خراپەیان لەسەر لابیات، بەمەرجێك نەیاندەتوانی مێشێك لەخۆیان دەربکەن، ئەدی ئێستا بۆچی دەسەڵات بەکارنایێنن، تۆڵە لەو کەسانە بکەنەوە کەوای لێکردوون، هەروەك حەزرەتی ئیبراهیم کاتی خۆی شەقی کردنو پێی گوتن ئەدی بۆ قسە ناکەن، بۆ خواردن ناخۆن، ئێستاش بتەکانی کەعبە هەستیان لێوە

---

(١) ال عمران ٦٧.

نایێ.

ئا لەو کاتە (زوبەیری کوڕی عەوام) ئەو ڕۆژەی بەبیر ئەبو سوفیان هێنایەوە، کەلەپاش شەڕی ئوحود گوتی (هوبەل) چاکەی لەگەڵ کردین‌و سەری خستین‌و دوایی گوتی گەورەیی بۆهبەل. ئەبو سوفیان گوتی توخوا کوڕی عەوام واز لەوە بێنە، ئەگەر هیچ خوا لەگەڵ خوای موحەممەد هەبوایە کار وانەدەبوو.

بەڵام موسوڵمانان لەخوای تاك‌و تەنیا بەولاوە هیچ شتێکی تر بەخاوەن دەسەڵات دانانێن‌و داوای یارمەتیشی لێناکەن. (وأشهد ان محمد رسول الله) موحەممەدیش یەکێکە وەك خۆیان تەنیا ڕەهبەرو پێشەوایە خوا هەڵیبژاردوە چ دەسەڵاتێکیشی لەدەست نیە، ئەگەر خوا پێی نەدا بێ. چ ئادەمیزاد چ پێغەمبەران‌و چ پیاوانی تر هەر پلەو پایەکیان هەبێ، هەمووی هەر بەندەی خوان، هەموو چاکەیەك‌و سوودێك هەمووی لەخواوەیە، کەس چی لەدەست نایێت. چ خاترو خواهیش لەگۆڕی نییە، هەر کەسە بەگوێرەی کرداری خۆی ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێ، مەگەر ئەوانەی، لەنەزانین هەڵەیەکیان لێ ڕوویدات پێغەمبەر بۆیان بپاڕێتەوە، دەنا ئەوانەی خۆیان بەڕەڵلا کردوە، لەخراپەو بەدڕەوشتی ناگەڕێنەوە، بەو هومێدە دەڵێن پێغەمبەر بۆمان دەپاڕێتەوەو دەڵێن خوا کەریمە. خەیاڵیان. خاوە هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (الكيس من دان نفسهوعمل لما بعد الموت والعاجز من اتبع نفسه هوا هاتم تمنى على الله الاماني)[1] واتە: دانا ئەو کەسەیە نەفسی خۆی لەکردەوەی خراپ خەتابار بکات، نادانیش ئەو کەسەیە بەدوای ئارەزوو هەوەسی نەفس بکەوێ، هومێدەواریش بێ بەخواو بڵێ لێم دەبووری. ئادەمیزاد کەڕێگەی بزر کرد ناچار دەکەوێتە پەرستنی داروبەردو کەل‌وپەل‌و دەکەوێتە پەرستنی یەکێکی وەك خۆی، هەروەکو زۆر لەو کەسانەی ئیمڕۆکەش خەڵکیان کردوتە خاوەن دەسەڵات‌و لەهەموو تەنگاوەو پێویستیان هاواری دەکەنێ، لەبەر ئەوان خوایان لەبیر نەماوە، ئەوانەش هەموویان هەر مرۆڤێکن وەك خۆیان، کەس بەهۆی خزمایەتی پێغەمبەر نابێتە خاوەن دەسەڵات، هەروەها هەندێ لەنەزانانی تر پیاو چاکان دەبەنە پایەیەك‌و دەسەڵاتی چاکەو خراپەیان ئەدەنە دەست، هاواریان دەکەنێ، لەبەرئەوان ناوی خوایان لەبیر کردووەو دەڵێن ئەوان تکامان بۆ دەکەن لەلای خوا. نازانن مرۆڤ خۆی

(١) رواه الترمذي واحمد والحاكم (التاج الجامع للاصول في احاديث الرسول/ ج٥).

بەرپرسیارە لەکارو کردەی خۆی، تکای کەس بۆ هیچ کەس قەبوڵ ناکرێ، مەگەر بەنەزانین خراپەیەك لەمرۆڤ رووبدات ئەوکات پێغەمبەر بۆی بپارێتەوە.

ئەوجا فەرمانی خواو پێغەمبەر لەمەککە جێگیر بوو، دانیشتوانی مەککە بەگەورەو بچووکەوە هاتن، پیاوەکان دەستیان خستە ناو دەستی پێغەمبەر پەیمانیان داو لەسەر دەستی موسوڵمان بوون، بەمەرجێك فەرمانی خواو پێغەمبەر بەگوێرەی توانا بەهەمووو دڵیانەوە جێبەجێ بکەن.

ژنەکانیش هاتن پێغەمبەر بەقسە پەیمانی لێوەرگرتن، بەبێ دەست خستنە ناودەست، خاتو عائیشەی خێزانی پێغەمبەر دەگێڕێتەوەو دەڵێ پێغەمبەر دەستی بەدەستی هیچ ژنێکی بێگانە نەکەوتووە.

پێغەمبەر (ﷺ) بەژنەکانی فەرموو پەیمانتان لێ وەردەگرم کەهاوبەش بۆ خوا پەیدا نەکەن، دزیو داوێن پیسی نەکەنو منداڵی خۆتان نەکوژنو درۆو بوختان هەڵنەبەستنو لەکاری چاکە یاخی نەبن. ژنەکان بەچاکی گوێ گربوون بۆ ئەو پەیمانەو هەموویان موسوڵمان بوون، کەگەڕانەوە ماڵیش، هەرچی بتی هەیانبوو هەموویان شکاند، ئەمەش شوێنو جێگای ئافرەتە لەلای پێغەمبەر، کەبەهەموو سەربەستیەوە قسەی خۆیان دەکرد، هەرچی لەسەر پیاو دیارکرا، بەبێ جیاوازی لەسەر ئەوانیش دیارکرا.

بەو شێوەیە هەموو دانیشتوانی مەککە، بەژنو پیاوەوە موسوڵمان بوون، رەنگە هەندێك هەر لەسەر بت پەرستی خۆیان تا ماوەیەك مابووبوونەوە، بەڵام رۆژ بەرۆژ خوا دڵی رووناك دەکردنو موسوڵمان دەبوون. سەرۆکەکانی قورەیشیش بەزۆری موسوڵمان بوونو ئەوەی موسوڵمان نەبووە وەك (عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل)و (سەفوانی کوڕی ئومەییە)و (سوهەیلی کوڕی عەمر)، گوتیان لەگەڵ موحەممەد کۆبوونەوە ناکەین تەنیا بەشمشێر نەبێ. هەریەکەیان چوونە لایەك خۆیان شاردەوە عیکریمە زۆر دژی پێغەمبەرو ئیسلام بوو سەرۆکی بت پەرستان بوو، ئەو رۆژەی خالید پێی گوت وەرە بابچین موسڵمان ببین، گوتی ئەگەر کەس نەمێنێ لەسەر ئەو زەویە لەمن زیاتر باوەڕی پێناێنم. ئیتر عیکریمە لەترسان سەری خۆی هەڵگرتو چوو بۆیە من. ژنەکەی چووەلای پێغەمبەر تکای بۆ کرد.

پێغەمبەر (ﷺ) رێزی ژنەکەی گرتو ماوەی دا عیکریمە بێت موسوڵمان ببێت. ژنەکەش بەدوایدا چووە یەمەن.

کاتێك عیکریمە چاوی بەژنەکەی کەوت وای زانی ئەویش هەڵاتووە، کاتێ کەپێی گوت ماوەم لەپێغەمبەر بۆ وەرگرتووی سەرسام بوو. خۆشی پێغەمبەری چاك دەناسی، خاوەنی بەڵێن و پەیمانی خۆیەتی، لەگەڵ ژنەکەی گەڕایەوە بۆ مەککە. پێغەمبەر (ﷺ) زانی عیکریمە هاتەوە، فەرمانیدا موسوڵمانان و فەرمووی وا عیکریمە دێتەوە موسوڵمان دەبێ و کەس جنێو بەئەبو جەهلی باوکی نەدات، چونکە جنێو دان بەمردووان زیندوو ئازار دەدات. کەعیکریمە بەدیارکەوت و ژنەکەشی لەگەڵ بوو، پێغەمبەر لەبەری ڕاست بۆوە و بەپیریەوە چوو، لەگەڵی ڕاوەستاو گوتی ئەی موحەممەد ژنەکەم پێی گوتم تۆ دڵنیات کردومە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بەڵێ تۆ دڵنیابە، ئەویش موسوڵمان بوو.

ئەمەشە ڕەوشتی پێغەمبەر لەلێبووردن و دڵ فرەوانی و ناسینی دڵ و دەروونی ئەو کەسانەی بێباوەڕن، کەخۆیان لەلا زۆر گەورەیە بەپیریانەوە دەچوو بۆ خاتری ئەوەی دڵیان نەرم بکات و بێنە سەر ئایینی ئیسلام ئەوانیش کەدەهاتنە سەر ئەو ئایینە بەتەواوی دەگۆڕان هیچ جۆرە ناپاکیەکیان لەناو دەرووندا نەدەما. بەڵام سەفوانی کوڕی ئومەییە، ئەو سەفوانە بوو کە(عومەیری کوڕی وەهەبی جومەحی) لەپەنای کەعبە هاندا بۆ ئەوەی پێغەمبەر بکوژێ بەمەرجێك ئەگەر کوژرا، ماڵ و منداڵەکەی بۆ بەخێو بکات. کەعومەیر ڕۆیشت بۆ مەدینە، سەفوان گوتی عومەیر دەنگێکی وا بڵاودەکاتەوە، دەبێ کاروانان لەڕێگا بیگێڕنەوە. بەڵام کاتێ عومەیر موسوڵمان بوو، سەفوان بڕیاریدا قسەی لەگەڵ نەکات. سەفوان سەری خۆی هەڵگرت و بۆ لای ڕۆخ دەریای سوور ڕۆیشت، عومەیریش کەوتە شوێنی تاکو پێی گەیشت و ئەوجا ستایشی پێغەمبەری بۆ کردو تکای لێکرد کەموسوڵمان بێت. سەفوان دڵی نەرم بوو گەڕایەوە بەڵام موسوڵمان نەبوو داوای پەنابەری کردو پێغەمبەریش (ﷺ) پەنایدا. ئەمەش یەك لەو کردەوانەیە هەموو کەس سەری لێی دەرناچێ.

پیاوێکی بێباوەڕی دوژمن بێتە ناو موسوڵمانان و پەنابدرێ، پاش ئەو هەمووکردەوە کوشندانە، دەبینین پێغەمبەر (ﷺ) ناردیە لای و داوای پارەو چەکی بەقەرز لێکرد. سەفوان بەپێغەمبەری گوت لێم زەوت دەکەن یان بەقەرزە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خواستنەوەیەو دەتدەینەوە. پێغەمبەر (ﷺ) هەمووی لەدەست کەوتەکانی شەڕی حونەین بەزیادەوە دایەوە. ئەو کردەوەی پێغەمبەر وای لەسەفوان کرد، خۆشەویستی پێغەمبەری بەشێوەیەکی وا بکەوێتە ناو دڵ، وای لێ دەگێڕنەوە دەیگوت، وەڵڵاهی کەسم لەسەر ئەو زەویە هەندێ موحەممەد رك لێ نەدەبۆوە، هەندەی ماڵ پێدام وام لێهات

کەسم لەسەر ئەو زەویە هەندەی ئەو خۆش نەدەویست. سەفوانیش پاش شەڕی حونەین موسوڵمان بوو.

(سوهەیلی کوڕی عەمر)یش هەر ئەو سوهەیلە بوو کە لەنووسینی پەیمانی حودەیبیە نوێنەری قوڕەیش بوو، ئەوەندە توندو ڕەق بوو نەیویست ئیسلام بێت. لەسەر ئەو بێ باوەڕیو توندیەش پێغەمبەر (ﷺ) دانی بەلێبوەشاوەیی سوهەیل دا هێنا فەرمووی، هەرکەسێ چاوی بەسوهەیل کەوت، با بەڕقەوە تەماشای نەکات، سوێندم بەوەی کەژیانی پێداوم سوهەیل عاقڵو بەڕێزو پاکە. پیاوی وەك سوهەیل بەرامبەر ئیسلام نەزان نیە، دەیزانی ئەو بیروباوەڕەی لەسەریەتی کەڵکی نیە. سوهەیل گوتی وەڵڵاهی پێغەمبەر جاران و ئێستا هەر باشو تەواو بووە، ئیتر بەو جۆرە موسوڵمان بوو لەشەڕی حونەینیش بەشداری کردو بوو بەدڵسۆزێکی ئەوتۆی پێغەمبەر، هەروەکو ئەبوبەکری سدیق دەگێڕێتەوە دەڵێ، ئەوەندەکێشەو بێشەی لەپەیمانی حودەیبیە لەگەڵ پێغەمبەر دەکرد، لەکاتی حەجیماڵ ئاواییش هەردەم حوشترەکەی لەتەك پێغەمبەر دەڕواند ئەوەندەی لەلا پیرۆزو بوو هیچ کاتێك لێی بێ ئاگا نەدەبوو پێغەمبەر (ﷺ)بەو دڵ فرەوانیو بەو دڵ نەرمیو دووربینیە، نەیدەهێشت پیاوانی لێوەشاوەو بەتوانا لەناوبچن، لەسەر ئاوانە زۆرە کەشیان وای لێکردن، بەهەموو دڵو دەروونیان موسوڵمان بنو ببنە دڵسۆزترین پیاوانی موسوڵمانان.

پاش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) پازدە ڕۆژان لەمەککە مایەوە، ئاسوودەییو هێمنایی باڵی بەسەر شاری مەککەدا هەڵکێشا. بت پەرستیو فاڵچیەتیو ڕابواردنی بێ ئابڕوانەو قومارو خواردنەوە لەبنەڕەتەوە نەما، هەمووی بوونە برای ڕاستەقینەی ئیسلام. ڕقو کینەو دوژمنایەتی سەد ساڵە لەنێوان نەما. هیچ کەسێك دەستی بۆ کەس درێژ نەکرد، تەنیا ڕۆژی دووەم پاش گرتنی مەککە، یەکێکی خوزاعەیی تووشی یەکێکی بەرەی هەزیل بوو، بت پەرست بوو هێشتا موسوڵمانیش نەبووبو کوشتی.

پێغەمبەر بەوە زۆر تووڕە بوو، وتارێکیدا. فەرمووی (ئەی خەڵکینە لەو ڕۆژەی خوا ئاسمانانو زەوی دروست کردوە ڕێزی مەککەی گرتوە، ئەو ڕێزو گەورەییەش هەتاکو ڕۆژی قیامەت دەمینێ. هەموو خراپەیەك لەمەککە قەدەغەیە، نابێ کەس خوێنی تێدا بڕێژێو داری ببڕێ لەپێش ئێمەش ڕێ بەکەس نەدراوە، لەدوای منیش کەس ڕێی پێنادرێ، هیچ کاتێك ڕێگا نیە، تەنیا ئەوەندە کاتەی کەمن هاتم ڕێگە درا. دوای ئەوە ڕێزی مەککە گەڕایەوە ڕێزی جاران، ئەوجا ئەو کەسانەی لێرەن با ئەو قسانە

بەو کەسانە ڕابگەیەنن کەلێرە نینە، هەرکەسێکی گوتی پێغەمبەری خوا شەڕی تێداکردووە، پێی بڵێن خوا ڕێگەی پێدا، ڕێگای ئێوە نەدراوە[1].

ئەی بەرەی خوزاعە دەست لەکوشتن هەڵگرن، زۆرتان کرد ئەگەر سوودی هەبێ ئەوە یەکێکتان کوشت من تۆڵەکەی ئەدەم، لەمەودوا کەسێك کوژرا خاوەنەکەی سەرپشکە لەکوشتنەوەی پیاوکوژ، یاتۆڵە وەرگرتن، یا ئازاد کردن.

ئەوجا لەدوای هەموو شتێك، پێغەمبەر (ﷺ) بانگی بۆ دانیشتوانی مەککە ڕاهێشت، فەرمووی ئەی دانیشتوانی مەککە، هەرکەسێ باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە، هیچ بت لەماڵی خۆی نەهێڵێ، بەو شێوەیە پێغەمبەر (ﷺ) شوێنەواری بت پەرستی لەمەککە بڕیەوە، هەموو شتێك گۆڕاو یاسای ئیسلام هاتە شوێنی. هەر بەو بۆنەیەش بوو خوا سوڕەتی بەڕائەی بۆ هەنارد.

﴿ شەڕی حونەین ﴾

پاش ئەوەی فەرمانی خوا لەمەککە جێگیربوو، ئاشتیو برایەتی جێگەی دوژمنایەتیو دوویەرەکی گرتو هەموو بوونە پشتیوانی یەکتری. دانیشتوان زۆر بەخۆشی لەخزمەت پێغەمبەر ڕایان بوارد، بەپەرۆشەوە گوێیان لەئامۆژگاریەکانی دەگرتو فێری ڕەوشتو زانیاری ئیسلام دەبوونو سەردانی یەکتریان دەکرد، بەهەستی پڕ لەخۆشەویستیو برایەتی ڕایان دەبواردو سوپاسی خوایان دەکرد، کەقەڵای بێ باوەڕی ڕماو باوەڕی ڕاستەقینە جێگای گرتەوە. ماوەی پازدە ڕۆژان بەو حاڵە ڕایان بوارد.

لەهەمان کاتدا گرتنی مەککە بووە هۆی تۆقانی هەموو تیرە بت پەرستەکانی دەوری مەککە، زانیان دوای گرتنی مەککە نۆبەی ئەوانیش دێت، لەبەر ئەوە وایان بەباش زانی، بەخۆیکەونو یەکتر بگرنو بەیەکەوە دەست پێشکەری بکەنو هێرش ببەنە سەر موسوڵمانان، پێش ئەوەی ئەوان لێیان بەخۆ بکەونو بیانهێننە ژێر ئاڵای ئیسلامو بت پەرستی لەبنەڕەتەوە نەهێڵن. ئەمەش شتێکی سروشتیە کەپڕۆگرامی دەسکردو پڕۆگرامی خوا کرد بەیەکەوە ناگونجێن، خاوەن بیروباوەڕانی دەسکرد، هەموو

(١) فتح الباري في شرح صحيح البخاري ٨/٢.

کاتێك دەیانەوێ پەیڕەو پرۆگرامی خوا بهاڕن چونکە هیچ لەدەست خۆیان نیە ئەوە هەر دەقەومێ، هەتاکو ئەو زەویە ماوە شەڕی نەبڕاوە لەنێوانیان هەیە، هەر کاتێك خوا نەناسان دەسەڵاتیان هەبووبێ، پەلاماریان داوەتە سەر بیرو باوەڕی راستەقینەی خوا. هیچ کاتێکو هیچ دەمێك دریغیان نەکردوە، هەتاکو ئێستاش هەر بەردەوامن لەسەر ئەو بەربەرەکانیەو لەناوبردنی موسوڵمانان، هەروەك بەچاوی خۆمان دەبینین ئێستاکە هەموو هێزەکانی ڕۆژئاواو نۆکەرەکانیان بەسەرۆکایەتی ئەمەریکا لەهەموو راستێکی سەر ئەو زەویە چ کارێك بەموسوڵمانان دەکەن نایێتە ژماردن.

پاش گرتنی مەککە هۆزەکانی دەوری مەککە لەدژی پێغەمبەر ڕاست بوونەوە. هۆزی (هەوازن)و (سەقیف) کە لەشاری تایفو دەوروبەری دادەنیشتن. ئەو دوو هۆزە لەپاش هۆزی قورەیش لەهەموو هۆزێکی نیمچە دورگەی عەرەب بەهێزتربوون. بەسەرۆکایەتی (مالیکی کوڕی عەوف)ی سەقەفی کۆبوونەوە، هۆزی (نەسر)و (جوشەمیش) بەگەریان کەوتن.

مالیکی کوڕی عەوف سەرۆکی هۆزی سەقیف پیاوێکی بەهێزو توانابوو، بەڵام بیر تیژو دووربین نەبوو. فەرمانی دا بەهۆزەکەی بەخۆو بەماڵو منداڵو ماڵاتو پارەو هەموویان بێنو ئامادە بن بۆ شەڕ. مەبەستیشی ئەوەبوو کەهەموویان هومێد برای ببنو شەڕ بەچاکی بکەن، مالیك پیاوێکی هەبوو ناوی (دورەیدی کوڕی صیممە) بوو پیاوێکی بەتەمەن بوو چاوی کزبوو، بەڵام شارەزایەکی باشی لەشەڕ هەبوو. گوێی لەهۆڕەی مانگاو زەڕەینی کەرو بۆڕەی حوشترو گریانی منداڵ بوو، لەمالیکی پرسی گوتی ئەوانەت بۆچی هێناوە. مالیك گوتی بەهۆی ئەوانەوە دەتوانین هانی شەڕکەرەکان بدەین.

دورەید پێی گوت ئایا پیاوی بەزیو ئەگەر لەشەڕ هەڵات لەخۆی بەولاوە چیتری بۆ دەرباز دەبێ؟ تۆ هیچیت بەکەڵك نایێت تەنیا شەڕکەر لەگەڵ ڕمبو شمشێرەکەی نەبێ. مالیك گوێی نەدایێو هەر بەقسەی خۆی کرد، ئەو لەشکرە زۆرەی بردە دۆڵێك کەپێی دەڵێن ئەوتاس (أوطاس). دوایی هەمووی بردنە سەرەوەی دۆڵی (حونەین)و لەزارگەلیەکە خۆیان مات دا، بۆ ئەوەی ئەگەر موسوڵمانان بەدۆڵەکەدا هەڵگەڕان ڕێگەکەش ڕكو تونلو هەڵدێرە، ئەوکات ئەوان دەتوانن هەموو بەیەکجار هێرشیان بۆ ببەنو بەیەك دەست لێیان بدەنو سەریان لێ بشێوێننو لێیان بکەنە گێژەلولەو تێك بسورێن. پێغەمبەریش (ﷺ) عەبدوڵڵای کوڕی حەدرەدی ناردە ناویان، تاکو دەنگوباسی بۆ بێنێتەوە، ئەویش چوو لەناویان گەڕاو بەسەر هەموو شتێکیان هەڵوەستاو گەڕایەوە.

ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) کەوتە ئامادەکردنی موسوڵمانان. ئەو دە هەزار کەسەی بۆ گرتنی مەککە لەگەڵی هاتبوون و لەگەڵ دوو هەزار کەسیش لەدانیشتوانی مەککە بەگەڕیان کەوتن. ژمارەیان بووە دوازدە هەزار کەس. پێغەمبەر (ﷺ) چەکێکی زۆری لە(سەفوانی کوڕی ئومەییە) خواستەوە، ئەگەرچی هێشتا سەفوان هەر لەسەر بت پەرستی مابوو[1].

ئەو لەشکرە مەزنە کەوتە ڕێ، موسوڵمانان لەشکری خۆیان هەرگیز بەو ژمارەیەوە نەدیبوو، هەر هۆزەو هەر تیرە لەژێر ئاڵای خۆی دەڕۆیشت. لەو کاتەدا یەکێك هاتە لای پێغەمبەر پێی گوت، من کەلەلای ئێوە ڕۆیشتم دیتم هەوازن هەموویان هاتوون و کەسیان دوانەکەوتووە، هەموو ئاژەڵ و ماڵاتیان لەگەڵ خۆیان هێناوەو لەحونەین کۆبوونەوە. پێغەمبەریش (ﷺ) زەردەخەنەیەکی هاتێ و فەرمووی خوا حەز بکات بەیانی ئەوە هەمووی دەبێتە دەسکەوتی موسوڵمانان. موسوڵمانان زۆر بەهەوەس و دڵخۆشی کەوتنە ڕۆیشتن. کەچاویشیان بەو هەموو لەشکرەکەوت، سەرکەوتنیان هاتە بەرچاو، بیریان کردەوە، چۆن سەرناکەون، چونکە لەهەموو شەڕێك ژمارەیان کەمیش بووە هەر سەرکەوتوون. دیتیشیان بەو ئاسانیە مەککە خۆی بەدەستەوەدا، هەتاکو گوتیان ئەبوبەکری سدیق کەچاوی بەو هەموو لەشکرەکەوت، گوتی تازە جارێکی تر لەبەر ژمارە کەمی ژێر ناکەوین.

ئێوارە موسوڵمانان گەیشتنە زار گەلیەکەی مالیکی کوڕی عەوف و لەشکرەکەی خۆیان لێ حەشاردابوو لەگەڵ شەبەقی بەیان موسوڵمانان کەوتنە هێرش بردن.

کەپێشەکی سواران گەیشتە ناو گەلیەکە، پێغەمبەر (ﷺ) بەسواری هێسترە سپیەکەی لەدوایان دەڕۆیشت و هانی دەدان. کاتێك لەشکر تەواو گەیشتە ناو پێچەکانی دۆڵەکە، هەر ئەوەندەیان دیت لەهەموو ڕاستان تیرباران کران و هێرشیان بۆ هات، کاتەکەش هێشتا هەر تاریك بوو. ئیتر موسوڵمانان سەریان لێ شێواو ترسیان کەوتە ناو دڵ و شلەژان، وڵاغ و حوشتر تێك هەڵقژان و هەریەکە ڕووی لەلایەك دەکرد، پێشەکیەکەی لەشکری موسوڵمانان کشایەوەو لەنگەر وا تێك چوو مەگەر لەڕۆژی ئوحود واتێك چووبێ. بوو بەهای و هوو، هەموو بەجارێك گەڕانەوەو هەڵاتن، هەرکەسە بووە کوڕی باوکی خۆی، کەس لەسەر کەس ڕانەدەوەستا، هەر کەسە ڕێزی دەدڕی و دەڕۆیشت، هۆزانی هێرشیان هێناو کەوتنە دوایان.

(١) دروستە موسوڵمانان یارمەتی بێ مەرج لەبێباوەڕان وەربگرن.

موسوڵمانان نەگەڕانەوە. ئەو قورەیشیانەی هێشتا دەماری بت پەرستیان هەر لەناو دەرووندا دەجوولا، زۆریان هەوەس بەو دیمەنە هات، یەك لەوانە ئەبو سوفیان (سەخری کوڕی حەرب) بەزەردەخەنەوە گوتی تازە ئەوانە تاکو سەر دەریای سوور خۆیان ناگرنەوە.

(شەیبەی کوڕی عوسمانی کوڕی باوکی تەڵحە) دەڵی بەبیرم هاتەوە پێغەمبەر مەککەی گرتو کوشتنی باوكو مامی لەشەڕی ئوحود بەبیر هاتەوە، گوتم ئیمڕۆکە تۆڵەی خۆم لەموحەممەد ئەکەمەوە. بەلای موحەممەدەوە چووم پاڵی بەدیواردا بوو، لەبەر ئەوە لەلای دەستە ڕاستیەوە بۆی چووم، دیتم عەبباسی مامی لەوێ ڕاوەستا بوو زرێیەکی سپی وەك زیوی لەبەر بوو، گوتم ئەوە مامیەتی وازی لێ نایێنی، لەبەرئەوە لەدەستە چەپیەوە بۆی چووم. دیتم لەوێش ئەبو سوفیانی کوڕی حاریسی ئامۆزای لەوێ ڕاوەستابوو، گوتم ئامۆزاکەی وازی لێ ناهێنی، هیچ شوێنێك تریش نەمابوو کەبتوانم بیگەمێ تەنیا ئەوە نەبێ کەخۆم بەرز بکەمەوە بەشمشێرەکەم لێی بدەم.

کەبۆی چووم هەر ئەوەندەم دیت بلێسە ئاگرێك وەك بروسکە بۆم هات. هەر ئەوەندەم پێکرا دەستم خستە سەرچاومو پاشەو پاش گەڕامەوە. لەو کاتە پێغەمبەر (ﷺ) ڕووی تێکردم، گوتی ئەی شەیبە وەرە لێم نزیك بەرەوە، چووم دەستی خستە سەر سینگمو فەرمووی خوایە شەیتانی لێ دوور بخەیەوە[1].

چاوم بلند کردو تەماشای پێغەمبەرم کرد خۆشەویستیەکی وام بۆی هاتە ناو دڵو لەچاوی خۆم خۆشەویستر دیت. فەرمووی ئەی شەیبە شەڕ لەگەڵ بێباوەڕان بکە. ئەوجا کەوتمە پاراستنی، دەمەویست گیانی خۆمی بەقوربان بکەم.

ئا لەو کاتەی موسوڵمانان هەڵدەهاتن، ئازایەتی پێغەمبەر (ﷺ) دەرکەوت، پاڵی بەدەستە ڕاستی دۆڵەکەدابوو، بەو دیمەنە زۆر دڵگیر ببوو، ڕقی هەڵستا بانگی کردە موسوڵمانەکان فەرمووی، خەڵکینە بۆ کوێ ڕادەکەن وەرنە لای من، من پێغەمبەرم من موحەممەدم کوڕی عەبدوڵلا. بەلام هیچی لای نەدەکردەوە، هەمووی هەڵدەهاتو دەبەزی. ئەوانەش بەزۆری شوانە وێرە بەڕەڵلاکانی مەککە بوون، کە بۆ تالانو دەسکەوت هاتبوون.

پێغەمبەر (ﷺ) لەو کاتە چاوی بەپیاوێك کەوت لەپێش لەشکری هوازن بەسواری حوشترێکی

---

(١) زاد المعاد ٣/٤٧٠ لە (الاصابة) ١٣٩٤- سبل الهدی والرشاد ٥/٣٢١ لە مغازي ٣/٩١٠.

سوور دەڕۆیشت‌و ڕمبێکی بەدەستەوە بوو، ئالآیەکی ڕەشی بەسەری ڕمبەکەوە کردبوو هێرشی دەبردە سەر موسوڵمانان‌و دەگەیشتە هەر کەسێك بەڕمبەکەی لێی ئەدا. پێغەمبەر (ﷺ) زۆر تەنگاو بوو گەرم داهات، هێسترەکەی تەنگاو کرد هەڵبکوتێتە سەری، بەڵام ئەبو سوفیانی ئامۆزای جڵەوی هێسترەکەی گرت‌و نەیهێشت.

پێغەمبەر (ﷺ) بیری کردەوە چارەیەك بدۆزێتەوە، موسوڵمانان لەو بەسەرهاتە ناخۆشە ڕزگار بکات، هەندێ کۆچ کردو یاریدەدەرانی لەلا مابوونەوەلەگەڵ هەندێ لەخزمەکانی، وەك عەبباسی مامی‌و رەبیعەی کوڕی حاریسی کوڕی عەبدولموتەلیب‌و ئەبو سوفیانی ئامۆزای، کەئەوانە تازە موسوڵمان ببوون، کۆمەڵی دووەمیش کەهێوێنی بناغەی موسوڵمانەتی بوون، وەك ئەبوبەکرو عومەرو عەلی‌و ئەبو دوجانەو لەگەڵ چەند دایکێکی ئازاو نەبەز، وەك (دایکی سولەیم کچی مەلحان)و (دایکی عومار کچی کەعب) لەگەڵ دایکی (سەلیت)و (دایکی حارس).

پێغەمبەر (ﷺ) بیری جوانی دەکردەوە بەتایبەت لەکاتی تەلەزگەو تەنگاوە هەموو بیرەکانیشی لەشوێن خۆی بوو، چونکە بەڕاستی هەر خاوەن بیروباوەڕ پەیوەندیان هەیەو خۆراگرو خۆیەخت نەکەن، هەر ئەوانن بەهاواری پاراستنی بیروباوەڕەوەدین.

پێغەمبەر فەرمانی دایە عەبباسی مامی، ئەویش پیاوێکی زل‌و دەنگ گەورە بوو، فەرمووی بانگ بکە ئەی خاوەنانی داری سەمەرە (ئەوداره بوو کەمەسلەتی حودەیبییەیان لەژێر بەست) ئەی خاوەنانی ڕۆژی عەقەبە، پێغەمبەر زیندووە خێراکەن وەرن بۆ لای.

کەعەبباس بەدەنگە گەورەکەی هاواری کرد، موسوڵمانان گوێیان لێبوو، هەموو دەروونیان هەژاو هەستیان لەشوێنی دەنگە کەڕاگرت‌و ڕوویان تێکرد. زۆریسان لەبەر هەڵاتنی خەڵکەکە نەیاندەتوانی بەوڵاغەوە بگەڕێنەوە، ناچار دادەبەزین‌و بەپێیان بەلای دەنگەکەوە دەچوون، تاوەکو دوو سەد کەسێك لەدەوری پێغەمبەر کۆبۆوە. ئەوانی تریش کەدیتیان پێغەمبەر بەرامبەر دوژمن چەقیوە، ڕۆژەکەی شەڕی ئوحودیان هاتەوە بیرو هەموو هاواریان کرد (لبیك لبیك).

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێدان پێشیان لەهوازن گرت. ڕۆژیش روناك بوو، دوژمن هەمود لەمەکۆیەکانیان هاتبوونەدەرو کەوتنەناو دۆڵەکە، لەگەڵ موسوڵمانان ڕووبەڕووی یەك بوون، دەنگی عەبباسیش وەك هەورە تریشقە لەناو دۆڵەکە دەنگی دەدایەوە. موسوڵمانانیش وردە وردە دەگەڕانەوەو

ژمارەیان هەر لەزیادەبوو، پێغەمبەریش (ﷺ) هاتوچۆی دەکردو هانی ئەدانو دەیفەرموو (أنا النبي لا كذب، أنا ابن عبدالمطلب)[1] واتە: بەبێ درۆمن پێغەمبەرم، کوڕی عەبدولموتەلیبم). هەردەمیش لەخوا دەپاڕایەوە دەیفەرموو خوایە سەرکەوتنمان بۆ بنێری[2].

شەڕ گەرم بوو وای لێهات جڵەو کەوتە دەست موسوڵمانان، شەڕتێنێکی وای وەرگرت پێغەمبەر لەسەر هێسترەکەی تەماشای شەڕی کردو فەرمووی ئێستا شەڕ گەرم بوو. چەنگە خولێکیشی هەڵگرتەوە بەلای دوژمن هەڵیدا فەرمووی (شاهت الوجوه إنهزموا ورب الكعبة)[3] واتە: ئەو ڕووانە ڕەش بوون، سوێندم بەخوای کەعبە هەڵاتن.

ئاڵا هەڵگری هەوازنیش لەپێشەوە دەڕۆیشت، عەلی لە دواوە تاوی دایێ، شمشێرێکی لەحوشترەکەی داو خستیو یەك لەیاریدەدەرانیش گەیشتە سەریو کوشتی.

عەبباس دەگێڕێتەوەو دەڵێ کەپێغەمبەر (ﷺ) چەنگە خۆڵەکەی هەڵدا، هەوازن هەمووی پشتیان داو هەڵاتنو موسوڵمانان کەوتنە دوویان لەهەموو ڕاستان ڕاویان نان هەندێکیان چوونە (ئەوتاس) خۆیان قایم کرد. پێغەمبەر (ﷺ) (ئەبو عامیری ئەشعەری) ناردە سەریانو شەڕی لەگەڵ کردن تاوەکو شەهیدبوو.

ئەوجا (ئەبا موسای ئەشعەری) ئاڵاکەی هەڵگرتو شەڕی لەگەڵ کردن تاکو پەرتو بڵاوی کردنەوە. هەندێکیش لەگەڵ مالیکی کوڕی عەوف هەڵاتن چوونە تایف لەوێ خۆیان قایم کرد. چونکە شوورەیەکی زۆر توندو بەهێزی هەبوو، هەندێکیش چوونە شوێنێك پێی دەڵێن (نەخلە).

ئیتر بەو شێوەیە موسوڵمانان لەو شەڕە سەرکەوتن، ماڵو سامانو ژنو منداڵی هەوازنو سەقیف هەمووی بووە دەسکەوتی موسوڵمانان، کەپێك هاتبوو لەبیستو دوو هەزار حوشترو چل هەزار سەر مەڕو چوار هەزار ئۆقە زیو. خوا باسی ئەو شەڕە لەقورئان دەکاتو دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ فِي مَوَاطِنَ كَثِيرَةٍ وَيَوْمَ حُنَيْنٍ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْئًا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ الْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ * ثُمَّ أَنزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَى رَسُولِهِ وَعَلَى الْمُؤْمِنِينَ وَأَنزَلَ جُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا

(١) بوخاری لەباسی جیهاد لاپەڕە ٥٩٤ ژمارە ٢٩٣٠ دار النشر الرياض.
(٢) فتح الباري لشرح البخاري ٢٨/٨.
(٣) زاد المعاد ٤٧١/٣ لەبوخاری ٤٤/٨ وموسلیم ١٧٧٦ دەگێڕێتەوە.

وَعذَّبَ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَذَلِكَ جَزَاء الْكَافِرِينَ * ثُمَّ يَتُوبُ اللّهُ مِن بَعْدِ ذَلِكَ عَلَى مَن يَشَاء وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾[1].

واتە: خوا لەزۆر شوێنانو لەزۆر شەڕان سەری خستن، هەروەها لـەڕۆژی حونـەینیش سـەری خـستن پاش ئەوەی بەو ژمارە زۆرەتان لەخۆتان بایی بوون بەڵام هیچ دادێ نەدان، لەسەر ئەو زۆریەش زەویتـان لێ تەنگ بوو، هەمووتان پشتتان داو هـەڵاتن. بـەڵام خـوا هێمنـایی‌و دڵنیـایی هاوێـشتە نـاو دڵـی پێغەمبەری خۆی‌و موسوڵمانانو هەندێ سەربازی هەنارده خوارەوە، واتە (فریشتە) ئێوە نـەتان دیـتنو سەرکەوتن، بەو هۆیە خوا ئازاری بێباوەڕانی داو ژێری خـستنو ئێـوە بەسـەریان دا زاڵ بـوون، ئـەوەش سزای بێباوەڕانە، خوا لەگوناهی زۆر کەس خۆش دەبێ‌و خوا لێبوردەیە.

﴿ دەسکەوتەکانو ئابلۆقەی تائیف ﴾

پێغەمبەر (ﷺ) بیری لەدەسکەوتەکان کردەوە، پەلەی نەکرد لەدابـەش کردنـی، بـەو هومێـدەی کەئەو هۆزانەی هەڵاتوون پەشێوان ببنەوە بەدوایان دا بگەڕێنەوە بەڵکو موسوڵمان دەبـن. لەبـەر ئـەوە فەرمانی دایە لەشکرەکە بچنە سـەر شـاری تـائیف، ئـەویش هـەروەکو هـەموو شـارەکانی ئـەوکات شوورەیەکی توندو بەتێنی هەبوو، دەرگاکانی دادەخراو لەدەرەوە نەدەکرایـەوە دانیشتوانیـشی لەشـەڕی ناو شار زۆر شارەزاو خۆڕاگربوون.

موسوڵمانان لەسەر فەرمانی پێغەمبەر بۆ گرتنی شاری تائیف چوون، لەنزیك شوورەکەی خیوەتیان هەڵدا، بەڵام تیرەندازەکانی سەقیف کەوتنە تیربارانیان چەند کەسانێکیان لێ شەهید کردنو لێ برینـدار کردن. لەبەرئەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانیداو موسوڵمانان لەمەودای تیرەکـان دوورکەوتنـەوە، چـوونە شوێنێك کەئێستا مزگەوتی تائیفی لێیە خیوەتی بۆ خۆی‌و خێزانەکانی لێ هەڵدا، ئـەوانیش زەینـەب‌و دایکی سەلەمە بوون، پێغەمبەر (ﷺ) لەنێوان ئەو دوو خیوەتە نوێژی بۆ موسوڵمانان دەکرد.

موسوڵمانان ماوەی پازدە ڕۆژ دەوری شاریان گرت، پێغەمبەر (ﷺ) زۆری حەز دەکرد بەزیانێکی

---

[1] توبة: ٢٥- ٢٧.

کەم بتوانی وا بکات، ئەوانە خۆیان بەدەستەوە بدەن. بەڵام چ سوودی نەبوو، دوایی پێغەمبەر (ﷺ) پرسی بە(نەوفەلی کوڕی معاویە) کرد، فەرمووی ئایا چ دەڵێی دەربارەی مانەوەمان لێرە. ئەویش گوتی ئەی پێغەمبەری خوا ئەوانە وەك ڕێوی ناو کونانن ئەگەر بەدیاریانەوە بوەستی دەیانگری ئەگەر وازیشیان لێ بینی چ زیانێکت پێ ناگات.

پێغەمبەر (ﷺ) نەیویست هەروا لێیان بگەڕێ ویستی شورەکەیان بشکێنێ بۆ ئەو مەبەستەش (توفەیلی دەوسی) کە لەشەڕی خەیبەریش لەگەڵیان بوو، هەناردیە لای بەرەی (دەوس)، چونکە ئەوان شارەزا بوون لەبوردومان کردنو دروست کردنی مەنجەنیق. ئیتر کۆمەڵێکیان کەرستەی مەنجەنیقیان هێناو موسوڵمانان بەمەنجەنیق تائیفیان بۆردومان کرد. هەندێ دەبابەشیان لەدار دروست کردو موسوڵمانان خۆیان لەژێر شاردەوە، بەرەو شوورەکە ڕۆیشتن تاکو بیڕوخێنن، بەڵام دانیشتوانی تایف زانابوون، ئاسنیان تاواندەوە لەسەرەوە بەدەبابەکانیاندا کردو سوتاندنیانو لەسەرەوەش تیربارانیان کردن چەند کەسێکیان لێ شەهید کردن. بەو جۆرە موسوڵمانان نەیانتوانی خۆیان لەژێر دەبابەکان ڕابگرن، بەگورجی دەرچوون. ئەوەش سەری نەگرت، پێغەمبەر (ﷺ) بیری کردەوە باخچەکانیان ببڕێو بیسوتێنی بەتایبەتی ڕەزەکانیان، سامانێکی زۆریان لێ دەست دەکەوت تایفیەکان تەنگاو بوونو هاواریان بۆ پێغەمبەر ناردو گوتیان لەڕێی خواو خزمایەتی ڕەزەکانمان مەبڕەو مەیسووتێنە. پێغەمبەریش (ﷺ) موسوڵمانەکانی ڕاگرت لەسوتانو بڕین.

ئەوجا وەڵامی نارد کەهەرکەسێ بێتو خۆی بەدەستەوە بداتو موسوڵمان ببێت ئازاد دەکرێ. بەو هۆیە بیست کەسێك هاتنە لای پێغەمبەرو موسوڵمان بوون. لەوانە زاندرا خەڵکی تایف ئازووقەیەکی زۆریان هەیەو دەتوانن خۆیان بۆ ماوەی ساڵێك ڕابگرن. لەوکاتەش هاتنی مانگەڕێزدارەکان نزیك بوو، لەبەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) شەڕی ڕاگرتو فەرمانیدا بگەڕێنەوە مەککە. موسوڵمانان زۆریان پێناخۆش بوو، ئەوها بێ سەرکەوتن بگەڕێنەوە، لەبەرئەوە پێغەمبەر (ﷺ) بڕیاریدا بەیانی دووبارە گەڕانەوە سەریان، موسوڵمانان زۆر بەچالاکی گەڕانەوە، بەڵام ئەو جارەش گەلێکیان لێ برینداربوو و چیان پێنەکرا. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانیدا دووبارە گەڕانەوە مەککە. موسوڵمانان بۆیان دەرکەوت کەفەرمانی پێغەمبەر بەخۆڕایی نادرێ!، لەبەرئەوە بەدڵ خۆشیەوە گەڕانەوەو پێغەمبەریش (ﷺ) دڵخۆش بوو پێکەنی. موسوڵمانان داوایان لەپێغەمبەر کرد، دوعا لەسەقیف بکات لەلای خوا، بەڵام

پێغەمبەر لەجیاتی دوعایان لێ بکات دوعای بۆ کردنو فەرمووی خوایە ڕێگای ئیسلامەتی پێشانی سەقیف بدەیت.

ئەوەیە ڕەوشتی پێغەمبەران کەخوا پەروەردەی کردوون، بیر لەتۆڵەستاندنەوە ناکەنەوەو بەسەر دڵیشیان دانایێ. ئەو سەقیفانە هەر ئەو کەسانە بوون کاتی خۆی ڕاویان ناو مندالّە ورتکەیان تێبەرداو بەبێکەسیو بەتەنیا تاکو خۆی گەیاندە باغێك لەوێ هێشوە ترێیەکیان پێدا، ئێستاش بەخۆو بەو هێزە زۆرەوە دەتوانی پاش ماوەیەك هەموویان بگرێتو لەناویان ببات. بەلاّم لەجیاتی ئەوە بۆیان دەپارێتەوە خوا بیانهێنێتە سەر ڕێگەی ئیسلامو دەرباز بێنو ئازادیو بەهەشتیان پی ببەخشێ.

پێغەمبەر (ﷺ) گەیشتە (جەعرانە)، دیلو دەسکەوتەکان لەوێ کۆکرابوونەوە. لەوماوەیەش کەس بەدوایاندا نەگەڕایەوە، لەبەرئەوە پێغەمبەر (ﷺ) دەستی کرد بەدابەش کردنی سەرۆکەکانی هۆزە گەورەکانی مەککە هەریەکەیان بەشێکی باشی پێدان.

(ئەبو سوفیان) سەد حوشتری وەرگرتو بۆ موعاویەی کوڕیشی داوا کرد. پێغەمبەر (ﷺ) سەد حوشتری بەویش دا. (عەبباسی کوڕی میرداسیش) سەد حوشتری کەمتر بەرکەوت، بۆیەش بەهەڵبەستەکانی کەوتە گلەیی کردن. هەروەها سەد حوشتری دایە (عویەینەی کوڕی حیسن)و سەدیشیدا بە(ئەقرەعی کوڕی حابیس). سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس گوتی ئەی پێغەمبەری خوا هەریەکە سەد حوشترت دابەوانە بەلاّم (جەعیلی کوڕی سوراقە)ت واز لێ هێنا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی سوێندم بەوەی کەمنی بەدەستە جەعیلی کوڕی سوراقە پڕ بەپڕی زەوی لەوانە بەرزترە، بۆیە وازم لەو هێنا چونکە خاوەن باوەڕێکی زۆرباشەو موسوڵمانێکی تەواوەز بەو قسەیە جەعیل زۆر دڵخۆش بوو، گوتی ئەوەندە قسەی پێغەمبەرم لەهەموو ماڵو سامانی سەر زەوی لەلا چاکترە.

پێغەمبەر (ﷺ) ئەو ماڵەی بەوانە بەخشی تاکو دڵیان بۆ ئیسلام ڕابکێشێ، چونکە ئەوانەی کەم باوەڕن کەدێنە ناو هەر کۆمەڵێك لەیەکەم جار هەر چاویان لەماڵو سامانو پایەیە، تاکو بەتەواوی باوەڕ دەکەوێتە ناو دڵیان دەبێ دڵیان ڕابگیرێ. کەباوەڕی تەواوی ئیسلام کەوتە ناو دڵیان ماڵو سامانو پایە لەلایان دەبێتە شتێکی بێ نرخ.

دوای ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دایە (زەیدی کوڕی سابیت) ئەوەی مایەوە بیژمێرێ، ئەوجا بەسەر شەڕکەرەکانی دابەش کرد، هەر پیادەیەك چوار حوشترو چل سەرمەڕی بەرکەوتو هەر سوار

ولاغەش دوازدە حوشترو سەدو بیست سەر مەڕی بەرکەوت.

دوای ئەوانە عارەبە کۆچەرەکانی بیابان هەڵیان کوتایە سەر پێغەمبەر، دەیانگوت ئەی پێغەمبەری خوا بەشمان بدە. هەندێك وایان تەنگاو کرد، ناچار کشایەوە پاڵی پەدارێك دا. لەسەر ئەو حاڵەش سوخمە (خەرقە)کەیان لەبەر داماڵی. ئەویش فەرمووی ئەی خەڵکینە خەرقەکەم بدەنەوە سوێندم بەوەی منی بەدەستە ئەگەر بەقەد کێوی (توهامە)م ماڵات هەبوایە هەموو بەسەر دابەش دەکردن، ئێوە قەت من بەترسنۆکیو قرچۆکیو درۆزنی نابینن.

هەر ئەودەم دەستی درێژ کرد بۆ حوشترێك لەتەکیەوە بوو، هەندێ داوە مووی لێ کردەوەو خستیە نێوان پەنجەکانیو بلندی کردو فەرمووی ئەی خەڵکینە من ئەوەندەی ئەو تووکە حوشترەم لەدەسکەوتەکانی ئێوە بۆ خۆم نەگێڕاوەتەوە تەنیا پێنج یەك نەبێ، ئەویش مافی ئێوە نیەو ئەویشم بەسەر دابەش کردوون[1] لەهەمووی سەیرتر ئەوە بوو ئەوانەی کە لەشەڕ هەڵاتبوون هەر ئەوان بوون کەڵەکەیان لەسەر پێغەمبەر کرد. هەتاکو لەئەنەس دەگێڕنەوە دەڵێ لەگەڵ پێغەمبەر دەڕۆیشتم جویەیەکی یەمەنی یەخە ئەستووری لەبەربوو، عارەبێکی گەیشتێو یەخەی جوبەکەی ڕاکێشا ملی پێغەمبەری لەگەڵ سوور کردەوە. پێی گوت فەرمان بدە لەو ماڵەی خوا کەلەلاتە پێم بدەن. پێغەمبەر (ﷺ) هیچ نەشێوا ڕووی تێکردو پێکەنیو بەیارانی گوت بیدەنێ[2].

(ئەو جۆرە کێویانە گوی نادەنە شەرمو نەرمی، تەنیا دەیانەوێ باخەڵیان پڕ بکەنو ئارەزوویان دابین بکەن) یەکێك لەبەرەی تەمیم پێیان دەگوت (ذو الخويصره) لەکاتی دابەشکردنی دەسکەوتەکان لەتەك پێغەمبەر ڕاوەستابوو، بەپێغەمبەری گوت لەو بەشینەوە دادپەروەریت نەکرد! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەگەر من دادپەروەری نەکەم کێ دەیکات؟ (عومەری کوڕی خەتاب) گوتی ئەی پێغەمبەری خوا نەیکوژم؟ فەرمووی نا، لێی گەڕێ ئەوە کۆمەڵێکی لێ بەپاش دەکەوێ، دەچنە ناو قووڵایی ئایین تاکو لێی دەردەچن هەروەکو تیر لەکەوانەکەی دەردەچێ[3].

بەو شێوەیە پێغەمبەر (ﷺ) دڵی هەموو خەڵکەکەی بەنەرمیو هێمنایی دابین کرد، وای لێکردن

---

(١) بوخاري ١٩٣/٦.

(٢) السيرة النبوية ابن كثير ٢٤٩/٢.

(٣) السره النبويه لابن كثير ٢٥٢/٢.

هەموویان بەئیسلامەتی ببەسترێنەوە، پێغەمبەر دڵی خەڵکەکەی لەلا بەنرختر بوو لەماڵو سامان، بەڵام لەهەمان کاتیش ئەوە جۆرە کاتانە هەر پیاوی جەربەزەو چاوچنۆك سوود وەردەگرێ، پیاوی شەرم بەخۆو نەفەس بەرز هەردەم خۆیان دوور دەگرنو بێ بەش دەبن. (ژیانی سەر ئەو زەویە هەروا بووە، یاریدەدەران بەردی بناغەی هەموو شۆڕشو بانگەوازێك بووین، دەردو بەڵاو ناخۆشی هەر ئەوان چێشتویانە تاکو سەریان خستوە. کەسەرکەوتو خۆشی پەیدابوو، خۆپەرستو نارەسەنو خۆڕە پێشکەران بەرەکەی دەخۆنو لەسێبەری دەحەسێنەوە. تەنیا موسوڵمانان نەبێ کە ماڵو سامانو پایە لەلایان سەنگی زلە پۆشێکی نیە). کۆمەڵی یاریدەدەرەکان کەوتنە قسەکردنو یەك بەیەکی دەگوت وەڵڵا پێغەمبەر گەیشتەوە خزمەکانی خۆی، لەو کاتە سەعدی کوڕی عوبادەی سەرۆکیان ئاگادار بوو، چووە لای پێغەمبەر پێی وت، کۆمەڵی یاریدەدەران دڵ گران بوینە لیێت، فەرمووی بۆچی؟ گوتی لەدابەش کردنی دەسکەوتەکان. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی تۆ دەڵێی چی؟ سەعد گوتی وەڵڵا منیش یەکێکم لەوان، فەرمووی هەموویانم بۆ کۆبکەوە ئاگادارم بکە. سەعد کەکۆی کردنەوەو پێغەمبەری ئاگادار کرد. پێغەمبەریش (ﷺ) چووە ناویان لەپاش ئەوەی کەسوپاسو ستایشی خوای کرد. بەو شێوەی کەشایستە بەخواو فەرمووی، ئەی گەلی یاریدەدەران قسەیەکم بیستۆتەوە ئێوە لەدڵی خۆتان گلەییەتان لێم کردووە، ئایا من نەهاتمە لاتان ئێوە ڕێگەتان بزر کردبوو، خوا ڕێگەی پیشاندان، هەژار بوونو خوادەوڵەمەندی کردن، دوژمنی یەك بوون خوا دڵی هەمووتانی کردەوەیەك. هەمو گوتیان بەڵێ، چاکەو باشی بۆ خواو پێغەمبەری خوایە. فەرمووی بۆچی وەڵام نادەنەوە؟ هەموو گوتیان بەچی وەڵام بدەینەوە، هەموو چاکەو باشی هی خواو پێغەمبەرە.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەگەر بتانەوی دەتوانن بڵێنو ڕاستیش ئەکەن، بڵێن تۆ دەرکراو بووی هاتیە لامان تۆمان حەواندەوە، بەدرۆزنیان دەزانی باوەڕمان پێکردی، هەژار بووی یارمەتیمان دای، دەترسای هێمنمان کردیەوە، دابڕاو بووی سەرمان خستی، دیسان هەموویان گوتیان چاکە هەمووی هی خواو پێغەمبەرە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی کۆمەڵی یاریدەدەران، ئێوە ئەوەتان لەدڵ گران هاتووە، کەماڵێکی کەم بدەمە ئەوانەو دڵیان پێ ڕابگرمو پێی ئیسلام بن، ئێوەشم بەتەمای باوەڕە بەتێنەکەتان هێشتەوە، ئێستا ئێوە رازی نابن بەوەی خەڵك بڕواتەوەو مەڕو حوشترو وڵاغ لەگەڵ خۆی بباتەوە، ئێوەش بگەڕێنەوە پێغەمبەری خوا لەگەڵ خۆتان ببەنەوە، سوێندم بەوەی گیانی کەمنی

بەدەستە هەموو خەڵك لایەك بگرنو یاریدەدەرانیش لایەكی تـر بگـرن، مـن لای یاریـدەدەران دەگـرم. ئەگـەر كۆچـم نەكردبایـە دەبوومـە یـەكێك لەیاریـدەدەران. ئـەوجا فـەرمووی ئـەی خوایـە ڕەحـم بەیاریدەدەرانو كوڕانی یاریدەدەران بكەی. بەو قسانە هەموویان دەستیان كرد بـەگریان تـاكو ریـشیان بەفرمێسك تەڕبوو، پەشێوان بوونەوەو گوتیان ئێمە بەو بەشەڕازین كـەخواو پێغەمبـەر پێمـان ئـەدەن. ئەوجا بڵاوەیان لێكرد[1].

﴿ هاتنی نوێنەرانی هەوازن ﴾

لەپاش دابەش كردنی دەسكەوتەكان، نوێنەرانی هەوازن هاتنە لای پێغەمبـەرو موسـوڵمان بـوون، هومێدیان وابوو پێغەمبەر ماڵو منداڵو ژنەكانیان بداتەوە. بۆ ئەوەش (زوهەیری كـوڕی سـەرد) ڕووی لەپێغەمبەر كردو گوتی ئەی پێغەمبەری خوا، ئەو ژنانەی كەبوونە كوێلەو لـەلای ئێـوە زۆریـان پـورو دایەنەكانی توونە، كاتی خۆی لەناویان بەخێو كرایو لەباوەشیان كردیو شیریان پێـدای. ئێمـە ئەگـەر لەجیاتی تۆ نەعمانی كوڕی مونزیرمان بەخێو كردبایەو داوامان لێ كردبایە، دوای ئەو بەسەرهاتەمان لێی ناهومێد نەدەبووین، خۆ تۆ لەو چاكتری.

لێرەدا زیرەكیو زمـان زانـی (زوهـەیر) دەردەكـەوێ چـۆن لایـەنی سـۆزی پەیوەنـدی خزمایـەتی پێغەمبەری جوولاند، ڕۆژی منداڵی بەبیر هێنایەوە كەلەماڵی حەلیمەی دایەنی بەخێو كرابوو. هەسـتی خزمایەتیش لەهەموو هەستێك كاریگەرترە بۆ پیاوی خواناس، چ جای پێغەمبەر كەقەت چاكەی لـەبیر نەدەكرد. لەناو دیلەكان ژنێكی بەساڵاداچوویان تێدابوو، پێش ئەوەی كەنوێنەران بێن ئەو ژنە كـەوتبوە دەست كەسانێك بەتووندی لەگەڵی جوولابوونەوە. ئافرەتەكەش پێی گوتبوون ئاگـادارین مـن لەشـیرەوە خوشكی خاوەنەكەتانم. ئەوانیش پێیان باوەڕ نەكردبوو هێنابوویانە لای پێغەمبەر.

پێغەمبەریش (ﷺ) تەماشای كردو ناسیەوە كەئەوە (شەیمایە كچی حاریسی عەبـدول عوززایـە). عەباكەی بۆ ڕاخستو لەتەك خۆی داناو زۆری ڕێز لێ گـرتو پێـی گـوت، ئێـستا خـۆت سەربەسـتو

(١) فتح الباري لشرح صحيح البخاري ٤٧/٨.

ئازادی ئەگەر حەز دەکەی بچۆوە لای خۆتان، شەیماش وتی حەز دەکەم بچمەوە لای هۆزەکەی خۆمان، پێغەمبەریش (ﷺ) زۆر بەڕێزو بەخەڵاتەوە ناردیەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) کەگوێی لەقسەکانی (زوهەیری کوڕی سەرد) بوو فەرمووی من قسەی ڕاستم لەهەموو شتێك لەلا خۆشترە، ئێستا پێم بڵێن ژنو منداڵتان لەلا خۆشەویسترە یان سامان و ماڵاتەکەتان، گوتیان ئێمە ژنو منداڵمان بەهیچ شتێك ناگۆڕینەوەو هیچ شتێکیش هاوتای ماڵو منداڵ ناکات. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەوەی لای منو بەرەی عەبدولموتەلیبە وەریان دەگرنەوە، هەر کەنوێژی نیوەڕۆشم کرد ئێوە ڕاست ببنەوە بەخەڵکەکە بڵێن ئێمە پێغەمبەر دەکەینە تکاکار لەموسوڵمانان. موسوڵمانانیش دەکەینە تکاکار لەپێغەمبەر، ژنو منداڵەکانمان بدەنەوە. من ئەوەی لەلای خۆمە پێتان دەدەمەوە، تکاش لەموسوڵمانان دەکەم ئەوانیش ئەوانی لای خۆیانتان پێ بدەنەوە. ئەوانیش بەگوێرەی قسەکەی پێغەمبەر لەدوای نوێژ داواکەیان کرد. پێغەمبەریش (ﷺ) ڕووی لەموسوڵمانان کرد، فەرمووی ئەو برایەنەتان تۆبەیان کردووەو هاتوونە داوای دیلەکانیان دەکەنەوە، من وا بەباش دەزانم بیان دەینەوە، ئەوەی لەلای منو بەرەی عەبدولموتەلیبە ئەوا پێمدانەوە، ئەوجا کۆچ کردوەکانیش گوتیان ئەوەی بەشی ئێمەیە بۆ پێغەمبەر بێت، یاریدەدەرانیش هەر هەمان قسەیان کرد، بەڵام (ئەقرەعی کوڕی حابیس)و (عویەینەی کوڕی حیسن) لەبەرەی تەمیم لەگەڵ (عەبباسی کوڕی میرداس) لەبەرەی سولەیم نەیاندانەوە، بەرەی سولەیم هەموویان دایانەوە، ئەوانی تریش کردیانە هەرا، هەندێك گوتیان دەیاندەینەوە هەندێکیش گوتیان نایاندەینەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی ئەوە وا نابێ، با هەر کۆمەڵە یەکێك دیار بکەن پێمان بڵێن، کێ دەیداتەوە کێ نایداتەوە. ئەوجا هەر کۆمەڵە یەکێکیان ناردە لای پێغەمبەر ئارەزووی هەر لایەکیان دەرخست. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەوانەی کەڕازی نابن دیلەکان بدەنەوە با بێن من لەجیاتی هەر یەکێك لەو دیلانە لەیەکەم دەست کەوت کەبەدەستمان کەوت شەش بەشی ئەدەمێ، ئەوانیش هەموویان گوتیان دەیاندەینەوە. بەو شێوەیە پێغەمبەر (ﷺ) هەموو ژنو منداڵەکانی بۆ وەرگرتنەوە پێی دانەوە[1]!.

پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لەنوێنەرانی هوازن کرد لەبابەت (مالیکی کوڕی عەوف)ی سەرۆکیان،

(١) سەحیحی بوخاری د-ش الریاض لاپەڕە ٨٨٦-٨٨٧ ژمارە ٤٣١٨ و ٤٣١٩.

گوتیان هێشتا هەر لەتایفە. فەرمووی پێی بڵێن با بێت تۆبە بکات‌و موسوڵمان ببێت ماڵ‌و منداڵەکەو سەد حوشتری ئەدەمەوە. مالیك کەئەو قسەیەی پێگەیشت، هەستا بەنهێنی ماینەکەی زین کردو لەقەڵای تایف هاتەدەرو چووە لای پێغەمبەرو موسوڵمان بوو و ژن‌و منداڵەکان‌و سەد حوشترەکەی وەرگرت‌و گەڕایەوە.

بەو کردەوە ڕێك‌و پێك‌و بەو داناییەو تێگەیشتنە خوا پێی دابوو، پێغەمبەر (ﷺ) توانی دڵی هەموو لایەك ڕابگرێ‌و ئیسلامەتیان لەلا شیرین بکات‌و بەشی هەرە زۆری موسوڵمان بوون. ئەو سەین‌و بەینە پازدە ڕۆژی خایاند. دوای ئەو پازدە ڕۆژە هەموو کارێکی جێبەجێ کرد، هەموو شتێکی بڕیەوە، ئیحرامی بەست‌و چووە مەککە عەمرەی بەجێ هێنا، دانیشتوانی مەککەش تازە موسوڵمان ببوون، پێویستیان بەزانایەك هەبوو ڕەوشتی ئیسلام‌و قورئانیان فێر بکات، بۆ ئەوەش (مەعازی کوڕی جەبەلی) لەلا هێشتنەوە.

(عیتابی کوڕی ئەسید)یش هەرچەندە کوڕە لاوێك بوو، تەمەنی بیست ساڵ بوو بەڵام زیرەك‌و ئازاو چاوتیژ بوو، پێغەمبەر کردی بەسەرۆکی مەککە.

﴿ گەڕانەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە ﴾

پاش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) هەموو کارێکی ئەنجام دا عەمرەی بەجێ هێنا، یاریدەدەران (واتە خەڵکی مەدینە) دەترسان پێغەمبەر لەمەککە بمێنێتەوە، بەتایبەتی چونکە خوا دەرگای مەککەی بۆ کردەوەو دەسەڵاتێکی تەواوی کەوتە دەست. لەو کاتەی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر گردی سەفا لەبەر خوا دەپاڕایەوە، هەندێك لەیاریدەدەران لەنێوان خۆیان کەوتبونە گفت‌وگۆ، یەك لەیەکی دەپرسی تۆ بڵێی پێغەمبەر بگەڕێتەوە مەدینە؟ پێغەمبەریش (ﷺ) کە لەپاڕانەوەکە بۆوە، چووە لایان لێی پرسین‌و فەرمووی ئەوە چیتان دەگوت، ئەوانیش نەیانویست پێی بڵێن. پێغەمبەر (ﷺ) وازی لێ نەهێنان تاکو پێیان گوت. پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی خۆم بەخوا دەپارێزم، ژیانم لەگەڵ ژیانتانەو مردنم لەگەڵ

مردنتانە[1].

گرتنی شاری مەککە لەناو دڵی هەموو عەرەب زۆر گرنگ‌و کاریگەر بوو، چونکە مەککە لەلای هەموو عەرەب پیرۆزو خاوەن ڕێز بوو، هەموو ساڵ حەجیان لێ دەکردو بەدەورەی کەعبەدا دەسوڕانەوە. هەروەها بازاڕێکی گەورەش بوو ساڵانە دەکرایەوە. سەرکەوتنیش لەشەڕی حونەین‌و موسوڵمان بوونی هۆزەکانی هەوازن وای کرد،کە هەموو عەرەب چاوترساو بن‌و تێبگەن کەبەربەرەکانی لەگەڵ موسوڵمانان بێ سوودە، ئایینی ئیسلامیش ئایینێکە خوا هەناردوویەتی، بۆیە لەهەموو شەڕێك سەرکەوت. لەبەرئەوە لەهەموو لایەك نوێنەرانی تیرەو هۆزەکان دەستیان کرد بەهاتن بۆ لای پێغەمبەر، یەك لەدوای یەك موسوڵمان دەبوون. وای لێهات فەرمانڕەوایی پێغەمبەر لەهەموو ڕاستێکی نیمچە دوورگەی عەرەب بڵاوبۆوە پاش ئەوەی کەتەنیا لەشاری مەدینە زیاتر نەبوو. پێغەمبەریش (ﷺ) نوێنەرانی خۆی بۆ هەموو ناوچەکانی نیو دورگە هەنارد بۆ بانگ کردنی خەڵك بۆ ئیسلام. بەو هۆیەش زۆربەیان بەدوای دەنگی ئیسلامەوە دەهاتن‌و موسوڵمان دەبوون.

پێغەمبەر (ﷺ) (قەیسی کوڕی عوبادە)ی هەنارده یەمەن بۆ ناو تیرەی (سەدا)و بانگی کردن بۆ ئیسلام. سەرۆکەکەیان ناوی (زیاد کوڕی حارس) بوو هاتە لای پێغەمبەرو موسوڵمان بوو. گەڕایەوە یەمەن، خزمەکانیشی موسوڵمان بوون.

وای لێهات ناوناوبانگی پێغەمبەر کاری کردە سەر هەموو تیرەو هۆزو سەرۆکەکانی عەرەب. نوێنەری تیرەیەکی هۆزی تەی (طـي) بەسەرۆکایەتی زەیدولخەیل (زیدالخیل) هاتنە لای پێغەمبەر، کەچاوی پێیان کەوت، پێشوازیەکی باشی کردن‌و لەگەڵ زەید کەوتە گفتوگۆ. فەرمووی هەرکەسێکیان بەچاکە بۆ باس کردبم‌و هاتبێتە لام وانەبوە، تەنیا زەید نەبێ، باسی چاکەی ئەویان تەواو بۆ نەکردووم. پێغەمبەر (ﷺ) ناوەکەی گۆڕی لەزەیدوالخیل کردی بەزید الخیر کەگەڕانەوە ئەو تیرەی کەزید الخیر سەرۆکیان بوو گشتیان موسوڵمان بوون.

---

(١) فتح الباري لشرح صحيح البخاري ٥٣/٨.

تەنیاحاجی

Tanya Haji | تەنیاحاجی

public channel

Description

ئەم کتێبە لەلایەن { ئوسامە زەندی }
کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7

Invite Link

﴿ هاتنی عەدی کوڕی حاتەم ﴾

عەدی کوڕی حاتەم کوڕی ئەو حاتەمە بەناوبانگەیە کەلەمێژوو ناسراوە بەناندەرو چاوتێرو هەردەم میوان داری خەڵکی کردووەو بەهاواری داماوو لێ قەوماوانەوە چووە. هەر شتێکی داوایان لێ کردبێ دەستی کەسی نەگێڕاوەتەوە. عەدی کوڕیشی پیاوێکی مەسیحی بوو، لەهەموو کەسیشی زیاتر ڕق لەپێغەمبەر دەبۆوە. کەپێغەمبەر (ﷺ) ناوبانگی دەرکردو موسوڵمانان دەسەڵاتیان وا بەهێز بوو، عەدی بەماڵو منداڵەوە هەڵات و چووە ناو مەسیحیەکانی شام لەوێ نیشتەجێ بوو.

کەپێغەمبەر (ﷺ) عەلی کوڕی ئەبی تالیبی هەناردە سەر ئەو تیرەی هۆزی تەی (طي) کەعەدی سەرۆکیان بوو لەیەمەن، بەسەریان دا زاڵ بوو بتە گەورەکەشی شکاندن و ماڵاتێکی زۆری بەتاڵان هێناو گەلێ کەسیشی لێ بەدیل گرتن. یەك لەو دیلانە (سەفانەی کچی حاتەم) واتە، خوشکی عەدی بوو، کەهێنانیانە مەدینە لەنزیك مزگەوت ڕایان گرتن.

کەپێغەمبەر (ﷺ) بەوێدا تێپەڕی، سەفانە ڕاست بۆوەو پێی گوت من کچی پیاوێکم سەرۆکی هۆزی تەی بوو، ناندەرو چاوتێرو ئازابوو، بەهاواری لێ قەوماوانەوە دەچوو، داوای هەژارانی دەگەیاندە جێ. ئێستاش باوکم نەماوەو برا کەشم بزربووە، چاکەم لەگەڵ بکە خوا چاکەت لەگەڵ بکات.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ڕەوشتی باوکی ئەو ئافرەتە، ڕەوشتی چاکەو گەورەیی (مکارم الاخلاق) بووە. فەرمانیدا سەفانەیان ئازاد کردو پارەو جلوبەرگێکی باشی پێداو بەپیاوانێکی باش و دەست پاك ڕەوانی کردەوە بۆ لای براکەی.

عەدی دەگێڕێتەوەو دەڵێ: لەماڵ دانیشتبووم دیتم ئافرەتێك هاتە ماڵەوە، کەچاوم پێکەوت گوتم کچی حاتەم نەبێت گوتی بەڵێ هەوم. لێم کەوتە گلەیی و هێرشی بۆ هێنام و گوتی هەی ستەمکار، تۆ خۆت لەخزمان دابڕی و خۆت بزرکردو ماڵو منداڵت لەگەڵ خۆت بردو دایك و خوشك و خزمانت بەجێ هێشت. عەدی دەڵێ پێم گوت خوشکی خۆم قسەی چاك بکە، ئەوەی دەیڵێی هەمووی ڕاستە، ئێوەم بەجێهێشت. پرسیارم لێکرد گوتم چ دەڵێی لەبابەت ئەو پیاوە (واتە، پێغەمبەر)؟ گوتی من وا بەباش دەزانم بەخێرایی بچیە لای، ئەگەر ئەو پیاوە بەڕاستی پێغەمبەر بێت هەرکەسی زووتر بچێتە لای پاداشی باشتری هەیە، ئەگەر پاشا بێت تۆ بەبێ دەسەڵاتی نامێنێتەوە.

عەدی بەو قسانە دڵی نەرم بوو هەستا بەرەو مەدینە ڕۆیشت مێخەکەشی (صلیب) لەمل بوو. عەدی دەڵێ کەگەیشتمە مەدینەو چوومە مزگەوت، کەپێغەمبەر (ﷺ) چاوی پێم کەوت پێشوازیەکی چاکی لێ کردمو بەرەو ماڵەوەی ڕۆیشتین. لەڕێگا تووشی ئافرەتێك بووین، تەواوێك لەگەڵی ڕاوەستاو کاری بۆ دروست کرد. بەڵام من لەو ڕاوەستانە سەرسام بووم گوتم ئەوکارە شایەنی نیە، شا بەو جۆرە لەگەڵ پیریژنێك ڕاناوەستی. چووینە ماڵەوە سەرینێکی لەپووش هەلاخنای هێناو بۆی دانامو گوتی لەسەری دانیشە. گوتم تۆ لەسەری دانیشە گوتی نابێ. من دانیشتمو خۆی لەسەر زەوی دانیشت، گوتم وەڵلاهی ئەوە کردەوەی شایان نیە. ئەوجا پێی گوتم تۆڵە خواو پێغەمبەری خوا هەڵاتی، ئایا تۆ (ڕکوسی) نەبووی (ئاینێکە لەنێوان مەسیحیو سوببی). گوتم بەڵێ. گوتی تۆ چواریەکت لەدەسکەوت لەهۆزەکەت نەدەستاند کەئایینی تۆ ڕێگەی نەئەدای. گوتم بەڵێ. منیش لەدڵی خۆمدا گوتم دیارە ئەوە پێغەمبەرە، چونکە شتی وای دەردەخست کاتی خۆی من کردبووم ئەو ئاگای لێ نەبوو! ئەوجا کەچاوی بەمیخەکەی ملم کەوت، ئەو ئایەتەی خوێندەوە کەدەفەرموێ ﴿اتَّخَذُواْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ﴾[1] واتە: قەشەو مەترانەکانیان کردوونەتە ڕەهبەر لەجیاتی خوا.

منیش گوتم نەخێر ئەو کەسانە ناپەرستین. گوتی ئایا فەرمانتان بۆ دەرناکەن، بەئارەزووی خۆیان حەڵاڵ حەرام دەکەنو حەرام حەلال دەکەنو ئێوەش بەو فەرمانانە کردەوە ناکەن؟ گوتم بەڵێ، فەرمووی دە ئەوەیە ڕەهبەرایەتیان لەجیاتی خوا.

ئەوجا فەرمووی ئەی عەدی تۆ لەبەر ئەوە موسوڵمان نابی چونکە موسوڵمانان بەدەست کورتی دەبینی. هەندەی نەماوە ماڵو سامان ئەوەندە زۆر دەبێ تاکو وای لێ دێ کەس نایێ وەری بگرێ. وەاللە گوێت لێ دەبێت ئافرەتیش لەقادسیەوە بەسواری حوشتر دەچێتە حەج بێ ئەوەی پێویستی بەپاراستنی کەس هەبێت، باش بزانە هەندەی نەماوە کۆشکو تەلاری سپیو وڵاتی بابوول دەکەوێتە ژێر دەستی موسوڵمانان[2].

عەدی نیشانەو وێچوەکانی ڕاستەقینەی پێغەمبەرایەتی لەشێوەی ژیانو کردەوەی پێغەمبەر دیتو

---

(١) التوبة: ٣١.

(٢) ابن کثیر ٣٢١/٢ وصفوة التفاسیر ٥٣١/١ لەتەفسیری ئالوسی ٨٤/١٠و بوخاری ٤٧٧/٦.

هەروەها لەشێوەی گفتو گۆیە کەشی نیشانەی پێغەمبەرایەتی بۆ دەرکەوت، بۆیەش موسـولّمان بـوو. عەدی دەلێ سێ[1] سالّی پێنەچوو دیتم کۆشكو تەلاری ولاّتی بابل کەوتە ژێر دەستی موسولّمانان!

﴿ خێزانەکانی پێغەمبەر (دایکانی موسولّمانان) ﴾

لەمەوپێش باسی یەکەم ژن هێنانی پێغەمبەرمان کرد، پێش ئەوەی ببێتە پێغەمبەر، ئـەو کاتـەی کەخاتوو خەدیجەی گواستەوە، تەمەنی بیستو پێنج سالّ بوو. (هەندێکیش دەلێن تەمەنی بیستو سێ سالّ بووە). خاتوو خەدیجەش تەمەنی چل سالّ بوو. ماوەی بیستو پێنج یا بیستو حەوت سالّی لەگەلّ بوو، ئەو ماوەیە پێغەمبەر (ﷺ) لەئەوپەڕی گەنجیەتی بوو، بەلاّم بیری لەوە نـەکردەوە کـەژنێکی تـر بێنی، ئەگەرچی ئەو کات زۆر ئاسایی بوو کەپیاوێك چـەندین ژن بێنـت پیـاوی وا هـەبوو لـەو کاتـدا خاوەنی بیستو پێنج ژن بوو. ئافرەتیش لەنێو عەرەبەکانی شارو دێهاتو بیابان بەچاوێکی زۆر بێ نرخ سەیر دەکران، بەبێ ئەوەی هیچ سەنگو ڕێزێکیان هەبێ.

پێغەمبەریش (ﷺ) لەسەر گەنجیەتیو خانەدانیو زاناییو ڕەوشـت باشـیو ڕاسـتگۆییو دەسـت پاکیو نەفس بەرزی خۆیەوە هەر خاتوو خەدیجەی ژن بوو، بـی ئـەوەی چـاو ببڕێتـە هـیچ ژنێکـی تـر. گومانی تێدا نیە ئەگەر داوای هەر ژنێکی بکردبایە لەکچانی خزمانو گەورە پیاوانی قوڕەیش بەهەموو شانازیەكو سەربەرزیەوە پێیان ئەدا. لەوکاتیش هێنانی چەند ژنێك نیشانەی پیـاوەتیو شـوێن بـەرزی کۆمەلاّیەتی بوو. بەلاّم پێغەمبەر (ﷺ) گوێی نەدایـە ئـەو جـۆرە پێوانـەو بەهەلّـە بـچێ، کەسـیش نەیتوانیوە تانەی لەسەر لێ بدات. لەهەمان کاتیش سنوور بۆ ژن هێنـان دانەنـدرابوو. ئـەوجا بـا ئـەو

---

١) ئەگەر پیاوی خاوەن هۆشو گۆش بەتەواوی بیربکاتەوەو تێوە ڕابمێنێو سەربەخۆش بێت لەو بیرکردنـەوەو وتـوە ڕامانـە هـیچ گومانی تێدا نیە دەگاتە بیروباوەڕی تەواو، بەلاّم ئەگەر سەربەخۆییو بیرکردنەوە لـەگۆڕێ نـەبوو و بـەگوێرەی هـۆشو گۆشـیش نەجوولاّیەوە، بەبێپباکیو بەگوێرەی هەواو هەوەس جوولاّیەوە، هیچ چارە نیە، مل ئەداتە ڕابواردنو خۆ گێل کردن، لێی بەخۆش دێت، هەروەکو ئێستا زۆران لەخوێندەواران لەئیسلام دوور کەوتوونەتەوە، زۆریشیان لەبنەمالّەی موسولّمانانن، زۆران دەلێن ئێمە ئەگەر لەدایكو باوکێکی موسولّمان نەبووینایە ئێمە موسولّمان نەبووین، گوێ نادەنە ئەوە کەهەموو مرۆڤێکی تەواو کەگەیشتە تەمەنێکی دیارکراو دەبێتە هەستو بیری خۆی. هەر خۆشی ئاین هەلّدەبژێری هیچ هێزێك ناتوانێ کاری تێبکات.

کەسانەی ڕەخنەی لەئیسلامو پێغەمبەر دەگرن لەژن هێنانو دەڵێن پێغەمبەر پیاوێك بووە حەزی لەئافرەت کردووە!، تەنیا دەیانەوێ ناحەزایەتیو دوژمنایەتی خۆیان دەربخەن لەڕاست پێغەمبەر. چونکە هەموو کەس دەزانیو شتێکی سروشتیشە کەپیاو لەپەنجا ساڵی تێپەڕی ئارەزووی ژن هێنانی سست دەبێو ئەو چالاکیەی نامێنێ بەژنانەوە خەریك ببێت، بەتایبەت پێغەمبەران مرۆڤێکی ئاسایی نینەو پایەیان جیاوازی هەیە لەگەڵ پیاوانی ئاسایی. پێغەمبەران سەرۆکی دەوڵەتو میللەتن دەبێ جیابکرێنەوە لەخەڵکی تر، هەر هەنگاوێکی دەیهاوێنو هەر کارێکی دەیکەن هەمووی بۆ سوودی میللەتەو بەفەرمانی خوایەو دەبێتە ڕێباز بۆ موسوڵمانان.

ئەوجا با سەرنج بدەینە ئەو هۆیانەی کەپێغەمبەر ئەو چەند ژنانەی پاش مردنی خەدیجە هێنا.

یەکەمیان (سەودەی کچی زەمعە) ژنی سەکرانی کوڕی عەمر بوو، کەپێشتر بۆ حەبەشە کۆچیان کردو دوایی گەڕانەوە مەککە، زۆری نەخایاند مێردەکەی کۆچی دوایی کردو ئەو ژنە بەبێ کەسی مایەوە. پێغەمبەر (ﷺ) ویستی لەوێڵیو سەرگەردانیو هەژاریو بڕسیەتی ڕزگاری بکاتو ڕێزی بگرێت لەبەرامبەر کۆششەکانی سەودە بۆ سەر خستنی ئیسلام، تاکو بگاتە پایەی دایکایەتی موسوڵمانانو ببێ بەژنی پێغەمبەر.

لەپێش مارە کردنی سەودە داخوزی عائیشەی کچی ئەبوبەکری کردبوو، لەکاتێك کەعائیشە تەمەنی نۆ ساڵان بوو، ئەوەش چونکە ئەبوبەکر نزیکترین کەسی پێغەمبەر بوو و جێگای باوەڕیو نهێنی بوو، هەموو فەرمانێکی پێغەمبەری بەبێ لێکۆڵینەوەو دوو دڵی جێبەجێ دەکرد.

پێغەمبەریش ویستی بەهۆی خزمایەتی پەیوەندی خۆیو ئەبو بەکر وا بەتێن بکات ببنە یەك بنەماڵەو پایەی بنەماڵەی ئەبوبەکر وا بەرز بکاتەوە، بەجۆرێك کەشایست بۆ جێگریەتی پێغەمبەر.

ئەگەر پێغەمبەر مەبەستی خۆشیو لەزەت بوایە داخوازی منداڵێکی وای نەدەکرد، کەچەند ساڵێشی لەسەر ڕاوەستا ئەوجا گواسترایەوە.

لەدوای شەڕی بەدر بەساڵێك (خەنیسی کوڕی حوزافە) مێردی (حەفسەی کچی عومەری کوڕی خەتاب بەهۆی بریندار بوونی لەشەڕی بەدر کۆچی دوایی کرد. بەمردنی خەنیس حەفسە زۆر پەرێشانو سەرگەردان بوو، ئیمامی عومەرویستی کچەکەی لەو سەرگەردانیە ڕزگار بکات، هەوڵیدا بەشووی بدات داوای لەئەبوبەکر بیخوازی بەڵام ئەو قەبووڵی نەکرد. ئەوجا داوای لەعوسمان کرد ئەویش

نەیویست عومەر زۆر دڵگران بوو.

پێغەمبەر (ﷺ) ویستی ئەو دڵ گرانیەی عومەرو حەفسە نەهێڵی‌و پەیوەندی نێوان ئەو پشتیوانە گەورانەی موسوڵمان بەتێن بێت. بۆیە فەرمووی حەفسە لەعوسمان‌و ئەبوبەکری چاکتر بەدەست دەکەوێ، ئەویش منم‌و عوسمانیش لەحەفسەی چاکتر بەدەست دەکەوێ کەئوم کەلسومە (کچی پێغەمبەر). لەدوای مردنی روقیە دایەوە عوسمان. فاتیمەی کچێشی دایە عەلی کوڕی ئەبی تالیب. ئیتر بەو هۆیەوە ئەو پیاوە خەباتکەرانەی ئیسلام بەهۆی خزمایەتی پێك بەسترانەوە. سەرەڕای پەیوەندی بیروباوەڕیان.

لەپاش شەڕی ئوحود پێغەمبەر (ﷺ) (زەینەبی کچی خوزەیمە)ی هێنا. ئەو ژنە پاکترین‌و جەرگ سۆزترین ژن بوو بۆ هەژاران‌و لێ قەوماوان، ناوی بەدایکی هەژاران دەرکردبوو، مێردەکەی لەشەڕی ئوحود شەهید کراو زەینەب کەوتە بێکەسی‌و هەژاری بۆیەش پێغەمبەر (ﷺ) نەیهێشت بەکەساسی‌و خەفەتباری بمێنێتەوەو ڕێزی لێناو مارەی کرد.

لەساڵی چوارەمی کۆچیش پێغەمبەر (هیندی کچی حوزەیفەی کوڕی موغیرەی مەخزومی) هێنا ی بەدایکی سەلەمە ناوبانگ دەرکردبوو. ئەو ژنە کچی پووری پێغەمبەر بوو، لەگەل مێردەکەی کۆچی کرد بۆ حەبەشەو دوایی گەڕانەوە، ئەو ڕۆژی کەمێردەکەی کۆچی کرد بۆ مەدینە خزمانی دایکی سەلەمە نەیانهێشت لەگەڵ مێردەکەی بچێت، دوایی ئەویش چوو بەڵام باوکی سەلەمە لەشەڕی ئوحود بریندار بوو، زۆری نەخایاند هەر بەو برینە شەهید بوو، کۆمەڵە منداڵێکی هەتیوی لەپاش بەجێما، دایکی سەلەمە جگە لەوەی ئەو پیاوەی زۆر خۆش دەویست‌و زۆری بۆ دڵگیرو داماو بوو، دوای مردنیشی کەوتە دەست کورتی‌و پەرێشانیەکی زۆر، ئەو ژنە ئەوەندە شەرم بەخۆبوو، یەکێکی وەك ئەبوبەکرو عومەری کوڕی خەتاب داخوازیان کرد لەبەر منداڵەکانی مێردی پێ نەکردن، بەڵام هەروەك پێغەمبەر دەیفەرموو (دڵی مرۆڤ لەبابەت خۆشەویستی‌و ڕك لێبوونەوە لەدەست خۆی نیەو لەدەست خوایە، خوا هەر گێرو وەرگێری ئەکات).

ئەو ناکۆکیەو حەسوودی پێك هەڵبردنە گەیشتە ڕادەیەك وای لێهات ژنەکان لەبەرامبەر پێغەمبەر چەقە چەق لەگەڵ یەکتر بکەن، لەسەری هەموشیانەوە حەفسەو عائیشە بوون، لەبەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) زۆریان لێ تووڕە بوو، سوێندی خوارد تاکو مانگێك لێیان جیا ببێتەوەو خۆی

لەهیچیان نەگەینێ بۆیەش جێگای لەهەموویان جیاکردەوەو لەگەڵ (ڕەباح) لەهۆدەیەك ژیا کەئەویش هۆدەی گەنجینە بوو، کاتێك ئەو قسە لەناو موسوڵمانان بڵاوبۆوەو کردیانە دەنگ، بەوەی کەپێغەمبەر ژنەکانی تەڵاق داوە. لەبەر ئەوە خەزورانی پێغەمبەر کەوتنە دڵ لەدڵدان سەبارەت بەدوارۆژی ئەو ژنانە.

عومەری کوڕی خەتاب دەگێڕێتەوە، دەڵێ کەئەو قسەیەم بیست هەڵسام چوومە لای حەفسەو دیتم دەگریا، لێم پرسی ئایا پێغەمبەر ئێوەی تەڵاق داوە. گوتی نازانم وا لێمان دوورکەوتۆتەوەو لەو هۆدەیە دەژی. عومەر دەڵێ، چووم بەرەباحم گوت ماوەم بۆ وەربگرە دەچمە لای پێغەمبەر، ڕەباح ڕۆیشتو هاتەوە چ قسەی نەکرد. منیش چوومە مزگەوت، دیتم خەڵك دانیشتون باسی پێغەمبەر دەکەن دەڵێن پێغەمبەر ژنەکانی تەڵاق داوە. دووبارە چوومەوە لای ڕەباحو گوتم ماوەم بۆ وەربگرە دەچمە لای پێغەمبەر. ئەویش دووبارە هاتەوەو هیچ قسەی نەکرد. منیش چارەم نەما ڕۆیشتم. کاتێك دیتم ڕەباح بانگی کردم، گەڕامەوە گوتی وەرە ماوەی پێدای.

عومەر دەڵێ چوومە لای پێغەمبەر (ﷺ) دیتم لەژوورێکە لەسەر حەسیرێك پاڵی داوەتەوەو تۆزو خولێکی زۆری لەسەرەو حەسیری ڕەق هەموو قەپرغەی بەلۆچ هێناوە.

کەبەولا بەولای هۆدەی گەنجینەمدا ڕوانی لەمستەجۆیەك زیاتر هیچی ترم نەدیت، ئەوەندەم سۆز بۆ پێغەمبەر هەڵستا، دەستم کرد بەگریان. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی عومەر بۆ دەگری؟ گوتم ئەی پێغەمبەری خوا بەزەییم بەحاڵی تۆ دادیتو لەسەر ئەو حەسیرەی، هەموو تەنیشتت حەسیر کاری تێکردووە! فەرمووی خۆشی دونیا هەمووی کاتێکەو دەڕوات.

عومەر دەڵێ لێم پرسی گوتم ئەی پێغەمبەری خوا دەڵێن ژنەکانت تەڵاق داوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ ئەو قسەیە سەری بڵند کردو تەماشای کردمو فەرموی نەخێر. گوتم ئەی پێغەمبەری خوا لەپێشا ئێمە لەمەککە بووین، ژنان نەیان دەتوانی بەدەم قسەمانەوە بێن، ئێستاش هەموویان دێنە ناو قسەمان بەدەماندا دەچنەوە، ئەوەش هەمووی لەژنانی مەدینە فێربوون. ڕۆژێك ژنەکەم هاتە ناو قسەم منیش زۆری لێ تووڕە بووم، ئەویش گوتی پێت ناخۆشە بێمە ناو قسەتەوە؟ وەڵڵا دەنا ژنەکانی پێغەمبەر دەچنە ناو قسەیەوەو لێی تووڕە دەبن، شەو ڕۆژێك قسەی لەگەڵ ناکەن. منیش گوتم ماڵ وێرانە ئەوەی وا دەکات، ئایا ناترسن خوا ڕکی خۆی پێیاندا بڕێژێ! عومەر دەڵێ بەو قسەیە پێغەمبەر

(ﷺ) زەردەخەنەیەکی هاتیو دیسان گوتم ئەی پێغەمبەر خوا، ڕۆژێك چوومە لای حەفسە پێم گوت کچم گوێ مەدە ئەوەی کەیەکێکی تر لەتۆ جوانترە، یا پێغەمبەر زیاتری خۆش دەوێ، دووبارە پێغەمبەر (ﷺ) زەردەخەنەیەکی تری هاتێ. ئەوجا پێم گوت ئەی پێغەمبەری خوا با پێکەوە هەندێ قسە بکەین، فەرمووی بەڵێ. ئەوجا دانیشتم بەژوورەکەم دا ڕوانیەوە، چاوم بەهیچ نەکەوت. بەڵام گەورەییو بەرزیەتیەکی تەواوم هاتە بەرچاو، گوتم ئەی پێغەمبەری خوا دوعا بکە خوا حاڵی موسوڵمانان خۆش بکاتو ماڵو سامانێکی زۆریان پێ بدات وەك فارسو ڕۆمەکان، ئەگەرچی ئەوان خواش ناپەرستن بەو قسەیە پێغەمبەر ڕاست بۆوەو دانیشت فەرمووی تۆ هێشتا گومانت هەیە؟ ئەوانە کۆمەڵێکن خوا لەدونیا خۆشی بۆ پێش خستوونو پێی داون. گوتم ئەی پێغەمبەری خوا داوای لێبووردنم بۆ بکە لەلای خوا.

دیسان گوتم ئەی پێغەمبەری خوا، بۆچی غەم لەژنەکانت دەخۆی، خۆ ئەگەر تۆ ئەوان تەڵاق بدەی خواو فریشتەو موسوڵمانان لایەنگیریت دەکەن. گەلێ قسەی تریشم کرد، دیتم تووڕەییەکەی نەماو گەلێ جاریش دەگرژیەوەو دەکەوتە پێکەنین، ئەوجا پێم گوت ئەی پێغەمبەری خوا، موسوڵمانان لەمزگەوت دەڵێن پێغەمبەر ژنەکانی تەڵاقداوە، ماوەم بدە بچم پێیان بڵێم ئەو قسەیە وانیە. ئیتر کەماوەی دام چوومە مزگەوت بەدەنگی بەرز قسەکەم پێ گوتن.

ئەوەش هەمووی بەهۆی بەربەرەکانی ناوەخۆی هەوێیەکان بوو لەگەڵ یەکتری، بەڵام خۆگریو دووربینی پێغەمبەرو کردەوەی بێ دەنگ ئەو گێروگرفتانەی چارەسەر کرد. پایەی پێغەمبەرایەتی کاری لەو ژنانە کرد واز لەئارەزووی دەروون بێنن، هەتا خوا هاتە نێوانو فەرمانی بۆ ناردنو فەرمووی: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ *قَدْ فَرَضَ اللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَانِكُمْ وَاللَّهُ مَوْلَاكُمْ وَهُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ *وَإِذْ أَسَرَّ النَّبِيُّ إِلَى بَعْضِ أَزْوَاجِهِ حَدِيثًا فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِ وَأَظْهَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ عَرَّفَ بَعْضَهُ وَأَعْرَضَ عَن بَعْضٍ فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِ قَالَتْ مَنْ أَنبَأَكَ هَذَا قَالَ نَبَّأَنِيَ الْعَلِيمُ الْخَبِيرُ *إِن تَتُوبَا إِلَى اللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا وَإِن تَظَاهَرَا عَلَيْهِ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ مَوْلَاهُ وَجِبْرِيلُ وَصَالِحُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمَلَائِكَةُ بَعْدَ ذَلِكَ ظَهِيرٌ *عَسَى رَبُّهُ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُ أَزْوَاجًا خَيْرًا

مِنكُنَّ مُسْلِمَاتٍ مُّؤْمِنَاتٍ قَانِتَاتٍ تَائِبَاتٍ عَابِدَاتٍ سَائِحَاتٍ ثَيِّبَاتٍ وَأَبْكَارًا﴾[1].

واتە: ئەی پێغەمبەر بۆچی خۆت ماندوو دەکەی بۆ خاتری دڵی ژنەکانت ئەوەی خوا بۆی داناوی لەخۆتی قەدەغە دەکەیت، خوا لێبوردەیەو خاوەن بەزەییە بۆتان لەوەی لەخۆت قەدەغە کردوە. خوا ڕێگەی لەدوای زەینەبیش پێغەمبەر (ﷺ) (جووەیریەی کچی حاریسی) سەرۆکی بەرەی موستەلیقی هێنا، وەك خاتو عائیشە دەگێڕێتەوەو دەڵێ هیچ ژنێك بووە لەسەر ئەو زەویە هێندە بەکەڵك بوو بێت لەشوو کردن بۆ هۆزەکەی. کەموسوڵمانان زانیان بەرەی موستەلیق بووینە خەزوری پێغەمبەر هەموو دیلەکانی ئەو هۆزەیان لەبەر خاتری پێغەمبەر ئازاد کردن، دوابەدوای ئەوەش هۆزی موستەلیق هەموویان موسوڵمان بوون.

پاش سەرکەوتنی موسوڵمانانیش بەسەر جوولەکەی خەیبەر (سەفیەی کچی حویەی کوڕی ئەختەب) کچی شای جوولەکان بوو، لەو نازو خۆشیەی ماڵی باوکیەوە بوو بەدیل. موسوڵمانان بەپێغەمبەریان گوت ئەو ژنە کچی گەورەی بەرەی نەزیرە هەر شایستەیە بەتۆ. پێغەمبەریش (ﷺ) ویستی ڕێزی ئەو ژنە بگرێ و لەکۆیلەیی ڕزگاری بکات و لەهەمان کاتیش دڵی جوولەکەکانی پێ ڕابکێشی و پەیوەندی نێوان دوو ئایینی ئاسمانی بەتێن بکات.

زۆرجاران عائیشە خێزانی پێغەمبەر خۆی بەسەر سەفیەدا هەڵدەکێشاو پێی دەگوت تۆ لەنەوەی جوولەکەکانی. پێغەمبەریش (ﷺ) پێی دەگوت تۆش پێی بڵێ باوکی من موسایەو مامیشم هاروونە.

لەپاش مەسەلەتی حودەیبییەش پێغەمبەر (ﷺ) (ڕەملەی کچی ئەبو سوفیان)ی سەرۆکی قورەیشی هێنا. ڕەملە بەئوم حەبیبە بەناوبانگ بوو، کاتی خۆی لەگەڵ مێردەکەی چوو بوو بۆ حەبەشە لەوێ مێردەکەی بوو بەمەسیحی و بەجێی هێشت. ئەو ژنەش هەر لەسەر موسوڵمانەتی خۆی مایەوە. پێغەمبەریان بەحاڵی ئەو ژنە ئاگادار کرد، یەکسەر نامەی بۆ نەجاشی نووسی و تێیدا ئاشکرای کرد کەئارەزووی هەیە ڕێز لەو ئافرەتە بنێ و بیپارێزێ، بۆیە گوتی ئارەزووی هەیە کەبیهێنێ. یەکێك لەکارەکەرەکانی کۆشکی نەجاشی چوو ئەو هەواڵەی گەیاندە ئوم حەبیبە. ئەویش لەخۆشیان هەردوو بازنەکەی دەستی خۆی دەرهێناو دایە کارەکەرەکەو کردیە موژدەی ئەو هەواڵە. بەو شێوەیە ئەو ژنە

---

(١) التحريم ١-٥.

لەدەردی بێکەسی‌و غوربەتی رزگاری بوو، بەو هۆیەش پەیوەندی لەنێوان پێغەمبەرو بەرەی ئومەییە پەیدابوو. ئەو ژنە موسوڵمانێکی ئەوەندە دڵسۆز بوو بۆ ئیسلام، دیتمان کەئەبوسوفیانی باوکی پێش گرتنی مەککە چووە ماڵی پێغەمبەر هێشتا هەر لەسەر بت پەرستی مابوو، (ڕەملە) نەیهێشت لەسەر ڕایەخەکانی پێغەمبەر دابنیشێ.

لەساڵی حەوتەمی کۆچیش پێغەمبەر (ﷺ) چووە مەککە بۆ بەجێهێنانی عەمرە (بەرڕە کچی حاریس) خوشکی (دایکی فەزڵ) کەخێزانی عەبباسی مامی پێغەمبەرو پووری خالید کوڕی وەلید بوو، ئەو ئافرەتە بێوەژن بوو. لەکاتی بەجێهێنانی عەمرە کەچاوی بەموسوڵمانان‌و پێغەمبەر کەوت سۆزی هەڵستا، بەنهێنی دایکی فەزڵی راسپارد بەپێغەمبەر بڵێ کەوا ئارەزووی شووکردنی پێی هەیە. دایکی فەزڵیش بەعەبباسی مێردی گوت‌و عەباسیش ئارەزووی (بەرڕەی) بەپێغەمبەر گەیاند. پێغەمبەریش (ﷺ) ویستی ئارەزووی بێنێتە جێ‌و مارەی کرد، ناویشی لێنا (مەیمونە) واتە خێرو بەرەکەت، چونکە لەکاتێك بوو کەموسوڵمانان چوونە ناو مەککە ئەو ژنەش دواترین ژن بوو کەپێغەمبەر (ﷺ) هێنای.

کە لەساڵی هەشتەمی کۆچی پاش ئەوەی پێویستیەکانی ئیسلام هەموو هاتە دی، خوا سنوری بۆ دانا بەجۆرێك کەنابێ ژنی تر بێنێ‌و چ ژنیش تەلاق بدات، کەدەفەرموێ: ﴿لَا يَحِلُّ لَكَ النِّسَاءُ مِن بَعْدُ وَلَا أَن تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنْ أَزْوَاجٍ وَلَوْ أَعْجَبَكَ حُسْنُهُنَّ﴾[1] واتە: بۆت نیە لەوەندە ژنەی هەتە چیتر بێنی، بۆشت نیە هیچیان تەلاق بدەی‌و یەکێکی تری لەشوێن بێنیەوە با جوانیەکەشیان دڵت رابکێشی. لەو کاتەشدا نۆ ژنی هەبوو تا ئەو رۆژەی کۆچی دوایی کرد چ ژنی تری نەهێنا[2].

---

(١) الاحزاب: ٥٢,

(٢) ئەگەر تەماشای ژمارە بکەین دەبینین ژمارەی ژنەکانی پێغەمبەر کەمترە لەچاو ژمارەی ژنانی پیاوانی تر. چونکە پێغەمبەر (ﷺ) پاش دیارکردنی سنووری ژن هێنان نەیتوانی هیچ ژنی تر بێنی‌و هیچیشیان تەلاق بدات. ئەگەر هەموو ژنەکانی بمردبایە نەیدەتوانی ژنێکی تر بێنێت. بەڵام موسوڵمانان دەتوانن هەر کاتێك پێویست بێت‌و حەز بکەن‌و توانایان هەبێ چەند ژن بێنن‌و تەلاق بدەن. پیاوی وا ناسراو هەبووە لەماوەی ژیانی کەهەتا دوازدە ژنی هێناوە، واتە هەردەم چوار ژنی لەماڵ بووە.

﴿ رابواردنی پێغەمبەر لەگەڵ ژنەکانی ﴾

کەباس دێتە سەر ژمارەی ژنەکانی پێغەمبەر (ﷺ)، ڕەنگە وابێتە بەرچاو کەپێغەمبەر (ﷺ) وەك پاشاو میرەکان لەکۆشکێك ژیابێ، پڕ لەژنو هەردەم لەباوەشی یەکیان بۆ یەکێکی تر هاتوچۆی کردوەو خواردنو ژیانیان پڕ بووبێ لەخۆشیو لەزەتو رابواردن. بەڵام نەخێر ئەو جۆرە ژیانە لەماڵی پێغەمبەر نەدیتراوەو ڕووی نەداوە. دڵی پێغەمبەر لەلای هەوەسو رابواردن نەبووەو هەر ژنێکی هێناشی بۆ مەبەستێكو هۆیەکی تایبەتی بووە.

پێغەمبەر (ﷺ) هەردەم خەریکی بیرکردنەوەو خەبات بووە بۆ ئەو گەلە دواکەوتوە بۆ ئەوەی ڕێگەی راستیان پیشان بداتو بیانهێنێتە سەر ڕێگای خواپەرستی!.

هیچ کاتێك بەخۆشیو لەزەتی دونیا هەر نەخەڵەتاوە. زۆرجار دەیفەرموو (منو دونیا وەك کابرایەکە لەژێر دارێك پشووە خەوێك بکاتو بڕوات)[1] هەروەها دەیفەرموو (هاتوچۆیەك لەڕێی خواهەموو دونیاو ئەوەی تێیدا دەیهێنێ)، یا دەیەفەرموو (شوێنو جێگای قامچیەك لەبەهەشت هەموو دونیاو ئەوەی تێیدایە دەیهێنێ)[2]. پێغەمبەر بەدرێژایی تەمەنی حەزی لەکۆکردنەوەی ماڵو سامان نەبووە، تەنیا ئەوەندە نەبێ کەپێی بژی، وەك هەمووجار دەیفەرموو(خير المال مايكفيك) واتە، چاکترین سامان ئەو سامانەیە بەشت بکات، نەڵێت زیاد بێتو خەریکت بکاتو نەکەمیش بێت بەدوایدا هەراسان بیت[3]. لەبابەت خواردنیشەوە دەیفەرموو (نحن قوم لانأكل حتى نجوع وإذا اكلنا لانشبع) واتە: ئێمە میللەتێکین تاکو برسی نەبین ناخۆین، ئەگەر خواردیشمان تێر ناخۆین، واتە ئارەزوومان بەرەڵلا ناکەین ئەوەندە بخۆین جێگای چیتر نەبێتەوە. ئەوەی لەپێغەمبەر زاندراوە هەر بەژیانی سادەو ئاسان ڕای بواردوە واشی لەخەڵك کردوە کەئەوانیش بەو جۆرە بژین، ئەوانەی بۆ ماڵو سامان دەسووتێن نەفسو ئارەزوویان بەرەڵلا کردووە، هەرچی دڵیان بۆی بچی دەیانەوێ پەیدای بکەن،

---

(١) إمام احمد ٢٣٧/٩.

(٢) بوخاری ١٩٤/١١.

(٣) فقه السيرة النبوية لەتيمام ئەحمەدەوە ٢٧/٥.

بۆیە تووشی نزمیو بێنرخی دێنو تووشی شوێنی وا دەبن کەلەمرۆڤ ناوەشێتەوە.

لەخاتوو عائیشەی خێزانی دەگێڕنەوە دەڵێ جارێ وا هەبووە مانگ دەهاتو مانگ بەسەر دەچوو ئاگر لەماڵی پێغەمبەر نەدەکرایەوە! واتە چێشتیان لێ نەناوە، (عوورەی کوڕی زوبەیر) لەخاتو عائیشەی پرسی ژیانتان بەزۆری لەسەرچی بوو؟ گوتی بەئاوو خورما بوو. هەر عائیشە دەڵێ کە پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی دوایی کرد، ئەوەی مرۆڤ پێی بژیابایە لەماڵ نەمان بوو، تەنیا هەندێ جۆ نەبێ. نوینو رایەخەکانیشیان لەخواردنەکەیان باشتر نەبوو، پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر دۆشەکێکی پێستەوە خەوت پووشیان لەناو ئاخنی بوو. شەوان چی وای خەو لێ نەدەکەوت، لەگەڵ بانگدانی کەلەشێر لەنیوەشەوا هەڵدەستاو خۆی ئامادە دەکرد، شەونوێژی دەست پێ دەکرد تاکو نوێژی بەیانی دەکرد.

پێغەمبەر (ﷺ) دەیویست خۆیو ئەو کەسانەی کەلەژێر سێبەری ئیسلام دەژین، بەخۆشیو رابواردنی دونیا خەریك نەبن. سنوورێك بۆ ئارەزووەکانی ناو دڵی خۆیان دابنێن. پێغەمبەر (ﷺ) کەچاوی بەو کەسانە دەکەوت کەبەخۆشیو لەزەت دەژیان دەیفەرموو، ئەوەی من دەیزانم ئەگەر ئەوان بیزانن زۆر دەگرینو کەم پێ دەکەنن[1].

لەگەڵ ئەوەش توانای هەبوو ماڵو سامانێکی زۆر بخاتە ژێر دەستی خۆی وەك پاشاو سەرداران رابوێریو خۆی لەمیللەتەکەی گەورەتر رابگرێو نۆکەرو نۆبەتدارێکی زۆر لەخۆی کۆبکاتەوەو هەردەم بەدوایەوە برۆن. بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) چاوی لەشتی وانەبوو، هەرچی چەنگی بکەوتبایە دەیبەخشی. ئەوەندە چاو تێرو بەخشندە بوو هەموو پێیان دەگوت، (موحەممەد وادەبەخشێ لەهەژاری ناترسێ)[2] هەموو ئاواتی پێغەمبەر ئەوەبوو لەناخۆشی دونیا رزگاری ببێت، ستەمو ستەمکاری مرۆڤ لەسەرزەوی نەمێنێ، دەست کورتیو نەبوونی سەری پێ شۆڕ نەکرد، نەیدەویست قسەی کەسی بێتە سەر، هەموو جار لەبەر خوا دەپاڕایەوە دەیگوت: (ئەی خوایە خۆم بەتۆ دەپارێزم لەدەست کورتیو تەنگاویو نەبوونیو سەرشۆڕی، لەوەی ستەمم لێ بکرێو لەوەی ستەم بکەم، لەوەی خەڵك لەراستم نەزان بێتو

---

(١) بوخاری ٣١٩/١١.

(٢) سبل الهدی والرشاد ٤٩/٧ لەموسلیم ١٠٨٦/٤ (٢٣١٢).

لەوەی لەڕاست خەڵك نەزان بم)[1].

پێغەمبەر (ﷺ) ڕێزی هەموو کەسێکی لەلا هەبوو، مافی هەموو کەسێکی ئەداو بەتایبەت لەگەڵ خێزانەکانی بەداپەروەریەکی تەواو دەجولایەوە هەردەم بەچاکەو بەڕوو خۆشیو دڵ فرەوانی ڕەفتاری لەگەڵ دەکردنو گیروگرفتەکانی ناو خێزانی بەهێمنیو لەسەرخۆیی چارە دەکرد. لەخاتو عائیشەی خێزانی دەگێڕنەوە دەڵێ: ئەو کاتەی کەپێغەمبەر دەهاتە ناومان گەلێ ڕووخۆشو دەم بەپێکەنینو نەرم بوو. ژنەکان هیچیان هەستیان نەدەکرد کەجیاوازیەکان لە نێواندا هەیە.

ژنەکانیشی لەگەڵ ئەوەی کەزۆریان کچی پیاوانی دەوڵەمەند بوون، لەماڵی باوکیان لەنازو خۆشی گەورە ببوون، زۆر بەڕێزو ملکەچ بوون بۆ پێغەمبەر، بەهەموو بارێکی ژیانی ڕازیو دڵنیا بوون. بەڵام پاش گرتنی مەککەو دەرکردنی بەرەی قورەیز، ماڵو سامانێکی زۆر کەوتە دەست موسوڵمانان.

ژنەکانی پێغەمبەر لەسەر هەموویانەوە عائیشەو حەفسە بەئارەزووە مرۆڤایەتیەکەیان داوایان لەپێغەمبەر کرد جۆری ژیانیان بگۆڕی. دەشیان بیستەوە کەژنانی سەرۆکەکانی وڵاتانی تر چۆن دەخۆنو لەبەردەکەن، بۆیە ئەو جۆرە داوایە جێگای سەرسوڕمان نیە، چونکە ئەوانیش لەئەوەی ئادەمیزادنو حەز دەکەن بەرابواردنێکی باش بژین، زۆر کەس لەبیرکردنەوە پلەی مرۆڤایەتی لەسەر پێغەمبەرو یارانو خێزانەکانی لادەبەنو هەروەکو فریشتانیان تەماشا دەکەنو دووریان دەکەنەوە لەهەموو ئارەزووێکی مرۆڤایەتی، بەڵام ئەو جۆرە بیرکردنەوە هەڵەیەو دوورە لەڕاستی. واش ئەزانن بەو بیرکردنەوە بەرزیان دەکەنەوە. ئەو شتانە دەبێتە هۆی ئەوە دوور بکاتەوە، کەڕێگەی ئەوان بگرین.

پێغەمبەر (ﷺ) بەو داوایە زۆر هەراسانو نیگەران بوو، چونکە ئەو جۆرە داوایە دەبێتە مایەی لادان لەخەباتو کاری پێغەمبەرایەتی. هەر کاتێك ماڵ پەرستیو خۆشیو لەزەت بووە ئاواتی هەرکەسێكو هەر گەلێك، ئەوا لەخەباتو پێشکەوتن دوور دەکەونەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) زۆرجار لەخوا دەپاڕایەوە دەیگوت (اللهم احيني مسكيناً وأمتني مسكيناً واحشرني في زمرة المساكين)[2] واتە: خوایە بەهەژاریم بژێینەو بەهەژاریم بمرێنە، لەگەڵ کۆمەڵی هەژارانم

(١) اذكار النووي لەنیسائیەوە.

(٢) سبل الهدى والرشاد لە ترمذي ٢٣٥٢ وابن ماجه ٤١٢٦ و بەیهەقی ١٢/٧.

زیندوو بکەوەو پرسیارم لیٚ بکە. ئەوەش بەو مانایە هەژارانی موسوڵمان هیچ کاتێك لـەخوا بیٚ ئاگـا نابن، ماڵی دونیایان لەلا هیچ نیە بەدوای بکەون.

پێغەمبەر (ﷺ) دەیزانی چارەی هەموو شتێك بەچاکیو بەتەواوی بکاتو کردەوەی وەك نـەزانان نەبوو بەلێدان بەقـسەی نارێـك بجوولێتـەوە، بـەڵکو بـەهێمنیو بەرێگەیـەکی بـاش بـوو، هـەولّی دا بەهێمنیو بەئامۆژگاری کردن ژنـەکانی ڕازی بکـات کـەواز لـەو جـۆرە داوایـە بێـنن‌و نەیخەنـە ژێـر بارگرانایی ئارەزووەکانیان. بەڵام ژنەکان بەئامۆژگاریەکانی پێغەمبەر ڕازی نەبوون، ئـەویش ڕووی لـیٚ وەرگێڕان‌و خۆی تێنەگەیاندن، تاوای لێهات خەڵك پێیان زانی.

دوایی وا بڵاوبۆوە گوتیان پێغەمبەر ژنەکانی تەڵاق داوە، لەبەرئەوە (ئەبوبەکر سدیق)و (عومـەری کوڕی خەتاب) زۆر دڵگیر بوون، بەخێرایی چوونە لای پێغەمبەر بۆ ئەوەی لەڕاستی ئـەو قـسەیە بگـەن کەچوونە لای پێغەمبەر (ﷺ) دیتیان لەماڵ دانیـشتووە، هـەموو ژنەکانیـشی لەدەورەیـە بـەڵام بـیٚ دەنگی پەردەی بەسەر ژوورەکەدا هەڵکێشاوە.

عومەر پرسیاری کرد گوتی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ئایـا راسـتە دەڵـێن ژنـەکانت تـەڵاق داوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی نەخێر. عومەر دەگێڕتەوەو دەڵیٚ لەدڵی خۆمـدا گـوتم قسەیەکی وا بکـەم بەڵکو پێغەمبەر دڵی پێخۆش دەبێتو لەگەڵمان دەکەوێتە گفتوگۆ، گوتم ئەی پێغەمبەری خوا، خۆزیا ئێستا کچی زەید (عومەر مەبەسـتی ژنەکـەی خـۆی بـوو) لێـرە بایـە داوای شـتی بکردبایـە سـەرم هەڵدەقەند. بەو قسەیە پێغەمبەر (ﷺ) گرژیەوەو پێکەنینی هاتو ددانـەکانی دەرکـەوت، فـەرمووی ئەوانەش وا لە دەورم دانیشتوون داوای وا دەکەن کەلەتوانام دا نیە، بەو قسەیە ئەبوبەکر لەشوێنی خۆی هەڵستا بەلای عائیشەوە چوو تەمێبی بکـات، عومـەریش بـەلای حەفـسەوە چـوو تـەمبێی بکـات، بەتووڕەییەوە پێیان گوتن، ئێوە داوای ئەوە دەکەن کەلەتوانای پێغەمبەر نیە؟

ئەوان بەبیروباوەڕی تیرەییو ڕەوشتی خۆیـان جووڵانـەوە، ئـەیان دەزانـی کـەداوای ئـەو ئافرەتانـە داوایەکی سروشتی بوو، بەلێدان‌و هەڕەشە چارەسەر ناکریٚ مەگەر دابمرکیٚ، چونکە ئارەزووی سروشتی مرۆڤ دەبیٚ پەروەردە بکریٚ. بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) بەرێگەی پێغەمبەرایەتی بیری دەکردەوو نەیهێـشت چیان لەگەڵ بکەن. ئیتر کار هەروا مایەوە تاکو خوا فەرمانی بۆ ناردن بـەوەی کـەبۆخۆیان سەربەسـت بن‌و لایەك هەڵبژێرن، واتە یان ژیانێکی تێروپڕ لەزەتو ڕابواردن، کەئـەوەش لـەماڵی باوکیـان دەسـت

دەکەوێ، یـان ڕوو لەخوابکـەن و فـەرمانی پێغەمبـەر نەشـکێنن و ژیـانێکی هـەبێ و پـەك نەکـەوێ و بێ‌منەت و بێ چاو شۆڕی بەسەر ببەن و خواو پێغەمبەر لێی رازی بێت.

بەو بۆنەیەش خوا فەرمووی: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ إِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا * وَإِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالدَّارَ الْآخِرَةَ فَإِنَّ اللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَاتِ مِنكُنَّ أَجْرًا عَظِيمًا﴾(1). واتە: ئەی پێغەمبەر، بەژنەکانت بڵێ ئێوە ئەگـەر خۆشـی و رابواردنی دونیاتان دەوێ وەرن بەخۆشی وازتان لێ بێنم، ئەگەر ڕەزامەنـدی خـواو پێغەمبـەرو خۆشـی بەهەشتیشتان دەوێ هەرکامێکتان بەچاکی بجووڵێتەوە لەگەڵ پێغەمبەرو چاکە بکات، خوا پاداشـێکی زۆری ئەداتەوە.

ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) پێش هەموویان بەعائیشەی گوت وەرە قسەیەکت پێ دەڵێم، بەڵام لەوەڵام دانەوە پەلە مەکە، تاکو پرسێك بەباوکت نەکەیت. ئایەتەکەی بۆ خوێندەوە، عائیشەش گوتی من پرس بـەباوکم بکـەم، بەرامبـەر فـەرمانی خـواو پێغەمبـەر!! مـن خـواو پێغەمبـەرو پاداشـتی بەهەشـت هەڵدەبژێرم. ژنـەکانی تـریش بەهـەمان شـێوە گوتیـان ئێمـە خـواو پێغەمبـەرو پاداشـتی بەهەشـت هەڵدەبژێرین. ئەو ژنانە بیروباوەڕیان ئەوەندە بەخواو بەپێغەمبەر هەبوو ئارەزووی نەفس و هەواو هەوەس ڕێگەی پێ بەرنەئەدان، بۆیە خوا پلەی وا بەرز کردنەوە هەروەك دەفەرموێ: ﴿وَمَن يَقْنُتْ مِنكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِ وَتَعْمَلْ صَالِحًا نُّؤْتِهَا أَجْرَهَا مَرَّتَيْنِ﴾(2) واتە: هەر کامێکتان لەئێوە فەرمانی خوا بەجێ بێنێ و ملکەچ بێت بۆ خواو پێغەمبەرو کردەوەی چاکە بکات، پاداشتی دوو چەندانە ئەدەینێ. چـونکە ئـەوان خێزانی گەورەترین پیاوی سەر ئەو زەویەن، پیاوێکە بۆ موسوڵمانان لەهەموو کەسـان لەپێشترە. خـوا ویستی ببنە پێشەوا بۆ ژنانی تری سەر ئەو زەویە. وا بـەرز ببنـەوە لەڕەوشـت بـەدوای ئارەزووەکـانی نەفس و دڵ نەکەون. بۆیە خوا پێوانەیەکی وای بۆ کردن لەهەموو ژنانی تری موسوڵمانانی جیاکردنـەوە، بەڵکو بەدایکانی هەموو موسوڵمانانی دانان، هـەروەك دەفـەرموێ: ﴿النَّبِيُّ أَوْلَىٰ بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ﴾(3) واتـە: پێغەمبـەر بـۆ موسـوڵمانان لەنەفـسی خۆیـان لەپێـشترە،

(1) الاحزاب: ٢٨- ٢٩

(2) الاحزاب: ٣١.

(3) الاحزاب: ٦.

خێزانەکانیشی دایکانی هەموو موسوڵمانانن.

خوا پێغەمبەری ئەوەندە ڕێزلێنا، گەیشتە ئەو پلەیە کەئەوەندە نزیك بێت لەبۆ موسوڵمانان دەبێ ژنەکانیشی دایکیان بن، ئەوجا دەبێ دایك نموونەیەك بێت بۆ ڕۆڵەکانی.

﴿ هەوێ داری ﴾

ڕەفتاری پێغەمبەرمان باس کرد، چۆن لەگەڵ ژنەکانی دەجوولایەوە، لەگەڵ ئەوەش گەلێ جاران وەك هەموو ژنێکی تر، تووشی هەڵەی خراپی مرۆڤانە دەبوون‌و ئارەزوویان پاڵی پێوە دەنان تووشی ڕکابەری یەکتری‌و هەوێداری بن‌و بەربەرەکانی یەکتر بکەن. هەریەکەیان دەیویست لەوەی تر نزیکترو لەپێشتر بێت بۆ پێغەمبەر.

پێغەمبەریش (ﷺ) سەربەخۆییەکی وای پێدابوون کەپێش ئیسلام پێیان نەدرابوو. بۆ نموونە لەهەموو کاتێکدا دەیانتوانی قسە لەقسەی پێغەمبەر بکەن، هەتاکو (عومەری کوڕی خەتاب) دەگێڕێتەوەو دەڵێ جارێکیان لەماڵی خۆم لەگەڵ هەندێ کەس قسەم دەکرد، ژنەکەم هەڵیدایە ناو قسان. منیش زۆر تووڕە بووم‌و گوتم تۆ چیت قسە لەقسەی مندا ئەکەی، مافی چیت هەیە؟ ئەویش گوتی کوڕی خەتاب ئایا تۆڵە پێغەمبەر زیاتری، حەفسەی کچت وا دەچێتە ناو قسەی پێغەمبەرو دەبێتە هۆی لێك تووڕە بوونیان. عومەر دەڵێ منیش بەو قسەیە زۆر تەنگاو بووم، چوومە لای حەفسە پێم گوت ڕۆڵە تۆ لەخوا ناترسی قسە لەقسەی پێغەمبەردا دەکەی‌و تووڕەی دەکەی، ڕۆڵە گوێ مەدە ئەوەی کەژنێکی تر لەتۆ جوانترە. حەفسەش گوتی بابەئێمە ژنانی پێغەمبەر هەموومان قسە لەقسەی دا دەکەین‌و ماوەی داوین‌و بەکەسمان ناڵێ قسە مەکەن، ئەو ڕێگایە لەئێمە ناگرێ. عومەر دەڵێ هەڵسام چوومە لای ئوم سەلەمەی خێزانی پێغەمبەر، چونکە خزمایەتیمان هەبوو، قسەم لەگەڵ کرد. گوتی کوڕی خەتاب تۆ زۆر سەیری، تەنانەت دێیتە نێوان پێغەمبەرو ژنەکانی. عومەر دەڵێ بەو قسەیە زۆر شەرمەزار بووم‌و گەڕامەوە ماڵ.

ئەو ئازادیەی کەپێغەمبەردا بوویە ژنەکانی بوو بەهۆی پەیدا بوونی گەلێ گیروگرفت لەناو خێزانەکەی، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەندە بەچاکی لەگەڵیان دەجوولایەوە، هەموو گیروگرفتەکانی

چارە دەکرێ بێ ئەوەی قەت دەنگیان لێوە هاتبێتو یا خەڵك پێی زانیبێ.

خاتوو عائیشە دەیگێڕێتەوەو دەڵێ جارێك پێغەمبەر (ﷺ) چووە لای زەینەب، منو حەفسەش حەسودیمان پێ هەڵبرد ویستمان شتێکی وا بکەین ببێتە هۆی دوورکەوتنەوە لەزەینەب. بڕیارمان دا کەهاتە لای هەر کامێکمان پێی بڵێین بۆنێکی ناخۆشت لێ دێت. دەڵێ کەهاتە لای من پێم گوت بۆنێکی ناخۆشت لێ دێت، ئەوە چیت خواردوە؟ پێغەمبەریش (ﷺ) گوتی هەندێ هەنگوینم لەلای زەینەب خواردوە!. منیش گوتم دیارەمێشەنگوینەکە هەڵاڵەی ئەو گیایە بۆن ناخۆشەی خواردووە کەپێی دەڵێن (مەغافیر). پێغەمبەریش (ﷺ) زۆری پێناخۆش بووکەخەڵك بۆنی ناخۆشی لێبکات، بۆیە فەرمووی جارێکی تر نایخۆم. کەچووە لای حەفسەو دواییش بۆ لای سەودە، ئەوانیش هەمان شتیان پێگوت. پێغەمبەریش (ﷺ) بۆ خاتری ئەوەی ژنەکانی دووری لێ نەکەن، سوێندی خوارد جارێکیتر نەیخوات، لەدانیشتنێکدا سەودە گوتی (سبحان الله) ئێمە ئەو پیاوەمان لەو هەنگوینە بێ بەش کرد، عائیشەش چاوێکی لێکرد (واتە بێ دەنگ بە).

ماریەش (کەنیزە) بوو، بەڵام کەئیبراهیمی بوو، هاتە ڕیزی ژنانی پێغەمبەر، ژووری تایبەتی پێدرا. پێغەمبەر (ﷺ) زۆر دڵی بەو کوڕە خۆش بوو، ژنەکانی تر هەموویان بەخیلیان پێ دەبرد، چونکە پێغەمبەر زۆر چاودێری دەکرد. لەوکاتەی ژنەکانی ترکوڕیان نەدەبوو.

ئیتر لێی کەوتنە پیلانو قسە. ڕۆژێك پێغەمبەر لەلای حەفسە بوو، حەفسەش بۆ کارێك چووەماڵی باوکی. لەوکاتەدا ماریە هاتە لای پێغەمبەرو ماوەیەك لەگەڵی مایەوە.ماریە هێشتا لەوێ مابوو کەحەفسە گەڕایەوە. حەفسە چاوەنواڕی کرد تاکو ماریە لەلای پێغەمبەر دەرچوو ئەوجا چووە ژوورەوە. بەتووڕەییەوە بەپێغەمبەری گوت دەزانم کێت لەلابوو لەژووری منو لەسەر جێگای من، ئەگەر زۆرم لەلا بەڕێزو خۆشەویست نەبی ئەوها ڕازی نابم، پێغەمبەریش (ﷺ) هیچ خراپەیەکی نەکردبوو، هەر ئەوەندە نەبێ ئەگەر لەگەڵ ماریە وەك کەهەموو ژنو مێردێك جوولابێتەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) ویستی حەفسە بێدەنگ بکاتو دڵی بداتەوەو نەشی ویست هاتنی ماریەی بەژنەکانی تر رابگەینیتەوە. سوێندی بۆ خوارد کەجارێکی تر ماریە لەخۆی نزیك نەکاتەوە، پێشی گوت لەدوای من گەورەیی دەکەوێتە دەست ئەبوبەکرو لەدوای ئەو دەکەوێتە دەست باوکت. مەرجیشی لەگەڵ کرد، ئەو قسەیە لەلای کەس باس نەکات. بەڵام حەفسە خۆی پێ ڕانەگیراو لەلای عائیشە باسی

کرد، عائیشەش بەپەللار بەپێغەمبەری گوتەوە.

پێغەمبەریش (ﷺ) گلەیی لەحەفسە کرد کەچۆن مەرجەکەی شکاند، حەفسەش پرسیاری لەپێغەمبەر کردو گوتی ئایا کێ ئەو قسەیەی بەتۆ ڕاگەیاندوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خوا ئاگاداری کردم، نەشی ویست زۆر بەدرێژی لەگەڵی بدوێ، چونکە پیاوانی خاوەن ڕێزو پیاوانی بەرز، قسە زۆر ناجوونەوەو زۆریشی لەسەر ناڕۆن، ئەو قسەیە لەناو ژنەکانی پێغەمبەر پەرت بوو هەموویان کەوتنە دژی ماریە هەروەك دژی عائیشەش بوون، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) زۆری خۆش دەویست، ئەگەرچی نەشیدەهێشت ئەو خۆشەویستیە ببێتە هۆی ئەوە دادپەروەری نەمێنێو پێی گوت لەخوا بپارێوە پاداشت بەچاکتر بداتەوە، ئەویش گوتی کێ هەیە لەئەبو سەلەمە باشتربێ. دوایی پێغەمبەر (ﷺ) دڵی پێی سووتاو کەماوەی چاوەنواری مێرد مردووەتی (العدة) تێپەڕی داخوازی کرد، بەڵام لەبەر منداڵەکانیو لەبەر تەمەن گەورەیی خۆی داوای لێبوردنی لەپێغەمبەر کرد. ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) پێی گوت دەوێ چاوەدێری خوتو منداڵەکەت بکەم، بەو شێوەیە ئەو ژنە شووی بەپێغەمبەر کرد. ئەو کارە بوو بەهۆی دڵنیایی ئەو ژنەو هەتیوەکانی.

(زەینەبی کچی جەحشیش) پوورزای خۆی بوو، لەژێر سێبەرو چاوەدێری خۆی گەورەبوو. ئەگەر ئارەزووی بکردبایە لەزووەوە بۆ خۆی دەیهێنا. زەیدەیش لەگەڵ ئەوەی بەندەیەك بوو پێغەمبەر (ﷺ) ئازادی کردبوو کردبوویە کوڕی خۆی، ناوبانگی بەکوڕی موحەممەد دەرکردبوو، کوڕی کەسیش لەلای خوا نابێتە هی کەس، ڕەگەزپەرستیو خۆبەگەورەزانینو لووت بەرزی لەراست ڕەشو بەندەی ئازاد کراو، ئەوکاتیش ڕەگو ڕیشەی زۆر بەتێن بوو.

پێغەمبەر (ﷺ) ویستی تۆپی ڕەگەزپەرستیو دەمار ئەستووری بپسێنی، بۆیەش زەینەبی بۆ زەید داخوازی کرد، بەڵام زەینەب کچی سەرۆکی بەرەی ئەسەد بوو، خۆیو براکەشی پێیان کەمی بوو زەینەب شوو بەزەید بکات، لەبەرئەوە لەو شووکردنەی زەینەب پێگیریان کرد، تاکو خوا فەرمانی هەنارد کەدەفەرموێ: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُّبِينًا﴾[1].

---

(١) الاحزاب: ٣٦.

واتە: ئەگەر خواو پێغەمبەر فەرمانێکیاندا، هیچ موسـولمانێکی ژن یـا پیاوچیان بەدەسـت نیـە لەکاروباریان، نابێ لەخوا یاخی بن، هەرکەسێك لەخوا یاخی ببێ بەئاشکرا لەڕێ دەردەچێ، ئـەوجارە زەینەبو براکەی، گوتیان ڕازین بەفەرمانی خوا. بەو جۆرە زەید زەینەبی گواستەوە، بەڵام زەینەب ئەو ڕێگەیەی نەگرت کەژن بۆ مێردی خۆی دەیگرێ هیچ دڵی بەزەید نەداو هەر لەشی پێدا، دەمـاری خـۆ بەگەورە زانینی دانەنا، خۆی بەسەر زەیددا هەڵدەکێشاو هەردەم لەگەڵی ناکۆك بوو قسەی ڕەقو توندی پێدەگوت دڵی زەیدی پێ بریندار دەبوو، لەسەر ئەو حاڵـەش زەیـد ئـارامی هـەبوو بەنـەرمی لەگـەڵی دەجووڵایەوەو هەردەم ئامۆژگاری دەکردو خزمایـەتی زەینـەبو پێغەمبـەری ڕەچـاو دەکـردو چـاکەی پێغەمبەریشی هەر لەبیربوو، کاتی خۆی بۆی داخوازی کردو بۆی هێنا، بەڵام گـشتی بـێ سـوود بـوو. زەید چارەی نەماو لەلای پێغەمبەر شکاتی کردو داوای کرد کەتەلاقی بدات. پێغەمبەریش (ﷺ) دڵی زەیدی دەدایەوەو پێی دەگوت دڵی زەینەب ڕابگرەو ئاگاداری سنووری خوا بکە.

ماوەیەکی پێچوو زەید بێزار بوو تواناى نەما چیتر خۆی بەرامبەر هەواو فیـزی زەینـەب ڕابگـرێ. وای لێهات حەوانەەیان پێکەوە نەما. ئەوجا خوا فەرمانی دایە پێغەمبەر واز لەزەیدبێنێ بـا زەینـەب تەلاق بداتو پێغەمبەریش خۆی بیهێنێ.

پێغەمبەریش (ﷺ) بەو فەرمانە گرانەی خوا، کەوتە بیرکردنەوەیەکی زۆر. خواویستی ئەو یاسایە تێك بدات کەلەناو عەرەب بـاوبوو، چـیتر کـوڕی خـەڵکی تـر نەکەنـە کـوڕی خۆیـانو کەلـەمیراتیش بەشداریان دەکردن. کوڕ هی ئەو کەسەیە کەلەپشتی ئەو پەیدا بووبێ.

بێگومان باوکیش مافی ئەوەی نیە کەژنی کوڕی خۆی مارە بکاتەوە. یەکەم جار پێغەمبەر (ﷺ) سست بوو لەجێبەجێ کردنی ئەو فەرمانە، لەزمانو لۆمەی خەڵکی ترسا. بۆیە خوا فەرمانی بۆ نـارد، دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَاهُ فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِّنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا لِكَيْ لَا يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِي أَزْوَاجِ أَدْعِيَائِهِمْ إِذَا قَضَوْا مِنْهُنَّ وَطَرًا وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولًا﴾[1] واتە: ئەی موحەممەد تۆ بەو کەسە دەڵێی کەخوا چاکەی لەگەڵ کردوەو هێنایتیە سەر ئاینی

---

(١) الاحزاب: ٣٧.

ئیسلام تۆش چاکەت لەگەڵ کردوەو ئازادت کردوە. پێی دەڵێی ژنەکەت بهێڵەوەو تەڵاقی مەدەو لەخوا بترسە. تۆش ئەوەی خوا دەیەوێ بەدەری بخات دەیشاریەوە، تۆ لە لۆمەی خەڵك دەترسی، بەلام خوا شایستە ترە لێی بترسی. کەزەید زەینەبی تەڵاق دا، ئێمە داومانە بەتۆ، مەبەستیش لەو کارە ئەوەیە تاکو خەڵك نەڵێن دروست نیە پیاوێك ژنی ئەو جۆرە کوڕانە مارە بکەنەوە، تەنیا بەقسە دەکرێنە کوڕیان. ئێمە ویستمان ئەو زەحمەتیە لەناو خەڵك هەڵبگرین، فەرمانی خواش دەبێ جێبەجێ بکرێ، بەلام لەسەر ئەو هەموو تەقواو خۆگرتنەی پێغەمبەر بەرامبەر بەو فەرمانە، هێشتاش لەزوبانی خەڵكو دوو ڕووەکان ڕزگاری نەبوو، هەر گوتیان موحەممەد ژنی کوڕی خۆی هێناوە، نەك هەر ئەوان بەڵکو دوژمنانی ئیسلام، بەتایبەت ڕۆژهەلات ناسەکان (مستشرقین)و ئەو کەسانەی لەرکێفی ئەوان دەڕۆنو ناموسوڵمانەکانی وڵاتی خۆشمان بۆ ئەوەی شەرم بکەن. ئەوانە لەتاری کای درۆو دەلەسە هەڵدەبەستن. ئەوانە ئەگەر دوژمنی خواو پێغەمبەر موسوڵمان نەبن، دەزانن کەخوا هەموو پێغەمبەرێکی لەخراپەو ناڕێکیو گوناه پاراستووە.

مەبەستی خوا لەزەینەب ئەوەبوو، ڕەوشتێکی خراپ لەناو کۆمەڵێکی دواکەوتوو لاببات، لەهەمان کاتیش پەیوەندی نێوان تیرەی ئەسەدو ئیسلام بەتێن بێت.

گەڕانەوەی لەسوێند خواردنێك داناوە، کەزیان بەخشە بۆ ئێوە، ئەویش تۆڵەیەو دەدرێ. خوا خاوەنتانەو زانایە بەهەموو حاڵێکتانو هەر ئەویش خاوەنەو دەزانی چۆن چارەی گیروگرفتان دەکات. پێغەمبەر قسەیەکی بەنهێنی بەهەندێ لەژنەکانی گوت، ئەوانیش نهێنیەکەیان ڕانەگرتو بەوانی تریان گوت، خوا بەپێغەمبەری ڕاگەیاندەوە کەنهێنیەکەیان ڕانەگرت. پێغەمبەریش گلەیی کردو هەندێ قسەی بەبیر هێنایەوە، کەنەیتوانی دەری نەبڕێ، ژنەکەش گوتی کێ ئەوەی پێڕاگەیاندی گوتی خوای زاناو ئاگادار پێی ڕاگەیاندم، ئەی خێزانانی پێغەمبەر، هەردووکتان عائیشەو حەفسە ئەگەر تۆبە بکەن لەو کردەوانەی پێغەمبەر ئازار دەدات، لەڕکابەریو حەسوودیو قسەو قسەلۆك، ئەوا دڵتان پاك دەبێتەوەو دەبن بەدڵسۆزی پێغەمبەر، ئەگەر هەر لەسەر ڕکابەریو بەربەرەکانیش بڕۆن، ئەوە خواو جوبرەئیلو پیاوچاکانی موسوڵمانان پشتگیری پێغەمبەر دەکەنو یارمەتی دەدەن هەموو فریشتەکانیش ئاگاداری کردەوەکانتانن، خوا هەردەم پشتیوانی پێغەمبەرە. ئەگەر ئێوەی تەڵاقدا، خوا ژنی لەئێوە چاکتری بۆ ئامادە دەکات، لەکچو بێوە ژن، هەمووی موسوڵمانو ملکەچ بۆ خواو پێغەمبەرو کۆچ

کردو لەڕێی خواو تۆبەکەر لەگوناه. بەو شێوەیە هەموو ژنەکان پەشێوان بوونەوەو تۆبەیان کرد، ژیانی هێمنی‌و ئاسودەیی جاران کەوتەوە ناو خێزان.

ئەو ڕووداوەی ماڵی پێغەمبەریش بوو بەڕۆناکاییەك بۆ موسوڵمانان هەموویان ئەوها بەهێمنی‌و شینەیی‌و زانایی‌و چاکە بجوولێنەوە، لەگەڵ ژنەکانیان هەتاکو ئەگەر کار لەکاریش ترازاو بەئامۆژگاری چار نەکرا، دەبێ پیاو خۆی لەژن دوور بخاتەوە نەك بێکاتە هەراو لێدان‌و کوتان‌و قیژو هاوار، پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگەیەکی وای دانا کەموسوڵمانان پشتاو پشت لەسەری بڕۆن، هەر دەستەو هەر چینە بینوسێتەوەو بۆ یەکتری بگێڕێتەوە.

﴿ زەکات ﴾

پاش ئەوەی باری موسوڵمانان وای لێهات هیچ هێزێکی وا نەما بەرامبەریان بوەستێ، پێغەمبەر (ﷺ) نوێنەرانی بڵاوکردەوە لەناو تیرەکان بۆ کۆکردنەوەی زەکات، لەماڵات‌و دانەوێڵەو زێرو زیوو بەو گوێرەی کەخوا لەقورئانی پیرۆز دیاری کردووە، بەمەرجێك ئەو شوێنەی کەزەکاتی لێ کۆدەکرێتەوە کەسی هەژاری نەبێت دەنا نابێ زەکات بۆ شوێنێکی تر بڕوات.

تیرەکان‌و هۆزەکانی بیابان بەملکەچی‌و دڵ فرەواتیە زەکاتیان دەدایە نوێنەرانی پێغەمبەر، تەنیا بەشێکی تیرەی تەمیم نەبێت کەپێیان دەگوتن بەرەی (عەنبەر). کەدیتیان نوێنەری پێغەمبەر ماڵاتێکی زۆری کۆکردیتەوە، چاوچنۆکی گرتنی‌و تاویان دایە سەری ماڵاتەکەیان لێستاندوەو دەریانکرد.

ئەو کردەوەیە بووە هۆی ئەوە، پێغەمبەر (ﷺ) لەشکرێکی بەسەرکردەی (عویەینەی کوڕی حیسن) هەناردە سەریان لەپەنجا سوار زیاتر بوون زۆریان هەڵاتن، بەڵام پەنجا کەسێکیان لەپیاوو ژن لێ بەدیل گرتن‌و ماڵاتێکی زۆریشیان هێناو گەڕانەوە مەدینەو دیلەکانیان بەند کرد. پاش ماوەیەك حەفتا کەسێك لەنوێنەرانی بەرەی تەمیم بەسەرکردەی (ئەقرەعی کوڕی حابیس‌و عویەینەی کوڕی حیسن) هاتن، زۆربەشیان لەوانە بوون کەموسوڵمان ببوون‌و لەگرتنی‌مەککەو شەڕی حونەین بەشداریان کردبوو، هەندێکیشیان هەر بت پەرست بوون. چوونە بەر دەرگای ماڵی پێغەمبەرو زۆر بەناڕێکی‌و بەبێ

شەرمانە بانگیان کرد، گوتیان ئەی موحەممەد وەرە دەرەوە. ئەو جۆرە بانگ کردنەش زۆر بێ ڕێزانەیە بەتایبەتی لەڕاست پیاوێکی وەك پێغەمبەر (ﷺ) کەدەبێ ڕێزی بگیرێ، نەك وەکو پیاوێکی رەشماڵ نشین تەماشای بکەن. بەو بۆنەیەش خوا لەقورئان دەفەرموێ ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُنَادُونَكَ مِن وَرَاءِ الْحُجُرَاتِ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ *وَلَوْ أَنَّهُمْ صَبَرُوا حَتَّى تَخْرُجَ إِلَيْهِمْ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾[1] واتـە: ئەوانەی لەدواوەی ژوورەکانی ماڵەکەت بانگت ئەکەن زۆربیان نەفامو نەزانن، ئەگەر ئەوانە ئارامیان بگرتبایە تاکو بۆیان دەچوویە دەرەوە، باشتر بوو بۆیان. خوا بەزەیی زۆرەو لێبوردەیە، دەنا دەبوایە ئەوانە سزا وەربگرن. ئەوکاتەش ئەگەر بانگی نوێژی عەسری نەدابایە، پێغەمبەر (ﷺ) بۆیان نەدەچووە دەرەوە. ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) قسەی لەگەڵ کردن، گوتیان ئەی پێغەمبەری خوا بۆ خۆت دەزانی ئێمە لەگرتنی مەککەو شەڕی حونەین بەشداریمان کردووە، شوێنی ئێمە دەزانی لەناو تیرەکانی عەرەب. ئەو کارەی عویەینە لەگەڵی کردین ناڕەواو نابەجێیە. حەزیش دەکەین ماوە بدەیە شاعیرو وتار دەرەکانمان خۆیان دەربخەن.

پێغەمبەریش (ﷺ) ماوەی پێدان. لەپێش هەموویان (عوتاریدی کوڕی حاجیب) کەوتە قسە کردنو وتاردان، کەتەواوی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دایە (سابیتی کوڕی قەیس) وەڵامی دانەوە، (زەبرەقانی کوڕی بەدر)ی شاعیری تیرەی تەمیم کەوتە هۆنراوە گوتن، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمانی دایە (حەسانی کوڕی سابیت) وەڵامی دایەوەو کۆتاییان پێ هێنا (ئەقوەسی کوڕی حابیس) گوتی وەڵڵاهی ئەو پیاوە خوا پێداوە، شیعرەکەی لەشاعیرانی ئێستا با لاترە، وتار دەرکەشیان لەوتار دەری ئێمە زاناترە، دەنگیان بەسەر دەنگی ئێمە کەوتەوە. ئەوجا ئەوەی بت پەرستیش بوو موسوڵمان بوو. پێغەمبەریش (ﷺ) دیلەکانو ماڵاتەکەی پێدانەوە.

بەرەی موستەلیقیش کە(وەلیدی کوڕی عەتەبەی کوڕی باوکی موعەیت) چوو بۆ لایان، هەموو بەپیریەوە چوون، ئەویش کۆنە دوژمنایەتیەکی لەگەڵیان هەبوو زۆریان لێ ترسا کەخراپەی لەگەڵ بکەن لەو ترسە پشتاو پشت گەڕایەوە، چۆوە لای پێغەمبەرو گوتی ئەوانە خۆیان ئامادە دەکەن بێنە سەرمان. هەندێکیش دەڵێن گوتی ئەوانە هەڵگەڕاونەتەوە. لەبەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) خالیدی کوڕی

---

(١) الحجرات: ٤و٥.

وەلیدی نارده سەریان. خالیدیش سەر لەبەیانی گەیشتە سەریان، بەڵام گوێی لەدەنگی بانگی بەیانی بوو، هێمن بۆوەو بەهێواشی چووە ناویان زۆر بەچاکی لەگەڵیان جوولایەوە. ئەوانیش هەموویان گوێ گربوون بۆی، ئەوجا خالید گەڕایەوە لای پێغەمبەرو باسەکەی بۆ گێڕایەوە. پێغەمبەریش (ﷺ) بیشری کوڕی عوبادەی نارده لایان تاکو بەتەواوی فێری ڕەوشتی ئیسلامیان بکاتو زەکاتیان لێ وەربگرێ. ئەو کردەوەی وەلیدی کوڕی عەتبە، وای کرد کەخوا لەو بارەوە فەرمان بنێری کەدەفەرموێ:
﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَن تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ﴾[1] واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان بەخواو بەپێغەمبەر هێناوە.

هەرکەسێکی لەڕێ دەرچوو، جێگای باوەڕ نەبوو لەپەناوە بەنەزانین. هەواڵێکی بۆ هێنان، لەڕاستی هەواڵەکە بکۆڵنەوەو پەلە مەکەنو هەراسان مەبن، مەبادا تووشی کردەوەی وابن، پەشێوانی لەدواوە بێت.

پیاوی ترسنۆكو ناهەموار قسەی خراپ دەکاتو بەڵام پیاوی ئازاو ڕەوشت بەرز قسەی چاك دەکات، بەتایبەتی سەرکردە ئەگەر قسەیەکیان بۆ گێڕایەوە نابێ لەکارو کردەوە پەلە بکات.

هەر لەو کاتەبوو زەینەبی کچی پێغەمبەر بەهۆی ئەو ئازارو ئێشەی کەکاتی خۆی (حووەیریسو هەبار) ترساندیانو منداڵەکەی لەبەرچوو، لێی هەڵدایەوەو کۆچی دوایی کرد.

مردنی زەینەب زۆر کاری کردەسەر پێغەمبەر (ﷺ) زۆری دڵ بۆ سووتاو زۆری پەرۆش بوو، چونکە زەینەب زۆر دڵسۆز بوو بۆ باوكو مێردەکەی.

پێغەمبەر (ﷺ) تەنیا فاتیمەی مایەوە، بەڵام لەدوای زەینەب خوا گوشادی خستە ناو دڵی پێغەمبەر کوڕێکی لەماریە پێدا، ناوی لێنا ئیبراهیم بەناوی ئیبراهیم پێغەمبەری باپیرە گەورەی. زۆری دڵ بەو کوڕە خۆش بوو، زۆری چاوەدێری دەکرد، ئەو ڕۆژەی لەدایك بوو پارەیەکی زۆری بۆ کردە خێرو چەند سەربزنی بۆ ڕاگرت، تاکو شیرەکەی بخوات. گەلێ ڕۆژان سەردانی دەکردو لەباوەشی دەگرتو دڵی پێخۆش دەبوو، ئەو کوڕە زۆر بەخۆی دەچوو، بەڵام بەداخەوە ئەو کۆرپە نازدارە هەر شازدە مانگان ژیا، لەپاش شەڕی تەبۆوك خوا بردیەوە. لەوکاتی ئیبراهیم گیانی پاکی دەرچوو پێغەمبەر (ﷺ)

(١) الحجرات: ٦.

لەسەرکۆشی خۆی دانابوو، لەتاوان فرمێسکی هاتە خوار. گوتیان ئەی پێغەمبەری خوا، تۆ گریان لەئێمە قەدەغە دەکەی، کەچی بۆ خۆت دەگری؟! فەرمووی دڵ غەمگین دەبێ‌و چاو ئاو دەکات، بەڵام نابێ هاوار بکەین‌و قسەی ناڕێك بکەین، دەبێ هەر ئەوە بڵێین کەخوا پێی خۆشە. لەو ڕۆژەش وا ڕێکەوت ڕۆژ گیرا، خەڵك گوتیان لەبەر مردنی ئیبراهیم ڕۆژ گیرا.

پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (إن الشمس والقمر أيتان من ايات الله لاينخسفان لموت أحد ولا لحياة احد)[1] واتە: ڕۆژو مانگ دوو بەڵگەنە لەبەڵگەی خوایەتی بۆ مردن‌و ژیانی کەس ناگیرێن.

﴿ شەڕی تەبوك ﴾

موسوڵمانان هێزو دەسەڵاتیان لەنیمچە دورگەی عەرەب بەتەواوی پەرەی ستاندو بوونە تاکە هێزی ئەو ناوچەیە، هیچ هێزێك بەرامبەریان ڕانەوەستێ، هەرکەسێکی دەستی ڕاست بکردبایەوە دەستی موسوڵمانانی دەگەیشتێ‌و سەری پێ شۆڕدەکردن. تەنیا لەلای سەرووی نیودوورگەی عەرەب نەبێت، بەتایبەتی ئەو شوێنانە ڕۆخ شام کەلەژێر سێبەرو دەسەڵاتی ڕۆمەکان دەژیان، ئەوانەش عەرەب بوون‌و زۆرترینیان بوونە مەسیحی، جگە لەئاینەکەش چ پەیوەندیەکی تریان بەو ڕۆمانەوەنەبوو. دەوڵەتی ڕۆمیش ئەوکات، بەهێزترین دەوڵەتی سەر ئەو زەویە بوو، تەنیا دەوڵەتی فارس بەرامبەری ڕادەوەستا، ئەویش وەك ئەو بەهێزبوو، عیراق‌و یەمەنی داگیر کردبوو. ئەو دوو دەوڵەتە دوژمنایەتیەکی کۆنیان لەنێوان هەبوو، گەلێ جاران هێرشیان دەبردە سەر یەکتری، وڵاتی یەکیان داگیر دەکرد، بەڵام دیتیان ئیسلام وا بەهێز بووە، دوژمنایەتی کۆنیان لەبیرکردو لەدژی ئیسلام ڕێك کەوتن چیتر بەگژ یەکتردا نەچوون. وەك جولەکەو مەسیحی ئیمڕۆ کەلەبناغەی بیروباوەڕیان دەوژمنی یەکترن، بەڵام لەدژی موسوڵمانان وا بووینەوە یەك.

ڕۆمەکانیش سەرۆکی مەسیحی جیهان بوون. دیتیان موسوڵمانان وا بەتێن بووین‌و بیروباوەڕەکەشیان بەهیچ جۆرێك لەگەڵ باوەڕی ئێستای مەسیحیەکان ڕێك ناکەوێ، چونکە ئیسلام

---

(١) سبل الهدى والرشاد ١١/٢٤ لەبوخاری‌و موسلیم دەگێڕێتەوە.

باوەڕی بەخوای تاكو تەنیا هەیەو هیچ هاوتای بۆ پەیدا ناكاتو هیچ كەسێكو هیچ شتێك نابێتە هۆی پەیوەندی لەنێوان خواو ئادەمیزاد. مرۆڤ ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ پێغەمبەرایەتی هەر بەندەی خوایە. بەڵام مەسیحیەكان كردویانەتە هاوبەشو هاوتای خوا. پاپاو كاردینالو پەتریارك و مەترانەكان بەئارەزووی خۆیان فەرمان دەردەكەنو فەرمان لادەدەن، هەر بیروباوەڕێك گرنگ بێتو ڕاستیش بێتە ناویان، دژیان بوەستی لەناوی دەبەن، ئەوجا چ جای ئیسلام كە لەڕەگو ریشەو بنجو بناغەوە دژی بیروباوەڕی ئەو جۆرە مەسیحیانەیە هاوتا بۆ خوا پەیدا ئەكەن. ئەوجا چۆن دێڵن ئیسلام لەنیمچە دوورگەی عەرەب هەوراز بێتو عەرەبەكانی ژێر دەستیان ڕزگار بكات. بۆیە ڕۆمەكان ویستیان سنوورێكی وا بەتێن لەنێوان خۆیانو موسوڵمانان دروست بكەن، تاكو ئیسلام نەتوانێ بگاتە ناوچەكەیانو هەمووی گوێ لەدەنگی زەنگ بگرنو دەنگی (الله اكبر) نەبیڕێ[1].

(هەرقل)ی پاشای ڕۆم لەشكرێكی گەورەی پێك هێنا. تیرە عەرەبەكانی ژێر دەستیشیان، واتە (لەخمو جوزامو عاملەو غەسسانە) بەگەڕی كەوتن. هەرقل ئازوقەی ساڵێكی تەواوی پێدان، بەو هومێدە بەسەر موسوڵمانانداا بداتو سەركەوتنێكی وا بەدەست بێنێ شەڕی موئتە لەبیر بكەن، موسوڵمانانیش وا تێبگەن كەدەوڵەتی ڕۆم هێزێكە بەربەرەكانی ناكرێت، هەروەكو عەرەبەكان لەپێش ئیسلام وایان بیر دەكردەوە.

(ئیمڕۆكەش عەرەبو خەڵكی تری دوور لەڕێگەو یاسای ئیسلام، هەر هەمان بیر دەكەنەوە لەڕاست ئاورووپاو ئەمەریكاو جوولەكە، وا دەزانن ڕاوەستان بەرامبەریان بێسوودو بێ كەڵكە، ئەوانە قەڵایەكی بەتێننو ناهەژێن).

پێغەمبەریش (ﷺ) هیچ كاتێك لەدوژمنانی ئیسلام بێ ئاگا نەبووە، هەر هێزێك خۆی ئامادە دەكرێت بۆ ئەوەی بێتە سەر موسوڵمانان، سێو دووی نەكردوەو خۆی ئامادە كردووەو بەرامبەریان ڕاوەستاوە، دەشیزانی ڕۆم دەوڵەتێكە خاوەن سامانو لەشكرێكی نەبڕاوەیە، ڕاوەستان بەرامبەری وەك ئەوە نیە كەبەرامبەر خێڵەكانی عەرەب ڕابوەستێ، چونكە پێغەمبەران هەردەم بەپشتیوانی خوا،

---

(١) ئەو ڕەوشتە لەهەموو كاتو لەهەموو شوێن دووبارە دەبێتەوە، تا لەو چەند ڕۆژانە تەلەفزیۆنی لەندەن پیشانیدا، (كوڕی چەرچل) یەك لەئەندامانی پەرلەمانی ئینگلیزی لەكۆبوونەوەیەك ڕاست بۆوە، گوتی ئێمە لە لەندەن تەماشا دەكەین، هەر مزگەوتەو دروست دەكرێت وای لێدێت گوێمان لەناقوسی خۆمان نابێت، پێویستە سنوورێك دابنێین.

لەهیچ دەوڵەتێکی خاوەن هێزو دەسەلات نەترساون.

لەگەڵ ئەوەی کاتەکەی زۆر گەرمابوو، سێبەر خۆش بوو، میوەجات پێگەیشتبوو، گەرمای ئەو بیابانەش کوشندەیەو ماوەکەی نێوان مەدینەو وڵاتی شامیش زۆر دوورو درێژە پێویستی بەهێزو ئازوقە ماڵ هەبوو لەوکاتەش موسوڵمانان زۆر دەست کورت بوونو ساڵەکەشی نەهات بوو، چ جاری واش نەبووە پێغەمبەر (ﷺ) بەئاشکرا بچێتە لایەك، هەموو جار هەر بەنهێنی چووە، بەڵام ئەو جارە لەناو هۆزەکانی عەرەبو لەمەدینە بانگی راهێشتو داوای لێکردن خۆیان ئامادە بکەن، بەرامبەر ئەو دوژمنە گەورەیە بوەستن، تاکو گەورەترین لەشکر کۆبکاتەوە. داواشی لەهەموو خاوەن سامانەکان کرد دەستی یارمەتی بۆ ئەو لەشکرە درێژ بکەن.

موسوڵمانان لەوکاتە دوو جۆر بوون هەندێکیان بەهەموو بیروباوەڕی ناو دڵیان موسوڵمان ببوون، هیچ درێغیان نەدەکرد نەبەسەرو نەبەماڵ، هەموویان بەخت دەکرد بۆ ئیسلام. یەکێکی وەك (عوسمانی کوڕی عەففان) سێسەد حوشتری بەتاقمەوە هێنا لەگەڵ هەزار دینار.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی عوسمان لەئیمڕۆکەوە بەو کردەوەیە زیانی پێناگات. (ئەبوبەکری سدیقیش) هەرچی هەیبوو هێنای. عومەری کوڕی خەتابیش نیوەی ماڵەکەی هێنا. عومەر دەڵێ هومێدم وابوو من لەئەبوبەکر زیاترم هێنابێ، بەڵام پێغەمبەر بەئەبوبەکری گوت چیت بۆ خۆت هێشتۆتەوە، گوتی خواو پێغەمبەرم هێشتۆتەوە، عومەر دەڵێ گوتم من قەت ناتوانم پێش ئەبوبەکر بکەوم. هەروەها (عەبدولرەحمانی کوڕی عەوف) چوار هەزار دیناری هێنا، گوتی ئەی پێغەمبەری خوا، هەشت هەزار دینارم هەبوو، نیوەم هێناوە نیوەشم گێراوەتەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خوا بەرەکەت باوێتە ناو ئەو پارەی هێناویەتیو ئەو پارەی گێڕاویەتیەوە. گەلێکی تریش پارەو کەلوپەلو پێویستی زۆریان پێشکەش کرد. پیاوێکیش هەبوو ناوی (ئەبو عەقیل)بوو، زەمبیلێك خورمای هێنا، گوتی ئەی پێغەمبەری خوا دوو زەمبیل خورمام دەست کەوت، یەکیانم بەقەرز بۆ خوا هێناوە، ئەوەکەی ترم بۆ ماڵو منداڵم هێشتۆتەوە.

دوو ڕووەکانیش لەنێوان خۆیان گوتیان، ئەوەی عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف هێنای، هەر بۆیە بوو تاکو خۆی لەناو خەڵك هەڵبکێشی، ئەبو عەقیلیش هەر بۆیە ئەو زەمبیلە خورمایەی هێنا تاکو ناوی بکەوێتە ناوناوان. دەنا خواو پێغەمبەر پەکیان لەسەر ئەو زەمبیلە خورمایە نەکەوتووە. زۆریش

لەموسوڵمانان بەخۆ بەچەك‌و ئازووقە هاتن، هەندێکیشیان هیچیان نەبوو، داوایان لەپێغەمبەر کرد یارمەتیان بدات، ئەویش ئەوەندەی توانای هەبوو یارمەتی هەندێکیانی داو بەوانی تریشی گوت توانام نەماوە یارمەتیتان بدەم. ئەوانە بەدڵێکی پڕ ئاخ‌و چاوی پڕ لەفرمێسك گەڕانەوە بۆیە ناویان لێ نان گریاوەکان (البکائون) بەڵام ئەوانەی کەتازە موسوڵمان ببوون‌و هێشتا بیروباوەڕێکی وایان نەچوو بووە ناو دڵ، دایانە تەمبەڵی‌و خۆگران کردن‌و لەمردن ترسان‌و دانیشتن، وتیان پێویست ناکات ئێمە خۆمان هەراسان بکەین. پەرۆشی فەوتانی ماڵ‌و سامانەکەیان بوو، هەروەکو خوا باسیان دەکات دەفەرموێ:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ مَا لَكُمْ إِذَا قِيلَ لَكُمُ انفِرُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ اثَّاقَلْتُمْ إِلَى الأَرْضِ أَرَضِيتُم بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا مِنَ الآخِرَةِ فَمَا مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فِي الآخِرَةِ إِلاَّ قَلِيلٌ * إِلاَّ تَنفِرُواْ يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا وَيَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلاَ تَضُرُّوهُ شَيْئًا وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾[1].

واتە: ئەی ئەو کەسانەی خاوەن باوەڕن، ئەگەر داواتان لێ کرا بۆ جیهاد خۆتان ئامادە بکەن لەڕێگەی خوا، بۆچی خۆتان گران دەکەن‌و دەیدەنە تەمبەڵی، ئایا ڕابواردن‌و خۆشی دونیاتان پێخۆشترە‌و پێی دڵنیان لەچاو ژیان‌و خۆشی دوای مردن. خۆشی دونیا چ شتێك نیە لەچاو خۆشی دوایی‌و چ نرخێکیشی نیە، ئەگەر خۆتان ئامادە نەکەن لەگەڵ پێغەمبەرو بەشداری نەکەن لەجیهاد، خوا تووشی ناخۆشیتان دەکات، دەکەونە ژێر دەستی دوژمن‌و سەرشۆڕ دەبن، ڕۆژی دواییش دەچنە ناو دۆزەخ، هەروەها خوا ئێوە دەفەوتێنێ، کۆمەڵێکی لەئێوە چاکتر دێنی بۆ پێغەمبەر، ئێوەش بەو دواکەوتن‌و خۆگران کردنەتان چ زیانێك لەخوا نادەن، خوا پەکی لەسەر کەس ناکەوێ، هەر خوایە توانای بەسەر هەموو شتێك دا هەیە، دوو ڕووەکان کەوتنە توانج گرتن‌و قسەی پڕوپووچ، لەپەناوە بەیەکتریان دەگوت ئێستا گەرمایە پێویست ناکات ئێمە بەو گەرمایە دەربچین. دەیانگوت موحەممەد شەڕی ڕۆمەکان وەك شەڕی هۆزەکانی عەرەب تەماشا دەکات؟

بۆیە خوا لەقورئان باسیان دەکات دەفەرموێ: ﴿فَرِحَ الْمُخَلَّفُونَ بِمَقْعَدِهِمْ خِلاَفَ رَسُولِ اللّهِ وَكَرِهُواْ أَن يُجَاهِدُواْ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَقَالُواْ لاَ تَنفِرُواْ فِي الْحَرِّ قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّا لَّوْ

(١) التوبە ٣٨و٣٩.

كَانُوا يَفْقَهُونَ﴾[1].

واتە: دواکەوتووەکان لەشەڕی تەبووك بەو خۆدواخستنە دڵیان خۆش بوو. لەگەڵ پێغەمبەر نەچوونو دانیشتنیان لەلاباشترو خۆشتر بوو لەجیاتی بچن بۆ جیهاد، پێیان ناخۆش بوو لەگەڵ پێغەمبەر بەسەرو ماڵ لەڕێی خوا جیهاد بکەن، بەخەڵکیان دەگوت بەو گەرمایە مەچوونە شەڕ. پێیان بڵێ ئاگری دۆزەخ گەلێ گەرم ترە لەو گەرمایەی کەئێوە لێی دەترسن ئەگەر تێگەیشتنیان هەبێ.

پێغەمبەر (ﷺ) بانگی یەکێکی وەك (جەدوی کوڕی قەیس)ی کرد، کە لەتیرەی بەرەی سەلەمە بوو فەرمووی چ دەڵێی، بچیە وڵاتی ڕۆم شەڕیان لەگەڵ بکەی؟ گوتی ئەی پێغەمبەری خوا، لێم گەڕێ تووشی بەڵام مەکە، هەموو کەس دەزانی من زۆرم هەوەس بەژنان دێت، ئەگەر چاوم بەژنی ڕۆمەکان بکەوێ خۆم بۆ ناگیرێ. بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) وازی لێ هێنا، خواش لەقورئان باسی ئەو قسەیە دەکات دەفەرموێ: ﴿وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ ائْذَن لِّي وَلاَ تَفْتِنِّي أَلاَ فِي الْفِتْنَةِ سَقَطُواْ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌ بِالْكَافِرِينَ﴾[2].

واتە: هەندێ لەو دوو ڕووانە دەڵێن ماوەم بدەو لێم گەڕێ با لەشەڕی ڕۆمەکان تووشی خراپە نەبمو لەماڵی خۆم دابنیشم، ئاگای لەوە نیە دانیشتنەکەی تووشی خراپەو ناپاکیو سەرشۆڕی دەکات، دوایش دۆزەخ شوێنیەتی دۆزەخ ئەو دوو ڕوو بێ باوەڕانە قووت دەدا، هەندێکیش لەدوو ڕووەکان بەهەلیان زانی خەڵك تووشی دوو دڵی بکەنو پەشیوانیان بکەنەوە تاکو نەچن بۆ ئەو شەڕە. لەماڵی جوولەکەیەك کەناوی (سووەیلم) بوو کۆبوونەوە کەپێغەمبەر بەوەی زانی (تەڵحەی کوڕی عەبدوڵلا)ی نارد، لەگەڵ چەند کەسێك خانووەکەیان ئاگر تێبەردا، یەکێك لەدوو ڕووەکان لەلای پشتەوە هەڵات خۆی هەڵدا قاچێکی شکا، ئەوانی تریش بەناو ئاگرەکەدا هەڵاتنو دەربازبوون، بەو کردەوەیە دوو ڕووەکان چیتر نەیانوێرا ئەو کارە دووبارە بکەنەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) لەشکری ڕێك خستو (عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب) بۆ پارێزگاری ماڵو منداڵەکەی بەجێهێشت. عەلی گوتی لەگەڵ ژنو منداڵانم بەجێ دێڵێ؟. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (يا علي الا

---

(١) التوبە: ٨١.

(٢) التوبە: ٤٩.

ترضى ان تكون بمنزلة هارون من موسى ألا أنه لا نبي من بعدي)[1] واتە: ئایا ناتانەوێ تۆش بۆ من لەجێگەی هارون بی وەك هارون بۆ موسی بوو، بەڵام لەدوای من هیچ پێغەمبەرێك نیە.

ژمارەی لەشکرەکە گەیشتە سێ (٣) هەزار کەس‌و ناویان لەو لەشکرە نا لەشکری تەنگاوە (جیش العسرە) چونکە لەکاتێکی دەست کورتی‌و گەرما ڕێکخرا، پێغەمبەر (ﷺ) لەدوای خۆی موحەممەدی کوڕی سەلەمەی کردە سەرداری مەدینە.

لەشکر لەڕۆژی پێنج شەممەی مانگی ڕەجەب، ساڵی نۆیەمی کۆچی بەسەرکردایەتی پێغەمبەر (ﷺ) کەوتەڕێ. دانیشتوانی مەدینەش بەپیاوو ژن‌و منداڵەوە لەسەربان‌و قەڵات‌و سەرسواندان تەماشایان دەکردن‌و بەڕێیان دەکردن. ئەو لەشکرە گەورەیە زەوی داگیرکرد بوو حیلەی وڵاغ‌و ڕمب‌و هۆری پێیان‌و دەنگە دەنگی ئەو لەشکرەو دەنگی (الله اکبر) کرد بوویە ڕۆژی ئاهەنگ. زۆریش لەموسوڵمانان لەکاتی ڕۆیشتن خۆیان دواخست، بەپێغەمبەریان گوت فلان‌و فلان دواکەوتن، ئەویش فەرمووی لێیان گەڕێن، ئەگەر ئەوانە خراپ بن ئەوا لەکۆڵمان دەبنەوە، ئەگەر خێرشیان هەبێت ئەوا پێمان دەگەن.

عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی سەرۆکی دوو ڕووەکان، بەخۆو بەهەشتا کەسەوە کەوتە گەڕیان، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) گێڕایەوە ڕێگەی نەدا لەگەڵیان بچێ، چونکە لێی دڵنیا نەبوو، هەندێکیش کەچاویان بەدیمەنی ئەو لەشکرە کەوت بەرەو ئەو بیابانە گەرمە دەڕۆن هەمووشی هەڵبژاردەی موسوڵمانان بوون. هەستی دەروون‌و باوەڕیان بزووت‌و خۆیان زۆر بەکەم هاتە بەرچاو. یەکێکی وەك (خەیسومە) چووە ماڵەوە، دیتی ژنەکانی ماڵیان گسك داوەو ڕشاندوویانەو ئاوی ساردیان بۆ ئامادەکردووەو چێشتی چەوریان بۆ لێناوە. گوتی توخوا پێغەمبەر لەگەرمای بیابان بڕوات‌و منیش خواردنی چاك بخۆم‌و ئاوی سارد بخۆمەوەو لەپاڵ ژنەکانم ڕابوێرم، فەرمانی دایە ژنەکانی گوتی پێویستیم بۆ ساز بدەن بابگەمە پێغەمبەر. هەر بەخێرایی بۆیان ئامادە کردو کەوتە دوای پێغەمبەر. ڕەنگە زرانی وەك خەیسومەش هەستیان بەکەمی کردبێ‌و کەوتبنە دوای پێغەمبەرو پێی گەیشتبن. هەر پیاوێك هەستی بیروباوەڕی لەدڵدا هەبێت، بەهیچ بارێك لەو جۆرە ڕۆژانە دوا ناکەوێ. یەکێکی وەك (ئەبو زەری غەفاری) لەبەر

---

(١) فتح الباري لشرح صحيح البخاري ١٢٥/٨.

تەمبەڵی حوشترەکەی لەلەشکر بەجێما. بەپێغەمبەریان گوت، ئەبو زەڕ بەجێما. فەرمووی ئەگەر خێری پێوە بێت ئەوە خوا وا دەکا بمانگاتەوە، ئەگەرنا لەکۆڵمان دەبێتەوە. ئەبو زەڕ کەزانی ناگاتە لەشکر لەحوشترەکەی تووڕە بوو لێی دابەزیو کەلوپەلەکانی خستە کۆڵیو بەپێیان کەوتە شوێن لەشکر ڕۆیشت. لەشکر لەڕێگا بۆ حەسانەوە لایدا. یەکێك تەماشای ڕێگای کرد، دیتی وا یەکێك لەدوورەوە بەپێیان ڕێگا دەکوتێ، بەپێغەمبەریان گوت. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ڕەنگە ئەبو زەڕ بێت، کەنزیك بۆوە، گوتیان وەڵلا دەق خۆیەتی، ئەبو زەڕ ئەوا هات. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ڕەحمەتی خوا لەئەبو زەڕ بێت، بەتەنیا دەڕواتو بەتەنیا دەمرێو بەتەنیا زیندوو دەبێتەوە. ئەو فەرموودەی پێغەمبەر گەیشتە جێ زەمانە وای کرد ئەبو زەڕ لەپاش پێغەمبەر لەکردەوەی ئەمەوییەکان ڕازی نەبوو و زۆری سەرزەنشت دەکردن، ئەوانیش دووریان خستەوە بۆ دێی (ڕەبزە). لەو گوندە مایەوەو تەمەنی بەڕێ کرد، کەنەخۆش کەوت بەژنەکەو کوڕەکەی گوت من دەمرم، کەمردم بەکەس مەڵێن، بەشەو بمشۆنو کفنم بکەنو لەسەر فلان ڕێگەم دابنێنو هەر کەسێك واوەهات پێی بڵێن ئەوە ئەبو زەر مردووە. کاتێك مرد قسەکەیان گەیاندە جێو بردیانە سەر ڕێگاکە دایان نا. لەوکاتە کاروانێك بەوێدا هات (عەبدوڵای کوڕی مەسعود)یش لەگەڵیان بوو پێیان گوتن ئەوەتە رمی ئەبو زەڕە. عەبدوڵلای کوڕی مەسعود کەگوێی لەناوی ئەبو زەڕ بوو دەستی کرد بەگریان، گوتی پێغەمبەر ڕاستی فەرموو کەگوتی ڕەحمەتی خوا لەئەبو زەڕ بەتەنیا دەڕواو بەتەنیا دەمرێو بەتەنیا زیندوو دەبێتەوە. ئەوجا عەبدوڵلای کوڕی مەسعود بەخۆی سەرپەرشتی ناشتنەکەی کرد[١].

هەر ئەبو زەر نەبوو لەو بیابانە ماندووبوونی چێشت، لەشکر هەمووی تینووەتیو ماندووەتی چێشت، هەتاکو دوو دوو و سێ سێ سواری حوشترێك دەبوون. ئیمامی عومەر دەگێڕێتەوەو دەڵێ کەبۆ تەبووك چووین، گەرمایەکی ئەوەندە بەتێن بوو، لەڕێگا لەشوێنێك دابەزین زۆرمان تێنوو بوو هەموو قورگمان وشك ببوو، چاویشمان تاریك ببوو. گەلێ کەس حوشترەکەی سەردەبڕیو ئاوی ورگەکەی دەخواردەوە ئەبوبەکریش بەپێغەمبەری گوت ئەی پێغەمبەری خوا، داوای تسوو خوا قەبوڵی دەکات، داوامان بۆ بکە بارانمان بۆ بباری.

---

(١) فتح الباري ٨/١١٢٥.

پێغەمبەریش (ﷺ) پێی گوت پێت خۆشە؟ گوتی بەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی پیرۆزی بڵندکردو کەوتە پاڕانەوە لەبەر خوا، دەستی نەهێنا خوارەوە تاکو بارانێك باری هەموو شتێکیان پڕ کرد لەئاو. کەڕۆیشتن تەماشایان کرد بارانەکەلەشوێن سەری لەشکر تێپەڕ نەبوو. لەوکاتە یەکێك لەیاران بەیەکێك لەدوو ڕووەکانی گوت، ئێستاش باوەڕ نایینی کەئەو بارانە لەو شوێنە بەداوای پێغەمبەر باری، گوتی ئەو پەر هەورێك بوو هاتو ڕۆیشت![1] پیاوی بێ باوەڕ دڵی ئەوەندە ڕەقە، لەبەر ئەو دڵ ڕەقیە خوا پەردەی بەسەردا هەڵدەکێشی، هیچ ڕاستیەكو کردەوەیەکی لەعالەم بەدەرناچێتە ناو دڵیو ناڕاستیش لەناو دڵی ناچێتە دەر.

تاکو هەندێ لەدوو ڕووەکان دەیانگوت، ئەو کابرایە (مەبەستیان پێغەمبەر بوو) بەهومێد دەرگەی شوورەی شاری شامی بۆ بکرێتەوەو کۆشكو تەلاری قەیسەری بکەوێتە دەست، ئەوەزۆر دوورە!.

کەپێغەمبەر (ﷺ) ئەو قسەی بیستەوە، بەدوایدا هەناردنو لێی پرسین، گوتیان ئێمە گاڵتەمان کردووە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی گاڵتە بەخواو پێغەمبەر دەکەن؟

لەشکر گەیشتە شوێنێك پێیان دەگوت (حیجر) شوێنەواری هۆزی سەموود، کەلاوەی خانووەکانیان هەرمابوو، لەو شوێنە دابەزین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێدان نەچنە ناو خانووەکانیانو دڵخۆشی پیشان نەدەن، بەڵکو بەچاوێکی مەترسیو ماتەمی پێیدا بڕوانو پەند وەربگرن لەوانەی کەبێ فەرمانی خوایان کردوەو بەکارەسات ڕۆیشتوون، ئەو شوێنانە شوێنی پەند وەرگرتنە[2].

دیسان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی قەت داوای شتی لەعالەم بەدەر لەخوا مەکەن، هەروەکو هۆزی (سەموود)[3] لەو شوێنەدەژیان، داوایان لەسالح پێغەمبەر کرد ئەویش داوای لەخوا کرد، خوا حوشترێکی بۆ ناردنو فەرمووی دەستی لێ مەدەن، دەنا تووشی خراپە دێن. ئەو حوشترە ئاوێکی زۆری دەخواردەوەو شیرێکی زۆریشی هەبوو دەیانخواردەوە. بەڵام لەسەر فەرمان بەردەوام نەبوونو حوشترەکەیان سەربڕیو خواش سزای دان. سەر لەبەیانیەك هاواریان لێ پەیدا بوو، هەموویان لەناو خانووەکانیان مردن. ئەوجا پێویستە لەسەر مرۆڤ داوای شتی ئاسایی بکات کەپێویستەو سروشتیە

(١) زاد المعاد ٥٣٣/٣ لە المجمع ١٩٤/٦ و١٩٥ ی وەرگرتووە.
(٢) زاد المعاد ٥٣٢/٣ لە ابن هشام ٥٢٢/٢.
(٣) هـ. س

بۆخۆی، بیرەکانی ئەو شوێنە هەر مابوون و ئاویان تێدابوو، موسوڵمانان ئاویان هەڵێنجاو هەویریان پێ شێلاو چێشتیان پێ لێنا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئاوی ئەو بیرانە مەخۆنەوەو دەست نوێژی پێ مەشۆن، هەویرەکانیش بدەنە حوشترەکانو چێشتەکانیشتان برێژن. فەرمانیشی دا کەس لەناو خیوەتەکەی بەتەنیا نەچێتە دەر، چونکە بای خۆڵاوی بەتینی دەهات کەزەلام و ولاغی بەبن خۆی دەداو دەیبرد. دوو کەس گوێیان نەدایە ئەو فەرموودەیەو هاتنە دەرەوە یەکێکیان با هەڵیگرت و بردی و ئەویتریشیان کەوتە ژێر زیخ هەردوکیان فەوتان[1]. لەشکر بەرەو تەبووك کەوتەڕێ، لەڕێگا حوشترێکی پێغەمبەر بزربوو. یەك لەدوو ڕووەکان کەناوی (زەیدی کوڕی ئوسەید) بوو گوتی ئەدی ئەوە نالّی من پێغەمبەرم و باسی ئاسمانتان پێ دەڵێ و ناشزانێ حوشترەکەی لەکوێیە. پێغەمبەریش قسەی کابرای بەخەڵکەکەی راگەیاندو فەرمووی (والله لا اعلم إلا ماعلمني ربي) واتە: بەو خوایە ئەوەی خوا فێری نەکردبم نایزانم، حوشترەکەش وا لەفلان دۆڵە جەڵەوی لەداریك گیر بووە بچن بیهێننەوە[2].

ڕۆمەکان کەناوبانگی ئەو لەشکرە زۆریان پێگەیشت، لەترسان بڵاوەیان لێ کرد نەیانویست ڕووبەڕووی ببن. پێغەمبەریش (ﷺ) پرسی بەعومەر کردو عومەریش گوتی ئەگەر فەرمانی ڕۆیشتنت پێدراوە بۆ ناویان برۆ. پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی ئەگەر فەرمانم پێدرابایە پرسم پێ نەدەکردی.

ئەوجا عومەر گوتی ئەی پێغەمبەری خوا، ڕۆم گەلێ زۆرن کەسی موسوڵمانیشیان لەناو نیە، وا ئێستاش لێیان نزیك بوویەوە ترساون، حەز دەکەی ئیمساڵ بگەڕێوە، بەڵکو خوا کارێکی ترت پیشان ئەدات.

ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر سنوور مایەوە، هەرچی بەرەنگاریان بوو سەریان پێدانەواند. عەرەبە مەسیحیەکان بەزۆری مەسلەتیان لەگەڵ کرد. (یۆحەنای کوڕی روئبە)ش سەرۆکی (ئێیلە) هاتە لای پێغەمبەر مەسلەتی لەگەڵ کردو جزیەیدا.

پێغەمبەر (ﷺ) خالیدی کوڕی وەلیدی بەخۆ، بەچوار سەد (هەندێك دەڵێن پێنج سەد) سوارەوە نارده سەر سەرۆکی (دومة الجندل) کەناوی (ئوکەیدیری کوڕی عەبدولمەلیکی کیندی) بوو مەسیحی

---

(١) بوخاری ١٠٣/٨.

(٢) زاد المعاد ٥٤٠/٣ ٩٦/٨ی وەرگرتوە.

بوو، یارمەتی ڕۆمەکانی دابوو. خالید گوتی ئەوە لەناوەڕاستی وڵاتی تیرەی کەلبەو منیش هێزەکەم کەمە. پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی کاتێك دەیگری ڕاوەگا کێوی دەکات، کەگرتت مەیکوژە بیهێنە بۆ لای من، نەگە رنەهات بیکوژە (ئەوکات گا کێوی وەك بیابانی ئێستای ئەفەریقا ڕەوە لەوڵاتی شام دەژیا).

خالید چووە سەریان، هەربای ئەوەندەی چاوبڕ دەکات لەشورەی قەڵاکەیان نزیك بۆوە، شەوەکەشی مانگەشەو بوو. ئوکەیدیر لەوکاتەدا لەسەر بانی قەڵاکەیەوە تەماشای دەشتو دەری دەکردو ژنەکەیو چەند کارەکەرێکی لەدەورە بوو، بەخەیاڵی سەرخۆشی قسەی دەکرد. ژنەکەی تەماشای دەوری قەڵای کرد دیتی وا گاکێویەك قۆچی بەدەرگای قەڵاکە دادەینێ، بەئوکەیدیری گوت قەت وەك ئیمشەوم گاکێوی نەدیوە، ئایا تۆ قەتت دیوە؟ گوتی نا. ژنەکەی گوتی کەس هەیە ئەوهایان لێ بگەڕێ؟ ئوکەیدیر گوتی کەس نیە، بەڵام لەو شەوە زیاتر قەت نەمدیوە گاکێوی بەشەو بێنە ئێرە، ئەوە مانگێکە وڵاغم بۆ ئامادە کردوە.

فەرمانی داو وڵاغیان زین کردو لەگەڵ چەند سوارێك لەقەڵاکەی دەرچوو، بۆ راوکردنی ئەو گا کێوییانە. خالیدیش بەخۆو بەسواران بۆیانی چەقی بوو، هەستیان لێوە نەدەهات. کەنزیکی بوونەوە، خالید هێرشی بۆ بردن، ئوکەیدیر گیراو (حەسان)ی برای کوژرا. خالید ئوکەیدیر بردەوە دەورەی شارو هەڕەشەی لێ کرد، ئەگەر دەرگەی شاری بۆ نەکاتەوە دەیکوژێ. ئەوانیش لەترسان دەرگەی شاریان بۆ کردەوە. خالید چووە ناو شار، دوو هەزار حوشترو هەشت سەد سەر مەڕو سەد بار گەنمو چوارسەد زرێی هێناو گەڕایەوە لەرێگا گەیشتەوە لەشکر.

پێغەمبەر (ﷺ) مەسلەتی لەگەڵ ئوکەیدیر کرد کەجزیە بدات. بەو شێوەیە ئەو کردەوە سوپاییەو سیاسیە وای لەدانیشتوانی سەر سنوور کرد، پێشبڕکێ بکەن لەمەسلەت کردنو هاتنە پێش لەئیسلام. ئەوجا لەشکری موسوڵمانان بەدڵێکی پڕ لەخۆشیو سەربەرزیەوە بەرەو مەدینە کەوتنە ڕێ، هەرچەندە زۆریان ماندووەتیو تێنویەتی چێشت، بەڵام خۆشیی لەدوا بوو.

شەڕی تەبووك هەر بەشەڕی خەندەق دەچوو، موسوڵمانان لەیەکەم جاری زۆر بەئازارو زۆر بەترس بوون لەکۆتاییشدا خۆشیو دڵنیایی پەیداکرد.

کە لەشکر لەمەدینەنزیك بۆوەو دیمەنی شار بەدەرکەوت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەوە

مەدینەیەو ئەوەکێوی ئوحودە، کێوێکە خۆشمان دەوێو خۆشی دەوێین[1].

دانیشتوانی مەدینەش کەهەستی هاتنەوەی لەشکریان کرد، ژنو منداڵو پیاو هەمووی بەپیریـەوە هاتن. زۆریان بەگۆرانی دەیانگوت.

(طلع البدر علينا من ثنيات الوداع

وجب الشكر علينا مادعا لله داع

أيها المبعوث فينا جئت بالامر المطاع

جئت شرفت المدينة مرحباً يا خير داع).

ئەو لەشکرە ئەوەندە بەگەرمو گوڕی پێشوازی لێ کرا، هیچ جارێك بەو وێنەیە نـەبووە. پێغەمبـەر (ﷺ) زۆر بەخۆشیەوە قسەی لەگەڵ یاران دەکرد، یەك لەقسەکانی ئەوەبوو، (ئەنەسی کـوڕی مالیـك) دەیگێڕێتەوەو دەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئێستا هەندێ کەس لەمەدینەن، هەر دۆڵو شـیوێكو ڕێگایەکتان بڕی بێ، ئەوان لەگەڵتان بوون. گوتیان ئەی پێغەمبەری خوا ئـەوان لەمەدینـە بـوونو خـۆ لەگەڵمان نەهاتبوون. فەرمووی ئەوان لەمەدینەش بوو بن بێ توانایی ئەوانی هێشتەوە[2]. بەو قسەیەی پێغەمبـەر (ﷺ) ئەوکەسـانە دڵیـان خۆشـبوو کەلەبـەر بـێ توانـایی لـەو شـەڕە دواکـەوتن، بـەڵام دووڕووەکانو خاوەن تواناکان دەردیان گران بوو.

﴿ دواکەوتووەکانی خاوەن توانا لەشەڕی تەبووك ﴾

پێغەمبـەر (ﷺ) کەگەیـشتەوە مەدینـە چـووە مزگـەوت دوو ڕکـات نوێـژی کـردو دانیـشت. دواکەوتووەکان هاتنە لای ژمارەیان هەشتا کەسێك دەبوو دەستیان کرد بەدرۆو سوێند خواردنی بـەدرۆ، کەگوایە بێچارە بوون بۆیە نەیانتوانی لەگەڵ پێغەمبەر بچنو داوای لێبووردنیـان لـێ کـرد، ئەگەرچـی ئەوانە گشتیان لـەدوو ڕووەکـان بـوون، بـەڵام پێغەمبـەر (ﷺ) وازی لـێ هێنـان، بڕیـاری سزادانو

(١) البخاري ٨/١٢٥، السنن ٦/٣٧٢ والبيهقي الدلائل ٥/٢٦٦.

(٢) البخاري ٦/٤٦ والبيهقي الدلائل ٥/٢٦٧.

لێبووردنی بۆ خوابەجێهێشت. بەڵام (کەعبی کوڕی مالیك)و (نورارەی کوڕی رەبیع)و (هیلالی کوڕی ئومەییە) ئەو سێ کەسە. چوونە لای پێغەمبەرو لێی پرسین، فەرمووی چ ئێوەی دواخست؟ کەعب دەڵێ گوتم هیچم بەدەستەوە نیم بیلێم، ئەگەر چ درۆش لەلای تۆ بکەم، خوا سزام ئەدات. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەمە راستە، بڕۆن تاکو خوا فەرمانتان لەسەر ئەدا. کەعب دەڵێ لەلای پێغەمبەر دەرچووم، خزمەکانم سەرزەنیشتیان کردمو گوتیان تۆش وەك ئەوانی تربیانگەیەکت بهێنابایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) . لێی دەبووردی. وایان لێ کردم بگەڕێمەوە لای پێغەمبەر درۆ بکەم بەڵام ئەو دوانەی تر کە لەگەڵ من بوون پیاوی زۆر باش بوون، لەشەڕی بەدر بەشداریان کردبوو، گوتم چۆن لەوان دابڕێم. دوایی پێغەمبەر (ﷺ) سزای دان، بەڵام نەك وەکو کار بەدەستانی ئێستا بەندیان بکات، بەڵکو موسوڵمانانی لێ بەند کردنو فەرمانیدا کەهەتا پەنجا ڕۆژ کەس قسە لەگەڵ ئەو سێ کەسە نەکات.

کەعب دەڵێ ئەو ماوەیە دونیام لێ وێك هات، ئاگام لەخۆم نەما. دوو هاوڕییەکەی ترم لەماڵ دانیشتنو پیشەیان هەر گریان بوو، منیش دەچوومە ناو خەڵكو بازار، کەس قسەی لەگەڵ نەدەکردم. کەدەچوومە مزگەوتو سەلامم لەپێغەمبەر دەکرد، لەدڵی خۆمدا دەمگوت ئایا لێوی بزاوت. کەنوێژیشم دەکرد، ڕووم تێدەکردو ئەویش ڕووی خۆی وەردەگێڕا.

ڕۆژێك لەبازاڕ دەگەڕام، چاوم بەپیاوێك کەوت دەیگوت کێ کەعبی کوڕی مالیکم پیشان ئەدا خەڵکەکەمنیان بۆ دەست نیشان کردو ئەویش بەلامەوە هاتو نامەیەکی پێدام. کەخوێندمەوەو دیتم لەشای غەساسینەوە نوسراوەو دەڵێ بیستوومە کەخاوەنەکەت دووری خستیەوەو تووشی ناخۆشی هاتووی. وەرە بۆ لای ئێمە یارمەتیت ئەدەین. کەعب دەڵێ لەدڵی خۆمدا گوتم وەڵڵا ئەوەش بەڵایەکی تر، هەر خێرا نامەکەم سوتاند. بەهەر حاڵ ماوەی چل ڕۆژ بەسەر ئەو حاڵەدا تێپەڕی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی بۆ هەناردم، ژنەکەم لێ جیا ببێتەوە، گوتم ئایا دەڵێی تەلاقی بدەم؟ گوتی نا. منیش بەژنەکەم گوت بچۆوە ماڵی باوکت، تا خوا چارەیەکمان دەکات. پەنجا ڕۆژەکە تەواو بوو، شەو لەسەریان نوێژم دەکرد. کاتێك شەبەقی بەیان گوێم لەدەنگێك بوو گوتی ئەی کەعب مژدەت لێ بێ. من زانیم خوا دەرگەی کردەوە لەپاش نوێژی بەیانی پێغەمبەر (ﷺ) بەخەڵکەکەی ڕاگەیاندبوو کەخوا تۆبەی قەبووڵ کردینو لێمان خۆش بوو، دیتم یەکێك بەسواری هات مزگێنی دامێ. منیش لەخۆشیان خێرا کراسەکەی خۆم داماڵیو پێم دا. کراسێکی ترم کردە بەرو چوومە مزگەوت.

لەپێشا خەڵك موژدەیان دامێ. کەتەماشام کرد پێغەمبەر (ﷺ) لەناو هەموویان دانیشتووەو خەڵکەکەدەورەی لێداوە. لەناو هەموویان (تەڵحەی کوڕی عەبدوڵلا) غاری داو بەپیرمەوە هات‌و بەدڵخۆشیەوە دەستی خستە ناو دەستم، منیش بەوە زۆر دڵخۆش بووم.

کەسەلامم لەپێغەمبەر کرد، دیتم لەخۆشیان دەم‌و چاوی دەدرەوشێتەوە. فەرمووی موژدەت لێ بێ لەو ڕۆژەی لەدایك بووی تاکو ئێستا خۆشترین ڕۆژت بەسەرداتێپەڕی. منیش گوتم ئایا ئەو فەرمانە لەتۆوەیە یان لەخواوەیە؟ فەرمووی لەخواوەیە.

کەدانیشتم لەخۆشیان گوتم ئەی پێغەمبەری خوا، هەموو ماڵەکەم لەڕێی خوا بکەمە خێر؟ فەرمووی باشتر وایە بۆ تۆ هەندێ لەماڵەکەت بهێڵەوە. گوتم ئەی پێغەمبەری خوا کەخوا ڕزگاری کردم بەهۆی ڕاستگۆییم بوو لەمەودواش تاکو ماوم لەڕاستی بەولاوە ناڵێم‌و داواش لەخوا دەکەم یارمەتیم بدات کەهەر لەسەر ڕاستی بڕۆم، چونکە لەوەتی موسوڵمان بوویم هیچ خۆشیەکم لەوەخۆشترم نەدیوە، خوا تۆبەی قەبووڵ کردم‌و وامان لێهات کەشایستەی ئەوە بین خوا ئایەتمان دەربارە بنێری[1].

ئەمەیە پاداشتی ڕاستگۆیی، ئەگەر ئادەمیزاد هەڵەشی کرد ئەگەر بەدرۆو دەلەسان دای نەپۆشی، خوا لێی خۆش دەبێ. هەروەکو لەو سیانە خۆش بوو کەلەقورئان باسی دەکات‌و دەفەرموێ: ﴿لَقَد تَّابَ اللهُ عَلَى النَّبِيِّ وَالْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ فِي سَاعَةِ الْعُسْرَةِ مِن بَعْدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٍ مِّنْهُمْ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ إِنَّهُ بِهِمْ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ ‌* وَعَلَى الثَّلاَثَةِ الَّذِينَ خُلِّفُواْ حَتَّى إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ الأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنفُسُهُمْ وَظَنُّواْ أَن لاَّ مَلْجَأَ مِنَ اللّهِ إِلاَّ إِلَيْهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبُواْ إِنَّ اللّهَ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ﴾[2].

واتە: خوا لەپێغەمبەری بورد چونکە ماوەی دایە هەندێ لەدوو ڕووەکان بگەڕێنەوە، لەکۆچ کردوان‌و یاریدەدەران بوورد، بەبۆنەی خۆگران کردنی هەندێکیان‌و هەندێکیشیان دوا کەوتن، دوایی تۆبەیان کردو پەشێوان بوونەوە، چونکە تۆبەکەیان بەڕاستی‌و بەسۆز بوو، خواش بۆیە تۆبەی قەبووڵ کردن تاکو دڵیان ئارام بگرێ، هیچ موسوڵمانێك نیە کەپێویستی بەتۆبە نەبێت، بەبۆنەی ئەوە

---

(١) سەحیحی بوخاری د-ش الریاضي لاپەڕە ٩٠٩-٩١١ ژمارە ٤٤١٨.

(٢) التوبة: ١١٧و ١١٨.

کەهەندێجار تووشی هەڵە دەبێت، بەتایبەتی کەخوا دەفەرموێ ئەوانەی کە لەگەڵ پێغەمبەر بوون لەوکاتە ناخۆش‌و گەرمایە.

لەکاتێکی هەژاری‌و دەست کورتی کەوتنە شوێن پێغەمبەر لەڕێگا تووشی تەنگاوە هاتن، هەندەی نەمابوو زۆریان دڵیان تووشی هەڵە ببێت‌و تووشی قسەی نارێك بن، خوا تۆبەی قەبووڵ کردن، چونکە خوا بەندەی خۆش دەوێت‌و بەزەیی پێیان دێت، ئەو سێیانەی کەدواکەوتن، وایان لێهات زەویان لێ وێك هاتبوو، نەیاندەزانی لەداخا ڕوو لەکوێ بکەن، دڵیشیان وا تەنگ ببوو، هیچ خۆشیەك‌و ناخۆشیەکی لەناو جێ نەدەبۆوە، تێگەیشتن هیچ چارەیەك‌و پەناگەیەك نیە تەنیا هەر خوایەسەری ببەنە بەرو بگەڕێنەوەو تۆبە بکەن. خوا لێیان خۆش بوو تا هەردەم بەردەوام بن لەسەر گەڕانەوە بۆ لای خواو جارێکی تر خۆیان تووشی هەڵە نەکەن، هەر خوا لێبوردەیەو داوای بەندەی خۆی وەردەگرێ، هەرچەندە هەڵەو گوناهەکەی گەورەش بێت.

﴿ مزگەوتی زیان بەخش (مسجد الضرار) ﴾

پێغەمبەر (ﷺ) لەسەرەتا زۆر بەنەرمی‌و هێمنی لەگەڵ دوو ڕووەکان جووڵایەوەو قسەی لەگەڵ دەکردن‌و لێی دەبووردن، تەنانەت ئەگەر هەندێکیان کاری واشیان بکردبایە پێویستی بەکوشتن بکردبایە لێیان دەبورد، نەوەك بڵێن موحەممەد یارانی خۆی دەکوژێ، چونکە ئەوانە سەر زارەکی موسوڵمان ببوون‌و بەو هومێدەش بەڵکو ڕێگەی ڕاستی بگرن. بەڵام ئەو نەرمی‌و لێبوردنەو دەبوو ئەو دوو ڕووانە بەهۆش بێنێتەوە، بەڵام ئەوەیان بەهەل زانی کەبەرامبەر موسوڵمانان‌و پێغەمبەر زوبان درێژی‌و کردەوەی خراپ بکەن. لەبەرئەوە پێغەمبەر (ﷺ) لێیان بەخۆ کەوت‌و چیتر بەنەرمی لەگەڵیان نەجووڵایەوە، کاتی خۆی کەبۆ جاری یەکەم پێغەمبەر (ﷺ) چووە مەدینە ئەو دوو ڕووانە هاتنەناو ریزی موسوڵمانان.
سەرۆکەکەیان (ئەبو عامیری ڕاهیب) بوو، ببووە مەسیحی‌و لەلای خەزرەجیەکان زۆر بەرێز بوو.

پێغەمبەر (ﷺ) زۆر هەوڵی لەگەڵدا موسوڵمان ببێ، بەڵام ئەبو عامیر قەبووڵی نەکرد. کاتێك موسڵمانان لەشەڕی بەدر سەرکەوتن، ئەبو عامیر کەوتە دژی پێغەمبەرو پێی گوت هەر هۆزێك ببینم شەڕت لەگەڵ دەکات مینش دەبمە لایان شەڕت لەگەڵ دەکەم.

پێغەمبەریش (ﷺ) دوعای لێکرد، کەبەغەریبیو ئاوارەیی لەدووری وڵات بمرێ. دوای شەڕی بەدر ئەبو عامیر لەمەدینە هەڵات چووە مەککەو کەوتە دوژمنایەتی پێغەمبەرو قورەیشیەکانی هان ئەدا لەدژی موسوڵمانانو پێغەمبەر.

قورەیشیەکان لەشەڕی ئوحود ئەو بێ باوەڕەیان لەگەڵ هات، کەشەڕی خەندەق تەواو بوو، هێزی موسوڵمانان هەر ڕوو لەزیادەبوو، ئەبو عامیر چوو بۆ لای ڕۆمەکانو داوای لەهەرقل کرد یارمەتی بدات بۆ شەڕ کردن لەگەڵ موسوڵمانان، ئەویش ناهومێدی نەکردو بەڵێنی پێدا.

ئەبو عامیر پشتی بەو بەڵێنە بەستو وەڵامی بۆ کۆمەڵی دوو ڕووەکانی مەدینە هەناردو گوتی بەو زووانە بەلەشکرەوە دێمەوە، پێی گوتن بنکەیەکی بۆ دروست بکەن، کەببێتە بارەگاو لێی دابنیشێ. ئەوانیش مزگەوتێکیان لەنزیك مزگەوتی قوبا دروست کردو ڕێکیان خست، پێش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ شەڕی تەبوك بچێت داوایان لێ کرد بچێ نوێژی لێ بکات، تاکو بەو نوێژە ببێتە مزگەوتێکی تەواو شوێنێکی پیرۆز، گوتیشیان ئێمە ئەو مزگەوتەمان هەر لەبەر خاتری بێ تواناو پەك کەوتەو دەردەداران کردووە، لەشەوانی ساردو قوڕو باران ئەوانە ناگەنە مزگەوتی تر.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئێستا لەسەر ڕۆیشتنم، کەهاتمەوە ئەگەر خوا حەز بکات نوێژی لێ دەکەین.

کە لەشەڕی تەبوك کەگەڕایەوە، خوا بەنیازو مەبەستی ئەو دوو ڕووانەی ئاگادار کرد، کەمەبەستیان لەو مزگەوتە ئەوەیە کۆبوونەوەی لێ بکەنو خراپە بلاویکەنەوەو بەرامبەر موسوڵمانان، پیلانی تێدا بگێڕن فەرمووی: ﴿وَالَّذِينَ اتَّخَذُواْ مَسْجِدًا ضِرَارًا وَكُفْرًا وَتَفْرِيقًا بَيْنَ الْمُؤْمِنِينَ وَإِرْصَادًا لِّمَنْ حَارَبَ اللّهَ وَرَسُولَهُ مِن قَبْلُ وَلَيَحْلِفَنَّ إِنْ أَرَدْنَا إِلاَّ الْحُسْنَى وَاللّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ *لاَ تَقُمْ فِيهِ أَبَدًا لَّمَسْجِدٌ أُسِّسَ عَلَى التَّقْوَى مِنْ أَوَّلِ يَوْمٍ أَحَقُّ أَن تَقُومَ فِيهِ فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُواْ وَاللّهُ يُحِبُّ الْمُطَّهِّرِينَ *أَفَمَنْ أَسَّسَ بُنْيَانَهُ عَلَى تَقْوَى مِنَ اللّهِ وَرِضْوَانٍ خَيْرٌ أَم مَّنْ أَسَّسَ بُنْيَانَهُ عَلَىَ شَفَا جُرُفٍ هَارٍ فَانْهَارَ بِهِ فِي نَارِ جَهَنَّمَ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ *لاَ يَزَالُ بُنْيَانُهُمُ الَّذِي بَنَوْاْ رِيبَةً فِي قُلُوبِهِمْ إِلاَّ أَن تَقَطَّعَ قُلُوبُهُمْ وَاللّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾[1].

---

(١) التوبة:١٠٧- ١١٠.

واتە: ئەوانەی ئەو مزگەوتەیان کردووتە شوێنی خراپەو زیانو بێ باوەڕیو دژ بەموسوڵمانان، دەیانەوێ دوو بەرەکی بخەنە ناو موسوڵمانانو لەمزگەوتی قوبایان بگێڕنەوە، چاوەڕێی ئەو کەسە دەکەن بێتەوە، کە لەپێشا بەربەرەکانی خواو پێغەمبەری دەکرد، واتە (ئەبو عامیری فاسق) ئەوانە سوێندت بۆ دەخۆن دەڵێن لەچاکە بەولاوە بۆ چیتر ئەو مزگەوتەمان دروست نەکردوە، خواش ئاگادارەو دەری دەخات، ئەوانە درۆزننو درۆ نەکەن. نوێژ لەو مزگەوتە مەکەو قەت لێی دامەنیشە، مزگەوتێك کەلەیەکەم ڕۆژەوە لەبۆ خواپەرستیو بەجێهێنانی فەرمانی خوا دروست کرابێ، (واتە مزگەوتی قوبا) شایستەترە نوێژی لێ بکەیو لێی دانیشی کەهەردەم پیاوی خاوەن بیروباوەڕ بۆی دێنو دەیانەوێ لەگوناه پاك ببنەوە. ئایا مزگەوتێك کەبناغەو دیواری لەسەر خواپەرستیو ڕەزامەندی خوا دروست کرابێ چاکترە یان مزگەوتێك بناغەکەی لەسەر شوێنێکی هەڵدێر دروست کرابێو بۆ ناو دۆزەخو بروخێ، خوا ستەمکاران سەر ناخاو ناگەنە ڕێگەی ڕاست. ئەو خانووە کەدروستیان کردووە، لەپاش ڕووخانی هەردەم جێی گومانو دوو بەرەکیو داخە لەناو دڵیان، هەتاکو بەو داخەوە دڵیان دەپچڕێو دەمرن، خوا زاناو ئاگادارە بەکردەوەی دوو ڕووانو بەچاکی کار ڕێك دەخاتو سزایان ئەدات.

پێغەمبەر (ﷺ) بەخێرایی فەرمانی دا دوو کەس چوون مزگەوتەکەیان ئاگر تێبەرداو ڕووخاندیانو شوێنەکەشیان کردە زبڵدان[1]. بەو شێوەیە دوو ڕووەکانی مەدینە شوێنی کۆبوونەوەیان لێ تێکچوو، پەنایان نەماو پەرتان پەرتانیان پێ کەوتو ترسێکی وایان لێ نیشت کەس نەبوو پەنای بۆ بەرن تەنیا (عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول) نەبێت، ئەویش زۆری نەخایاند نەخۆش کەوتو ماوەی بیست ڕۆژ لەسەر جێگا کەوت.

ئا لەوکاتە کەمردن چەنگی لێ گیرکردو بۆی دەرکەوت کەلەژیاندا کارێکی وای نەکرد لەکردەوەی خراپو گوناهان بیگێڕێتەوە. بەهەموو توانای دوژمنایەتی پێغەمبەری کرد. کەمردن بێنە قاقای گرت، هاواری لێ پەیدا بوو، هانای بردە بەر پێغەمبەرو عەبدوڵڵای کوڕی ناردە لای پێغەمبەر، داوای لێ کرد کراسەکەی خۆی بداتێو داوای لێکرد کەمرد پێغەمبەر نوێژی لەسەر بکاو لەناشتنی ئامادە

---

(١) جا ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) مزگەوتێکی وا تێك بدات، ئەدی شوێنی بەدڕەوشتی وەك قومار خانەو تیاترۆ خانەو مەیخانەکانو سینەماکان دەبێ چیان لێ بکرێ! یەکێکی وەك ئیمامی عومەر گوندێکی بەتەواوی تێکدا چونکە شەرابی لێ دەفرۆشا دوکانێکیشی هەر لەبەر ئەوەی مەیخانە بوو سوتاند.

بێت پێغەمبەر (ﷺ). ڕۆژێ پێش مردنی چووە لایو پێی گوت چیت قازانج کرد لەخۆشەویستی جوولەکان. ئەویش گوتی ئەی پێغەمبەری خوا ئێستا کاتی گلەیی نیە.

پاش مردنی پێغەمبەر ویستی نوێژی لەسەر بکات ئیمامی عومەر یەخەی گرت گوتی چۆن نوێژ لەسەر ئەو کافرە دەکەی!! ئەویش فەرمووی خودا سەرپشکی کردوومە، نوێژی لەسەر کرد، دوایی خودا فەرمانی بەپێغەمبەردا نوێژ لەسەر ئەو دوو ڕوو و کافرانە نەکات، وەك لەقورئان دەفەرموێ: ﴿وَلاَ تُصَلِّ عَلَى أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا وَلاَ تَقُمْ عَلَىَ قَبْرِهِ إِنَّهُمْ كَفَرُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ وَمَاتُواْ وَهُمْ فَاسِقُونَ﴾[1].

واتە: قەت نوێژ لەسەر هیچ دوو ڕوویێك مەکەو مەچووە سەر گۆڕیو لەناشتنیشی ئامادە مەبە، چونکە ئەوانە بێ باوەڕنو لەئاینی ئیسلام دەرچون. بۆیە نابێ نوێژ لەسەر هیچ کەسێکی بێ باوەڕی کافر بکرێو نابێ لەناشتنیشی ئامادەبن[2] ئەوانە، ڕاستیان شاردەوەو باوەڕیان بەخوا نەبوو، هەر بەدوو ڕووەتیو بێ باوەڕی دەمرن.

﴿نوێنەرانی عەرەب﴾

لەپاش شەڕی تەبووك، عەرەبەکان بۆیان دەرکەوتو تێگەیشتن کەهیچ هێزێکی تر نیە لەسەر ئەو زەویە بتوانی بەرەنگاری موسوڵمانان ببێت، لەپێشا عەرەبەکان چاوەنواڕی قوڕەیشیەکان بوونو هەستیان رادەگرت بزانن بەرامبەر موسوڵمانان چیان لەدەست دێت، چونکە قوڕەیشیەکان سەرداری هەموو عەرەب بوونو لەنەوەی ئیسماعیل پێغەمبەر بوون، بەهەموو توانایان بەربەرەکانی پێغەمبەریان کرد.

عەرەبەکان دەیانگوت، ئەگە رموحەممەد بەسەر قوڕەیشدا زاڵ بوو دیارە پێغەمبەرە، کەدیتیشیان

---

(١) التوبە ٨٤.

(٢) بەڵام زۆر بەداخەوە ئیمڕۆکە مەلایەکان چاودێری ئەو فەرمانەی خوا ناکەن، زۆریان دەشزانن ئەو کابرایە لەژیانیدا ئیسلام نەبوو. بەربەرەکانی ئیسلامی دەکرد. کەچی تەرمەکەی دەبەنە مزگەوت، نوێژی لەسەر دەکەنو دەچنە سەر قەبرەکەشیو تەلقینیشی نەدەن.

دەوڵەتێکی وەك ڕۆم لەو کاتە کەنیوەی زەوی لەژێر فەرمانو دەسەلاتی بوو، لەخۆی ڕانەدیت بەرامبەر لەشکری ئیسلام ڕابوەستێ، دیتشیان ئەو سەرۆك هۆزەی کەموسولمان دەبێت هەر بەسەرۆکی لەشوێنەکەی خۆی دەمێنێتەوە، بەبێ هیچ گۆڕانکاریەك لەناو هۆزەکەی، تەنیا بیروباوەڕ گۆڕانەو دوورخستنەوەیە لەبت پەرستیو نزیك بوونەوەیە لەخوا، لەبەرئەوە هۆزە عەرەبە جیاجیاکان هەمووی بەجارێك ڕوویان کردە مەدینە، نوێنەر لەدوای نوێنەر دەهاتنە لای پێغەمبەر موسولمان دەبوون.

لەهەموو سەرەك هۆزەکان گرنگتر نوێنەری سەقیف بوو، کاتی خۆی پێغەمبەر (ﷺ) ئابلوقەی تایفی داو دوایی لێی کشایەوە، (عوورِوەی کوڕی مەسعود)ی سەرۆکیان لەیەمەن بوو، ئەو عوورِوەیەی کە لەمەسلەتی حودەیبیە نوێنەری قورەیش بوو، پێغەمبەری باش دەناسی عوورِوە لەیەمەن گەڕایەوە، تەماشای هەلوێستی کردو خۆی گیر نەکردو چووە لای پێغەمبەرو موسولمان بوو، لەپاش چەند گفتوگۆ، پێغەمبەر (ﷺ) تێگەیشت کەعوورِوە بچێتەوە داوا لەهۆزەکەی دەکات بۆ ئەوەی موسولمان بن، دەشیزانی هۆزەکەشی لەسەر بت پەرستی دەمارگیرن، بۆیەش پێی گوت ئاگاداربە هۆزەکەت دەتکوژن. عوورِوەش گوتی ئەی پێغەمبەری خوا هۆزەکەم منیان لەچاوی خۆیان خۆشتر دەوێ، هەرچی پێیان بلێم لەقسەم دەرناچن.

عوورِوە ڕۆیشتەوە بۆ ناو هۆزەکەیو هەمووی بانگ کردن بۆ ئاینی ئیسلام، لەپاش قسەو چەندو چوونێکی زۆر، بەقسەیان نەکردو موسولمان نەبوون. سەرلەبەیانی عوورِوە چووە شوێنێکی بلندو بانگی بەیانیدا، خەلکەکە هاتن دەورەیان دا، دووبارە لەگەلی کەوتنەوە دەمەقالێ، دوایی دایانە بەر تیرو خستیان. مالو مندالەکەی هاتنە سەرێو ئەویش پێی گوتن، خوا ڕێزی لێنامو شەهادەتم بەرکەوتو هەروەك ئەوانەی کەلێرە لەگەل پێغەمبەر بوون، شەڕیان کردو شەهید کران، داواشی لەمال و مندالەکەی کرد، لەلای ئەوان بینێژن، قسەکەی پێغەمبەر گەیشتە جێ عوورِوەیان کوشت، بەلام سەقیفەکان هەر ئەو دەم هەستیان بەخۆیان کرد کەکارێکی خراپیان کردو زانیان خوێنی عوورِوە بەخۆڕایی لەسەریان ناڕوات، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) ڕەوشتی وابو لەخوێنی موسولمانان خۆش نەدەبوو، دەورپشتی سەقیفیش هەمووی موسولمان ببوون، هەرکەسێك یا هەر کاروانێك دەچوو موسولمانەکان دەستیان لێ دەوەشاندو یادایان دەبرِین، چاریان نەما بیریان کردەوە ئەگەر لەگەل پێغەمبەر ڕێك نەکەون، ئەنجامیان فەوتانە، چونکە توانایان نیە بەرامبەر پێغەمبەر ڕابوەستنو کزج

کردنیش نەماوە، هەروەها هیچ شوێنێکیش نەماوە سەری پێدا بگرنو لێی بحەوێنەوە. بۆیە (عـەمری کوڕی ئومەییە) چووە لای (عەبدیا لیێلێ کوڕی عەمر)ی سەرۆکیانو پێی گـوت شـتێکی وا ڕوویـداوەو توانامان نیە لێی هەڵبێینو دەشبینی فەرمانی ئەو کابرایە (واتە پێغەمبەر) چی بەسەرهاتووە، هـەموو عەرەب موسوڵمان بووەو توانای شەڕیشمان نیە، جا بزانن چ بڕیارێك لەو کارە ئەدەن.

ئەوانیش وا ڕێك کەوتن عەمر لەگەڵ عەبدیالیێل بنێرنە لای پێغەمبەر، عەبد یا لیێل هـەمان ئـەو کەسەیە کەکاتی خۆی بەپێغەمبەری گوت چۆن خواتووی نـاردوە؟ مـن بـەرگ بـۆ کەعبـە دەکـەم!، وا ئێستاش هەر ئەو عەبدەیەو بڕیار ئەدا بچێتە لای پێغەمبەر. بەڵام هەر بەتـەنیا نەچـوو، تـاکو پێـنج کەسیان لەسەردارانی سەقیف لەگەڵ نارد.

گەیشتنە مەدینە (موغیرى کوڕی شوعبە)یان پێ گەیشت. موغیرە بەخێرایی ڕۆیشت تاکو موژدە بداتە پێغەمبەر، بەڵام ئەبوبەکر سدیق وتـی مـن ئـەو موژدەیـە ئەدەمـە پێغەمبـەر، چـونکەدەیزانی پێغەمبەر (ﷺ) بەهاتنی نوێنەرانی سەقیف زۆر دڵخۆش ئەبێت. کاتی خۆشی کەبەپێغەمبەریان گوت دوعایان لێ بکە، ئەویش بەپێچەوانە لەباتی داوای فەوتان نەمانیان بۆ بکات، دوعای بۆ کردن کـەخوا ڕێگەی ئیسلامیان پیشان بدات.

کەموژدە درایە پێغەمبەرو نوێنەرانی سەقیف چـوونە لای، هێـشتا هـەر لەسـەر بیروبـاوەڕی بـت پەرستی بوونو بەشێوەیەك دەجوولانەوە هەروەك نوێنەرانێك بن بۆ گفتو گۆوە چوینە لای پێغەمبـەر. بۆیە سەلامیان لەپێغەمبەر نەکرد، بەڵکو ڕەوشتی نەتەوایەتی وەك نەتەوەییەکانی ئیمڕۆ بـەیانی بـاش (صباح الخير)یان لێ کرد. پێغەمبـەریش (ﷺ) فـەرمووی خـوا لـەوە باشـتری فێـر کـردین ڕەوشـتی بەهەشتیانە ئەویش سەلام کردنە، لەگەڵ ئەوەش پێشوازیەکی باشی کـردنو لەمزگـەوت لەتـەك خـۆی داینان. لەپاش چەند گفتوگۆیەك، چەند خیوەتێکیان بۆ هەڵدان لەوێ دامەزران.

پێغەمبەر (ﷺ) هەموو شەوێك لەدوای نوێژ خەوتنان دەچووە لایانو قسەی لەگەڵ دەکردن، تـاکو وایان لێهات دڵیان نەرم بوو موسوڵمان بوون. بەڵام بەپێغەمبەریان گوت بەمەرجێك موسـوڵمان دەبین، بتەکەمان (لات) تاکوو سێ ساڵ بمێنێو نوێـژیش ناکـەینو سـوودیش (ربـا) وەردەگـرینو شـەڕابیش بەرهەمێکی گرنگە لەلامانو دەیخۆینەوە!

پێغەمبەریش (ﷺ) زۆر بەتوندی لەدەمی دانەوە، هەموو ئەو ئایەتانەی بۆ خوێندنـەوە کەنوێـژی

لەسەر پێویست کردوون‌و سوودو شەراب‌و داوێن پیسی لێ قەدەغە کردوون. ئیسلام هەریەك لایەنە، باوەڕو بێ باوەڕی لەگەڵ یەکدا لەناو مێشکی موسوڵمان کۆنابێتەوە. مرۆڤ یان موسوڵمانە، یان کافرە، تەنیا هەردوو دڵی‌و گومان لەنێوانیان هەیە هەر کەسێکی بەچاکی موسوڵمان بوو، دوو دڵی‌و گومانی لەناو دڵی نامێنێ.

دوایی گوتیان باشە ئێمە دەمانەوێ تەنیا بتەکەمان تاکو ساڵێك بمێنێ، پێغەمبەر ڕێگای نەدان، داوایان کرد سێ مانگ بمێنێ، پێغەمبەر (ﷺ) هەر ڕێگای نەدان.!

ئەوەش چونکە فەرمانی ئیسلام فەرمانی خوایە، کەس ناتوانێ بەهیچ جۆرێك گۆڕانکاری تێدا بکا، با ئەو کەسە پێغەمبەریش بێت، نەك وەکو فەرمانی پاشاو سەرۆکەکان‌و زانایانی مەسیحیەکان بەبۆنەو بەئارەزوو بەگوێرەی بەرژەوەندو کات یاسا دابنێن بیگۆڕن[1].

دوای هەموو شتێك سەقیفەکان داوایان لەپێغەمبەر کرد، لەنوێژکردن بیان بووڕێ، پێغەمبەر (ﷺ) وەڵامی دانەوە فەرمووی خێر لەهیچ هۆزێك چاوەنواڕ ناکرێ ئەگەر نوێژ نەکەن. چاریان نەما هاتنە سەر قسەی پێغەمبەر، بەڵام گوتیان دەبێ بمان بووری ئێمە بەدەستی خۆمان بتەکەمان ناشکێنین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی باشە لەوە لێتان دەبوورین‌و خۆمان دەیشکێنین سەقیفەکان لەوە ترسان کەهەرزەکارو خوێن گەرمەکانیان بیکەنە فرتەنە.

پێغەمبەر (ﷺ) کۆمەڵێکی بەسەرکردەی (خالیدی کوڕی وەلید) لەگەڵ ناردن (موغیرە)و ئەبو سوفیان (سەخری کوڕی حەرب)ی لەگەڵ ناردن بۆ شکاندنی بتەکە، چونکە موغیرەو ئەبو سوفیان خاوەن خاترو ڕێز بوون لەلای سەقیفەکان. (عوسمانی کوڕی ئەبیلعاس)یش کە لەگەڵ نوێنەرانی سەقیف بوو. لەوکاتی لەوێ بوو هەموو جار نیوەڕۆیان دەچووە لای پێغەمبەر گوێی لەقورئان‌و ئامۆژگارییەکانی دەبوو. جارێکیشیان ئەبو بەکری سدیق ئامۆژگاری کرد، دیتی لاوێکی زۆر زیرەك‌و دڵسۆزو بەتوانایە، کاتێك سەقیفەکان ڕۆیشتنەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێدا پێش نوێژیان بۆ بکات‌و ئیمامێکی باش بێت، نوێژی دوورو درێژیان بۆ نەکات، ئاگای لەپیاوی نەخۆش‌و پیرو بێ توانا‌و خاوەن کار هەبێت.

---

(١) زۆر کەسان دەبینین دەڵێن باوەڕ بەدڵە بەنوێژو ڕۆژوو نیەو یاخود هەندێکیان لەئارەزووی ناپاك ناگەڕێنەوەو دەڵێن گوناهی لەسەر نیە، ڕەمەزانانیش بەڕۆژو دەبن، یاخود دەکەونە دوای ئەو ڕێکخراوانەی کەدژی ئیسلامن‌و یارمەتیان دەدەن، دەشڵێن ئێمە باوەڕمان بەخوا هەیەو موسوڵمانین! پیاوی نوێژکەری بێ ئاگاشیان بەدوا دەکەوێ.

نوێنەرانی سەقیف لەگەڵ نوێنەرانی پێغەمبەر (ﷺ) گەیشتنە تایف، ئەو ڕۆژەی کەدەستیان کرد بەشکاندنی بتی گەورە (لات) ڕۆژێکی گرنگ بوو لەمێژووی لەناوبردنی بت پەرستیو لەبیر ناکرێ. هۆزی سەقیف زۆریان بەژنو پیاویانەوە هاتنە دیار بتەکەیان، ئەو بتەی کەبەهەزاران قوربانیان بۆ کردبوو لەبەری پاڕابوونەوە ئاواتیان جێبەجێ بکاتو بەچاوی پڕ ڕێزو ترسەوە دەستەو نەزەر بەرامبەری ڕادەوەستان، وا ئێستا بەچاوی خۆیان دەیبینن بەچەکوچو کولێنگ لەمێشکی دەدرێو پارچە پارچە دەکرێ.

ژنان هەمووی بەسەر کۆتیو بەچاوی پڕ لەفرمێسکە تەماشایان دەکرد، وایان زانی ئەو کەسەی دەستی بۆ درێژ دەکات، لەشوێنی خۆی ڕەق ببیتەوەو لەجوولە بکەوی، یان دەستی ڕەق بیو چاوی کوێر بێ نەتوانی ڕای بوەشێنی. بەڵام سەقیفەکان، نەیاندەزانی (لات) هەر پەیکەرێکەو خۆیان دروستیان کردوەو هیچی لەدەست نایێ. موغیرە هەر چەند کولینگی لەکەللەی سەریئەداو دەیپرژاند.

وا دەگێڕنەوە ئەبو سوفیان گاڵتەی بەپیرێژنە سەقیفیان دەکرد، لەگەڵ هەموو کولینگێك دەیانگوت ئاخ، ئەی هاوار لەبۆ تۆ.

بت پارچە پارچە کراو لەگەل زەوی جووت کرا. بەرووخاندنی (لات) بت پەرستی لەتایف لەڕەگو ریشە هەڵکێشرا. بەوەش بت پەرستانی هەموو نیمچە دوورگەی عەرەب پشتیان شکا، چونکە هۆزی سەقیف بەهێزترین هۆزی عەرەب بوون لەدوای قورەیش، ئیتر هۆزەکانی عەرەب کۆمەڵ بەکۆمەڵ نوێنەریان نارد بۆ لای پێغەمبەرو موسوڵمان دەبوون.

تەنیا هەندێك نەبێ ئەوانیش وردە وردە پەردەی تاریکایی لەسەر چاویان لاچوو ڕۆشنایی کەوتە ناو دڵ یان، کۆمەڵ کۆمەڵ هاتن موسوڵمان بوون، هەروەك خوا بەبۆنەی گرتنی مەککە فەرمووی: ﴿ إِذَا جَاءَ نَصْرُ اللَّهِ وَالْفَتْحُ * وَرَأَيْتَ النَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ اللَّهِ أَفْوَاجًا * فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَاسْتَغْفِرْهُ إِنَّهُ كَانَ تَوَّابًا﴾[1] واتە: کەخوا سەری خستیو مەککەت گرت، دیتت خەڵك بەکۆمەڵ دێن موسوڵمان دەبن، ئەمەش چاکەو خۆشیەکی گەورەیە، خوا هەناردوویەتی، شایستەی ئەوەیە هەردەم خوات لەبیر بێت، بەپاکی بزانیو هەردەم سوپاسی خوا بکەیتو لەبیری نەکەیو لێی بپاڕێوەو داوای لێبووردنی لێ بکە.

(١) النصر ١-٣.

زۆرجاران مرۆڤ شتی وای بەبیر دادێ، دەبێ ئاگای لەخۆ بێتو داوای لێبوردن بکات، بەتایبەت لەکاتی وەدەست هێنانی سەرکەوتنو پەیدا بوونی هێزو تواناو سامان، چونکە مرۆڤ لەدەست خۆی نیە شتی وای بەدڵ دادێ، شایانە داوای لێبوردن بکات، چونکە پێغەمبەرو موسوڵمانان لەو ماوە دوورو درێژە تووشی چەندین ناخۆشیو تەنگاوە بوون، چاوەڕوانی یارمەتیان لەخوا دەکرد گەلێ جار ماوەیەکی دەخایاند، لەبەرئەوە دەیانگوت کەی خوا دەرگەیەکمان لێ دەکاتەوە، گەلێ جاریش مرۆڤ کەم تەرخەمی دەکات لەسوپاسی خوا، بۆیە دەبێ لەوەش داوای لێبوردن لەخوا بکات. موسوڵمان بوونی سەقیفیەکان وای کرد هیچ هۆزێك لەڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواو سەروو خوارووی نیمچە دوورگەی عەرەب نەمێنێ نوێنەرانی خۆیان نەنێرنو موسوڵمان نەبن، تەنیا ئەوانە نەبێ کەپەیمانیان لەگەڵ پێغەمبەر هەبوو. ئەوانە لەسەر بت پەرستی مانەوە، لەگەڵ چەند هۆزی بچوك بچوكو نەناسراو، ئەو بیابانەش وەك دەریا وایە خەڵکی نەناسراوی تێدا بزر دەبێت.

ئیتر بەموسوڵمان بوونی سەقیف، شەڕ بڕایەوە. ئەوەی شایانی باسەو نابێ لەبیر بکرێ، ئەو هەموو شەڕانەی پێغەمبەر لەگەڵ بت پەرستو کافران کردی، کوشتاری موسوڵمانانو کافران لەو هەموو شەڕانەی نێوانیان لە(١٠١٨) کەس تێنەپەڕی![1] ئەو شەڕانەش هیچ دوژمنایەتی لەناو هۆزەکانی عەرەب نەهێشت، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) هەردەم هەوڵی ئەوەبوو کەخوێن نەڕژێ. ئیسلامەتی هێمنایيو ئاسایشەکی وای لەناو عەرەب پەیدا کرد ئافرەت بەتەنیا لەهەر لاوە دەهاتە کەعبەو تەوافی دەکردو دەگەڕایەوە، بەڵام پێش ئیسلام ئەو وڵاتە کانگەی دوژمنایەتيو شەڕو دووبەرەکيو هێرش بردن بوو، هیچ کاروانێك نەیدەتوانی بەبێ پاسەوانی بەهێز بەڕێگادا بڕوات.

شەڕەکانی پێغەمبەریش هەمووی لەو شەڕانە بوون لەباتی دوژمنایەتی لێبوردنو هێمناییان هێنایە دی لەشکری ئیسلام ئەوەندە بەخێرایی سەرکەوت، کە لەماوەی دە ساڵ دەسەڵاتی موسوڵمانان لە٢٧٤میل چوارگۆشەوە گەیشتە زیاتر لەملیۆنێك میل چوار گۆشە.

زیانی موسوڵمانان مانگی تەنیایەك کوشتاریان ئەدا، کوشتاری دوژمنانی ئیسلامیش لەهیچ

---

(١) السيرة النبوية الشيخ علي حسن ندوي (٢/٤٢٧-٤٢٩) لێکۆڵینەوەی (قازی محمد سلیمان منصور) لەکتێبی رحمة للعالمين بەرگی دووەم.

شەڕێك لە ١٥٠ کەس تێنەپەڕیوە. چونکە هەر لەشکرێکی پێغەمبەر بەڕێی دەکرد، پێی دەگوتن (ڕاسپاردەم ئەوەیە بۆ ئێوەو لەخوا بترسن، لەگەڵ یەکتر باش بن، بەناوی خواو لەرێگەی خوا شەر لەگەڵ کافران بکەن، ستەم مەکەن، دزی مەکەن، منداڵو ژن مەکوژن، پیروپەك کەوتەوە دەرکەناری کلێسەکان مەکوژن، نزیك دار خورما مەکەونو خانوو مەڕوخێنن)[1].

﴿ حەجی ئەبوبەکر ﴾

لەو ساڵەدا (واتە لەساڵی نۆیەمی کۆچی) حەج لەسەر موسوڵمانان فەرزکرا، هەندێك دەڵێن لەساڵی شەشەم فەرز کرا. پێش ئەوەی حەج فەرز بکرێت، عەرەبە بت پەرستەکانیش حەجیان دەکرد، بەڵام حەجی ئەوان بۆ ڕێزگرتنی بتەکانیان بووە، بەزۆریش بەڕووتی لەدەوری کەعبە دەسووڕانەوەو وایان بیر دەکردەوە کەبەو جلانەی بەریان خراپەیان کردوە، لایان باش بوو بەڕووتی لەکەعبەی پیرۆز بسوڕێنەوە، موسوڵمانانیش لەگەڵ ئەوان حەجیان دەکرد، نەیاندەتوانی کەس لەکەعبە بگێڕنەوەو لەمانگەکانی ڕێزداریش (الاشهر الحرم) نەدەبوایە شەڕ لەگەڵ کەس بکەنو لەگەڵ چەند تیرەیەکی تریش

(١) ئەگەر بەراوردێك بکەین لەنێوان شەڕەکانی کاتی پێغەمبەرو لەنێوان دوو شەڕەکەی جیهانی کەیەکەمیان لەساڵی ١٩١٤ی ز تا ساڵی ١٩١٨ز خایاند شەش ملیۆنو چوار سەد هەزار کەسی تێدا کوژرا. شەڕی دووەمی جیهانیش لەساڵی ١٩٣٩ی ز، تا ساڵی ١٩٤٥ی ز خایاند (٣٥) سیوپێنج ملیۆن تاکو شەست ملیۆن کەسی تێدا کوژرا، هەروەك لەدائیرەی مەعاریفی بەریتانی لەبەشی نۆزدەم (لاپەڕە ١٠١٣ چاپی ساڵی٩٧٤ی-ز) نوسراوە. هەروەها دادگاکانی کەنیسەی کاسولێکی لەچەرخی ناوەڕاست کەهەرکەسێك دژی کەنیسە بجوڵایەوە، ئەگەر بەقسەیەکیش بوایە، دادگا فەرمانی خنکاندی دەدا، تاکو ژمارەی کوژراوان گەیشتە دوازدە ملیۆن کەس، هەروەك لەکتێبی (الاعتذار لمحمد والقرآن) دانەری داڤید پورت باسی دەکات. هەموو کەسیش دەزانی کەئەو شەڕانە نە زۆرو نەکەم ئادەمیزاد سوودی لێ وەرنەگرت. هەروەها بەعسیەکانیش کەعەرەبنو بەڵام خۆیان بەموسوڵمان دادەنێن. لەماوەی ساڵانی ١٩٦٣- ١٩٩٠ نزیکەی نیو ملیۆن کوردیان لەژنو منداڵو پیرو پەك کەوتە کوشت، هەر لەو هێرشەی لەساڵی ١٩٨٨ز هێنایانە سەر کوردستان ناویان لێنا ئەنفال (٢٠٠) دوو سەد هەزار کەسیان کوشت، بەزۆریش لەگۆڕستانی بەکۆمەڵ زیندە بەچاڵیان کردن بەهەزارەها دێهاتو مزگەوتو تەکیەو خانەقایان تەخت کرد. کتێبو قورئانیان سووتاند. هەتاکو داری گۆڕستانیان هەڵکەندو کانیاوەکانیشیان تەقاندەوە، وەك دەڵێ (الکفرملة واحدة). ئەوجا ئەوانەی بێ باوەڕو دژی ئیسلامن با تێبگەن کەئیسلام بۆ ئازادیو سەربەخۆیی هاتوەو شەڕەکانی بۆ ڕزگار کردنی ئادەمیزاد بووە.

پەیمانیان هەبوو، نەیان دەتوانی هیچیان لەگەڵ بکەن، تاکو ماوەکەی تەواو دەبێ.

پێغەمبەریش (ﷺ) لەوکاتە، نەدەپرژا حەج بکات، چونکە نوێنەرانی هۆزەکان ڕوویان لەمەدینە کردبوو موسوڵمان دەبوون، پێغەمبەر هەردەم لەگەڵیان بوو گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن و کاروباری موسوڵمانانی ڕێك دەخست، لەبەرئەوە فەرمانی دایە ئەبوبەکر ببێتە میری حاجیان. ئەویش بەخۆی و سێسەد کەسەوە قوربانییان بەپێش خۆیان داوکەوتنەڕێ. لەدوای ڕۆیشتنی ئەوان خوا سوورەتی بەڕائەی هەنارد، کەدەفەرموێ: ﴿بَرَاءَةٌ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ إِلَى الَّذِينَ عَاهَدتُّم مِّنَ الْمُشْرِكِينَ * فَسِيحُواْ فِي الأَرْضِ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَاعْلَمُواْ أَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِي اللّهِ وَأَنَّ اللّهَ مُخْزِي الْكَافِرِينَ *وَأَذَانٌ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ إِلَى النَّاسِ يَوْمَ الْحَجِّ الأَكْبَرِ أَنَّ اللّهَ بَرِيءٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ وَرَسُولُهُ فَإِن تُبْتُمْ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَاعْلَمُواْ أَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِي اللّهِ وَبَشِّرِ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ *إِلاَّ الَّذِينَ عَاهَدتُّم مِّنَ الْمُشْرِكِينَ ثُمَّ لَمْ يَنقُصُوكُمْ شَيْئًا وَلَمْ يُظَاهِرُواْ عَلَيْكُمْ أَحَدًا فَأَتِمُّواْ إِلَيْهِمْ عَهْدَهُمْ إِلَى مُدَّتِهِمْ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ *فَإِذَا انسَلَخَ الأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَاقْتُلُواْ الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُواْ لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ وَآتَوُاْ الزَّكَاةَ فَخَلُّواْ سَبِيلَهُمْ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ *وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّى يَسْمَعَ كَلاَمَ اللّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَّ يَعْلَمُونَ *كَيْفَ يَكُونُ لِلْمُشْرِكِينَ عَهْدٌ عِندَ اللّهِ وَعِندَ رَسُولِهِ إِلاَّ الَّذِينَ عَاهَدْتُّمْ عِندَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ فَمَا اسْتَقَامُواْ لَكُمْ فَاسْتَقِيمُواْ لَهُمْ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ *كَيْفَ وَإِن يَظْهَرُوا عَلَيْكُمْ لاَ يَرْقُبُواْ فِيكُمْ إِلاًّ وَلاَ ذِمَّةً يُرْضُونَكُم بِأَفْوَاهِهِمْ وَتَأْبَى قُلُوبُهُمْ وَأَكْثَرُهُمْ فَاسِقُونَ *اشْتَرَوْاْ بِآيَاتِ اللّهِ ثَمَنًا قَلِيلاً فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِهِ إِنَّهُمْ سَاء مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ *لاَ يَرْقُبُونَ فِي مُؤْمِنٍ إِلاًّ وَلاَ ذِمَّةً وَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْمُعْتَدُونَ *فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ وَآتَوُاْ الزَّكَاةَ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ وَنُفَصِّلُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ *وَإِن نَّكَثُواْ أَيْمَانَهُم مِّن بَعْدِ عَهْدِهِمْ وَطَعَنُواْ فِي دِينِكُمْ فَقَاتِلُواْ أَئِمَّةَ الْكُفْرِ إِنَّهُمْ لاَ أَيْمَانَ لَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَنتَهُونَ﴾(١).

واتە: ئەوا خواو پێغەمبەر وازیان لەبت پەرستان و پەیمانەکانیان هێناو خۆیان لەبەر هاوێشتەدەر، ئەی بێ باوەڕان ئەوا خوا ماوەی چوار مانگی پێدان بۆ خۆتان لەسەر زەوی بسووڕێنەوە، هیچ زیانێکتان

(١) التوبه ١-١٢.

لەخواومو‌سوڵمانانەوە پێ ناگات، باشیش بزانن کەپاشی ئەو چوار مانگانە لەدەست خوا دەرباز نابن، خوا بێ باوەڕان سەرشۆڕ دەکاو دەسەڵاتی بەسەریان دادەشکێ. خوا لەڕۆژی حەجی گەورە، (واتە رۆژی جەژنی قوربان چونکە بەعەمرە دەڵێن حەجی گچکە) ئەو بانگە ڕادێڵێ کەخۆیو پێغەمبەری خوا خۆیان لەبەر کافران هاوێشتەدەر. ئەگەر ئەو کارانە لەبت پەرستی پەشیمان ببنەوەو موسوڵمان ببن، گەلێ باشترە بۆیان، ئەگەر نا، ئێوە چ توانایەکتان بەسەر خوادا نیەو دەرباز نابن لەدەسەڵاتی خوا. بێ باوەڕانیش ئازارێکی زۆریان لەسەرە. ئەو بت پەرستانەی پەیمانتان لەگەڵیان بەستوون، پەیمانەکەشیان نەپچڕاندوەو هیچ کەمو کوریەکیان تێدا نەکردوە، کەسیشیان لەدوژمنانتان لەئێوە ڕاست نەکردۆتەوەو هانیشیان نەداون بێنە سەرتان. ئەوا ماوەی پەیمانەکەیان لەگەڵ ببنەسەر، خوا کەسێکی خۆش دەوێت پەیوەندی بەمەرجو پەیمانەوە بکاتو خۆی لەخراپە بپارێزێو لەخوا ترس بێت. چوار مانگەکانی ڕێزدار تەواوبوو لەهەر کوێتووشی بت پەرستان بوون بیانکوژنو بەدیلیان بگرنو بەندیان بکەنو لێیان مەگەڕێن لەوڵات هاتوچۆ بکەنو هەموو ڕێگایەکیان لێ بگرن. هەر کاتێك لەبت پەرستی پەشیوان بوونەوەو نوێژیان کردو زەکاتیاندا وازیان لێ بێنن. هەر خوایە خاوەن لێبووردنو بەزەییە بۆ هەمووکەس. ئەگەر بت پەرستێکیش دوای چوار مانگەکە پەنای بۆ هێنای لەپەنای خۆتی بگرە، تاکو گوێی لەئامۆژگاریەکانتو قورئان دەبێتو لەئیسلامەتی دەگات، بەڵکو باوەڕ دێنێ، ئەگەر باوەڕیشی نەهێنا، بیگەینەوە شوێنەکەی خۆی لەناو هۆزەکەی، بەبێ ئەوەی هیچ ستەمێکی لێ بکرێ، چونکە ئەوانە نەزانن بەئایینی ئیسلام، با هێور ببنەوەو بەهێمنی تێی بگەن. (هەموو زانیاریەك بەهێمنی وەردەگیرێ). ئایا بت پەرستانو بێ باوەڕان چۆن لەگەڵ خوا پەیوەندی بەپەیمانو بەڵێنەوە دەکەن؟ تەنیا ئەوانە نەبێت کەلەلای کەعبە پەیمانیان لەگەڵ بەستی، (دەڵێن خوزاعە بوو) ئەوانە هەتاکو دەست بەپەیمانەوە بگرن تۆش بەڕاستی لەگەڵیان برۆ، ئەو کەسانەی لەسەر پەیمان دەڕۆن لەخوا ترسنو لەلای خوا خۆشەویستن. بێ باوەڕو بت پەرستان ئەگەر دەسەڵاتیان بەسەرتان دا بشکێ، هیچ پەیوەندی بەمەرج، پەیمان بەڵێنەوە ناکەن، پەنای هیچ کەس نادەنو هەر بەزمان دڵتان رازی دەکەن بەدڵ وانیە. زۆرترینیان درۆزنو دوو ڕوون. ئەوانە بۆ شتێکی کەم ڕێگای خوا لەخەڵك دەگرن، بەوەندە کەمیەش واز

لەڕێگاو فەرمانی خوا دێنن‌و خراپترین کـردەوە دەکـەن، هـەر کاتێـك دەسـتیان بـوو، درێغـی ناکـەن لەکوشتنی موسوڵمانان، هیچ پەیمان‌و پەنادانێکیان لەلا نیە[1]. ئەو سـوورەتە ئـەو پەیوەندیـەی نێـوان

---

(١) بەڕاستی هەر خوا ئەو بت پەرست‌و کافرانە دەناسێ‌و کردەوەی ئەوانەی دەرخست کە لەهـەمور کـات‌و لەهـەمور شـوێنێك دوژمنی ئیسلام‌و موسولّمانانن، هەر کاتێك دەسەڵاتیان بەسەر موسولّمانان داشکا،هیچ درێغـی لەکوشـتن‌و لـەناو بردنیـان ناکەن‌و هیچ گوێش نادەنە یاساو ڕەوشت‌و پەیمان، گەلێ داخ دارن لەموسولّمانان، لەهەمور کاتێـك‌و چـەرخێك‌و شـوێنێك‌و ناوچەیەکی ئەو دونیایە درێغیان بەکوشتنی موسولّمانان نەکرەوە. سەید قوتب ڕەحمەتی خوای لێ بێت، لەبـەرگی سـێیەمی (في ظلال القرآن) لەلاپەڕە (١٦٠٨) دەڵێ، (ئەگەر تۆزێك بگەڕێینەوە دواوەو تەماشای تاتارە بت پەرستەکان بکـەین، ئـەو کاتەی هێرشیان هێنایە سەر وڵاتانی ئیسلام چیان بەموسولّمانان کرد. هەزارانیان کوشت بەتایبەت لەبەغدا، تـاکو چـل ڕۆژ شمشێریان لەدانیشتوانی بەغدا بەکارهێنا، هەرکەسێکی گرتیان بەبێ بـەزەیی کوشـتیان، هـەر ئـافرەتێکی بـەدڵیان بوایـە دەیانبرد. مەلاو خەتیب‌و قوتابی مزگەوتەکانیان کوشت. ماڵ‌و خێزانی بەرەی عەباسیەکانیان بردەگۆڕسـتانەکان هـەموویان وەك بەرخ سەربڕین خوێن لەکۆڵانەکانی بەغدا دەڕۆیشت. هەتاکو دەڵێن ئاوی دیجلە ڕەنگی گۆڕا، کەس دەرباز نەبوو، تـەنیا ئەوانە نەبێ کەخۆیان لەژێر تۆێن‌و زبڵدان‌و کوورەی حەمامەکان‌و ناو چاڵەکان شاردبۆوە. ئەوجا کەچل ڕۆژەکـە تـەواو بـوو، خەڵك لەناو حەشارگەکان هاتنە دەرەوە لەبرسان‌و لەبەر نەخۆشی وایان بەسـەر هـاتبوو، بـاوك کـوڕی خـۆی نەدەناسـیەوە، هەروەها بت پەرستەکانی هیندی کەمتریان بەموسولّمانەکانی پاکستان نەکرد. لەوکاتی هیندو پاکـستان لێـك جیابوونـەوە، موسولّمانەکانی ناو هیندو مووچەخۆرەکان کۆچیان کرد بۆ پاکستان، ژمارەیان هەشت ملیۆن کەس بوو، زۆرترینیان لـەڕێگا کوشتن، لاشەکانیان بوو بەخۆراکی قەل‌و داراش‌و سیسارك. لەهەمووی دڵ تەزێنتر مووچـە خۆرەکـان بـوون ژمارەیـان پـەنجا هەزار کەس بوو، بەشەمەندەفەر ڕۆیشتن تاکو گەیشتنە ئەو تورنێلەی پێی دەڵێن (خەیبەر) لـەوێ رایـان گـرتن‌و هـەموویان کوشتن. لاشەکانیان لەوگۆڕە مایەوە. جێگرەکانی تاتاریش لەچینی شـیوعی‌و ڕووسـی شـیوعی کـەمتریان بەموسـوڵمانانی چاچان‌و داغستان‌و تورکستان‌و قەرغیزو ناوچەکانی تری ژێر دەستیان نەکرد، لەماوەی بیسـت‌و پێـنج سـاڵی فـەرمانڕەوایی شیوعیەت، شەش ملیۆن موسولّمانیان لەناو برد، ئێستاش چینی شیوعی بەردەوامە لەکوشتنی موسولّمانانی تورکـستان). وا ئیمڕۆکەش بەچاوی خۆمـان دەبیـنین چ بەموسـوڵمانانی هـەمور شـوێنانی سـەر ئـەو زەویـە دەکـەن. بـەکرێگیراوەکانی دەوڵەتەکانی کەپێیان دەڵێن دەوڵەتی ئیسلامی بەپشتیوانی ئیستعماریەکانی ئاورروپاو ئەمەریکا چۆن بەهـەمور هێزیانـەوە بەربەرەکانی موسولّمانان دەکەن. پڕوپاگەندە بڵاو دەکەنەوە دەڵێن پێویستە بیروباوەڕ سەربەخۆ بێت‌و نابێ کەس بەربەرەکانی بکرێت، بەڵام تاکو دوێنی ئاورروپاو ئەمەریکا ڕووی هەزارەها بۆمبـای ئـەتۆمیان تێـك کردبـوو خـۆ بیروبـاوەڕی سۆڤیەت هەرچەندە بیروباوەڕێکی ئابووری‌و فەلسەفیەو دژ بەهەمور ئاینێك‌و بەرژەوەندی سـەرمایەدارەکان رادەوەستێ، بـەڵام خـۆ ئەویش هەر بیروباوەڕە بەگوێرەی قسەی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە دەبوایە لێ بگەڕێن کەئەویش سەربەخۆ بێت‌و ڕێگای لی نەگرن، ئەوجا پێویستە هەمور بزانین ئەو ڕۆژئاواییانە هیچ شتێك ناکەن‌و نوکی قەڵەم ناجوڵێنن‌و هـەنگاوێك بـەپیر کەسـەوە ناچن‌و ئەگەر بەرژەوەندی خۆیان تێدا نـەبینن، ئەوانـە هـەموویان پـارە پەرسـت‌و ورگ پەرستن، هـەمووی چـوونە نـاو پێـستی مەسیحیەت، کەئەویش هەر بت پەرستیە، بۆیە دژ بەئیسلام رادەوەستن. هـەروەها کەمـسولّمانانی جـەزایر لەسـاڵی ١٩٩١ز بەئەوپەڕی دیموکراتیەکەی ئەوان باوەڕیان پێی هەیە لەهەڵبژاردن سەرکەوتن. دەوڵەتانی ئەورروپاو ئەمەریکا هەژان، هاواریان

کافران و موسوڵمانانی کۆتایی پێ هێنا، چونکە پێ بەپێ و قۆناغ بەقۆناغ دەرکەوت هەردوولا لەقوولاییەوە لێك جیاو ڕێك ناکەون، بیروباوەڕێك کەلەسەر خوا پەرستی بڕوات ئەوەی تر لەسەر بت پەرستی مرۆڤ پەرستی بڕوات هەرگیز ڕێکەوتن لەنێوانیان قەت پەیدا نابێ، هەرکەسێ پەیمانی لەگەڵ پێغەمبەر هەیە تا ماوەی پەیمانەکە تەواو دەبێ ئازادو سەربەستە.

پێغەمبەر (ﷺ) لەیەکەم هاتنی هەر بەئامۆژگاری و گفتوگۆو بەڵگەو نیشانەو بەهێمنی ڕێگای ئیسلامی پیشانی بێ باوەڕان ئەدا. ئەو شەڕانەی کەکردی لەهیچیان دەست درێژ نەبوو هەر خۆی پاراستووەو بەرگری لەخۆی و لەو ئاینە پیرۆزە کردووە هەتاکو پێی کرابێ نەیهێشتوە خەڵك بکوژرێ، بەڵام بێ باوەڕان و بت پەرستان ئەوەندە بەدڕەوشت و خراپ بوون، ناچاریان دەکرد لەشەڕەکان بەرگری لەخۆی بکات و نەیەڵێ چیتر پیلان بگێڕن و فیتنە بەرپا بکەن. ئەو شەڕانەی کە لەنێوانیان دەقەوما لەپڕو دەست و ڕست نەبوو بەڵکو بەمەبەست و لێکدانەوەو پیلان و کێشانی وێنەبوو.

مەبەستی کافران و جوولەکە ئەوەبوو پەیڕەوو پرۆگرامی خوا بهاڕن و لەناوی ببەن. چونکە بۆیان روونە کەئیسلام بۆیە نەهاتووە بیروباوەڕێك بیهێڵێتەوە کەخوا پێی رازی نیە. بێ باوەڕانیش لەبەر نەفامی و ئارەزوو بەرژەوەند، قەت سەر بۆ خوا دانانەوێنن و ملکەچ نابن، باش دەزانن ئەگەر ئەوان ئیسلام لەناو نەبەن ئیسلام ئەوان لەناو دەبات. بۆیە هەر کاتێك دەستیان ببێت درێغی لەگەڵ موسوڵمانان ناکەن. ئەبوبەکر لەمەدینە بەرێ کەوت و گەیشتە مینا. پێغەمبەر عەلی کوڕی ئەبی تالیبی بەدوادا هەنارد بۆ ئەوەی پێشەکیەکەی سورەتی بەرائەت بۆ حەجاجەکان لەمینا بخوێنێتەوەو پێشیان بڵێ.

١- لەو ساڵە بەدواوە نابێ بت پەرست بێنە حەج.

کردە بەکرێگیراوەکانیان لەجەزایر، گوتیان نەکەن بێڵن ئەوانە بێنە سەر کارو فەرمان، ئێمە بەهەموو توانامان یارمەتیتان دەدەین. وا دەبنین لەبەندیخانەکان چۆنیان دەکوژن و لەچ حاڵێك دان لەبەرچی ئەو نوسەرانەو لایەنگیرەکانیان نووکی قەڵەمەکانیان ناجووڵێنن بڵێن میللەتی جەزایر لەبیروباوەڕ سەربەخۆ وازیان لێ بێنن. هەتاکو دەوڵەتە عەرەبیەکانیش کەگوایا موسوڵمانن لەدژی موسوڵمانەکان یارمەتی دەوڵەتی جەزایر دەدەن. هەروەها (دیڤید کۆریش) لەئەمەریکا لەمانگی تەمووزی ١٩٩٣ز، داوای دەکرد کەخۆی عیسایەو هاتۆتە خوارەوە. دەوڵەتی ئەمەریکی نەیگوت بیروباوەڕ سەربەخۆیە، بەڵکو بارەگاکەیان بەهێزێکی پۆلیسی گەورە ئابلوقەدا. هەروەکو لەتەلەفزیۆنی ئینگلیزی پیشانیدا، وایان لێکرد خۆی سوتاندو چەند کەسیشی لەگەڵ سووتا.

٢- نابێ کەس بەڕووتی بەدەوری کەعبەدا بسووڕێتەوە.

٣- ئەوەی موسوڵمان نەبێ ناچێتە بەهەشت.

٤- ئەوانەی پەیمانیان نیە ماوەی چوار مانگیان هەیە، بۆ خۆیـان بگـەڕێن، لـەوە بـەدواوە مـاوە نادرێن لەسەر بت پەرستی بمێنن.

عەلی بەسواری حوشترەکەی پێغەمبەر (عەزباء) ڕۆیشتو لەڕێگا ئەبوبەکر گەیشت. ئەبوبەکر لێی پرسی ئایا تۆ بەفەرماندەیی هاتووی یان فەرمانبەری؟ عەلی گوتی من فەرمانبەرم. ئەوجا هەردووکیان پێکەوە ڕۆیشتن. ئەبوبەکر پێشەوای حەجاجان بوو فێری شێوەی بەجێهێنانی حـەجی دەکـردن. عـەلیش لەمینا ڕاوەستاو بانگەوازی کرد، پێشەکیەکەی سورەتی بەڕائەی بۆ حەجاجەکان خوێندەوەو ئـەو چـوار خاڵانەی سەرەوەشی پێگوتن. لەهەمان کاتیش ئەبوبەکر چەند کەسانێکی بەولا بەولادا بڵاوکردەوە ئـەو بانگەوازەیان بەخەڵك ڕادەگەیاند.

بەو شێوەیە بت پەرستی لەڕەگو ڕیشەوە قەڵاچۆ کراو نیمچە دوورگـەی عـەرەب لـەبت پەرسـتی خاوێن کرایەوە موسوڵمانەتی چەسپا. پاش خەبات کردنێك کەبیستو سێ ساڵی خایاند، بـەئامۆژگاری کردن پەروەردەو شەڕەکردن مێشکی خەڵکی لەبیروباوەڕی پڕوپـوچ خـاوێن بـۆوە. قەڵاچـۆ کردنـی بـت پەرستی وەك قەڵاچۆ کردنی نەخوێندەواری کردەوە یەکی خواییە. کەسێك ڕێگ لەو قەڵاچۆکردنە دەگرێ نەخێرو خۆشی بۆ ئادەمیزاد ناوێ. ئەو حاڵەی کەعەرەب بەهۆی بت پەرستی تێیدا دەژیا بەنوسینو باس کردن نایێتە بەرچاو، مەگەر یەکێك بۆ خۆی ئەوکاتی لەناویان ژیا بێ ئەوجا دەزانی لەچ ژیانێکی بەدو بەد کاری دەژیانو بیریان لەبەسەرهاتی دوارۆژ نەدەکردەوە[1].

---

١) زۆر جێگای داخە ئەو خوێندەوارانە ئیمڕۆکە بەدوای قسەی ئەو نووسەرە دوژمنانە دەکـەونو خۆیـان لـەدەریای تەڵەکـەبازی ئەوانە خنکاندوەو تەمەنی خۆیان بەخۆڕا داوەو هەروەکو ئەو چیرۆکەی کەشێخی ئەدەوی دەیگێڕێتەوەو دەڵـێ، چـەند کـوڕی خوێندەواری وەك ئەوان، لەگەڵ پیاوێکی نەخوێندەوار لەناو زێیەك سواری کەشتیەك بوون بۆ ئەوەی گەشتێك بکەنو بای دڵی خۆیان بدەنو تۆزێك بەگاڵتەو سەیران ڕابوێرن. کابرای نەخوێندەوار سـەوڵی لەکەشـتی داو کەشـتی کەوتـە ڕۆیـشتنو کـوڕە لاوەکانیش بەدڵخۆشیەوە لەگەڵ یەکتری دەدوان. دوایی ڕوویان لەکابرای نە خوێندەوار کرد، یەکیان زیرەك بوو ویستی تۆزێك کابرا بدوێنێ بەڵکو قسەی وا بکەن تۆزێك بۆ خۆیان پێ بکەنن، لەکابرای پرسی گوتی مامەگیان چیت لەزانیاری خوێندوە؟ ئەویش گوتی ڕۆڵە گیان هیچم نەخوێندوە، کوڕە لێی پرسی گوتی زانیاری سروشتیت نەخوێندوە؟ گوتی هـەر گوێشم لێـی نەبووە. ئەوجا یەکێکی تر گوتی دەبێ ماتماتیكو جەبرو پێوانەشت نەخوێندبێ؟ گوتی ئەوە لەوەی پێشوو سـەیرترە ئەگـەر=

نوێنەرانی بەرەی عامیر

پاش تەواو بوونی حەجی ئەبوبەکر، ماوەیەکی وای پێنەچوو دانیشتوانی نیمچە دوورگـە لەهـەموو شوێنێك نوێنەرانیان هەنارده لای پێغەمبەر. بەرەی عامیر کەنوێنەرانی خۆیان هەنارد دوانیش لـەپیاوە بەناوەکانیان (عامیری کوڕی توفەیل‌و ئەربـەدی کـوڕی قـەیس) خۆیـان بەگـەڕ خـستن. کەچـوونە لای پێغەمبەر (ﷺ)، عامیری کوڕی توفـەیل لەبـەر کەللـەڕەقی‌و خۆبەگـەورە زانـین داوای بەشـداربوونی دەسەڵاتی پێغەمبەرایەتی کردو موسوڵمان نەبوو. پێغەمبەر زۆری هەوڵ لەگەڵدا بەڵام بـێ کـەڵك بـوو بەتووڕەییەوە لەلای پێغەمبەر هەڵستاو پێی گـوت دەبـێ ئەوەنـدەت سـوارەو پیـادە لـێ کۆبکەمـەوە دونیات لێ پڕ بکەم.

پێغەمبەریش (ﷺ) دوعای لێ کردو گوتی (خوایە عامیری کوڕی توفـەیلمان لـەکۆڵ بکەیـەوە).

=باوەڕم پێ دەکەن ئەوە یەکەم جارە گوێم لەو ناوە سەیرو زلانە دەبێت. ئەوجا سێیەم گوتی بەڵام من لێم سوورە تـۆ مێـژوو جوگرافیەت خوێندوە، کابرا گوتی ئەو دوو ناوە ناوی دوو وڵاتن یان ناوی دووکەسن، کەوای گوت کوڕە لاوەکان خۆیـان پـێ نەگیراو دایانە قاقای پێکەنین. ئەوجا لێیان پرسی مامە تەمەنت چەندە؟ گوتی تەمەنم چل ساڵە، پێیان گوت نیوەی تەمەنت بەخۆڕایی بەڕێ کردوە. کابرا بێ دەنگ بوو بەڵام لەدڵی خۆشیدا بیری دەکردەوە چۆن تۆڵـەی ئـەو قـسەیە بکاتـەوە. کـات سووڕاوە. کاتێك دیتیان بای بەتێنی هەڵکردو ئاوی زێیەکە هاتە شەپۆڵ داو بڵنـدو نـزێ بـوون‌و شـەپۆلەکان دەیانویـست کەشتیە کەبە بن خۆیان بدەن. کابرا نەخوێنـدەوار هـەوی هاتـەوەو ڕووی لـەکوڕە لاوەکـان کـردو زۆر لەسـەرەخۆ پرسـیاری لێکردن، ئەری لاوەکان ئەو زانیاریانەی ئێوە خوێندبوتان چیبوون؟ هەموو دەستیان کـرد بـەژماردنی ئەوانـەی کەلـەکۆلیج خوێندبوویان‌و ئەوانەی دوایی دەیخوێنن، هیچیان لەمەبەستی کابرای نەگەیشتن. ئەوجا کەلەژماردنی زانیاریـەکان بوونـەوە، مام کابرا لەسەرەخۆو بەزەردەخەنەیەکی گاڵتەوە پێی گوتن ڕۆڵەکانم ئەو هەموو زانیاریەتان خوێندووە. ئایا زانیاری مەلەتان نەخوێندوە؟ ئایا دەزانن ئەگەر خوانەخواستە کەشتیەکە وەرگەڕا، چۆن مەلە دەکـەن‌و خۆتـان دەگەیننـە دەرەوەی زێیەکـە؟ گوتیان نابەخوا تەنیا ئەوەمان نەخوێندوە نایزانین، ئەوجا کابرا پێکەنی‌و گوتی ئەگەر من نیوەی تەمەنم بەخۆڕا بەڕێ کردبێ ئێوە هەموو تەمەنتان بەخۆڕایی بەڕێ کرد، چونکە ئەو زانیاریانەی فێری بوون هیچیان لـەخنکان ڕزگارتـان ناکـەن، تـەنیا زانینی مەلەیەو نایزانن‌و ئێستاکە بەهاناتان دێت. ئیمڕۆکەش وا دەبینین کەشتی ژیان لەگەڵ زانینی ئەو هەموو شارستانیەو زانیاری فەلسەفیەو، بەو هەموو هونەرو دەوڵەمەندیەو تەکنەلۆجیای لەهەموو بابەتێکەوە لەناو دەریای بت پەرسـتی‌و مـاڵ پەرستی‌و مرۆڤ پەرستی‌و کردەوەی خراپ نقووم بووەو هەمووی بەبن خۆی داوە. هیچیان ڕزگار نابن تەنیا بەو ڕێگەیە نـەبێ کەپێغەمبەران هێناویانە.

عامیر ڕۆیشت، لەڕێگا ژانێك لەقورگی پەیدا بوو دوایی لووێكی لێهات لەبەر ژانو ئێش ناچار بوو لای دایە ماڵێكی بەرەی (سەلول) لەوێ مایەوەو ڕۆژ بەڕۆژ پەرێشانتر دەبوو. ڕۆژێك لەداخو خەفەتی ئیشی خۆی سواری مایینەكەی بوو، كەوتە هاتو چۆكردنو دەیگوت لووێكم لێ هاتووە وەك لووی حوشتر، جاوەرە لەماڵی سەلولیەكیش بمرم. لەو قسانەدابوو لەسەر مایینەكەی بەربۆوەو مرد[1].

ئەربەدەیش وەك عامیر موسوڵمان نەبوو گەڕایەوە. ڕۆژێك سواری حوشترەكەی بوو بۆ ئەوەی بیبیا بیفرۆشی، لەڕێگا بروسكەیەكی بەركەوت لەحوشترەكەی بەربۆوە مرد. بەڵام موسوڵمان نەبوونی (عامیرو ئەربەد) نەبووە كۆسپ لەپێش هۆزی بەرەی عامیر موسوڵمان نەبن، زۆری نەبرد هەموویان موسوڵمان بوون. لەو كاتەشدا نوێنەرانی بەرەی (حەنیف) هاتنە لای پێغەمبەرو موسوڵمان بوون.

پێغەمبەر (ﷺ) زۆری یارمەتی دانو ئەوانیش باسی (موسەیلەمەی كوڕی سومامەی كوڕی كەسیر)یان بۆ كرد، تاكو لەو یارمەتیە بێبەش نەبێت. گوتیان لەلای بارەكانمان بەجێ هێشتووە. پێغەمبەریش (ﷺ) وەك ئەوان یارمەتی بۆ موسەیلەمە نارد، فەرمووشی ئەویش وەك ئێوە دەبێ پیاوچاك بێ، ئاگای لەكەلوپەلەكانتان بووە، كەگەڕانەوە لای بارەكانیان ئەو قسەیان بۆ موسەیلەمە گێڕایەوە، ئەویش بەو قسەیە لەخۆی بایی بوو گوتی منیش وەك ئەو لەپێغەمبەرایەتی بەشدارم، چونكە گوتی ئەویش لەئێوە كەمتر نیە! ئەوجا دەستی كرد بەدرۆو دەلەسەو گۆتە گوتی نارێك، دەیگوت خوا وەحی بۆ ناردوومە.

خواردنەوەو داوێن پیسیشی حەڵاڵ كردو نوێژیشی لەسەر خەڵك هەڵگرتو كەوتە بانگەواز لەنێو خەڵكو داوای دەكرد باوەڕی پێ بێنن. بەڵام لەهۆزەكەی خۆی زیاتر كەسی تر باوەڕی پێ نەهێنا، ناوبانگی بەموسەیلەمەی درۆزن دەركرد. دواییش لەفەرمانڕەوایی ئیمامی ئەبو بەكردا كوژرا.

﴿ زەمامی كوڕی سەعلەبە ﴾

بەرەی (بەكریش زەمامی كوڕی سەعلەبە) یان بەنوێنەر نارده لای پێغەمبەر. زەمام پیاوێكی زلو كۆلكن بوو دو كۆڵمەی زەقی هەبوو، بەسوار حوشترەكەی ڕۆیشت تاكو گەیشتە مەدینەو حوشترەكەی

---

١) زاد المعاد ٣/٤٠٥-٤٠٦ لەبوخاری ٧/٢٩٧ دەگێڕێتەوە.

لەدەرگەی مزگەوت بەستەوەو خۆشی چووە ناو مزگەوت، دیتی پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ یاران دانیشتووە. بەلایانەوە چوو تاکو لەلای پێغەمبەر ڕاوەستا، وتی کامەتان کوڕی عەبدولموتەلیبن؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی من کوڕی عەبدولموتەلیبم. زەمام گوتی تۆ موحەممەدی؟

فەرمووی بەلێ. ئەوجا زەمام وتی کوڕی عەبدولموتەلب من پرسیارێکت لێ دەکەم ئەگە پرسیارەکەم ڕەق‌و توووند بوو لێم دلگیر مەبە؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی پێم ناخۆش نیە چی دەتەوێ بپرسە. زەمام گوتی تو ئەو خوایەی کەخوای تۆو ئەوانی پێش تۆو ئەوانی دوای تۆیە، ئایا خوا تۆی بەپێغەمبەر هەناردوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەرێ وەڵلا. دیسان زەمام گوتی تو ئەو خوایەی خوای تۆیەو خوای ئەوانی پێش تۆو ئەوانی دوای تۆیە، ئایا خوا فەرمانی پێداوی کەهەر خوا بەتەنیا بپەرستین‌و هاوبەشی بۆ پەیدا نەکەین‌و واز لەوانە بێنین کەباب‌و باپیرانمان دەیانپەرست؟ فەرمووی ئەرێ وەڵلا.

ئەوجا زەمام گوتی نوێنەری تۆ بەئێمە دەڵێ شەوو ڕۆژ پێنج نوێژتان لەسەرە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ڕاست دەکات. زەمام گوتی تۆ حەقی ئەو خوایەی کەتۆی هەناردوە، خوافەرمانی ئەوەی پێداوی؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بەلێ. ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) کەوتە ژماردنی بنچینەکانی ئیسلام کەخوافەرمانی بەمرۆڤ داوە بیکەن. کەلێبۆوە. زەمام گوتی ئەوجا من دەڵێم (أشهد أن لا إله الله وأشهد أن محمد رسول الله) گوتیشی ئەو ئەرکەی لەسەرمە هەمووی بەبێ زیادو کەم بەجێی دێنم‌و ئەوەی لێم قەدەغە دەکەی نایکەم.

ئەوجا بەلای حوشترەکەیەوە چوو سواربیوو و ڕۆیشت. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەگەر ڕاست بکات جێگای بەهەشتە[1].

زەمام ڕۆیشتەوە ناو هۆزەکەی‌و هەموو لێی کۆبوونەوە. ئەویش یەکەم قسەی لەگەڵیان ئەوەبوو، گوتی لات‌و عوززا لەهەموو شتێك پیس ترن. ئەوانیش هەروەك هەموو نەزان‌و نەفامان‌و ترساندیان گوتیان زەمام ئاگاداربە باتووشی گورۆەتی‌و خرۆکەو شەپرەو شێتی نەبی. زەمام گوتی ئێوە نەزانن‌و ئەوانە نەسوودبەخش‌و نەزیان بەخشن، خوا پێغەمبەرێکی ناردووەو کتێبی بۆ ناردوە ئێوەی لەنەزانین

---

١) زاد المعاد ٣/٦٤٧-٦٤٨ ئەو باسە بەتەواوی لەبوخاری ١/١٤٨-١٤٠ای وەری گرتوە. و- سەحیحی بوخاری-د-ش الریاض لاپەڕە ١٨ ژمارە ٦٣.

دەرباز کردووە. من شایەدی ئەدەم کە لەخوا بەولاوە هیچ خوای تر نیەو موحەممەدیش پێغەمبەرەو بەندەی خوایە، وائێستاش من لەلای ئەو دێمەوە، ئەوەی پێتان دەڵێم فەرمانی ئەوە.

بەو قسەیە ئەوانی لەدەوری کۆبوونەوە هەمووی موسوڵمان بوون. نەگەیشتنە ئێوارە کەس نەما لەهۆزەکەی لەژنو لەپیاو موسوڵمان نەبن.

ئەو پیاوە نوێنەری نەخوێندەوارو ساویلکان بوو، کەرەوشتیان وایە ئەگەر شتێك بەگوێرەی بیروباوەڕیان بێتو پێی دڵنیا بوون دوو دڵی ناکەنو باوەڕی پێ دێننو گوێ نادەنە بەرژەوەندی ماڵو سامانو دەسەلات. بەڵام کەسانێك کەرێگە هەڵە دەکەنو دەشزانن رێگەیان هەڵە کردوەو لەسەری دەڕۆن، هەر بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتو ماڵو سامانە. ئەگەر بەڵگەی راستیش ببینن هەر لەسەر خواریەکەی خۆیان دەڕۆنو پێداگیرن لەسەری.

﴿ نوێنەرانی نەجران ﴾

نەجران بەشێکە لەیەمەن، دانیشتوانی بەزۆری مەسیحی بوونو سەر بەرۆمەکان بوون هەموو ساڵ رۆمەکان لەرێگای حەبەشەوە یارمەتیان دەناردنو کەنیسەیان بۆ دروست دەکردنو هانیان ئەدان بۆ ئەوەی هۆزەکانی عەرەب بکەنە مەسیحی. پێغەمبەر (ﷺ) لەیەکەم قۆناغی ئیسلامەتی لەگەڵ مەسیحیەکان بەچاکی جوولایەوە، ئەوەندەش زۆر نەبوونو لەپێغەمبەریش نزیك نەبوون تاکو ئەو بەربەرەکانیەی لەگەڵ بکەن کەجوولەکەکان لەگەڵیان دەکرد. هەتاکو ئەو سەردەمەی پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ مەسیحیەکانی باکوور بەگژیەکدا نەچوو بوون، نەجرانیەکان بەئارەزووی خۆیان هاتوچۆیان دەکرد.

بەڵام کەپێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ مەسیحیەکانی باکوور کەوتنە شەڕو گەڕایەوە، ویستی سنوورێك بۆ ئەوانەی خوارووش دابنێ. بۆ ئەوەش نامەیەکی بۆ ناردنو تێیدا نووسی.

(باسم إله إبراهيم وإسحاق ويعقوب، أما بعد فإني ادعوكم الى عبادة الله من عبادة العباد، وأدعوكم إلى ولاية الله من ولاية العباد،فإن أبيتم فالجزية فإن أبيتم فقد اذنتكم بحرب والسلام)[1] واتە

١) السيرة إبن كثير ٢/٣١٠ لەبوخاری دەگێڕێتەوە.

بەناوی خوای إبراهیم‌و ئیسحاق‌و یەعقوب. من بانگتان دەکەم بۆ پەرستنی خـوا، لـەجیاتی پەرستنی بەندەی خواو بانگتان دەکەم خوا بکەنە خاوەنی خۆتان لەجیاتی بەندەی خـوا. ئەگـەر وا ناکـەن دەبـێ جزیە بدەن، ئەگەر نا بەخۆ بکەون بۆ شەڕ ئیتر سەلام.

پەتریارکی نەجران نامـەکەی خوێندەوەو هەموو خاوەن بیروهۆش‌و زاناکانی کۆکردەوە. پاش قـسەو ڕاو تەگبیر، چەند کەسێکیان بەنوێنەر ناردە لای پێغەمبەر تاگفت‌و گۆی لەگەڵ بکەن.

کەنوێنەران گەیشتنە مەدینەو چوونە لای پێغەمبـەر. ئـەویش (ﷺ) ئامۆژگـاری کـردن‌و داوای لێکردن موسوڵمان بن. ئەوانیش بەپێغەمبەریان گوت تۆ دەتەوێ تۆ بپەرستین، هەروەك عیسای کـوڕی مەریەم دەپەرسترێ؟!. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی پەنا بەخوا من بۆ ئەوە نەنادراوم لەخوا بەولاوە کەس بپەرستم‌و فەرمانیش بدەم لەو بەولاوە کەس بپەرسترێ. پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی وەرن موسوڵمان بن، گوتیان ئێمە لەپێش تۆ موسوڵمان بووین. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی وەرن موسوڵمان بن، گوتیان ئێمـە لەپێش تۆ موسوڵمان بووین. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ڕاست ناکەن ئـەوە موسـوڵمانەتی نیـە، ئێـوە هاوبەش بۆ خوا پەیدا دەکەن‌و کوڕ بۆ خوا پەیدا دەکەن. ئێوە میخ (صلیب) دەپەرستن‌و گۆشتی بـەراز دەخۆن.

ئەوجا مەسیحیەکان پرسیاریان لەپێغەمبەر کردو گوتیان کێ بـاوکی عیـسایە؟ پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمووی ئێوە نازانن خوا زیندووەو نامرێ‌و عیسا دەمرێ؟ گوتیان بەڵێ. فەرمووی ئێـوە نـازانن خـوا پەروەردگاری هەموو عالەمەو توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیەو دەیپـارێزێ‌و دەیـژیینێ‌و خـواردنی پێ دەدات؟ گوتیان بەڵێ. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئایـا عیـسا هـیچ توانـای وای هەیـە؟ گوتیـان نەخێر. فەرمووی ئێوە نازانن خوا هیچ شتێکی لەزەوی‌و ئاسمان لێ بزر نابێ؟ گوتیان بـەڵێ. فـەرمووی ئایا عیسا هیچ شتێك دەزانی ئەگەر خوا فێری نەکردبێ؟ گوتیان نەخێر. فەرمووی ئایـا نـازانن خـوای ئێمە بەئارەزووی خۆی وێنەی عیسای لەناو زگی دایکی کێشاوە؟ ئایا نـازانن دایکـی عیـسا هـەروەك هەموو ژنێك منداڵی بەزگ دەکەوێ، عیسای بەزگ کەوت‌و دوایی عیسای بوو، هەروەك هەموو ژنێـك منداڵی دەبێ‌و ئەوجا شـیری پێـدا هـەروەك هـەموو منـداڵێك شـیری پـێ دەدرێ‌و دوایـش خـواردنی دەخواردو ئاوی دەخواردەوەو دەچووە سەرپێشاو؟ ووتیان بـەڵێ، فـەرمووی ئـەدی چـۆن دەڵـێن کـوڕی خوایە؟

گوتیان ئەدی تۆ نالێی عیسا فەرموودەی خوایە، خستیە ناو هەناوی مەریەم. فەرمووی بەڵێ هەموو هەر بەفەرمانی خوا پەیدابووین. پاش چەند قسەیەکی تر پێغەمبەر (ﷺ) تەماشای کرد ئەوانە هەر لەسەر بیروباوەڕی خۆیان دەڕۆنو عیسا بەهاوبەشی خوا دەزانن، بۆیە فەرمووی بەیانی وەرنەوە قسەتان لەگەڵ دەکەم. بەیانی خوا فەرمانی لەبابەت عیساوە بۆ پێغەمبەر هەنارد کەدەفەرموێ: ﴿إِنَّ مَثَلَ عِيسَى عِندَ اللّهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِن تُرَابٍ ثِمَّ قَالَ لَهُ كُن فَيَكُونُ *الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلاَ تَكُن مِّن الْمُمْتَرِينَ *فَمَنْ حَآجَّكَ فِيهِ مِن بَعْدِ مَا جَاءكَ مِنَ الْعِلْمِ فَقُلْ تَعَالَوْاْ نَدْعُ أَبْنَاءنَا وَأَبْنَاءكُمْ وَنِسَاءنَا وَنِسَاءكُمْ وَأَنفُسَنَا وأَنفُسَكُمْ ثُمَّ نَبْتَهِلْ فَنَجْعَل لَّعْنَةُ اللّهِ عَلَى الْكَاذِبِينَ﴾(١).

واتە: باسی عیسا لەلای خوا هەروەك باسی ئادەمە، چۆن ئادەمی بێ دایكو بێ باوك لەو خۆڵە دروست کردو گیانی هێنایە بەر (ئاینەکانی تریش باوەڕ بەوە دێننو نەشیان گوتوە کوڕی خوایە) عیساش هەروەك ئادەمە بەبێ باوك لەهەناوی مەریەمی دروست کرد (هەروەك حەووای لە ئادەم دروست کرد، واتە مێی لەنێر دروست کرد) عیساش نێرینە بوو لەمێی دروست کرد، هەمووی هەر بەفەرمانی خوا بوو، بەهیچ جۆرێك خوا وای نەکردوە ئەوانە بگەنە پایە، دەسەڵاتی خوایەتی، تەنیا فەرمووی ئەوانە بەندەی منن. کەچی مەسیحیەکان عیسایان کردە کوڕی خوا) خوا دەفەرموێ، هەروەك ئادەمی مراند عیساش دەمرێنی، قسەی ڕاستی لەڕاست عیسا هەر ئەوەی کەفەرمووی، هیچ دڵ لەدل مەدە، هەرکەسی دەمەتەقێی لەگەڵ کردی لەپاش ئەو ڕاستیەی کەخوا بۆی دەرخستی، پێیان بڵێ وەرن کۆببینەوەو بانگی منداڵو ژنی خۆمان بکەینو ڕابوەستین، داوا لەخوا بکەین، هەرکەسێ قسە بەعیسا دەڵێ خوا لەناوی ببات.

بەیانی پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوە حەسەنو حوسەینو فاتیمەشی لەگەڵ بوو. داوای لەنوێنەرانی نەجران کرد ئەوانیش بێن ڕابوەستنو داوا لەخوا بکەن بۆ لەناوچوونی ئەو کەسەی ڕاستی دەشارێتەوە. بەڵام مەسیحیەکان چوون لەنێوان خۆیان کۆبوونەوەیەکیان کردو کەوتنە شێ کردنەوەی ئەو پێشنیارەی پێغەمبەرو گوتیان کێ دەزانی ئێمە خراپ تێنەگەیشتوینە، خۆ ئەگەر گەر موحەممەدیش لەسەر ڕاستی بێتو عیسا مرۆڤێك بێت وەك ئەو، ئەوەی ئێمە بەعیسای دەڵێین وانەبێ. جا بۆچی داوا لەخوا بکەینو

(١) ال عمران ٥٩- ٦١.

ئێمە لەناو بچین.

کاتێك تەماشای پێغەمبەرو منداڵەکانیان کرد تێگەیشتن، درۆزن هەر بەخۆی نافەوتێ بەڵکو منداڵیشی دەفەوتێ. بەیەکتریان گوت ئەگەر موحەممەد پاشا بێت ئەوا دەوڵەتەکەی ڕۆژ بەڕۆژ لەگەشەو هێزدایەو دوژمنایەتی چ سوودی ئێمە نادات‌و لەناومان دەبات. ئەگەر پێغەمبەریش بێت ئەوا کەسمان نامینێین‌و دەفەوتێین. ئەوجا ئەوکات چ بکەین. پاش ئەو گفت‌وگۆیە هاتنەوە لای پێغەمبەر. یەکێکیان کەناوی (شورەحەبیلی کوڕی وەداعە) بوون بەپێغەمبەری گوت لەو کارە باشترمان دۆزیتەوە، فەرمووی چیە؟ شورەحبیل گوتی فەرمان ئەدەینە دەست خۆت چ بڕیار ئەدەی دروستە. پێغەمبەر (ﷺ) پێی گوت ڕەنگە یەکێك هەبێت کارت بۆ ڕێك بخات. شورەحبیل گوتی دانیشتوان هیچیان لەقسەم دەرناچن پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (جاحد موفق) واتە، بی باوەڕێکی زیرەکە.

پێغەمبەر (ﷺ) لەو کاتە ئەوەندە بەهێز بوو، دەیتوانی لەشکرێکیان بنێرێتە سەرو هەموویان لەناو ببات، یا بیانکاتە بەندەو کۆیلە. جگە لەوەش مەسیحیەکانیش هەر لەبت پەرستان دەژمێردرێن، با خاوەن کتێبیشبن چونکە هاوبەش بۆ خوا پەیدا دەکەن.

بەڵام پێغەمبەر لەو بیرە دوور، بوو خاوەن کتێبان هەتاکو بت پەرستانیش، بەزەبری شمشێرو شەڕ بکاتە موسوڵمان. تەنانەت کەدەهاتنە لای زۆر بەڕێزەوە پێشوازی لێ دەکردن‌و لەتەك خۆی دادەنان‌و قسەی ڕێك‌و جوانی لەگەڵ دەکردن. ئەوانیش دڵیان نەرم دەبوو، بەزۆری موسوڵمان دەبوون. ئەوەی موسوڵمانیش نەدەبوو ماوەی دەداو دەڕۆیشتەوە وڵاتی خۆی. پێغەمبەر (ﷺ) چۆن بەتۆبزی‌و بەزەبری شمشێر خەڵك موسوڵمان دەکات، بێگومان باوەڕ تۆبزی چەك ناچێتە ناو دەروون. هەروەك خوا دەفەرموێ ﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾[1] واتە: تبۆزی لەکەس ناکرێ بۆ هاتنە سەر ئاینی ئیسلام.

خۆ ئەگەر پێغەمبەر ڕێگای دابایە موسوڵمانان تۆبزی لەمەسیحیەکان بکەن، ئیمڕۆکە هیچ مەسیحیەك لەوڵاتانی موسوڵمانان نەدەما، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) مەسلەتی لەگەڵ نوێنەرانی نەجران کردو پەیمانی لەگەڵ بەستن. لەو پەیمانە هەردوولا مۆریان کردو (ئەبو سوفیان) (سەخری کوڕی حەرب)و (غەیلانی کوڕی ئەمر)و (مالیکی کوڕی عەوف)و (ئەقرەعی کوڕی حابیس)و (موغیرەی کوڕی شوعبە)ش شاهید بوون‌و مۆریان کرد.

---

(١) البقرة: ٢٥٦

پەیمانەکەش بەم گوێرەیە بوو دەڵێ (مەسیحیەکانی نەجران خۆیانو میللەتیانو ئەوانەی سەر بەوانن، ئەوەی لێرەیەو لێرە نیە، ماڵو زەویان لەپەنای خوا سێبەری پێغەمبەرە، نابێ هیچ گۆڕانکار یەکیان لەگەڵ بکرێت، مافو بەرژەوەندیان دەستی لێ نادریو قەشەو مەترانەکانیان لەشوێنی خۆیان دەمێنن، لەگەڵ ئەو زەویو سامانەی کەلەژێر دەستیانە چ زۆر چ کەم، هیچ گلەییەکیان لەسەر نیەو هیچ دوژمنایەتی پێش ئیسلامیشیان لەسەر ناژمێردریو داوایان لێ ناکرێ کەس بۆ جیهاد بنێرن.

نەدەیەكو نەزەکاتیان لێ ناستێندرێ. هیچ سوپایەك ناچێتە ناو خاکیان، هەرکەسێ داوایەکی لەسەریان هەیە دەبێ بەدادپەروەریو ڕاستی بێ. ستەمیان لێ ناکرێو ستەم ناکەن. هەرکەسێکیان سوود (ربا)ی خوارد من پارێزگاری لێ ناکەم، کەس بەگوناهی کەس تاوانبار ناکریو ئەوەی لەولاپەڕە نوسراوە لەپەنای خواو سێبەری موحەممەدی نێردراوی خوایەو تاکو گوێ ڕاوێژ بنو چاك بن نابێ ستەم لەکەسیان بکرێ، تاکو خوا فەرمان دیاردەکات) ئەوەی پێغەمبەر داوای لێ کردن تەنیا ئەوەبوو هەندێ پارە بدەنە دەوڵەتی ئیسلام بەرامبەر پاراستنی هەموو مافێکیان. ئەوەش هیچ بەراورد ناکرێ لەچاو ئەو زەکاتەی موسوڵمانان دەیدەن، بەو شێوەیە پەیوەندی ئیسلامو دانیشتوانی نەجران بەتێن بوو، پەیوەندی ڕۆمو نەجران پچڕا، هەر کۆمەڵێکی مەسیحی تر کەئیسلام نەبوون لەژێر سێبەری مەسیحیەکانی نەجران مانەوە، بێ ئەوەی هیچ جۆرە دەست درێژیەکیان لەسەر بکرێ هەموو وەك موسوڵمانەکان بەسەربەستی ژیان.

بەڵام لەسەر ئەو چاکەو دادپەروەریەی ئیسلام، ئەوانە قەت درێغیان لەخراپە نەکرد لەگەڵ موسوڵمانان. لەجیاتی ئەوە دەست بەو پەیمانەوە بگرنو ڕاست بن، بەپێچەوانە ئاگری گەلێ شەڕیان خۆش کرد لەدژی موسوڵمانان. لەوکاتی (ئەسوەدی عەنەسی) داوای پێغەمبەرایەتی کرد یارمەتیان دا، هەروەها مەسیحیەکانی توغلوب، کە(موسەیلەمەی درۆزن) داوای پێغەمبەرایەتی کرد یارمەتیاندا[1].

(١) زاد المعاد ٣/٦٢٩-٦٣٧ ئەویش لە السيرة لابن كثير ٤/١٠٠ دەگێڕێتەوە.

﴿ پێغەمبەر (ﷺ) نوێنەران بۆ هەموو لایەك دەنێری ﴾

پێغەمبەر (ﷺ) هەموو ڕۆژ پێشوازی نوێنەرانی دانیشتوانی نیمچە دوورگەی عەرەبی دەکردو بەڕووێکی خۆش وەری دەگرتن‌و شوێنی بۆ ئامادە دەکردن‌و میوانداریەکی باشی دەکردن، چەند ڕۆژانیش دەیگێڕانەوە لەگەڵیان دادەنیشت‌و فێری یاساو ڕەوشتی ئیسلامی دەکردن.

ئەو نوێنەرانەش بەدڵێکی خۆش‌و باوەڕێکی بەتین هەستیان لەقسەکانی پێغەمبەر ڕادەگرت‌و لەدڵیان دەچەقی‌و فێری دەبوون. ئەوجا دەگەڕانەوە بۆ ناو هۆزەکانیان، ئەوانیشیان فێر دەکرد. پێغەمبەر (ﷺ) گەلێ لەیارانی تێگەیشتوو بەناوبانگی دەنارده ناو هۆزەکانی دەرەوەی مەدینە، فێری قورئان‌و یاساو ڕەوشتی ئیسلامیان بکەن. بۆ نمونە خالیدی کوڕی وەلیدی نارده نەجران زۆریان موسوڵمان بوون.

دوایی (عەلی کوڕی ئەبی تالیبیشی) هەنارد، (ئەبو موسای ئەشعەری)و (مەعازی کوڕی جەبەلیشی) بۆ یەمەن هەنارد، هەریەکە بۆ لایەك‌و بەهەردوو کیانی گوت (یسرا ولاتعسرا، بشرا ولاتنفرا وتطاوعا)[1] واتە کارئاسان بکەن‌و گرانی مەکەن، ڕووخۆش‌و مزگێنی دەربن‌و ڕووگرژ مەبن خەڵکتان لێ بڕەوێتەوە، بەقسەی یەك بکەن.

بەمەعازیشی گوت تۆ دەچیە ناو هۆزێك خاوەن کتێبن، داوایان لێ بکە دان بەوە دابنێن‌و شایەدی بدەن، کەخوا تاك‌و تەنیایەو هاوبەشی نیەو موحەممەد پێغەمبەری خوایە. ئەگەر ملکەچ بوون، پێیان بڵێ خوا لەماوەی شەوو ڕۆژێکدا پێنج نوێژی لەسەر ئێوە داناوە، دەبێ بیکەن ئەگەر بەقسەیان کردی پێیان بڵێ خوا یارمەتی لەسەر دەوڵەمەندەکانتان داناوە بدرێتە هەژارەکانتان. ئەگەر بەقسەیان کردی ئاگات لەماڵ‌و سامانی بەنرخیان بێ‌و خۆشت زۆر بپارێزە لەدوعای ستەم لێ کراوان، چونکە هیچ

---

(١) سەحیحی بوخاری د- ش الریاض لاپەڕە ٤٨٥ ژمارە ٢٤٤٨.

پەردەیەك لەنێوان خواو ستەم لێكراوان نیە (واتە دوعایان یەكسەر بەخوا دەگات‌و قەبوڵ دەبێت)[1].

ئیمامی ئەحمەد دەگێڕێتەوەو دەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) تاكو دەرەوەی شار مەعازی بەڕێ كرد. مەعاز بەسواری بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) لەتەكیەوە بەپێیان دەڕۆیشت‌و ئامۆژگاری دەكرد. پێی گوت ئەی مەعاز ڕەنگە پاش ئیمساڵ نەمبینیەوە، كاتی گەڕایەوە بەمزگەوتەكەم‌و گۆڕەكەمدا تێبپەڕی. مەعاز لەتاوان دەستی كرد بەگریان.

فەرموودەكەی پێغەمبەر (ﷺ) هەروەك فەرموودەكانی تری هاتەجێ. مەعاز تاكو كۆچی دوایی پێغەمبەر لەیەمەن مایەوە، كە گەڕایەوە چاوی بەپێغەمبەر نەكەوتەوە.

﴿ حەجیماڵ ئاوایی ﴾

ئیمامی ئەحمەد دەگێڕێتەوە دەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) ماوەی نۆ ساڵان لەمەدینە مایەوە نەیتوانی حەج بكات. لەساڵی دەیەم بانگی ڕاهێشت ئیمساڵ (واتە ساڵی دەیەمی كۆچی) دەچێتە حەج، بۆ ئەوەی لەوێ لەگەڵ زۆرترینی موسوڵمانان كۆببێتەوەو بەچاكی فێری حەجیان بكات‌و فێری یاساو ڕێگەی خواپەرستیان بكات تاكو بەتەواوی شوێنەواری بت پەرستی لەڕەگ‌و ڕیشە نەهێڵێ، نەك هەر بۆ ئەو كەسانەی كە لەگەڵی دەچنە حەج، بەڵكو بۆ پشتاو پشت تاكو ڕۆژی قیامەت. لەهەموو لایەك خەڵك بەخۆكەوتن‌و بەخۆشیەوە ڕوویان كردە مەدینە. بۆ ئەوەی حەج لەگەڵ پێغەمبەر بكەن.

لەڕۆژێكی پێنج شەممە، پێنج ڕۆژ مابوو لەمانگی (ذی القیعدة). پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی‌دا لەمەدینە دەرچوون، خێزانەكانیشی لەگەڵ خۆی برد. جابیر دەگێڕێتەوە دەڵێ كەوتینە پێ دەشتی مەدینە، تەماشام كرد هەتاكو چاوبڕ دەكات سوارەو پیادە لەهەر چوار دەوری پێغەمبەر دەڕۆیشتن. ژمارەیان گەیشتە سەدو چواردە هەزار كەس، كەئەوانە پوختەی بەرهەمی خەباتی بیست‌و سێ ساڵ بوون، بەهۆی ئەوانەوە زەوی ڕەوشەن‌و ئاوەدان بۆوە. هەموو بەیەك دڵ‌و بەیەك باوەڕ كەوتبوونە دوای پێغەمبەر، وەك دەریایەك شەپۆلیان ئەدا، هەمووی بەیەك دەنگ لەگەڵ پێغەمبەر هاواریان دەكرد

(١) بڕیاری تەواوی لەسەرە (متفق علیه).

﴿لبيك اللهم لبيك، لبيك لاشريك لك، إن الحمد والنعمة لك والملك.. لاشريك لك[1].

دەشتو دەرو کێو دۆڵ دەیگێڕایەوە، دەنگی ئەو هەموو موسوڵمانانە دەگەییە ئاسمانی حەوتەمینو فریشتەکان لەگەڵیان دەگێڕانەوە. خاکی نیمچە دوورگە قەت ئەو دیمەنەی بەخۆیەوە نەدیبوو، ئەو هەموو موسوڵمانانە بەسەرۆکایەتی پێغەمبەر بەسەری دابڕۆن.

حەجی ئیمساڵ جیاوازیەکی زۆری هەبوو لەگەڵ ساڵی پێشتر، لەو حەجەدا گشتی خوا پەرست بوون، بێ ئەوەی کەسی بت پەرستو ڕووتو قووتیان لەگەڵ بێتو هاویەش بۆ خوا پەیدا بکەن. گەیشتنە (ذی الحليفة) هەموویان دابەزینو جلیان داناو جلی ئیحرامیان لەبەرکرد (دوو پارچە زیاتر نیە، یەکیان لەقەدیان وەردەپێچن، ئەوی تریان بەسەرشاندا ئەدەن، بەو شێوەیە چ جیاوازی نەما لەنێوان کەس. هەمووی سەری قوتو دوو پارچە لەبەر، یەکسانی تەواو لەو شوێنەو لەکاتی مردن بەتەواوی لەنێوان هەموو مرۆڤێك دەردەکەوێ. ئەوجا بەو یاساو شێوەیە کەوتنەوە ڕێگا، تاکو لەڕۆژی چوارەمی مانگی (ذی الحجة) گەیشتنە مەککە.

پێغەمبەر (ﷺ) لەسەرەوەی مەککە لەڕێگەی (کودا) لەدەرگەی شەیبە چووە کەعبە، کەچاوی بەکەعبە کەوت فەرمووی (اللهم زد هذا البيت تشريفاً وتعظيماً وتكريما ومهابة وزد من حجه واعتمره تشريفاً وتعظيماً وتكريماً)[2]. واتە: ئەی خوایە بەرزیەتیو گەورەییو ڕێزو بایەخی ئەو ماڵە هەر زیاد بکەی، ئەو کەسەی ڕێزی دەگرێو حەجو عەمرەی دەکات، ڕێزو پاکیو بایەخیو گەورەیی زیاد بکەی، ئەوجا چووە لای بەردی ڕەشو ماچی کردو هەموو خەڵکەکەشی لەدوابوو. دوای ئەوە کەوتە سووڕان لەدەورەی کەعبە. لەسێ جاری یەکەم بەگورگە لۆقە لەدەورەی سوڕاو چوار جارەکەی تر بەڕۆیشتنێکی ئاسایی ڕۆیشت.

لەکۆتاییدا بەردی ڕەشی ماچ کردەوە. دوای ئەو دوو ڕکات نوێژی لەبارەگای ئیبراهیم پێغەمبەر کرد (کەشوێنەکەی لەتەك کەعبەیە) ئەوجا ڕۆیشت تا چووە سەرگردی سەفاو کەوتە جوولە لەنێوان گردی سەفاو گردی مەروە. کەدەگەیشتە ناوەندی دۆڵەکە بەخێرایی دەڕۆیشتو کەدەگەیشتە نزیکی

(١) سبل الهدى والرشاد ٤٥٨/٢ لە إمام احمد ٣٤١/٢ وبيهقى ٤٥/٥. إبن كثير ٢٩٠/٢ لەشافیعی دەگێڕنەوە.

(٢) سبل الهدى والرشاد ٤٦٢/٢ لەبەیهەقی وەرگرتوە . ابن كثير ٣٩٧/٢ لەئیمامی شافیعیەوە

دواییەکەی بەڕێشتنی ئاسایی دەڕۆیشت. ئەو خەڵکەشی هەر لەدوا بوو هەمان کردەوەیان دەکرد هەمووی هاواریان دەکرد (لبیك اللهم لبیك) تاکو حەوت جارەی تەواو کرد.

لەڕۆژی هەشتەمی (ذی الحجة) کەپێی دەڵێن ڕۆژی ئاودان (التروية) مەککەی بەجێهێشت و بەرەو مینا (منى) ڕۆیشت، شەو لەوێ مایەوە. لەگەڵ شەبەق نوێژی بەیانی کردو گزنگی هەتاو سواری حوشترەکەی ناو (قەسوا) بوو بەرەو کێوی عەرەفە ڕۆیشت، تاکو گەیشتە نەمیرە (نمرة) (ئەوکات تەنیا گوندێك بوو) لەوێ خیوەتێکیان بۆ هەڵدا. کەڕۆژ لاربۆوە (زوال) واتە بووەنیوە ڕۆ سواری حوشترەکەی بۆوەو ڕۆیشت تاکو گەیشتە ناوەندی دۆڵی نەمیرە، لەوێ ڕووی لەو هەموو خەڵکە کردە وتارە گرنگەو پڕ یاسایەکەی دەست پێکرد. یەکەم جار بەدەنگێکی بەرز سوپاسی خوای کردو ئەوجا فەرمووی:

(ايها الناس اسمعوا قولي، فاني لاادري لعلي لاالقاكم بعد عامي هذا بهذا الموقف ابدا. ايها الناس ان دماءكم واموالكم حرام عليكم الى ان تلقون ربكم كحرمة يومكم هذا وكحرمة شهركم هذافي بلدكم هذا وانكم ستلقون ربكم فيسالكم عن اعمالكم وقد بلغت، فمن كانت عنده امانة فليؤده الى من ائتمنه عليها. الا كل شييء في امر الجاهلية تحت قدميموضوع و دم الجاهلية موضوع وان اول دم اضع من دمائنا دم ربيعة بن الحارث وربا الجاهلية موضوع واول ربا اضعه ربا العباس ابن عبدالمطلب فانه موضوع كله، ايها الناس ان الشيطان قد يئس ان يعبد بارضكم هذا ابدا ولكنه ان يطع فيماسوى ذلك فقد رضى به من تحقرونه من اعمالكم فاحذروه على دينكم، ايها الناس ان النسيء زيادة في الكفر يضل به الذين كفروا يحلونه عاما ويحرمونه عاما ليواطئوا عدة ماحرم الله فيحلوا ماحرم الله ويحرموا مااحل الله وان الزمان قد استدار كهيئته يوم خلق السموات والارض وان عدة الشهور اثنى عشر شهرا منها اربعة حرم ثلاثة متوالية ورجب بين جماد وشعبان ايها الناس فان لكم على نساءكم حقا ولهن عليكم حقا ولكم عليهن ان لايوطئن فرشكم احداتكرهونه وعليهن ان لاياتين بفاحشة مبينة فان فعلن فان الله اذن لكم ان تهجروهن في المضاجع وتضربوهن ضر باغير مبرح، فان انتهين فلهن رزقهن وكسوتهن واستوصوا بالنساء خيرا فانهن عندكم عو ان لا يملكن لانفسهن شيئا وانكم انما اخذتموهن بأمانة الله وأستحللتم فروجهن بكلمات الله فاعقلوا ايها الناس فاني قد بلغت وقد تركت فيكم ما ان اعتصمتم به فلن تضلوا ابدا، امراً بيّنا كتاب الله وسنة رسوله.

ايها الناس اسمعوا واطيعوا ان امر عليكم عبد حبشي مجدع ما اقام فيكم كتاب الله تعالى . ارقائكم ارقائكم اطعموهم مما تأكلون واكسوهم مما تلبسون، وان جاؤوابذنب لاتريدون ان تغفروه فبيعوا عبادالله ولاتعذبوهم، ايها الناس اسمعوا قولي واعقلوه تعلمن ان كل مسلم اخ المسلم وان المسلمين اخوة فلا يحل لامري من اخيه الاما اعطاه عن طيب نفسه، فلا تظلمن انفسكم اللهم عل بلغت؟ وستلقون ربكم فلاتر جعوا ابعدي‌كفارا يضرب بعضكم رقاب بعض، الا ليبلغ الشاهد الغائب فلعل بعض من يبلغه ان يكون اوعى له من بعض سمعه وانتم تسألون عني فما انتم قائلون؟ قالوا نشهد إنك قد بلغت واديت ونصحت، فأشار بأصبعه السبابه يرفعها الى السماء وينكتها الى الناس اللهم اشهد (ثلات مرات)[1].

واتە: ئەی خەڵکینە گوێ لەقسەم بگرن، نازانم لەپاش ئیمساڵ ڕەنگە جارێکی تر قەت لەو شوێنە نەتان بینمەوە.

ئەی خەڵکینە خوێن‌و ماڵتان لەیەکتری حەڕامەو ڕێزی هەیە، هەروەك ئیمڕۆ ڕۆژێکە ڕێزی هەیە لەو مانگە ڕێزدارەو لەو خاکە ڕێزدارە کە مەککەو عەرەفەیە. هەموو کارو فەرمانێکی کاتی نەزانینی پێش ئیسلام خرایە ژێر پێی من، تۆڵەو تۆڵە کاری نەما، کەس خوێنی لەگەردنی کەس نەما هەمووی فڕێدرا.

یەکەم خوێن خوێنی ڕەبیعەی کوڕی حاریسە لێبوردراو نەما (ئامۆزای خۆی بوو) هەموو پارەی سوود خواردن (ربا) لاچوو نەما، یەکەم پارەی سوود پارەی عەبباسی کوڕی عەبدولموتەلیب هەمووی نەما. ئەی خەڵکینە شەیتان ناهومێد بوو لەوەی کە لەخاکی ئێوە بپەرسترێ، چونکە کردەوەی لەلاتان ئاشکرابوو، ناتوانی ڕاستەوخۆ بۆتان بێت‌و ئێوەش بەقسەی ناکەن، بەڵام هەندێ هەڵخەڵتاندنی بێ هەستی هەیە، ئێوەش بەشتێکی کەمی دەزانن‌و مەترسی لێ ناکەن‌و شەیتان پێی ڕازی دەبێت، چونکە ئێوە بەو شتانە لەڕێ دەردەچن، ئاگاتان لەخۆتان بێت، نەکەن بەدوای بکەون[2].

ئەی خەڵکینە، پێش خستن‌و دواخستنی مانگەکان (النسيء) زیادڕەویە لەبێ باوەری، ئەو کارە

(١) صەحیحی بوخاری د- ش الرياض ٩٠٦- ٩٠٧ ژمارە ٤٤٠٣ و ٤٤٠٧و مسلم٢/ ٨٨٦ وابو داود ٢/٨٥.

(٢) هەروەك ئێستاکە هەندێ کەس زۆر کردەوەی خراپ بەشتێکی کەم دەزانیو بێ دڵی خۆیان ناکەن.

ڕێگا لەبێ باوەڕان دەگۆڕێ کەهەندێ ساڵ کوشتار لەمانگەکانی ڕێـزدار حـەلال دەکـەنو هەنـدێ سـاڵ حەرامی دەکەنو فێڵ لەو ژمارەیە دەکەن کەخوا حەرامی کردووە، ئەوەی خوا حەلاڵی کـردوە حـەرامی دەکەن، ئەوەی خوا حەرامی کردووە ئەوان حەلاڵی دەکەن، چەرخو کات وەك خۆی گەڕایەوە، لەو ڕۆژەی خوا زەویو ئاسمانەکانی دروست کردووە ژمارەی مانگەکان دوازدە مانگە، چواریان ڕێزدارانو سیانیان لەدوو یەکن ئەویتریان ڕەجەبە، لەنێوان جێمادی دووەمو شەعبانە[1].

دوای ئەوە فەرمووی لەخوا بترسن لەڕاست ژنان باش بن، ئێوە مافتـان لەسـەر ژنـەکانتان هەیـەو ئەوانیش مافیان هەیە لەسەرتان، ئێوە مافی ئەوەتان هەیە کەسانێك هاتوچۆیان نەکەن کەئێوە پێتـان ناخۆشە، مافی ئەوەتان هەیە کەئەوان چ کارێکی ناشیرین نەکەن، ئەگەر کردیان خواماوەی بەئێوە داوە کەلەسەر جێگای خەوتن ڕوویان لێ وەربگێڕن، لێیان بدەن بـەلاّم لێـدانێکی بـێ ئـازار بـێو هـەر بـۆ ترساندن بیت[2]. ئەواتن نانو بەرگیان لەسـەر ئێوەیـەو لـەژێر چـاودێری ئێـوەنو بەنـدن بـەئێوەو بـێ دەسەلاّتن. ئەوانەتان هێناوە ئەمانەتی خوان لەلای ئێوەو بەفەرمانی خواو بەقسەی خـوا بۆتـان حـەلاّڵ کراون.

ئەی خەڵکینە گوێ بگرنو ملکەچی بن، ئەگەر بەندەیەکی حەبەشی گوێ براو، بـوو بەگـەورەتان، هەتاکو بەگوێرەی کتێبی خوا بەرێوە بروا، بەقسەی بکەن.

کۆیلەکانتان کۆیلەکانتان، ئێوە چ دەخۆن ئەوەیان پێ بدەن، ئێوە چ لەبـەر دەکـەن ئـەوەیان لەبـەر بکەن. ئەگەر خراپەیەکیان کرد لێیان ببوورن، ئەگەر نەشتان ویست لێیان ببـوورن. ئـەی بەنـدانی خـوا بیانفرۆشن ئازاریان مەدەن.

ئەی خەڵکینە گوێتان لەقسەم بێتو تێبگەن، ئەی خەڵکینە لەو قسانەم بگەن کەپێم گوتن، ئەوەی

---

(١) سەحیحی بوخاری د-ش الریاض لاپەڕە ٦٥٣ ژمارە ٣١٩٧. عەرەبەکان پێش ئیسلام بەئارەزووی‌خۆیان یاریان بەو مانگانە دەکردو پاشو پێشیان دەکردن، تاکو شەڕیان تێدا بکەن. هەموو ساڵێش بـەئارەزووی خۆیـان حـەجیان لـەمانگێکی دیـار کـراو دەکرد، دوو ساڵان لەمانگی (ذا الحجة)و دوو ساڵانیش لەمانگی (موحەرەم) دەیـانکرد، ساڵیـشیان بـەدوازدەمانگو پـازدە ڕۆژ دەژمارد.

(٢) پیاوانی نەزان لایان ئازایەتیە کەبەمستو بەشەقو مـەترەق لەژنـەکانیان ئـەدەن، نـازانن کەئـەوە تـاوانێکی زۆر گەورەیـە دەیکەن. دەبێ بزانن خوا ڕێگەی داوە تەنیا دار سیواکێك وەیا پارچە پەڕۆکێکی سەبری لەشان بدرێ، تـا بزانـی پیاوەکـەی لێـی توڕەیە.

بۆتان بەجێ دێڵم ئەگەر دەستی پێوە بگرن، لەدوای من ڕێگە بزر ناکەن، فەرمانێکی زۆر ئاشکرایە، ئەویش کتێبی خوایەو ڕێبازی پێغەمبەرە. هەموو موسوڵمانێك برایە لەگەڵ موسوڵمان. موسوڵمان هەمووی برای یەکن هیچ کەس بۆی نیە هیچ داوایەك لەبرای بکات، تەنیا ئەوەی بەئارەزووی خۆی پێی نەدات. ستەم لەخۆتان مەکەن، ئایا پێم ڕاگەیاندن؟ ئێوە بەرەو ڕووی خوا دەبنەوە لەدوای من مەگەڕێنەوە سەر بت پەرستیو ڕێگا بزربکەنو کافر ببنو یەك لەگەردەنی یەکتری بداتو یەکتری بکوژن[1] با ئەوەی لێرەیەو گوێی لەو قسانەیە، بابەوانی تر بڵێن کە لێرە نینە، ڕەنگە ئەوانەی پێیان دەگوترێ، باشتر تێبگەن لەوانەی کە لێرە گوێیان لێ بوو.

ئێوە پرسیاری منتان لێ دەکرێ ئایا چ دەڵێن؟ هەموو گوتیان شایەدی ئەدەین، کەپێت ڕاگەیاندینو ئامۆژگاریت کردینو جێ بەجێت کرد. کەوایان گوت دەستی بلند کردو پەنجەی شادەی سێ جار درێژ کرد بۆ ئاسمان فەرمووی خوایە شاهید بە. هەرچەند جاری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) قسەی دەکرد، لەگەڵ هەموو قسەیەك (ڕەبیعەی کوڕی خەلەف) بەدەنگێکی بەرز قسەکانی پێغەمبەری دەگوتەوە، تاکو ئەو حەشاماتە گوێیان لێ بێت، وەك (مکبرە)ی ئێمڕۆکە. بەو شێوەیە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ویستی هەموو موسوڵمانەکان لەڕەوشتی ئیسلام ئاگادار بکا کەچۆنەو چۆنی جێبەجێ بکەن.

کە لەوتارەکەی بۆوە، لەحوشترەکە دابەزیو دانیشت تاکو نیوەڕۆ، نوێژی نیوەڕۆو عەسری بەکۆکردنەوە کردو ئەوجا سواری حوشترەکەی بۆوە، پەڕیەوە عەرەفە تاکو گەیشتە بەردە گەورەکانی سەرەوەی عەرەفەو لەوێ ڕاوەستا، فەرمووی عەرەفە هەمووی شوێنی ڕاوەستانە. ئا لەو کاتەوە لەو شوێنە فەرمانی خوای بۆ هات کەدەفەرموێ ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا﴾[2] واتە ئێمڕۆ کەئاینەکەتانم بەتەواوی‌و بەڕێکی دامەزراو هەموو شتێکشم

---

(١) پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەیزانی هەموو دەبنە نۆکەری بێگانانو بەقسەی ئەوان پەیڕەو دەکەنو لەسەر دەسەڵات ماڵ یەکتری دەکوژن. چونکە جێگاو کات ڕووداوان لەپێغەمبەران ناشارنەوە.

(٢) المائدة:٣، بەناردنی ئەو ئایەتە خوا دیاری خست، هەر چ فەرمانێکی هەناردوویەتی لەیەکەم ڕۆژەوە گشتی تەواوکەری یەکترە، هیچ یاساو فەرمانێك لەفەرمانەکانی خوا لەیەك جیاناکرێنەوە، ئەوجا چ ئەوەی پەیوەندی بەڕەوشتی کۆمەڵایەتیو خواپەرستیو حەڵاڵو حەرام ئابووریو دەوڵەتو فەرمانڕەوە هەیە، هەمووی بەیەکەوە بەستراونو هەمووی ئاینەو ڕەوشتی ئیسلامە. هەموو کەسێکی خاوەن توانا بەشێکی یان پارچەیەکی لێ دابڕێ دەرچوونو دابڕانە لەهەمووی دەرچوونە لەئاین. گرتنی هەر یاسایەك کەمرۆڤ دایدەنێ دەبێتە مرۆڤ پەرستی.

لەیاساو چاکەی خۆم بۆ تەواوکردنو ڕێگەی تەواوم پیشان دان، بەئاینی ئیسلام ڕازی بووم بۆتان.

پێغەمبەر (ﷺ) هەتاکو ڕۆژئاوا لەعەرەفە مایەوەو بەپاڕانەوە لەبەر خوا کاتەکەی بەڕێ کرد. بەشێوەیەکی وا لەبەر خوا دەپاڕایەوە وەك هەژارێکی بێ دەسەڵات، دەیگوت (ئەی خوایە تۆ گوێت لەقسەی منەو شوێنی من دەبینی، نهێنیو ئاشکرای من دەزانیو هیچ شتێك لەتۆ بزر نابێ. من هەژارو بێ دەسەڵاتم، هاوارت دەکەمێو پەنات بۆ دێنم، ترسی تۆم لەسەرەو دان بەگوناهانم دائەینم. هەروەك هەموو بێ دەسەڵاتان داواکارم لێت، هەروەکو گوناهکارو بێ دەسەڵاتان ڕووت تێدەکەم. هەروەکو ئەوانەی گوناهبارو شەرمەزارنو دەترسن شۆڕو چاو بەفرمێسکن لەبۆتۆو هەموو گیانیان بێ دەسەڵاتەو چاریان ناچارە. ئەی خوایە نەمهێنیە ڕێزی خراپان، بەزەییت پێمدا بێت، تۆ چاکترین لێپرسراویو چاکترین بەخشندەی[1].

لەدوای ڕۆژئاوا پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ موسوڵمانان لەعەرەفە هاتنە خوارەوە بۆ موزدەلیفە، نوێژی هێوارەو خەوتنانی بەکۆکردنەوە کردو شەو لەوێ خەوت.

کەشەبەقی بەیانی دەرکەوت نوێژی بەیانی کرد، ئەوجا سواری حوشترەکەی بۆوە چووە مەشعەری حەرامو ڕووی کردە قیبلە، کەوتە دوعاو پاڕانەوەو (الله أکبر) تاکو ڕۆژ تەواو ڕووناك بوو.

پێش ڕۆژهەلات لەموزدەلیفەوە کەوتە ڕۆیشتن، فەرمانی دایە عەبباس حەوت وردە بەردی بۆ هەڵگرتەوە. پێغەمبەریش (ﷺ) لەناو دەستی خۆی دانـاو فەرمووی ئەو جۆرە بەردانە بۆ ڕەجم باوێن[2]. کەگەیشتە دۆڵی (موحەسسەر) (محسر) لەنێوان موزدەلیفەو مینایە، کاتی خۆی فیلەکانی (ئەبرەهە) لەوێ جەنەیان گرتو نەڕۆیشتنو بەردباران کران.

حوشترەکەی بەخێرایی لێخوڕی، پێغەمبەر (ﷺ) ڕەوشتی وابوو لەو شوێنانەی کەبەهۆی گوناهان خەڵکی لێ فەوتاوەو خراپەیان بەسەر هاتووە، دەیویست زوو لێی دەرباز ببێت، کەگەیشتە مینا، چووە لای (جەمەرەی عەقەبەی یەکەم) (کورد پێی دەڵێن شەیتانی گەورە!) کەعبەی خستە دەستە چەپیو مینای خستە دەستەڕاستیو ڕووی لەجەمەرە کرد. لەسەر حوشترەکەیەوە دەستی کرد بە بەرد هاوێشتن،

---

(١) السیرة النبویة لابن کثیر ٤١٧/٢ لەطبرانی دەگێڕێتەوە.

(٢) زاد المعاد ٢٥٤/٢ و٢٥٨/٢ لەئیمام ئەحمەد ١٥/١ و ٢٥١/٥، ٢٤٧و نسائی ٢٦٨/٥ دەگێڕێتەوە.

لەگەڵ هەموو بەردێك دەیفەرموو (الله اكبر) تاكو حەوت بەردەكەی هاوێشت. لەدوای ئەوە كۆتایی بەهاوار كردنی (لبيك) هێنا.

بیلال‌و ئوسامەش بەردیان لەگەڵ دەهاوێشت، یەكیان جەلەوی حوشترەكەی پێغەمبەری گرتبوو و ئەویتریان بەكراسەكەی سێبەری لێ دەكرد. هەر بۆیە دروستە حەجاج بەسەیوان یا بە شتێكی تر سێبەر لەخۆی بكات. ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوە میناو وتارێكی باشی داو گەورەیی جەژنی قوربانی دیاركرد. لەهەمان وتاردا فەرمووی ﴿ اعبدوا ربكم وصلوا خمسكم وصوموا شهركم واطيعوا أميركم تدخلوا جنة ربكم﴾[1].

واتە: خوای خۆتان بپەرستن، پێنج نوێژەی خۆتان بكەن، مانگی خۆتان بەڕۆژوو بن، ملكەچ بن بۆ فەرمانڕەواتان، دەچنە بەهەشتی پەروەردگارتان.

وتارێكی تری درێژیدا هەر هەمان مەبەستی وتارەكەی (نەمیرە)ی دەرخست لەوێوە ڕۆیشت بۆ سەربڕینی دیارییەكانی كەعبە. شەست‌و سێ حوشتری بەپێوە بەدەستی خۆی سەربڕی، حوشترەكان دەستی چەپیان بەسترابوو، ئەو ژمارەیەش بەقەد سالانی تەمەنی بوو.

ئەوجا فەرمانی دایە عەلی كوڕی ئەبی تالیب ئەوانی تری سەربڕی، ژمارەیان بووە سەد حوشتر، فەرمانی كورتان‌و گۆشتەكانیان بەسەر هەژاراندا بەشیەوەو فەرمووشی لەو قوربانیانە هیچ مەدەنە قەساب، خۆمان كرێی ئەدەینێ. ئەوجا بانگی سەرتاشی كرد. (موعەممەری كوڕی عەبدوللا) بەگوێزانەوە ئامادەبوو. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خوا بۆی ڕێكخستی، ئەوا پێغەمبەر كەوتە ژێر دەست‌و گوێزانت بەدەستەوەیە!، ئەویش گوتی ئەی پێغەمبەری خوا من بەچاكەیەكی گەورەی دەزانم خوا لەگەڵی كردوومە لەخزمەت پێغەمبەرم. پێغەمبەریش فەرمووی منیش بەچاكەی دەزانم[2] دوای ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) سێ جاران بۆ ئەو كەسانە پاڕایەوە سەریان تاشی، فەرمووی خوایە ڕەحم بەسەرتاشراوان بكەی، هەریەك جار پاڕایەوە بۆ ئەوانەی كەپرچیان كورت كردەوە[3]. ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) بەسواری حوشترەكەی بەرەو مەككە شۆڕبۆوەو پێش نیوەڕۆ كەوتە سووڕان بەدەورەی كەعبە، بی

---

(١) زاد المعاد ٢/٢٥٤ و ٢/٢٥٨ لەئیمام ئەحمەد ١/٢١٥ و ٥/٢٥١، ٢٤٧ و نسائی ٥/٢٦٨ دەگێڕێتەوە.

(٢) هـ. س.

(٣) هـ.س.

ئەوەی گورگە لۆقە بکات، کەحەوت جارەی تەواو کرد، چووە سەر ئاوی زەمزەم، کـەئاویان هەڵـدێنجا، فەرمووی ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە خەڵك کەڵەکەتان لەسەربکات، دەهاتمە خوارەوە لەگـەڵ ئێـوە ئـاوم ئەدا خەڵك[1]. ئەوجا دۆڵکە ئاوێکیان دایێ و بەپێوە خواردیەوە لەوێوە گەڕایەوە مینـا. سـێ ڕۆژانـیش لەمینا مایەوە هەر سێ ڕۆژان ڕەجمی هەرسـێ جەمـەرەکانی کـرد. لەیەکـەم و دووەمیـان ڕادەوەستاو دوعای دەکرد، بەڵام لەسێیەمیان ڕانەدەوەستا. دوایی ئەو ڕۆژەی سێشەممو دوای نیوەڕۆ (واتە لەڕۆژی سێیەمی جەژن) شۆڕبۆوە چووە (موحەسسەب لەوێ ئەبو ڕافیع) خیوەتی بۆ هەڵـدابوو. نوێـژی نیـوەڕۆ عەسکری پێکەوە کردو نوێژی ئێوارەو خەوتنانیشی پێکەوە کردو ئەوجا پشووە خەوێکی کـردو ڕاست بۆوە چۆو مەککە. شەو نێزیکی بەیان لەدەوری کەعبە کەوتە سووڕانی ماڵ ئاوایی (طواف الوداع).

دوای ئەوە فەرمانی دا بۆ گەڕانەوە بۆ مەدینە، هەر هۆزەو هەر کۆمەڵە بەخۆکەوتن و ڕۆیـشتنەوە بۆ ئەو شوێنانەی لێوەی هاتبوون.

پێغەمبەریش (ﷺ) بەرەو مەدینەکەوتە ڕێگا، گەیشتنە شوێنێك پێـی دەڵـێن (غـەدیری خـوم) کۆمەڵێك لەخەڵکی یەمەن هاتنە لای شکاتیان لەعـەلی کـوڕی ئـەبی تالیـب کـرد، چـونکە هەندێ کردەوەی لەگەڵ کردبوون پێی ڕازی نەبوون.

پێغەمبەریش (ﷺ) تەماشای کرد عەلی لەسەر ڕاستیە، وتارێکی داو فەرمووی (من کنت مولاه فعلي مولاه) واتە: ئەگەر کەسێك من بەخۆشەویست و لایەنگیری خۆی دەزانی، عـەلیش خۆشەویـست و لایەنگیریەتی، فەرمووی خوایە ئەو کەسەت خۆش بوێ کەعەلی خۆش دەوێ، دوژمنایەتی ئـەو کەسـە بکەی کەدوژمنایەتی عەلی دەکات[2] لەپاش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) گەیشتە (ذي الحليفة)، شەو لەوێ مایەوە، بەیانی بەڕێ کەوت، کەمەدینەی لـێ بەدەرکـەوت سـێ جـاران فـەرمووی (الله اکبر) ئـەوجا

---

١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢) زاد المعاد، ٢/٢٧٠ وابن کثیر ٤٢٧/٢، ٢١ شیعەکان ئەو ڕۆژەیان کردوتە جەژن، وای دەژمێرن، کەئەو قسەیە وا دەگەیـەنێ پێغەمبەر (ﷺ) مەبەستی ئەوە بووە کەدوای خۆی عەلی ببێتە خەلیفە، بۆیە دەڵێن ئـەوانی دوای پێغەمبـەر بوینـە خەلیفـە، خەلیفایەتیان لەعەلی زەوت کردووەو بەهەڵگەڕاوەیان دادەنێن لەئیسلام، بـەڵام بـە ڕاسـتیدا پێغەمبـەر هـەر ستایـشی عـەلی نەکردووە بەڵکو ستایشی هەموو یارەکانی کردووە، هەریەکەش بەگوێرەی شوێنی خۆی، ئـەو ستایـشانەش ئـەوە ناگەیـەنێ کـە لەدوای خۆی ببنە خەلیفە. هیچیشیان قەت لەفەرمانی پێغەمبەر دەرنەچوون.

فەرمووی (لا إله الا الله وحده لاشريك له، له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير، ايبون تائبون عائدون لربنا حامدون، صدق وعده ونصر عبده وهزم الاحزاب وحده). واته هەر خوای تاكو تەنیا هەیە هیچ خوای تر نیەو هاوتای نیە، ماڵو سامان هەمووی هەر هی ئەوە، توانای بەسەر هەموو شتێكدا هەیە، بەپاكی گەڕاینەوە، لەهەموو گوناهان پەشیمانین، خوا دەپەرستین سوپاسی خوا دەكەین، بەڵێنی ڕاستی داو بەندەی خۆی سەرخستو كۆمەڵی بێ باوەڕانی بەزاند.

﴿ نەخۆشكەوتن و كۆچی دوایی پێغەمبەر (ﷺ) ﴾

پاش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لەحەجی ماڵئاوایی گەڕایەوە. لەهەموو ناوچەكانی نیمچە دوورگەی عەرەب دڵنیا بوو كەئیسلامەتی بەتەواوی پەرەی ستاندو ڕەگی داكوتا، مەگەر چەند شوێنێكی نادیارو نەناسراو نەبێ، دەنا ئەویتری هەمووی سەری بۆ ئیسلامەتی دانەواندو باوەڕی تەواوی بەئیسلام هێنا. ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) بیری لەسەرووی نیمچە دوورگە كردەوە، چونكە ڕۆمەكان دەست بزێویەكی زۆریان دەكردو گەلێ موسوڵمانانیان كوشت. یەكێكی وەك (فەروەی كوڕی عومەری جوزامی) كە ڕۆمەكان كردبوویانە والی لە(مەعان)و دەوروبەرەكەی، لەشام موسوڵمان ببوو. ڕۆمەكان لێی تووڕە بوونو لەشكریان بردە سەرو گرتیانو كوشتیان. لەبەرئەوە پێغەمبەر (ﷺ) بیری كردەوە كەڕۆژێك ڕۆم بەهەموو هێزیانەوە بەخۆیكەونو هێرش بێننو مەترسی موسوڵمانان لەسەر سنوور لەلای شام لابەن. لەبەرئەوە پێغەمبەر (ﷺ) زوو لەشكرێكی ئامادە كرد بەسەركردەی (ئوسامەی كوڕی زەید). زۆر لەپێشەوایانی ئیسلامی وەك ئەبوبەكری سدیق عومەری كوڕی خەتابی لەگەڵ بوو.

زەید هەرچەندە كەتەمەنی بیست ساڵان بوو، بەڵام لاوێكی زۆر لێهاتوو. باوكیشی لەشەڕی موئتە شەهید كرابوو، بەڵام هەندێك لەیاران پێی سەرگران بوون ئەو كوڕە لاوە ببێتە سەرداری ئەو لەشكرە. دوو ڕووەكانیش هیچ درێغیان نەكرد لەقسەو قسەلۆك. بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ویستی ئەو لاوانە باوەڕیان بەخۆیان هەبێتو بەئەركی سەرشانیان هەڵبستن، فەرمانی دایە ئوسامە بەلەشكرەوە بچێتە ناو دەڤەری (بەلقا)و (دارووم) لەخاكی شام، لەنزیك موئتە، ئەو شوێنەی كەباوكی لێ شەهید كرابوو بەو نیازە كەبەیانیەك بەزوویی بەسەریاندا بداو نەهێڵی دوژمن بەخۆی بزانێو بەكوشتنو بەسوتانی

خانوەکانیان شپرزەیان بکات. ئەگەر خوا سەری خست بگەڕێتەوە.

لەشکر بەڕێ کەوت بەرەو شوێنێك لەنزیك مەدینە کەپێی دەڵێن (جورف) لەوێ مانەوە تا تەواو ئامادە دەبن و ڕێك دەکەون بۆ ئەو ڕێگە دوورە.

بەڵام لەو کاتە واتە دوارۆژی مانگی سەفەر پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش کەوت، لەبەر ئەوە خۆیان دواخست تاکو بزانین ئەو نەخۆشیەی پێغەمبەر بەچی دەگات. چونکە پێغەمبەر (ﷺ) هەرچەندە ئەرکی سەرشانی گەلێ گران بوو بەڵام خوا تەندروستیەکی وای پێدابوو. بەخۆشی زۆر ئاگاداری تەندروستی خۆی بوو، گەلێ زاناش بوو بەپێویستیەکانی لەشی مرۆڤ، کەمی دەخواردو خواردنیشی سووك و ئاسایی بوو. باوەڕیشی ئەوەندە بەخوا بەتین بوو، خەفەت و دڵ تەنگی لەناو دڵی خۆی ڕانەدەگرت و هەموو شتێکی لەخوا دەزانی و پشتی بەخوا دەبەست. ئەو شتانەش نەخۆشی لەمرۆڤ دوور دەکەنەوە.

لەیەکەم دەست پێکردنی نەخۆشیەکەی، شەوێك فەرمانی پێدرا بچێتە گۆڕستانی (بەقیع) بۆ مردوەکان بپاڕێتەوە. لەنیوەشەو ڕاست بۆوەو دەرچووە دەرەوە تەنیا (ئەبو مووەیهیبە)ی لەگەڵ خۆی برد. ئەبو مووەیهیبە دەڵێ پێی گوتم لەگەڵم وەرە، فەرمانم پێدراوە بۆ مردوەکانی بەقیع بپاڕێمەوە.

کەچووینە سەرگۆڕەکان ڕاوەستاو فەرمووی (السلام عليكم يا أهل المقابر، ليهنيء لكم ما اصبحتم فيه مما اصبح الناس فيه، اقبلت الفتنة كقطع الليل المظلم يتبع اخرها اولها، اخره شر من الاولى). واتە: سەلام لەسەر ئێوە ئەی خەڵکی گۆڕستان خۆشی لەئێوە لەوەی کەتێیدان و لەوەی کەخەڵك تێدایە. خراپەو شەڕو شۆڕ وەك پارچەی تاریکە شەوان دێت، دواییینەکەی بەدوای سەرەتاکەی دەکەوێ، دواییینەکەی لەسەرەتاکەی خراپترە.

ئەوجا ڕووی لەئەبو مووەیهیبە کردو پێی گوت (إني قد أعطيت مفاتيح خزائن الدنيا والخلد فيها، فخيرت بين ذلك وبين لقاء ربي والجنة. فقلت بأبي انت وأمي فخذ مفاتيح خزائن الدنيا وتخلد فيها، ثم الجنة. قال لا والله يا أبا مويهبة قد اخترت لقاء ربي والجنة)[1] واتە: سەرپشك کراوم لەنێوان ئەوەی کەکلیلی گەنجینەی دونیام پێدراو مانەوەش لەدونیا تاکو کۆتایی ئەو ژیانە لەسەر زەوی ئەوجا

---

١) إبن كثير ٢/٤٥٨.

بەهەشتیش‌و لەگەڵ گەیشتن بەخوا. ئەبو مووەیهبیە گوتی گەنجینەو مانەوەو بەهەشت هەڵبژێرە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ناوەڵڵا من گەیشتن بەخواو بەهەشتم هەڵبژارد. ئەوجا بۆ مردووەکان پاڕایەوە. دوایی ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵ.

بەیانی ژانەسەرێکی زۆر بەتێنی گرت، بەڵام هێشتا وای لێ نەکردبوو لەگەڕان بکەوێ. کەچووە لای عائیشەی خێزانی ئەویش ژانە سەری لێبوو. عائیشە گوتی وای سەرم. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی نا من وای سەرم. دووبارە عائیشە گوتی وای سەرم. پێغەمبەر (ﷺ) کەوتە خافڵاندنی، فەرمووی چ زیانت پێ ناگا ئەگەر پێش من بمرێ‌و خۆم سەرپەرشتی شوشتن‌و کفن‌و نوێژو شاردنەوەت بکەم.

عائیشەش هەروەك هەموو ژنێك هەستی بزووت‌و خۆشەویستی ژیانی لەناو دڵ جوڵاو گوتی ئەو بەختەوەریە یا بۆ یەکێکی تر بێت، من دەزانم ئەگەر وات کرد ژنەکانی تر دەینیە ماڵەکەم.

پێغەمبەر (ﷺ) زەردەخەنەیەکی هاتێ لەبەر ژانەسەر نەیتوانی چیتر قسەی لەگەڵ بکات[1]. کاتێك تۆزێك هەستی بەخۆشی کرد، چووە لای ژنەکانی تر، یەکە یەکە چاوی پێیان کەوت، تاکو چووە لای مەیمونە. بەڵام لەوێ توانای نەما کەوتە سەر جێگاو هەموو ژنەکان دەوریان لێدا، داوای لێکردن بیبەنەوە ماڵی عائیشە لەوێ چارەی بکرێ. ئەوانیش ڕێگایان دا. پێغەمبەر (ﷺ) بەسەرپێچراوی دەرچوو، خۆی هاوێشتە سەرشانی عەبباسی مامی‌و عەلی کوڕی ئەبی تالیب. قاچەکانی بەتەواوی زەویان نەدەگرت.

لەیەکەم ڕۆژەکانی نەخۆشیەکەی تای زۆر بەتینی دەهاتێ، دەتگوت ئاگرە. لەسەر ئەو حاڵەش لەچوونە مزگەوت دوانە کەوت‌و نوێژی بۆ موسوڵمانان هەر دەکرد، بەڵام لەفەرەزەکان زیاتری پێ نەدەکراو نەشیدەتوانی قسە لەگەڵ موسوڵمانان بکات‌و وتاریان بۆ بدات. لەوکاتەش قسەی خەڵکی دەبیستەوە لەسەر ئەوەی ئوسامەی کردۆتە سەر لەشکر. ویستی قسە لەو بابەتەوە لەگەڵ موسوڵمانان بکات. ئەو ڕۆژە پێنج شەموو بوو پێنج ڕۆژ پێش کۆچی دوایی بوون فەرمووی حەوت کوندە ئاوم لەچەند بیرێکی جیا جیا بۆ بێنن‌و پێم دا بکەن گیانم سووك دەبێ‌و دەچم قسە لەگەڵ خەڵك دەکەم. ئاوەکەیان بۆ هێناو پێغەمبەریان خستە ناو تەشتێك‌و ژنەکانی ئاوەکەیان پێداکرد. کاتێك فەرمووی

(1) هـ. س.

بەسە. جلەکانیان لەبەرکردەوەو سەری بەستو لەشی سووك بوو[1] چووە مزگەوتو سەرکەوتە سەر مینبەر (سێ قادرمە بوو)، سوپاسی خوای کردو بۆ شەهیدانی ئوحود پاڕایەوە، داوای لێخۆش بوونی لەخوا بۆ کردنو زۆریشی ستایش کردن.

ئەوجا فەرمووی ئەی خەڵکینە، ناردنی (ئوسامە) جێبەجێ بکەن، بەو خوایەی کەگیانی منی بەدەستە ئەگەر قسە لەسەرکردایەتی دەکەنو ڕەخنەی لێ دەگرن، لەپێشا قسەتان لەسەر باوکیشی دەکرد، ئەولاوە خوا بۆ فەرماندەیی دروست کردوە[2]. ئەگەرچی باوکیشی هەربۆیە دروست کرابوو.

پاش ئەو وتارە پێغەمبەر (ﷺ) ماوەیەك بێ دەنگ بوو، ئەوجا کەوتەوە قسە کردنو فەرمووی (إن عبداً من الله خيره الله بين الدنيا والاخرة وبين ماعنده فاختار ماعندالله) واتە خوا بەندیەك لەبەندە کانی سەرپشك کرد لەنێوان ژیانی دونیاو پاش دونیا لەلای خۆی. ئەو بەندەیە لای خوای هەڵبژارد. پیغەمبەر (ﷺ) بێ دەنگ بوو. خەڵکەکەش هەستی لێوەنەهات. بەڵام ئەبوبەکری سدیق زانی کەپێغەمبەر لەو فەرمودەیە مەبەستی خۆیەتی، بۆیە دەستی کرد بەگریانو گوتی خۆمانو کوڕەکانمانت بەقوربان بیت[3] خەڵکەکە سەرسام بوون بەڵام تێنەگەیشتن بۆچی ئەبوبەکر وای گوت پێغەمبەریش (ﷺ) ترسا هەموو خەڵکەکە وای بەسەر بێت، بەئەبوبەکری گوت لەسەرخۆبە. ئەوجا فەرمانی دا کەئەو ماڵانەی کەدەرگایان لەدیواری مزگەوت بوو دابخست. تەنیا دەرگەی ماڵی ئەبوبەکر نەبێ (خانوەکانی دەوری مزگەوت هەموو دەرگەیان لەناو مزگەوت هەبوو، کابرا لەماڵی خۆیەوە دەچووە مزگەوتو لەمگەوتیش دەگەڕایەوە ماڵ). دیسان پێغەمبەر فەرمووی: (إني لا أعلم أحد أكان أفضل في الصحبة عندي يدا من ابوبكر، ولو كنت متخذا من العباد خليلا، لاتخذت ابابكر خليلاً ولكن صحبة وإخاء ايمان حتى يجمع الله بيننا عنده، وإني والله ما اخاف أن تشركوا بعدي ولكني اخشى عليكم الدنيا ان تنافسوا فيها)[4] واتە: کەسم لەهاوڕێیانی خۆ لەئەبوبەکر چاکتر نەبوون، چ بەماڵ چ بەچاکە درێغی نەکردوە، ئەگەر کەسم بکردایە برای خۆم ئەبوبەکرم دەکردە برایخۆم، بەڵام هاوڕێو

---

(١) فتح الباري لشرح صحيح البخاري ١٥٣/٨.

(٢) سەحيحی بوخاری دار النشر الرياض لاپەڕە ٩٢٠ ژمارە ٤٤٦٩.

(٣) فتح الباري لشرح صحيح البخاري ١٢/٢.

(٤) فتح الباري ٢٢٧/٢.

برایەتی باوەڕە تاکو خوا لەلای خۆی کۆمان دەکاتەوە. بەو خوایە من لێتان ناترسم بگەڕێنەوە سەر بت پەرستیو هاوبەش بۆ خوا پەیدا بکەن، بەڵام لەوە لێتان دەترسم لەسەر پایەو دەسەڵاتو ماڵی دونیا ڕکابەریو دوژمنایەتی لەگەڵ یەك بکەن. لە(فەزلی کوڕی عەبباس) دەگێڕنەوە دەڵێ پێغەمبەر لەسەر مینبەر فەرمووی کێ داوای لەسەرم هەیە بابێ، ئەوەی دارێکم لەپشتی داوە بابێ لێم بداتەوە، ئەوەی ماڵم لێ ستاندوە تاکو بیدەمەوە ئەوەی جنێوم پێداوە با پێم بداتەوە، با لەدوژمنایەتی نەترسی ئەوە پیشەی من نیە، ئەو کەسەم لەلا خۆشەویستە مافی خۆیم لێ وەربگرێتەوە، یا گەردەنم ئازا بکات، پێم خۆشە کەبەرەو ڕووی خوا دەبم مافی کەسم لەسەر نەبێت.

یەکێك گوتی ئەی پێغەمبەری خوا سێ درهەمم لەسەرتە، ڕۆژێك پێت گوتم بیدەمە هەژارێك، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی عەبباس بیدەوە[1].

دوای ئەوە پێغەمبەر فەرمووی کێ ماڵی دەسکەوتی شەڕی بردووە با بیداتەوە. یەکێك گوتی من چەند درهەمم لەماڵی دەسکەوت بردوە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بۆچی بردووتە؟ گوتی پێویستیم پێی هەبوو. فەرمووی ئەی فەزڵ لێی وەربگرەوە یەکێکی تر ڕاست بۆوە وتی ئەی پێغەمبەری خوا من پیاوێکی دوو ڕوو درۆزنم. عومەری کوڕی خەتاب گوتی خوا بۆی پۆشی بووی ئەگەر لەخۆت ئاشکرانە کردبایە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی عومەر ئاگات لەخۆ بێو ڕوو ڕەشی قیامەت خراپترە لەڕوو ڕەشی دونیا. ئەوجا پێغەمبەر دوعای بۆ کرد، فەرمووی خوایە ڕاستیو باوەڕی تەواوی پێ بدەیو ئەگەر ویستی دوو دڵی لەبیر نەهێڵی ئەوجا فەرمووی عومەر لەگەڵ منەو منی لەگەڵ عومەرم، حەقو ڕاستیش لەدوای من لەگەڵ عومەرە[2].

پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر مینبەر هاتە خوارەوە، ویستی بڕواتەوە ماڵەوە، ڕووی لەخەڵکەکە کردو فەرمووی، ئەی کۆچ کردوان باش بن لەگەڵ یاریدەدەران (واتە لەگەڵ خەڵکی مەدینە ئەوان دوو تیرەی بچوك بوون لەچاو عارەبەکانی نیمچە دوورگەو قورەیش) خەڵکی لەزۆر بوونو گەشە دەکەن. ئەوان وەك خۆیان زێدە ناکەن، ئەوانە تایبەتی بوون بۆ من جێگای نهێنی دڵم بوون کەحەوامەوە، چاکە لەگەڵ

(١) ابن كثير السيرة ٤٦٤/٢ و٤٦٩/٢٣.

(٢) هـ. س، لەئیمام ئەحمەدی دەگێڕێتەوە.

چاکیان بکەن ئەوەی خراپە لەناویان‌و خراپە دەکات لێی خۆش بن[1].

پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوە ماڵی عائیشە. بەڵام نەخۆشیەکەی گران بوو. عەبدوڵلای کوڕی مەسعود دەگێڕێتەوە، دەڵی چوومە لای پێغەمبەر، دەستم گرت‌و دەستی زۆر گەرم بوو، گوتم ئەی پێغەمبەری خوا نەخۆشیەکەت زۆر گرانە. فەرمووی (إني لاوعك كما يوعك الرجلين منكم) واتە: نەخۆشیەکەم بەقەد نەخۆشی دوو نەخۆشان قورسە. عەبدوڵلا دەڵێ پێم گوت پاداشت هەیە؟ فەرمووی بەڵێ هەر موسوڵمانێك تووشی ئازارو نەخۆشی ببێت، خوا گوناهی لێ هەڵدەوەرێنی هەروەکو دار پەلکی لێ هەڵدەوەری[2].

لەو کاتە پەشمەیەکیان بەسەردەم‌و چاوی دادا، ناوە ناو پشووی هەر دەماو تەنگاو دەبوو و لەسەرەخۆی لادەبردو دەیفەرموو (جوو مەسیحی بێ بەشن لەڕەحمەتی خوا، گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کردە مزگەوت[3] مەبەستیشی ئەوەبوو کەموسوڵمانەکان وەك ئەوان نەکەن‌و لەپاش خۆی مزگەوت لەسەر هیچ گۆڕێك دروست بکەن‌و نوێژی لەدەوره بکەن).

بۆ بەیانی پێغەمبەر (ﷺ) ویستی بچی نوێژ بۆ موسوڵمانەکان بکات، بەڵام نەیتوانی فەرمووی بەئەبوبەکر بڵێن نوێژ بۆ موسوڵمانان بکات. عائیشەش حەزی دەکرد هەر پێغەمبەر نوێژیان بۆ بکات. گوتی ئەی پێغەمبەری خوا ئەبوبەکر پیاوێکی دڵ نەرم‌و دەنگ کزەو کەقورئان دەخوێنی زۆر بەگریانە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی فەرمانی بدەنێ با نوێژ بکات. عائیشە قسەکەی دووبارە کردەوە. پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر نەخۆشی خۆی دەنگی بڵند کردو فەرمووی (إنكم صواحبات يوسف)[4] واتە: ئێوە ژنان بەگوێرەی دڵی خۆتان بڕیار ئەدەن، هەروەك ئەو ژنانەی کەبەگوێرەی دڵی خۆیان بڕیاریان لەسەر یوسف دا. دەمێك لۆمەی ژنی وەزیریان کردو دەمێکیش دەیانگوت ئەوە ئادەمیزاد نیەو ئەو کوڕە فریشتەیە.

پێغەمبەریش (ﷺ) دەیزانی مەبەستی چیەو دوای خۆی چ دەبێ‌و چۆن دەبی. ئەوجا کەپێغەمبەر

---

(١) هـ. س لەبوخارییەوە.

٢) فتح الباري لشرح صحيح البخاري ١٣١/٧.

٣) سەحیحی بوخاری لا ٩١٦ ژ ٤٤١ وصحيح مسلم ١٣/٥.

٤) سەحیحی بوخاری د-ش الرياض لاپەڕە ٦٩٣ ژمارە ٣٣٨٥.

(ﷺ) پێگیری کرد، بەئەبوبەکریان گوت، ئەویش پێش نوێژی بۆ موسوڵمانان کرد.

جارێکیان وا ڕێکەوت بیلال بانگی دا ئەبوبەکر لەوێ نەبوو. بەعومەری کوڕی خەتابی گوت پێش نوێژەکەیان بۆ بکات. عومەریش دەنگی گەورەبوو، کەوتە نوێژ کردن، پێغەمبەر (ﷺ) گوێی لێ بوو ناسیو فەرمووی ئەبوبەکر لەکوێیە؟ خواو موسوڵمانان نایانەوێ لەو زیاتر کەسی تر پێش نوێژی بکات[1].

هەر لەو دەمەوە موسوڵمانان هەستیان کرد کەپێغەمبەر (ﷺ) دەیەوێ ئەبوبەکر لەدوای خۆی بکاتە خەلیفە، چونکە پێش نوێژی یەك لەو کردەوانەیە لەجیاتی پێغەمبەر بیکا.

نەخۆشیەکەی پێغەمبەر ڕۆژ بەڕۆژ تا دەهات گرانتر دەبوو. فاتیمەی کچیشی دەهاتە لایو دادەنیشتو قسەی لەگەڵ دەکرد. ڕۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) سەری لەبن گوێی فاتیمە ناو قسەی لەگەڵ کردو فاتیمەش گریا. دوایی دووبارە سەری لەبن گوێی ناوە قسەیەکی تری لەگەڵ کرد. فاتیمە پێکەنی. لەدوای کۆچ کردنی پێغەمبەر لەفاتیمەیان پرسی بۆ یەکەم جار گریایو دووەم جار پێکەنی؟ گوتی قەت نهێنی پێغەمبەرم لەکاتی ژیانی ئاشکرا نەکردوە. یەکەم جار گوتی من بەو نەخۆشیە دەمرم، بۆیە گریام. دووەم جاریش گوتی تۆ یەکەم کەسی لەخزمان لەدوایی من دێی منیش پێکەنیم[2].

نەخۆشی پێغەمبەر (ﷺ) بەجارێك تینی وەرگرت، زۆرجاران بێهۆش دەبوو. کۆتکە ئاوێکی ساردیان لەتەك دانابوو هەمووجار دەستی دەخستە ناویو بەدەمو چاوی دادەیناو دەیفەرموو (إن للموت سكرات) واتە مردن بێهۆشیو بێ ئاگایی هەیە[3]. خەڵك بەگرانی نەخۆشیەکەیان زانیو بەیەکتریان ڕادەگەیاند.

ئەو لەشکرەی لەجورف دانیشتبوون، چاریان نەماگەڕانەوە مەدینە. ئوسامەش چووە لای پێغەمبەرو ویستی قسەی لەگەڵ بکات بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) قسەی پێ نەکرا. کەچاوی بەئوسامە کەوت کەوتە دەست بڵند کردن بۆ ئاسمانو دەستی دەخستەوە سەر ئوسامە. وەك بڵێی دوعای بۆ

---

(١) هـ. س.پ.

(٢) فتح الباری ٨/١٣٥ و ٨/١٢١.

(٣) هـ. س.

بکات[1]. کاتێك عەلی کوڕی ئەبی تالیب لەلای پێغەمبەر چووە دەرەوە. خەلکی لێیان پرسی پێغەمبەر چۆنە. گوتی بەسایەی خواوە چاك بووە. عەبباسی مامی دەستی گرتو جیای کردەوە پێی گوت تۆ دوای سێ ڕۆژی تر تەنیا دەمینێتەوەو چیت بەدەستەوە نامێنی. من وا دەبینم پێغەمبەر بەو نەخۆشیە دەمرێ. من کاتی مردن دەموچاوی بەرەی عەبدولموتەلیب دەناسم هەستە بچۆ بۆ لای و لێی بپرسە لەدوای ئەو فەرمان بۆ کێیە؟ ئەگەر بۆ ئێمە بێ ئەوە دەزانین و ئەگەر بۆ ئێمەش نەبێ، پێیان دەلێ لەگەلمان باش بن. عەلی گوتی ئەگەر پرسیاری لێ بکەم و نەیدا بەئێمە خەلکیش پێمان نادات، لەبەرئەوە من ئەو پرسیارەی لێ ناکەم[2].

ئەو ڕۆژە پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆشیەکەی لێ توندبوو، ئەو شەوەی بەهێمنی بەرێ کرد. بۆ بەیانی وەك بلێی نەخۆشیەکەی سووکی کردبوو. بۆ نوێژی بەیانی ویستی بچێتە مزگەوت، بەلام خۆی هاوێشتە سەرشانی عەلی و فەزلی کوڕی عەبباس. کەچوو ئەبوبەکریش نوێژی دەکرد. موسولمانان چاویان بەپێغەمبەر کەوت، لەخۆشیان خەریك بوون نوێژەکە تێك بدەن، بەلام پێغەمبەر (ﷺ) بەدەست ئیشارەتی بۆ کردن کەبەردەوام بن لەنوێژەکە. ئەبوبەکریش هەستی کرد پێغەمبەر هات، لەشوێنی خۆی کشایەوەو ویستی شوێنەکە بۆ پێغەمبەر بەجێ بێلێ. پێغەمبەر (ﷺ) پالی بەپشتیەوە ناو فەرمووی نوێژیان بۆ بکە. خۆشی لەتەنیشتی ڕاستی ئەبوبەکر دانیشت و نوێژی کرد.

موسولمانان بەو هاتنەی پێغەمبەر بۆ مزگەوت زۆر دلخۆش بوون وایان زانی چاکتر بووە، پێغەمبەریش (ﷺ) بەو چاوپێکەوتنەی موسولمانان زۆر دلخۆش بوو. ئەبوبەکریش لەخۆشیان ماوەی لێ خواست کەبچێتەوە بۆ مالەکەی، کەلەشوێنێك بوو پێی دەلێن (سوننەح). ئوسامەش پرسی ڕۆیشتنی لەشکری پێ کرد.

ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوە مال. بەلام دەرچوونەکەی هەروەك هەموو نەخۆشێك بوو کەپێش مردنیان بەئاگا دێنەوە، لەوکاتەدا پێغەمبەر (ﷺ) بەبیری هاتەوە کەحەوت دیناری هەبوو بەعائیشەی گوتبوو بیداتە هەژاران، داوای لەعائیشە کرد کەچی لەو پارەیە کردوە! بەلام عائیشە لەبەر مێوانو

(١) هـ. س.

(٢) سەحیحی بوخاری د- ش لا ١٩١٧ ژ ٤٤٤٧.

نەخۆشی پێغەمبەر، لەبیری نەمابوو. عائیشەش گوتی هەر لەلام ماوە پێغەمبەر (ﷺ) داوای کرد. عائیشە پارەکەی هێناو خستیە ناودەستی پێغەمبەر، ئەوجا فەرمووی (ماظن محمد بربە لو لقي الله وعندە هذه)[1] واتە: موحەممەد هومێدی چۆن بەرەحمەتی خوا هەبێ کەبەرەو ڕووی خوا بوو، ئەو چەند پارەیەی لەپاش بەجێ بمێنێ! پارەکەیان دایە هەژاران.

پێغەمبەر (ﷺ) گیانی کەوتە قورس بوون، دەم بەدەم بێ هێز دەبوو، لەوکاتە فاتیمەی کچی گوتی ئەی هاوار بابە لەو بەڵایە گەورەیە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی لەئیمڕۆ بەدواوە هاواری باوکت نامێنێ[2].

بۆ بەیانی واتە ڕۆژی دووشەممەی دوازدەی مانگی ڕەبیعی دووەم (ربیع الثاني) خەلکەکە بۆ نوێژ کردن هاتنە مزگەوت. لەکاتی نوێژکردن پەردەی ژووری عائیشە لادراو پێغەمبەر تەماشای کۆمەڵی نوێژکەرانی کرد. ئەوانیش زۆر گوشاد بوون. ئەبوبەکریش کشایەوە دواوە وای زانی کەپێغەمبەر هات، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) دەستی بڵندکردو ئیشارەتی پێدان، کەنوێژە کەتەواو بکەن پەردەکەش دادرایەوە.

دوای نوێژەکە خەلکەکە بلاوەیان لێکردو وایان زانی پێغەمبەر چاکتر بووە. بەلام دوای ڕۆیشتنی موسوڵمانەکان لەمزگەوت، پێغەمبەر کەوتە پەرێشانی و ڕووی لەئاسمان کردو فەرمووی (اللهم اعنّي علی سکرات الموت)[3] واتە: خوا یارمەتیم بدەی لەبێ ئاگایی کاتی مردن. عائیشە دەڵێ سەری لەسەر سینگم بوو[4]. دیتم قورس بوو، کەتەماشای دەم و چاویم کرد دیتم چاوی زەق کردۆتەوەو بۆ سەرەوە دەڕوانی و دەڵێ (الرفیق الاعلی فی الجنە) واتە: خوا لەبەهەشت، دەڵێ گوتم سەربشکیان کردی و هەڵت بژارد. لەوکاتە گیانی سپارد[5] منیش سەرم خستە سەر سەرینێك و لەگەڵ ژنەکانی تر دەستم کرد بەرگیان.

---

(١) بوخاری ١٤٢/٨.

(٢) فتح الباري ١٤٩/٨.

(٣) هـ. س.

(٤) سەحیحی بوخاری لاپەڕە ٩١٨ ژمارە ٤٤٥٢.

(٥) فتح الباري لشرح صحیح البخاري ١٤٠/٨.

بەو شێوەیە پێغەمبەر گیانی پاکی سپارد تەمەنی شەستو سێ ساڵ بوو، چل ساڵی تەمەن پێش پێغەمبەرایەتیو سێزدە ساڵیشی پێغەمبەرایەتی لەمەککە دە ساڵانیش لەمەدینە بەڕێ کرد[1]، لەڕێگەی ئازاد کردنی مرۆڤو بەجێهێنانی فەرمانی خوا تێکۆشا.

﴿ موسوڵمانانو کۆچی دوایی پێغەمبەر (ﷺ) ﴾

موسوڵمانان زۆر بەپەرێشانیەوە دەنگو باسی کۆچ کردنی پێغەمبەریان لەمزگەوت وەرگرت چونکە بەیانیەکەی کەپەردەی ماڵەکەیان لادا، وایان زانی چاکتر بوو. ئەوجا موسوڵمانان لەمزگەوت کەوتنە کۆبوونەوە (عومەری کوڕی خەتاب)یش بەخێرایی چووە سەر تەرمەکەی پێغەمبەرو سەری هەڵدایەوە باوەڕی نەکرد کەکۆچی دوایی کردووە. وای زانی بێهۆش بووەو دەبێ هەر بەهۆش خۆی بێتەوە[2]. (موغیرەی کوڕی شوعبە) زۆری هەوڵ لەگەڵ عومەردا کەباوەڕ بێنێ کەپێغەمبەر کۆچی کردوە بەڵام کەڵکی نەگرت. دوایی پێکەوە چوونە مزگەوت عومەر لەوێ هاواری کردگوتی هەندێ پیاو لەدوو ڕووان وا تێدەگەن کەپێغەمبەر کۆچی دوایی کردووە. وەڵڵاهی کۆچی دوایی نەکردوە بەڵکو ڕوییوە بۆ پاڕانەوە لەبەر خوا، هەروەکو موسای کوڕی عیمران چل ڕۆژان بزربوو خەڵکی گوتیان مردووەو وەڵڵاهی پێغەمبەریش نەمردووەو دەگەڕێتەوە هەروەکو موسا چۆن گەڕایەوە.

موسوڵمانانیش گوێیان لەعومەر ڕاگرتبوو هەر ئەوەتا لەتاوان بێهۆش نەدەبوون بۆ ئەو پێغەمبەرەی کەباوەڕیان پێهێنابوو لەخۆیان خۆشتر دەویست. لەلایەك عومەر دەڵێ نەمردووە، لەلایەکیش واژن دەگریێن. بەڕاستی دەردێکی گرانو گەورە بوو.

ئا لەو کاتە پڕ سەرسامیەو شڵەژانو ماتەمیو دڵ تەنگیە ئەبوبەکری سدیق کەخوا بۆ جێگریەتی پێغەمبەری دروست کردبوو و توانای خۆگرتنو چەقینی لەکاتی تەنگاوەو لێ قەومان پێدابوو، وەك کێوێکی چەسپاو کەنابزوێ. پیاوێکی پێویست بوو، گەیشتە مزگەوت چاوی بەموسوڵمانان کەوت کەوا

(١) سەحیحی بوخاری د- ش الرياض لاپەڕە ٧٩٩ ژمارە ٣٩٠٢.

(٢) فتح الباري ١٩/٧.

عومەر وتاریان بۆ ئەدا.

هیچ ڕانەوەستا یەکسەر چوو بۆ ژووری عائیشەو ماوەی خواست بچێتە ژوورەوە، لەتاوان گوتیان لەئیمڕۆ بەدواوە، پێویست بەماوە خواستن نەما.

ئەبوبەکر چوو بۆ ژوورەوە، دیتی پێغەمبەر لەلایەك درێژکراوەو بەعەبایەك داپۆشراوە، چووە سەری و عەباکەی لەسەردەمو چاوی هەڵدایەوەو بەهەردوو دەستی سەری بڵند کردو ماچی کرد، گوتی دایكو باوکم بەقوربانت بێت، بەزیندوویی بەمردوویی چەند بۆن خۆش بووی. ئەو مردنەی خوا بۆی نووسی ئەوا چێشتتو جارێکی تر نایبینیەوە. ئەوجا سەری خستەوە سەر بالیفەکەو داپۆشیەوەو چۆوە مزگەوت، هێشتا عومەر هەر قسەی دەکردو دەیگوت پێغەمبەر نەمردووە. خەڵکەکە ڕێگایان بۆ ئەبوبەکر چۆڵ کرد ئەویش ڕووی لەعومەر کردو پێی گوت عومەر لەسەرخۆ بەو بێ دەنگ بە. بەڵام عومەر لەسەر قسەی خۆی ڕۆیشت. ئەبوبەکر ڕووی لەخەڵکەکە کردو ئیشارەتی بۆ کردن کەقسەیان بۆ بکات. وەك دەڵێ هەر پیاوێکە هەزار پیاو دێنێ لەو جۆرە کاتە تەنگاوەو شپرزەییەو لێ قەومانە کاروباری ئالۆزو تێکچوو شیرازە پچڕاو دەهێنێتەوە سەرەخۆ.

خەڵکەکە ڕوویان لە(ئەبوبەکر) کردو عومەریش بێ دەنگ بوو، ئەبوبەکر سوپاسی خوای کردو گوتی (ئەی خەڵکینە، هەرکەسی موحەممەدی دەپەرست موحەممەد مرد. هەرکەسێ خوا دەپەرستی خوا زیندووەو نامرێ. لەدوای ئەو قسەیە ئەو ئایەتەی خوێندەوە کەدەفەرموێ: ﴿وَمَا مُحَمَّدٌ إِلاَّ رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ انقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىَ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ اللّهَ شَيْئًا وَسَيَجْزِي اللّهُ الشَّاكِرِينَ﴾[1].

واتە: موحەممەدیش هەر یەکێکەوە وەك ئەو پێغەمبەرانەی کەلەپێش ئەو هاتن، هەر کاتێك مردو یاکوژرا ئێوە هەڵدەگەڕێنەوە. هەرکەسێکی هەڵبگەڕێتەوە، هیچ زیانێك بەخوا ناگەیەنێ، خوا پاداشی ئەو کەسانە ئەداتەوە کەچاکەی خوایان لەبەرچاوە.

بەو شێوەیە ئەبوبەکر نەیهێشت موسوڵمانان بکەونە بەلاو نەزانین. عومەر کەگوێی لەو ئایەتە بوو کەئەبوبەکر خوێندیەوە باوەڕی هێنا کەپێغەمبەر (ﷺ) مردووە. عومەر دەڵێ قاچەکانم زەوی نەگرت

---

(١) ال عمران: ١٤٤.

بەربوومەوە، خەڵکەکەش دەتگوت ئەو ئایەتەیان لەبیر نەمابوو[1].

ئەوجا هەموویان باوەڕیان هێنا کەپێغەمبەر کۆچی دوایی کردوە. لەولاشەوە ناوبانگی کۆچی دوایی پێغەمبەر بەلەشکرەکەی ئوسامە جورف گەیشت ئەوانیش بڵاوەیان لێکردو هاتنەوە، ئوسامەش هاتەوە لای تەرمی پێغەمبەر.

﴿ هەڵبژاردنی ئیمامی ئەبوبەکر ﴾

بەمردنی پێغەمبەر (ﷺ)، موسوڵمانان پەرتان پەرتانیان پێکەوت، کۆمەڵی یاریدەدەران لەدەورەی (سەعدی کوڕی عوبادە)ی سەرۆکیان لەشوێنێك کۆبوونەوە پێی دەڵێن (سەقیفە بەرەی ساعیدە). (عەلی کوڕی ئەبی تالیب)و (زوبەیری کوڕی عەوام)و (تەڵحەی کوڕی عوبەیدیلا) لەماڵی (فاتیمە) کۆبوونەوە.

(ئەبوبەکر)و (عومەر)یش لەمزگەوت لەگەڵ موسوڵمانان کۆببوونەوە لەو کاتەیە یەکێك هاتە لای ئەبو بەکرو عومەر کۆبوونەوەکەی یاریدەدەرانی پێگوتن‌و گوتی پێش ئەوەی کار لەدەست دەربچی بگەنە لایان. (تەرمی پێغەمبەریش (ﷺ) هێشتا هەر لەماڵ بوو، چیان لەگەڵ نەکردبوو).

عومەر ڕووی لەئەبوبەکر کر گوتی خێراکە بچینە لای برایانی یاریدەدەران‌و بزانین چ دەکەن. هەردووکیان بەخێرایی ڕۆیشتن‌و لەڕێگا دوو کەسیان لەیاریدەدەران پێگەیشت بەئوبەکرو عومەریان گوت بۆ کوێ دەچن؟ گوتیان دەچینە لای برایانی یاریدەدەران. گوتیان نابێ نزیکیان بکەون. ئەوانیش گوتیان هەردەچین. کەگەیشتنە سەقیفەی ساعیدە دیتیان یاریدەدەران دانیشتوون‌و پیاوێك لەناویان دەمامکی کردووە. عومەریش پرسی ئەوە کێیە؟ گوتیان (سەعدی کوڕی عوباد)ەیەو نەخۆشە.

کەدانیشتن یەك لەیاریدەدەران ڕاست بۆوە دەستی کرد بەوتاردان. پاش ئەوەی سوپاسی خوای کردو گوتی (نحن أنصار الله وكتيبة الاسلام وأنتم يا معشر المهاجرين رهط منا وقد دفت دافة من قومكم، واذا هم يريدون أن يحتازونا من أصلنا، ويغصبونا الامر)واتە: ئێمە یاریدەدەرانی خواین‌و لەشکری

---

(١) سەحیحی بوخاری د — ش الرياض لاپەڕە ٩١٨ ژمارە ٤٤٦٩.

ئیسلامین، ئێوەش ئەی کۆمەڵی کۆچ کردوان کۆمەڵێکن لەئێمە هاتنە ناومان. کۆمەڵێك لەئێوە دەیانەوێ دەستمان بەسەردا بگرنو فەرمانمان لێ زەوت بکەن. ئەبوبەکریش هەڵستاو ڕووی لەیاریدەدەران کردو گوتی (أيها الناس نحن المهاجرين أول الناس إسلاماً وأكرمهم أحساباً وأوسطهم داراً، وأحسنهم وجوها وأكرمهم ولادة في العرب وأمسهم رحما برسول الله، أسلمنا قبلكم وقدمنا في القران قبلكم، فقال تبارك وتعالى: ﴿وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ﴾[1] فنحن المهاجرون وأنتم الانصار، إخواننا في الدين وشركاتنا في الفيء وأنصارنا على العدو، ماذكرتم فيكم فأنتم له أهل، وأنتم اجدر بالثناء من أهل الأرض وأما العرب فلن تعرف هذا الأمر إلا لهذا الحي من قريش فمنا الامراء وفيكم الوزراء) واتە: ئەی خەڵکینە ئێمەی کۆچ کردوان یەکەم کەسین موسوڵمان بووین، لەهەموان دیارترینو لەناوەڕاستی عەرەبینو لەهەموان بەناوترینو لەهەموان زۆرترین. بەخزمایەتی لەپێغەمبەر نزیکترین، پێش ئێوە موسوڵمان بووینو پێش ئێوەش ناومان لەقورئان هاتووە کەخوا فەرمویەتی (ئەوانەی لەپێشا یەکەم بوونو هاتنە ناو ئیسلام لەکۆچ کردوانو یاریدەدەران، ئەوانەی بەچاکە ڕێگەی ئەوانیان گرت، خوا لێیان ڕازیەو ئەوانیش لەخوا ڕازین).

ئەوجا ئێمە کۆچ کردوانینو ئێوەش یاریدەدەرانن برای ئاینو باوەڕی ئێمەنو هاوبەشی ئێمەن لەدەست کەوت، یاریدەدەری ئێمەن لەبەرامبەر دوژمن. ئەو چاکەی ئێوە بەخۆتان باستان کرد ئێوە پیاوی هەندێن، ئێوە هەمووتان پیاوی چاکەن، ئێوە لەهەموو دانیشتوانی سەر ئەو زەویە شایستە ترن بۆ ستایش. بەڵام عەرەب ئەو فەرمانڕەواییە هەر لەو بەشەی قورەیش دەبینن. میرایەتی لەئێمەو وەزیرایەتی لەئێوە.

یەکێك لەیاریدەدەران ڕاست بۆوە، گوتی کەواتە ئێمە شتڵە دارین، حوشتری گەڕمان پێ بخورێنن، یا لقە دار خورماین پەرژینمان پێ بکەن، وەڵلاهی دەبێ میرێك لەئێمە بێو میرێکیش لەئێوە بێت.

ئەبوبەکر گوتی نا، میرەکان لەئێمەو وەزیرەکانیش لەئێوە. ئەوجا دەستی (عومەرو ئەبو عوبەیدە)ی گرتو گوتی لەو دوو پیاوە یەکیان هەڵبژێرن. بەڵام قسە زۆر کرا. بوو بەهەراو دەنگ دەنگ.

(١) التوبة: ١٠٠.

ئەوەش شتێکی ئاساییە هەموو چارەسەر کردنێکی سەرۆکایەتی، گیروگرفتی لێ پەیدا دەبێ‌و شتێکی ئاسانیش نیە چونکە سەرکردە هەتا گەورەو بەتوانا بێت، کەرێشت دانانی یەکێکی تر لەشوێنی کێشەو هەرای گەورەترە. ئەوجا چ جای ئەوە کەیەکێك بڕوات گەورەی هەمووی ئادەمیزادە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دانانی لەکاتێکی ناسکی ئەوهادا لەناو موسوڵمانان، لەچەند سەعاتێکی زیاتر نەبرد.

ئەبوبەکر پێی گوتن ئەی یاریدەدەران، ئێوە یاریدەدەر بوونەو ئێستاش هەر یاریدەدەر بن‌و کارمان لێ تێك مەدەن.

ئەوجا عومەر دەستی ئەبوبەکری گرت‌و ڕووی تێکردن‌و گوتی، ئەی کۆمەڵی یاریدەدەران ئێوە نازانن کە پێغەمبەر فەرمانی دا، ئەبوبەکر پێش نوێژی بۆ موسوڵمانان بکات، کامەتان دەتوانی پێشی بکەوێ، گوتیان پەنا بەخوا کەسمان ناتوانین پێشی بکەوین. عومەر دەڵێ لەو قسانەدا بووم، یەکێك لەیاریدەدەران هات، دەستی لەناو دەستی ئەبوبەکر ناو هەڵبژارد (بەیعەتی پێکرد) عومەریش بەئەبوبەکری گوت دەستت بدە من. پێغەمبەر فەرمانی پێداوین تۆ نوێژ بۆ موسوڵمانان بکەیت‌و تۆ خەلیفەی پێغەمبەری، ئێمە بەیعەتت پێ دەکەین، تۆ چاکترین خۆشەویستی پێغەمبەری لەناو ئێمە.

ئەو قسەیە کاری کردە سەر هەموو ئەو موسوڵمانانەی کە لەوێ بوون، چونکە بەڕاستی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوهای ویستبوو. بەو قسەیە هەمووی ڕاست بوونەوەو بەیعەتیان بەئەبو بەکر کردو ناکۆکی نەما لەناویان. دواییش یاریدەدەران هەموویان بەیعەتیان پێکرد.

بەیانی هاتنەوە مزگەوت‌و ئەبوبەکر چووە سەر مینبەر، پێش ئەوەی قسە بکات، عومەر هەڵستا دەستی کرد بەقسە، پاش ئەوەی سوپاسی خوای کردو گوتی ئەو قسانەی دوێنێ پێم گوتن چ لەکتێبی خوام وەرنەگرتبوو، چ بەڵێنیشم لەپێغەمبەر وەرنەگرتبوو، بەڵام من وام دەدیت، پێغەمبەر (ﷺ) تا دوایی دەمێنێ‌و کارمان ڕێك دەخات. ئێستاش خوا کتێبی بۆمان هێشتۆتەوە، ئەگەر دەستی پێوە بگرن، خوا ڕێگەتان پیشان دەدات. ئێستاش خوا فەرمانی ئێوە خستە دەست چاکترینتان، کەهاوڕێی پێغەمبەرەو یەك لەدوایی ئەشکەوتە. هەڵسن بەیعەتی پێ بکەن. خەڵکەکە بەگشتی هەڵستان بەیعەتیان پێ‌کرد. زۆرانیش لەیاران گوتیان پێغەمبەر (ﷺ) ڕازی بووە ئەبوبەکر ببێتە پێشەوا بۆ کاروباری ئاینمان، بۆچی ئێمەش پێی ڕازی نەبین ببێتە پێشەوا بۆ کارو باری ژیانمان.

ئەوجا ئەبوبەکر راست بۆوەو وتارە گرنگو بەناوبانگەکەیدا، کەهەموو شتی لێك جیاکردەوە، پاش ئەوەی سوپاسی خوای کردو گوتی: (أما بعد ایها الناس فإني قد ولیت علیکم ولست بخیرکم، إن أحسنت فأعینوني وإن أسأت فقوموني، الصدق أمانة والکذب خیانة، الضعیف فیکم قوي عندي حتی اریح علیه حقه إن شاء الله، والقوي فیکم ضعیف عندي حتی آخذ الحق منه إن شاء الله، لایدع قوم الجهاد في سبیل الله، إلا ضربهم الله بالذل ولاتشیع الفاحشة في قوم إلا عمهم الله بالبلاء، أطیعوني ماأطعت الله ورسوله، فإن عصیت الله ورسوله فلا طاعة لي علیکم. قوموا إلی صلاتکم یرحمکم الله).

واتە: ئەی خەڵکینە من وا بوومە گەورەتان، لەئێوە چاکتر نیمە، ئەگەر کردەوەم چاك بوو یارمەتیم بدەنو پشتم بگرن، ئەگەر خراپەم کرد ڕاستم کەنەوە، ڕاستی ئەمانەتە، درۆ ناپاکیە. پیاوی بێهێزیتان لای من بەهێزە تاکو مافی بۆ وەردەگرم.

پیاوی بەهێزتان لای من بێهێزە تا تۆلەی لێ دەستێنم. هەر هۆزێك وازی لەجیهاد هێنا، خوا بێ دەسەلاتو سەرشۆڕیان دەکات. خراپەو کاری نابەجێ لەناو هەر کۆمەڵێك پەیدا بوو، خوا تووشی بەلاو دەردەسەریان دەکات. ملکەچ بن لەبۆم تاکو من ملکەچی بۆ خواو پێغەمبەر بکەم. ئەگەر لەفەرمانی خواو پێغەمبەر دەرچووم، چ مافی ملکەچیتان بۆم نیە. ئیتر هەڵسن نوێژەکانتان بکەن خوا ڕەحمتان پێ بکات.

ئا بەو ماوە کورتە ئەو کارە گرنگەیان جێبەجێ کرد، ئەمەش وا دەگەیەنێ کەنەیانکردە بەربەرەکانیو خۆپەرستیو خۆ بەگەورە زانین، دانیان بەچاکە داهێنا کەئەبوبەکر لەهەموویان شایستەتر بوو. هەتاکو (عەلی کوڕی ئەبی تالیب) کەلەبەیعەت کردن دواکەوت، لەبەرئەوە نەبوو کەخۆی بەشایستە تر بزانێ بۆ خیلافەت، بەڵکو لەبەر کێشەی فاتیمە بوو لەگەڵ ئیمامی ئەبوبەکر. پێغەمبەر فەرموو بووی (ئێمە پێغەمبەران کەس میراتمان لێ ناگرێ)[1]. بۆیەش ئیمامی ئەبوبەکر ئەو ماڵو شتوومەکەی لەژێر دەستی پێغەمبەر بوو بەمیراتی دانەنا، هەمووی بووە هی موسوڵمانان، واتە ماڵی دەوڵەت.

فاتیمە لەوە زیز بوو تاکو مرد، قسەی لەگەڵ ئیمامی ئەبوبەکر نەکرد. دوای کۆچی پێغەمبەر

---

(١) فتح الباري لشرح صحیح البخاري ٧٧/٧، سەحیحی بوخاری د- ش الریاض لاپەرە ٦٣ ژمارە ٣٧١١.

بەشەش مانگ کۆچی دوایی کرد، ئیمامی عەلی هەر بەشەو نوێژی لەسەر کردو ناشتی، ئیمامی ئەبوبەکری ئاگادار نەکرد. بەو کردەوەیە خەڵکیش لێی ساردبوونو پێیان ناخۆش بوو.

دوایی ئیمامی عەلی داوای لەئیمامی ئەبوبەکر کەئاشت ببنەوەو بەیعەتی پێ بکات. بۆ ئەوەش وەڵامی بۆ نارد، ئیمامی ئەبوبەکر بچێتە لایان، بەڵام تەنیا خۆی بچێت کەسی تری لەگەڵ نەبێت.

ئەوجا ئیمامی ئەبوبەکر چووە لای، ئیمامی عەلی دانی بەخەلیفایەتی ئیمامی ئەبوبەکردا هێنار پێی گوت ئێمە چاکەی تر ئەزانینو ئەوەی خوا بەتۆی داوە بەخیلیت پێ نابەین، بەڵام تۆ لەگەڵ ئێمە توند جوڵایەوە، وامان ئەزانی خزمی پێغەمبەرین، بەشمان هەبێ لەمیرات، ئەوجا ئیمامی ئەبوبەکر گوتی سوێندم بەوەی کە ڕۆحی منی بەدەستە، گەیاندنی خزمایەتی پێغەمبەرم لەگەیاندنی خزمایەتی خۆم پێخۆشترە، ئەوەی بووە هۆی ناخۆشی منو ئێوە ئەو ماڵە بوو، هەر کردەوەیەکیش پێغەمبەر کردبێتی بەباشم نەزانیوە وازی لێ بێنم، ئەوجا ئیمامی عەلی گوتی کاتمان هێوارە بێت.

بۆ نیوەڕۆ کەئیمامی ئەبوبەکر نوێژی کرد چووە سەر مینبەر سوپاسی خوای کردو باسی گەورەیی ئیمامی عەلی کردو ناحەقی نەگرت لەبەیعەت دواکەوت، ئەوجا ئیمامی عەلی قسەی کرد باسی گەورەیی ئیمامی ئەبوبەکری کردو گوتی من درەنگ بەیعەتم کرد لەبەر حەسوودیو بەخیلیم نەبوو کەئەوەی خوا پێیداوە، بەڵکو وامان زانی بەشمان لەمیرات هەیە، موسوڵمانان بەو قسەیە زۆر دڵخۆش بوون.

﴿ ناشتنی پێغەمبەر(ﷺ) ﴾

دوای وتارەکەی ئیمامی ئەبوبەکر، خەڵکەکە نوێژیان کرد. ئەوجا بەجارێك ڕوویان کردە ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) (ئەوکات هێشتا هەر لەناو نوێنەکانی بوو) کەوتنە ڕێکخستنی کاروباری ناشتنی، بۆیەش کەوتنە قسەکردن لەکوێی بنێژن. هەندێك گوتیان دەیبەینەوە مەککە، واتە شوێنی لەدایك بوونیەتی لەوێ دەینێژین. هەندێکیش گوتیان نەخێر دەیبەینە قودس دەینێژین، چونکە پێغەمبەران لەوێ ناشتراون. بەڵام وا دیار بوو ئاگایان لەوە نەبوو قودس لەدەست ڕۆمەکانەو ئەوانیش دوژمنی پێغەمبەرن. دوایی گوتیان لەمەدینە دەینێژین شوێنی حەوانەوەو ژیانی بوو. ئەوجا بیریان کردەوە

لەمەدینە لەکوێندەرێ بینێژن. هەندێك گوتیان لەمزگەوت لەو شوێنەی خوتبەی لێداوە، بەلام فەرموودەی پێغەمبەریان بەبیرهاتەوە، لەو کاتی بێهۆش دەبوو لەسەر خۆی لادەدا، دەیفەرموو جوولەکەو مەسیحی دوورن لەرەحمەتی خوا، گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کردە مزگەوت موسوڵمانان لەو بیرکردنەوەیە بوون دەرمانی دەردان کەوتە کار!، ئیمامی ئەبوبەکر (خوای لێ رازی بێت) قسەی هەموانی بڕی‌و فەرمووی من گوێم لەپێغەمبەر بووە فەرمویەتی، هەر پێغەمبەرێك گیانی لەکوێ کێشرا لەوێ دەنێژرێ.

ئەوجا پێغەمبەرو نوینەکانیان لەو شوێنە هەلگرت‌و گۆڕەکەیان لێ هەلکەند. خزمانی نزیکی پێغەمبەر (ﷺ) سەرپەرشتی شوشتنەکەیان کرد. لەپێش هەموویان عەلی کوڕی ئەبی تالیب شوشتی‌و عەباسی مامی‌و ئوسامەی کوڕی زەید ئاویان بەدەستی عەلی دادەکردو عەلیش لەژێر کراسەوە دەیشوشت، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموو بووی نابێ لەکاتی شوشتن لەشی دەرکەوێ. پێغەمبەر (ﷺ) ئەوکاتیش بۆنێکی خۆشی لێ دەهات‌و عەلی دەیگوت دایك‌و باوکم بەقوربانت بێت، بەزیندوویی‌و بەمردوویی بۆنت چەند خۆشە!. کە لەشوشتنەکەی بوونەوە وشکیان کردەوەو لەسێ کفنیان وەرپێچا، ئەوجا تەرمەکەیان لەژوورەکە داناو هەموو دەرگاکانیان کردەوە. پیاوان هاتن نوێژیان لەسەر کرد. بۆ ئەوەی نوێژەکە بەکۆمەڵ بێت. دوایی کەپیاوەکان ڕۆیشتنە دەر، ژنان هاتن نوێژیان لەسەر کرد. کەئەوانیش تەواو بوون. مێرد منداڵ‌و منداڵان هاتن ئەوانیش نوێژیان لەسەر کرد.

ئەوجا خەلکەکە بەبێ دەنگی راوەستان. ئیمامی ئەبوبەکر هاتە سەری‌و ڕاوەستا فەرمووی (السلام عليك يا رسول الله ورحمته وبركاته، نشهد ان نبي الله ورسوله قد بلغ رسالة ربه وجاهد في سبيله، حتى اتم الله النصر لدينه، وأنه وفي بوعده، أمر أن لاتعبد إلا الله وحده لاشريك له) واتە: سەلام‌و رەحمەت‌و بەرەکەتی خوات لەسەر بێت ئەی پێغەمبەری خوا. شاهیدی ئەدەین پێغەمبەری خوا بەرنامەی خوای گەیاندو خەباتێکی زۆری کرد تاکو خوا سەری خست‌و بەلێنی خۆی گەیاندە جێ‌و فەرمانی دا لەخوای تاك‌و تەنیا بەولاوە چیتر نەپەرستین.

کە گۆڕەکە لەسەر شێوەی مەدینەییان تەواو هەلکەندرا، نەیان ناشت تاکو بەشێك لەشەو ڕۆیشت‌و ئەوجا جوببەکەیان لەناو راخست‌و ئەوانەی کەشوشتبوویان چوونە ناو گۆڕەکەو تەرمەکەیان وەرگرت‌و درێژیان کرد. سەرەکەیان بەخشت هەلێناو خۆلیان بەسەردا کرد.

لەخاتو عائیشەو فاتیمە دەگێڕنەوە دەڵێن، ئێمە ئاگامان لەناشتنی نەبوو، تاکو لەنیوە شەو گوێمان لەدەنگی خاکەناس بوو[1].

بەو شێوەیە ئەو پێغەمبەرە مەزنە لەسەر ئەو زەویە باری کردو ماتەمیەکی زۆر گەورەی بەسەر خەڵکەکە داهێنا. ئەو ڕۆژەی هاتە دونیا چ جۆرە گوشادیەکی پەیدا کرد، هەموو دونیای پێ ڕووناک بوو. ڕۆژی کۆچ کردنیشی هەموو دونیا لەموسوڵمانان تاریک بوو. بەڵام روناکایی و کردەوەی ئەو پێغەمبەرە لەو زەمینە، هەتا هەتایە نەمرە. ڕۆناکاییەکی وای هێنا ئادەمیزادی لەهەموو خراپەیەک ڕزگار کردو ڕێگەی بۆ ئەو ئایینە پاکە کردەوە هەموو کەس بیەوێ پێیدا بڕوات و هەتاکو ئەو زەمینە ماوە لەژێر سێبەری بحەسێتەوە.

هەرکەسێ ئەو ڕێگەیە بگرێ دەگاتە کامەرانیەکی وا هیچ کامەرانیەکی تری سەر ئەو زەویە بارتەقای ناکاتەوە. بت پەرستی و مرۆڤ پەرستی و ماڵ پەرستی چەوساندنەوەی هەژارانی لەڕەگ و ریشەوەی دەرهێناو برایەتی و چاکەو خۆشی و بەزەیی خستە جێی دوژمنایەتی.

جیاوازی نەهێشت لەنێوان ڕەش و سپی، لەجیاتی دەمارگیری و خۆبەگەورە زانین، بێ فیزی و یەکسانی هێنایە کایەوە. ئازادی بۆ دیل و بەندەو کۆیلە هێنا، هەناوو دەروونی ئادەمیزاد لەرق و کینەو دوو ڕوویی و درۆزنی خاوێن کردەوە، ئەو خوایەی کەهاوبەشی بۆ پەیدا دەکرا، ئێستا بەپاکی و تەنیایی دەپەرسترێ، بەو هۆیەوە ڕێگای دۆزەخ موسوڵمانانی باوەڕدار گیراوە، دەرگای بەهەشتیان بۆ کرایەوە.

---

١) ابن كثير السيرة ٢/٤٩٨ لە إبن اسحاق دەگێڕێتەوە.

﴿ کۆتایی ﴾

سوپاس بۆ خوای گەورەو میهرەبان، خاوەنی زەوی‌و ئاسمان، دەرفەتی دام بتوانم ئەوەندە راستیە لەژیانی پێغەمبەر (ﷺ) بێنمە بەرچاوی خوێندەوارانی کورد، بەو ئومێدەی کەبەکەڵك بێ‌و ببێتە هۆی تێگەیشتنێکی راستی سەبارەت بەژیانی پێغەمبەری خۆشەویستمان، ببێتە چرایەکی ڕەوشەن‌و رێبازی ژیانیان پێ رووناك ببێ‌و بزانن لەو ڕێبازە بەولاوە، چ رێبازێکی تر لەلای خوا بۆ ئادەمیزاد پەسەند نەکراوە.

ئەگەر هەر ڕێبازێکی تریش بگرن کەڵکی لێ وەرناگرن‌و مافیان ناهێنێتە دی‌و لەڕەنج بەخەساری بەولاوە چیتریان بۆ نامێنێتەوە. چونکە حەق‌و ڕاستی هەر لەو رێبازە بۆ ئادەمیزاد دێتەجێ، پێغەمبەران لەخواوە پێیان دراوەو ئەوانیش پێیان ڕاگەیاندوین‌و دەبێ لەسەری بڕۆین‌و بەهەموو هێزو تواناشمان پشتگیری لێ بکەین‌و لەهێرشی دەرەکی دوژمن بیپارێزین.

هومێدەوارم خوا دڵی خوێندکاری کورد بەو ئایینە پاکەی ئیسلام رەوشەن بکاتەوە، تاکو بتوانن بەتاواتی دونیاو قیامەتیان بگەن، خزمەتی خێزان‌و میللەت‌و نیشتمانیان پێ بکەن‌و ئایینەکە بکەنە چەکێکی کاریگەر بەرامبەر داگیرکەری ئیستیعماری‌و دوورکەوتنەو لەناکۆکی‌و دووبەرەکی ناوەخۆیی، کەتەنیا مایەی لاوازی‌و هەژاری‌و بێ دەسەڵاتی‌و فەوتانە.

لەندەن

١٩٩٤/٨/٥ی زاینی

١٤١٥/٢/٦ی کۆچی

سەرچاوەكان

١- القران الكريم

٢- في ظلال القرآن / سيد قوطب

٣- صفوة التفاسير/ على الصابوني

٤- الجامع الصحيح للامام البخاري/ محمد بن اسماعيل

٥- حياة محمد / محمد حسنين هيكل

٦- السيرة النبوية / شيخ ابي الحسن الندوي

٧- السيرة النبوية / إبن كثير

٨- دراسات في السيرة النبوية محمد سرور زين العابدين

٩- فقه السيرة النبوية / محمد الغزالي

١٠- السيرة النبوية (دروس وعبر) / مصطفى السباعي

١١- دلائل النبوة/ احمد عبدالله الاصبهاني

١٢- تاريخ الامم والملوك / محمد بن جرير الطبري

١٣- فقه السيرة النبوية/ شيخ سعيد رمضان بوتانى (بوطي)

١٤- المنهج الحركي للسيرة النبوية/ منير محمد الغضبان (القسم الثالث)

١٥- فتح الباري في شرح صحيح البخاري / احمد بن علي بن حجر العسقلاني

١٦- سبل الهدى والرشاد في سيرة خير العباد/ (محمد يوسف الصحالي الشامي)

١٧- فقه السنة / السيد سابق

١٨- البداية والنهاية / ابن كثير

١٩- مجمع بحار الأنوار في غرائب التنزيل ولطائف الاخبار/ محمد طاهر الصديقي الكجرات

٢٠- زاد المعاد/ ابن قيم الجوزية

٢١- صحيح البخاري / دار السلام للنشر والتوزيع السعودية الرياض

نـــاوەڕۆك

پێغەمبەری ئێمە موحەممەد (ﷺ)
لەکاتێک خوا ناردی ئادەمیزادی
سەر زەوی بەجارێک کەوتبوونە
دەریای نەفامی و نەزانین و بت
پرستی و ستەمکاری و خوێن مژین
و کوشتن و برین تاڵان کردن و
جەردەیی و قۆڵا برین.
خوا ویستی لەو حاڵە رزگاریان
بکات. بۆیە پەیڕەوو پرۆگرامی
ئیسلامی پێدا هەنارد تاکوو
ئادەمیزاد لەسەری بڕۆن ئەوجا
پێویستە ئەو پێغەمبەرە
بەتەواوی بناسین و لەو ڕێگایە
بگەین کەخوا بۆی داناوین و
دەیەوێ لەسەر بڕۆین.

بڵاوکراوەی کتێبخانەی
حاجی قادری کۆیی
بۆ فرۆشتن و چاپکردن و بڵاوکردنەوە
٠٦٦ ٢٢٣٣٨٦٨
عێراق - کوردستان - هەولێر